تەفسیری زمناکۆیی

بەقەڵەمی

مەلا سعیدی زمناکۆیی

جزمی : ١

بەرگی یەکەم

تەفسیری زمناکۆیی

بەقەڵەمی

مەلا سعیدی زمناکۆیی

جزمی ﴿١﴾

بەرگی یەکەم

ناوی کتێب : تەفسیری زمناکۆیی .
ناوی نووسەر :مەلا سعیدی زمناکۆیی .
جزمی یەکەم .
بەرگی یەکەم .
چاپی یەکەم .
چاپی کۆمپیۆتەرو ڕاکێشانی : ﴿ چاپخانەی ئۆفسێتی بابان ﴾
ژمارەی سپاردنی (٤٠٩) ی ساڵی(٢٠٠٠) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێ سپێردراوە .

پێشکەشە

- ❖ بەگیانی پیرۆزی پێغەمبەر (ﷺ)

- ❖ پێشکەشە بەگیانی پیرۆزی ئـەو مامۆسـتایانەم کـەفێری خوێندنـەوەی قورئانی پیرۆز و زانستە ئاینیەکانیان کردم .

- ❖ پێشکەشە بەخێزانی بەوەفام کە لـە خۆشی و ناخۆشیدا هاوڕێم بووە.

- ❖ پێشکەشە بە کوڕو کچەکانم ، هیوادارم هەمیشـە سـەرکەوتووبن بـۆ ئایین و نەتەوەکەیان .

﴿ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ﴾

سوپاس و ستایش بۆ ئەو یەزدانەی کە ووزەی بەخشـی بەدەسـت و پەنجـەمان تـا قەڵەمی پێبگرین و فەرمووده پیرۆزەکانی تەفسیر بکەین ، درووود بۆ ئـەو پێغەمبـەرەی کـە یەزدان ڕەوانەی مرۆڤایەتی کرد و پێش هەموو شتێك فێری خوێندنەوە و ووشەی پـیرۆزی (إقرأ) ی کردین .

لەو ڕۆژەوە لە حوجرە و مزگـەوت و قوتابخانـە ئاینیـە پیرۆزەکـانی کوردسـتاندا مێشك و دڵ و دەروونم بە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان گۆش کراو ، لەو ڕۆژەی دەستم دایە خوێندنی زانستە ئیسلامی‌یەکان خولیایەك لـەدەرونمدا چەکـەرەی کـرد ئـەویش خولیـای تەفسیر کردنی قورئانی پیرۆز بوو بەزمانی پاراوی نەتەوەکەم ، هۆی دروسـت بوونـی ئـەو خولیایەش دەگەڕایەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی :

یەکەم : ئەوین و خۆشەویستی و ڕێـزی گـەورەم بـۆ ئـەو ئایەتـە پیرۆزانـەی قورئـان ، کەلەشەوی دەیجوری مرۆڤایەتیدا ، وەك چرایەك هەڵکراو هەموو جیهانی ڕوون کـردەوە ، چرایەك تاهەتایە نورەکەی بەسەر هەموو دنیادا بەخش ئەبێت و ، هەرگیز خامۆش نابێت.

دووەم : هاوسۆزیم لـەگەڵ زمانی نەتەوە چەوساوە موسڵمانەکەمدا ، کەسەرەڕای ئەوەی خزمەتێکی گەورەی ئاینی ئیسلامی پـیرۆزی کـردووە ، هەمیشـە لەلایـەن دوژمنەکانیـەوە چەوساوەتەوە و ، تاڵی جەور و ستەمی چەشتوە . دواتر گەیشتمە ئـەو بڕوایـەی کەیـەکێ لەهۆکاری دواکەوتویی نەتەوەکەم پشت گوێ خستنی زمانی نەتەوەکەمە .

بۆیە خولیای تەفسیر کردنی قورئانی پیرۆز بـەزمانی پاراوی کـوردی هـەر لەسـەرەتای ژیانی لاویتیمەوە لە مێشك و دەرونمدا گەشەی کرد .

ڕۆژ هات و ڕۆی ، نەتەوەکەم زۆر شۆڕش و نوچدان و هەڵسانەوەی بینی ، نەتەوەکـەم لەڕێگای شۆڕش و کۆششی ڕۆڵە بەجەرگەکانیەوە توانـی زۆر دەسـتکەوتی کولتـوری و ڕۆشنبیری بەدەست بێنێ بۆ خزمەت کردنی زمان و ئـەدەبیاتی کـوردی ... لـەو بەینـەدا

چەند زانایەکی گەورە و پایەبەرزی وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و خوالێخۆشبوان مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ و مامۆستا مەلا عوسمانی مەلا عەبدولعەزیز و شێخ محەمەدی بالیسانی و مامۆستا مەلا محەمەدی قازی پێنجوێنی و چەند زانایەکی تری پایە بەرز لە هەولێر و سلێمانی و کوردستانی ئێران و کەبەداخەوە ناوەکانیانم لە یاد نیە دەستیان دایە ئەرکێکی پیرۆز کە بریتی بوو لە تەفسیر کردنی قورئانی پیرۆز ، کەبەداخەوە هەندێکیان بەهۆی ماڵئاواییان لەدنیا تەواویان نەکرد . ئەمەش بوو بەهاندەرێکی ترم تا ئەو خولیایە زیاتر لە دڵ و دەروونمدا بگەشێتەوە .

شەوێك لەشەوانی زستانی ١٩٨٤ ، بڕیارمدا ئەو خولیا پیرۆزە جێبەجێبکەم و دەست بدەمە پڕۆژەیەك بۆ تەفسیر کردن و لێکدانەوەی ئایەتە پیرۆزەکانی یەزدان . ئیتر لەو شەوەوە تا ئەمڕۆش هەر سەرقاڵی ئەو ئەرکە پیرۆزەم و ، کاتێکی زۆری خۆم تەرخان کردووە بۆ گەشت و گوزار لە گوڵزاری تەفسیرە گەورەکاندا تاکو ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆم فراوان بکەم و ، ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان تەرجەمە و تەفسیر بکەم بەزمانی ڕەسەنی کوردی .

ئێستا لەخوای گەورە بەزیادبێت کەتەمەنی تائەمڕۆ درێژکردمەوە ، لەنێوان ئەمساڵانەدا توانیومە ئەو پڕۆژە پیرۆزە بەئەنجام بگەیەنم و هەر ﴿٣٠﴾ جزمە پیرۆزەکەی قورئان بەزمانی کوردی تەفسیربکەم .حەز دەکەم خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگاداربکەمەوە کە من لەئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیەدا هەوڵم داوە شێوازێکی تایبەت بگرمە بەر و پەیڕەوی چەند خاڵێك بکەم لەوانە :

(١)تەنها لەسەر ماناکردنی ڕستە و ووشەکانی قورئانی پیرۆز نەوەستاوم بەڵکو هەوڵم داوە بەشێوەیەکی درێژ تەفسیریان بکەم و ئاماژە بدەم بەهەندێ مەسەلەی دەرەکی بۆ دەوڵەمەند کردنی مەبەستەکانم .

(٢)لەتەفسیر کردنـی ئـەو ئایەتانـەدا کەپـەیوەندییان بـە عـەقیدەوە هەیـە ، هـەوڵم داوە بەشێوەیەکی درێژ باسی بـیروڕای زانـا و فەیلەسـوفەکان بکـەم و ، بـاس لـە بەڵگـە عەقڵیەکان بکەم ، بەمەبەستی فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر .

(٣)لەکاتی لێکدانەوەی مانای ئەو ئایەتانەدا کە بوونەتە چاوگی حوکمی یاسـایی فیقـهی هەوڵم داوە بەشێوەیەکی فراوان بـاس لـەحوکمـە شـەرعیەکان بکـەم و ، ئامـاژە بـە بۆچوونی جیاوازی زاناکانی ئیسلام بکەم .

(٤)لەتەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەدا کە چیرۆکی ژیانی پێغەمبـەرانبان تێدایـە ، هـەوڵم داوە بەشێوەیەکی وورد باسی ئەو چیرۆکانە بکەم و ، باس لەو پەند و عیبرەتانە بکەین کـە پێویستە لەو چیرۆکانە وەریان بگرین .

(٥)باسی ئەو ڕەوشت و ئاکارانەم کـردووە کـە هەمیشـە لـەقورئانی پـیرۆزدا جـەختیان لەسەر دەکرێ و ، باسی سیفەتەکانی مرۆڤی موسڵمانی کامڵم کردوە .

(٦)لەکاتی باسکردنی ئاینەکاندا ، هەوڵم داوە بەراورد لەنێوان ئاینی پـیرۆزی ئیسـلام و ئاینەکانی وەك مەسیحیەت و جولەکە بکەم و ، ڕوی گەشی ئاینی ئیسلام دەربخەم .

(٧)باسی هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانی قورئان و ، ئایەتە مەککـەیی و مەدینەیی‌یـەکانم کردووە ، پاشان باسم لەغایەتی یەزدانی ئەو ئایەتانە کردووە .

(٨)تەفسیری ئەو ئایەتانەم کردووەکە ماناکانیان ئاڵۆزە و زیاد لەتەفسیرێك هەڵدەگرێ و ، هەروەها تەفسیری ئەو ئایەتانەم کردووە کە تەنها تەفسیرێك هەڵدەگرن .

(٩)باسی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانی‌یەکانم کردووە و ، باسـی ئـەرکی بـەرگری کـردنم لەخاکی نیشتمان کردووە کە ئـەرکێکی ئـاینی پـیرۆزە و نـابێ هـەرگیز خۆمـانی لێ بدزینەوە .

(١٠) باسی ووردەکاری‌یە زمانەوانیەکانی قورئانی پیرۆز و ئیعجازی ئەو ووردەکاریانـەم کردووە .

(١١) باسی موعجیزەکانم کردووە بەگشتی و باسی ڕوخسارەکانی ئیعجازم کردووە لـە قورئانی پیرۆزدا .

(١٢) باسی جیاوازی نێوان مەزهەبەکانی ئیسلامم کردووە ، هـەولّم داوە بەشـێوەیەکی بابەتی ئەو جیاوازیانە شی بکەمەوە .

(١٣) لەکاتی دوو دلّیدا پەنام بردووە بۆ تەفسیرە پیرۆزەکانی تر تاکو لەڕێگای ئەوانەوە بەرچاوم زیاتر ڕوناك ببێتەوە و نەکەومە هەلّەوە .

لەکۆتاییدا داواکارم لە یەزدانی گەورە لەو کەم و کورتیانەم خۆش ببـێ کەبـەبێ مەبەست کەوتونەتە ناو ئەم تەفسیرەوە ، هەروەها داواکارم لە خوێنـدەواران کەبـەتێبینی و ڕوونکردنەوەکانیان سوودی زیاترم پێببەخشن ، لە پێناو خزمـەت کردنـی ئـاینی پـیرۆزی ئیسلام و نەتەوە چەوساوەکەم .

مەلاسعید زمناکۆیی

سلێمانی

٢٠٠٠/١٠/١٥

الحمد لله رب العلمين الذي نزل القرآن على عبده ليكون للعالمين نذيرا . والصلاة والسلام على الخريج من أرومة البلاغة والبراعة وعلى آله وشيعته.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ﴾

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگاری هەموو بوونەوەران . درودی بێ ئەندازە لەسەر گیانی پاکی پێشەوا و ڕەهبەری بونەوەران پێغەرمبەری خودا موحەمەدی کوڕی عەبدولڵا (ﷺ) وەلەسەر خێزان و یارو یاوەرانی هەتاهەتایە.

ماوەیەکی زۆرە بیرم لەوە ئەکردەوە دەست بدەمە خامە بۆ نوسینی مانای قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی و لەسەر شێوەی زاراوەی کرمانجی خوارو . بەڵام خۆم بەشایستەی ئەو کارە گرنگە و دەریا بێ بنە نەئەزانی و خۆم بەخنکاوی ئەو زەریایە دائەنا بۆیە خامەم هەڵئەگرت و دام ئەنایەوە .

دوا جار پێم نا بەجەرگی خۆمدا ، بۆ جاری یەکەم دەستم کرد بەمانا کردنی قورئانی پیرۆز لە ﴿٩﴾ مانگی جیمادی یەکەم لەساڵی ﴿١٤٠٥﴾ کۆچی بەرانبەر بە ١٩٨٤/٢/١٠ زاینی و بەیاریدەی خودا کۆتایی پێ هات لە ڕۆژی یەك شەممە ﴿١٣﴾ ی مانگی زیل حیجە لەساڵی ﴿١٤١٧﴾ کۆچی بەرانبەر بە ١٩٩٧/٤/٢٠ زایینی .

لەجاری دووهەمیشدا بۆ پوختە کردنی نوسینی یەکەم دەستم پێ‌کردەوە لە ڕێکەوتی ﴿١٤﴾ ی مانگی زیل حیجە ﴿١٤١٧﴾ کۆچی بەرانبەر ١٩٩٧/٤/٢١ زایینی لەخودا ئەپاڕێمەوە کە یاریدەم بدا ئەم جارەیش بۆ کۆتایی پێهاتنی ئەو کارە گرنگ و گرانە .

پێشەکی : پێویستە بەر لەدەست پێ‌کردنی مانای مەبەست هەندێ کاری پێویست ڕوون بکەینەوە . وەئەوانیش بە چوار بەشەوە باسیان ئەکرێ :

﴿ بەشی یەکەم : ناوەکانی قورئانی پیرۆز و مانای ناوەکانیان ﴾

ناوی قورئـان ئەگاتـە نزیکـەی پـەنجا نـاو . دوای ووردبونەوەیـەکی ڕاسـت هـــەمویان بـەگوێرەی ماناکانیـان ئەگەڕێنـەوە بـۆ لای یـەك نـاو ئـەویش بریتیـە لـە قورئـان ، نـاوە بەناوبانگەکانیش ئەم چوار ناوەن :

١–[القرآن] یانێ خوێندن . ناوە بۆ ئەو پەیامەی ، خوا ناردویێتی بۆ پێغەمبەر .

٢–[الفرقان] یانێ ئەو پەیامەی کارە ڕاست و پوچەکان لەیـەك جیـا ئەکاتـەوە بـەهۆی بەڵگەی ڕون و بێگومانەوە.

٣–[الکتاب] یانێ کۆکردنەوە ، واتە ئەو فەرمودانەی خوا ناردویێتی بۆ پێغەمبەر لــەودا کۆکراوەتەوە .

٤–[الذکر] ئەم ووشەیە بە دوو مانا هاتووە ، هەردوو ماناکە ڕاست و شایستەن بکرێـن بە ناوی قورئانی پیرۆز (١) یانێ باس و گێڕانەوەی ئامۆژگاری خوا بۆ بـەندەکانی خـوا . (٢) یانێ ڕێزگرتن ، واتە قورئان خۆی لــەخۆیا بـەڕێزە و یاسـایە بـۆ ئـادەمیزاد ، و هـەر کەسێ بڕوای بە قورئان بێ لای خودا بەڕێزە .

﴿ بەشی دووهەم باسی گەورەیی قورئان ﴾

ئێمەی ئادەمیزاد بەهەر شێوەیە خۆمان ماندوو بکەین ئەوەی شایانی گـەورەیی قورئـان بـێ ناتوانین بینوسین . بەڵام بەسە بۆ گـەورەیی قورئـان کەتەنـها یاسـای موسـوڵمانان نیـە بـۆ پێویستی ژیانی هەردوو جیهان .

بەڵکو یاسا نوسان و زانایان جیهان جگەی موسڵمانان ، دوای خۆ مـاندوکردنێکی زۆری بێوچان بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی یاسایە بـۆ هـەموو ئـادەمیزاد لـە هـەموو جێگەیـە و لەهەموو کاتێکـا لەسـاڵی ﴿ ١٩٣٣ ﴾ هـەتا سـاڵی ﴿ ١٩٥٣ ﴾ ی زایینـی و ، دوای چەندین کۆڕو کۆبونـەوە پـرس و ڕاوێـژ بڕیاریـان دا کەیاسـای ئیسـلام بکـەن بەیاسـا و تەفسیری زمناکۆیی

دەستوری گشتی بۆ هەموو ئادەمیزاد لەڕوی زەوی‌دا بۆ بەکارهێنانی بەمەبەستی نەهێشتنی ئاژاوە و ناکۆکی نێوان هەموو ڕژێمەکانی جیهان ، بە موسڵمان و جگەی موسڵمانەوە و ، بڕیاریشیاندا کە یاسای بەردەوام بێت لەدادگای دادی نێــو دەوڵــەتی ((مَحْكَمَة العَدْلِ الدُّوَلي)) کە بارەگاکەی لە شاری لاهای هۆڵەندی‌یە ، چونکــە یاسـایەکی سـەربەخۆیە ، نەرم و نیانە لایەنی هیچ لایەنێك ناگرێ جگە لەڕاستی و بێ‌لایەنی ، بۆیــە چاریـان نـەما و باوەشیان کردەوە بە دەستوری ئیسلام کەسەرچاوەکەی قورئانی پیرۆزە .

هەروەها بۆ گەورەیی قورئان : ئەبو هورەیرە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمەرەوە (ﷺ) فەرمویـەتی : هەر کۆمەڵێ لەهەر مزگەوتێکا کۆببنەوە و قورئان بخوێنن و فێری بن و دانیشـتوانی تـر فێری قورئان بکەن ئارامی و دڵخۆشی لەلایەن خواوە ئـەڕژێ بەسـەریانا و، بەمیـهرەبان و بەزەیی خۆی دایان ئەپۆشێ و، فریشتەکان ئـەم لا و لایـان لێ ئـەگرن بـۆ نرخاندنیـان و ، خوای گــەورە ڕێزیـان ئـەگرێ و باسـیان ئـەکا لــەلای ئەوانـەی بـەڕێزن لای خـوا وەك فریشتەکان و گیانی پێغەمەران و شەهیدان و پیاوچاکانی تر .

ئەنەسی کــوڕی مـالیك یـاوەری پێغەمــەر (ﷺ) ئـەڵێ : پێغەمـەر ئەفـەرموێ ، قورئـان لەهەموو شتی گەورەترە ، هەر کەسێ ڕێز لە قورئان بگرێ وەك ڕێزی لەخوا گرتبێ وایــە . ئەو کەسەی بەسوکی تەماشای قورئان بکا و گاڵتە بەڕاستیەکانی بکا گاڵتە بەڕاستی خوا ئەکا ، خوا پەنامان بدا .

عەلی کوڕی ئەبی تالیب ئەڵێ پێغەمەر (ﷺ) ئەفەرموێ ئــەو کەســەی قورئـان بخوێنــێ و ماناکانی ڕوون بکاتەوە ، ڕاستی و ڕەواکــانی بەڕاســت و ڕەوا بزانــێ و ، ئەوانــەی خـوا قەدەغەی کردوون بەناڕەوایان دابنێ ، خوا ئەو کەسە ئەخاتە بەهەشت.

هەڵگرانی فەرمودەی خوا بەوێنەی زانایان بەمیهرەبانی خواوە پێچراونەتەوە ، هەرکەســێ بەسووکی تەماشایان بکا وەك گاڵتەی بەمافی ڕەوای خوا کردبێ وایە ، وە ئەبێ چ کەسـێ

گەورەتر بێ لەوانەی کتێبی مافی ڕەوای ئاینی ئیسلامیان پاراستووە و هەڵیان گرتووە بەبێ دەست کاری ؟

﴿ بەشی سێهەم : باسی پەناگرتن لەشەیتان ﴾

خوای گەورە فەرمان مان پێ ئەدا پەنا بگرین لەشەیتان و ئەفەرموێ : ﴿ فإذا قَرَأْتَ القُرْآنَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجِيمِ ﴾ ئایەتی (٩٨) سورەتی (نەحل) یانێ هەرکاتێ تۆ ویستت قورئان بخوێنی تۆ بەهۆی یاریدەی خواوە پەنا بگرە لەشەیتانی دوورخراوە لەبەزەیی و میهرەبانی خوا .

لەئایەتی (٢٠٠) سورەتی (ئەلئەعراف)یش دا خوا ئەفەرموێ ﴿ وَإمّا ينْزَغنَّكَ مِنَ الشّيْطان نزاغٌ فَاسْتَعِذ بِاللهِ،إنّهُ سَميعٌ عَليمُ ﴾ ئەگەر لەلایەن شەیتانەوە دوو دڵیت تووش بوو کە خراپەیەك بکەی لەکاتی توڕەبونتا ، پەنابگرە بەهۆی خواوە لەشەیتان . بەڕاستی خوا هەر شتێ بڕوا بەدڵتا ئەیبیسێ و ئەزانێ بەمەبەستی نالەبارت و ، تۆ ئەپارێزێ لەخراپەکردن .

بەناوبانگترین ڕستە بەکار بهێنرێت بۆ پەناگرتن لەشەیتان بەهۆی خواوە ﴿ أعوذ بِاللهِ مِنَ الشّيْطانِ الرَّجيمِ ﴾ بەهۆی یاریدەی خواوە پەنا ئەگرم لەشەیتانی دوورخراوە لەمیهرەبانی و بەزەیی خوای گەورە .

بۆئاگاداری : هەرچەندە ئێمە شەیتانمان نەدیوە ، بەڵام خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە (٨٧) جێگەدا باسی کردووە ، پێغەمەر (ﷺ) لەزۆر فەرمودەیدا بەزۆر شێوە باسی شەیتانی کردوە و ، ئێمەی موسوڵمان گومانمان لە بونی شەیتان نیە ، وەهەر کەسێ لەبونی شەیتاندا گومانی هەبێ بەبێ باوەڕ دا ئەنرێ ، بەڵام لەلایەن یاسای ئیسلامەوە داوامان لێ ناکرێ چۆنێتی لەش و قەوارەی و بەرزی و پانی و ڕەنگی شەیتان وەسف بکەین .

پێویسته بزانرێ که خوای گەورە بۆ ئێمەی ڕوون کردوەتەوە کەشەیتان دوژمنی ئادامیزادە و ئامادەیە بەبێ وچان مرۆڤ لەڕێگەی خواپەرستی لابدا و لە فەرمانەکانی خوا دووریان بخاتەوە شەیتان بەنیازی خراپ بەدەرونی مرۆڤدا هاتوو چۆ ئەکا، کۆسپ و تەگەرە لەڕێگەی ئادەمیزادا دادەنێ و هاندانیان ئەدا بۆ خراپەکردن ، کردەوەی ناشایستەیان بۆ ئەڕازێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست سەریان لێ تێك دەدا، خواپەرستی لەئادەمیزاد دا ئەمالێ ، دووریان ئەخاتەوە لەڕەوشتی شیرین ، ئەوانە هەمویان کار و کردەوەی شەیتانن .

ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کاتی وائەبێ مرۆڤێ پەنائەگرێ لەشەیتان لەبەر کردەوەیەکی خراپی شەیتان ، بەڵام هەر لەوکاتەدا پێویستە ئەو مرۆڤە پەنا لەخۆیشی بگرێ چونکە ئەو مرۆڤە ئەو کردەوە خراپەی کردوە ، خۆی بزانێ یا خۆی گێل بکا ؟

تێبینی : وتنی ڕستەی ﴿ اعوذ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجيمِ ﴾ پەسەند و چاکە لای خوای گەورە لەهەندێ کاتا (واجب) نیە ، وەك لەکاتی دەستنوێژ گرتن ، پێش نان خواردن ، بەر لەکردنی هەموو کارێ . ئەو ڕستەیە خودا پێویستی نەکردووە بەجۆرێ ئەگەر نەبێژرێ مرۆڤ گوناهباربێ ،بەڵام وتنی زۆر چاکە لە پێش خوێندنی سورەتی فاتیحادا و لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژدا ، وەئەوڕستەیە بەشێك نیە لە قورئانی پیرۆز ، وەئایەتێکیش نیە .

بۆ زانین : زۆر جاران هەندێ مرۆڤی خۆپەرست و بی باوەڕو لاواز لەلای هەندێ کەسی گێل و ساویلکە لەهەندێ کۆڕدا دەم درێژی بەکارئەهێنن بۆ خەڵەتاندنی ئەو مرۆڤە ساویلکانە لەبارەی ویست و ئارەزوی خوای گەورە ئەڵێن : که هەموو شتێ بە و یست و ئاروزوی خوایە و خوا ئەیکا و ، مرۆڤ بێ دەستەڵاتە ، بۆ ئەبێ خوا سزای مرۆڤ بدا لەسەر کاری خراپ . بەر لەوەی تیشك بخەینە سەر وتوێژی شەیتان لەخزمەتی خوادا: پێویستە ئەو کەسانە بزانن خوا ئەقڵی بەخشیوە بەئادەمیزاد ، بەو هۆیەوە چاکە و خراپە

جویَ ئەکاتەوە . ئەمەی خوارەوەش دەقی ووتویژێکە لەنێوان خوای گەورە و شەیتاندا کە هەندێ زانایان باسیان کردوە و لەنامەکانی خۆیان تۆماریان کردوە:

شەیتان ئەڵێ : ئەی خوایە : ئەگەر تۆ بتویستایە من سوژدەم ئەبرد بۆ ئادەم و بەزۆر بەمنت ئەکرد ، ئیتر بۆچی سزای من ئەدەی ؟

خوای گەورە ئەفەرموێ : چ کاتێ زانیوتە من نەمویستوە تۆ مل کەچی بۆ ئادەم بکەی ، لە دووای ئەوەی من فرمانم پێدای سوژدە ببە بۆ ئادەم و نەت برد ؟ یا بەر لەفەرمان پێ دانت بەوەی سوژدە ببەی بۆ ئادەم ؟

شەیتان ئەڵێ : دوای ئەوەی فەرمانت پێ دام و سوژدەم نەبرد و بی فەرمانی تۆم کرد .

خوای گەورە ئەفەرموێ : کەواتە تۆ بیانوت نەما هەر بەگوێرەی ووتەی خۆت ، تۆ خۆتت بۆڕدا ، چونکە مل کەچ نەکردنی تۆ پێش ئەوە بووە کە تۆ بزانی کەمن بەزۆر بەتۆی ئەکەم ڕێزگرتن لەئادەم . ئەمە لەلایێکەوە ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر من بم ویستایە بەزۆر سوژدەت ببردایە فەرمانم پێ نەئەدای بەکردنی و ، سودێ لەو فەرماندانەی مندا نەئەبو ، کاری وایش لەئێمەوە دورە . کەواتە سزادانی ئێمە بۆ تۆ لەجێگای خۆیایەتی ، چونکە پێش هەموو شتێ خۆتت بەگەورە داناوە و بێ فەرمانی ئێمەتان کردوە .

<u>تێبینی</u> : جارێك شەیتان بەخزمەت پێغەمەر گەیشت (ﷺ) ووتی : خوا ناوی تۆی بردوە بەرێگە پیشاندەری ئادەمیزاد بۆ پەرستنی خودا و ، ناویشت نراوە بەرێگە پیشاندەری ڕاستەقینە و ، منیشی نێو بردوە بەرێگە تێك دەری مرۆڤ و بەرێگە لێ تێك چو ، ئەوانە زۆر ڕاستن . بەلاّم هەمویان نە بەدەستی تۆیە و ، نەبەدەستی منە ، هەمویان بەدەستی خوان .

پێغەمەر (ﷺ) فەرموی : هەرچەندە هەمو شتێ بەدەستی خوایە ، بەلاّم ئەو شتەی بەدەستی منە ڕوون کردنەوەی کاری پڕوپوچە بۆ دانیشتوان ، وە هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەیان لەخراپە ، و هەڕەشەلێ کردنیانە بەسزای گران بۆ ئەوەی خوا بپەرستن و ، بەدەستی تۆیە فێڵ و

پیلان و دوو ڕویی و هاندانی دانیشتوان بۆ کردنی کاری خراپ و ناشایسته ، بەدەستی ئادادەمیزادە سەربەستی و توانا و جویَ کردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی ، وەخـودا ئـەقڵی پـیَ بەخشیون . کەواتە ئەتوانن ئەوەی چاکبیَ بـۆ خۆیـانی هـەڵبژێرن و ، ئـەو شـتەی خراپـە خۆیانی لیَ دوور بخەنەوە هەتا توشی سزا نەبن .

بێگومان چونکە مرۆڤ ئەزانیَ ئاگر سوتێنەرە دەستی بۆ نابا و خـۆی لیَ دوور ئەخاتـەوە چونکە ئەزانیَ ئەیسوتێنیَ . کەواتە هەموو لایەکمان ئازادین بۆ کردنی هەموو شتیَ لـەچاك و لـەخراپ .

بۆ ئاگاداری : جاریَ شەیتان چوو بۆ لای عیسا پێغەمەر (ﷺ) و بەعیسای ووت: خۆ تـۆ ئەزانی تۆ خاوەنی ڕێز و پلەی بەرزی ، کەواتـە لـەسـەر ئـەو جێگـە بـەرزە خـۆت بخـەرە خوارەوە ، بزانین خوا ڕزگارت ئەکا لەئازار ؟ عیسا فەرموی : شایستـەی خوایـە بـەندەی خۆی تاقی بکاتەوە . بەڵام نابیَ بەندەی خوا پەروەردگاری خۆی تاقی بکەنـەوە ، وە خـوا ئەقڵی بەمن داوە ، ئەزانم ئەو بڵندایەتیە جێگەی مەترسیە ، کەواتە خۆم بەرنادەمەوە و خۆم ناخەمە مەترسیەوە .

بۆ زانین : شەیتان چوو بۆ خزمەت نوح ، لەپاش خنکاندنی هەمو بیَ بـاوەڕان بـەلافاو و پاش وشك بونەوەی زەوی ، شەیتان ووتی : ئەی پێغەمەری خوا : بەڕاستی تۆ چاکەیەکت بەسەر منەوەیە ئەمەویَ پاداشتی ئەو چاکەیەت بدەمەوە . نوح فەرموی : ئەگەر تۆ چاکەت بەسەر منەوە هەبیَ پێویستە من داوای لێبوردن لەخوابکەم .

شەیتان ووتی : تۆ پاڕایتەوە لە خوا کە خزمەکانت بنە بڕبن ، خوا نزاکەی وەرگرتـی و هەموانی لـەنێو بردن و بنەبڕی کردن ، من بەر لـەناوچونیان بەشەو و بەڕۆژ نەئەوەستام .بۆ ئەوەی لایاندەم لـەڕێگەی خواپەرستی ، چاکە لـەوە چاکتر نیە کەمن لە خۆشی و پشودام .

نوح فەرموی : بەچ شتیَ تۆ پاداشتی من ئەدەیتەوە ؟ . شەیتان ووتی : مـن ئامۆژگـاریت ئەکەم هەرگیز توڕە نەبیت ، چونکە ئەو کەسە توڕە بیَ و ئاڵۆز بیَ من ئەو کەسە ئەکـەم

بەژێر دەستەی خۆم و ، هەر کاتێ بویت بەکار بەدەست و فەرمان ڕەوا ئاگـاداری خـۆت بکە لەکاتێکدا ویستت فەرمان دەربکەیت و دابینی بکەیت بەسەر کەسێکاو بتەوێ ئـاژاوە نەیەڵی ، بێگومان بزانە من سێهەمین کەستانم ، هەوڵ ئەدەم لاتان بدەم لەداد پـەروەری ، لـە چۆڵەوانیدا هاوڕێتی ژنی بێگانە مەکە ، بەڕاستی وابزانە من هانتـان ئـەدەم بـۆ کردنـی کاری خراپ و داوێن پیسی کە خراپ ترین کاری بێزلێ کراوەن .

لەو باسانەی کـەڕابوردن بۆمـان دەردەکوێـت کـە شـەیتان بـەبێوچان لەکاردایـە بـۆ پەرەپێدانی جەنگ و پـەیدا کردنـی ئـاژاوە و نـاکۆکی و داوێـن پیسـی و ، لەهـەر لایـێ چەکێکی ئاگرینی دەست کەوێ کە هۆی بلاوکردنەوەی ڕەوشتی پیسێ شەیتان پیرۆزبایی لێ ئەکا .

تێبینی : ئامۆژگاری وەرگرتن و پەنا گرتن بەخوا سودی زۆری تێدایە بـۆ ئـادەمیزاد . و فێرمان ئەکا بەچ جۆرێ ڕوی خۆمان بکەین بۆلای خوای خۆمان ، بۆ ئـەوەی فـێری ئـەو کارە بەڕێزە ببین ، ئەبینرێ ئەگەر کەسێ بیەوێ بڕوا بۆلای مرۆڤێکی گەورە یا دۆسـتێکی خۆی پێویستە بەبێ شەرمانە نەڕواو لەپێشـەوە تەقـەبدا لـەدەرگای خانوەکـەی و ، داوای چونە ژورەوە بکا و چاوەڕوانی وەلامبێ ، ئەگەر وەلامی چونـە ژورەوەی وەرگـرت ئـەو کاتە بڕواتە ژورەوە بۆلایان . کەواتە ئەگەر ئێمە ویستمان قورئان بخوێنین مانای وایـە ئێمـە فەرمودەی خوا ئەخوێنین و لە خوا ئەپاڕێینەوە ، پێویستە پێشەکی زمانی خۆمان لە ووتـەی ناڕەواکاری خراپ پاك بکەینەوە بەهۆی پەناگرتن لەشەیتان بەیاریدەی خودا .

زانایانی ئاینی ئەڵێن : پـەناگرتن بـەهۆی خـواوە لەشـەیتان ئەبێتـە هـۆی نزیـك بونـەوە لەمیهرەبانی خوا ، ئەبێتە هـۆی ترسـان لـەخوا ، ئەبێتـە هـۆی لادانـی مـرۆڤ لـەگوناه، بنچینەی دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستە ، ئەبێتە هـۆی گەڕانـەوەی تاوانبـاران بـۆ لای خـوای خۆیان ، پەناگرتن بەهۆی خواوە لەشەیتان ئەبێت بەهۆی بەختیاری و خۆشی ، ئەبێتە هۆی

بەدەست هێنانی توێش و سامان بۆ هەژارانی کەم چاکە لــەڕۆژی دوایــدا ، ئەبێتـە هـۆی دوور خستنەوەی مرۆڤ لە خراپە و کردەوەی ناهەموار .

بەو باسانەی ڕابوردن بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کەکاتێ دەستمان کرد بەهەرشتێ واچاکە ئەو ڕستەیە لەبیر نەکەین و پەناگرین لەشەیتان : لــەکاتی هەلّسـان و دانیشـتن و ڕۆیشـتن و هەموو کردەوەمانا ئەو ڕستەیەش بریتیە لە ﴿ أعوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجيمِ ﴾ .

﴿ بەشی چوارەم : باسی ژمارەی سورەتەکان و ئایەتەکان و پیتەکانی قورئانی پیرۆز و مانای سورەت و ئایەت ئەکا ﴾

ژمارەی سورەتەکانی قورئان (١١٤) سەدو چواردە سورەتن ، یە سورەتی فاتیحە دەست پێ ئەکات، بەسورەتی ﴿ النّاس ﴾ کۆتایی پێ‌دێ.

تێبینی : نامەی پیرۆزی خوا بەپیتی (ب) بێ دەست پێ‌ئەکا وەبەپیتی (س) سین کۆتایی پێ‌دێ ، لەو دوو پیتەدا نهێنیەکی زۆر گەورە و پڕ مانا هەیە کەبەزمانی عەرەبی ڕستەی ﴿ بسك ﴾ واتە ﴿ حسبك ﴾ یانی تۆ موحەمەد بەستە ئەو شتەی لەنێوان ئەو دوو پیتــەدان کە هەموو قورئانی پیرۆزە .

* ووشەی ﴿ سورة ﴾ بەزۆر مانا هاتوە ، هەموو ماناکانی شایستەی ئەوەن بکرێـن بـەناو بۆ بەشێکی دیاری کراوی قورئانی پیرۆز . ﴿ سورة ﴾ لەزمانی عەرەبیدا بــەمانای بـەرزی هاتوە ، بەناو بۆ جێگەیەکی جوان لــەخانوێکا بریتیبێ لەچـەند بەشـێ، هیـچ بەشـێکیان بەبەشەکەی تریانەوە نەنوسابێ و لـەیەك پچڕابن ، بەمانای شورا و سنوریش هاتووە یانێ ئەو کۆمەلّە دیاری کراوە لەقورئانی پیرۆزدا کە ناویان نراوە بە سورەت بەرزن لـە پلە و پایەدا جوانن و لـەیەك پچڕاون ، وێنەی شورا و سنوری شـارێکن کەهـەموو لاکـانی قورئاننیـان گرتوەتەوە.

*کەمترین سورەت لە قورئانی پیرۆزدا بریتیە لە سێ ئایەت ، ژمارەی ئایەتەکانی قورئان لە﴿٦٣٣٦﴾ شەش هەزار و سێ سەد و سی و شەش ئایەتن ، بەدابین کردنی ڕستەی ﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحيم ﴾بەئایەتێ لە پێش هەموو سورەتێکەوە جگە لە سورەتی ﴿ التوبة ﴾ کەژمارەی ئەو سورەتانەی ئەو ڕستانەیان لەپێشەوەیە ﴿ ١١٣﴾ سەد و سیانزە سورەتن .

*﴿ آية ﴾ بە دوو مانا هاتوە : هاتوە بەمانای نیشانە ، بەو مانایەش یانێ نیشانەیە لەسەر ڕاستی بخوێنەکەی و نیشانەیە لەبۆ کۆتایی هاتنی ئایەتێك و سەرەتای ئایەتی تر ، وەهەر یەکەیان بەشێکن لە قورئانی پیرۆز . وەژمارەی ووشەکانی قورئانی پیرۆز ﴿ ٧٧٩٣٤﴾ حەفتاوحەوت هەزار و نۆ سەد و سی و چوار ووشەن .

ژمارەی پیتەکانی قورئان ﴿ ١٠٢٧٠٠٠﴾ یەك ملیۆن و بیست و حەوت هەزار پیتن .

لەخوا داواکارم یارمەتی هەموو لایەکمان بدا لەسەر پەرستنی خۆی .

نووسەر : مەلا سعید فتح الله زمناکۆیی

﴿ سورەتی ئەلفاتیحە ﴾

ئەوەی جێگەی متمانە بێ ئەم سورەتە لەمەکە هاتوەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) و هەندێ لەزانایان ئەڵێن : دوو جار هاتوەتە خوارەوە : جارێ لەمەکە ، وە جارێکی تر لە مەدینە . ژمارەی ئایەتەکان (٧) حەوت ئایەتن . ئەم سورەتە زۆرتر لە (٢١) بیست و یەك ناوی هەیە ، بەڵام بەناوبانگترینیان ﴿١٢﴾ دوانزە ناون ، وەك ئەمانەی خوارەوە :

١) (الفاتحة) یانێ لەم سورەتەوە دەست ئەکرێ بەخوێندنی قورئانی پیرۆز و لەم سورەتەوە دەست ئەکرێ بەنوسینەوەی قورئانی پیرۆز . بۆزانین پێویستە ئەم سورەتە لە هەموو ڕکاتی‌کانی نوێژدا بخوێنرێ لەلای پێشەوا شافیعی ، و بەلای پێشەوا حەنەفیەوە واچاکە بخوێنرێ لەهەموو ڕکاتێکا بەنهێنی بەمەرجێ نوێژ بەکۆمەل واتە ﴿ جەماعەت ﴾ نەکرێ ، ئەو کاتە جگەی لەپێش نوێژ نابێ بخوێنرێ لەلایەن نوێژکەرانی ترەوە ، پێش نوێژکەر واچاکە فاتیحە بخوێنێ و ئەیشتوانێ جگەی ئەویش بخوێنێ . بەکورتی ئەم سورەتە پێشەوای خوێندن و نوسین و هەموو کارێکی چاکە ، وەهەر شتێ ئەگەر ئایەتی یەکەمی ئەو سورەتەی بۆ نەوترێ لەسەرەتاوە بێ فەڕو بێ پیت ئەبێ .

٢) (أم الكتاب) یانێ وەك بنچینە و دایك وایە بۆ نامەی خوا کە قورئانە ، سەرچاوەیە بۆ ئەو نامەیە .

٣) (الحمد) واتە ووشەی (الحمد) لەنێو ئەم سورەتەدایە سەرەتا و یەکەم ئایەتی ئەم سورەتەیە ئەگەر ﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحيم ﴾ یەکەم ئایەت نەبێ ، بۆیە نێو نراوە بەم ووشەیە .

٤) (السّبع الثاني) واتە ژمارەی ئایەتەکانی (٧) حەوت ئایەتە ، و لەهەموو ڕکاتەکانی نوێژدا دووپات ئەکرێتەوە ، دوو جاریش هاتوەتە خوارەوە بۆسەر پێغەمبەر (ﷺ).

٥) (الكافية) یانێ ئەم سورەتە بەسە بۆ هەموو شتێ ، وە پێویستی بەشتی تر نیە ، وە هەموو شتێ پێویستی بەم سورەتە هەیە و بەم تەواو ئەبێ .

٦) (الأساس) یانێ ئەم سورەتە بنچینەیە و بنەمایە بۆ هەموو شتێ لەکاروباری ئایندا ، بنچینەشە بۆ یاد و پەرستنی خودا .

٧) (الوافية) واتە پێویستە لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژدا بخوێنرێ بەتەواوی ، ئەم سورەتە تەواوکەری نوێژەکانە .

٨) (الّشفاء) هۆی ڕزگار کردن و لابردنی نەخۆشی دەرونی ئادەمیزاد و نەخۆشی مرۆڤە .

٩) (الصلاة) ئەم ناوە لەفەرمودەیەکی پێغەمەرەوە هاتوە کە موسلیمی کوڕی حەجاج ئەی گێڕێتەوە کە پێغەمەر (ﷺ) فەرموی : خوا نوێژی بەش کردوە لە نێوان خۆی و بەندەکانیدا ، یانێ بەندەی خوا لە نوێژدا ئەڵێ ﴿ اَلْحَمْدُ للّهِ رَبّ الْعالَمِين ﴾ خوا ئەفەرموێ بەندەی من سوپاسی منی بەجێ هێنا ، وەبەندەی خوا ووتی ﴿ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾ خوا ئەفەرموێ بەندەی من ستایشی منی بەجێ هێنا ، بەندەی خودا کە ووتی ﴿ مالِكِ يَوْمِ الدّينِ ﴾ خوا ئەفەرموێ: لەوەڵامدا بەندەی من منی بەخاوەنی ڕۆژی ئایین داناوە ، بەندەی خوا ووتی : ﴿ إيَّاكَ نَعْبُدُ وَإياكَ نَستَعِينُ ﴾ خودا ئەفەرموێ ئەو ڕستانە بەش کراوە لەنێوان من و بەندەی مندا ، داوای هەر شتێکم لێ بکا بەوی ئەبەخشم ، بەندەی خوا کە ووتی : ﴿ إهدِنا الصِراطَ الْمُسْتَقيمَ صِراطَ الَّذينَ أنْعَمتَ عَلَيهِمْ غيرْ المَغضوُبِ عَلَيهِمْ وَلا الضّالّينَ ﴾ خودا ئەفەرموێ : ئەوپاڕانەوە و نزایانەم لێ وەرگرتی کەمافی بەندەی منە ، هەر شتێکم لێ داوا بکا پێی ئەبەخشم .

١٠) (السؤال) یانێ هەر بەندەیەکی من پرسیاری هەر شتێکم لێ بکا و زمانی خۆی بەیادی من پاراو بکاتەوە من وەڵامی ئەدەمەوە و پێی ئەبەخشم .

١١) (الدعاء) یانێ لەم سورەتەدا دانراوە پاڕانەوەی لە خوا تێدایە بەهۆی ڕستە ﴿إِهدِنا السِراطَ المُستَقیمَ ﴾ تا کۆتایی سورەتەکە .

١٢) (الشکر) یانێ سوپاس و ستایش کردن و ڕێز گرتنی خوا لەم سورەتەدایە بێ کەم و کوڕی .

﴿ باسی گەورەیی سورەتی ئەلفاتیحە ﴾

فەرمودەی پێغەمەر (ﷺ) لەبارەی گەورەیی ئەم سورەتەوە زۆرن . بەناوبانگترین ئەوفەرمودەیە ئەمەیە : حوزەیفەی کوڕی یەمان ئەڵێ : پێغەمەر (ﷺ) ئەفەرموێ : خوای گەورە ویستوێتی سزای کۆمەڵێ لەئادەمیزاد بدا بەهۆی نالەباری و خراپەیانەوە لەجیهاندا ، خوای گەورە ئەو سزایەی بە هۆی منالێك کە سورەتی فاتیحەی دەخوێند لە قوتابخانەیەکدا ، ئەو سزایەی دوور خستەوە بۆ ماوەی چل ساڵ .

تێبینی : لە نمونەی گەورەیی سورەتی فاتیحەیە ، موسوڵمانان لانی کەم (١٧) جار لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا لەنوێژدا ئەی خوێنن چونکە خوا پێویستی کردووە لەسەریان .

ئەگەر موسوڵمانان بیانەوێ نوێژی سوونەت بکەن لەپێش و پاشی نوێژە پێویستەکان (٤٤) چل و چوار جار سورەتی فاتیحە دەخوێنن ، ئەگەر نوێژی زۆر تریش بکەن سورەتی فاتیحە زۆرتر ئەخوێنرێ .

بۆزانین : هیچ نوێژێ بەبێ سورەتی فاتیحە لەهەموو ڕکاتێکی نوێژدا دروست نیە لای پێشەوا شافیعی ، بوخاری و موسلیم ئەڵێن : پێغەمەر (ﷺ) ئەفەرموێ : نوێژی ئەوکەسانە دروست نیە سورەتی فاتیحە ناخوێنن لەهەموو ڕکاتەکانی نوێژەکانیانا .

بۆ ئاگاداری : سورەتی فاتیحە هاتۆتە خوارەوە کە بخوێنرێ لە هەموو ڕوێکەوە ، ئێمە فێر ئەکا چۆن فەڕ و پیرۆزی وەرگرین لەناوی خوای گەورە لەکاتی کردنی هەموو کارێکا ، وە ئەم سورەتە فێرمان ئەکا بەچ جۆرێ سوپاس و ستایشی خوا بکەین، چۆن داوای یارمەتی لە خوا بکەین ، خوا بەئادەمیزاد دەفەرموێ : کاتێ دەستتان کرد بە هەموو

کاریَ بلێن : ﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحیم ﴾ ئەم ڕستەیە پیرۆزە ئایەتێکە لەپێش هەموو سورەتەکانی قورئاندا دانراوە ، ئەو ڕستەیە کە (١١٣) سەدو سیانزە ئایەتە لەپێشەوەی (١١٣) سورەتی قورئانی پیرۆزدا هەیە جگە لە سورەتی ﴿ التوبە﴾ ، لەلای پێشەوا شافیعی و زۆربەی زانایانی قورئان ناس لەگەڵ ئەم بۆچونەدان ، بەڵام هەندێ زانایان پێیان وایە ڕستەی ﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحیم ﴾ (١) یەك ئایەتە لەهەموو قورئاندا ، وەجێگەی تایبەتی بۆ دیاری نەکراوە هەندێ تر لەزانایان لایان وایە ئەو ڕستەیە ئەبێژرێ لەکاتی کردنی هەموو کارێکدا بۆ مفەرك و پیرۆزی و ئایەتێ نیە لەقورئان .

بۆ زانین : ئەو ڕستە پیرۆزە بەدروشمی تایبەتی موسوڵمانان دائەنرێ ئەوترێ لەپێش هەموو کار و وتارو نامەیەکیان دا. بەڵام جگەی موسوڵمانان ئەو ڕستەیە بەکار ناهێنن ، لەکاتی کردنی کاریان و لەپێش نامەکانیانەوە ئەڵێن :﴿باسمِكَ اللّهُمّ﴾ ﴿ بِاسمِهِ تَعالی ﴾ ﴿بِاسمِ المُبدِئ المُعید ﴾ ﴿ بِاسمِ الأب وَالأبنْ وَروُحِ القُدُس ﴾ ﴿بِاسمِ اللاّتِ وَالْعُزّی﴾ هەتادێ . هەندێ ئادەمیزادی گێل و گەوجیش ناوی هەندێ ئادەمیزاد بەکار ئەهێنن . خوا پەنامان بدا .

پوختەی مانای ئەو ڕستەیە ئەمەیە : دەست ئەکەم بەم کارە بەهۆی ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، پێویستە لەسەر موسوڵمانان لە هەموو کار و کردەوەیەکیان بەناوی خوای گەورەی پەروەردگاری هەموو بونەوەران دەست پێ بکەن. نەك بەناوی جگەی خواوە . ئەبێژرێ بەناوی خاوەن شکۆوە یان بەناوی گەلەوە ، یابەناوی میرەوە ، یابەناوی مامۆستاوە یا بەناوی فلاّن کەسەوە دەست بەم کارە ئەکەین ، هەتادێ . ئەوانە چاك نین .

بۆ ئاگاداری : پێویستە ئەو کارەی ﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحیم ﴾ی بۆ ئەبێژرێ ئەبێ کارێکی گونجاو بێ لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بگونجێ و قەدەغەنەبێ ، ئەگەر نەگونجاو و قەدەغەبێ ئەوا دوو جار گوناهە : جارێ بەکردنی ئەو کارە ناڕەوایە ،جارێکی تر بەووتنی ئەو ڕستەیە کەوەك ئەوەیە گاڵتەی پێ بکرێ ، گاڵتەکردنیش بەفەرمودەی خوا

بێ باوەڕیە . واتە وێنەی ئەوەیە لەکاتی مەی خواردن و هەموو کارێکی تری قەدەغە کـراو ئەو ڕستەیە ببێژرێ .

﴿ خوای پەروەردگار لە گوناهی خۆم و باوکم و دایکم و هاوسەرم و منالەکانم خۆشبە﴾

سورەتی ﴿ ئەلفاتیحە ﴾

وەك لەمەو بەر باسمان کرد لەمەکە هاتوەتە خـوارەوە ، هـەندێ لـەزانایان ئـەڵێن: دوو جار هاتوەتە خوارەوە : جارێ لەمەکە ، جارێ لەمەدینە . ژمارەی ئایەتەکانی (٧) حەوت ئایەتن .

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿١﴾
ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾
ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤﴾
إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ ٱهْدِنَا
ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ
عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ
وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان دەست ئەکەم بە خوێندنی قورئان کە بەخشندەیە بۆ هەموو بونەوەران لە جیهاندا بـۆ سـوودی ئـەوان و ژیـان و گوزەرانیـان لـە بەخشراوە گەورەکان وەك دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ و ئاو و خواردەمەنی و بەخشینی تەندروستی و ئـەقڵ و هەسـت و هـۆش ، میهرەبانـە بـۆ بونـەوەران کـەبێ ی بەخشیون بەخشراوە ووردەکان وێنەی ڕەنگی شیاو بۆ چاوەکانیـان و ئـەندامانی تریـان ، دروست کردنی هەموو ئەندامەکانیان بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ یەکتری بەبێ ناشیرینی ، بەتایبەتی نوساندنی برژانگ بەپێڵوی چاوەکانیـان بـۆ بـەرگری کردنـی تـۆز و خـەوش و گەیاندن بەنێو بۆشایی چاوەکانیانەوە ڕوناکی بۆ تۆڕی چاو هەتا شتی پێ ببینێ و لەوێشەوە

بۆ مێشك ، دووبارە بەخشینی بەهەشت بەموسوڵمانان و لێبوردنیان لە گوناهەکانیان ، فێر کردنی هەموو بونەوەران بەجۆر و شێوەی پەیداکردنی خواردەمەنی بۆ ژیان و گوزەرانیان و پاراستنی خۆیان لە گێژاوی جیهان بەهۆی ئەو هەستە تایبەتی‌یە جۆراو جۆرەی خوا پێی بەخشیون ، زۆر شتی تری پیێ بەخشیون کەلە تواناادا نیە بژمێرین .

﴿ چەند نمونەیەك لەمیهرەبانی خوا بۆ هەندێ لەبونەوەران ﴾

١- فێرکردنی مێش هەنگ بۆ پەیدا کردنی خواردەمەنی بۆ خۆیان : خوای گەورە هەستێکی وای داوەتێ ئەزانن گوڵەکان سەر لەبەیانی و بەر لەخۆر کەوتن دەم ئەکەنەوە ، بۆیە لەو کاتەدا ئەچنە دەرەوە بۆ مژینی شیرینی و شیلەی ئەو گوڵانە ، دوایی ئەگەڕێنەوە بۆ نێو جێگەکانی خۆیان و نێو شانەکانیان ، ئەو شیلەیە لەنێو شانەکانیان دائەنێن، بۆ دروست کردنی هەنگوین بۆ خواردەمەنی خۆیان و ئادەمیزاد ، فێری کردوون شانەیەکی شەش سوچی بەمێو سواغ دراو بۆ جێگەی هەنگوینەکەیان بنەخشێنن .

لەو باسانەی ئێمە نوسیمان میهرەبانی خوامان بۆ ڕوون ئەبێتەوە و بەرانبەر بەمێش هەنگ کەلەپاش خۆرکەوتن ناچنە دەرەوە و لەشوێنەکانی خۆیاندا کڕ هەڵدێن ، چونکە هەست ئەکەن کە گوڵەکان پاش خۆر کەوتن ئەپوکێنەوە .

لەگەشتی مێش هەنگدا میهرەبانی خوا بۆ ئادەمیزاد دەرئەکەوێ ، چونکە لەکاتی گەڕانی مێش هەنگەکان بەسەر گوڵەکاندا تۆوی مێینەو نێرینە لەسەر گوڵەکان هەڵئەگرێ و بەیەکەوە ئەیان نوسێنێ و ڕوەکەکانی پێی موتوربە ئەبێ و ، ئەبێتە هۆی بەرگرتن بۆ درەختەکان و پەیدابونی میوەی خۆش و بەرهەم بۆ سوودی ئادەمیزاد و ، پێویستە بزانین چ کەسێکە جگەی خوای گەورە ئەو هەستانەێ بەخشیبێ بە مێش هەنگ ؟

٢- میهرەبانی خوا لەگەڵ مێروولە : خوای گەورە گیاندارێکی دروست کردووە بەزمانی فەڕەنسی پێی ئەوترێ (ئەفس) مێرولە لەگەڵیان ئەکەونە جەنگەوە بەسەریانا زاڵ ئەبن و ئەیان گرن و بەخێویان ئەکەن لە جێگەیەکی تایبەتیدا و ئەیان لەوەڕێنن لەنێو گوڵدا و ،

ئەو گیاندارە پاش تێر خواردن شیرێکیان لێ پەیدا ئەبێ و مێرولەکان ئەیان مژن ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایە ترەوە مێرولە شارێکی وا دروست ئەکەن زاناترین ئەندازیار ناتوانن نەخشەی بکێشن ، مێرولە ڕێگەی تایبەتیان هەیە لەم شارەوە بۆ ئەو شار بۆ گۆڕینەوەی بازرگانی .

٣- میهرەبانی خوا لەگەڵ جاڵ جاڵۆکە ، خوای گەورە بەجۆرێکی سەرسوڕێنەر جۆلایی کەرەی فێری چنینی چاتۆڵەکەی خۆی کردووە ، ئامادەی کردوە بەکاری ئەهێنێ بۆ حەسانەوەی خۆی و ، بەکاریشی ئەهێنی بۆ بەدەست هێنانی خواردەمەنی خۆی و ، بەجۆرێ ئەو چاتۆڵەی دروست کردوە لەوکارەدا سەرکەوتوە بەسەر هەموو ئادەمیزاد و ئەندازیاراندا ، چونکە مامۆستای جۆلایی کەرە خوای گەورەیە مامۆستای ئادەمیزاد خۆیانن بەو ئەقڵەی خوا پێی بەخشیون . بۆنمونە ئەندازیارانی ئادەمیزاد زۆر جار تووشی هەڵە ئەبن لەدروستکردنی کۆشك و تەلارەکاند ، بەڵام جاڵ جاڵۆکە لەکردەوەی خۆیا توشی هەڵە نابێ ، لەبەر ئەوەی خانوی جۆلای کەرە لاوازترین خانوون خوا فێری کردوون و ئەگەڕێن بەدوای شیلەمەنی‌یەکی تایبەتیدا لەسەر درەخت و جێگەی تردا کەبەهۆی ئەو شیلەیەوە دەزولەی چاتۆڵەکەی خۆیان ئەنوسێنن بەیەکەوە و بەدار و درەختی ترەوە ، بەوبۆنەوە لە باو گەردەلول پارێزراو ئەبن ، هەرکاتێ مێش و مەگەز بڕۆن بەلای هێلانەکەیاندا ئەیگرن و ئەیکەنە نێچیری خۆیان و ئەی خۆن . بۆ ئەوەی باشتر میهرەبانی خوامان بۆ دەرکەوێ پێویستە ئێمەی ئادەمیزاد تەماشای ئەو شیلەیە بکەین چۆن خانوەکە ئەپارێزێ لەدڕین لەکاتی هەڵکردنی ڕەشەبادا کە زۆر جاران ئەبینرێ دار و درەخت لەڕەگەوە دەر ئەهێنێ و خانوی مەحکەم ئەڕوخێنێ کەچی چاتۆڵی جۆلایی کەرە نادڕێ و بەدرەختەکانەوە ماونەتەوە .

هەربەو شێوەیە خوای گەورە ئەو گیاندارانەی فێری ئەوکارە سەرسوڕێنەرانە کردوە .

دووبارە خوا خستویتیە دلّی پێغەمەران و سروشی ﴿ واتە وەحی ﴾ بۆ ناردوون کە بەندەکانی خوا بەچ جۆرێ فەرو پیرۆزی وەرگرن بەر لەوەی دەست بکەن بەکاری خۆیان لەخوێندن و خواردن و نوسیندا بەو بۆنەوە بیر لە میهرەبانی و پەیرەو کردنی خوابکەنەوە ، بەنیازی دلّی پاك ، دلّی بەندەکانی خوا پڕ ئەبن لەمیهرەبانی و بەزەیی خوا و ، بە موژدە دانی خوا بەچاکەی خوا لەگەلّیان دلّخۆش ئەبن . مێشکیان پڕ ئەبێ لە میهرەبانی خوا ، چاو و دەمیان ئەکرێتەوە بۆ سوپاسی خوا و خوانی خانەدانی بێ وێنەی خوا و چاریان نامێنێ و بەهەمو ئەندامیانەوە هاوار ئەکەن و ئەلّێن :

﴿ اَلْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعالَمِينَ ﴾

هەموو سوپاسێ بۆ خوای پەروەردگاری هەموو بونەوەرانە ، هەرشتێك دروستبێ و شایستەبێ سوپاسی لەسەر بکرێ سەرچاوەکەی لەخوای پەروەردگارەوە پەیدا بووە ، هەر بۆلای ئەو ئەگەڕێتەوە . هەموو سوپاس و ستایشێ لەهەر کەسێکەوە بکرێ ، بۆ هەرکەسێ بکرێ ، بەهەر شتێ بکرێ هەمویان هەر بۆ خوایە و شایستەی کەسی تر نیە .

بۆ زانین : هەرچەندە هەرکەسێ چاکەی لەگەلّ بکرێ سوپاسی چاکەکەرەکە ئەکا ، بۆ نمونە کوڕ سوپاسی باوکی خۆی ئەکا ، مرۆڤی لاواز و بێ هێز سوپاسی پالّەوان و خاوەن هێز ئەکا ، گەلان سوپاسی کاربەدەستان و کەسانێ ئەکەن کە ڕزگاری کردوون لەستەمی بێگانەکان باوەڕداران سوپاسی پێغەمەران و زانایانی خۆیان ئەکەن کەڕزگاریان کردوون لەبێ باوەڕی و فێری فەرمان و دەستوری خوایان کردوون ، بەلّام سوپاس و ستایش پێویستە بۆ کەسێ بکرێ شایستەی ئەو سوپاسە بێ ، کەسێك بێ هیچ جۆرە ناتەواوی ڕوی تێ نەکاو برسێتیو نەخۆشی و مردن ڕوی تێ نەکا ، ئەو کەسەیش هەر خوایە ، خوای پەروەردگاری هەموو بونەوەران ، کەواتە ئەو سوپاسە بەهەر زمانێ بکرێ لەبەر هەرشتێ بکرێ ، بۆ هەر کەسێ بکرێ هەر شایستەی خوایە بەتەنها .

بۆ ئاگاداری : موسوڵمانان خوای گەورە فەرمانی پێ داون ڕوی خۆیان وەرگێڕن بۆلای خوا بەتەنها ، واز لەستایشی پاشاکان و مل کەچ کردنی کاربەدەستان و پیرانی تەریقەت و زانایان بهێنن گەر دژی یاسای ئیسلام بن . خۆیان ڕزگار بکەن لە گۆڕستان و درخت پەرستن ، کۆت و پێوەن و مل شۆڕی و بەندایەتی و کۆیلەیی جگەی خوا تەفر و تونا بکەن خۆیان ڕابهێنن بۆ پەیدا کردنی خۆشی و ئازادی و سەربەستی و ژیری بۆ ئەوەی جگەی خوا نەپەرستن و لەکەس نەترسن جگەی خوا . جێگەی سەر سوڕمانە و دوو ڕوییە هەندێ کەس ئەڵێن : ئێمە خوا ئەپەرستین کەچی زۆر شت ئەکەن بەهاوبەشی خوا و ئەڵێن : ئەو کەسانە لە خوا نزیکمان ئەخەنەوە ، چونکە ئەو کەسانە خۆشەویستی خوان ، خۆیان کەڕ و کوێر و گێل ئەکەن لەئاستی فەرمودەی خوای گەورە لەئایەتی ﴿٣﴾ ی سورەتی ﴿ الزمر ﴾ دا ئەفەرموێ ﴿ ألا لِلّهِ الدّينُ الْخالِصُ وَالّذينَ اتّخَذُوا مِنْ دونِهِ أولياءَ ما نَعبدُهُم إلاّ لِيُقَرِبُونا إلى اللهِ زُلْفى ﴾ یانێ ئەی ئادەمیزاد ئاگاداربن ئاینی پاك و پوختەو دوور لەهاوبەشدانان بۆ خوایە پێویستە شتێ دژی ئاین بێ نابێ تێکەڵاوی بکرێ ، کەسانێکی ئەوتۆهەن جگەی لەخوا چەند دۆستێ ئەگرن و ئەڵێن: ئەو دۆستانە ناپەرستین بەڵکو تەنها بۆ ئەوەیە نزیکمان بکەنەوە لە خوا بە نزیکبونەوەیەکی چاك .

ئەو دۆستانەیش وێنەی ﴿ عیسا ﴾ درودی خوای لێبێ .

تێبینی لەم کات و سەردەمەی ئێمەدا ئەو جۆرە بیانوانە بەکار ئەهێنن . کەواتە پێویستە ئەو جۆرە کارانە لەبیری خۆمان ببەینەوە و جگە لەخوا داوای هیچ چاکەیەك لەکەس نەکەین . بێگومان هەموو شتێ لای خواوە دێ ، هەر خوایش بەخێوکەرمانە بەگشتی ، ئیتر پاشا بین یان گەدا ساماندار بین یان هەژار ، زانا بین یان نەخوێندەوار .

موسوڵمانە بەراییەکان هەموو شتێکیان لە خواوە ئەناسی هەموو شتێکیان لەخوداوە ئەکرد ، بۆیە توانیان بەو بیرو باوەڕە گەورەیەوە لەماوەیەکی زۆر کەمدا ببنە پێشەوای هەموو ئادەمیزاد . گەورەترین بەڵگە بۆ ڕاستی ئەو مەبەستە ئەو گفتو گۆ و ڕاوێژەیە

لەنێوان (زەهرە) ی فروستادەی موسوڵمانان و باوەڕداران و لەنێوان پێشەوای فارسەکان ڕۆستەمدا ڕوی دا ، (زەهرە) بە ڕۆستەم ی ووت: ئێمە نەهاتوین بۆ لای ئێوە بۆ پەیدا کردنی سامانی جیهان بەڵکو ئاواتی ئێمە پاداشتی ڕۆژی دواییە ، ڕۆستەم ووتی : ئاینی ئیسلام چ شتێکە ؟ (زەهرە) ووتی : ﴿ أشْهَدُ أنْ لا إلـهَ إلاّ اللهُ وَأنَّ مُحَمَّداً رَّسُولُ اللهِ ﴾ واتە من بەزمان ئەڵێم و بەدڵ بڕوام هەیە کەهیچ پەرستراوی ڕاست نیە جگەلە خوا ، بەڕاستی موحەمەد فردۆستادەی خوایە ، ڕۆستەم ووتی چی ترە ؟ (زەهرە) ووتی : ڕزگار کردنی بەندەکانی خوا لەپەرستنی ئادەمیزاد بۆ لای پەرستنی خوا بەتەنها . چونکە ئادەمیزاد هەمویان کوڕو نەوەی ئادەم و حەوان . ڕۆستەم ووتی : ئەوەی تۆ ووتت زۆر شیرین و سەرسوڕهێنەرە !! ، پاش ئەو ووتو وێژە ڕۆستەم تاقمەکەی خۆی بانگ کرد و ئەو شتانەی بۆ گێڕانەوە ، ئەوانیش زۆریان پێ ناخۆش بوو بەووتەی ڕۆستەم ڕازی نەبوون ، لەپاشا داوایان کرد لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس مرۆڤیکی تر گفتو گۆیان لەگەڵ بکا ، سەعدیش ڕەبعەی کوڕی عامیری نارد بۆ لایان ، کاتێ ڕەبعە گەیشتە لایان ئەسپەکەی خۆی بەسەر ئەو هەورێشمە دابرد کە ڕایان خستبو لەجێگەی دانیشتنی ڕۆستەمدا ، لە گفتو گۆیا بەڕۆستەم و تاقمەکەی ووت: بەڕاستی خوا ئێمەی ناردووە بۆ ئەوەی کەسێ لەناخۆشی جیهانەوە ببەین بۆ لای خۆشی هەردوو جیهان ، وەلەستەمی ئاینەکان بۆلای دادپەروەری ئاینی ئیسلام ، ڕۆستەم بە گفتوگۆی ڕەبعە خۆشحاڵ بوو وە بەنهێنی کۆبونەوەی لەگەڵ تاقمێ لە پیاوانی خۆی کرد، لەوەڵامدا ووتیان پەنا ئەگرین بەخوا لەوەی ئێمە ئارەزومان لەئاینی ئەم کەسە بێ ، ڕۆستەم بەتاقمەکەی خۆی ووت : ووتەی بەڕێز و بەنرختڕتان لەو ووتەیە نەبیستوە .

لەپاشا سەعد بۆ جاری سێهەم موغەیرەی کوڕی شەعبەی نارد بۆ لایان ، موغەیرە لەگەڵ ڕۆستەم لەسەر کورسی ڕۆستەم بەیەکەوە دانیشتن ، فارسەکان موغەیرەیان هێنایە خوارەوە ، موغەیرە ووتی : من کەسێکم لە ئێوە بێ ئەقڵتر نەدیوە ، بەڕاستی ئێمەی

موسولمانان خۆمان ناکەین بەبەندەی هیچ کەسێ ، ئەو جۆرە کارەی لەنێو ئێوەدا ناچێتە سەر هەتاهەتایە چونکە من ئێوە وائەبینم هەندێکتان خۆتان بەپەروەردەکەر و خوای ئەوانی ترتان دائەنێن .

لەو باسانەی سەرەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ کەسوپاسی خوا بنچینەی گرنگی یاسای ئیسلامە ، ئەوەشمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە بەچ ووشەیە و ، بەچ جۆرێ سوپاسی خوا بکەین . واتە ئێمە ئەبێ بلێین : ﴿ اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعالَمِينَ﴾ هەموو سوپاسێ بۆ خوای پەروەردگاری هەموو بونەوەران کە هەمومانی بەجوانترین شێوە خولقاندووە، لەمنالێکی ساواوە ئەمانکاتە کەسێکی گەورە، لەدلۆپێ ئاوەوە بۆ مرۆڤێکی خاوەن ئەقڵ ، دەنکێ دانەوێڵەوە ئەکابە درەختێکی بەرزی میوەدار ، نەخوێندەوارێ ئەکاتە زانایەکی بەنرخ و پسپۆڕ ، هەژارێك ئەکاتە خاوەن سەروەت و سامان و تادوایی ،ئەو بونەوەرانەش کە خوا پەروەردگاریانە . ئەکرێن بەدوو بەشەوە :

١- بونەورانی لای سەرەوە : وێنەی ئاسمانەکان و ئەو شتانەی ئاسمانەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە .

٢- بونەوەرانی لای خوارەوە : وەك زەوی و دانیشتوانی سەر زەوی لەگەڵ گیاندارەکان و بێگیانەکان ، هەردوو لایشیان خوا پەروەردەی کردون و بەخێوی کردون و بەخێویان ئەکا .

﴿ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ ﴾

مانای ئەم دوو وشەیە زانراوە ، بەڵام ئەوەی پێویستە زیاتر ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە بۆچی ئەو ووشانە دووپات کراوەتەوە ؟ لەوەڵامدا ئەڵێین بەخێوکردنی بونەوەران مانای بەخشندەیی و میهرەبانی خوایە بەتەنها ، لەبەر ئەوەنیە خوای گەورە سوود لەبونەوەران وەرئەگرێ ، یابەنەبونیان تووشی زیان ئەبێ ، میهرەبانی خواش هەموو بونەوەران بەشێوەیەکی گشتی ئەگرێتەوە .

هۆکارێکی تر لەسەر دووپات کردنەوەی ئەو ووشانە ، ئەوەیە کاتێ بەسەرماندافەرز ئەبێ بە تەنها : سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری بکەین ، لەوانەیە گومان دروست بێ کە خوای گەورە زۆر توندە لەگەڵ بونەوەران ، بەڵام بەدووپاتکردنەوەی ئەو ووشانە ئەو گومانە ئەڕەوێتەوە و بۆمان دەرئەکەوێ کە جگە لەمیهرەبانی ، خوای گەورە هیچ شتێکی تر لەگەڵ بونەوەران بەکار ناهێنێ .

بۆ زانین : زۆربەی زۆری بونەوەران بیر ناکەنەوە لەو شتە گرنگانەی لەم جیهانەدان و شاراونەتەوە ، بەتایبەتی لەلەش و دەرونی خۆیاندا کە زۆریان نازانن و نایان ناسن ، خۆیشیان بەزانا و پسپۆڕ ئەزانن ، هەندێکیشیان وائەزانن ژیر و لەخوا ترسن .کەواتە لەمەو دوا هەندی نمونەی تر لە میهرەبانی ڕوون ئەکەینەوە ، نەك بەتەنها بۆ ئەو کەسانە ئێستا زیندوون ، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەیش لەمەو دوا دروست ئەکرێن بۆ ئەوەی باشتر تێبگەن لەبارەی میهرەبانی خوای گەورە ، ئەمانەش هەندێکن لەو نمونانە :

١- زانای سروشت ناسی فەڕەنسی (ملین ئەدواردز) ئەڵێ : گیانداریێ هەیە لەوەرزی بەهاردا بەتەنها ئەژی ، ئەو گیاندارە کە هێلکەی کرد گورج ئەمرێ ، خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی ئەو گیاندارەی لەنێو درەختێکا هێلانەیەکی درێژی شیاو بۆ خۆی دروست ئەکا ، بەچەندین گوڵ و گەڵایەکی شیلاوی هێلانەکەی خۆی بەچاکی پڕ ئەکا ، ئاردی هاڕاوەی ئەو درەختە کە خۆی ساختەی هێناوە ئەیکا بەهەویرو لەژ هێلانەیەدا دای ئەنێ کە کاتی هێلکە کردنی هات هێلکەی ئەکا و ئەمرێ . دووای ماوەی پێویست و دیاری کراو ئەو هێلکەیە ئەتروکێ گیاندارێکی لێ دێتە دەرێ ، دەست ئەکا بەخواردنی ئەو هەویرە دانراوە بۆ ماوەی ساڵێ ، پاش گەشە کردن و پەیداکردنی هێزی تەواوی خۆی ، ئەمیش پیشەی دایکی هەمان پیشەی ڕابوردوو بەکار ئەهێنێ بۆ مانەوەی ڕەگەزەکەی خۆی . ئەبێ ئەو هەستە بێجگە لە خوا چ کەسێ پێی بەخشیبێ بەو ؟ زۆر ڕوون و بێگومانە خوا ئەو هەستەی داوەتێ هەر بەمیهرەبانی خۆی و بەس .

٢- ئەو منداڵەی خوا دروستی ئەکا لەمنداڵدانی دایکیدا پێش ئەوەی لەدایك ببێ ، ووردەووردە لەمەمکەکانی دایکیدا شیر دروست ئەبێ ، بەر لەدیاکبوونی ئەو منداڵە بەماوەیەکی کەم ئەو شیرە شیاوی ئەوە ئەبێت کە ساوا بیخواتەوە هێدی هێدی ڤیتامینی جۆراوجۆر لە نێو ئەو شیرەدا پەیدا ئەبێ کە ئەبێتە هۆی گەشە پێدانی ئەو مناڵە . لەبیرمان نەچێ زانایان ئەڵێن : شیری کۆن کەبتر شێ مناڵی تازە لەدایك بوو نابێ بیخواتەوە ، چونکە لەوانەیە ئەو مناڵە بەخواردنەوەی ئەو شیرە تووشی نەخۆشی و زیان ببێ ، ئەبێ چ کەسێ بێ ئەو شیرە بەو جۆرە باس کرا دروستی بکا بێجگە لە خوا ؟ بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ باسی میهرەبانی خوا بکەین لەتوانای ئێمەی ئادەمیزاد دا نییە و تەمەنی زۆر درێژی ئەوێ .

﴿ مالِكِ يَومِ الدِّينِ ﴾

خوا خاوەن و سەرداری ئاین و پاداشتە ، لەو ڕۆژەدا ئادەمیزاد پاداشت و تۆڵەی هەموو کردەوەکانیان وەرئەگرن ، هەموو کردەوەی بونەوەرانی ئەمڕۆ و بەیانی و پاشە ڕۆژ تەنها بەدەستی خوایە ، کەواتە خوای گەورە وەك پەروەردگاری هەموو بونەوەرانە لەجیهاندا خاوەن و پەروەردەکەریشیانە لە پاشە ڕۆژدا .

خوای گەورە بەو ئایەتە پیرۆزە ئاگادارمان دەکا و دەمانترسێنێ بۆ ئەوەی دوور بین لە گوناە کردن و بێ فەرمانی خوا ، هانیشمان ئەدا بۆ پەرستنی خوا و بەجێ هێنانی فەرمانەکانی .. دووبارە بەو ئایەتە خاوەنێتی و گەورەیی خۆیمان بۆ دابین ئەکا لە دوا ڕۆژدا ، بەئایەتی ﴿ اَلْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعالَمِينَ ﴾ خاوەنێتی خۆیمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە لە جیهاندا .

﴿ إِيّاكَ نَعْبُدُ ﴾

هەر بۆ تۆیە خوایە ئێمە پەرستن ئەکەین ، کوڕنۆشو کزۆڵی و مل کەچی هەر بۆ تۆیە ئێمە بێجگە لە تۆ هیچی دیکە ناپەرستین . ئادەمیزاد کەبۆی ڕوون بۆوە هەر خوای گەورە شایستەی پەرستنە چاری نامێنێ و ئەڵێ :

﴿ وإيّاكَ نَستَعينُ ﴾

هەر لەتۆش داوای یارمەتی و کۆمەك و لێبوردن ئەکەین لە ئێستا و لەدوا ڕۆژدا بۆ خۆمان و خێزانمان، بەبێ یارمەتی تۆ هیچ شتێکمان پێ ناکرێ بۆیە بەتەنها داوای یارمەتی لەتۆ ئەکەین .

ئەم ڕستە کورتە ڕانموی ئادەمیزاد دەکا بۆ دوو شتی زۆر گەورە و گرنگ کە بەختیاری هەردوو جیهان لەو ڕستەیەدایە :

١- پێویستە ئێمەی موسوڵمان هەموو شتێکی سوود بەخش بەجێ بهێنین ، بەپێی توانا ئەو شتانە بەچاکی و پوختی بیان کەین ، چونکە خوا یارمەتیمان نادا هەتا خۆمانی بۆ ماندوو نەکەین و مافی تەواوی نەدەینێ و هەموو کارێکیش بەدەستی خوایە و ئەبێ لەوی بناسین ، لە هەموو شتێکا ئەبێ پشت بەخوا ببەستین ، و بەتەمای کەسی تر نەبین و داوای یارمەتی لەکەسی تر نەکەین وکەس ماندوو نەکەین ، بۆ نمونە : ئەگەر پێنوسێ یا هەرشتێکی تر لەدەستت کەوتە خوارەوە هەڵی گرەوە و داوای یارمەتی لەکەسی تر مەکە ، بەڵام ئەگەر بەرەنگاری کارێکی گران بوی ، بەتەنها نەتوانی بیکەی ، بێگومان ئەبێ داوای یارمەتی بکەی بۆ کردنی ئەو کارە هەموو توانای خۆتت خستە کار و بۆت نەکرا ، بەڵام بەمەرجێ خوات لەبیر بێ ، بۆ پەرستنی خوایش پێویستە داوای یارمەتی لە خوابکەی .

هەر لەبەر ئەوەیە خوای گەورە دوای ڕستەی ﴿إيّاكَ نَعبُدُ﴾ ئەفەرموێ ﴿إيّاكَ نَستَعينُ ﴾ ، واتە داوای یارمەتی لە خوا ، پەیژەی بەختیاری و بنچینەی سەرکەوتنە بۆ دوا ڕۆژ .

٢- پێویستە داوای یارمەتی هەر لە خوا بکەین ، زانین و ناسینی تەواومان هەر بەکاکڵەی ئاین و یەکێتی خوابێ ، جگە لەخواش قەدەغەیە لەکەسی تر بترسین ، تەنها بەهۆی ئەوەوە ڕزگارمان ئەبێ لە گۆڕ پەرستی و درەخت و بەرد پەرستی ، مرۆڤ بەو هۆیەوە کۆت و بەندەی ئەپچڕێنین ، هەر بەو بیرو باوەڕە پاکە ئادەمیزاد ڕزگاریان ئەبێ لەچنگی و

ڕوندەی کلێسا و کەشیش و مالومەکانی گاور و جولەکە و ئاین فرۆشان و سامان پەرستانی موسوڵمانان بەناوی نوشتە و تەریقەتەوە خەڵکی لەخشتە دەبەن و ... تادوایی .

بۆ زانین : ئەو سودانەی لە سورەتی ئەلفاتیحە وەرئەگیرێن بەشێوەیەکی کورت ئەمانەن : ئێمەی ئادەمیزاد پێویستە لە خزمەت پەروەردگاری خۆمانا ڕاوەستین ، بڕوامان بەیەکێتی و ڕاستی خوا هەبێ و ، سوپاسی خوا بکەین بە نیازی پاك و دڵی خاوێنەوە لەخوا بپاڕێینەوە هەتا زانیاری ئیش کردنمان بۆ ئاین پێ ببەخشێ ، چونکە هەر شتێ ئێمە بیچێنین هەر ئەو شتە ئەدورینەوە ، گفتوگۆی ڕازاوە بەتەنها سودبەخش نیە ، خوا پەرستی و دوورە پەرێزی لە گوناه نزیکمان ئەکاتەوە لە خوای گەورە .

بۆ ئاگاداری : هەر گەل و کۆمەڵێ لە خوا یاخی بن و لەڕێگەی ڕاست لابدەن، دوای ڕابواردن و ئارەزوی خراپی خۆیان بکەون ، دەست بدەنە ڕەوشتی خراپ و دزی و درۆزنی و داوێن پیسی و دوو ڕویی و مەی خواردنەوە و قومارکردن و بەرتیل خواردن و دراوسێ وەزەنی و دەمارزلی و ڕەگەز پەرستی و ڕووتی ژنان و بەرەڵلایی منالان و جنێو فرۆشتن و بێ شەرمی و بێ ڕەوشتی و بێ دادی و ستەم کردن و شتی خراپیان کرد بەخورەوشت بۆ خۆیان ، بێگومان خوای گەورە ئەو گەلە سوك و ڕسواو بێ ئابڕو ئەکا . هەمیشە دڵ ناخۆش و بێ ئارام و سەرگەردان و چەوساوەی دەستی دوژمنیان ئەکا ، باخاوەنی ژمارەی دانیشتوان و چەکی زۆریش بن.

هەر بەبیروباوەڕی پاکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بڕوا بوون بەیەکێتی خوا ڕزگارمان ئەبێ لەدەست کەڕی و کوێری و لاڵی و زیندانی کردنی ئاین فرۆشان. ئەگەر ئێمە وابین مرۆڤێکی بڕوادار و خوا پەرستمان لێ دەرئەچێ و سەربەست و نیازپاك و بەرێز ئەبین لای خوا و لای ئادەمیزاد ، بەندەیەکی مل کەچ بۆ خوا و ڕاست و یژمان لێ پەیدا ئەبێ ، نەك مرۆڤێکی دوو ڕوو تەڵەکە باز بین بەرامبەر بەباوەڕداران و بونەوەرانی تر ، خوا پەرست و پێغەمەر ناس ئەبین ، سەرکەوتوو ئەبین لەهەردوو جیهاندا ، خوا ئەفەرموێ : ﴿ وَمَنْ يُطِعِ

الله وَرَسُولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً ﴾ ، واتە هەر كەسێ پەیڕەوی خوا و نێردراوی خوا بكا بەڕاستی ئەو كەسە ڕزگاری بووە بەڕزگار بونێكی گەورە لە دوارۆژدا .

﴿ إهْدِنا الصِّراطَ الْمُسْتَقيمَ ﴾

خوایە ئەو ڕێگەی ڕاستمان نیشان ئەدا ، ئەو ڕێگە ڕاستەی ئێمە ئەگەیەنێ بەئاینی ڕاستی ئیسلام ، شارەزایی ئێمە ئەكا بۆ لای ناسینی هەموو شتێكی چاك بەجۆرێ ئێمە سوودی لێ وەربگرین .

بۆ زانین : نزا و پاڕانەوە زۆر پێویستە بۆ ئێمەی ئادەمیزاد ، هەرچەندە خوای گەورە ڕێگەی ڕاستی بەئێمە نیشانداوە ، بەلاّم وائەبێ مرۆڤ تووشی هەلّە ئەبێ بەنیازی خراپ و گومانی ناڕەوا ، دوودلّی ئەكەوێتە مێشكی ، بۆیە پێویستە داوا لەخوا بكەین لەسەر ئایین بمانهێلّێتەوە، چونكە زۆر جار تەنها مرۆڤی نەزان و نەخوێنەوار تووشی هەلّە نابن بگرە هەندێ زانا و مامۆستای ئایینی تووشی هەلّە و خراپە ئەبن و چاك و خراپ جوێ ناكەنەوە لەیەكتری ، كەواتە پێویستە داوای شارەزایی لە خوا بكەین هەتا تووشی هەلّە نەبین .

﴿ صِراطَ الَّذِينَ أنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾

ڕێگەی كەسانێكی ئەوتۆ كە چاكەی خۆت بەسەریاندا ڕژاندووە ، ناز و نیعمەتی ڕۆژی دواییت پێ پیشانداون ، ئەو كەسانەش بریتین لە پێغەمەران و ڕاست وێژان و كوژراوانی ڕێگەی ئاین و پیاوچاكان ، ئەو كەسانەیش بەڕاستی پێشەوای گەل و نەتەوەن خاوەن ڕێز و ڕێگە نیشاندەری ئادەمیزادن ، پەیڕەوی كەرانی ڕێگەی ڕاستن ، ڕاستیان كردوە بەپەیڕەو و پرۆگرام بۆ خۆیان.

﴿غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ ﴾

بێجگە لەو كەسانەن خەشمیان دراوە بەسەردا لەلایەن تۆوە ، كە لایان داوە لەڕێگەی ڕاست ، شارەزای ڕێگەی ڕاستن و ئەزانن ئایینی ڕاست كامەیە كەچی خۆیان پەیڕەوی

ناکەن و ناپەرستن ، دوای ئاینی پڕو پوچی باوباپیرانیان کەوتوون ، نامەی خوایان دەستکاری کردووە ، دانیشتوان لەڕیگەی ڕاست لائەدەن . ئەو کەسانە وەك ئەو جولەکانە وان کەلەسەر ئایینی دەستکاری کراو ماونەتەوە و ، کەسانی تریش کە ئەو جولەکانە ئەکەن بەمامۆستای خۆیان و خوی ئەوانیان گرتوە .

﴿ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾

هەروەها جگەی ئەو کەسانەیش سەریان لیّ شیّواوە و ڕیگەیان ونکردووە و ڕیگەی ڕاست نادۆزنەوە ، سەرگەردانن و چاك و خراپیان لیّتیّك چووە ، ئەو کەسانە بریتین لە گاورەکان و خاچ پەرستان ئەوانەیان لەسەر ئاینی پوچ کراوەی عیسا ماونەتەوە ئەڵیّن: عیسا کوڕی خوایە و سیّهەمی سیّ خوایە ، واتە عیسا خوایە .

تێبینی : ئێمە هەرچەندە ووتمان خەشم لیّ گیراوەکان بریتین لە جولەکەکان ، ڕیگە وون کەرەکان لە خاچ پەرستان ، بەلاّم هەرکەسیّ لەڕیّگەی خواپەرستی لابدا ، ڕووی وەرگیّڕیّ لە ئایینی ڕاست و لانەدا لەئاینی پوچ ئەو کەسانەیش خەشم لیّ گیراوان ، ئیتر هەر بیرو باوەڕیّکی هەبیّ ، لەبنەماڵەی پیاوچاکان بیّ یان ، ساماندار بیّ یان هەژار ، زانابیّ یان نەزان .

بۆ دابین کردن و بڕوا بوون بەوانەی باسکران لەم سورەتەدا : میّژوی لەناوچون و بنەبڕبوونی گەلانی پیّشوی ڕابوردوو گەورەترین بەلّگەن لەسەر ئەو ڕاستیانە .میّژوو تۆماری کردووە لەبەر چ شتیّ و بەچ شیّوەیەك خوا تۆلّەی لیّ سەندوون و سزای داون ، زۆربەیان کراون بەپەندی ڕۆژگار لەسەر فەرمودەی خوا و زمانی پیّغەمەران ، هەموو کەسیّ نەفرەتیان بۆ ئەنیّرن ، گەر هەندیّ نەتەوە و کۆمەڵیّ ڕەوشت خراپیش لەجیهاندا تووشی سزای خۆیان نەبن ، خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی‌دا سزایان ئەدا سزایەکی سەخت تر . وەك خوا ئەفەرمویّ :

﴿ يَومَ لاتَمْلِكَ نَفْسٌ لِنَفْسٍ شَيْئاً وَالاَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِلّهِ ﴾

ڕۆژێکە هیچ کەسێ خاوەنی هیچ سودێ نیە بۆ هیچ کەسێ و ، هەموو فەرمانێ لەو ڕۆژەدا بۆ خوایە . تۆڵەی ئەو ڕۆژە زۆر سەخت ترە لەتۆڵەی جیهان .

﴿ آمِينَ ﴾

خوایە ئەو سوپاس و نزا و پاڕانەوەیەمان لێ وەربگرە کە لە سورەتی فاتیحەدا لەتۆمان داواکرد ، ئەم ووشەیە بەشێ نیە لەسورەتی فاتیحە و ئایەتێ نیە لەقورئانی پیرۆزدا ، بەڵام پێغەمەر (ﷺ) هەموو کاتێ کە سورەتی فاتیحەی خوێندبێ لە نوێژدا و لەهەموو پاڕانەوەیە کا فەرموێتی ﴿ آمین ﴾ ئێمەی موسوڵمان کە پێغەمەر (ﷺ) پێشەوامانە لەکاروباری ئاییندا وەهەرشتێ ئەو کردبێتی یا فەرمانی پێ دابێ ، یا کاری پێ کردبێ ئەو کارانە بۆ ئێمەی موسوڵمان دەستورە ، پێویستە یا چاکە ئێمەش بیکەین .بەڵام ئەبێ بزانین ووتنی ﴿ آمین ﴾ پێویست (فەرز) نیە و چاکە ووتنی .

کورتەی مانای سورەتی فاتیحە

من بەهۆی خواوە پەنا ئەگرم لەشەیتانی دوورخراوە لە میهرەبانی خوا ، بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، سوپاس بۆ پەروەردگاری بونەوەران ، بەخشندەی میهرەبانە ، خاوەنی پاداشتی ڕۆژی ئایینە ، خوایە هەر تۆ ئەپەرستین ، هەر لەتۆ داوای یارمەتی دەکەین ، تۆ شارەزایی ئێمە بکە بۆلای ڕێگەی ڕاست ، ڕێگەی ئەو کەسانەی چاکەت ڕژاندوە بەسەریانا ، جگەی ئەو کەسانەی خەشمیان لەسەرە ، جگەی ئەو کەسانەیش لایانداوە لەڕێگەی ڕاست ، خوایە پاڕانەوەمان لێ وەربگرە .

بەیاریدەی خوا کۆتایی پێهات (ڕۆژ شەممە ٢٣ -مانگی زیل حیجەن بەرانبەر بە ١٩٩٧/٤/٢٧ زاینی ، بەرانبەر بە ١٤١٧ کۆچی)

خوای پەروەردگار

دەخیل

لێم ببورە

﴿سورەتی ئەلبەقەرە ﴾

لە مەدینەهاتوەتە خـوارەوە . ژمـارەی ئایەتـەکانی (٢٨٦) دووسـەدو هەشتاو شـەش ئایەتن.. بـەگوێرەی پێویسـتی ئیـش و کـاری ڕۆژانـەی موسـلمانان بـەش بـەش هاتوەتـە خوارەوە.

لە بارەی گەورەیی ئەم سورەتەوە فەرمودەی پیغەمبەر ﴿ﷺ﴾ زۆرن : ئەحمـەدی کـوری حەنبەل و موسلیم و بوخاری و تواموزی و نەسائی ئەگێرنەوە لە ئەبی هورەیرەوە پیغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی : ﴿ لاتَجْعَلوُا بُيوتكُم قُبوراً فإنَّ الْبيـتَ الّـذي تُقـرَءُ فِيـهِ سُـورَةُ البَقـرَة لايَدخُلُهُ الشيطانُ ﴾ ئێوە خانووەکانتان مەکەن بە گۆرستانی هیـچ کـاریکی تیـدا نـەکریٚ بەراستی هەر جێگەیەك کە سورەتی ئەلبەقەرەی تیدا بخوینری شەیتان ناچیتە ناوی .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥﴾

﴿ الم ﴾ زانایان بیری جیاوازیان هەیەلە بارەی مانـای ئـەم پیتانـەوە کـە لـە پێشـەوەی هەندیٚ سورەتەکانی قورئانەوەن : وەك (ألمص . کهیعص.حم.عسق.ن)وە هەندیٚ سـورەتی تر .ئەو مانایە جێگەی متمانەی زوربەی زانایان بیٚ ئەمەیـە :کـاتیٚ خواویسـتی بـەرەنگاری ووتەی بیٚ باوەران بکا کە ئەیان ووت : ئەم قورئانە دانراوی موحەممەدە ، خوای گەورە بە

و پیتانە وەلاّمی دانەوە ودەم کوتی کردن، فەرمووی : (ألم) یانیّ ئەم قورئانـە پێـك هـاتووە لەو پیتانە کە ئێوە پەخشانو هۆنراوە و بێژەی تری خۆتانی لیّپێك دێنن . کەواتە ئێـوە کـە لافی زمان پاراوی و زمانیعەرەبی زانین لیّ ئەدەن: وێنەی ئەم قورئانە ، یا (١٠) ئایەت ، یا سورەتێکی کورتی ئەم قورئانە دابنین کە تامی ئەوقورئانـە بـدا وەزۆر ڕوون و ئاشکرایە نەتان توانیوە و ناشتوانن . کەواتە دانراوی موحەمەد نیەو دانراویکەسی تر نییە جگە لـە خوایگەورە ، موحەمەد مرۆڤیکە وەك ئێوە . پیتو ڕستە هەر ئەوانەن کە قورئـان و جگـە لە قورئانیان لیّ پێك دێت کەئێوە ناتوانن وێنەی قورئان دابنێن بەو پیت و ڕستانە .

خوای گەورە بەم چوار ئایەتەی دووایی باسیکردەوەو ڕەوشتی باوەردارمان بۆ ئەکا و ئەفەرمووێ :

﴿ ذلك الكتابُ ﴾ ئەم قورئانە کە دانراوی خوایە و لـەو پیتانەی سەرەوە پێك هـاتووەو ئیوەی بی باوەر ناتوانن ڕووبەڕووی بوەستن و وێنەی کەمتزلـە و قورڕئانە دابنێن .

﴿ لاريب فيه ﴾ گومانی تیدانییە لـە لایەن خواوە هاتووە ، بۆیە ئێوە ناتوانن وێنەی ئەو دابنێن بەو پیتانە ، کە گفت و گۆی خۆتانی پیّ دەکەن .

﴿ هدى للمتقين ﴾ ئەو نامەیە ریگە پیشان دەرەبۆ ئەو کەسـانەی خۆیـان ئـەپارێزن لـە هەموو گوناهیّ ، وە هەر شتیّ خوا فەرمانی پیّ بدا جیّ بە جیّ ی ئەکەن.

پ–ئەو کەسانە خۆیان لـە گوناە ئەپارێزن چ پێویستیان بە ڕیّ پیشاندن هەیە ؟

و– مامۆستا کەئەیەویّ قوتابیەکان فێری وانەکان بکا . ئەو قوتابیانە هەیانە زیرەکـن وە هەیانە تەمەڵن و نازیرەکن .وە ئەو قوتابیانە کەسوودی تەواو وەرئەگرن قوتابیـە زیرەکـانن وپاشەڕۆژیان دەرچونـەبیگومان .کەواتـە لـە راسـتیدا ئـەو مامۆسـتایە مامۆسـتای قوتابیـە زیرەکەکانە . هەروەها قورئانی پـیرۆز ڕوی خـۆی ئـەکا تـە لای هـەموو کەسـیّ بـە بـیّ جیاوازی . بەلاّم ئەو کەسەی سوودی تەواو لـە قورئـان وەرئـەگریّ ئەوکەسـانەن خۆیـان ئەپارێزن لـە گوناهو کاریچاك ئەکەن ، بۆیە خوای گەوەرە بەتایبەتی ناوی ئەوانی بـردووە

. ئەو کەسانەی خۆیان ئەپارێزن لە گوناه خوای گەورە لە مافیانــا ئەفـەرموێ :﴿ وَالَّذِيـنَ اهْتَدَوا زَدنَاهُم هدىً ﴾ وە کەسانێکی ئەوتۆ شارەزاییان وەرگرتبێ ئیمە بۆ ئەوان پاداشــت زۆر ئەکەین.

پ- ئایا قورئانی پیرۆز هەموو شتێکی فێری ئادەمیزاد کـردوە لـەکاروباری هـەردوو جیهان ؟

و- قورئانی پیرۆز نامەیەکی خوایە ناردویەتی بۆئادەمیزاد بـۆ ئـەوەی فـێری ڕەوشـتی چاك بن و یاسای ئیسلامیان بۆڕوونبکاتەوە بەشێوەیەك .

ئادەمیزاد بەختیاری هەردوو جیهان وەربگـرن . بـەلام قورئـان بـۆ ئـەوە نـەهاتووە ئـادەمیزاد فـێری ئاسـنگەری و دارتاشـی و دروسـت کردنـی کارگـەی هەمـە جـۆرە و بەرهەمەکانیان بکات ، زۆر ئاشکرایە قورئان هانی ئادەمیزاد ئەدا بەو ئەقلـەی خـوا پـێی بەخشیون فێری هەموو شتێ بن بەهۆی ئاشتی و خۆشی جیهان فێری ببین بۆ زۆر کردنـی دارایی و بەرگری لە خۆیان لە کاتی پەلاماری دوژمـن بـۆ سـەریان ، فـێری پزیشـکی و ئەندازیاری و گەردوون ناسی و مێژوو ناسی و زانیاری سروشتی و پیوانی زەوی و جۆری ژیـانو و گـوزەران و زمـان و زاراووەی دانیشـتوانی رووی زەوی بـین ، خۆمـان نـەزان ونابەلەد لە جیهاندا نەیەلێنەوە ئیتر قورئــان وەکـو یاسـا و دەسـتورێکی ئـایینی بـۆ ئـەوە نەهاتووە تە خوارەوە مرۆڤ فێری نان خواردن و جل شۆری و بەرگ و کەرەســەی خـاو دەرهینان بکا وە هیــچ نامەیـەك و پـەراویکی هـەتا ئێسـتا نـەهاتووە لــە لایـەن خواوەکـە ئادەمیزاد فێری ئەو جۆرە شتانە بکا..

بۆ زانین : دوژمنانی موسلمانان پروپـاگندەی ژەهـراوی بـلاو ئەکەنـەوە و ئـەلێن : بۆچی قورئانی موسلمانان ئەوانی فێری چەك دروست کردن و کەشتی دروست کـردن و ئەو شتانەی جگە لە موسلمانان هەیانە نەکردووە ؟. ئەو کەســانە زۆر گێـل و گـەوجن خۆیانیان کوێر کردووە : ئایا لە نامەکانی ئەواندا وەك تەورات و ئینجیل ئــەو دوژمنانـەی

ئیسلام ئەوانی فێری ئەو شتانە کردووە؟ وە ئەو کەسانە بۆیە ئەو پروپاگەندانە ئەکەن هەتا ئێمە بیر نەکەینەوە وەکو خۆیان بۆ دروست کردنی شتی پێویست ،لاوازمان بکەن و بەرگی خواپەرستی لە بەرمان داکەنن ، لە ڕەوشتی چاك دوورمان بخەنەوە ، وە ئەو دوژمنانەی موسڵمانان ئەیانەوێ بمان خەڵەتینن و ئاگامان لە خۆمان نەمێنی بە و پڕۆپاگەندانە دەرزی ژەهراوی مان لێ بدەن بۆ بێ هۆشیمان و دزینی سامان و زێڕی ڕەشمان و بەکاری بێنن بۆ خوێن مژینمان و داگیر کردنی ناموس و پەرتەوازەی یەکێتیمان .

بۆ ئاگاداری : ئێمە موسڵمان پێویستە ژیری و هۆشی خۆمان بەکاربهێنین بۆ بەسەر گرتنەوەی ناموسی داگیرکراومان ، زۆر شەرم و ڕیسواییە دوژمنان بن بە خاوەن بیت و سامان و نیشتمان و ، ئیمە بێ بەش بین لە دارایی خۆمان و لە و شتانەی سوودی تێدا بێ بۆمان چاویان لێ نەکەین ، بەلاّم لاسای ئەوان بکەینەوە لە خواردنەوەی ئارەق و داوێن پیسی و قومارکردن و ڕوت کردنەوەی ژنان و ئەو شتە گلاّوانە بە پێش کەوتن بزاین . دووای ئەوەی خوای گەورە هەست و ئەقڵی پێ بەخشیوین سەربەستی و ئازادی داوە پێمان پێویستە هەست بە ڕیزیخۆمان بکەین و ڕاپەرین بۆ دۆزینەوەی پیشەی بەنرخ و زانینی هەموو شتێ ببێتە هۆی سەرکەوتنمان بۆ پاراستنی ئاین و ناموس وخاك وگەلەکەمان ،وەئەبێ لەبیرمان نەچێ هەنێجار قورئانی پیرۆز باسی کەونمان بۆئەکا و باسی سروشتەکانمان بۆ ئەکا وباسی ،بزبزکەو چەمخەوهەنێجاریش باسی مێژووی گەلانی رابردوومان بۆ ئەکا،بۆئەوەبزانین سودیان چ شتێکە ، باسی سزادانی هەنێ نەتەوەمان بۆ ئەکا بۆ ئەوەی پەندی لێ وەرگرین .

﴿ الَّذِينَ يؤمِنُونَ بِالْغَيبِ ﴾ ئەو کەسانەی ئەوتۆ لەخو نەترسن وخۆیان ئەپارێزن لە گوناه کەسانێکی ئەوتۆن بڕوایان هەیە بەو شتانە لەبەر چاو نین و نهێنین و ، هەستیان پێ ناکرێ بە دەست و چاو و زمان وەکو خوایگەورەو فریشتەکان و ڕۆژی دووایی و پرسیاری گۆڕ و بەهەشت و دۆزەخ و زیندووبونەوەو گیان (الروح) و زۆر شتی تری زۆر

. بەڵام ئیمەی موسڵمان گومانمان لە بونیانـا نی‌یـە بـەهۆی فـەرمودەی خـواو فـەرمودەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وە پێویستە ئەو شتانە هەستی پێ ناكرێو ناچێتەئەقڵەوە . وەك گاو ماسـی و كێوی قاف و ئاوی زیندەگـانی (مـاء الحیـاة) ئەوانـە هـەمووی ئەفسـانەی پڕوپوچـن و بیروڕای جولـەكەكانە .

بەراستی ئەم ڕووداوەی خوارەوە شتێكی گرنگەبۆ ئەوەبكرێ بە بەڵگە لـە سـەر بوونـی خوای گەورە : جارێك زانایـەكی بـەنرخ لـە لای ژوورەوەی كۆمـەڵێك دا دادەنیشـێ و ئامۆژگاریان ئەكا ئەوانیش زۆر بە ڕێزەوە گوێ ی لێ ئەگرن لەنێو ئەو كۆمەڵەدا مرۆڤێكی دڵ پیسو نالـەبار پرسیاری شتێكی لێ ئـەكا وەك مەتـەڵ ئـەبێ زاناكـەیش ئەفـەرموێ : مـن وەڵامی ئەو پرسیارە نادەمەوە و نایزانم مرۆڤەكەیش ئەڵێ : كەواتە ئەو جێگە شایستەی تـۆ نی‌یە . زاناكەیش ئەڵێ : هەركەسێ دیاربێ وبەچاو ببیـنرێ و جێگەیـەكی دیـاری كردبـێ هەموو شتێ نازانێ ، ئەوكەسەی هەموو شـتێ بزانـێ و بـۆ هیـچ شـتێ دانـەمێنێ پێویسـتە نەبینرێ ئەو كەسەیش هەرخوا یە بە تەنها .

پ– هەندێ دوژمنانی ئاینی ئیسلام بلاْویان كردەوە تەوە كە ئاینی ئیسلام دژی زانستی و زانینی تازەی ئەم سەردەمەیە .

و– بەڕاستی ئاینی ئیسلام ڕێزی ئەقڵ و زانین و زانستی گرتووە و هانی ئادەمیزاد ئـەدا بۆ زانستی و ، زانینی زانستی پێویست كردووە لە سەر ژن و پیاوی موسڵمان و وە پلەی بەرزی داوە بەزانایان پێویستەلە سەرهەموسڵمانێ بڕوای وابـێ زانسـت ڕاسـت و ئـەقڵی خاوێن دژایەتیان لە گەڵ ئایینی ئیسلامدا نی‌یە ، دژایەتیان لە گـەڵ فەرمانـەكانی ئیسـلامدا نی‌یە بە راستی و بە تایبەتی تاقی كردنەوەی ئەقڵ و زانستی گەورەترین بەڵگـەن لـە سـەر خوایەتی خواوپێغەمبەریەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەگەر ئەقڵ نەخرێتە كار هیچ شتێ نازانرێ بـۆ ڕێزی زانست و ئەقڵ خوای گەورە (٥٦)جار لە قورئاندا ئەفەرموێ :(تعلمـون) وە (٢٤)

جار ئەفەرموێ : ﴿ تعلمون ﴾ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێ ﴿ أصل دینی العقل ﴾ بنچینـەی ئاینی من لەئەقڵەوە دەرئەچێ .

پ- وەکو باسکرا ئەقڵ بنچینەی ئایینـە . کەواتـە بـە ئـەقڵ هـەمو فەرمانـەکانی ئـاینی ئەزانرێ و پێویست بە قورئان ناکا؟

و- زۆر ڕاستە ئیسلام یەکەمین شتێ بەڵگـە بـێ لەسـەر خوایـەتیخواو پێغەمبەرایـەتی پێغەمبەر و لـە سـەر ئـەوەی لـە لایـەن خـواو پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾ هەموفەرمانەکانیئیسـلام دەزانرێت ریگەیشـبی بـۆ ناسـینی خـواو پێغەمبـەر هـەر ئەقڵـە ، خـوا ئەناسـرێ بـەهۆی بونەوەرانەوە وە بە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەناسرێ بە ئەقڵ لە ریگەی کـارە پـەك خەرەوەکانـەوە کەلە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ پەیدا ئەبن کەواتە واتای ئەو فەرمودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەمەیە : دابـین کردنی خوایەتی خوا و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لە سەر ئەقڵە نەك لـە سـەر لاسـایی و دواکەوتنی کوێرانە ، نەك لـە سـەر ئەفسـانەکان و کـاری پـڕو پـوچ ، بـە ئـەقڵ هـەموو فەرمانیك ئەزانرێ لەکاری ڕاست و لەکاری پڕوپوچ .

بۆئاگاداری : باوەڕ(الایمان) چ شتیکە ؟ باوەر ئەمەیە ئەبێ بە دڵ و بە زمـان بڵێیـی : هەر خوا شایستەی پەرستنە ، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نێرۆاوی خوایە و ، دووبـارە بـاوەڕ ئەمەیـە : کردەوەمان چاك بێت و دوورە پەریز بین لە خراپە ، لـە بـەر ئـەوەی ئێمـە نـازانین دڵـی مرۆڤ چ شتێکی تێدایە ؟ ئێمە پێویستمان بە کردەوەی بینراو هەیە تـا بەڵگـەبن لـە سـەر باوەڕی مرۆڤ ، یانێ شایەتی هێنان نوێژ و ڕۆژوو و زەکات بەڵگەن بۆ سەر بـاڕوەرداری خاوەنەکانیان ، باوەڕ بەنهێنییەکان بە شێکە لە ئاینی ئیسلام و ، هەر کەسـێ بـاوەڕی بـە نهێنیەکان نەبێ موسلمان نییە ، هەرشتی نەگونجێ ببینرێ بە تاقی کردنەوە یان بە ئـەقڵ یـا بە فەرمودەی خواو پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەوشتە ئەفسانە پروپوچە ، جوولەکـەکان و دوژمنـانی ئیسلام بڵاویان کردووەتەوە .

﴿ ویقیمون الصلاة ﴾ : وەئەوکەسانە لەخوا ئەترسن خۆیان ئەپارێزن کەسانێکی ئەوتۆن ڕائەوەستێنن نوێژەکانیان ،شەووڕۆژی پێنج نوێژ ئەکەن بەو جۆرەی بۆی دیاری کردووین .

تێبینی : خوای گەورە نەحشەیەکی تایبەتی کێشاوە بۆ موسلمانان کە لە شەو رۆژێکدا پێنج جار خۆیان بنوێنن لە خزمەتی خوادا . وێنەکە سێ کاربە دەستان ئەوکەسە قەدەغە بکەن نەچێتە دەرەوە و پێویستی ئەکەن لە سەری هەموو رۆژێ خۆی بۆ بنوێنێ لای ئاسایش و پۆلیس لە کاتی دیاری کراو بۆ ئەوکەسە .

بۆ زانین : ئەوکەسەی واز لە نوێژ کردن بێنێ و بڕوای بە پێویستی نوێژ نەبێ پێویستە بکوژرێ و بەبێ باوەڕ ئەژمێرێ لای ئاینی ئیسلام . ئەگەر بڕوای بە پێویستی نوێژ ببێ و نوێژ نەکا لە بەر تەمەڵی پێویستە داوای لێ بکرێ پەشیمان ببێتەوە و دووایی پەشیمان بونەوەی لێ وەرئەگیرێ بۆ کردنی نوێژەکان ، ئەگەر هەرنەی کرد پێویستە بکوژرێ ، بەڵام بە موسڵمان دائەنرێ بە ڕووالەت ، پەنهانیشی لای خوای گەورەیە .

﴿ ومما رزقناهم ینفقون ﴾ وە ئەوکەسانەی لە خوا ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن کەسانێکی ئەوتۆن هەندێ لەو شتانەی ئێمە پێمان بەخشیون ئەوان ئەیدەن بەهەژاران لەڕێگەی خودا ئەوکەسانە باوەڕیان وایە هەرسامانێ هەیانە خواخاوەنی ئەو سامانەیە ،خوا ئەمانی داناوە لەسەر بۆماوەیەکی کەمی تایبەتی ،ئەوانیش بەپێی فەرمودەی خوا ئەبەخشن بەوکەسانەی خوا دیاری کردوون .

بۆزانین : دارایی ئادەمیزاد پێویستە زەکاتی لێ دەربکرێت ، ئەو زەکاتە دووجۆرە ، جۆرێکیان خواپێویستی کردووە لەسەر ئادەمیزاد ئەندازەیەکی دیاری کراوو بەگوێرەی یاسا لەداری خۆیان بەشی هەژارانی لێ بدەن ئەگەر نەیاندەنێ گوناهبار ئەبن ، ئەو جۆرەکەی تر یان پێویست نی‌یە .بەلام چاك وایە لە دارایی خۆیان بە شی هەژاران ئەدەن لە و دارایانەی خۆیان.

﴿ والّذين يؤمنون بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك ﴾ ئەوکەسانە خۆیان ئەپارێزن لەگوناه کەسانێکیئەوتۆن باوەڕئەهێنن بەشتێنێرراوە بۆلای تۆ وەبەشتێ بۆلای پێغەمبەرە پێشوەکان لەپێش تۆوەن ، ئەوکەسانە وێنەی عەبدولآی کوڕی سەلام کەبڕوایان بە قورئان وتەورات وئنجیل هەیە پێش دەست کاری کردنیان •

تێبینی : ئەوشتەی هاتوە بۆلای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ قورئانەکە بەسروش خواناردوویەتی بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەوشتەش نێرراوە بۆلای پێغەمبەرە پێشوەکان بریتین لە تەورات بۆموسا ،زەبور بۆلای داوود ،ئنجیل بۆ لای عیسا ، ئەو نامانەی پێشوو شایانی ئەوە نین ئێستا بڕوایان پێ بکرێت بەوانەی ئێستابیان ،چونکە نەماون ،وەئەگەر مابیشن دەستکاری کراون ئێمە وازدێنین و لە تەورات و زەبور• بەلآم باباسی وتەی گاورەکان بکەین لە بارەی ئینجیلەکانبان وەکە خۆیان ئەیلێن •نەك جگە لە خۆیان (جوستان لاتسۆن) لەنامەی خۆیا (نولتر)کەموحەمەدغونەیمی وەریکێڕاوە بۆسەر زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (هلال)دا لاپەڕ ١٩٣ چاپی ساڵی ١٩٦٣ی ساڵی زاینی ئەڵێت : ئەوەی بزانرێ لەو ئینجیلانە گاورەکان دایان ناون ئەگەنە ٥٤ پەنجاو چوار ئینجیل ، چوار لەو ئینجیلانە کەلەدوای هەمویان دانراون ،لەوچوارانە تازەترین ئینجیلیان (لۆقا)یەو ئەمە ش بێگومان وا نیشان ئەدا کەئەو ئینجیلانە نامەی خوا نین ، چونکە نامەی خوا هەر یەکە نامەیە ... وەهەر وەها (الیاس نجمه) لە نامەی (یسوع المسیح) لە لاپەرەی (١١) یازدە چاپی سالی (١٩٦٢) ئەلێ کاتێ نیردراوەکانی عیساو قوتابیەکانی وایان بە چاك زانی کە بە راستی پێویستە دانانی هەندی لە ئامۆژگاریەکانی خواو هەندێ لە و ئامۆژگاری و کردارە پەك خەرەکانی خوا، ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە ی خۆیان هەندێ لەو ئامۆژگاری و کردارە پەکخەرانە یان نووسی ئەوانیش بیگومان ناوی ئەبەین بە ئینجیل ، وە ئەو ئینجیلانەیش بریتین لە چوار شیوە یا لە چوار دەق (متی ، یوحنا ، مرقوس ، لوقا) ن.

بۆ ئاگاداری: بێگومان ئەو دوو نامانەی پێشوو بە لگەی ئاشکران هەر بە ووتەی گاورەکان لە سەر ئەمەی کە بە راستی ئەو چوار ئینجیلانە نە بە دەقی خۆیان نە بەپیتە کانیان سروش نین لە لایەن خواوە هاتین وێنەی قورئانی پیرۆز کە سروشی خوایە ،بە راستی ئەو ئنجیلانە گێرانەوەی فەرمودەی مەسیحن و بە س . وێنەی فەرمودەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کە موسلمانان گێراویانەتەوە لە فەرمودەو کردارە پەك خەرەکانیی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وەك نامەی بووخاریو موسلیم توورموزی نەسائی وەنامەکانی تر کەفەرموودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ تێداکۆکراوەتەوە ، بەلام تاکە جیاوازیان هەبێت ئەمەیە کەبەراستی ئەوکەسانەی ئەوچوار ئنجیلانەیان .گێراوەتەوە لە عیساوە لە هەلەوە دورن و پاریزراون لە درۆبەلای گاورەکانەوە درووست نییە تانەیان لێبدرێ بێگومان لەموسولمانان هیچکەسێ لەوزانایانە فەرموودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گێراوەتەوە نەبێ گوناهن وەنەبێهەلەیشن وەدروست نییە کاربەهەلەکانیان بکەین مەگەر لەپاش تاقیکردنەوەی راستی . کەواتەبەگوێرەی ئەقل هیچ جۆرە جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەو چوارئنجیلانەو لەنێوان نامەکانی فەرمودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لەوبارەوە کەدروستە تانەو توانج بدرێ لەهەردوو لایان ، چونکە بەبێ جیاوازی هەردوو لایان گێرانەوەی فەرموودەی دوو پێغەمبەر دووخاوەن پەیامن .. بەلام جیاوازی نێوان قورئانی پیرۆزو نێوان ئینجیلەکان زۆر رون و ئاشکرایە ، چەونکە بەراستی قورئانی پیرۆز روبەروی نەتەوەی دوای خۆی ئەوەستێو بەرەنگاریان ئەکات و بانگیان ئەکاو ئەفەرمووێ : ئێوەی ئادەمیزاد ناتوانن وێنەی قورئان دابێنن هەرچەندە ئەتوانن نامە ئاسمانییەکانی تر دابێنن .

تێبینی : ئیلیاس نەجمەی رابردوو هەولی داوە کە ئەووتەی خۆیە دابین بکاو ئەلێ : لەلاپەرەی ﴿١٢﴾ دووازدەی ﴿ يسوع المسيح ﴾ کلێسا شایەتی ئەدا کەئینجیلەکان راستن ، وەئینجیلەکانیش شایەتی ئەدەن کەکلێسا راستن و ، هەریەکەیان راستی ئەوی تریان دابین ئەکەن..ئاشکرایە کە بە راستی ووتەی ئیلیاس وێنەی ئەوەیە مرۆڤێ خۆی

شایەنی بدات بۆ خۆی دەق بە دەق وەك ئەمەیە مرۆڤێ بلێ من راست ئەکەم چونکە فلان شایەتی ئەدا من راست ئەکەم یانێ بەکتری شایەتی بدەن لەسەرڕاستی یەك تری بۆزانین: جێگەی متما نەیە کەلەپاشکوڕۆژنامەی (النهار)ی بیروتی لە مێژووی (١٩٦٤/٧/١٣) لە گفتوگۆیەکی درێژدا هاتووە بە راستی زانایانی تایبەت وگاورەکانیش دووبارە دابینیان کردووە بە تاقی کردنەوەی میشکی ئەلەکترۆنی بە راستی زۆرتر لەو نووسراوانە دراونەتە پاڵ (پولص) ی نیراو دانەری گەورەی ئاینی مەسیحیەکانە زۆرتریان درۆن و دەست هەلبەستن .

﴿وبالآخرة هم یوقنون﴾: وە هەر ئەو کەسانە خۆیان ئەپارێزن لە گوناە باوەڕی بێگومان ئەهێنن بەڕۆژی دوایی. خوای گەورە بەو رستەیە جولەکەکان بە درۆ ئەخاتەوە کە ئەلێن ئیمە گەلی هەلبژێراوی خواین بە هەشت هەر بۆ ئیمەیە ، چەند رۆژیکی دیاری کراو خوا ئێمە ئەسوتینی چونکە هەندێ لەوان بڕوایان بەڕۆژی دوایی نیە ، دووبارە بەم رستە بە باوەڕی بیگومان ئەوکەسانە خۆیان ئەپارێزن لە گوناە دابین ئەکاتەوە ، بیروڕای جگەی ئەوان پوچ ئەکاتەوە .

بۆ زانین : بڕوا بەڕۆژی دووایی یەکێکە لە بڕوابوون بەو شتانە نەهێنین و نابینرێن . بەلام دووپات کراوەتەوە هەتا بە چاکیبڕوای لەخواترسەکان ڕون دەبێتەوە باشتر باسی چاکەکەیان بکرێت .ئاشکرایە باوەڕ بەڕۆژی دوای تەنها بەوتەی ڕوت نابێ پێویستە خۆیشیان بپارێزن لەکوشتن و کاری نارەوادا وداوێن پیسیودووڕوویی و دزیو سودوەرگرتنو بەرتیل خواردن و خواردنەوەی مەی و قومارکردن ڕووتالی ژنانو بەرەلاییانو سوێنی درۆوکێشانەوە پێوانەی نارێکو دەیان شتی خراپ.

﴿ اولئك علی هدی من ربهم و اولئك هم المفلحون ﴾ وە ئەو کەسانە خۆیان ئەپارێزن لە گوناە لە سەر شارەزایی و ریگەی راستن لە لایەن پەروەردگاری خۆمانەوە وە ئەو

کەسانە ئەوانەن رزگاریان ئەبێ و ئەچنە نێو بە هەشت و دوورئــەبن لـە ئـاگری دۆزەخ و سزای پاشەرۆژ .

خوای گەورە بەم دوو ئایەتەی دووایی باسی بی باوەران ئەکا بە شیوەیەکی تـەواوی و ئەفەرموێ :

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ وَعَلَىٰٓ أَبْصَٰرِهِمْ غِشَٰوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٧﴾

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَـرُوا سَـوَاءٌ عَلَيـهِم ءَأَنذَرتَـهُم أم لَـمْ تُنذِرهُـم لا يؤمنـون ﴾ بەڕاسـتی کەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان نەهێناوە بەخوا و بەپێغەمەر و بەرۆژی دوایی و بەنامەکانی خـوا ، یەکسانە لـەسەریان ئایا تۆ بیان ترسێنی لەسزای خوا یا تـۆ نـەیان ترسێنی ئـەوان بـاوەڕ ناهێنن وە ئەو کەسانە شایستەی ئامۆژگاری نین .

﴿ خَتَم الله عَلَى قُلوبِهِمْ وَعَلَى سَمعِهِم وَعَلَى ابصارِهِم غِشَـوَةٌ وَلَـهُم عَـذَابٌ عَظِيـمٌ ﴾ خوا مۆری داوە بە سەر دلّیانا بیر لە فەرموودەی خوا ناکەونەوە وە مـۆری داوە بـە سـەر گویچکەیانا شتی چاك نابینن و بە سەر چاویانەوەپەردەیەك هەیەکەنابەڵیڕاستی بچێتە نـاوی و بۆ ئەو کەسانە سزایەکیزۆر گەورە هەیە لە رۆژی دواییدا.

خوای گەورە دوای باسی باوەڕداران و بـێ بـاوەڕان بـەم ﴿١٣﴾ سـێزدە ئایەتـەی دوای باسی دووڕووەکان ئەکاو ئەفەرموێ:

وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾

يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ
وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ
وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ
لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾
أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا قِيلَ
لَهُمْ ءَامِنُوا۟ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ ۗ
أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾ وَإِذَا لَقُوا۟
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا
مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ﴿١٤﴾ ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ
فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَٰلَةَ
بِٱلْهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿١٦﴾
مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ
ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ

صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿١٨﴾ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ
ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ
حَذَرَ الْمَوْتِ ۚ وَاللَّهُ مُحِيطٌ بِالْكَافِرِينَ ﴿١٩﴾ يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ
أَبْصَارَهُمْ ۖ كُلَّمَا أَضَاءَ لَهُم مَّشَوْا فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا ۚ
وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ
شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾

﴿ وَمِنَ النّاسِ مَنْ يَقوُلُ آمَنّا بِاللهِ وَبِالْيَومِ الآخِرِ وَ مـا هُمْ بمؤمنـين ﴾ وە هـەندێ لـە ئادەمیزاد کە سێکن ئەڵێن:ئێمە بڕوامان بە بە خوا هەیە و بڕوامان بە بە رۆژی دووایی هەیە وە ئەو کەسانە باوەر دارنین لە دڵیانەوە و بەدەم ئەڵێن : ئیمە باوەڕمان هیناوە .

﴿ يخادعون الله و الذين أمنوا ﴾: ئەوکەسانە بە ووتەی درۆی خۆیـان فێـڵ لـە خـوا ئەکەن و ، وە فیڵ لە کەسانێکی ئەوتۆ ئەکەن باوەڕیان هیناوە .

﴿وما يخدعون الا أنفسهم وما يشعرون﴾ و ئەوکەسانە فێڵ لە کەس ناکەن مەگـەر لـە خۆیان و ئەوکەسانە هەست ناکـەن کـە خـوا ئابڕویـان ئـەبا وە خـوا فێڵـی لێ نـاکرێ و باوەردارانیش فریوناخۆن بە درۆی ئەوکەسانە .

﴿في قلوبهم مرض فزادهم الله مرضاً﴾ لە نێـو دڵـی ئـەو کەسـانەدا هەیـە نەخۆشـی دەروونـی و دووڕویـی دووایـی خـوا بـۆ ئـەوان زۆرتـر ئـەکا نەخۆشـیەکەیان بـە هـۆی سەرکەوتنی باوڕەدارانەوە بێ نرخی و ڕیسوایی خۆیان لە نێو دانیشتواندا دەرئەخەن.

﴿ولهم عذاب اليم بما كانوا يكذبون﴾ وە بۆ ئـەو کەسـە دووڕووانـە هەیـە سـزایەکی خاوەن ئازار لـە ڕۆژی دووایدا بەهۆی شـتێ ئـەو کەسـانە باوەرنـاهینن و بـە درۆ ئـەڵێن باوەڕمان هێناوە ، باوەر بە خواو بە ڕۆژی دوویی نایەرن و لـە ژیرەوە بێ باوەڕن .

بۆ زانین :ئەوکەسانە بێ شەرم و دووڕوون بە بێ جیـاوازی ئەوکەسـانەی سـەردەمی پێغەمبەربن ﴿ﷺ﴾ یا جگەی ئەوان بن لـە هەموو کات و جیگەیــە هـەر ڕۆژێ بـەرگێك و ڕەنگی ئەدەن لـە خۆیان هەرلـە بەر سودی تایبـەتی خۆیـان بـۆ ئـەوە بـە جۆرێکـی نـارەوا سامانی زۆر پەیدا بکەن ، ئایین و نیشتمان و ناموس و گەلی خۆیان ئەفرۆشن . بەلام بیریان پوچ و خاوە هەروەك ئەو دووڕووانە ی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئابڕویان ئەچێ و ئەبن بە پەند لـە جیهاندا و لـە ڕۆژی دووایشدا سزایەکی بە تینیان ئەدرێ بــە ئـاگری دۆزەخ ، وە مرۆڤی دووڕوو هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کەم خۆیان بسەپێنن بەسەردا نیشتواندا زۆری پــێ ناچێ توشی ڕوورەشی ئەبن ، وە هێرشـی مـافی ڕەوا ئـەیان پلیشـێنێ و رون ئەبنـەوە و ، گەلو دانیشتوان تفیان لێ ئەکەن و نەفرەتیان بۆ ئەنێرن ، لـە هەموو لایەکەوە تاوانجیـان تـێ ئەگرن ، بە ختیاری و سەربەرزی هەر بۆ پیاو چاکانە وەکو ڕوونە ئەو ئایەتانــە هەڕەشـەی توندیان کردووە لـەو کەسانە فێڵ لـە موسڵمان ئەکەن و ئەیانــەوێ فریویـان بـدەن ، خـوا پشتیوان و یاریدەدەری موسڵمانان و نیاز پاکانە .

تێبینی : پێش ئەوەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کۆچ بکا بــۆ مەدینـە هـەندێ لـە دانیشـتوانی مەدینە بەتایبەتی ئەو کەسانەیان خاوەنی پلەو سەرۆکایەتی بون ، وێنەی عـەبدولای کـوری ئوبەی ،لە مەدینە هێشتا ڕەگەزپەرستی و کۆمەلایەتی نارۆەوا کۆتایی پێ نەهاتبوو ، چونکە ئاینی ئیسلام وەکو پێویسشت دابین نەکرابوو جیگەی خـۆی نـەگرتبوو ، ئەوکەسـانە لـە بەرمانەوەی پلەو پایەکانیان دەستیان دایــە پڕوپاگـەندەو دوو ڕوویـی و پیـلان نانـەوە بـۆ موسڵمانان لـە مەدینە هەوڵیان ئەدا کەس پیان نەزانی ، خوای گەورە ئاشکرای کردن .

﴿و اذا قیل لهم لاتفسدوا فی الأرض﴾ وە هەرکاتیّ بیّژرایە بەو دووڕووانە : ئیّوە خراپە مەکەن لە نیّو زەوی‌داو لە مەدینەدا کاری خراپ بلاّومەکەنەوە .

﴿ قالوا انما نحن مصلحون ﴾ ئەو مرۆڤە دووڕووانە ئەیان ووت ئیّمە پیاو چاکین و ئاشتی خوازین ، جگەی چاکە هیچ شتیّ بلاّوناکەینەوە.

﴿ ألا انهم هم المفسدون ولکن لایشعرون ﴾ ئیّوەی موسلّمان بە تایبەت ئاگادار بن : ئەو کەسانە بە ڕاستی هەر ئەوان پیاو خراپن و خراپە بلاّو ئەکەنەوە و بەلاّم ئەوان هەست ناەن بە خراپەی خۆیان و بە ڕیسوایی خۆیان .

بۆ ئاگاداری : پیاوانی دوو ڕوو بە بیّ ماندو بون ئاژاوەو ناکۆکی دروست ئەکەن . بە هاندانی دوژمنانی ئیسلام لە دژی موسلّمانان و خۆیان بە بیّ لایەن دائەنیّن . بەلاّم لە ژیّروە هەولّ ئەدەن بۆ پیّك هیّنانی جەنگ لەنیّوان هەردوو لادا لە هەرلایە زیانی موسلمانانی تیّدا بیّ پیرۆزبایی لیّ ئەکەن و یاریدەی دوژمنانی باوەڕدارەکانیان ئەدا و نهیّنی موسلمانیان ئەگیّرایەوە بۆ بیّ باوەڕان و جولە کەکان و ئەوانیان بە دۆستی خۆیان دا ئەنان و، بە شوین هەلدا ئەگەڕان موسلّمانان نەمیّنن و جولەکەکان سەرکەون . ئەودوو ڕووانە ئەیان ووت : ئیّمە ئاشتی خوازین و بیّ لایەنین ، دۆستی هەردوولا بن بەلاّم لە ناوەڕۆکدا بەو کارەی خۆیان ئەیان ویست بە ئاسودەیی بژین و سامانی زۆر پیکەوە بنین و باشتر بتوانن تۆوی دووبورەکی بچیّنن ، لە لای جولەکەکان ئەیان ووت : ئیّمە لە بیروباوەڕەی کۆنی خۆمان واز لیّ ناهیّنین ، ویّنەی ئەو دوو ڕووانە ئیستاش بەردەوامن وە بەرگی ڕیز و ناموس خۆیان ئەدڕن بۆ سودی کاتی خۆیان ، وە بەهەزاران کەس لایان بمریّ گویّیان لیّیان نیە و بەزەییان پیّیانا نایەتەوە.

﴿ واذا قیل لهم امنوا کما امن الناس﴾ وە کاتیّ ببیّژرایە بە و دوو ڕووانە : ئیّوە باوەڕ بهیّنن وەك ئادەمیزاد تر ویّنەی کۆچ کەران و یاریدەدەرانی باوەڕیان هیّناوە.

﴿قالوا أنؤمن كما آمن السفهاء﴾ ئەیان ووت : ئایا ئێمە باوەڕبهێنین وەك باوەڕیان هێناوە کەم ئەقڵەکان بۆ سوودی جیهانی و نەزانن بەو سودەی خۆیان .

﴿ألا انهم هم السفهاء﴾ ئاگاداربن بە ڕاستی ئەودوو ڕووانە هەر ئەوان کەم ئەقڵن و نەزانن بە سوودی خۆیان .

﴿ ولكن لا يعلمون ﴾ وە بەڵام ئەو دووڕووانە نازانن کە خۆیان کەم ئەقڵ و نەزانن .

بۆ زانین : زۆر ڕوون وئاشکرایە کاتێ بانگەوازی ئیسلام ڕووی کردە مەدینە زۆربەی دانیشتوان مەدینە بڕوای بێ گومانیان هێنا بە ئاینی ئیسلام وە سنگیان کردەوە بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بەڵام دووڕووەکان بە ئەقڵی خۆیان وایان ئەزانی ئەو کەسانەی سامانیان زۆر بێ پلەی کۆمەڵایەتیان هەبێ پێویستە ئەوان ڕێزیان بگیرێ باوەڕ بهێنن یا باوەڕنەهێنن ، باوەڕداران زۆربەیان هەژار بوون ، وەك ئەبوو هورەیرە ، زۆریشیان بەندەی ئازاد کراو بوون ، وەکو سەلمان . سوهەیب ، بلال ،خەباب بۆیە دووڕوەکان هار بوبون و دوای بیرو باوەڕی پوچی خۆیان کەوتبوون وە گاڵتەیان بەباوەڕدارانی هەژار دەکرد ، وایان ئەزانی بەرگ و سامان شێوەی جوان وبنەماڵە ئەگەنە فریایان ئێستا و پاشەڕۆژ . ئاوات و بیرو باوەڕی پوچیان سەری نەگرت . لەئەنجامدا هەژاران و بێ خزمەکان بون بەپێشەوای هەزاران لەپیاوە گەورەکانی جیهان و هەرێم و ، بوون بەمامۆستاو چاو لێکراوی ڕەوشتی بەرزو بەنرخی دانیشتوان . وەلەبیرمان نەچێ باوەڕداران و دووڕووان کاری خۆیان و پاداشتی خۆیان وەردەگرن یەکەمیان بەرەو بەختیاری جیهان و بەرەو بەهەشت ، دووهەمیان بەرەو ڕیسوایی جیهان وبەرەو دۆزەخ . دووڕووان بەوکردەوە پێشووە پیسانەی خۆیان وازیان نەهێنا . بەڵکو چەند ڕەوشتی تری خراپیان خستە سەر ئەوانەی پێشو یان ، وەك ترسنۆکی و ئاژاوە نانەوە ، لەپشتی پەردەوە ، وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿و اذا لقوا الذین آمنوا قالوا آمنا﴾: وە هەرکاتێ بگەشتایە بە کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێنابوو ئەیان ووت : ئیمە باوەڕمان هیناوە بە خواو پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ .

﴿و اذا خلوا الی شیاطینهم قالوا إنا معکم﴾: وە هەرکاتێ بڕۆشتنایە بۆ لای شەیتانە سەرۆکەکانیان خۆیان ئەیان ووت : ئێمە بەڕاستی لەگەڵ ئێوەین لە کانگای دڵمانەوە وە لە ئیوە جوێ نابینەوە .

﴿إنما نحن مستهزؤون﴾ بە ڕاستی ئیمە گاڵتە بە موحەمەد و هاوڕیکانی ئەکەین بە گشتی .

﴿ الله یستهزی بهم ﴾ خوای مەزن پاداشتی گاڵتە کردنەکەیان ئەداتەوە : لە جیهاندا وەك باوەڕداران یاسای ئاینیان بە سەردا ئەسەپێ و مۆڵە تیان ئەدرێ و لە پاشەڕۆژدا بە ئاگری دۆزەخ سزایان ئەدرێ .

﴿ ویمدهم فی طغیانهم یعمهون﴾ وە خوا درێژە ئەدا بە یاخی بوونیان و دەرچونیان لە سنووری خوا ئەوان سەرگەردانن و دڵن و ئەرۆن ودڵ تەنگن .

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٤) وە ئایەتی(١٥) وە ئایەتی(١٦) : ئەگێرنەوە جارێك عەبدوڵای کوڕی ئوبەی وهاوڕێی دووڕووەکانی توشی چەند کەسێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر ئەبن . عەبدوڵای کوڕی ئوبەی ئەڵێ :بڕوانن ئێستا چۆنتان ڕزگار ئەکەم و ئەم کەسانە چۆن ئەخەڵەتێنم کە نزیکیان ئەبێتەوە وەدەستی ئەبو بەکر ئەگرێ و ئەڵێ : مەرحەبا بێ لە مرۆڤی ڕاست وێژ ، سەرۆکی بەنی تەمیم و گەورەی پیاوانی موسڵمان . دووایی دەستی عومەر ئەگرێ و ئەڵێ : مەرحەبا لە گەورەی بەنی عەدی ، جوێ کەرەوەی چاك و خراپ ،مرۆڤی ئازاو بەهێز ، خۆت و دارایی خۆتت دانا لە ڕیگەی فروستادەی خوا ... لە پاشا دەستی عەلی کوڕی ئەبی تالیب ئەگرێ و ئەڵێ مەرحەبا بێ لە ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گەورەی بەنی هاشم دووای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ . لێرەدا عەلی ئەفەرموێ : لە خوا بترسە و دووڕوویی مەکە ، دووڕووەکان خرابترین

دروست کراوی خوان..عەبدولا ئەلێ : باوکی حەسەن بۆ وام پێ ئەڵێت . سوێندم بە خوا بڕوای بێگومانم وێنەی بڕوای بێگومانی ئێوەیە ،کە لە یەك جوێ نابنەوە عەبدولا بە هاوڕێکانی خۆی ئەڵێ : ئێوەیش لە منەوە فێری فێڵ و تەڵەکە بین ، هاوڕێکانی زۆریان ستایش کردووو تیان :ئێمە هەتا بە و جۆرە بین لە خۆشیا ئەژین . هاوەڵەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەم ڕووداوەیان بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گێڕاوەیەوە ، ئەو سێ ئایەتە هاتنە خوارەوە .

تێبینی : دووڕووەکان دڵ پیسی و ترسنۆکی بە هێز و بە ئازایی دائەنێن بۆ خۆیان ، فیلّ و فڕی خۆیان بە سەربەرزی دا ئەنێن . بە لام لە ناوەڕۆکدا دڵ پیسی و فیلّ باز و گێرە شێوێن و ترسنۆك بون . خۆیان هەڵئەکێشا لای موسلمانان کە باوەڕدارن هەتا ڕزگاریان بێ لە دەستی موسڵمانان توشی زیانی جیهان ئەبن . ئەو کردەوەی خۆیانە یان کردبوو بە پەردە بۆ ئەوە گیروگرفت بۆ موسلمانان باشتر پەیدا بکەن ، هەتا ڕیزیان تیك نەچێ ، بۆیە لای سەرۆکەکانی خۆیان ئەیان ووت : ئێمەگاڵتە بەو موسلمانانە ئەکەین .. بەلام ئەوکاتە و ئێستایش کردەوە کانیان جێگەی سەرسوڕمانە !! چ شتێ لە وە خراپتر بێ ؟ خوا تۆڵەی ئەو گاڵتە پێ کردنەیان بە موسڵمانان لێی بسێنێ کە هیچ کەسێ نەتوانێ ڕیگە بگرێ لە خوا ، وە ڕیسوایی و سەرگەردانی و ئازاری ڕۆژی دووایی گرانتر بێ . کوێرن و دووارۆژی خۆیان نابینن .دەستی توانای خوا ئەیان چنێتەوە وە دەرچونیان نییە ، خۆیان خستۆتە نێو داوی نەگبەتی وە ئەڵێن : کاری خۆکردوومانە ، ئێمە بوین گاڵتەمان ئەکرد بە موسڵمانان . دوو ڕووانی ئەمڕۆش هەمان کار ئەکەن .

﴿ اولئك الذين اشتروا الضلالة بالهدی﴾ ئەو دووڕووە سەرگەردانانە کڕیویانە ڕیگە وون کردن بە شارەزایی ریگەی ڕاست ، لە بریتی ڕێگەی ڕاست ڕیگەی خراپیان هەڵبژاردووە.

﴿فما ربحت تجارتهم﴾ دووایی قازانجی نەکردووە بازرگانی ئەو دووڕووانە ، ڕێگەی بازرگانیان وون کردو زیانو مەندبون لە هەردوو جیهاندا.

﴿وما کانوا مهتدین﴾ وە ئەو دوو ڕووانە ڕێگەی ڕاست وەرناگرن و ڕێی نومایی وەرناگرن و نای دۆزنەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن .

﴿مثلهم کمثل الذی استوقد ناراً﴾ وێنەی ئەو دوو ڕووانە لە گەڵ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و موسلماناندا وەك وێنەی کەسێ وایە ئاگرێ هەڵ گرسێنێ ، هەرچوار لای ڕووناك بکاتەوە لە جێگەی یەکی تاریکدا هەتا خۆیانی پێ بپارێزن و خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە ، لە دڕوندەو گیانداری تر خۆیان بپارێزن بە گومانی خۆیان بۆ ماوەیەکی کەم .

﴿ فلما اضاءت ماحوله ذهب الله بنورهم﴾ دووایی کاتێ ئەو ئاگرەی ڕوونی کردەوە ئەم لاو لای ئەو کەسە خوا کوژانبێتیەوە ڕووناکیەکەیان و سودی لێ وەرنەگرن .

﴿ و ترکهم فی ظلمات لا یبصرون﴾ وە خوا ئەو کەسانەی واز لێ هێنابێ لە نێو چەندین تاریکیدا ، تاریکی بێ باوەڕی و تاریکی دووڕوویی تاریك ڕۆژی دووایی تاریکی ڕێگە وونکردن . تاریکی خەشمی خوا . چەند تاریکی تررو هیچ نەبینین .

﴿ صم بکم عمی فهم لا یرجعون﴾ ئەو دوو ڕووانە کەڕن ڕاستی نابینن لاڵن توانای وتنی ڕاستیان نی یە ، کوێرن چاکە نابینین دوواییی ئەو دوو ڕووانە ناگەڕێنەوە لە بێ ڕیگەی خۆیان ولە دوو ڕوویی خۆیان .

ئەو وێنە هینانەوە زۆر ڕاستە : یانێ بە ڕستەی (ئیمە بڕوامان هیناوە) ڕوناکی وەرئەگرن لای موسڵمانان ڕیزیان ئەگیرێ ، ژن و ژن خوازی میرات لە یەکترێ گرتن وپاراستنی بازرگانی ، ئەترسان لە دارایی ومناڵیان بۆ دابین ئەبێ . بەڵام ناگەڕێنەوە لە دووڕووی دووای مردنیان توشی تاریکی و سزای ئاگری دۆزەخ ئەبن . بە ڕووالەت باوەڕیان هێناوە لە ناوەرۆکدا وێنەی کەڕو لاڵ و کوێر وان ، ڕاستی نابینن ونایلێن و نای بینین . بە جۆرێ شایستە بێ و سودی لێ وەربگرن .. نە لە دروستکردنی خۆیان وە نە لە

لەدروست کردنی هەموو بونەوەران بیریٚ ناکەنەوە ، نە بەهۆی هیچ هەستێکیانەوە ، نەبە گوێچکە نە بەزمان و نە بە چاو وەك ڕون کرایەوە .

تێبینی : سودی وێنە لێدان بۆ ئینسان ئەمەیە هەتا چاکتر لە ناشارەزایی دووڕووەکان تیٚبگەین وە پاشە کشیٚ و پیلانیان چاکتر بۆ دانیشتوان ڕون بێتەوە و دووبارەوە ئەو وێنانە باشتر کار ئەکەن سەر دڵی ئەو دوو ڕووانە ، لە ناوەرۆکی وێنەکان وردبینەوە کە هاندەر بیٚ بۆ چلۆنایەتی وجۆری وێنە پیٚ دراوان ، بۆ ئەوەی بیانو یان نەمێنیٚ ، پێویستە دانیشتوانبزانن زیان وخراپەی ئەو دوو ڕووانە و شاگردەکانیان هەرماون و پیشەی گلاٚوی ئەوانیان کردووە بە مامۆستا بۆ خۆیان و ئەی چەسپێنن لە نێو کۆمەڵدا ، بیشزانن زیان و خراپەی ئەو دوو ڕووانە زۆرترە لە زیانی بیٚ باوەڕان ، چونکە بیٚ باوەڕان یەکەم جار بە زەقی دژایەتی خۆیانیان بە بیٚ پەردە بلاٚوکردۆتەوە و موسڵمانان ئەیانتوانی ڕاسەو خۆ خۆیانیان لیٚ بپاریزن ، بەلاٚم ئەو دوو ڕووانە لە ڕووناکی ئاینی ئیسلام سودی زۆریان وەرگرتووە وەك موسڵمانان و لە ژێرەوە کەڕو لاڵ و کوێر و دڵ بە سراون بۆ وەرگرتنی ئاینی ئیسلام وە موسڵمانان ڕاستەو خۆ نەیان توانی لەزیان و خراپە یان خۆیان لادەن . خواگەورە یاریدەدەری ئاینی خۆی دا وە ئەو ڕووناکیە کە ئەو دوو ڕووانە سودیان لیٚ وەرنەگرت کوژانیەوە وە لە تاریکیدا وازی لیٚ هێنان و ڕیسوایی کردن لە تۆڵەی وازهێنانیان لە رووناکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .کاتیٚ ئەو دوو ڕووانە ئەندامی هەستەکانی خۆیانیان بەکار نەیەرن بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و لە خراپەی خۆیان پەشیمان نەبنەوەو ڕیگەی دۆزینەوەی ڕاستی وەرنەگرن ڕووناکی ئایین نادۆزنەوە .

﴿أو كصيب من السماء﴾ یا وێنەی ئەو کەسانەی دووڕوون لەنەزانینٚ وسەر لێشێوانی زۆریان وێنەی دانیشتوانیٚ وان لە لای بارانیٚ بێتە خوارەوە لە هەورێکی چڕو پڕ لە ئاسمانەوە بە خوڕی بڕژیٚ بە سەریانا لە دەشتیکی چۆڵی سامداردا لە شەوێکی تاریکدا .

﴿فیه ظلمات و رعد و برق﴾ لە نێو ئەو بارانەدا هەبێ چەندین تاریکیە وەك تاریکی چڕی ئەو هەورە و تاریکی بەرگرتنی تیشکی خۆر تاریکی شەو لە نێویدا هەبێ هەورە گرمەو و بزیسکەو چەخماخە .

بۆ ئاگاداری : (رعد) بەو دەنگە دەڵێن ئەبیسرێ لەهەورەوە بە گوێرەی بیری زانایان پەیدا ئەبێ لە چەند تەنیکی ئاسمانی لەکاتی یەکدانیان لە یەکتری بە توندی و ، یا پەیدا ئەبێ لەو بارانەوە و لە هەورەوەو دێت خوارێ بە چەپ و بە راست لەسەرەوە و لە خوارەوە بایەکی توند و تیژ هەڵیان ئەگرێ و ئەیاندا لە یەکتری و ئەو دەنگە پەیدا ئەبێ وە هەندێ لە زانایانی ئاینی دەڵێن هەورە گرمەو دەنگی ئەو فریشتە بە خوا ئەو کارەی پێ سپاردوە . بەهەر شێوەیە بێ هەمو کارێ بە توانای خوائەکرێ . وە(برق) بەو رووناکیەکارە باییەی ئەڵێن لە کاتی هەورە گرمەدا پەیدا ئەبێ و پێی ئەوترێ پزیسکە هۆی پەیدابوونی ئەو رووناکیە لە یەکدانی تەنە ئاسمانیەکانە لە یەکتری ، وێنەی ئەوە بەردو ئاسن لە یەکتری نەدەن ئەوەیش ئەمەمان بۆ دابین ئەکا کە گەرمای تیشکی خۆر هەموو تەنێ بەشی خۆی لێی وەرئەگرێ ئادەمیزاد بە زانیاری خۆی بە گوێرەی پێویستی گوزەرانی خۆی لەو تیشکە دەرئەهێنێ بۆ سوودی خۆیان هەندێ جار لە کارگەکاندا و هەندێ لە جێگەکانی تردا دەرئەهێنرێ .

﴿ یجعلون أصابعهم فی أذانهم من الصواعق حذر الموت﴾ ئەو کەسانە توشی ئەو بارانە بوون بەو جۆرە ی باسکرا دائەنێن سەر ی پەنجەکانی دەستیان لە نێو گوێچکەکانی خۆیان لە بەر ئەو ئاگرانە لە ئاسمانەوە پەیدا ئەبن لە ترسی مردن (الصاعقه) ئاگرێکی نەرمە لە هەرکەسێ بدا ئەی کوژێ .

﴿و الله محیط بالکافرین﴾ وەتەوانای خوا دەورەی داوە بە هەموو لایەکی بێ باوەڕاندا ، خوا هەموو بێ باوەڕان کۆئەکاتەوە لە نێو ئاگری دۆزەخدا و کەسیان لە دەست دەرناچێ

﴿یکاد البرق یخطف أبصارهم﴾ نزیکە ئەو بروسکە چاویان ببا بەهۆی تیـژی و هێـزی ئەو بزیسکە یە لە ناکاودا بە تاریکی ئەدا بە سـەرچاویانا . هـەروەها ئـەو دوو ڕووانـە بـە هۆی بارانی ئاین و ڕوناکی قورئانی پیرۆزەوە نزیك بو دلیان بپچرێ لە ترسی بیرکردنـەوە ی کاری ئاین و سەرکەوتنی ئایینی ئیسلامەوە .

﴿کلما أضاء لهم مـشوا فیه﴾ هەمووکاتێ ئەو بزیسکەیە ڕوناکی بلاوبکردایە بـۆ ئـەو دووڕووانە و بەر پێیان ببینرایە ئەوان ئەرۆیشتن بە نێو ڕووناکیدا .

﴿ واذا أظلم علیهم قاموا﴾ وە هەر کاتێ ئەو بزیسککە وون ببوا یە و تاریکی بهاتایـە بە سەریانا ئەوەستان لـە جێگەی خۆیانا و بەر چاویان تاریك ئەبوە وە سەرگەردان ئـەبون ، چاوەڕوانی ڕوناکی تریان ئەکرد هەتا بگەنە پەنا یە ببیان پارێزی لـە کارەستات و ڕووداو . هەربە و جۆرە دووڕووەکان لـە کۆنو لـە تازەدا ئەگەر بانگ بکرێـن بـۆ وەرگرتنـی پـارەو خواردەمەنی بۆیان ڕائەکەن بە چوستی . بەلام هاونیشتمانیان توشی گرانـی و جـەنگ بـین دێن و ئەرۆن بە سەرگەردانی ئەوەستن و لـە ترسانا نازانن چ شتێ بکەن .

تێبینی :دووڕووان بـە بـێ جیاوازیهـەرکاتێ کشـتو کـاڵ و ئـاژەڵ ودەرامـەتیان بـە ئارەزووی خۆیان بۆایە و سودی جیهانیان بەرەو پێش بڕوایە ئەیان ووت : ئـاینی ئیسـلام زۆر پیرۆزە وە هەرکاتێ تووشی جەنگ و ئاژاوە و گرانی بن دەمار ئەیان گرێ و ئـەڵێن : ئاینی ئێمە تووشی ئەم شتانە کردووە .

﴿ولو شـاء الله لذهـب بسـمعهم و ابصـارهم﴾: وە ئەگـەر خوابیویسـتایە گوێچکـەی نەئەهێشتن بە دەنگی هەورە گرمـە و چاوەکانیـان نەئەهێشـتن بـە هـۆی ڕوونـاکی تیـژی بروسکەوە وە پەردەی گوێچکەیان وهۆری چاویان ئەوڕا هەروەها ئەگەر خوا بیویستایە ئەو دووڕووانە ی لەناوبېردایە لـە ناوی ئەبردن بە کوشتن و شتی تر . بەلام خوا مۆلەتیان ئـەدا هەتا ڕۆژی دووایی تۆڵەی گرانیان لێ ئەسێنێ

﴿ ان الله علی کل شی قدیر﴾ بەراستی خوا بە سەر هەموو شتێکا دەسەلاّت زۆری هەیە و خاوەنی توانایە کەسی لە دەست دەرناچیّ .

دووای ئەوەی خوای گەورە باسی باوەڕداران و بیّ باوەڕان و دووڕووەکانی کرد بە جۆرەکانیانەوە .. دووایی ڕوو ئەکاتە هەموو ئادەمیزاد کە ژیرن و تەمەنیان گەورە بیّ پیاوبن یان ژن باوەڕداربن یا بیّ باوەر ئەوکەسانە بن لە وکاتەدا قورئان هاتوە بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ یا ئەو کەسانەبن لەوە پاش حوا دروستیان ئەکا . هەموویان بانگ ئەکا بە بیّ جیاوازی بۆلای پەرستنی خوا بە تەنها . فەرمانیان پیّ ئەدا کە بەردەوامین لە سەر ئایین ، پیاو چاکان و باوەرداران کەمتەر خەمی نەکەن ئەوکەسانەیش گوناهبارن یا بیّ باوەڕن پەشیمان ببنەوە و باوەڕ بهینن بە خواو بە ئاینی پاکی ئیسلام و، ئەفەرمویّ :

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾

﴿ یا ایها الناس اعبدوا ربکم﴾ ئەی مرۆڤ و ئادەمیزادەکان : ئێوە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن هەر بەتەنها ئەو بپەرستن.

﴿ الّذي خَلَقَكُم والّذينَ مِن قَبلكُم ﴾ کەسێکی ئەو تۆیە دروستی کردووە ئێوەو کەسانێکی ئەو تۆ لەپێش ئێوە و بوون لەدلۆپیّ ئاو، کەواتە ئێوە خوا هەر بەتەنها بپەرستن

کەهەر ئەو دروستی کردوون پێویستە هەرئەویش بەتەنها بپەرستن نەك بتەکان و کاربەدەستانی جیهان کەدروست کراویی خوان .

﴿ لَعَلَّكُم تَتَّقون ﴾ بۆ ئەوە خۆتان بپارێزن لەگوناه ، بترسن لەسزای خوا ، هەتا بەهۆی ترس لەخوا ببنە دۆست و هەڵبژاردەی ئادەمیزاد . خوا پەرستان لەجگەی خۆتان جویێ ئەبنەوە بەوەی فەرمانەکانی خوا بەجێ بهێنن ، بۆیە پێویستە لەخوا بترسن ، چونکە خودا بەخێوکەری هەموو بونەوەرانە .

﴿ الَّذي جَعَلَ لَكُمُ الأرضَ فِراشاً ﴾ کەسێکی ئەوتۆیە دروستی کردووە ، بۆ سودی ئێوە زەوی بەژێر خەر ، بەجۆرێ دروستی کردووە ئێوە دانیشن بەسەریەوە ، هاتوو چۆ ئەکەن و هەڵناخلیسکێن بەداخەوە ئادەمیزاد ئەو لاکێشەیەیان بۆ ساختە هاتووە ، بیری لێناکەنەوە چ خەلاتێکە ، بیری لێ ناکەنەوە هەموو هۆی ژیانیان لەزەوی دەرئەچێ .

﴿ وَالسماءَ بِناءً ﴾ وەدروستی کردووە بۆ ئێوە ئاسمان بەکۆشك و خانوو بۆتان ، هەڵی داوە وێنەی گومەزێ بەسەر ئادەمیزادەوە گەرمی و ڕوناکیتان بۆ ئەنێرێ ، هێزو ڕاکشان لەئاسماندا بەجۆرێ دانراوە کەشایستەو شیاوی گوێ زەوی‌یە . کەواتە پێویستە لەمیهرەبانی خوا بگەین و بیپەرستین

﴿ وَأنزَلَ مِنَ السَماءِ ماءً ﴾ وە خوا ناردویەتی لەئاسمانەوە ئاوێ لەهەورێکی چڕەوە کەئەبێتە هۆی ژیانیان .

﴿ فَأخرجَ بِهِ مِنَ الثَمَراتِ رزقاً لَكُم ﴾ دوایی خوا دەری هێناوە بەهۆی ئەو ئاوەوە چەندجین میوەو بەرهەمەکان لەبەر خواردەمەنی بۆ ئێوە ، وەك دانەوێڵەو میوەی ڕووەکەکان و سەوزەو شینایی زەوی .

﴿ فَلا تَجْعَلوا للهِ أنداداً وَأنتُم تَعلَمون ﴾ کەواتە ئێوە دامەنێن بۆ خوا چەندین وێنەو هاوبەش . ئێوە ئەزانن ئەو شتتانە دروست نی‌یە بکرێن بەهاووێنەی خوا ئێوە ئەیش زانن کەسی ئەوانەی پێشوی دروست کردبێ پێویستە هاوبەشی بۆ دانەنرێ .

تێبینی : ئەو هاوبەش و وێنانە دائەنرێن بۆ خوا نمونەیان زۆرە : هەیانە ئاشکراو دیارن وەك بتەکان و درەخت و بەرد ، پێغەمبەران و فریشتەکان و پیاو چاکان و ئەستێرەکان و پاشاکان و گا ومانگاو شتی تریش .. زۆر لەهاوبەش وێنەکان بۆ خوا نابینرێن وئەوپەڕی زیانیان هەیە بۆ یەکێتی خوا ، بە جۆرێکی ڕوخێنەر و پیلان بازی، وەك ئەم شتانەی خوارەوەکە هەندێ کەس بە کاریان ئەهێنن:وەك ئەوە بەتەمای ئەوە بێ جگەی خوا شتێکت بۆ بکات وەباوەڕیشی وابێ بۆ ئەکا. جگە لە خوا لە کەسی تر بترسێ پێت وابێ سوود و زیان لە جگەی خوارە دێت و توشی‌تۆ ئەبێ ، بە خواو بە گیانی،تۆ سوێنە ئەخۆم ،سەگەکەمان نەبوایە دز ئەهاتە سەرمان . دوێنێ شەو قازی نێو خانوەکەمان نەبوایە داریان ئەبردین ، خواو تۆ بتانەوێ فلاَن شت ئەبێ ، تۆ و خوا نەبونایە ئەو شتە ڕوی ئەدا ، خواو فلاَن کەس ئەمان پارێزن ، پیاوانی خوا ئاگایان لێمانە ، پیاوانی خوا ئەمان کوژن و تووشی زیانمان ئەکەن ، خواردەمەنیمان ئەدەنێ و بۆمانی زۆر ئەکەن ، نارِژم بۆ کاروان سەبری هێنا ، فلاَن ڕۆژم پێوە نایە ، کونەبەبو خوێندی ، زۆر شتی‌تری لەو جۆرانە .

بۆ زانین : باشترین بە لَگە بۆ ڕاستی ئەو شتانە کە جۆرێکن لە هاو ووێنەدا نان بۆ خوا : ئەم فەرمودەی دووایی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ رۆژێ پیاوێ بە پێغەمبەری ووت :﴿ ماشاء الله و شئت﴾ شتێ خوا ئارەزووی بکاو تۆ ئارەزووی بکەی ئەبێ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی ﴿أجعلتنى ندا﴾ ئایا تۆ من ئەگێری بە وێنەی خوا ؟.

بۆ ئاگاداری :ئەوانە زۆر گرنگن ، چونکە پەیوەندیمان بە باوەرهێنانەوە هەیە بۆیە ، پیویسە زۆر هۆشیاربین بە ڕاستی ئەوکەسەی بەوردی لەمانای ئایەتەکان بکۆلیتەوە بۆی ڕوون ئەبێتەوە هەرکاتێ باوەڕی هێنابێ بەبێ گومان بە بنچینەیە لە بنچینەکانی باوەڕ وێنەی باوەڕی بە خوایەتی خوا پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و زیندووبونەوە چاری نامێنی کە باوەڕ بە هەموو یاساکانی ئیسلام بهێنێ بە هەموو لق و پۆپی دەستوری ئیسلام.

موسڵمانانی پێشوو ئەو هاوبەشە نهێنیەیان زانیوە و بەکاریان نەهێناون کەواتە ئێمەیش چاو لەوان بکەین و بەکاربان نەهێنین وەئێمە کە بڕوامان بە خوا هێنا چۆن ئەتوانین بلێن جگەی خوا شتێکمان پێ ئەبەخشێ ؟

جوولەکەکان و گاورەکان و بت پەرستان و دووڕووەکان و بێ باوەڕانی تر گومانیان لە ڕاستی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هەبوو لە بارەی قورئانی پیرۆزەوە ئەیان ووت : قورئان هەڵبەستی موحەممەدە بۆیە خوای گەورە هەموویان بە درۆ ئەخاتەوە وە بە ووشەی ﴿ یا ایها الناس ﴾ کە هەموویان ئەگریتەوە ەوە جارێ تر دووپاتی ئەکاتەوە وە بە ووشە تر کە هەموویان ئەگریتەوە و ئەفەرموێ :

وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿٢٤﴾ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ قَالُوا هَٰذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا ۖ وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢٥﴾

﴿وان کنتم فی ریب مما نزلنا علی عبدنا ﴾ وە ئەگەر ئیوە ی ئادەمیزاد لە گوماندان بە شتێ ئیمە ناردومانەتە خوارەوە بۆ سەر بەندە ی ئیمە کە موحەمەدە و ئەلێن فەرمودەی خوانی یە ودانراوی موحەمەدە .

﴿ فأتوا بسورة من مثله ﴾ دووایی ئێوە بێن سورەتێ لە وێنەی ئەو شتە ئیمە ناردومانە بۆ سەر بەندەی ئێمە وە یا پیاو بێ بێنن وێنەی موحەمەد ﴿ﷺ﴾ نەخوێنەواربێ ونەتوانێ بنوسێ و وێنەی ئەو قورئانەی دانێ ، خۆ ئیوە خۆتان هەڵئەکێشن و ئەڵێن : ئێمە زمان پاراوین زمانی عەرەبی ئەزانین بە چاکی .

﴿ وادعوا شهداء کم من دون الله ان کنتم صادقین﴾ وە ئیوە بانگ کەن بۆ دانان و هێنانی وێنەی ئەو قورئانە هەموو ئەو کەسانە لاتانن و هەموو خواکانیشیان لە جگەی خوا ئەگەر ئیوە راست ئەکەن لە گوفتاری خۆتانا:

﴿ فأن لم تفعلوا ولن تفعلوا﴾ دووایی ئیوە نەتان کردووە و نایشتوانن و نایکەن دانانی وێنەی ئەو قورئانەی لە گەڵ دۆست و خواکانیشتانا.

﴿ فأتقوا النار التی وقودها الناس والحجارة أعدت للکافرین﴾ کەواتە ئێوە خۆتان بپارێزن و بترسن لە ئاگرێ ئەوتۆ سوتەمەنی ئەو ئاگرە پیاوان و ژنانی گوناهبارن و بتەکانتان کە بەردی تاشراون ، ئەو ئاگرەی ئامادەکراوە بۆ بێ باوەڕان بە تایبەتی بۆ ئیوە کە ئەڵێن : قورئان دارنراوی خوانی‌یە ، لە جیگەیە ئەو زمان پارانە و ئەو زمانی عەرەبی زانانەی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نەیان توانیبێ وێنەی ئەو قورئانەدابنین ئەو کەسانەیش دووای بێن باشتر ناتوانن وێنەی ئەو قورئانە دابنێن :

تێبینی :هەزارو چوارسەدو هەژدە ساڵ زۆرترە کە قورئانی پیرۆز هاتووە تە خوارەوە .ئەوکەسانەی دوژمنی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزبوون خۆیانیان بە زاناو پسپۆرئەزانی لە هەندێ کات و لە هەندێ جێگەدا خۆیانیان ماندوو کردووە بۆ بەرپەرچ دانەوەی قورئانی پیرۆز جگە لە ووتەی پڕوپوچ هیچ شتێ تریان بۆ نەکرا ... وە زوربەیان پاش

خۆماندوکردنێکی فراوان چاریان نەما باوەڕیـــان بـە ڕاسـتی قورئـان هێنـا . دووایـش بـە هەزاران نامەیان دانا کە ڕێبازی قورئان و بۆچونی قورئان ڕاستە و بێگومانـە و فـەرمودەی خوایە هەریەکە لـەو زانایانـەبوون بـە پیشـەوا و مامۆسـتای ناوچـە یـە لـە جیـهاندا ، وە بەختیاری هەردوو جیهانیان دەست کەوت . بێ باوەڕان و خۆپەرستان ڕیسوایان بۆمایەوە ، ئەوباسانەی سەرەوە گەورەترین بەلگەن بون لـە سەر ڕاستی قورئان کە دانـراوی خوایـە بەلگەیش بون لـە سەر ڕاستی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و فەرمودەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وە جگە ئـەو بەلگانەی پێشوو بەلگەی زۆری تریش هەن کە قورئان پیرۆز فـەرموودەی خوایـە وە ئـەم بەلگانەش ، وەك ئەم بەلگانەی خوارەوە :

١-هەمو کاتێ قورئانی پیرۆز بخوێنرێتەوە خوێندنەرەکـەیماندوو ناکـا ، گوێچکـە بـۆ گرانیشی ئالۆز نابێ ، وە زۆرتر پێیانخۆشە کە زۆرتر قورئـــان بخوێـنرێ و گوێچکـەی بـۆ بگرێ مەگەر کەسانێ لایان باش نەبێ و خۆپەرست و بی باوەڕ بێ ڕێگە دژایەتی و نـەزانی بگرێ هەر بە گوفتاری خۆی بە بێ بەلگە .

٢-گێڕانەوەی باسی گەلانی رابوردوو بەسەرهاتیان ، چۆنیەتی ژیانیان و لـە ناوچونیـان لـە مرڤیکی نەخوینەوارەوە ئەوەمان نیشان ئەدا کە قورئان دانراوی خوایـە ، بلاوبونـەوەی ئاینی ئیسلام بەزۆرترین جیگەی زەویدا و بە بێ چەك و بە بێ جەنگ کردنـی قورئـان بـە یاسا بۆ حۆیان وکردنی قورئان بە چەك بۆ خۆیان ئەوە ئەگەیەنن کە قورئان دانراوی خوایە هەر بە یاسای قورئان لـەکۆنەوە هەتا ئیستا بوە بە هۆی نەمانی نە خۆشـی و نـەمانی چـەو سانەوەی گەلان و نەهێشتنی پەرستنی بتـەکان و گۆڕسـتان پەرسـتی و پیـاوە گـەورەکان پەرستن ئەمەمان پیشان ئەدەن کە قورئان دتنلراوی خوایە بەتەنها .

بۆ زانین : بێگومان پێش ئاینی ئیسلامیش هەرنامـەکانی خـوای گـەورە بـووە گـەلانی پێشویشی رزگارکردووە لـە ستەمی پاشایان و بێ باوەڕان ، جگە لـە تەورات و ئامۆژگاری تەورات چ شتێ بوو چەکی دەستی موسابێ بۆ رزگارکردنی بەنی ئیسرائیل لـــە کوشـتن و

سەربڕینی پیاوان و هێشتنەوەی ژنانیــان بـۆ کارەکـەری . زۆر ڕوونـە هـەر ئامۆژگـارری تەورات بوو ، هەر قورئانیش بوو کە ڕزگاری کرد گــەلێکی ووشـك و دڵڕەق و تـاڵان کەری وەك دانیشتوانی مەکە لـە دووبەرەکی و ڕەگەز پەرسـتی ز زینـدە بـە چـاڵ کردنـی کچان و لـە ژێر دەستەی ڕژێمی ڕوم و فارس.

هەر قورئان بۆ ئەوکسانەی لە قوتابخانەی قورئانا بوون و لـە زانکۆی ئیسـلام دەرچـون بون بە پیشەوای گەلانی ڕووی زەوی هەروەها ئینجیل بو بە هـۆی ڕزگـارکردنی گـەلانی سەردەمی عیسا لـە ستەمی کاربە دەستانی ئەو رۆژە ، دووبارە قورئـانی پـیرۆز و ڕەوشـتی بەرزی ئیسلام زوربەی گەلانی ئاسیاو و گەلانی ئەفەریقای ڕزگارکرد لە پەرسـتنی بتـان و و ژنان و ئاژەڵ و گاو گورگ و مشك ، ڕویپێ کردن بۆ لای خواپەرستی و دادپەروەری زانین و زانستی و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی .

﴿وبشر الذين آمنوا و عملوا الصالحات﴾ وە تۆ موحەمەد مـوژدە بـدە بـە کەسـانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هیناوە وە کردەوەی چاکە کانیانکردووە .

﴿أن لهم جنات تجرى من تحتها الانهار ﴾ کەبەراسـتی بـۆ ئـەو کەسـانە هەیـە چـەندین بەهەشت و باخ و چیمەن ئەروا بــەژیر درەخـت وو ئـەم لاولای کۆشـکەکانیان چـەندین ڕوبار لـە ئاوی شیرین و سارد و بەتام.

بۆ زانین : خوای گەورە کەباسی شتێکی کرد ، دووابەدووای ئەو شتەباسی دژەکەشـی ئەکا یانێ کەباسی پاداشتی کرد دووای ئەو باسە باسی سزا ئەکا کەباسی هـاندان کردنـی چاکەی کرد باسی ترساندنی لــە کـاری خـراپ ئـەکا ، لـێرەدا دووای ئـەوەی ڕسـتەی ﴿اعدت لـلکافرين ﴾ ئەفەرموێ ﴿ وبشر الذين آمنوا﴾ کـە باسـی ئـاگری فـەرمو باسـی بەهەشتی کردووە .

﴿کلما رزقوا منها من ثمرة رزقاً﴾ هەموو کـاتێ دەرخـواردی ئـەو کەسـانە بـدرێ لـە میوەی ئەو بەهەشتانە خواردە مەنیەکە کە ئارەزووی خواردنی ئەکەن .

﴿ قالوا هذا الذی رزقنا من قبل ﴾ باوەڕداران ئەلین :ئەمە خواردنێکی ئەوتۆیە دەرخواردی ئیمە درا لەمەوبەر لە جیهاندا ، میوەی بەهەشت رەنگیان وەك یەك وایە و تامیان جیاوازە هەرکاتێ میوەیەکیان بۆ بێنن وا ئەزانن میوە پیشوەکە یە .

﴿ واوتوا به متشابها﴾ وە ئەهێنرێتە بەردەمی باوەڕداران ئەو خواردەمەنتیە رەنگیان و قەوارەیان وێنەی یەکن بەلآم تامیان جیاوازە.

بۆ ئاگاداری : ئەو خواردەمەنی و میوانە لەبەهەشتدا دەرخواردی باوەڕداران دەدرێ لە ڕەنگ و قەبارە و چاکیدا وێنەی ئەوانەن لەجیهاندا ئەیان خوارد و بۆیان ئەهێنان کەچی تامیان لەیەك نەئەچوو هەموو جارێ خواردەمەنی و میوەیان بدرێتێ تامێکیان هەیە یەك لەدوای یەك جیاوازن لەتامی پێشوەکانیان کەچی ڕەنگە کەیان نەگۆڕاون نمونەی میوەی بەهەشت لەم جیهانەدا هەن ، وێنەی ئادەمیزاد هەمویان دروست کراون لەسەرو لەش ڕوومەت و گۆشت وخوێن وئێسك ودەمارو چاوو گوێچکە وزمان و شتی تر کەچی جیاوازن لەئازاریی و زیرەکیو ترسنۆکی و تەمبەڵی و زانیاری و نەزانین و دەست گوشایی و ڕژوی و ڕەوشتی بەرز و ڕەوشتی نزم و تەندروستی و نەخۆشی و ژیری و گێلی و شتی تریش لەگەڵ ئەوەیشدا ئادەمیزاد بەو هەموو جیاوازیەوە هەیانە لەیەك شت دروستکراون .ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە سەری مرۆڤ یەك سەرچاوەیە بەلآم ئاوی دەم شیرینە ئاوی لوت توونە ئاوی چاو سوێرە ئاوی گوێچکە تاڵە ئیتر بۆ ئادەمیزاد خۆی گێلو گەوج ئەکات جگە لەخوا بەتەنها کەسێ تر بپەرستن ،وەهاوبەش بۆ خوادابنێن ؟ .

لەگەڵ ئەوەدا ئەو هەموو شتە سەر سوڕهێنەرانە کە هەندێکیان بە چاو ئەبینرێن و هەندێکیان دووای بیرکردنەوە ئەبینرێن ، پێویستە ئێمەی باوەڕدار بزانین میوەکانی بەهەشت لە درەختەکان کرانەوە بە گورجی وێنەی ئەوەی کرایەوە دێتە جیگەکەی ، بەو بۆنەوە لە دانیشتوانی تێك ئەچێ ئەلێن : زۆر سەیرە بە گورجی چۆن جێگەکەی پڕبووە وە کە ئیمە ئێستا خواردمان . کەواتە خواردەمەنی بە هەشت بە خواردن کەم نابێتەوە بە

جۆرێ ئەگەر هەموو زیندەوەران لە سەر خواردنی هێشوو یێ ترێ کۆببنەوە بۆ خواردنی ئەو هێشوە هەمویان تێر ئەکا وە لە بەرچاوی ئەوان هیچ شتێکی لێ کەم نابێتەوە.

﴿ولهم فيها ازواج مطهرة﴾ وە بۆ باوەرداران هەیە لە نێو بەهەشتا چەندین هاوسەر و هاوجوت پاك کراونەتەوە لەو شتە قێزەونانەی مرۆڤ لایان ناخۆشە و قیزەونن وێنەی خوێن و میزو پیسی و چلم و بەلغەم و ئاوسی و چلك و سەرئێشە ونەخۆشی ئێشی پاش منالبوون و ژانی منالبون و لە داوێن پیسی و خانەگومانی ودڵ پیسی .

﴿وهم فيها خالدون﴾ وە باوەرداران لە نێو بەهەشتا بەردەوامن هەتاهەتایە زیندوون و هەرگیز نامرن هەموو کاتێ لەتەمەنی سی و سێ (٣٣) سالیدان ، ژنان و پیاوانی بە هەشت لاو وبێ مون هەموو کاتێ ئارایش کراون و رێك و پێکن ماندویی رووبان تێ ناکات ، ئەندامەکانیان شیاوی یەکترین رۆژژ لە دووای رۆژ جوانتر ئەبن پیری و لاوازی و نەخۆشی رویان تێ ناکا. جل و بەرگ و شخلیان نارزێ و چەندین شتی تر گرانە نوسینیان.

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا
فَوْقَهَا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن
رَّبِّهِمْ ۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ
بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا ۚ
وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ
ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ
وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٢٧﴾

خوای گەورە کاتێ وێنەی لێ ئەدا و ڕونـی ئـەکردەوە کـە ئـەو دووڕووانـە وێنـەی کەسێکن ئاگرێکیان کردبێتەوە وە لـە شەوێکی تاریکدا ، یاوێنەی کەسانێکن باو بارانێکی زۆر لێیان هەڵکا ، دووڕووەکان ئەیان ووت : شایستەی خوای گەورە نیە وێنـەی لێ بـدا بەو شتە بێ نرخانە ، وە خوا چ ویستێکی هەیە بەو وێنە لێدانە خوای گەورە ووتەکانیان بە درۆ ئەخاتەوە وەئەفەرموێ :

﴿ ان الله لایستحی ان یضرب مثلاً ما بعوضة فما فوقها﴾ بە ڕاستی خوا قودەغـە ناکـا وێنە هێنانەوە کە لێی بداو ڕون بکاتەوە بۆ بونەوەران بە مێشولـە یە دووایی بـە زۆور تـرو گەورەتر وەك جاڵجاڵۆکە و مێش و شتی تر ، خوا بەو وێنە لێدانە ئەو دوو ڕووانە تـاقی ئەکاتەوە بۆ دانیشتوان هەتا بیان ناسن وەك ئەفەرموێ :

﴿ فأما الذین أمنوا فیعلمون أنه الحق مـن ربـهم﴾دووایـی کەسـانێکی ئـەوتۆ باوەڕیـان هێناوە بە خوا و بە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و بە قورئان دووایی ئەزانن ئەو وێنـە لێدانـە راسـتە لـە لای پەروەردە کەری خۆیانە وە کە بە باشی وورد ئەبنەوە لە ناوەرۆکی ئەو ئایەتانە بە بـێ گومان بڕوای پێ ئەهێنن ئەڵێن : هەرکارێ خوا بیکا زۆر چاك و شایستەیە ؟

﴿وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَيَقُولُونَ ماذا أرادَ اللهُ بِهـذا مَثَلاً﴾ وە بـەڵام کەسـانێکی ئـەو تـۆ باوەڕیان نەهێناوە، وەك جوولـەکان و دووڕووەکـان ، وبـت پەرستان دوای ئـەڵێن :چ ویستێکی هەبووە خوا بەلێدانی بەو شتە بێنرخانە بەوێنەدانان؟.

﴿يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا﴾ خـوا لـەڕێگای ڕاسـت لا ئـەدا بـەهۆی ئـەو وێنـە لێدانەوە زۆر کەس لەئادەمیزاد وەك بت پەرستان و بێ بـاوەڕانی تـر ، خـوا یـاریدە ئـەدا بەهۆی ئەو وێنە لێدانە زۆر کەسیش لە باوەڕداران و ڕاغوییان ئەکا.

﴿وَما يُضِلُّ بِهِ إلاَّ الْفاسِقِينَ﴾وە خوا لانادات لە ڕێگای ڕاست بـەهۆی وێنـە لێدانـەوە مەگەر کەسانێ کە لـەسنووری دیاری کراوی ئیسلام دەرچوون ، وەك جولـەکەکان هەموو بێ باوەڕن .

﴿ الَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَاللهِ مِنْ بَعْدِ مِيثاقِهِ ﴾ کەسانێکی ئـەوتۆن تێـك ئـەدەن فـەرمان و پەیمانی خوا لـەپاش بەستن و گرێدانی ئەو پەیمانە لەلایـەن خـواوە دابـین کـراون بەچـەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز.

﴿ وَيَقْطَعُونَ ما أَمَرَاللهُ بِهِ أنْ يُوصَلَ ﴾ وە ئەو کەسانە ئەپچڕێنن و پارچە پارچـە ئەکـەن شتێ خوا فەرمانی داوە ئەو شتە بگەیـەنرێن بەیـەك ،وەك ئاموشـۆی خزمـان و دۆسـتایەتی باوەڕداران و باوەڕهێنان بەپێچغەمبەران کەچی ئەوان باوەڕ بەهـەندێ پێغەمبـەران دێنـن و باوەڕبە هەندێکیان ناهێنن .

﴿وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ﴾ وە ئەو کەسانە ئاژاوەو خراپـە بـڵاو ئەکەنـەوە لـەزەویدا،وە گاڵتە بەڕاستیەکان ئەکەن ، دژی ئاینی ئیسلام دەوەستن جگە لـەخوا ئەپەرستن .

﴿أولئِكَ هُمُ اْلْخاسِرُوْنَ﴾ ئەو بێ باوەڕە ئەوانەن هەر ئەوان زیان مەندن و سزایان دەدرێت لەرۆژی دوایدا بێبەش دەبن لەبەهەشت ،چونکە فەرمانی خوایان تێك داوە وەنایان گەیەنن بەشوێنی خۆیان و خراپە بلاَوئەکەنەوە لە زەویدا و لە دژی پیاو چاکانن .

تێبینی : ئادەمیزاد بیانویان لیَ‌وەرناگرێ باوەر بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەهێنن چونکە بەهۆی قورئانەوە ئەو ئاینەی گەیاندووە بە زوربەی زۆری ئادەمیزاد ئەو قورئانە بەردەوامە هەتا هەتایە ، فەرمانیان پیَ دراوە چاکە بکەنوخراپە نەکەن .بە تایبەتی لەم چەرخەی ئێمەدا بەزۆری باسی لێوەکراوە ، وە بە دانیشتوان ناسراوە بە هۆی رادیۆی و تەلە فزیۆن وبە هۆی بێ تەلەوە و تەلەفۆنەوە ، هاتو چۆ بە زۆری ئاسان کراوە و ئەتوانرێ پەیوەندی بە هەموو دانیشتوانی ڕووی زەوی بکرێ ، وە هەواڵی ڕۆژانە بەیەکتری بگەیەنن یا بەتەواوی یاتارادەیەکەلە یەکتری بگەن ، لەم سەردەمەدا زوربەی ئادەمیزاد زمانی یەکتری فێربون بە هۆی زانکۆکانی فێرکردنی زمان ، جگەی ئەوانیش ، ئادەمیزاد ئازاد سەربەستە و زۆریان لیَ ناکرێت باوەڕ بهینن و چاکە بکەن و خراپەنەکەن بەلاَم پێویستە ئەقلَ و ژیری خۆیان بەکار بهێنن بۆ دیاری کردنی چاك و خراپ ئەوکاتە بۆیان ڕوون ئەبێتەوە چاکە و خراپە پەیوەندی بە خوای گەورە وە نیەیە ، خۆیان بەرپرسیارن و هیچ کەسیَ زۆری لیَناکرێ و، خۆیان بە سەربەستی خۆیان بە کردەوەی خۆیانیان هەلَبژاردووە ، پێشکەوتن و دووا کەوتنی شارستانی دەست نیشان کردنی بیروباوەڕ هۆی کەمتەرخەمی خۆیانە زانای و پێش کەوتن هەر بە کۆشش پەیدا ئەبیَ بۆیان روون ئەبێتەوە وە توشی بوختان و سەر لیَ شێوان نابن کە هەندیَ لە خۆ پەرستان و پارەو پول پەرستان ئەیلێن و زمان درێژی ئەکەن کە ئاین ئێمەی دووا خستووە و دوژمنایەتی ئایین ئەکەن بە بیَ ئەوەی لە ماوەی هەموو تەمەنیاندا نامیلکەیەکی لە باسی ئاینی ئیسلامدا خوێندبێتەوە جگە لە نووسراو نامەی دوژمنانی ئیسلام ئەوشتەی ئەگەر خویندبیتەوە بریتی بووە لە ڕۆژنامە یان گۆڤار کە جگە

لە هەواڵ و باسی ڕووداوی جیهان هیچ شتی تری تێدا نوسراوە مەگەر بە ڕێکەوت باسی ئاینی بکرێ و بیشنوسرێ بە دەست دوژمنەوە :

بۆ زانین : ئادەمیزاد بیر لەوە ناکەنەوە ئەگەر یاسای قورئانی پیرۆز یان بچەسپاندایە و بیانکردایە بە دەستووری رۆژانەی خۆیان ئەبوون بە نمونەی پێشەوا یانی پێش کەوتووی جیهان پرۆپاگەندەی دژمنانی ئیسلام تەفروتونا ئەبوو ئەیشیان زانی هۆی لاوازی موسلمانان لاوازی و نەچەسپاندنی یاسای ئیسلامە ... ئەتوانین بڵێین : لادان لە ڕێگەی ڕاست و داوێن پیسی و پەلاماردان بۆ سەر ناموسی و دارایی مرۆڤ و روخاندنی هێزیان و دووبەرەکی دروست کردن و هەڵگیرساندنی جەنگ لە نێوان ئادەمیزاد و موسلماناندا لە هەموو گۆشە و کەناری جیهاندا کاروکردەوەی ئەوکەسانەیە جگە لەموسلمانان و ئاینی تر ئەپەرستن . بگرە هەر ئاینیان نیە و هیچ ئاینێ ناپەرستن . بۆنمونە ئاژاوەی ئەم سەردەمەی ئێستا بە پیلان و بێ ویژدانی ڕژێمەکانی ڕۆژئاوا ورۆژهەڵاتن بە تایبەتی ئەو چوار ڕژێمە خاوەنی (فینۆن لە ئەنجومەنی ئاسایشدا) دژی یاسای ئیسلام ، ڕەوشتی خراپ بڵاو ئەکەنەوە وەك لایەنگری کردنی تاڵان و خوێن مژین و پەرە سەندنی خواردنەوەی مەی و قومارکردن و پەلاماریدانی مناڵان و ڕووت کردنەوەی ژنان ئەوانە هەموویان یاسای دەست کردیان بۆ دروست کردوون بە شێوەیە کەس نەتوانێ بەرەنگاریان بوەستێ خۆ ئەگەر بەرگریان لێ‌ی بکرێ بە تاوانی دا ئەنێن و ئەڵێن : سەرپێچی لە یاسا کراوە ،وە ئەو کارە خراپانە هەمویان قەدەغەن و بە نارەوا دائەنرێن لای یاسای ئیسلام .

بۆ ئاگاداری : هەندێ لەو شتانە پەیوەندیان بەو (٧) حەوت ئایەتانەی پێشوە هەیە ئەیان نووسین و باسیان ئەکەین :

١- ئەگێرنەوە (پێغەمبەر ﷺ) بە عیمرانی کوڕی حەسەینی ووت : تۆ چەند خوات هەیە : ئەویش ووتی (١٠) دە خوام هەیە ،پێغەمبەر ﷺ فەرموی : کامیان ئەگاتە فریات

و ڕزگـارت ئـەکا لـە خەفـەت و کـارە سـاتی سـامناك ووتـی هەرخوایـە ئەگاتـە فریـام پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرموی : کەواتە هەریەك خوات هەیە ئەوانی تر پڕوپوچن .

٢- کۆمەڵێ لە جیهان پەرستان ئەو کەسانەی ئاینیان بە گوێرەی کـات و ڕیکـە وتـە چون بۆلای (ئەبی حەنیفە) بەوانی فەرمووە ئایا ئیوە لاتان چۆنە چەند تەختە و دەرەختیـك لە خۆیانەوە دروست ببن بە پاپۆڕی بە بێ ئەوەی کە سێ لێی بخوری بڕوا بە ناو زەریـا و دەریادا هەر لە خۆیەوە پرببێ لە کەل و پەلی و پێداویستی تـر ، وە خـۆی بـە بـێ کەسـێ خۆی بپارێزێ لە شەپۆلی ئاوو گردە لوولی زەریاو دەریا ئە و پاپۆرە خـۆی رزگـار بکـا و بگاتە ووشکانی ، خۆی چۆڵ بکا لـە و کەل پەلـەی ناوی خۆی ، بە گوێـرەی ئـەقڵی ئیـوە ئەو شتە چۆنە ؟ ووتیان شتی وا نابێ و ناچێتە ئەقڵـەوە . ئـەبو حەنیفـە فـەرمووی : ئـە ی هەموو بونەوەرانە بەم جیاوازانە هەیانە لە یـەکتری و هەریەکـەیان کـاری خۆیـان بـە جـێ ئەهێنن چۆن بە بێ کەسێ دروستیان بکا و بیان پارێزێ چۆن ئەچیتـە ئەقڵـەوە ووتیـان تـۆ ڕاست ئەکەیت و هەموویان باوەڕیان هینا .

٣- کۆمەڵێ تر هەر لـە و کەسانە بیریان وابو بونەوەران بە ڕیکـەوت دروسـت بـوون پرسیاریان لـە پێشەوا شافیعی کرد وو ووتیان : بەڵگەی تـۆ چ ششـتیکە لـە سـەر بوونـی خوا. فەرمووی : گەڵای داری تو ، ئایا تام و بۆن و ڕەنگ سروشتیان وەك یەك نین بـەلای ئیوەوە وە ووتیان : بەڵێ وەك یەك وان فەرموی: کرمـی ئاورشـم گـەڵای دەرەختـی تـو ئەخوا ئەوریشم دروست ئەبێ مێش هەنگ ئەی خوا هەنگوین دروست ئـەبێ ئـاژەڵ ئـەی خوا شیاکە پەیدا ئەبێ و شیرو خوێنیش دروست ئەبێ ، ئاسك ئەی خوا مسك پەیدا ئـەبێ چ کەسێ وشتانە دروست ئەکا ! لـە گەڵ ئەوەشدا خواردنی هەموویان هەرگـەڵای تـووە هەموو ئەو شتە جیاوازانە دروست ئەبێ ووتیان زۆر ڕاسـت ئەفـەرمووی چارەیـان نـەما و بەدڵ خۆشی خۆیان بە نیازی پاکەوە موسلمان بوون .

٤- فەیلە سوفی ئینگلیزی (هربرت سبنسر) کە مردووە لە ساڵی (١٩٠٣) هەزارو نۆسەدو سێ دا لە شاری (بریگین) ئەڵێ : لەنامەکەی خۆیا (فی التربعە) زانینی سروشتی راست دژی ئایین نی‌یە ئەو نوسەرە ئینگلیزیە ئەڵێ . زانینی راست و ئاینێ کە راست بێ سەرچاوەیان هەریەك یەك سەرچاوەیە لە یەك جوێ نابنەوەە وە جوێ بکرینەوە ئەمرن .

٥- مرۆڤێکی دوژمنی سەرسەختی ئەبی حەنیفە بەئـەبی حەنیفـەی ووت : خـوا لـە چ جێگەیەکە ، ئەبو حەنیفە قاپێ ماستی هێنا و فەرموی : ئەو ڕۆنەی لەم ماستەدا هەیـە پێم نیشان بدە ، ئەو مرۆڤە ووتی : ناتوانم . ئەبو حەنیفـە فـەرمووی لـەم قاپـە بچوکـەدا تـۆ ئەتوانی ئەو ڕۆنە م نیشان بدەی . من لەم گەردونە گەورەدا ناتوانم خوات نیشـان بـدەم ، مرۆڤەکە بڕوای هینا .

٦- ئەگەر مرۆڤ بەنیازی پاکەوە کار بکا لە بەر فەرمانی خوا خوای گـەورە یارمـەتی ئەدا بە جۆرێ خـۆی چـاوەڕوانی نـەکات . بۆنمونـە سـوڵتان مـەحمودی پادشـای ئـەفغان پەلاماری (پاکستان) ی ئێستای دا کە ئەوکا تە بـت پەرسـتبوون سـەرکەوت و داگـیری کرد لە ئەنجامدا هەموو بتەکانیان شکاند جگە لە بتەگەورەکەیان دانیشتوانی ئەو هەرێمـە هاتنە لای سوڵتان ووتیان : ئەو بتە گەورە یە مەشکینە دراوێکی زۆرت ئـەدەینێ سـوڵتان ڕاوێژکارەکان خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوا مەبەستە ووتیان : ئێمە پێویستمان بـە پـارەو پـول هەیە .سوڵتان ووتی : کەواتە وەك بێژراوە ئازەری بت تاش بە منیش ئەڵێن : مەحمودی بت فرۆش دووایی فەرمانی دا بتە گەورەکەیان شکاند تەماشـایان کـرد ئـەوەندە زیـڕو زیـوی لەناودا بەبەهەزاران زۆرترە لەوەی ئەیاندا بە بە ڕانبەر بە نەشکاندنی ئەو بتە . داواکارم لە لە خوا لە گوناهەکانی خۆم و هاوسەر و خیزانم ببورە و یارمەتیمان بدە لە سەر پەرشـتی خۆت . ١٩٩٧/٥/٢ زایینی .

تێبینی : بڕگەی (٦) هەرچەندە سەرچاوەکەیم دەست نەکەوت . بەڵام ڕادیـۆی (یـەك گرتوی ئیسلامی) بڵاوی کردەوە ، نوکتەیەکی زۆر گرنگە لام بۆیە تۆمارم کرد .

كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَـٰكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٨﴾ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَـٰوَٰتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾

دووای ئەوەی خوای گەورە باسی بی باوەڕانی کرد لەوانەیە هەبیٚ لە نێویانا خۆی چاك بکا ڕویان تیٚ ئەکاتەوە و ئەفەرمویٚ :

﴿ کیف تکفرون بالله ﴾ چۆن ئێوە بڕوا بە یەکێتی خوانا هێنن ، وە بە لگەی ڕونتان لایە کە ببێتە هۆی ڕاکێشانتان بۆ لای باوەڕ بە یەکێتی خوا ئەگەر ئێوە ئەقڵتان بخەنە کار وە ئەو بە لگانەی زۆرن لە گۆشەو کەناری جیهاندا و هەموو بونەوەران بە لگەن لە سەر یەکێتی خوا بوونی خوا . وە خوای گەورە بەو پرسیارە بی باوەڕان ئەترسینیٚ هەڕەشەیان لیٚ ئەکاتەوە ئەفەرمویٚ :

﴿ و کنتم امواتاً فاحیاکم ﴾ وە ئێوە مردووی بیٚ گیان بوون یا لە نێو چەندین ڕوەکێکی خواردەمەنی بیٚ گیاندابوون یا لە نێو خوێنێکی مردوو یا دلۆپیٚ ئاوی بیٚ گیان یا پارچەیە خوێن و پارچە گۆشتێکی مردوبون لە نێو منداڵدانی دایکتانا ئەبیٚ خۆتان بزانن لە ناوکتانەوە خواردەمەنی داونەتیٚ وردە وردە گەشەی پیٚ کردن لە پاش ماوەی دیاری کراو بە زیندوویی ئێوەی هاورد بۆ سەرزەوی و

﴿ ثم یمیتکم ﴾ لە پاش تەواوکردنی تەمەنی دیاری کراو بۆتان خوا ئەتان مرێنیٚ و هەموو لە شتان ئەڕزیٚ و گیانتان ئەمێنێتەوە لە جێگەیە خوا ئەیزانیٚ و بەس .

﴿ ثم یُحیکم﴾ لە پاشا خوا دووای مردنتان بۆ جاریَ تر دووهەم زیندوئەکاتەوە لە رۆژی هەڵسانەوە تان لە گۆردا ئەو گیانە ماوەوەی پێشەوەتان ئەکاتەوە بە بەرتانا پرسیارو و وەڵامی کردەوەی زیندەکانی جیهانتان لێ ئەکا بۆ پاداسشت و تۆڵە .

﴿ ثم الیه ترجعون﴾ لە پاش زیندوبونەوەتان لە جاری دووهەمدا ئێوە بۆ لای خوا ئەگەڕێنەوە هەمووتان کۆ ئەکرێنەوە لە پاشەڕۆژدا بۆ وەرگرتنی پاداشت .

بۆزانین : بێگومان ئەوکەسەی لە نەبونەوە ئێوەی دروست کردووە زۆر ئاسانە لای ئەو کەسە پارچەکانتان کۆبکاتەوە لە دووای ڕزینتان بیان کاتەوە بە لە شەکەی جارانی پێشووی جیهان و گیان بکاتە تەوە بە بە رتانا ، وە کەسێ بتوانێ کۆشکیکی نایاب دروست بکا ئەتوانێ بە ئاسانی تر زنجیَ دروست بکا یادووای ڕووخان بۆ جاریَ تر ئەوکۆشکە دروست بکا تەوە .

﴿ هو الذي خلق لکم ما فی الأرض جمیعاً﴾ خوا کەسێکی ئەوتۆیە دروستی کرد بۆ سودی ئێوەی ئادەمیزاد شتیَ لە زەویدا بە گشتی بە سەریەوەبیَ هەمرو شتیَ ئێوە سودی لێ وەربگرن وەکو هەواو ئاوو ئاژەڵ و کێوو بەرد ، یا لە نێو زەویدا بیَ وەك نەوت و زیڕ و زیو ئەڵماس و قیرو شتی تر هەموویان بۆ سودی ئێوەیە ئیتر چۆن باوەڕ بە خوا ناهێنن سوپاسی ناکەن ؟

﴿ ثم استوی الی السماء﴾ لە پاشا ڕۆی خۆی بۆ لای دروست کردنی ئاسمان کرد بە ئەوپەڕی ڕیك و پێکی دروستی کرد و ڕێکی خست و بە کۆتایی گەیاند .

﴿ فسواهن سبع سماوات ﴾ دووایی خوا ئاسمان ڕێك خست و دروستی کردن بە حەوت ئاسمان بە بیَ خواری و لاری و کەم و کورتی .

بۆ ئاگاداری : باسکردنی ووشەی (سبع) ئەوە ناگەیەنیَ جگە لە حەوت ئاسمان ئاسمانی زۆرتر نەبن بەڵام ئەوە ئەگەیەنیَ ئاسمان لە حەوت کەمتر نین بە گوێرەی زانین و زمان ناسین ژمارەکان ، مەبەست لە مانای کانیان ناکەن هەرتەنها ئەو ژمارەیە ناوی براوە . واتە

هەرکاتێ بێژرا حەوت دینارم بدەرێ یا حەوت دینارم هەیە مانای وانیە لەوەزۆرترم نەداتێ یازۆرترم نیە بێگومان زانیاری ڕوونی کردووەتەوە ئاسمانەکان زۆرترن لە حەوت ئاسمان .

﴿وهو بکل شی علیم﴾ وە خوا بە هەموو شتێ ئەزانێ زۆربن یان کەم کە لە ئاسمانو زەویدان بە گشتی .

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً
قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ
نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ
﴿٣٠﴾ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ
فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَـٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُوا۟
سُبْحَـٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ
﴿٣٢﴾ قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ
أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٣٣﴾

﴿واذ قال ربك للملائكة﴾وە تۆ محمد بیری ئەو کاتە بکەرەوە پەوەدەکەری تۆ ووتی بە فریشتەکان ئەو فریشتانە لەسەر زەوی بوون .یا هەموو فریشتەکان بەگشتی:

﴿انی جاعل فی الارض خلیفة﴾بەراستی من دروست ئەکەم و ئەگیرم لەزەویدا جێگە نشینێ بۆ ئێوە،وە جێکەی ئێوە بگرنەوە لە زەویدا وە ئێوە لە زەویدا نایەڵم ئەو جێگە نشینە بریتیە لە ئادەم وپێغەمەرەکان بۆ بەڕیوە بردنی بەندەکانی خۆم ڕێگەی ڕاستیان نیشان

ئەدەم و ئەوانیش ریگەی راست فێری ئەوان بكەن . وە پیغەمبەران نوینەرن بۆ وەرگرتنی راستی و گەیاندنی بەدروست كراوانی خوا هانیان بدەن بۆ چاكە و بیبیان تر سێنن لە خراپە كردن.

﴿قالوا أتجعل فیها من یفسد فیها و یسفك الدماء﴾ فریشتەكان وتیان : ئایا خوای ئیمە تۆ دادەنێ لە زەویدا كەسێ خراپە بكا لە نێو زەویدا و برژێنن خوینی خۆیان بە نارەوایی و بێ تاوان ؟

﴿ونحن نسبح بحمدك﴾ وە ئیمە پاك و خاوینی تۆو دەرنەبرین و دوورتەخەینەوە لە هەموو شتێ شایستە تۆ نەبێ‌پەیوەست بێ بە سوپاس كردن بۆ تۆ ئیمە بۆ نوێژئەكەین ئیمە ئەڵێین :﴿سبحان الله و الحمد لله﴾ پاك و خاوێنی بۆ خوایە وە سوپاس بۆ خوایە .

﴿ ونقدس لك﴾ وە ئیمە باسی تۆ ئەكەین بە پاكی لە هەموو شتێ شایستەی گەورەی و توانای تۆ نەبێ و رێزی تۆ ئەگرین بە جۆرێ شایستەی رێزی تۆ بێ .

﴿ قال انی اعلم ما لا تعلمون﴾ خوا فەرمووی بە فریشتەكان : بە راستی من ئەزانم شتێ ئێوە نایزلانن ئەو كەسانە من لە سەر زەوی دا یان ئەنیم هەیانە من ئەپەرستن وە ك پیغەمبەران و پیاو چاكان ، هەیانە بێ فەرمانی من ئەكەن دادپەروەری خۆمیان پیشان ئەدەم سودی زۆریان هەیە بۆ ئاوەدان كردنەوەی زەوی زیرەكی زۆرم پێ بە خشیون.

پ/ فریشتەكان چۆنیان زانی نەوەی ئادەمیزاد خراپە ئەكەن و ئاژاوەچین و خوێن رێژن؟

و/ بەم بەڵگانەی خوارەوە بۆیان روون و ئاشكرا بووە نەوەی ئادەم خراپە ئەكەن خوێن رێژن :

١- پێش ئادەمیزاد خوا جنۆكەكانی لە سەر زەوی دا نابوو وە دەستیان كرد بە خراپە كردن و خوێن رێژی و بەو بۆنەوە وایان ئەزانی هەركەسێ لە سەر زەوی بێ خراپە كەرو خوێن رێژ ئەبن .

٢- فریشتەکان لە شێوەی پرسیار ئەو گفتو گۆیانەیان لە خزمەت خواداکرد هەتا خوای گەورە بۆیان ڕوون بکاتەوە ئایا ئەوەی ئادەم خوایە کەرو خوێن ڕێژن یانە؟ مەبەستیان ئەوە نەبوو کاری خوایان لاگرانتربێ .

٣- خوای گەورە پێش دروست کردنی ئادەم فریشتەکان ئاگادار کردبونەوەی ئادەم خوایە کەرو خوین ڕێژ ئەبن بۆیە ئەو شتانە یان لە خزمەت خوادا ووت خوای گەورە لە وە لامی فریشتەکان دا فەرمووی : من ئەزانم شتێ ئێوە نایزانن هەرسێ پرسیارە کاندا بەو جۆرە وەلامی دانەوە .

تێبینی: هیچ بە لگەیەکی دیاری نی‌یە بۆ ناسینی فریشتەکان و چۆنێتیان بە جۆرێکی بینراو نە بە عەقلْ و نەبە هەست پێ کردن و تاقی کردنەوە و بەراورد کردنیان لە گەلْ شتێکی تردا وەجگە سروش لە سەر زمانی پێغەمبەران کە پێویستی کردووە لە سەرمان باوەرمان هەبێ بە بوونی فریشتەکان بەلگەی ترمان نیەو کەسێ باوەری بە سرووش نەبێ دروست نی‌یە گفتو گۆی لە گەلْ بکرێ لە بارەی بوونی فریشتەکانەوە ، چونکە باوەڕ بە بوونی فریشتە لقیکە لە درەختی سرووش ، دووایی ئەگەر چارمان نەما وە پێوست بو بکەوینە ووتووێژ لەگەلْ کەسێ بڕوای بە بوونی فریشتە نەبێ پێویستە لە بارەی سرووشەوە و ڕاستی سرووشەوە وە گفتوگۆی لە گەلْ بکرێ هەرکاتێ بڕوای بە سۆروش و ڕاستی سروش کرد بڕوایش بە بوونی فریشتە نەهێنێ ئێمە بە و کەسانە ئەلێێن : بڕوای بە سرو ش نی‌یە تۆ مافی ئەوەت نی‌یە بەزۆری و توندی و تیژی بیری خۆت بسەپێنی بە سەر کەسێکا بڕوای بە سروش هەیە ئەگەر بۆ تۆ دروست بێ بۆ ئەویش هەیە بە تۆپزی بیری خۆی بە سەر تۆدا بسەپێنێ کە سرووش ڕاستە .دووایی ئەو کەسە باوەڕی بە سروش نیە ووتی : بەو کەسە باوەڕی بە سرووش هەیە ئەو بڕوایەی تۆ بە سروش پوچە ، چونکە نەبە چاو و هەستەکانی تر و نەبە تاقی کردنەوە سرووش نەزانراوە . دووبارە ئەو کەسە ی تریش بۆی هەیە بە و کەسە بلێ : بێ باوەڕی تۆیش بە وشتە نەزانراوە کەواتە بوون و نەبوونی

سروش وە ك یەك وان لە بارەی بەلگەوە شتی نهێنی بە شتێ تری نـهێنی دابـین نـاکرێ . بەلام ئێمە بڕوادار بڕوای بێگومانمان هەیـە بـە قورئـان کـە کـەس نـاتوانێ وێنـەی دابنـێ سرووش ی قورئان ڕاستی سرووشی دابین کردووە ئە فـەرموێ فریشـتەکان هـەن کەواتـە ئێمە بڕوایشمان بە بونیان هەیە ، وە ئیوەی بێ باوەر بەلگەی دیارتان نیە جگەی ووتـەی خۆتان. زانایان ئەلێن : فریشتەکان لە شتێکی ڕوونـاك و بـێ خەوشـەن ، لـە ڕوونـاکی دروست کراون ، نێرو مێ یان نیـە ، خـواردن و خـەوتنیان نیـە . بـەردەوامن لـە سـەر پەرستنی خوا .بێ فەرمانی خوا ناکەن .ئەچنە وێنەی هەموو شتێ جگەی سـەگ و بـەرازو شتی تری بێزلێکراووە وە هەندێکیان لە لایەن خواوە فەرمانی تایبەتیان پێ سپێراوە .

بۆ ئاگاداری : ﴿ خلیفه ﴾ جێگەنشین بریتین لە ئادەم و کوڕو نەوەکانی ، جێگەنشینی فەرمانی خوان یا جێگەنشینی فریشتەکانن ، وە خوای گەورە کـارو بـاری زەوی داوەتـە دەستیان کـە هـەموو کـات و جێگەیـەکدا بـەو بۆنـەوە پیـت و فـەڕی شـاراوەی زەوی دەرئەهێنن و بەکاری دێنن بۆ سوودی خۆیان وە دادپەروەری بلاو بکەنـەوە بـە گوێـرەی یاسای خوای گەورە وە ستەم لە یـەکتری ناکـەن بـە هـەموو شـێوە بـە زەیوی ئـازەدان بکەنەوە .

وە گفتو گۆی فریشتەکان لە خزمەت خوادا وامان پیشان ئەدا کە لـە پێـش ئادەمـەوە دروست کراوی تر هەبوون ، پێش ئەوەی خوا ئادەم دروسـت بکـات خـوا فریشـتەکانی ئاگادارکردەوە ئەوەی ئادیەم دووای دروست بونیان و دانانیـان لـە سـەر زەوی کـاری خراپ ئەکەن و خوێن ڕێژی ئەکەن لە سـەر زەوی هـەروەها بۆسیشـمان ڕوون ئەبێتـەوە خوای گەورە هێزو توانای تایبەتی بە خشیوە

بە ئادەم و نەوەکانی ، وە فریشتە نایان زانن ئەو کەسانە لە ئادەمیزاد خراپە بکەن بـەر پرسیارن و بێ هودە نارۆن سزای کردەوەی خۆیان و پاداشتی چاکەی خۆیان وە رئـەگرن ئەگـەر فریشـتەکان بیانزانیبایـە ئـادەمیزاد بۆنبـای زەرەو هیدرۆجـین و ناپـالم و چـەکی

کاولکەری تر دروست ئەکەن و بەکاری دێنن لە بنەبرکردنی یەکتردا گفتوگۆکانیان لە خزمەت خوادا درێژەی ئەکێشا .بێژراوە لە لایەن زانایانەوە بەر لە ئادەم کۆمەڵێ‌تر لە دروست کراوانی خوا لەم سەر زەوی یەوە دا ژیاون شێوەیان لە ئێمەی ئادەمیزاد ەوە نزیك بووە ، لە ئەنجامدا زۆرتر لە ئادەمیزاد خراپەو دوژمنایەتی یەکتریان کردووە ، یەکتریان بنەبڕ کردووە و قەڵاچۆی یەکتریان کردووە . ئەتوانین بڵێین :لە ڕاستی ئەچێ خوایش هەموو شتێ ئەزانێ ئەم بۆچونە ڕێك ئەکەوێ لە گەڵ زانستی زانایان و پسپۆرانی زەوی هەلکەن کە ووتویان ە : کلەسەرو پەیکەر و پاشماوەی وایان دەرهێناوە لە نێو زەوی دا لە شێوەی ئادەمیزاد ئەچن ، نەك هەموو جۆرە شێوە وە ئەوەیش بوو بە هۆی ئەوە هەندێ لە بیروباوەرە پوچەڵەکان بلێن : ڕەگەزێ لە بونەوەران ئەگۆڕێ بۆلای ڕەگەزێ تر بەو بیروباوەڕە پوچەڵە یان هەزاران لاوی دڵپاکیان لە خوا لادا ، بە داخەوە پەیڕەویان کردن کە گۆیا ئادەمیزاد لە کۆنا ڕەسەنی مەیمون بووە .

بۆ زانین : گفتوگۆی فریشتەکان لە خزمەت خوای گەزورە دا وانەیەکی بە نرخ و ئامۆژگاریەکی بە سودمان فێرئەکەن ئادەمیزاد سودی لێ وەر بگرن ئەوەیش ئەمەیە ، ئادەمیزاد با ئەو پەڕی زانیاری هیزو ئازایی و پاکی و دەسەڵاتی ئاینی و جیهانی هەبێ ناگاتە ئەو ڕادەیە ڕەخنەی لێ نەگیرێ و گفتو گۆی لە گەڵ نەکرێ .لە جێگەیە خوای گەورە بەو هەموو بەرزی و گەورەییەوە هەیەتی ڕیگەی دا بە فریشتەکان ووتوویژی لە خزمەتدا بکەن وە لە سەردەمی خۆیاننا گفتو گۆیان لە گەڵ دروست کەری خۆیانا کرد لە گەڵ ئەوەیشدا بەندەیی و مل کەچی بە رانبەر بە توانای خوای پەروەردگار ی خۆیان هەبوو.ە لایان ڕوون بوو جگەی خوا شایستەی ڕێز نی‌یە و سوپاس و پەرستنی بۆ ناکرێ خوای گەورەیش میهرەبانی لە گەڵدا کردن وە بەڵگەی شایستەی بۆ فریشتەکان ئەهێنایەوە وە زۆرو هەڕەشە بەکارنەهێنا لە گەڵیان. کەواتە ئێمە و ئەو کەسانە کە خۆمان بە بەرزتر دابنێین لە جگەی خۆمان و بە لامان وایە ڕەخنەمان لێ نەگیرێ ، بەو ووتوویژەی

فریشتەکان لە خزمەت خوادا چرکەبە بە دڵمانابێت کە بەو کردەوەیە بیزانین یا نەیزانین خۆمانمان بە گەورەتر داناوە لە خوا و هەستی پێ ناکەین و چ کرداریێ لەو کردارەی ئەوان خراپترە ؟

﴿وعلم ادم الاسماء کلها﴾ وە خوا ئادەمی فێری ناوی هەموو بونەوەرانی بە گشتی کرد، بە و رِستە یە خوا فریشتەکانی ئاگادار کرد کە ئادەم بە رِێزترە لە ئێوەو هەموو بونەوەران چونکە رِێزی هەموو بونەوەریێ بە زانین و زانستە خوا ئادەمی دروست کردووە لە چەند بەشی جیاجیا و لە چەند رِەگەزی جیاواز لە یەکتری وەك گڵ و ئاو و ئاگر و هەوا ، بەوبۆنەوە ئامادەیە بۆ زانینی هەموو شتی نهێنی و ئاشکرا ، بۆ دۆزینەوەی شتی نادیار و جیاواز لە یەکتری بە تایبەتی پیت و فەرِی نێو زەوی و سەر زەوی دەربهێنن و کانگاکانی بدۆزنەوە بیان خەنە گەرِ بۆ سودی خۆیان وە زیرەکی وامان پێداون بۆشایی گەردوون تاقی بکەنەوە .

﴿ ثم عرضهم علی الملائکة ﴾ لە پاشا خوا رِای گەیاند نێو نراوەکانی ئەو ناوانە بەسەر فریشتە کاندا وە ئەوانی پیشان دان بۆ ئەوەی بیێ دەنگیان بکا و بۆیان دەرکەویێ گەورەیی ئادەم خوا فەرموی بە فریشتەکان :

﴿ فقال انبئونی بأسماء هؤلاء ان کنتم صادقین﴾ دووایی خوا فەرموی : ئیوە هەواڵم بدەنیێ بە و شتانە ئەم ناوانەیان بۆ دانراوە ئەگەر ئێوە رِاست ئەکەن لە گفتو گۆی خۆتانا کە ئێوە شایستەی جێگەنشینین و لە ئیوە زاناترم دروست نەکردووە ، ئەو ئایەتە رِوونی کردەوە بە بەڵگە لە سەر ئەوەی زانیاری و فێرکردن پلەیەکی زۆر گەورەی هەیە لای خوا و لای فریشتەکان وە ئادەم و نەوەی ئادەم شایستەو ئامادە کراون بۆ زانین و زانستی.

﴿ قالوا سبحانك لاعلم لنا الا ما علمتنا انك انت العلیم الحکیم﴾ فریشتەکان ووتیان: خوا بیێ پاکی بۆ تۆیە و تۆ دوورتری لەوە رِەخنە بینە سەرت ، هەرشتیێ تۆ دروستی بکەی بێهو دەنبەوە وە تۆ ئەو شتەی دروستی بکەی پاشەرِۆژێکی بە نرخی هەیە .هیچ زانینیێ بۆ

ئیمە نیە مەگەر شتیٚ تۆ فیٚری ئیٚمەت کردبیٚ . بە ڕاستی تۆ ئەزانی بە هەموو شـتیٚ و هیـچ شتیٚ لە تۆ پەنهان نی‌یە هەموو شتیٚ لە جیگـەی شـیاوی خۆیـا دائـەنیٚ و دادپـەروەری و خراپە ڕووناکاتە فەرمانی تۆ کاتیٚ فریشتەکان نەزانینی خۆیان دەربڕی خوا فەرمووی :

﴿قال یا ادم أنبئهم بأسمائهم فلما أنبئهم بأسمائهم﴾ خوا فەرمووی بـە فریشـتەکان ئـەی ئادەمتۆ هەواڵ بدە بە فریشتەکان بە ناوەکانیانم .

﴿قال الم اقل لکم انی اعلم غیب السماوات والأرض﴾ خوا فەرمووی بە فریشتەکان : ئایا من بە ئیٚوەم نەووت : بە ڕاستی من نهینیەکان ئاسمانەکان و زەوی ئەزانم و لـەمن پەنهان نین ؟

﴿و اعلم ما تبدون و ما کنتم تکتمون﴾ وە من ئەزانم شتیٚ ئیوە ئاشـکرای ئەکـەن وەك ئەوەی ئادەمیزاد خراپە ئەکەن و شتیٚ ئیٚوە ئەی شارنەوە کە ئیٚـوە شایسـتەی جیٚگەنشـینی منن لـە ئاوەدانکردنەوە ی زەویدا .

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٤﴾

﴿واذ قلنا للملائکة﴾ موحەمەد تۆ بیری ئەوکاتە بکەرەوە ئیٚمە بە هەموو فریشـتەکانمان ووت بە جبرەئیل و بە میکائیلیشەوە :

﴿ اسجدوا لادم ﴾ ئیٚوە ستایش بەجیٚبیٚنن بۆ ئادەم وە ملی‌بۆ شۆر بکەن بـە ئەوپـەری ڕیٚزگرتن بۆ ئادەم .

﴿ فسجدوا الا ابلیس ﴾ دووایی فەرماندانی خوا فریشتەکان سوژدەیان برد بۆ ئادەم و ملیان بۆ دانەواند جگە لە ئیبلیس ئەو ڕێزی ئادەمی نەگرت و ملی بۆ دانەواند و لە فەرمانی خوا دەرچوو .

﴿ ابی واستکبر﴾ ئیبلیس سەرپێچی کرد لە سوژدەو مل دانەواندن و خۆی بە گەورە دانا و بەرزتر لەوە ڕێزی ئادەم بگرێ .

﴿وکان من الکافرین﴾ وە ئیبلیس لە بێ باوەڕان بوو فەرمانی خوای بە جێ نەهێنا و ڕێزی ئادەم نەگرت و خۆی بە گەورەتر دانا لە ئادەم .

بۆزانین :فەرماندانی خوای گەورە بەفریشتەکان کەمل بۆ ئادەم دانەوێنن بەڕێزگرتنی ئادەم ،لەبەرزی پلەی ئادەمە بەسەرفریشتەکان وهەموبونەوەراند،وەئەو پلەبەرزەش هەرلەبەر گەورەیێ زانینە کەخوا بەخشیوێتی بەئادەم ،زۆرتر لەهەموو بونەوەران ،بۆیە خوای گەورەپێویستی کردوە لەسەر پیاوان وژنانی موسلمانان خوێندن وفێری زانست بن.

زانایان بەزۆری ئەڵێن :سوژدە بردن بریتی لەچەمانەوەی مل وبەرزکردنەوەی دەست ،چونکە سوژدەبردن بۆجگە خوا قەدەغەیە . بەڵام خواهەرشتێ فەرمانی پێ بدا دروستە ،ئاشکرایە سوژدەبردن بەفەرمانی خوایە وبۆخوایە،نەك بۆ ئادەم.زانایان بیریان جیاوازە لەبارەی ئیبلیسەوە ئایا یەکێکە لەفریشتەکان یایەکێکە لەجنۆکەکان ؟ئەوەی ڕاستی بێ یەکێکە لەجنۆکە کان .وەبۆناسینی شەیتان جگە لە سروش بەڵگەی ترنییە .

پ .هەندێ لە مێژوو بەسەرهاتی گەلاتی ڕابوردو چەند جارێ دوپات ئەکرێنەوە چ سودێ لەدوپات کردنەوەیاندا هەیە هەروەها باسی ئادەم و شەیتان باسی موسا وفیرعەون چەند جار لەقورئاندا باس دەکرێن ؟

وەڵام:خوای گەورە ئەوباسانە بەجۆرێ دائەرێژێ پێویستە دوپات بکرێنەوە وەئەوباسانە کەدوپات دەکرێنەوە بەڕواڵەت لەیە ك شێوەدان لەناوەرۆکدا هەریەکەیان شتێکی تازەی

وای تێدایە لەوی تریانی جیا ئەکاتەوە ، وەبەدوپات کردنەوەی ئەوباسە ئەنجامی ئەومەبەستە کۆتایی پیٚ دیٚت کەواتە ئەوکەسانەی ڕەخنە لەدوپات کردنەوەی هەنیٚلە باسەکانی قورئان ئە گرن ئەگەر بەجۆرێکی دادپـەروەری بیٚلایـەنی تەماشـای ئەوباسـانە بکـەن بۆیـان ڕون ئەبێتەوە ئەوباسانە لەیەك جیان لەناوەرۆکدا لەمەبەسـتدا .دوبـارە هەنیٚلـەدوژمنانی ئـاینی پیرۆزی ئیسلام لایان واە قورئان باسی هەندیٚشت ئـەکات جگـە لـە کـارێکی هونـەریو کات کوشتن و رابواردن هیچ شتی لیٚوەدەرناکەویٚ ئەوەی ڕاسـتی بیٚئەگەرهـەموو کـەس تەماشای مانای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزبکەن بـەدلێکی کراوەوسروشـتێکی پاکـەوە بـۆی روون ئەبێتەوە کەقورئانی پیرۆز نوسراوێکی بلندی وایە ئادەمیزاد بـانگ دەکـات بـۆلای ژیانێکی تازە شایستەوگونجاو بۆهەموو کات هەموو جێگەیە بـەجۆریٚ دارێـژراوە کەیاسـاو پرۆگرامێکە بکرێت بەدەستور بۆ ژیانی ڕۆژانە نەك چـیرۆك وڕابـواردن و کـات کوشـتن وکاری هونەری بێت .

تێبینی :سوژدەبردن بۆجگە خوا قەدەغەیە ڕێزی ئادەمیزاد پێویسـتە بەشـێوەیەك بگـیریٚ لەیاسـای ئیسـلام دەرنـەچیٚ فـەرمودەی پێغەمبـەر﴿ ﷺ﴾ بکـەین بەدەسـتوری خۆمـان پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەفـەرمویٚ بەمـەعازی کـوڕی جەبـەل سـوژدەبردن بۆجگەلەخواقەدەغەیـە ئەفەرمویٚ لەکاتی ڕێزگرتن لەیەك تری دەستی یەك بگوشن نەك سەرخەفانی یەکتری مـاچ کردن ئەوسوژدەبردنە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ قەدەغەی کردوە خاوەنی تەفسیری قورتوبـی ئـەلیٚ: هەندیٚ نـەزان ونەخوێنـەوار کەسەربەتەسـەوفن کردوویانەبەڕەوشـت بۆخۆیـان ،خۆیـان بیٚهۆش ئەکەن ،کاتیٚئەچنـەلای پیرەکانیـان داوایلیٚخـۆش بوونـی گوناهـەکانیان ئەکـەن ،وەئـەبینرێن لەوکاتانـەدا سـوژدەبۆپیرەکانیان ئەبـەن ،ئیترئەوکەسـانە هـەربیروباوەڕێکیان هەبیٚبەرەوگومرایی ئەڕۆن وکردەوەکانیان بەپوچی وبیٚسودی ئەڕۆن .

دووبارەخاوەنی تەفسیری قورتوبی ئەفەرمویٚ:زانا ئاینیەکان فەرمویانە :جگەلەپێغەمبەران ئەگەر کەسیٚکاری پەك خەرو بەهەموو کەس نەکراوی لیٚدەرکـەوت نیشـانەی ئـەوەنی یـە

ئەوکەسە دۆست وپیاوی خوایە .بەپێچەوانەی بیری هەنێ‌لەسۆفیەکان وڕافزیەکان لایان وایەئەوکەسانە کاری نائاسایی ئەکەن نیشانەی ئەوەیە پیاوی چاکی خوایە،ئەگەر دۆستی خوانەبێ‌ئەوکارانەی بۆناکرێ.بەڵگەی زانایان ئەوەیە کاتێ ئێمە بڕوامان وابێ ئەوکەسەپیاو خوایە بەباوەڕەوەئەمرێ ئەوەش جگەی خوا کەسی تر نازانێ کەواتە ناتوانین بڵێین بۆئەوەکەسەپیاوخوایە: هیچ کەسێ‌ئەخۆی ونەکەسی تر بەباوەڕەوەئەمرن کاری نائاسایی نابێتەنیشانەی پیاو چاکی بۆنموونە بێ‌باوەڕان و ئاگروگا پەرست بوزیەکان وجگەی ئەوانیش کاری‌نائاسایی وائەکەن زۆر جێگەی سەرسوڕمانە خۆئەگەر کەسێ بەناو مووسڵمان بێ هەنێ‌فەرمانەکانی خوا بەجێ نەبەرێ‌و کاری نائاسایی بکات ئەوەسەرلێشێوانە بۆ خۆی وجگەی خۆی بەڵام سۆفیەکان وڕافزیەکان ئەڵێن دروستە خوا هەنێ‌لەپیاوچاکان ئاگاداربکات کەخۆیان وهەنێ‌کەسی تر بە باوەڕەوەئەمرن پێشەوا ئەبی حەسەنی ئەشعەری هەنێ‌لەزانایانی تر لەوباوەڕەدان بەوێنەی سۆفیەکان ، نازانرێ‌خوابەچ جۆرێ وەبەهۆی چ کەسێکەوە دۆستانی خۆی جگەلەپێغەمبەرانی ئاگادار کردوە خۆی یاجگەخۆی بەباوەڕەوەئەمرن ؟

وَقُلْنَا يَـٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا
حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾
فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَـٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟
بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَـٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾
فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَـٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾
قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ
هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾

بیٚ گومان دوای ئەوەی شەیتان بیٚفەرمانی خوای کردوو ملی بۆ ئادەم دانەنەوان خوای گەورە شەیتانی بیٚبەش کردلەمیهرەبانی خۆی ،لەبەهەشتی دەرکرد،وەئادەم وحەوای ژنی ئادەمی لەبەهەشت هیٚشتەوە ،وەلەپاش وئەویش خوارونی کردەوەبۆ ئادەمیزاد ریٚزی ئادەم وسەرپیٚچی کردنی شەیتان لەفەرمانی خوا .خوائەفەرمویٚ:

﴿و قلنا یا آدم أسکن أنت و زوجك الجنة ﴾ وەئیٚمە ووتمان :ئەی ئادەم تۆوژنەکەی خۆت دانیشن لەبەهەشت ،لەهەرجیٚگەیەئارەزوتان هەیە..دارژانی ئەوراستیەوامان نیشان

ئەدا لەدانیشتنی خانوودا ژن دوای پیاوئەکەوێ ،وەمێردلەهەرجێگەیەبێت پێویستە ژن لەلای بێت ،وەژنیش پێشەواوگەورەی خانوە.

زانایان ئەڵێن : ئەوژنەی ئادەم ناوی حەوایە.هەرچەندلەمەوپێش باسی ژنی ئادەم نەکراوە. بەڵام بەڵگەی ڕاست هەیە کەئەوژنەی ئادەم لەبەشێکی لەشی ئادەم دروست کراوە ، وەك ئەوەخوا ئەفەرموێ:لەئایەتی(١٨٩)دالەسورەتی ئەلئەعرافدا .

﴿ وَجَعَلَ مِنها زَوجها لِيَسْكُنَ إليها ﴾ وەخوادروستی کردوەلەنەفسی ئادەم یالەڕەگەزی ئادەم ژنەکەی خۆی ،بۆ ئەوە ئادەم دانیشێ لای ژنەکەی خۆی،لەئایەتی(٢١)ی‌سورەتی رۆمدائەفەرموێ :

﴿وَمِنْ آياتِهِ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أنفُسِكُمْ أزواجاً لِتَسكُنوا إلَيها ﴾ وەهەندێکەلەنیشانەکانی خواکەدروستی کردوەبۆئێوە لەلەشی خۆتان ولەڕەگەزی خۆتان ژنەکانتان بۆئەوەئێوەدانیشن وئارام بگرن لایان ،لەرەگەزی جگەخۆتان دروستی نەکردوون هەتادورەپەرێزی‌نەکەن لەگەڵیان .

بۆ زانین :هەنی‌ لەزانایان ئەڵێن : ژن لەپەراسوی پیاودروست کراوە.بەڵام ئەوەی‌شایانی باس بێت مەبەست ئەوەیە :هیچ جیاوازی‌نی‌یە لەنێوان ژن وپیاودا.ژن لەپیاوە،وەپیاویش بەشێکەلەژن .وەبەهەرجۆرێ‌بێ‌مەبەستەکەناگورێ.لەبیرمان نەچێ‌دروست کردنی حەواپێش چونی ئادەم بێ‌بۆ بەهەشت یا دوای‌چونی بێ‌بۆبەهەشت گرنگ نی‌یە ئەوەی‌ئاشکرابێ‌ئادەم وحەوا هەردوکیان لەبەهەشتا پێکەوەدانیشتوون .

بەڵام ئەوەی‌ڕاستی بێ‌حەوا دوای دروست کردنی ئادەم بوە،بۆیە پیاوپێشەواوچاولێ کراوی‌ژنانە .

بۆئاگاداری : زانایان وپسپۆرانی شارەزا لەبارەی‌بەهەشتەوەبریاریان داوەکەبەهەشت ئەوجێگەیە پاداشتی چاکەی باوەڕدارانە لە پاشەرۆژدا . ئیتر گرِ و گاڵی ئەو کەسانە

وتویانە : بەهەشت لەجێگەیەتردایە جێگــەی بڕوای زۆربـەی زانایـان نی‌یـە بـەبێ‌باوەڕ و خوانەناس دائەنرێن ئەوکەسانەبڵێن لەجێگەیەترە .

﴿ وكلا منها رغدا حيث شئتما﴾ وە ئێوە هــەردوکتان بخۆن لــەخواردەمەنی ومیـوەی بەهەشــت لەهەرجێگەیــەئارەزوتان هەیەبــەژیانێکی فـراوان وخـۆش بـەبێ ئازاروناخۆشــی هەموونەوشتانەی کەلەبەهەشتان هی ئێوەیە ناوەرۆکی ئەورستەیە بۆمان دابـین ئـەکا کـەژن وپیاو وێنەی یەکن لەخواردن وڕابواردن وهەمووشتێکا لەجیهان ولەبەهەشــتا هــەردولایان خاوەنی دارایی تایبەتی خۆیانن بەبێ جیاوازی بەلاّم پێشەوایەتی گشتی وپێش نوێژی کردنی ژنان بۆپیاوان دروست نی یە یاسای‌ئیسلام داوالەژنان دەکات هەموو کاتێ لەگەڵ مـێردی خۆیانا بژین دوای پیاو بکەون هەتا بەبەختیاری ودڵپاکی بەیەکەوەبژین وڕابوێــرن گومـانی خراپە بۆیەکتری‌نەبەن .

﴿ولا تقربا هذه الشجرة ﴾ وەئێوەنزیکــی ئەودرەختەنەکـەون بـێ گومـان لەودرەختـە قەدەغەیە بەفەرمانی خوا ئیتر ئەودرەختە گەنم بـێ یـا درەختـێ تربـێ مەبەستەکە نـاگۆرێ بەڵگەیــەکی ڕاســت نــی یــە بۆدیــاری‌کردنی ئەودرەختــە بەڕاســتی خــواردن لەودرەختەقەدەغەکرابولەسەرئادەم وحەوا وەئەودرەختەبوو بەنەگبەتی بۆئادەم ونەوەکانی

﴿ فتكونا من الظالمين﴾ دوای خواردن لەودرەختە ئێوە ئەبن بەســتەم کـار، وەیـائێوەمی خۆن هەتانەبن بەستەم کار بەهەرچۆنێ بێ‌خواردنــی ئەبێتــەهۆی دەرکردنــی ئـادەم وحــەوا لەبەهەشت .

﴿ فازلهما الشيطان عَنْها﴾ دوایی شەیتان ئادەم حەوای داماو کــرد بـەنزیك بونـەوەیان لەودرەختە وەدەری کردن لەبەهەشــت وەگومـان دودڵــی خستەدەروونیانەوەبۆخواردنی ئەودرەختە وەئەوانیش لەودرەختەیان خوارد .

﴿ فاخرجهما مما كانا فيه﴾ دوای خواردنی ئەودرەختە ، شەیتان دەری کردئادەم وحەوا لەشتێ ئەوان لەناوی دابوون لەرێزوخۆشی بەهەشت ئاواتی شەیتان ئەوە نــەبوو لەرشێزو

خۆشی بەهەشت بێبەشیان بکات بەتەنها بەڵکو مەبەستی ئەوە بووئەوانیش بێبەش بن لەمیهرەبانی خوا هەتاهەتایە وەکو خۆی ئەوپلەوریزەشیان لێ وەربگیرێتەوە بەلام بەوئاواتەی خۆی نەگەیشت بۆیەرق وکینەی کلپەی سەند وەئادەم بەدەرکردنی بەهەشت گەورەتر بوو چونکەلەبەهەشتادراوسیی خوا بوولەزەویدا بوو بەجێگەنشینی خوا زۆرئاشکرایەجێگەنشینی گەورەترەلەدراوسێیەتی زانایان بیریان جیاوازە لەبارەی‌دەرکردنی‌شەیتان ئەوەی‌جێگەی‌بروابێ کاتێ شەیتان پلەوپایەی بەرزی ئادەمی بۆدەرکەوت بەهۆی ئادەمەوەدوور خرایەوەلەمیهرەبانی خوا شەیتان ئادەمی وەك دوژمنێکی گەورەی‌خۆی تەماشاکرد بۆیە بەشوێن هەلێکائەگەرا تۆڵەی لێ بسێنێ دەستی کرد بەپیلان دروست کردن بەهەرشێوەیەبوو خۆی گەیاندە بەهەشت دوو دڵی خستە دەروونی ئادەم وحەوا خۆی دانا بەدڵسۆزێکی دڵپاکیان ووتی ئەودرەختەبۆیەقەدەغەیەلێتان هەتا ئێوەنەبن بەفریشتە بەبەردەوامی بمێننەوە لەبەهەشتا وەسوێندی درۆی زۆری بۆخواردن ئەوانیش بڕوایان وابووکەس درۆ ناکا سوێندی درۆ ناخوا وازی لێ نەهێنان هەتا لەودرەختەیان خوارد دوای بەوبۆنەوەلەبەهەشت دەرکران وەك خوا دەفەرمووێ :

﴿وقلنا اهبطوا بعضکم لبعض عدو ﴾ وەئێمەووتمان بەئادەم وحەوا نەوەکانیان ئێوە بچنە خوارەوەبۆ لای زەوی هەنێکتان دووژمنی‌هەندێکتان بن ، نەوەکانیان هەرچەندە لەوکاتەدالەگەڵیان نەبوون بەلام چونکەلەوان ئەبن لەوان پەیدائەبن بەوێنەیە بوون تەماشا بکرێن ئەوەتەدوژمنایەتی باوەڕداران وبێ باوەڕان دوژمنایەتی نەتەوەکان لەسەسەرنیشتیمان وپلەوپایەی جیهان وشتی تریش پەیدابوون وبەردەوامە هەندێ لەزانایان ئەڵێن خوای گەورە ڕووی لەئادەم و حەواو شەیتانە لەودەرکرنەدا زۆرئاشکرایە دوژمنی یەکن .

تێبینی :دەرکردنی ئادەم حوا بەسزا دانانرێ وەك دەرکردنی شەیتان چونکە بەرلەوەی لەبەهەشت دەلربکرێن پەشیمان بوونەوە وەخوا لێیان خۆش بوو بەلام بۆ ئەوەبوو هەتا پەند وەربگرن توشی نەخۆشی ماندوو بوون وئارەق ڕشتن وبرسێتی وتینوێتی وخەفەت

وجەنگ بین لەسەرزەوی زاوزیّو نەوەی زۆر بخەنەوە بەڕوی زەویدا بـلاو بنـەوە زەوی ئاوەدان بکەنەوە فەرمانی خوا بپارێزن دوای کۆتایی پیّ هاتنی تەمـەنی دیـاری کـراو بمـرن لەپاشەرۆژدا پاداشتی کردەوەی چاك وخراپە وەربگرن .

﴿ولکم فی الارض مستقر ومتاع الی حین ﴾ بۆئێوە هەیە لـەزەویدا جێگـەی دانیشـتن وئارام گرتن هەتاماون لەسـەرزەوی بژیـن ودوای مردنیشـتان زەوی ئـەبیّ بـەگۆڕتان بـۆ ئێوەیش هەیە لەزویدا ڕابـواردن سـودلیّوەرگرتـن بـۆ ماوەیـە بخـۆن و بخۆنـەوە بدوێـن وکاربکەن و هاوڕیّ بگرن ،ئەوانەیش تا کاتی مردنتان ،دووایی بـۆ گـۆر ،دواتـر زینـدوو ئەکرێنەوە لەپاشەرۆژدا بۆپرسیارووەلاّمیکردەوەکانتان بەڕاستی ئەم ئایەتانە هەڕەشەی زۆر ئاشکران بۆئادەمیزاد لەبارەی دەرکردنی ئادەمیزاد لەبەهەشتدا گوناه کردنی ئـادەم وحـوا بەهەرشێوەیە بووبیّ ئاگادارکر دنی ئادەمیزادە بۆئەوەی بیربکەنەوە لەوشتانەی بەسـەرئادەم وحوادا تی پەرئەبیّ کەبەگوناهێکی بچووك لەبەهەشت دەرکران بۆئەوش ئێمەلەخوابترسـین لەهەموو گوناهێك گەورەبن یا بچووك دووبارە خۆمان بپارێزین لـەفیزو خۆبەگـەورەدانان ئاواتە خواز مەبە بەوەی دارایی وسامانی جگەی تۆ نەمێنیّ لەبەرئەوەی‌تۆ نیتەودلّ پیس مەبە بیربکەرەوەلەبەرئەوەوشتە خراپانە بۆشەیتان بیّ بـەش کراولەبـەزیی خـوا قـابیلی کـوڕی ئادەم هابیلی برای خۆیکوشت بـەناڕەوایی لەبیریشـمان بـیّ خـوا ئاگـاداری کردوویـن لەدوژمنایەتیگەورە لەنێوان ئـادەمی باپیرمـان وەئێمەولـەنێوان شـەیتانا هەتائێمـە خۆمـانی لیّبپارێزین هەڵەی نالەبارمان پیّتەکا .

﴿ فتلقی ادم من ربە کلمات ﴾ دوای ئەو کارەساتەی ڕابورد ئادەم چـەند وشـەیەکی لەپەروەردەکەرەکەی خۆیەوە وەرگرت خوا فێری کرد ئەویش فێری بوو،یەکیّ لەو وشانە :ئـەی پەروەردەکەرەکـەی مـن :ئەگـەر مـن پەشـیمان ببمـەوەوخۆم پـاك بکـەم ئایـا منئەگەڕێمـەوەبۆلای بەهەشـت ،خـوای گـەورە فـەرمووی :بـەلیّ.هەرچـەندە زانایـان هەریەکەیان ووشەێکیان دیاری کردوە.بەڕاستی هەموویان شایسـتەی ئـەوەیان هەیـە پێیـان

بپارێتەوەلەخوا بەیەکێکیان بێ یا بەهەموویان بێ گرنك نیيە،ئەوەی شایانی باس بێ ئادەم پارایەوەلەخوا ،خوالێی بورد .

﴿ فتاب علیه﴾ دووایی خوای گەورە پەشیمان بوونەوەی لێ وەرگرت ولێی خۆش بوو،وەمیهرەبانی وبەزەیی خۆی بۆگەڕانەوە.

﴿ انه هو التواب الرحیم ﴾ بەراستی پەروەردەکەری ئادەم هەر ئەوەبەزۆری پەشیمان بوونەوە وەرئەگرێ ،بەزەیی‌و میهرەبانی زۆرە بۆ بەندەکانی خۆی.

﴿قلنا اهبطوا منها جمیعا﴾ ئێمە ووتمان :ئێوە بچنە خوارەوە لە بە هەشت هەمووتان بۆ لای زەوی . خوای گەورە فەرمانی دا بە چونە خوارەوە و بە دووپات کردووەتەوەی ، بۆ ئەوەیە ئادەمیزاد چاکتر لە خوا بترسن یەکەمیان پەیوەندی بە ڕوونکردنەوەی ئەو یاسایانەوەهەیە دراوە بە فروستادەی خوا کەواتە بەڕووالەت دووپات کراوەتەوە لە ناوەڕۆکدا بۆ دوو مەبەستی جیاوازن وە بۆ ئەوە بە ڕستەی دووەم ببەسترێ بە ڕستەی دووایی خۆیەوە کە ئەفەرموێ :

﴿ فَإِمَّا يَأْتِينَكُمْ مِنِّي هُدًى﴾ دووایی ئەگەر هات بە ڕاستی بۆلای ئێوە لە لایەن منەوە شارەزایی کردن بەهۆی نامەو نێراو من .

﴿ فمن تبع هدای فلا خوف علیهم ولاهم یحزنون ﴾ دووای ئەو شارەزایی کردنە هەرکەسێ دووای شارەزایی کردنی من کەوتبێ و کاری پێ کردبێ دووایی ترس لەسەر ئەوکەسانە نیيە وە ئەو کەسانە خەفەتبار نابن و ناخۆشی نابینن و پاداشتی چاکەی خۆیان وەرئەگرن .

﴿والذین کفروا و کذبوا بآیاتنا﴾ وە کەسانیکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهیناوە بەو شارەزایی کردنانەی ئێمە لە نامەو لە نێراوی خواو بە درۆیان خستوەتەوە ئایەتە ڕوونەکانی قورئانی ئێمە ، یەکێتی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوە .

﴿ اولئك اصحاب النار هم فيها خالدون﴾ ئەو کەسانە دانیشتوان و هاوبەشانی ئـاگری دۆزەخن بەردەوامن لە نێویدا ئیتر ئەو کەسانە ئادەمیزاد بن یا جنۆکەکان ئەو کەسـانە لـە ئاگردان بە بەردەوامی هەتا هەتایە .

بۆ ئاگاداری : خوا هەموو شتێ لە شوێنی شیاوی خۆیا دائەنێت کە ئادەم و ژنەکەی بۆ ماوەیەك لە بەهەشتا بن ، لە دووایدا خۆیان لە بە هەشت بچنە دەرەوە بە هـۆی خواردنـی ئەو درەختەوە بە سەربەستی خۆیان بـە بـێ ئـەوەی کـەس زۆریـان لێ بکـات ئەگـەر ئـەو کارەیان نەکردایە بـە رخـوردار ئـەبوون بـە ڕابواردنـی بـە هەشـت هـەتا هەتایـە بـە بـێ ماندووبوون و ئازار ، وە هەر خوا ویستی بۆ ماوەیەك ئادەم و حـەوا لـە زەویـدا بمێننـەوە زاوزێ بکەن و ماندوێتی بچێژن لە هەمان کاتیشدا پرسیار لە هەموویان بکرێ لە و کـارو گفتوگۆیانە ئەیکەن لە جیهاندا وە دووایی بگەڕێنەوە بۆ لای بەهەشت بە بەردەوامی .

پ/ چ سوود و چاکەیە هەبووو لە چونی ئادەم بۆ بە هەشت لە پاشان دەرچونیـان بـۆ لای زەوی لە دووایدا دەرچونی ئادەم لە زەوی و گەڕانەوەی بۆ لای بە هەشت لـە پـاش مردنیان ؟

و/ بە زۆری ئەو سودە ئەوەیە کە ئادەم چەند قۆناغێ ببڕێ و سودی پێ بگەیەنێ خـۆی و نەوەکانی سودی لێ وەربگرن دووایی ئەو تاقی کردنەوەیـە دووایـی بگەڕینـەوە بـۆ لای زەوی بە وتاقی کردنەوە و بە سودانە بۆیان دەردەکەوێ مرۆڤ هەتا هەتایە کـە بـژی بـێ تاقی کردنەوە بە هەر جۆرێ بیەوێ بەبێ بەراورد و کێشانە نابێ بە راستی کەسێ خـاوەنی ویست ی خۆی بێ و بە سەر تێك چون نەڕوا بە گوێرەی هەوەسی خۆی و پاپەند نەبێ بـە یاساوە هەتا هەتایە لە بە ختیاری و خۆشیدا ئەژی ، وەئەو کەسەی گاڵتە بە ڕەوشی چاك و یاسای دیاری کراو بکا بە بێ نرخیان دانێ توشی ئـەو شـتە ئـەبێ ئـادەم توشـی بـوو لـە ناخۆشی و پەشیمانی ، وە گیرۆدەی ئازارو تەنگ و چەڵەمە ئـەبێ کەواتـە ئەگـەر کەسـێ گوناە و خراپەی زۆربوو پێویستە وێنەی ئادەم پەشیمان ببیتەوە لە جیهاندا بە رلە مردنی .

بۆ ئاگاداری : زانایان ئەڵێن پێغەمبەران بەر لە پێغەمبەرایەتی گوناهی گەورەو بچوکیان نەکردووە نە لە لایەن باوەڕ هێنان بە خوا و نەلە بارەی گەیاندنی فەرمانی خوا و نە لە لایەن پرسیارو وەڵامی ئایینی و کاروباری ئایینیەوە و کاروباری ئادەمیزادەوە بە گشتی .لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاست وێژو ڕاست کردار بوون بە تایبەتی لە بارەی بنچینەی بڕوای ئاینی یەوە خراپەیان لێ نە بینراوە بۆیە جیگەی متمانەو بڕوای هەموو کەسێ بوون بە دۆست و دوژمنانیانەوە مێژووی بێ لەکەیان بووە بە تایبەتی مێژووی پێغەمبەری ئیسلام کە دۆست و دوژمنی ئەیزانن و ئەیلێن.

بۆ زانین : پێویستە ئەو کەسانە پەشیمتان ئەبنەوە لە گوناە بڕوای بێگومانیان هەبێ ئەگەر ئەو تاوانانە لەمەو بەر کردوێتی ئێستا بوایە نەی ئەکرد بڕوایشی وابێ لەمەودووایش نایکا . جا بۆ ئەوەی بزانرێ ڕاست ئەکا نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەجی نەکردووی لە مەوبەری بەسەر بگێڕیتەوە وە تۆڵەو کەفارەتی نەزرسوێنی درۆ و ڕۆژی نەگیراو و کوشتنی ئادەمیزاد ببە خشێ بە هەژاران دارایی هەرکەسی خواردووە بۆی بژێرێتەوە وە یا گەردنی خۆی پێ ئازاد بکا هەموویان بە گوێرەی توانای خۆی .

يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِيٓ
أُوفِ بِعَهۡدِكُمۡ وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٤٠﴾ وَءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلۡتُ
مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُمۡ وَلَا تَكُونُوٓاْ أَوَّلَ كَافِرِۭ بِهِۦۖ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي
ثَمَنٗا قَلِيلٗا وَإِيَّٰيَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلۡبِسُواْ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ
وَتَكۡتُمُواْ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٤٢﴾ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ
ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ
وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ وَأَنتُمۡ تَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٤٤﴾
وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلۡخَٰشِعِينَ
﴿٤٥﴾ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَأَنَّهُمۡ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾

پێش ئەوەی دەست بکەین بە ماناکردنی ئەو ئایەتانەی پێشوو باسی هەندێ لە بەسەرهاتی جولەکەکان ئەکەین وە ڕەوشت و مێژوویان بە کورتی ڕوون ئەکەینەوە : خوای گەورە لە چەندین ئایەتی قورئان دا باسی جولەکەکان ئەکا لە و ئایەتانەدا ڕوونی کردۆتەوە خوا چاکەو بە خششی زۆری پێ داون وە سوپاس و ستایشی ئەو چاکانە ی خوایان نەکرد وە پێغەمبەرەکانی خۆیانیان ئەکوشت بە ناڕەوا و دوژمنایەتی و بێ فەرمانی

موسا و هارونیان ئەکرد ، وە دەستیان دایە گوێرەکە پەرشتن ، فیرعەونەکان کردبونیان بە بەندەی ڕابواردنی خۆیان ، دووایی خوا ئەوانی ڕزگار کرد لە چەوسانەوە و بەندایەتی ، ڕزگاری کردن لە خنکاندنی ئاوی دەریای سوور گەزۆو شێلاقەی لە دەشتی (تەبـــها) بۆ باراندن ، لە ئەنجامدا دەستیان دایە پیلان و خراپە کردن لە گەڵ پێغەمبەرەکانیان لە دووایشدا دوژمنایەتیان بۆ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وموسلمانان زۆر بە تیژتر بوو ، وە ئەو کەسەی ڕێگەی ڕاستی بگرتایە دژیان ئەوەستان لەم سورەتەدا بە تایبەتی لە باسی فەرماندانی خوا بەوان بە سەر بڕینی مانگا بە چەند ڕووداوی نالەبار ی جولە کەکانمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە .

تێبینی : بە ڕاستی لە زیندگانی و وژیان ئادەمیزاد لە جیهاندا : پاش ماوە ی ژیانیان مێژوویەکی فراوانیان هەیە : لەبارەی چۆنیەتی بەرگ و پۆشاك دروست کردنی خواردەمەنی هەمە جۆرە بۆ خۆیان ڕەنگ و نەخشەی کۆشك بۆ حەسانەوەی خۆیان دانیشتوانی ئەو کاتانە کە ئەمرن ئەو شتانە ئەبەن بە شی کۆمەڵێ تر کەدێن لە دووای ئەوان ، وە ئەمانەیش بە جۆرێ ترو چاکتر پەرە ئەدەن بە و شتانەو کەرەسەی زۆریش ساختە ئەهێنن بۆ خۆیان .. ئەوانیش ئەمرن و تاقمێ تر دێنە سەر زەوی هەروەها هەتا دێ سامان و پلەی جیهان بۆ هیچ کەسێ پایە دار نابێ پێویستە ئێمە تەمێ خواربین و بێ فەرمانی خوا نەکەین .

بۆ ئاگاداری : ئیسرائیل ناوی دووهەمی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە . برازای ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمە باپیرە گەورەی پێغەمبەری ئیسلام ﴿ﷺ﴾ عەرەب و جولەکەکان هەردوولایان لە نەوەی ئیبراهیمن ، مانای ئیسرائیل لە زمانی عیبریدا بە مانا عەبدولڵایە لە زمانی عەرەبیدا ... خوای گەورە بە نەرمی و ڕێزەوە ڕوونەکاتە جولەکەکان و ئەفەرموێ ئەی کوڕانی ئیسرائیل بۆ ئەوەی هۆشێ بکەنەوە بیبتەوە بیرتان کە لەو نەوە پیرۆزەن ، وە بۆ ئەوەیش هەستیان بجۆشێ کە خوا ئەو ڕێزەی پێداون و لە نەوەی ئەو

پیاوانە کە خراپە نەکەن .. جولەکەکان ناویان ئەبرێ بە (یـە هـود)، چونکـە هـەندێکیان نەوەی یەهوزای کوڕی یەعقوبن ..

بۆ زانین : کورتە مێژوویەکی جولەکەکان ڕوون ئەکەینەوە بەم جـۆرەی دووایـی : وەك لە سورەتی (یوسف) دا باسی ئەکرێ یـەعقوب خـۆی و کوڕەکـانی لـە سـەر داخـوازی یوسفی کوڕی یەعقوب کە شالیاری دارایی فیرعەونی ئەو سەردەمەی میسر بوو لـە فەلەستینەوە کۆچیان کرد بۆ میسر ، وە فیرعەون لە بەر ڕێـزی یوسـف بـە پیتـزین جێگـەی میسری پێ بەخشین ماوەیەکی زۆر لەو جێگەیە مانەوە بەڵام ئەو فیرعەونانەی لـە دووایـدا هاتنە سەر تەخت و دەستیان کرد بـە چەوسـانەوەی جولەکـەکان ، ئەشکەنجەو ئـازاری زۆریان ئەدان بە تایبەتی لە کاتی فیرعەونی سەردەمی موسادا کوڕەکانیـان سـەر ئـەبڕی و ژنەکانیانی ئەهێشتەوە هـەتا بـەرە بـەرە کۆتاییـان پـێ بـێ و ئـەی کـردن بـە بـەندەوە کارەکەری خۆیان پاش ماوەیە خوا موسای کوڕی عیمرانی کرد بە پێغەمبەر بۆیان بـە هـەر جۆرێ هەبوو ڕزگاری کردن لەو ماوەی ڕزگارکردنەیاندا دووڕووی و ترسنۆکی زۆریـان بەرانبەر موسا بەکار ئەهێنا ، وە موسا داوای لێ کردن بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین ، وە جەنگ بکەن لە گەڵ دانیشتوانیاندا ، وە بەڵێنی پێ دان سەر ئەکەون بەسەریانا ، وە جولەکەکان پاشە کشێیان نەکردو و بڕوایان بە خۆیان نەبوو ، وە بەموسـایان ئـەوت:خـۆت و خـوای خۆت جەنگیان لە گەڵ بکەو داگیریان بکەن ، دووای ئێمە لەو جێگەیەدا دائەنیشـین، لـە بەر نالەباریان و بێ فەرمانی کردنی موسا خوا پێویستی کرد لە سەریان چـل سـاڵ سـەر دەرنەکەن بۆ هیچ جێگەیە لە دەشتی (سینادا) بێن و بڕۆن ، تانەو بیانوی زۆریان ئاڕاستەی موسا ئەکرد لە ماوەی ئەو چل ساڵە دا، موساو هـارونی بـرای کۆچـی دووایـیان کـرد ، هارون لەپێشەوەی موسامرد، دووای کۆچی موسا ـ یوشـەعی کـوڕی نـون و خوشـەزای موسا بویە پێغەمبەر و جێگەنشینی موسا، بەخۆیو بـە ـ جولەکەکانـەوە بـەرەو فەلەسـتین ڕۆیشتن و داگیریان کرد و زۆریان لێ کوشتن و ئەوانەیان مابونەوە دەریان کردنـو خۆیـان

لە جێگەکانیان دانیشتن، دووای یوشەع چەند پێغەمبەرێکی تر نێرران بۆلای بەنوئیسرائیل ،داگیرکردنی فەلەستین پێش هەزارو سێ سەد ساڵ بەر لەدایك بونی عیسا لە ساڵی پێنج سەدو نەوەت و شەشی بەر لە زاینی پاشای (بابل) بەختە نەسر پەلاماری - فەلەستینی دا ، پاشایێتی جولەکەکانی کۆتای پێهێنا و زۆر کەسیانی سەربڕی،ئەو کەسانەیان مابونەوە بەدیلی بردنی و دەستی بەسەردا گرتن ، لە ماوەی فەرمان ڕەوایی بەختەنەسردا مانەوە بەچەوساوەیی هەتا ساڵی پێنج سەدو هەشتی پێش زاینی،ئەوبو پاشای فارسەکان سەرکەوت بەسەر بەختەنەسردا،جولەکەکان کەمێ پشویاندا و قاچی خۆشیان ڕاکێشاوچونەوەبۆ فەلەستین بۆ ماوەی دووسەد ساڵ لەژێر فەرمان ڕەوایی فارسەکانا بون. لەپاشا کەوتنە ژێر دەستی ڕۆمانەکان. بەلام ڕۆمانەکان لە دووای ئەوەی ئەسکەندەری گەورە دەستی گرتبو بەسەریاناو جولەکەکان بون بەژێردەستەی ئەسکەندەر، لە ماوەی فەرمان ڕەوایی ڕۆمانیەکان جولەکەکان شۆڕشێکیان بەرپاکرد لە دژیان و ڕۆمانیەکان ئەو شۆڕشەیان - کوژاندەوەو لە فەلەستین دەریان کردن ، ئەوانیش سەری خۆیان هەڵگرت، هەریەکەیان بۆ لایەك بلاو بونەوە بەسەر زەویدا، بەڕۆژهەلات و بەڕۆژئاوادا. بەباکورو باشورداکەمێکیان لە میسرو لوبنان و سوریەو عێراقداو لەحیجازا داگیرسانەوە، هەندێکیشیان هەر لەسەردەمی سولەیمانەوە بەهۆی بازرگانیەوە لە یەمەندا مابونەوە.

خوای گەورە ڕێزی بەنو ئیسرائیلی گرت و پێغەمبەرانی زۆریان لێی پەیدابو، وەك موساو هارون و یوشەع و داودو سولەیمان و ئەیوب و عوزەیرو زەکەریاء ویەحیاو عیساو - پێغەمبەرانی تریش ، لەبیرمانبێ مەریەمی دایکی عیسا لە نەوەی داودە، جولەکەکان باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی عیسانیە؛ بە گومانی خۆیان ئەوعیسا یە تەورات باسی ئەکا هێشتا نەهاتوە..

بزانین: کاتێ پێغەمبەری ئیسلام ﴿ ﷺ ﴾ کۆچی کرد لەمەکەوە بۆ مەدینە سێ تاقم - لە جولەکەکان لە مەدینەدابون: بەنی قەینا ع. بەنی قورێزە.بەنی نەضیر. جێگەی زۆریان

پێك هێنابو بۆ دروست کردنی مەی. چەندین مەڵبەندیان هەبو بۆداوێن پیسی و کاری خراپ، دەرگایان واز بو بۆ پارە وەرگرتن، پارەیان بەهەرچۆنێ دەست کەوتایە لایان گرنگ نەبو، لەوەرگای زۆریان هەبو بۆ بەخێوکردن بەراز. هەرئەوان کاری زەرەنگەریان ئەکرد، بازرگانیان ئەکرد، بەوبۆنەوە پارەی زۆرو زێرو زیویان پێکەوەنابو . بەسود نەبوایە کڕین و فرۆشتنیان نەئەکرد. بەکورتی دەستیان گرتبو بەسەر ئابوری شاری مەدینەدا، وەك دەستیان گرتوە بەسەر ئابوری زوربەی زۆری ڕژێمەکاندا. بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیاو فەڕنساو زۆر تری کیشوەرەکانی ئەفریقا.

دووای دانیشتنی پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ لە مەدینە جولەکەکان هەستیان کرد بونی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لە مەدینەدا مەترسی زۆر گەورەی هەیە بۆیان ڕاستەو خۆ، کاری گرنگ ئەکاتە سەربازرگانی و قازانج و بازاڕیان. ئەیان زانی لاوەکانی مەدینەبۆ لەمەوپاش ئاموشۆی جێگە داوێن پیسیەکان ناکەن،بۆیە دەستیان کرد بەپیلان دروست کردن بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گیرو گرفتیان بۆ پێغەمبەر ئەخستەرێگەیدوو ڕویان بەکار ئەهێنا. لە ژێرەوە لە گەڵ بت پەرست و دوو ڕوەکانی مەدینەبون،هاوکاریان ئەکردن لە دژی پێغەمبەرو موسڵمانان بۆ سودی تایبەتی خۆیا.

لەم سەردەمی ئێمەیشدا تاقمی کۆنە پەرستان و دوژمنانی ئیسلام بۆ سودی تایبەتی خۆیان یاریدەی یەکتری ئەدەن لە دژی موسڵمانان و لە دژی مرۆڤایەتی. بەناوی کۆمەکیەوەچەك ئەدەن بەرژێمە کرێ گرتەکانی خۆیان، لەنهێنیدا پەیمانیان پێ مۆر ئەکەن ئەو چەکانە بەکار نەیەنن لەدژی دۆستانی خۆیان، ئیتر بادوژمنی خۆشیانبن.دوژمنانی ئیسلام پارەو چەکیان ئەدەنێ ئەوانیش مرۆڤایەتیو نیشتمان و برای خۆیانیان ئەدەنێ ، بۆئەوەیش بەکاربێنن لە دژی هاوزمان و هاوئاین و هاونیشتمانی خۆیان.

کاتێ پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ چوە مەدینە لەڕداوو چۆنێتی ئەو شارە ئاگاداری پەیدا کرد لەهەمو ئەو شتانە باس کران. ڕێگەو شوێنی بۆ نەهێشتنی دژایەتی پێغەمبەرو باوەڕداران

ڕەچاو کرد. لەپێشەوە ووتو وێژی بەکارهێنا لە گەڵ جولەکەکان و بەڵگەی بۆهێنانەوە، گفتوگۆی نەرمی لەگەڵ ئەکردن. یەکەم جار پەیمانی ئاشتی لە گەڵ مۆر کردن، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ سەربەستی تەواوی دانێ لە بارەی ئاین و سامان و جێگەی پەرستن و بازاڕو بازرگانی و شتی ترەوە ـ بەدڵنیایی بژین و دەست درێژی نەکرێتە سەریان. بەو مەرجەی ئەوانیش دژی ئیسلام کار نەکەن و یارمەتی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ بدەن. ئەگەر موسڵمانان تالآنیا لەبت پەرستان و بێ باوەڕان گرت جولەکەکانیش بەشداربن. بەهاو بەشی موسڵمانان بەرگری لە شاری مەدینە بکەن، ئەو شارە شاری هەموویانبێ . نەك بەتەنها بۆیەکێکیانبێ . بەلآم زۆری نەبرد پەیمانەکەیان شکاند. بێگومان پەیمان ڕێگە ناگرێ لە نیازی پیسی خۆپەرستان و ستەمکاران کە دانیشتوان توشی زیان نەبن. گورگ و مەڕ ئاشتەواییان ناکرێ. کەواتە بێ سودە باسی چاکەو خۆشی خوابکەی کەبەخشیویەتی بە جولەکەکان لە قازانج و تایبەتیان کەم بکاتەوە. ترسان و ـ ئامۆژگاری کردنی ئەوان و دوژمنانی ئاین و بێباوەڕان کاریان تێناکا. ئەگەر ئەو شتانە لە قازانج و سودی تایبەتیان کەم بکاتەوە، کاتێ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بۆی ڕون بویەوە بێ ـ هودەیە ئامۆژگاری و پەیمان، بڕیاری داو فەرمانی دەرکرد بۆ موسڵمانان بازاڕێکی تایبەتی بۆ موسڵمانان پێك بێنن، ئەوانیش بەگورجی بەدەم فەرمانی پێغەمبەرەوە ﴿ ﷺ ﴾ چون بازاڕی تایبەتیان بۆ خۆیان ساختە هێنا. کڕین و فرۆشتن لە بازاڕدا ڕواجی پەیدا سەند و پەرەی پێدرا چونکە ئەو بازاڕە تازەیە لە سەر داد پەروەری دامەزرا بو ، قازانجی بکڕو بفرۆشی مسۆگەر کردبو.

سودی گشتی ئەو بازاڕە بۆ هەموان بو بەگشتی، بۆیە دڵی جولەکەکان پڕبو لەڕق و کینە بۆ پێغەمبەر دەستیان کرد بەشکاندنی پەیمان هەتا بەهەر نرخێبێ تۆڵە لەموسڵمانان بکەنەوە. خوای گەورە لەمەر دوا باسی ئەو هەمو ڕوداوانە ئەکاو ئەفەرموێ ،

﴿ یابني اسرائیل اذکروا نعمتي التي انعمت علیکم ﴾ ئەی کوڕانی ئیسرائیل: ئێوە بیری ئەو چاکانەی ئەو تۆی من بکەنەوە بەخشیومەو ڕژاندومە بەسەر ئێوەدا لە پێغەمبەرانی

زۆرو سامان و دارایی زۆر تەندروستیشتان، باپیرەکانتانم لە ستەمی فیرعەون ڕزگار کردو فیرعون و تاقمەکەیان خنکاندن بەئاوی زەریای سور، لیتان خۆش بوم دووای ئەوەی گوێرەکەتان پەرست.ئێستایش موحەمەدم ڕەوانەی لاتانم کرد هەتائێوە لەبەر سودی خۆتان باوەڕی پێبکەن و بیر لەچاکەکان بکەنەوەو سوپاسم بکەن ، بەکردەوەو کاری چاك هەڵسن، ئەوشتەی من داواتان لێ ئەکەم بەجێی بهێنن، باوەڕ بەموحومەد بکەن و ـ نێرراوی منە بۆلای هەمو ئادەمیزاد. گیروگرفتی مەخەنە بەردەم و یاریدەی بدەن.

﴿ وأوفوا بعهدي ﴾ وە ئێوە بەجێبێنن پەیمانی من بەباوەڕ هێنان و کردەوەی چاك ، لە بونەوەراندا بەڵگەمی زۆرم بۆ داناون و تەوراتم بۆ ناردوون ئەگەر بەداد پەروەرانەوەو بێلایەنی تەماشایان بکەن و تەماشای قورئان بکەن باوەڕ بەئاینی ئیسلام بهێنن، لە تەوراتا باسی موحەمەدتان خوێندوە تەوە، لە دانیشتوانی پەنهان مەدەن و ڕایگەیەنن بەوان و خۆیشتان کار بەتەورات بکەن و باوەڕیش بەقورئان بهێنن.

ئەم ئایەتە هەرچەندە ڕوی پێکراوە بۆلای جولەکەکانی مەدینە و ئەو ڕێزانە بەوان نەدراوە بەڵکو بەباپیرە پێشوەکانیان دراوە، زۆر ڕاستە. بەڵام لەبەر ئەوەیە ئەمانەیش لەنەوەی ئەوانن و لە سەر بیرو بۆچونی ئەوانن، وەك ئەوەوایە ناوەڕۆکی ئەم ئایەتانە بۆدانیشتوانی مەینەش بێ ئەو ڕێزەی خوا بەخشیوێتی بە باپیرەی ئەوان بەخشرابێ بەمانیش.. وەئەتوانین بڵێین. هەمو ئادەمیزاد یەك نەتەوەن و ئەو پیمانە هەمومان ئەگرێتەوە ، هەمومان پێویستە بەنیازی پاکەوەباوەڕبهێنین، وەپەیمان بۆ جولەکەکان و جگەی ئەوانیشە کەهەر کەسێ باوەڕ بەخوا بهێنێ لە پاشە ڕۆژدا پاداشتی خۆیان وەرئەگرن.

خوای گەورە بەڕستەی ﴿ اذكروا نعمتي ﴾ بۆمان ڕون ئەکاتەوە زوربەی زۆری ئادەمیزاد دوای خواردن و چاکەو ڕابواردن ئەکەون لە هەر کەسێکەوەبێ ، بۆیە ئەفەرموێ بیری چاکەکردنی من بکەنەوە و باوەڕم پێبهێنن هەتا پاداشتان بدەمەوە ، بەو ڕستەیە جولەکەکان ئاگادار ئەکا. بێگومان پاداشتی ئەو کەسانە لە بەرئەوەی چاکەی

لەگەڵ کراوەباوەڕ بهێنیٚ کەم ترە لە پاداشتی ئەو کەسانە هەر لەبەر خوا باوەڕ بهێنن و بە ئومێدی چاکەی جیهان نین، بۆ ڕاستی ئەو باسە خـوا ڕوئەکاتـە موسـڵمانان و پـەیڕەوانی موحەمەد﴿ ﷺ ﴾ ئەفەرمویٚ ﴿ فاذكرونی اذكركم ﴾ ئێوە یادی مـن بکـەن منیـش یـادی ئێوە ئەکەم ئەو ڕستەیە وامان پیشان ئەدا موسـڵمانان هـەر خوایـان لـە یـادە و دارایـی و سامان و خواردەمەنیان مەبەست نیە. بێگومان موسڵمانان هەر لەبەر خـواو فـەرمانی خـوا وازیان لە نیشتمان و منالٚ و دارایی خۆیان هێناو کۆچیان کرد لـــە مەکـەوە بـۆ مەدینـە و پەیـمانی خوایان دابین کرد.

ئەگەر دارایی‌و سامانیشیان ببوایە لـە ڕێگـەی خـودادا بلاًویـان ئـەکردەوە، خۆیشـیان ئەکرد بەفیدا کاری فەرمانی خواو چەسپاندنی یاسای قورئان. کەواتە پاداشتی موسـڵمانان مەگەر هەر خوا بیزانیٚ. خوا ئاگای لـەدڵی هـەردوولایان هەیـە، هەریەکـەیان بـەگوێرەی نیازی خۆیان ڕویان تی‌ئەکا.

﴿ اوف بعهدكم ﴾ من بەجی‌ئەهێنم پاداشتی پەیمانەکانی ئێوە. باری گرانـاتن لـە سـەر هەڵئەگرم و شیرینترین پاداشتان ئەدەمیٚ، ئەتان خەمە بەهەشـت. لێتـان ئـەبورم. سـامان و داراییتان ئەپارێزم. بە ئاشکرا کردنی و چەسپاندنی باسی موحەمەد لە تەوراتاو لـــە ئینجیـلا گەرەترین پاداشتان ئەدەمەوە.

﴿ وایای فارهبون ﴾ وەهەر لـەمن بترسـن لـە هـەمو شـتیٚ ئەیکـەن و لـە هەموشـتێکا نایکەن. وەسزای من زۆر پترە بۆ ئەو کەسانە پەیمانی خۆیان ئەشکێنن. ناوەڕۆکی تـەورات مەفرۆشن بە ڕابواردنی جیهان، بترسن برێـژم بـە سـەرتانا ئـەو ئازارانـەی ڕژانـدم بەسـەر باپیرەکانتانا، لە جگەی خوا کەسیٚ شایستەی ئەوەنیە ئێوە لێی‌بترسن ئەم ڕستەیە ڕوئەکاتـە جولەکەکان، بەتایبەتی زاناکانیان.

﴿ وامنوا بما انزلت مصدقا لما معكم ﴾ وە ئێوە بـاوەڕ بـهێنن بـە شـتیٚ مـن ناردومـەە خوارەوە وە باوەڕ کەرو مۆر کەرە بۆشتیٚ لە گەڵ ئێوەدایە کەتەوراتە، قورئـان و تـەورات

وەك یەکوان لەتەنهایی خوداو فەرمان دان بە پەرستنی خواو بلاٌوکردنەوەی داد پــەروەری بە نێو دانیشتوانا. باسی شێوازی موحەمەد لــە نێـو تـەوراتا هەیـە. کەواتـە وەك باوەڕتـان بەتەورات هەیە باوەڕتان بەقورئان و موحەمەد هــەبێ. عیسـاو نـاوەڕۆکی ئینجیـل بـە درۆ مەخەنەوە. سەرچاوەی هەمو نامەکان یەکەو ئاین هەریەك ئاینە کـە خـوا نـاردویتی بۆسـەر موحەمەدو موساو عیسا.

﴿ ولاتكونوا اول كافربه ﴾ وە ئێوەی بەنەوئیسرائیل مەبن بەیەکەمین بێباوەڕ بـەقورئان، ئەبوایە ئێوە یەکەمین تاقم بونایە باوەڕتان بــەقورئان بهێنایـە، ئێـوە خۆتـان موژدەتـان ئـەدا بەهاتنی موحەمەد، ئێــوە موحەمــەد وەك کـوڕی خۆتـان ئەناسـن و تـەورات بۆتـانی ڕون کردوەتەوە بۆ لـەبیری خۆتانی ئەبەنەوە لـە مەو پێش بەبت پەرستانتان ئــەووت: پێغەمبـەری دووا کاتی جیهان خوا ئەینێرێو ئێمە پەیڕەوی ئەکەین و زاڵ ئەبین بەسەرتانا، لــە کیسـی خۆتانی مەدەن ئەو کەسەی ئێوە چاوەڕوانتان ئەکرد موحەمەدە.

﴿ ولاتشتروا بآياتي ثمنا قليلا واياي فاتقون ﴾ وە ئێوە مەکڕن ئایەتەکانی من بـەنرخێکی کەم، مەگۆڕن باوەڕهێنان بەبێ باوەڕی، باوەڕتان بەهەندێکیان هەبێ و باوەڕتــان بەهــەندێ تریان نەهێنن بە ئاشکرا بەهۆی دیاری بۆ هێنانتان، هیچ شتێ بەرانبەری باوەڕهێنان نیە، بـە ئومێدی سەرۆکایەتیو پلەی جیهان فەرمانەکانی من پەنهان مەدەن لـە دانیشـتوان. جگـەی ئەویش بە وەرگرتنی دیاری دژی فەرمودەکانی خوا هەڵئەسـان هــەمو ساڵێ وەك سـەرانە مالومەکانتان ئەندازەیێکی دیاری کراویان ئەسەند لە جولەکەکان لە بەرهەمی کشتو کاڵ و ئاژەڵ بەشیان ئەدرا . هەر لـەمن بترسن و خراپە مەکەن و دەست کاری نامەی من مەکەن ، ئەم هەلە لـەکیس خۆتان مــەدەن ، بـاوەڕ بەمەحەمـەد بـهێنن، لــە کـاتی فـەرمان دان بـۆ نەهێشتنی ستەم لایەنی دەستەڵات داران مەگرن و داد پەروەربن.

تێبینی: ئەو ئایەتە پیرۆزانە هەرچەندە لـە بارەی بەنوئیسرائیلیەکانەوە هاتوەتە خوارەوە و بەڵام هەمو ئادەمیزاد ئەگرێتەوە بەبێ جیاوازی، خوای گەرە بەرتیل و ســەرانەو گۆڕانــی ـ

یاسای ئاین و کارنەکردن بە یاساو فێر نەکردنی ئادەمیزاد پێویستیەکانی ئاین بە وەرگرتنی دیاری و پارەو پول خودا قەدەغەی کردون.. لەم سردەمەی ئێمەدا شاگردی جولەکەکان زۆرن لە هەمو کات و جێگەیەکدا، بە هەزاران ڕنگ خۆیان ئەگۆڕن بۆ دوست برینی دانیشتوان بەبێ ماندو بون و ئارەق ڕژاندن پارەو سامان و کۆشك و شتی تری نایاب بۆخۆیان ئەسازێنن هەندێکیان بەچاك کردنەوەی تەلاق ، هەندێکی تریان بەنوشتە نوسین و دانە گرتنەوەو ناو ـ دەست خوێندنەوە ، تاقمێ تریان ئەڵێن: ئێمە پیاو خواین ، ئەو کەسانەو زۆر کەسانی تر خاوەنی پیشەی دەس برین و تەڵەکە بازین، پەیوەندیان بەئیسلامەوەنیە، هەندێ تریان بەهاوردنی گیانی (جلب الارواح) و خەواندنی منالان و سادەئەقلان.

بۆزانین: زانایانی ئاینیو پێشەوا گەورەکان وێنەی شافیعیو ئەحمەدو ئەبو سەور و گەلێکی تریان لایان دروستە کرێ وەرگرتن لەسەر فێرکردنی قورئان و پێش نوێژی چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێ:﴿ إن أحق ماأخذتم عليه أجرا كتاب الله ﴾ بوخاری ئەو ـ فەرمودەیە نوسیوە ، بەڕاستی شایستەتر شتێ ئێوەکرێی لەسەروەرگرن نامەی خوایە.. کار بەدەستان پێویستە لە سەریان چەند کەسێ دیاری بکەن بۆ جێ بەجێ کردنی کێشەی دانیشتوان و پیش نوێژی کردنی موسڵمنان، کاربەدەستان نەیکەن گوناهبارن.. موسڵمانان خۆیشیان دیاریان بکەن بۆ ئەو کارانە بە موچەیێکی دیاری کراو بۆیان.بۆنمونە کاتێ پێغەمبە﴿ ﷺ﴾ کۆچی دوایی کرد موسڵمانان ئەبوبەکریان کرد بەجێگەنشینی پێغەمبەرو موچەیان بۆدیاری نەکردبو. کەلو پەلی بازرگانی خۆی هەڵگرت و بەرەو بازاڕ کەوتەڕێ، پێیان ووت، بۆچ جێگەیە ئەڕۆی، ئەبوبەکر ووتی: ئەی بەچ شتێ خۆم و خێزانەکانم بژێنم؟ هاوڕێکانی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ ئەبوبەکریان گێڕایەوەو موچەیان بۆدیاری کرد، ئەگەر کەسێ دارایی داربو، کەسی تر جگەی ئەو پەیدا نەئەبو دانیشتوان فێری قورئان بکا

پێویستە لەسەری بە خۆڕایی قورئانیان فێربکا. ئەگەر دارایی وایەنەبو پێی بـژی - پێویستە موچەی بۆ دیاری بکرێ بۆ مەبەستی فێرکردن قورئان و پێویستی تری ئاینی.

خـاوەنی تەفسیری قورتوبی لـە مانـا کردنـی ئەوئایەتانـەدا ئـەڵێ: پێغەمبـەر﴿ ﷺ ﴾ ئەفەرموێ: چاکترین ئادەمیزادو چاکترین کەسێ بڕوا بەسەر زەویدا ئەو کەسانەن مامۆستای فێر کردنی قورئانن، هـەمو کـاتێ ئـەو کەسـانە قورئـان تـازە ئەکەنـەوە بـەو فێرکردنـە، لەخۆتانەوە دیاریان بۆبەن نەك بەناوی کرێوە، ئازاریان مەدەن و دڵیان مەڕنجێنن، مامۆستا کەمناڵێ فێری قورئان بکا وبڵێ ﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾ مناڵەکە بڵێ ﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾ خوا بەمیهرەبانی خۆی ئەفەرموێ: ئەو مناڵەو مامۆستاو باوك و دایکم لە ئاگر ئازاد کردن.

بۆئاگاداری: خوای گەورە بەڕستەی ﴿ وایای فارهبون ﴾ ڕووەکاتە هەموبەنوئیسرائیلی بەگشتی. وەبەڕستەی ﴿ وایای فاتقون ﴾ لەگەڵ مالومەکانێتی بەتایبەتی.

﴿ ولاتلبسوا الحق بالبـاطل ﴾ وەئێـوەی بەنوئیسـرائیلی ئـەو ڕاستیەی ئـەو تـۆ مـن ناردومەتەخوارەوە لە تەوراتا تێکەڵاوی مەکەن بەو شتەپوچانەی خۆتان هەڵی ئەبەستن، لـە بەرچ شتێکە باوەڕ بەهەندێ لەئایەتەکانی قورئان ئەکەن و بـاوەڕ بەهـەندێ تریـان ناکـەن کەباسی موحەمەد ئـەکا؟ بەڕاستی جولەکـەکان هـەر لـەکاتی پێغەمبـەرەوە سـەرچاوەی دووبەرەکی بوون لە نێوان موسڵمانانندا بەتایبەتیو لەنێوان ئادەمیزادا بەگشتی.

﴿ ولاتكتموا الحق وانتم تعلمون ﴾ وەئێوەمەشارنەوە ڕاستی لە نەخوێنەواران لـە باسـی موحەممەد. ئێوە ئەزانن ڕاستی تێکەڵاوی ناڕاستی و پوچ ئەکەنو ڕاستی ئەشارنەوە.

تێبینی: بۆ دابین کردنی ڕاستی ناوەڕۆکی ئەو سێ ئایەتانەی پێشو کەگومانیان تێـدا نیـە هەندێ لەو باسانە نوسراون لە نامەو ئامۆژگاری پێغەمبـەرە پێشـوەکان کـەموژدەیان داوە بەهاتنی پێغەمبەری ئیسلام ﴿ ﷺ ﴾ ڕوون ئەکەینەوە بەوەرگێڕانی دەقەکانیان:

١ـ لە فەسڵی یەکەم لەسفری یەکەمی بەشێکی تەوراتاهاتوە: خاتون هاجەری کارەکەری ـ (سارای) ژنی ئیبراهیم لە خاتو سارا ڕنجاو ویستی بتۆرێ ، لە ڕێگەدا فریشتەیێکی بینی بەهاجەری ووت: بۆچ شوێنێ‌ئەڕۆی؟ ووتی: لە خاتون سارای گەرەی خۆم هەڵدێم،فریشتەکە بەهاجەری ووت: بگەڕێرەوە سەری بچوکی بۆ دانەوێنە،خوا منالی زۆرت پێ ئەبەخشێ لە پاداشتی ترسانت لە خواو پاڕانەوەت لە خوا، ئێستا ئاوسی بەمنالێکەوە ناوی بنێ (ئسماعیل) ئەو کوڕە چاوی ئادەمیزادە،تواناو دەستی بەسەر هەمو سێکەوەیە دەستی هەموان بەرێزدا ڕێووە و بۆلای ئەو کوڕە بەرز ئەبێتەوە، هەمویان چاوەڕوانی ئەون. ئەو کوڕە سوپاس کەری خوایە. بێگومان پێغەمبەر لە نەوەی ئیسماعیلە، وە نەکانی تری ئیسماعیل جگەی پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ نەبوون بەچاو لێ‌کراوی هەموان بۆیان جوت نەبوە ـ ببنەپێشەوای دانیشتوان جیهان و نەیان توانی لە بیبان دەرچن و بگەنە سنوری عێراق و شام بەبێ ترس. بەڵام کاتێ پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ خوا کردی بەنێرراوی خۆی نەوەکانی ئیسماعیل و هاوڕێکانی پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ خۆر هەلاّت و خۆر ئاوایان بەزۆری داگیرکرد ، تێکەلاّوی زۆربەی زۆری دانیشتوان بون. ئەوانیش بەهاوبەشی نەوەکانی ئیسماعیل خانەی خوایان بەپەرستن ئاوەدان کردەوە.

٢ـ لە فەسڵی (١١) یازدە لە سفری پێنجەم لە تەوراتا هاتوە: پەروەردەکەری ئێوە کەخوایە ئەنێرێ بۆلاتان کەسێ لە خۆتان و لە نێو براکانتانا وێنەی من. لە هەمان فەسڵداخوابە موسای فەرموە: من ئەنێرم بۆتان وێنەی تۆ لە نێو براکانتانا، هەر کەسێ فەرمانەکانی ئەو پیاوەی پێ بگاو نەی بیسێ‌و باوەڕی پێ نەهێنێ تۆڵەی لێ ئەسێنم... وەئەم فەرمودەیەئەوە ئەگەیەنێ ئەو پیاوە لەنەوەی ئسرائیل نیە کەباپیری جولەکەکانە ئیسرائیل جگەلە (عیص) برای کەی نەبوە، وە(عیص) لە نەوەی ئەو هیچ پێغەمبەری جگەی (ئەیوب) ئەیوب پێش موسا کراوە بەپێغەمبەر، تەوراتیش بۆ موسا هاتوە. کەواتە ئەو پیاوە

مژدەی پێدراوە لە نەوەی برای (ئیسحاق) کوڕی ئیبراهیمە کە ئیسماعیلە، موحەمەدیش لە نوەی ئیسماعیلە .

٣ـ لە فەسڵی بیست هەم لەسفری پێنچ هەم لە تەوراتا هاتوە: ڕوناکی خوا هات لە توری سیناوە وەدەرکەوت لە کێوەکانی (فارانەوە) پیاو چاکان لەلای ڕاستی ئەو کێوانەوە ڕزیان بەست.خوای گەورە بەوانی بەخشی گەورەی و خۆشەویستی کردن لە لای گەلان، هەمو گەلان پیت و فەڕ لەو پیاو چاکانە وەرئەگرن ... ڕون ترین بەڵگە لەسەر ئەو مژدەیە ئەمەیە: (فاران) بریتیە لە حیجاز، لەتەوراتا نوسراوە کەئیماعیل لە چۆڵەکانی (فاراندا) فێری تیرە نازی ئەبێ، ئەو گەرەیەش بۆ ئیسماعیل پێك نەهات و پیاو چاکانیش لە کاتی ئەو دا نەبوون. کەواتە بێگومان ئەو شناسنامەو پێشەییە هەر بۆ موحەمەدە﴿ ﷺ ﴾

٤ـ لەنامەی (ئەشعیا)دا لە فەسڵی بیست و دووهەمدا هاتوە: ئەی مەکە ڕاپەڕەو هەڵکە چرای ڕاستی، بەڕاستی نزیکە کاتەکانت، ڕێزی خوای گەورە هەڵهات بەسەرتا. بەڕاستی ـ تاریکی ڕوی زەمینی داپۆشیوە، تەم و مژ داوێتی بەسەر هەمو گەل و نەتەوەکاندا پەروەردەکەری بونەوەران ڕوناکی ئەدا بەسەر زەویدا، هەمو گەلان ئەچن بۆلای ئەو ڕوناکیە، پاشاکان بەرەو گزنگی ئەو ڕوناکیە ئەچن. ئەی مەکە چاوت بکەرەوە تەماشابکە و بیر لەخۆت بکەرەوە، هەمو گەلان لەلای تۆدا کۆئەبنەوە و نەوافت ئەکەن و بەدەورتا ئەسوڕێنەوە.

٥ـ لە سفری یەکەم لە تەوراتا خوا ئیبراهیمی ئاگادارکردو فەرموی: داواکاریەکەتم لەبارەی ئیسماعیلەوە وەرگرت و پیرۆزیو گەورەیی و نرخم پێبەخشی، وەئەوم بۆ نەتەوەێکی گەورە دروست کردوە. زۆر ئاشکرایە ئیبراهیم نەخۆی و نەکوڕکانی نەتەوەی گەورەیان نەبوەلە جگەی پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾.. خوا لەقورئاندا ئەفەرموێ: دووای دروست کردنی کەعبە. ئیبراهیم و ئیسماعیل لە خودا پاڕانەوە کەلە نەوەی ئەوان پێغەمبەرێ بنێرێ، جگە لەپێغەمەرو فردستادەیە نەنێرراوە،بۆیەش پێغەمبەر ئەفەرموێ:مـن داواکـراوی

ئیبراهیم و ئیسماعیلی باوکەکانی خۆم و موژدەیێ دراوی عیسام.موسا فەرمویّتی: جیّگەی لەدایك بونی ئەو پیّغەمبەر لە مەکەیە، وەلە(طیبە)دا ئەنیشیّ،وە دەستەلاتی لە شامە.

٦ـ عیسا ئەفەرمویّ بە قوتابیەکانی خۆی: من ئەڕۆم و (مارة لیط) دیّت وئاسایشی خوایە، لە خۆیەوە هیچ شتیّ نالیّ. هەر شتیّکی پیّ بلیّن ئەو شتە ئەلیّ.. قورئانیش لەو بارەوە ئەفەمویّ:﴿ إن أتبع إلا مایوحی إلی ﴾ من دوای هیچ شتیّ ناکەوم مەگەر شتیّ بەسروش بیّ بۆلای من .. مانای (مارة لیط) یانیّ ئەو کەسە ئەپاڕیتەوە بۆ ئادەمیزادوپارانەوەکەیشی لیّ وەرئەگیریّ، ڕاست و چەوت جویّی ئەکاتەوە.

٧ـ بەختەنەسر خەویّکی دیبو، بۆ کەسی نەگیّڕابوەوە ، داوای لە دانیال کرد مانای بۆبکا بەبیّ‌ئەوەی بۆی بگیّڕیّتەوە، دانیال فەرموی: خەوەکەت زۆر سامناکە: لە خەوتا بتیّکت دیوە سەری لەزیّڕی پوختە، قۆلی لە زیو لاقەکانی و سکی لە پۆلاً، لە ئەژنۆکانی بەرەو خوار لەئاسن و هەندیّ گلی سورۆکراوە، بەردیّکت بینی بچڕابو لە جیّگەیە، ئەو کەسەی بچڕاندبوی نەت ئەبینی، پیاویّ ئەو بەردەی ئەکیّشا بەو بتەدا زۆر بەتوندی ، بتەکە بەئاسن و پۆلاً و زیّڕو زیو پارچە چاچەبو. بایێ لیّی هەلکرد پاشماوەی نەهیّشت و پرش و بلاًوی کردەوە بوبە تۆزو چو بەئاسماندا. ئەو بەردە کەدیبوت ئەو پیاوە ئەیدا بەو بتەدا بو بەکیّویّکی بەرز هەمو زەوی پڕ کرد ئەمە ئەو خەوەیە ئەی پاشا کەتۆ دیبوت.

مانای خەوەکەت ئەمەیە: سەر زیّڕینەکەی ئەوبتە تۆی، دووای تۆ پاشایێ تر پەیدا ئەبیّ. دووای ئەویش پاشایێ تری سیّیەم دیّت ویّنەی پۆلایە زوربەی زەوی داگیر ئەکا. پاشایێ تری چوارەم دیّت هیّزی وەکو ئاسنە. دووای ئەوانە پاشایێ تری پیّنجەم دیّت توانای وەکو گلی ڕەقە هەریّمەکەی ئەبیّ بەدووپارچە پارچەیەکیان بەهیّزو ئەو نیوەی کەی ژیّردەستەو لاوازە. دووا بەدوای ئەوانە خوای ئاسمان وولاتیّکی هەتاهەتای و نەگۆڕاو بەردەوام پیّك دیّنیّ.هەمو وولاًتان و هیّزیان بنەبڕ ئەکا، تواناو دەستەلاتی ئەو هەموە پاشایانە نایەلیّ هەتا دوارۆژیش پایەدار ئەبیّ. ئەو بەردەیە کەئاسن و پۆلاًو گلی ڕقی ئەکوتایەوەو خوائەیزانیّ

بریتیە لە پێغەمبەری دووا ڕۆژ.ز ئەوانە هەندێکە لەوانە موژدەیــان داوە بـەهاتنی پێغەمبـەر زۆریان لـە تەوراتا نوسراوە.

دووای ئەوانە ڕابوردن دەربارەی موژدەدان بەهاتنی پێغەمبەری دواڕۆژلەو کۆکراوانەی تەوراتا ئەمەیان نیشان ئەدا کە لەتەوراتی ئەم ڕۆدا ئەو باسانەی موژدەی هاتنی پێغەمــەریان تێدا بوە کوژاندویانەتەوە، هیچ کۆکراوەێکــی ئاسمانیـان دەســت ناکـەوێ دەسـتی تێـك. دەرانی بۆ درێژ نەکرابێ جگە لە ئینجیلی (برنابا) کەئــەویش نهێنیەکـە پەنـهان دراوە لای مەسیحیەکان دکتۆر خەلیل بێـگ سـوعادە ئـەو وینجیلـی (برنابـا)یـەی لـە ئینگلیزیـەوە وەرگێڕاوە، زانای بەناو بانگ (ڕەشید ڕەزا) لە گۆڤاری(المنار)بڵاوی کردوەتــەوە ئـەمیش دەقی ئەو بڵاو کراوەیە،

١ـ لە فەسڵی (٧٢)حەفتاودودا: یەسوع ئەفەروێ: دڵتــان لێ نـداو مەترسـن مـن ئـەو کەسەنیم ئێوەم دروست کردبێ ، ئەو کەسە ئێوەی دروست کردووە ئەتان پارێزێ . بەڵام لەبارەی منەوە من هاتووم بۆ ئەوە ڕێگە خۆش بکەم بۆئەو فروســتادەی خوایـە لەمـەو دوا دێت، هەمو بونەوەران ڕزگار ئەکا. بەڵام بترسن نەوەك درۆو ـ دەلەسەی لەگــەڵ بکـەن. چونکە لەمەو دووا چەند کەســێکەی زۆری درۆزن و بـەناو پێغەمبـەر دێـن ، وانـەی مـن وەرئەگێڕن و ئینجیلەکەم پیس ئەکەن بەدەست هەڵبەستی خۆیان، لەوکاتەدا (ئـەندراوس) یەکێ لە قوتابیەکانی عیسا وتی: نیشانەی ئەو فروستادەیەم بۆ بڵێ هەتا بیان ناسین، یەسوع وولامی دایەوە: لەم کاتەی ئێوەدانایە. بەڵکو دوای ئێوە بەچەند ســاڵێ دێـت، ئـەو کاتـە ئینجیلەکەی من نەماوە، وەنزیکەی (٣٠)سی کەس لە بـاوەڕداران بـە خـوا لـەو کاتـە دەست ناکەوێ، بۆیە خوا بەمیهرەبانی خۆی فروســتادەیەکی وائـەنێرێ پارچـە هـەورێکی سپی بەسەرێوەیەوە وەستاوە، یەکێ لەپیاو چاکانی خوا ئەی ناسێ ودەری ئـەخا بـۆ هـەمو بونەوەران، بەهێزێکی گــەورەوە پـەلاماری خراپـەکێلان ئـەدا، پەرسـتی بتـان لـە ڕیشـە دەرئەهێنێ، من بــەو کـارە زۆر دڵ خــۆش ئـەبم، چونکـە بـەهۆی ئـەوەوە خـوا پەرسـتی

دەرئەکەوێ ڕاستی مـن دەر ئەکـەوێ ، تۆڵـە لەوانـە ئەسـتێنێ گۆیـا مـن گـەورەترینی ئادەمیزادم من ڕاستیەکەی بەئێوە ئەڵێم: مانگ واتە(خوا بەهۆی فێنکـی هـەوای مانگـەوە) پێی ئەبەخشێ خەوێکی خۆش لە منالیدا کاتێ گەورەبویا هەمو بونـەوەران بترسـن نـەوەك وازی لێ بهێنن و دووای نەکەون، چونکە دەماری بت پەرستان دەردێنێ. بـەندەی خـوا موسا پێغەمبەر زۆری لەو بتە پەرستانە کوشت، یەسـوعیش بـە ئامۆژگـاری زۆری لـەناو بردن

کەواتە ئەو برینە ڕیشەی داکوتاوە بەسـەر ئـەو شـارانەدا بـت پەرسـتان سوتاندویانەو منالەکانیان کوشتوون ئامێن و بن بڕ ئەبێ ، وەئەبێ داخی کـەن و لـەناوی ببەن ئـەو فروستادەیە باسکرا لەمەو پاش دێت بەڕون ترین و گەشاوەتر لە هەمو پێغەمبەران بـەهۆی ئەوانە ئەکوتێتەوە ڕەوشتی چاکەیان نیە، زیندو ئەکاتـەوە بەخۆشـێوە بورجـەکانی شـاری باوپیرمان یەك بەیەك هەر کاتێ بینرا بتەکان سەرەو خواربونـەوە بۆلای زەوی، میسۆگەر کراو دەرکەوت کەمن بەندەی خوام وەك ئێوە نەك (پەرستراو). ڕاستیان پێ ئـەڵێم: ئـەو کاتە ئەو فروستادەیەدێت بەڕاستی و بەبێ گومان. ئـەو بتانـە لەشـەوی لـەدایك بونـی ئـەو پێغەمبەرەوە سەرەو خوار ئەبن

٢ـ لە فەسڵی (٨٢) هەشتاو دوودا هـاتوە: لەپاشـان یەسـوع ڕوی وەرگـێڕا بـەلای ژنێکی سامیریدا ئە فەرمێ: ئەی ژن: ئێوەی سامیری کوڕنوش بۆ شتێ ئەبەن نایناسن؛ بەڵام ئێمەی عیبری کوڕنوش بۆ کەسێ ئەبەین ئـەی ناسـین . مـن ڕاسـتی بـەئێوە ئـەڵێم : خـوا میهرەبان و ڕاستە پێویستە کوڕنوشی بۆ ببرێ بە گیان و بەڕاستیەوە، چونکە پەیمانی خوا لـە (ئۆرشەلیمە)وەرـ گیراوە لای پەیکەری سولەیمان نـەك لـە جێگەیـە تـرا، بـڕوام پێ بکـەن بەڕاستی کاتێك دێت خوا میهرەبانی خۆی ئەبەخشێ بە بونەوەران لە شارێ تردا کوڕنوش و پەرستن جێگەی خۆی ئەگرێتەوە لـە هـەموو شـوێناندا بەڕاسـتی خـوا وەرئـەگرێ لـە ئادەمیزاد نوێژی ڕاستەقینە لە هەمو ـ جێگەیەدا بەمیهرەبانی خۆی. ژنەکە وەلامـی دایـەوە

ئێمە چاوەڕوانی (مەسیا) ئەکەین چ کاتێ دێت فێرمان بکا، یەسوع وەلامی دایەوە ئەی ژن: ئایا نازنی مەسیا ئەبێ هەر بێت؟. ژنەوەلامی دایەوە: بەڵێ ئەی گەورەم ، لە کاتەدات یەسوع دڵخۆشبوو فەرموی: بۆم دەرکەوت ئەی ژن: بەڕاستی تۆ بڕواداری. بزانە لە کاتی بڕوا هێنان بەمەسیا هەمو هەڵبژێراوەکانی خوا ڕزگار ئەکا لەمەوو دوا. کەواتە پێویستە(مەسیا)بناسین ژنە ووتی: لە وانەیە تۆمەسیابی ئەی گەورەم؟ یەسوع وولامی دایەوە: بەڕاستی من نێراوم بۆ خانەدانی ئیسرائیل بە پێغەمبەرێکی ڕزگار کەر بۆیان. بەلام دوای من مەسیا دێت نێراوە لەلایەن خواوۆ بۆ هەمو بونەوەران، ئەو کەسەیە لەبەر ئەوخوا هەمو بونەوەران دروست کردوە، لە وکاتەدا پەرستن و کوڕنوش هەربۆخوا ئەبرێ لە نێو هەمو بونەوەراندا ، میهرەبانی خوا پەخش ئەبێ بە نێوانیانا.

٣ـ لە فەسڵی (٩٦) نەوەدو شەستدا ئەفەلرموێ: کاتێ نوێژ تەواو بو (کاهن)یانێ ئەو کەسەی دەم لەوە ئەدەن گۆیا ئەزانن پاشەڕۆژ چ شتێ پەیدا ئەبێ ووتی بەدەنگی بەرز، یەسوع ڕاوەستە پێویستە لەسەرمان بتناسین، تۆ چ کەسێکی لەبەردڵنیایی نەتەوەکەمان ، یەسوع فەموی : من یەسوعی کوڕی مەریەمم لە نەوەی داودم، ئادەمیزادێکی مردوو لە خوا ترسم ، داوا ئەکەم جگە لەخوا ڕێزو گەرەیی بۆکەس ڕەوانەبێ.. کاهن وەلامی دایەوە: زۆر ڕاستە لە کۆکراوەکانی موسایشدا نوسراوە بەڕاستی خوا لەمەورا مەسیا ئەنێرێ، ئەو کەسەیش ئاگاداری ئەوانەمان ئەکا خوا ئەو کەسەی ئەیەوێ ، دێت بۆلای بونەوەران بەمیهرەبانی خواوە. هیوامان وایە ئەوەی ڕاستە پێمان ئەفەرموێ ، ئایا تۆ ئەو مەسیایەی چاوەڕوان ئەکرێ. یەسوع فەرموی، ڕاستە خوا بەڵێنی داوە. بەلام من مەسیا نیم چونکە ئەو بەر لە من دروست بوە و دووای من دێت. هەروەها یەسوع لە سەر فەرموودەکانی ڕۆیشت هەتا فەرموی: سوێندم بەمانەوەو ژیانی بێکۆتایی ئەو کەسەی من لە بەردەمیا ـ ڕاوەستاوم: من ئەو مەسیایەنیم ئێوە چاوەڕووانی ئەکەن هەموتابنەکانتان ، چونکە خوا بەڵێنی داوە بە ئیبراهیمی باوکمان و فەرموێتی: بەنەوەکانت بڵێ: لە هەمو

تابنەکانی سەرزەوی بەنەوێکی تۆ هەمویان پیرۆزئەکەم . بەلاّم کاتیّ خوا منی بردەوە بۆلای خۆی، شەیتان بۆ جاریتر گێرەشێوێنیەکەی بلاّو ئەکاتەوە بەجۆریّ ئەوانە لە خوا ناترسن باریان گران ئەکا بەوەی کە گۆیا من خوام و کوڕی خوام. بەو بۆنەو کۆکراوەکەی من و ئامۆژگاریەکەم پیس ئەکەن بە هەڵبەستی خۆیان ، هەتا وای لیّدیّ نزیکەی (٣٠)سی کەس لە باوەڕداران دەست ناکەویّ. لە کاتەنا لەبارەدا خوا میهرەبانی ئەکا لەگەلّ بونەوەران ، ئەنێریّ بۆیان فروستادەی خۆی ، ئەو فروستادەیە کە هەمو شتێکی لە بەر ئەو دروست کردوە، لە باشورەوە سەر هەڵئەدا بەهێزێکی فراوانەوە، بت پەرستان لە ناو ئەبا، دەستەلاّتی شەیتان لەسەر ئادەمیزاد هەڵئەوەرێنیّ،بەمیهرەبانیەوە دێت بۆ ڕزگارکردنی هەمو باوەڕداران، ئەو کەسانە نەبڕوا بەکۆکراوەی ئەو فروستادەیە ئەکەن ئەکەن زۆر پیرۆزن .

٤ـ لەفەسلّی (٩٧) نەوەدو حەوتدا یەسوع لەسەر ووتەکانی ڕۆیشت هەتا فەرموی: بەلاّم سەرخۆشی دانەوەو خۆیشم لەوەدایە بەهاتنی ئەو فروستادەیە هەمو بیرو باوەڕێکی درۆ ـ زنەکان دەربارەی من لەناو ئەچیّ(کە بەدرۆی ئەوان من خوام)، ئاینە پیرۆزەکەی بلاّو ئەبێتەوە، هەمو بونەوەران ئەگەڕێنەوە بۆلای ئاینی پاك، هەر بەوجۆرەش ئیبراهیمی باوکمان بەلّێنی داوە، پیرۆزتر لە هەمو شتیّ دلّخۆشی من بداتەوە کۆتایی هاتن بۆ ئاینەکەی نیەو بەردەوامە هەتاڕۆژی دوایی، چونکە خوا بەدروستی و بەپاکی ئەو ئاینە ئەپارێزیّ .

دووای چەند دێڕیّ لە و فەسلّەی پێشەوەی ئینجیلی(برنابا) ، کاهینەکە ووتی: مەسیابە چە ناویّ ناوئەبریّ ، ئەو نیشانەیە چیەهاتنی دیاری بکا؟،یەسوع وەلاّمی دایەوە فەرموی: ناوی مەسیا سەر سوڕینەرە!!، چونکە لەو کاتەدا دروستی کردووەو دایناوە لەڕوناکی ئاسماندا، خوا پێی فەرمو: هێدی و لە سەر خۆبە ئەی (موحەمەد) لە بەر تۆ ئەمەویّ بەهەشت دروست بکەم، کۆمەلّێکی زۆر لە بونەوەرانت پیّ ئەبەخشم، پێم بەخشیوی، بەجۆریّ هەرکەسیّ پیرۆزابایت لیّبکا پیرۆز ئەبیّ بەڕوناکی خوا،ئەو کەسەی تاوانجت

تیێبگریێ بیێبەشە لە میهرەبانی خوا، کاتیێ تۆم نارد بۆلای بونەوەران ئەتکەم بە فروستادەی خۆم بۆ ڕزگاریان، بەرانبەر بەووتەکانت، ئاسمانەکان و زەوی لاوازن، بەلاٌم تۆ لاواز نابی هەرگیز. بەڕاستی ناوی پیرۆزی تۆ (موحەمەدە)، لە و کاتەدا یەسوع ئەوانەی فەرمو دانیشتوانی خزمەتی هەمویان دەنگیان بەرز کردەوە و ووتیان: ئەی خوایە: دەسا فروستادەکەت بنێرە.ئەی موحەمەد: هەلٌسەو وەرە بەپەلە بۆ ڕزگار کردنی بونەوەران.

٥ـ لە فەسلٌی (١٣٦) سەدو سیو شەشا یەسوع فەرموی: پاش چەند سالٌیێ فریشتەی کاربەدەست (جبرائیل) ئەچیێ بۆلای دۆزەخ ، ئەبینیێ دۆزەخیەکان ئەلٌێن: ئەی موحەمەد کووانیێ بەلٌێنەکەت بۆمان کەهەر کەسیێ لە سەر ئاینی تۆبیێ لەدۆزەخا ـ نامێنێتەوە بەبەردەوامی، دووای ئەوە فریشتەی کاربەدەست ئەگەڕێتەوە بۆ بەهەشت بەڕێزەوە نزیکی فروستادەی خوا ئەبێتەوە، ئەو شتەی لە دۆزەخیەکانی بیستبو بۆی گێڕایەوە. بۆیە لەو کاتەدا فروستادەی خوا بەبارەگای خوای گەورە ئەگەیەنیو ئەلٌیێ: ئەی بەخێوکەرو پەرستراوی من: بیری ئەو بەلٌێنە ئەکەمەوەداوتە بەبەندەی خۆت کە ئەوانەی ئاینی منیان وەرگرتوەنەیان هێلٌێتەوەلە دۆزەخدا هەتا هەتایە، خوای گەورەیش بەمیهرەبانی خۆی وولاٌمی دایەوە فەرموی: داواکەتم وەرگرت، داوابکە ئەی دۆستی خۆم ، ئەوەی بتەویێ پێت ئەبەخشم.

٦ـ لە فەسلٌی (١٣٧) سەدو سیو حوتا ئەفەرمویێ:لە کاتەدا فروستادەی خوا ئەلٌیێ: ئەی بەخێوکەرم: کەسی واهەیە ماوەتەوە لە دۆزەخدا بۆماوەی(٧٠)حەفتاسالٌ کوانیێ میهرەبانیەکەت ئەی بەخێوکەرم؟،بەکزۆلٌیەوە داوات لیێئەکەم ئەی خوایە:ـ ئازادیان بکە لەو سزایانە بەیەکجاری، خوا فەرمان ئەدا بەچوار فریشتە نزیکەکانی لای خۆی بڕۆن بۆ دۆزەخ ئەو کەسانەی لە سەرئاینی منن و باوەڕیان بەفروستادەی من کردوە لە دۆزەخ دەریان بهێنن و بیانخەنە بەهەشت ، ئەوانیش ئەوەی بەوان بسپێریێ ئەیکەن وای لیێدیێ بۆ گەیاندن بەپلەی بەرزی ئاینی ئەو فروستادانە ئەو کەسەی بڕوای بە پێغەمبەرهێنابیێ ئەبین بۆ

بەهەشت، لە بەر ئەوەی ئاینی ئەو فروستادەیەی کردووەبە ئاینی خۆی ئەیبەنە بەهەشت و بگرە ئەو کەسانەیش کردەوەی چاکیشیان نەکردبێ.

٧ـ هەروەها ناوی پێغەمەر﴿ ﷺ ﴾ بەناوی (موحەمەد)ە ڕون کراوەتەوە بەزەقی لە ئینجیلی (بریانا)دا لە فەسڵی (٣٤ـ ٣٥ـ ٤٤ـ ٥٥ـ ٩٨ـ ١٣٦ـ ٢٢٠ـ)هاتوە. بەرنابا یەکێکە لە هاوەڵە تایبەتیەکانی عیساو نوسەریشی بوە، وەئینجیلەکەی جیاوازی تەواوی هەیە لە گەڵ ئینجیلە دەست کراوەکانی تردا هەیە لەمانەی خوارەوەدا:

١ـ عیسا نەخوایەو نەکوڕی خوایە .(٢) ئەو سەربڕاوەی ئیبراهیم کردی بە قوربانی ئیسماعیلی کوڕێتی، نەك ئیسحاقی کوڕی.(٣) مەسیای چاوەڕووان کراو موحەمەدە نەك عیسا. (٤) عیسا.نەکوژراوەو هەڵنەواسراوە، کەواتە ئینجیلی بەنابا لە گەڵ قورئاندا یەك ـ ئەگرنەوە، وەکولە(الادیان فی القران)دا بێژراوە لە لاپەڕەی (١٨٢ـ ١٨٤) ئینجیلی (برانانی) وەکو باسکرا نهێنێکی شاراوەبوەلا (پاپارومە) لە کاتی عیساوە هەتا ئەو کاتەی یەکێ لە گەورە پیاوانی ئینگلیزی دەریخست بۆ زانایان ، بۆیەخۆی و چەند کەسێکی زۆر موسڵمان بون.. ئەوەی جێگەی باسە پاپا (جلاسیوس)ی یەکەم فەرمانیدا لە ساڵی ٤٩٢ـ ٤٩٦ـ بە قەدەغە کردنی ئینجیل بەرناباو شاردنەوەی لە گەڵ چەندین کۆکراوەی تردا ، وەکو زانرا بەر لە دایکبونی پێغەر ﴿ ﷺ ﴾ ئەو فەرمانە دەرکراوە، هیچ زانایێکی موسڵمان وبێلایەن و دادپەروەرانیتر دەستیان نەکەوتوە، وەئەو ئینجیلی بەرنامانە یەکێ لە زانای گاورەکان وەری گێڕاوە کە خەلیل بێگ سوعادەیە.

باسی مژدەدان بە هاتنی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ لە کۆکراوەکانی (زەردەشت) پێغەمەرا (ئاڤێستا) نامەی زەردەشت لە کۆکراوەکەی خۆیا ئەڵێ: ئەوەی من هێناومە خۆتانی پێدا هەڵواسن و پشتی تێ مەکەن هەتا دێت بۆلاتان خاوەنی هوشتری سور لە بیابانی عەرەبەوە. بێگومان ئەم مژدەیە لەزەردەشتەوە ئەچەسپێنێ خاوەنی هوشتری سور لە دەشتی

عەرەبەوە. ئەبێ هەر پێغەمبەری ئیسلامبی، هەر ئەویشە ئەناسرێ بەخاوەنی هوشتری سوور، وەکو.. (محمدشریف) لە ناومەی خۆیا(الادیان فی القرآن) نوسیوێتی.

﴿ واقیموا الصلاة واتوا الزکاة وارکعوا مع الراکعین ﴾ وە ئێوە نوێژەکانتان ڕاوەستێنن و بیان کەن، وەزەکاتەکەتان بەخشن بەهەژاران ، هەردو لایان بەو جۆرەی یاسای ئیسلام ڕونی کردوەتەوە، بەجیٚهێنانی نوێژو بەخشینی زەکات پێویستە نرخی بۆ دابنرێ. کە واتەپێویستە لە سەرتان نوێژ بکەن ئەی بەنوئیسرائیلی لەگەڵ موسڵمانانیدا بەو جۆرەی ئەوان ئەی کەن. بەڵام بەبیرو باوەڕەوە، ئێوە کوڕنوش ببەن بۆ خوا لەگەڵ کوڕنوش بەرانی موسڵمانان: جولەکەکان لە نوێژەکانیانا ڕکوعیان نەئەبرد، بۆیە خوای گەورە دووای فەرمان دانی بەکردنی نوێژ فەرمان ئەدا بەڕکوع بردن لەو نوێژدا بەتایبەتی لەگەڵ موسڵماناندا، بەبێ ڕکوع نوێژ دروست نیە، بۆیە بەتایبەتی فەرمانیان پیٚئەدا ڕکوع بەرن.

ڕستەی ﴿ وارکعوا مع الرکعین ﴾ ئاماژەئەکا بۆ نوێژی بەکۆمەڵ، بەم ڕستەیە خوای گەورە لەبیرو باوەڕی جولەکەکان ئەدا کەڕکوع نابەن و نوێژ بەکۆمەڵ ناکەن. بۆمانی ڕون ئەکاتەوە پێویستە نوێژی بەکۆمەڵ بکرێ هەتا ببێتە هۆی کۆکردنەوەی خاوەن دڵان و یەکێتی باوەڕداران و نزیکبونەوەیان لەخواو نەهێشتنی چینایەتی بەبێبیانوی یاسایی، نوێژ کردن بەکۆمەڵ بە(٢٧)بیست و حەوت پلە گورەترە لە نوێژی تەنهایی.

﴿ اتامرون الناس بالبر ﴾ ئایا بۆئێوە فەرمان ئەدەن بە ئادەمیزاد بە چاکەکردن؟ ئەڵێن. بەخزم و هاوشیرەو خەزورو زاواکانتان و جگەی ئەوانیش: ئەوپیاوە واتە پێغەمەر هەر شتێکیان پیٚئەڵێ گوێیلێیبگرن و بیکەن، وەهەر شتێ ئەو ئەیڵێ ڕاستەو پەیروی بکەن .

﴿ وتنسون انفسکم ﴾ وەئێوە خۆتانتان لە بیر ئەچێتەوە، بڕوا بەو پێغەمەرە نایەنن و پەیڕەوی ناکەن، ئەو جۆرە ڕەوشت و کردارانە نا لەبارو گلاْون، چۆن مرۆڤێ ژێر داوای چاکەکردن لە دانیشتوان ئەکاو خۆی نایکا.

﴿ وانتم تتلون الکتاب ﴾ وەئێوه ئەخوێننەوەنامەی خۆتان کەتەوراتــه ، ئـەزانن لـەناو- تەوراتا بەهەرەشەی سەخت و تیژ بۆ ئەوانەیە خۆیان چاکــه ئەکـەن، گفتوگـۆو کرداریـان لەیەك جیاوازن.

﴿ افلا تعقلون ﴾ ئایا ئیوەبۆ بیر ناکەنەوه و ژیرنابنەوه لە کاری نارەواو خۆتان ئــەزانن نارەوایەو کردارو گفتوگۆتان لە یەك جیاوازه؟ ئەوەی بەدانیشتوانی ئەڵێن خۆتـان بیکـەن، هەتا کردارو ووتەتان یەکبن، لاتان ڕونێی ئەوانەی ژیری بەکارنەبەرن و خۆیان نەپارێزن لە دووا ڕۆژی خراپیان، خاوەنی ئەقڵیشن زیانۆ مەندترینی بونــەوەرانن. پێویسـته بزانـن ئـەو کارانه ئەوان ئەیکەن زۆر پەسته لەلای ئـەقڵ، بۆنـازانن ئـەو شـتەی لەتەوراتایـه ڕاسـته؟ کەواته باوەڕ بەموحەمەد پێویست کراوی ئاینەکەیانه پێویسته پەیڕەوی بکەن.

بەڕاستی نەخۆشیو نەگبەتی پیاوانی ئایین و زانایـان ئەوەیـه: ئـایین بەپیشـەی خۆیـان - دائێنن، بۆ ئەوەی سامان بەدەست بهێننو ڕابوێرن و پلەی نەگبەتی جیـهانی لایـان باشـبێ کەبەدەسـتی بـهێنن. نـەك یاسـای ئیسـلام بکـەن بەچـەکی خۆیـان و بـەکاری بـێرن بـۆ بەرەنگاریوقلاچۆکردنی دووژمنانی خواو نەهێشـتنی گێرەشـێوێنی، بۆیـە ئـەبینرێ ئـەوەی بەدەم ئەی لێن بە کردەوه نایکەن، فەرمان ئەدەن بەچاکەو خۆیـان نایکـەن . یاسـای خـوا ئەگۆڕن بەگوێرەی ئارەزۆی خۆیان و بۆسودی خۆیان، پارەو پـول پـەیدا کـردن . مانـای قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ بەگوێرەی ویستی خۆیـان ئـەیڵێن: فتـوای وائـەدەن بەڕواڵـت ڕیکو پێکەو ڕێك بکەوێ لە گەڵ یاسای قورئاندا. بەڵام لەناوەڕۆکدا ئـەو پـەڕی جیاوازه لە گەڵیا، پوختەو کاکڵەی ئایین دوره لەوەۆ..

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەڵێ : پێغەمەر فەرموی: لەشـەوی میعراجـادا بـەلای کۆمـەڵێکا ڕابوردم بەمەقەسی ئاگرین لێویان ئەقرتانن. بەجبرەئیلم ووت: ئەمانه چ کەسـێکن؟ ووتـی ئەوانـه خوێنـەوارو زانـای جیـهانین. فـەرمان ئـەدەن بەچاکـەکردن و خۆیـان نایکـەن، وەفەرمایشی خوا ئەخوێنێتەوه بۆ ئادەمیزاد.

دووباره پێغه‌مه‌ر ﴿ ﷺ ﴾ ئه‌فه‌رموێ: وێنه‌ی ئه‌وانه‌ی چاکه به جگه‌ی خۆیان فێرئه‌که‌ن و خۆیان نایکه‌ن وه‌ك چرایه وایه ڕوناکی بۆ جگه‌ی خۆی هه‌یه‌و خۆیشی ئه‌سوتێ. فه‌مایشی پێغه‌مه‌ر﴿ ﷺ ﴾ له وباره‌وه زۆرن ، ته‌ماشای ته‌فسیری قورئان و فه‌موده‌ی پێغه‌مبه‌ریان بۆبکه‌ن که‌واته ئه‌ومالومه جوله‌کانه ئه‌قڵ ناخه‌نه‌کار ئه‌گینا چۆن بڕوا به‌پێغه‌مبه‌رناکه‌ن؟ نمونه‌ی ئه‌وانیش ئێستا زۆرن که‌سوواری چاره‌وێی چه‌موشی ئه‌قڵی خۆیان بوون، بیر له هیچ چاکه‌یه ناکه‌نه‌وه، ئاینی خۆیان به‌پاره ئه‌فرۆشن ، هه‌تا ئه‌و چاره وێیه ئه‌یان خاته خواره‌وه‌و ملیان ئه‌شکێنێ، زیانۆ مه‌ندی هه‌ردوو جیهان ئه‌بن. وه هه‌ندێکیشیان به‌پاره‌ی بێگانه دژی ئیسلام ئه‌دوێن، خۆیان به‌پاڵه‌وان دائه‌نێن.

ئه‌م ئایه‌تانه هه‌رچه‌نده ده‌رباره‌ی مالومه‌کانی جوله‌که هاتوه‌نه‌ته خواره‌وه. به‌لام هه‌مو خوێنه‌وارو ئاوۆژگاری که‌ران ئه‌گرێته‌وه که فه‌رمان به‌چاکه ئه‌ده‌ن و خۆیان نایکه‌ن ، بۆیه پێغه‌مبه‌ر ئه‌فه‌روێ: زۆر خوێنه‌وار هه‌یه شه‌یتان یاری پێ‌ئه‌کاو به گوێره‌ی مه‌به‌ستی گلاوی خۆی هه‌ڵی ئه‌سه‌ڕێنێ. واته ئه‌وه‌ی ئه‌یڵێن خۆیان نایکه‌ن، ئه‌وه ئه‌گه‌یه‌نێ بڕوای به ئاین نه‌بێ.

﴿ واستعینوا بالصبر والصلاة ﴾ وه‌ئێوه ئه‌ی مالومه‌کانی جوله که داوای یارمه‌تی له خوابکه‌ن به هۆی ئارام گرتنتان له سه‌ر ئازارو ڕۆژو گرتن و به‌هۆی به‌جێ هێنانی هه‌مو فه‌رمانه‌کانی خواو نه‌کردنی هه‌مو گوناهێ، داوای یارمه‌تی به‌هۆی به‌جێ هێنان و کردنی نوێژه‌کان بکه‌ن.خوای گه‌وره باسی نوێژ دووپات ئه‌کاته‌وه‌و دووای فه‌رمان دان به‌داواکردنی ئارام گرتن، هه‌تا به‌باشی بچه‌سپێنرێ له مێشکدا به‌جێ‌هێنانی نوێژ پتر له هه‌مو فه‌رمانێ پله‌یێکی تایبه‌تی بۆدانراوه بۆیه پێغه‌مه‌ر ﴿ ﷺ ﴾ ئه‌فه‌موێ: که کاتی کارێکی گرنگ ڕوی بدایه‌و توشی خه‌فه‌ت ببوایه هه‌ڵئه‌ستاو ده‌ستی ئه‌کرد به نوێژ کردن بۆ نه‌مانی ئه‌و خه‌فه‌ته.

خوای مەزن دووای ئەوەی باسی بەرزی ئیسلام و کردەوە و گفتوگۆی موسلْمانانی کرد کە وەك یەك وابن و دەستی بیٚبگرن و واز لە سەرۆکایەتی جیهانی پڕوپوچ بهیٚنن و سودو پول و پارە پالْیان پیٚوە نەنیٚ بۆ خراپە کردن: فەرمان ئەدا بەئارام گرتن و ڕۆژو نویٚژ کردن و بەجیٚ هیٚنانی هەمو پەرستشیٚ بۆ خوابیٚ، داوا کردنیان لە خوابیٚ بۆ کردنی هەمویان

﴿ وانها لکبیرة ﴾ وە بەڕاستی داوای یارمەتی لە خوا بۆ ئارامیو چاوەڕوانی خۆشی پاشەڕۆژ وە پاڕانەوە لە خوا بۆ کردنی نویٚژو ڕۆژو، وەلاٚم دانەوەی پیٚغەمبەر﴿ﷺ﴾ لە هەمو ڕویٚکەوە گەورەو گرانە لەسەر شان بەتایبەتی کردنی نویٚژ.

﴿ الاعلی الخاشعین ﴾ گرانەن مەگەر لە سەر ئەوانەنەبیٚ لە خوا ترسن بەرانبەر بەخوا بەڕیٚزو بەکزۆلْیەوە، هەست بەترس و خۆپاراستن لە بیٚفەرمانی خوائەکەن، خۆیان بەخزمەتکاری مرۆڤایەتی ئەزانن بەتایبەتی بۆ باوەڕداران سەریان پیٚوەنیە بڕوایان بەخواو پیٚغەمبەرو دووا ڕۆژ هەیە.

﴿ الذین یظنون انهم ملاقوا ربهم ﴾ ئەوکەسانەی ئەوتۆ بڕوای بلیٚگومانیان هەیە کەبەڕاستی ئەزانن و چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن پاش مردن ئەوان ئەگەنە خزمەتی پەروەردەکەری خۆیان، بۆ وەرگرتنی پاداشتی چاکەی خۆیان ، بەچاوی سەر خوا ئەبیٚنن ، ئەوەیش گەرەترین پاداشت بەخزمەت گەیشتنی پەروەردگاری خۆیان، ئەو بینینە چۆن بینیٚنەکەی خوا ئەیزانیٚ بەتەنها.

﴿ وانهم الیە راجعون ﴾ وە بەڕاستی ئەزانن بۆ لای خوای خۆیان ئەگەڕیٚنەوە لە پاشە ڕۆژدا، پاداشتی کرداری خۆیان وەرئەگرن .

بەلاٚم ئەو کەسانەی بڕوایان بە دووا ڕۆژو پاداشت نیە، بە ئومیٚدی پاداشت نین ، لە سزاو تۆلْە ناترسن، ئەو کەسانە نەگبەتی سواری سەریان بوە، قورسایی گوناە دایگرتون،هەمو چاکەو فەرنانی خوا لایان قورسو گرانە، ئەو کەسانە وەك دوو ڕوەکان

وان، لـە وەی ڕابـواردن و کـەل و پـەلی جیـهان پەرسـتن، گـێرە شـێوێنو خراپـە کـارن، سەرسەری و سەرلێ شێواون لە ڕابووردوداو ئێستاو لەمەودواش.

يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا شَفَٰعَةٞ وَلَا يُؤۡخَذُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ﴿٤٨﴾

﴿ یابنی اسرائیل اذکروا نعمتی التی انعمت علیکم ﴾ ئەی کوڕانی ئیسرائیل بیری ئەو چاکەو ـ بەخششانە بکەنەوە پێم بەخشیون و ڕژاندومە بەسەرتانا، بۆ ئەوەی سوپاسـی خـوا بکەن، گوێبگرن و بەباشی ببیسن ، لەو چاکانەیە شۆکەو شێلاقەم بۆ ناردون ، هەورم بۆ کردن بەسێبەر ئاوم لە بەردی ڕەق بۆ هەڵقولاندن و چەندین شتی تریشم بۆ کردوون. بـا ئەوەیش بزانرێ باسکردن و گێڕانەوەی میهرەبانی خواو بەخشش لە گـەڵ بـاو باپیرانیـان گەورەترین هۆیە بۆ ئەوەی نەوەکانیان سوپاسی خوابکەن، بۆ ئەم ڕێزو گەورەییـە ـ هەیانـە لە باوو باپیرانەوە دەستیان کەوتوە ، بۆیە خوای گەورە ڕویان تێ‌ئـەکاو ئەفـەرموێ: ئـەی کوڕانی ئیسرائیل، هەتا دوای ئایەتی ﴿٤٨﴾. کەواتە ئەگەر بچوکـی خـوا بـەجێ نەیـەرن ئەبنە جێگەی تۆڵەی سەختی نالەبار لە ئێستاو لەمەو دووایش، بۆیە خوای گـەورە جـارێ تر دووپاتی کردەوەو فەرموی: ئەی کوڕانی ئیسرائیل. ئەوەمان لەبیر نەچێ هـەمو جـارێ باسی جولەکەکان و تیرەکانی تر ئەکرێ و هەڕەشەیان لێ‌ئەکرێ مەبەست تەنها ئەوەنیە لەو ڕوداوانە شارەزابین . بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆ ئاگادار کردنەوەی عەرەبەکانە بەتایبـەتی، موسڵمانان بەگشتی: چونکە ئـەوانیش ڕێزیـان لـە پێغەمـەرەوە وەرگرتـوە ، بـەو بۆنـەوە سەربەرزی هەردوو جیهانیان دەست کەوتوە ، ئەگەر ئەوانیش پشت بکەنە یاسـای خـوای

گەورە پتر لە جولەکەکان ئابڕویان ئەچێت و ئەبن بەپەند، بێهـێزو بێنـرخ ئـەبن و ئـەبن بەبەندەو بچوکی دووژمنانی ئیسلام ، توشی دووبەرەکی نێـو خۆیـان ئـەبن ، هـەتا وایـان لێدێ بەرئەبنـە خۆیـان و ئاگایـان لـەدووژمنی خۆیـان نـامێنێ ، لـەبێهێزیدا جێگـەی جولەکەکانی پێشو ئەگرنەوە، بۆیە خوای گەورە ئەفەموێ: ﴿ لقدکان فی فصعـهم عـبرةٌ لاولی الالباب ﴾ بەڕاستی لـە گێڕانـەوەی چـیرۆکی ڕابـوردو جولەکـەکان پـەندو تـەمێ خواربە بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی ئەقلن، هەتا ئەو کردەوە گلاوانە جولەکـەکان کردویانـە نەتەوەکانی ئێسـتا نەیکـەن ، لـە نەپەرستنی خـواو داوێـن پیسـی و ئـارەق خواردنـەوەو قومارکردن و کوشتنی ناڕەوای یـەکتری . عومـەری کـوڕی خـەتاب ئـەڵێ: (قـد معنـی بنواسرائیل ، ومایغنی ماتستمعون عن غیرکم) بەڕاستی ڕابوردن و نەمان بەنو ئیسرائیلی و ، وەسود ناگەیەنێ بەئێوە شتێ لە جگەی خۆتانەوە ئەی بیسن . ئەبوایە بەسـەرهاتی ئـەوان ئەمێتان وەرگرتایە.

﴿ وانی فضلتکم علی العالمین ﴾ وەبیر بکەنەوە کەبەڕاستی من ڕێزی ئێوەم داوە بەسەر هەمو ئادەمیزادا . یانی ڕێزی باوو باپیرانتانم داوە بەسەر ئادەمیزادی ئەو سەردەمەی خۆیان . نەك ئادەمیزادی هەمو سەردەمێ . بەلأم دوای ئەوەی دەستیان دایە خوانەپەرستن و یاخی بون لە خواو گوێیان لە فەرمودەی پێغەمەرەکانیان نەگرت ، خـوای گـەورە بێمیـهرەبانی خۆی بەسەردا ڕێژان، سەر شۆڕو کزۆڵ و بێنرخی کردن .

پێویستە بزانرێ پێغەمەری ئیسلام گـەورەترینی هـەمو پێغەمـەران بـوە ، ئۆمەتەکەیشـی چاکترین نەتەوەن، وەك خوا ئەفەرموێ ﴿ کنتم خیرامته اخرجت للنـاس ﴾ ئیوەچاکـترین نەتەوەیەکن هێنراونەتە دەرەوە بۆ ڕێگەنومایی ئادەمیزاد .

بەکورتی مانای ئەو ڕستەیە ئەمەیە : جولەکەکان ئاگادارئەکا بۆ ئـەوە بگەڕێنـەوە لـەو هەڵەیە توشیان بوە و بانگەوازی ئیسلام وەرگرن ، بگەڕێنەوە بۆلای کۆمەڵی باوەڕداران و

بۆلای پەیمانی خوا، هەتا جێگـەی سوپاسـی ڕێزیـان بـۆ بگەڕێتـەوە دووبـارە وەك دۆخـی جاران.

﴿ واتقوا یوما لاتجزی نفس عن نفس شیئاً ﴾ وەبترسن و خۆتان بپـارێزن لـە ڕۆژێکـی زۆر سامناك کەڕۆژی دووایی‌و ڕۆژی پرسیارو وەلام و پاداشتە جێبەجێ ناکا هیچ کەسێ بۆهیچ کەسێ هیچ شتێ ، هەمو کەسێ خۆی و کرداری خۆی ئەگاتە فریای ، هیچ کەسێ پاداشت لـە کەسی تر وەرناگرێ.

کەس نابێ بەجێگەداری کەسی تر بۆ وەرگرتنـی پـاداش‌و تۆڵـە، وەئـەو ڕۆژەی ڕۆژی دادپەروەرییە، پێویستە ئەم ڕۆژەی ژیانمان بکەینە نموونەی ئەو ڕۆژە: یاسای بەرزی ئیسـلام نابێ کەسی بیکاو یەکێ تر نەیکا. یەکێ بچەوسێنرێتەوەو یەکێ تـر رابوێـرێ، یـەکێ پـارە پەیدا بکاو بەهەشت بفرۆشێ، هەموو کەسێ پێویستە خۆی ئەمڕۆ بەپاکی تۆو بچێنێو دوو بەیانی خۆی دوورینەی بکاو بیخوا. کەواتە ئێستایش هەموو کەس خۆی‌و کرداری خۆی.

ئاماژە بۆ ناوەرۆکی ئایەتی ﴿٤٧﴾ لەبیرمان بـێ بـۆ ڕێزگرتـن لەبەنوئیسـرائیلی خـوا پێغەمبەری زۆری لێ ناردوون، وێنەی موساو هارون‌و یەسوع و عوزەیرو عەزیزو زەکەریاو یەحیاوچەندین پێغەمبەری تر، گەزۆو شێلاقەی بۆ ناردون هەتا بیانخۆن.

﴿ولایقبل منها شفاعة﴾ وەوەر ناگیرێ لەهیچ کەسێ تکاو پاڕانەوەو میانجی گـەری بـۆ کەسی ترکەواتە تکاو پاڕانەوە سودی نیە بۆ ئـەو کەسـانەی باوەڕیـان نـەهێناوە، باکـاری شایستەی لەپێش خۆیەوە نەناردبێ بۆ توێشوی ئەو ڕۆژە، توانای بەرەنگاری کردن‌و یـاری دانی بۆ کەسێ تر نیە لەو ڕۆژەدا.

﴿ولایؤخذ منها عدل﴾ وە وەرناگیرێ لەهیچ کەسێ فیدیـەو بـەرتیل باهـەموو سـامانی جیهان بێ لەرۆژی دواییدا بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ لەئاگری دۆزەخ، یاکەسێ لە جێگـەی خۆیا دانێ بۆ ئەوە لەبریتی ئەو بچێتە دۆزەخ.

﴿ولاهم ینصرون﴾ وەئەو کەسانە یارمەتیان نادرێ بۆ ئەوەی ڕزگاریـان بـیێ لەسزای خودا. کەواتە کەس ناگاتە فریای، کەس بۆی ناپاڕێتەوە، کەس ناتوانێ بۆی بکا.

لەمانای ئەم ئایەتەوە بۆمان ڕون ئەبێتەوە پاڕانەوە لەهیچ کەسێکەوە بۆ هیچ کەسێ وەرناگیرێ بەڵام زانایـان ئـەڵێن: ئـەو ئایەتـە هاتوەتـە خـوارەوە بـۆ دەم کـوت کردنـی جولەکەکان کەلایان وایە باوك و باپیرە پێغەمەرەکانیان لای خـوا بۆیـان ئەپاڕێنـەوە، خـوا لەوان خۆش ئەبێ، خوای گەورە لـە وەڵامیان ئەفەرموێ: بۆ ئێوە نابێ کەباوەڕتان بەقورئان و بە محمد نیيە.

بۆ ئاگاداری: لێرەدا باسی (شفاعة) ئەکەین یانێ پاڕانەوە لە خزمـەتێ خـوادا؛ زانایـان لەو بارەیەوە ئەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- زۆربەی زۆری زانایان کە جێگەی متمانەن بڕیاری بێگومانیـان داوە کـە پاڕانـەوە لای خوا لـە پاشە ڕۆژدا گومانی تێدانییە بۆ موسڵمان، بـۆ بـەرز بونـەوەی پلـەی هـەندێ کەس لـە بەهەشتا، بە تایبەتی لـە لایەن پێغەمبـەرەوە و پێغەمبـەرانی تـر و زانایـانی ئـاینی و شـەهیدان و فریشـتەکان و پیـاو چاکـان و باوکـان و کـوڕان و خزمـان و دراوسـێ و مامۆستایان و قوتابیان و ناسیاوان بە گشتی، کەواتە ئێمەی موسڵمان پێمان وایـە پاڕانـەوە لای خوا لـە ڕۆژی دوایدا هەیە. بەڵام چۆنیەتی و شیکردنەوەی ئـەو پاڕانەوەیـە نـازانرێ. لەهەمان کاتا بڕوای بێگومانمان وایە گەورەترین پاڕانەوە و یارمەتی بۆ ئادەمیزاد کـردەوەی خۆیەتی، سەر کەوتو تر پاڕانەوە پەشیمان بونەوەیان لـە گوناە.

خوای گەورە ئەو کەسەی پەنای ڕاستی بۆ بەرێ و داوای بەزەیی و میهرەبانی لێ بکات وەڵامی ئەداتەوە، بەمەرجێ بەکزۆڵەییەوە بێ و بەتەمای سـەخاوەتی ئـەو بـێ بـێ بەشـی ناکا. بەمەرجێ بە بیروباوەڕی ئیسلامەوە مردبێ، بۆیە خوای گـەورە لـە باسـی ڕێـزداری پێغەمبـەردا ئەفـەرموێ: ﴿ولسـوف یُعطیـك رَبّـك فَـتَرضی﴾ وە لـەمـەودووا ئەبەخشـێ پەروەردەکەری تۆ هەموو ڕێزێ دووابێ تـۆ ڕازی و خۆشـنود ئـەبێ ئەگـەر بەباشـی لـەو

ڕەزایەتیە وورد بینی بکرێ ئەبێ بەچەندە ئەنداز بکرێ مەگەر خوا خۆی بیزانێ، بۆ دابین کردنی شەفاعەت پێغەمبەر ئەفەرموێت: ((شفاعتي لأهل الكبائر)) پاڕانەوەی من بۆ خاوەنی گوناهە گەورەکانە لە ئومەتی خۆم. بەڵام نابێ مرۆڤ گوناه بکا بێ شەرمانە و بەتەمای پاڕانەوە بێ، ئەوە لەوەوە زۆر نزیکە لاقرتێ بە فەرمانی خوا بکا، خوایە پەنامان بدەی لە خراپەو گوناه.

٢- کەمێ لە زانایان ئەڵێن: پاڕانەوە بۆ ئەوانە نابێ گوناهی گەورەیان کردبێ و پەشیمان نەبوبێتەوە لە گوناهە گەورەکان وەکو نوێژ نەکردن و زەکات نەدان و ڕۆژو نەگرتن و پوختەی ئەو باسی پاڕانەوە بەم جۆرەیە: پاڕانەوە لە ڕۆژی دواییدا بۆ موسڵمانان هەیە ئەو فەرمودانەی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) کەوا ئەگەیەنن پاڕانەوە نی‌یە، بۆ بێ باوەڕان و دووڕوان و لاقرتێ کەران و گاڵتە کەران بە ئایینی و بە ئایین خوازان. نەك بەگشتی.

وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ
يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ
مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ فَأَنجَيْنَٰكُمْ
وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾

دووای ئەوەی خوای گەورە بەکورتی باسی ئەوانەی کرد بەخشیوێتی بە کوڕانی ئیسرائیل لەمەو دووا بەشی کراوەیی و بەدرێژی باسی ئەو چاکانە ئەکا بەخشیوێتی بەوان ئەفەرموێ:

﴿وإذ نجيناكم من آل فرعون﴾ وە بیری ئـەو کاتـە بکەنـەوە کـە ئێوەمـان ڕزگـار لـە پیاوەقوڵانی فیرعەون و هاوئاینەکانی و پیاوانی تری.

فرعەون نازناوی پاشایانی ئەو سەردەمەی میسریەکانە، هەروەك کیسرا بۆ فارسـەکان و قەیسەر بۆ ڕۆمەکان و نەجاشی بۆ حەبەشە و توبەع بۆ یەمەنیەکان و خاقان بۆ تورکـەکان. ئەم جۆرە ناوانە بۆ پاشاکانیان باوی نەماوە، سوپاس بۆ خوا.

زانایان هەریەکەیان بەجۆرێ ناوی ڕاستەقینەی فیرعەونیان بردوە. بەڵام ئـەوەی شایانی باسێ ناوی هەرشتێ بوبێ گرنگ نی‌یە، ئەوەی جێگەی باسێ ئەو پاشایە لەو کاتـەدا زۆر دوژمنی کورانی ئیسرائیل بووە، هیچ جۆرە بەزەییەکی تێدا نەبوە بۆیان، خوێـن ڕێـژ و دڵ ڕەق بوە بەتایبەتی بۆ جولەکەکان.

﴿يسومونكم سوء العذاب﴾ سەخت ترین سزای ئـەچێژا بـە ئێـوە، وەك ئـەوە بـەردی بەئێوە ئەبرێوە و بەئێوەی ئەگوازتەوە بۆ دروست کردنی خانو، بیری بەئێوە هەڵئەنند، هـەر کامتان توانای کردنتان نەبوایە پارەی لێ ئەسەندن، ئەوەی بە دڵیا بهاتایە بۆ لـەناو چونتـان پێتانی ئەکرد.

ئەو کارانە بەئێوەیان ئەکرد ژیانی ڕۆژانەتان بو، بەکاریان ئەهێنان لە بێگـاری کردنـدا، سزای گرانتری وەك ئەمانەی خوارەوە.

﴿يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ﴾ کوڕەکانی ئێوەیان سـەر ئـەبری و ئـەیان کوشـتن بەهـەر جـۆرێ بوایەو ، گەورە و بچوکتانیان ئەکوشت نەوەك گەورە بن و کۆ ببنە بۆ گێرە شێوێنی.

ئەوەی پاڵی نا بەفیرعەونەوە بۆ ئەو جۆرە کردارانـە، بەهـەر جـۆرێ بوزانیبـوی و وای ئەزانی و بیروباوەڕی وابو کوڕانی ئیسرائل بۆ دووا ڕۆژ ئەبنە هۆی نەمانی دام و دەزگـای خۆی و کزبونی قیبتیەکان و دارودەستەکەی، بۆیە ئەویش بڕیاری دابوو لـەناویان ببا بـۆ پاراستنی شکۆی خۆی ئەو جۆرە کرداره ناڕەوایانە بۆ پاراستنی هـەر ڕژێـم و یاسـایە لـە ڕابردووا ئێستا و لـەمەو بەرو لـەمەو دووایش شتێکی ئاسایی‌یە بۆ کاربەدەستانی ترسنۆك و

چاو چنۆك، ئاگرو دارو کوشتن و سزا بەکاردێنن بـۆ نـەمانی تاقمـێ دژی یاسـای خوێـن ڕشتنیانێ.

﴿ویستحیون نساءکم﴾ وە ژنەکانتانیان بە زیندوی ئەهێشتەوە هەتا بیـان کـەن بـەکارە کەر و بیان خوازن بەزۆری شەلاق بێ جیاوازی گەورە و بچوکی ژنەکانتان، ئـەوکارەیان خراپتر بو لەکوشتنی پیاوەکانتان.

خوای گەورە ڕوری فەرمودەی ئەکاتە جولەکەکان سردەمی پێغەمبەر (ﷺ) هەرچـەندە ئەو کارانە توشی ئەوان نەبوە. بەڵام ئەمانیش لـە ئـاینی پێشـوەکانیان و لـەوان ڕازیـن و خۆشیان ئەوێن کەواتە هاوبەشی ئەوانن.

﴿وفي ذلكم بلآء من ربّكم عظيم﴾ وە لەکوشتنی کوڕەکانتان و هێشتنەوەی ژنـەکانتان ناخۆشی و نەگبەتێکی زۆر گەورەیە لەلایەن پەروەردەکەرتانەوە توشی ئێوەی کردوە ، بـۆ ئەوەی تەمێ خوار بن و کۆشش بکەن و ئارام بگرن بەرانبەر دوژمنانی خوای خۆتان.

هەروەها لە ڕزگار کردنتان لەدام و دەزگای فیرعەو ڕێـز داری و بەخششـی خوای گەورەیە بۆتان بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەن.

کورتەی مانای ئەو ئایەتە ئەمەیە: جولەکەکان ئەو پـەڕی کـزۆڵ و چەوسـاوە و هـەژار بوون و دوژمنەکانیان ئەوپەڕی هێز و بەتوانا و ساماندار بون. خوای گەورە بە هۆی موسـا پێغەمبەرەوە ئەوانی بردە جێگەی دوژمنەکانیان و جێگەی ئەوانیان گرتەوە لەبێ دەسەلاتیدا نەمان ، کەواتە بیانویان نامێنێ کە وەڵامی جاڕ و بانگـەوازی ئیسـلام نەدەنـەوە بـە هۆی پێغەمبەرەوە. ئەبوایە تەمێ خوار بونایە و جارێ تر کاری ناڕەوایـان نەکردایـە و کەسـیان نەچەوسانابێنەوە.

فیرعەونی دوێنێ و بەخت نەسرو ڕۆمان و نازیەکان ئەوەی بەجولەکـەکانیان کـرد لـە ڕابردوودوا، ئێستا زاوێنیە جولەکەکان بـەکاری دێنـن لەگـەڵ عەرەبـەکانی فەلەسـتین و

باشوری لوبنان، ڕۆژێ ئەبێ کاروفەرمانی خوا وەرگەڕێ و جارێ تریش توشی نەگبەتی و چەوساوەیی بێن بەهۆی کردەوەی ناهەمواریانەوە.

لێرەدا ئەمەیشمان لەبیر بێ ئەو کەسەی فەرمان بدا بەکوشتنی ئادەمیزادێ بەنارەوا ئەگەر فەرمان پێ دراو پێویست نەبێ گوێ ڕایەڵی فەرمان دەرکەربێ بە گوێرەی یاسا وەك پۆلیس و سەرباز و موچە خۆر پێویستە فەرمان دەرو فەرمان پێ دراو هەردوولایان لە تۆڵەی کوژراوەکەدا بکوژرێن، وە گەر وانەبو وەك باوك و کوڕ و مامۆستا و قوتابی کامیان بکوژبێ ئەوەیان ئەکوژرێ و بەس.

﴿وإذ فرقنا بكم البحر﴾ وە بیری ئەو کانە بکەنەوە ئێمە دەریاکەمان بۆ ئێوە لەیەك پچڕاند و بۆتانم کرد بە (١٢) دووازدە ڕێگە هەریەکەیان بۆ بەرەیەکتان لە (١٢) دووازدە کوڕەی یەعقوب، لەو ڕۆژەدا میسرتان بەجێ هێشت لەگەڵ موسادا، کەئەتان بینی دەریا لە پێشتانەوە و دوژمن لە دوواتانەوە و ئەترسان لە هەردوولایان و بنەبڕبێن.

﴿فأنجيناكم﴾ دووایی ئێمە ئێوەمان ڕزگار کرد لەترسی خنکاندنی ئەو دەریایە و لەگەیشتنی فیرعەون پێتان و بەئاسودەیی گەیشتنە کەناری دەریا، بەچاوی خۆتان دیتان قوڕو لیتەی دەریاکە ووشك بوویەوە نەك ڕۆچن بەنێو قوڕدا.

﴿وأغرقنا آل فرعون وأنتم تنظرون﴾ وە ئێمە فیرعەون و پیاوە ماقوڵەکانی و پیاوانی تریانمان خنکاند بە ئاوی دەریاکە، ئێوە تەماشاتان ئەکردن بەخنکاوی و بەمردوی بەچاوی خۆتان و دیتان ئاوی دەریاکە لەیەك بچڕا بۆ ڕزگار بونی ئێوە، دووای ڕزگاری ئێوە ئاوەکە تێکەڵاوی یەکتر بوونەوە و چوبەسەر فیرعەون و تاقمەکەیدا و خنکاندنی و لەناو چون ئەو دەریایە کە موسا و کوڕانی ئیسرائیل ڕزگاریان بو لەناویا فیرعەون و تاقمەکەی خنکان زانایان ئەڵێن: (دەریایی سورە لەسەر کەنداوی سووەیس)

کورتەی ئەوز ڕوداوە بەم جۆرەیە: خوای گەورە کاتێك ویستی فیرعەون و تاقمەکەی لەناوببا فەرمانی دا بەموسا خۆی و کوڕانی ئیسرائیل لە میسر بچنە دەرێ، ئەویش بە خۆی و خزمانیەوە بە نهێنی لە شەودا چونە دەرێ، بەرەو فەلەستین ڕۆیشتن.

فیرعەون کەبەوەی زانی فەرمانی دا بەهەموو جەندرمەکانی و ناردنی بۆ هەموو هەرێمەکانی ژێردەستەی لەشکرێکی زۆری کۆکردەوە، کەوتە دووای جولەکەکان کە بەرلەوەی بگەنە فەلەستین بیان گێڕێتەوە، بۆ ئەوەی ترس و بیم بلاو نەبێتەوە بەناو شاردا، وای بلاو کردەوە بەناو میسردا ئەوکەسانە تاقمێکی کەمن و هەلاتوون و مەترسیان لێ ناکرێ و ئێمەیان بەو هەلهاتنە ئالۆز کردوە، پارەو خشلی ژنەکانمانیان بردوە و نەیان داونەتەوە، لە هەلس و کەوتیان ئاگادار بوین.

فیرعەون و لەشکرەکەی کەوتنە دووای موسا و بەنوئیسرائیلی. فیرعەون و تاقمەکەی باخوبۆلاخ و زێڕ و بارەگای گەورەو کوشکی بەرزی خۆیانیان بەجێ هێشت لە میسردا و جارێتر نای بیننەوە و بۆیشیان ناگەڕێتەوە بەلام بەنوئیسرائیلی لە فەلەستینا ئەبنە خاوەنی وێنەی ئەوانەی ئەوان هەیان بو.

کوڕانی ئیسرائیل گەیشتنە کەناری دەریای سور لەسەر کەنداوی (سووەیس) فیرعەون و لەشکرەکەیشی لەگەل خۆر کەوتنا بەوان گەیشتن، لەو کاتەدا کوڕانی ئیسرائیل بڕوایان وابو لەناوئەچن، ترس و بیم کەوتە دلیان، بەموسایان ووت: ئەوا فیرعەونمان پێ گەیشت و توانای ئەومان نی‌یە چ شتێ بکەین؟ موسا فەرموی: مەترسن خوای خۆم لەگەل منە ڕێگە نومایم ئەفەرموێ، بۆ ڕێگای ڕزگاریم. لەوکاتەدا خوا پەیامی نارد بۆ موسا کە داردەستەکەی بدا بە دەریاکەدا.

موسا داردەستەکەی کێشا بەدەریاکەدا، ئاوەکەی پارچە پارچە بو، وە (١٢) دووازدە ڕێگەی وشکی لێ‌ی پەیدا بو، هەریەکەیان بۆ بەرەبابێ، ئاوی دەریاکە بەم لاولایانا وەکو کێو بەرز بوبوەۆو . کوڕانی ئیسرائیل بەو ڕێگە کراوانەدا چونە ئەوبەری دەریا. لەوکاتەدا

فیرعەون کەچاوی بەو رێگانەی ئاوی دەریاکە کەوت کە جولەکەکان پێیانا ئەچون، ئەوانیش خۆیانیان پێ داکرد بە دووای جولەکەکاندا، ئاوی دەریاکە دای بەسەریاندا هەمویان خنکان و مردن. موسا و ئەوانەی لەگەڵیا بون رزگاریان بو، بەچاوی خۆیان ئەوانەیان هەمو بینی .

قورئانی پیرۆز لەناوچونی فیرعەون لەچەند ئایەتا باسی ئەکا بۆ ئەوەی هەمو گوێگران پێی تەمێ خوار بن، لە هەرجێگەیەکدا بەشێوەیەکی شایان باسی ئەفەرموێ جارێ بەکورتی و جارێ تر بە درێژی، بۆ ئەوەی وورد بینەوە و لەناوە ڕۆکەکەی باشتر بگەین، لە هەرجێگەیە تامێکی تایبەتی هەیە و تەواو کەری ئەوەکەی تریانە..

وَإِذْ وَٰعَدْنَا مُوسَىٰٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٥١﴾ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾ وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾

﴿وإذ واعدنا موسى أربعين ليلة﴾ وە ئێوە بیری ئەو کاتە بکەنەوە ئێمە بەڵێنمان دا بەموسا بەمانەوە چل شەویی تەواو هەتا ئەو شتەی داوای کردبوو بیدەمێ کە تەورات و یاسای خوایە وە موسایش بەڵێنی دابو بەخزمەکانی بچێ بەسەر ئەو بەڵێنەی پێ درابو لەلایەن خواوە.

﴿ثم اتخذتم العجل مِنْ بعدهِ﴾ لەپاش ئەوەی موسا ڕۆیشت ئێوە گوێرەکەیەکتان داناو کردتان بە خوا بۆ خۆتان و دەستتان کرد بە پەرستنی بە دیار نەبونی موسا لاتان.

﴿وأنتم ظالمون﴾ وە ئێوە ستەمتان لە خۆتان کـرد بـەو پەرستنەو کـارە نارەوایـە کـە لەجێگەی خوا داتان نابو، ئەبوایە هەر خواتان بپەرستایە و پەرستراو هەر ئەبێ خوابێ.

﴿ ثم عفونا عنکم من بعد ذلك﴾ لەپاشا ئێمە خۆش بوین لـە ئێـوە و لەگوناهـەکانتان بوروم، دووای ئەوە ئێوە پەشیمان بوونـەوە لـەو گوناهـە گەورەیـەکردبوتان بـە پەرسـتنی گوێرەکە، ئەو سزایە ئەبوایە توشتان بوایە بەو پەشیمان بونەوە لەسەرم هەلگرتن.

﴿ لعلکم تشکرون﴾ بۆ ئەوە ئێوە سوپاسی من بکەن لەسەر ئەو لێ بووردنەو ئـەو هـەمو میهرەبانیە من لـەگەڵتانم کرد.

بۆئاگاداری: ووشەی موسا بەزمانی عیبری لەدوو ووشە پێك هاتوە: (مو) بـەمانا ئـاوە، وە (سی) کە (شێ) بەزمانی عبری و عەرەبەکان کردیانە بە (سی) یانی درەخـت، کەواتـە ئەبێ بە(ئاویی درخت) موسای پێ ناوبراوە، لەوەوە هاتوە کاتێ (ئاسیای) ژنـی فیرعـەون کارەکەرەکانی دەستور پێدا بون خۆیان بشۆرن لای ئاوو درختێ، تەماشایان کرد تابوتـێ ئاو هێنای و ئەوانیش گرتیان تەماشایان کرد منالێکی تێدایە، لەگەڵ خۆیان بردیان بـۆلای ئاسیا، بەو بۆنەوە ناویان نا موسا.

خوای گەورە دووای ئەوەی باسی ئەو بەخشندەییە کـرد کـە بەخشـیبوی بـە کوڕانـی ئیسرائیل: بریتی بون لە ڕزگار بونی کوڕەکانیـان و هێشـتنەوەی ژنـەکانیان. لـەناوبردنی فیرعەون، لێ خـۆش بـون لـە سـزای پەرسـتنی گوێرەکـە دووای پەشـیمان بونـەوەیان. ئەفەرموێ:

﴿وإذ آتینا موسی الکتاب و الفرقان لعلکم تهتدون﴾ وە بیری ئەو کاتە بکەنـەوە ئێمـە دابومان بە موسا ئەو نامەیە کە تەوراتە و ڕاست و چەوت جیا ئەکاتەوە، حەڵاڵ و حـەرام، دۆست و دوژمن لەیەك جوێ ئەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئێـوە ڕێنومـایی وەرگـرن و شـارەزای یاسای خوا بن و خۆتـان لـە گومڕایـی دوور خەنـەوە، بـیر لـە نیشـانە گـەورەکانی مـن بکەنەوە.

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم
بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓا۟ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ
خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٤﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً
فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ
بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ
ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا
رَزَقْنَٰكُمْ ۚ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾

﴿وإذ قال موسى لقومه ياقوم إنكم ظلمتم أنفسكم باتخاذكم العجل﴾ وە ئێوە بیری ئەو کاتە بکەنەوە موسا وتی بەخزمەکانی: ئەی تاقمەکانی من بەڕاستی ئێوە ستەمتان کرد لە خۆتان بەهۆی دانانی گوێرەکەکە کردبوتان بەخوای خۆتان ئەتان پەرست، ئەو کەسانەی کاری ناڕەوا بکەن شایستەی ئەوەن سزایان بدرێ.

﴿فتوبوا الى بارئكم﴾ کەواتە ئێوە پەشیمان ببنەوە بۆلای خوایێ دروست کەری ئێوەیە بەجۆرێ شورەیی و ناتەواوی جیاوازیتان تێدا نییە و ئەندام و هەندامتان ڕێك و پێکە،

لەیەك جویّ ئەبنەوە هەریەکەتان لەوی ترتان بەڕنگ و شیا وازو دیمەنی شیاو بۆتان، لە نەزانین ئەوپەڕیتان گرتوە، چۆن واز لە پەرستنی خواتان هێنا و بۆلای کوێرەکە پەرستن کە هەروەنکو خۆتان ئەوگوێرەکەیە گێل و نەفامە.

﴿ فاقتلوا أنفسكم ﴾ دووایی پێویستە ئێوە خۆتان بکوژن، ئەوەیش دووای ئەوە بو گوێرەکە پەرستان ووتیان: بە چ جۆرێك بگەڕێینەوە بۆلای خوای گەورە، موسا فەرموی: ئەوکەسانەتان گوێرەکەتان نەپەرستوە گوێرەکە پەرستان بکوژن، بۆ ئەو مەبەستە ئەگێڕنەوە باوك و کوڕخزمی خۆیانیان ئەبینی و پرکێشیان نەئەکرد ئەو فەرمانەی خوا بەجێ بهێنن، بۆیە خوای گەورە تەم و هەورێکی ڕەشی بۆناردن وایان لیّ هات یەکتریان نەئەبینی، دوایی بەربونە خۆیان و کوشتنی یەکتری، ئەوانەیان گوێرەکەیان پەرستبون هەمویان کوژران، دووای ئەوە هەورو تەمەکە نەما، لەبەر ئەوەی فەرمانی خوایان بەجێ هینا هەمویان بەشەهیدی مردن ژمارەی کوژراوان هەرچەندە بێ گرنگ نییە، ئەوەی شایستەی ئەوان بێ فەرمانی خوایان بەجێ هینا. بەڕاستی ئەو فەرمانی بەوان درابو زۆر گران و سامناك بو کە باوك و کوڕ و خزم یەکتری بکوژن ئەو کوشتنە وەك ئەوە وایە خۆیان بکوژن بۆیە خوا ئەفەرموێ: ﴿فاقتلوا أنفسكم﴾ بەلاّم سروشتێکی ڕوخاو پەست کە خۆی لە گوناه نەگێڕێتەوە و دەست بکەن بە کوێرەکە پەرستن بە ئامۆژگاری کۆڵ نادەن، پێویستە بە تێخ و نوکی شمشێر کۆڵیان پێ بدریّ، بەڕاستی باجی قورسی خۆیانیان دا و ئەو پەڕی سودیان وەرگرت و تەمێ خواربون بەگشتی، بۆیە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئیبنو ماجە ئەی گێڕێتەوە و فەرمووی: هەر کۆمەڵێ گوناه لەناویانا بکریّ، ئەوا ئەوانەیش گوناه کەر نەبوون گەورە و بەدەستەلاّت بن و بەرەنگاری نەکەن لەو گوناهە سزاو تۆڵەی هەمویان ئەگریتەوەوە لەهەردوو جیهاندا:

﴿ذلكم خيرلكم عند ربكم﴾ ئەو پەشیمان بوونەەو خۆ کوشتنە چاکترە بۆ ئێوە لە یاخی بونتان لای خوای دروست کەرتان، بەو کوشتنە یا ئەبنەوە لە بت پەرستیو ئەگەن بەژیانێکی بەردەوامی و نەبڕاوە، خۆ ئەبێ هەربیش مرن، ئەو مردنە زۆر پەسندو ڕەوایە کە خۆیانیان کوشت.

﴿فتاب علیکم إنه هو التواب الرحیم﴾ دواوای ئەوەی فەرمانی خواتان بەجێ هێنا خوا پەشیمان بۆ ئەوەی لە ئێوە وەرگرت و بەزەیی خۆی بەسەرتانا ڕژاند، بەڕاستی خوا هەر ئەوە بەزۆر پەشیمان بونەوە وبگرێ لەبەندەکانی خۆی، زۆر میهرەبان و خاوەن بەزییە.

پوختەی مانای ئەم چوار ئایەتانە ڕابوردن بەم جۆرەیە: دووای ئەوەی کوڕانی ئیسرائیل بەڕانومایی موسا ڕزگار یان بوو لەدەریاکە و فیرعەون و تاقمەکەی خنکان کوڕانی ئیسرائیل پشوێکی خۆشیان دا ، ئیتر گەڕانەوە بۆ میسر یا نەگەڕانەوە گرنگ نیە؟ بەلاّم کاتێ لەمیسرا بون موسا ئاگاداری کردبوون خوای گەورە فیرعەون بەم زووانە لەناو ئەبا، لەپاشان نامەیەکتان بۆ ئەنێری لەلایەن خۆیەوە و ئەیکا بە یاساو ڕوونی ئەکاتەوە ئەو شتانەی بیکەن و ئەوانەی نەیکەن و قەدەغە بن لەسەرتان، بۆیە پێویستە ئێوە کاری پێ بکەن بە پەیڕەو بۆ خۆتان ، کاتێ فیرعەون لەناو چو موسا داوای لەخوا کرد ئەو نامەیە بۆیە نێرنێ، خوا فەرمانی پێدا بڕوا بۆ سەر لوتکەی کێویی توری بەڕێز (٣٠) سی ڕۆژ لەوێ بەڕۆژوبێ خوا پەرستیبکا.

کاتێ (٣٠) سی ڕۆژەکەی تەواو بو خوا فەرمانی پێدا (١٠) دە ڕۆژی تر بمێنێتەوە هەتا پەرستنەکەی تەواوتر بێ، دواوای (٤٠) ڕۆژ خوا نامەکەی پێ بەخشێ، موسا بەر لەوەی بڕوا بۆ پاڕانەوە لە کێوی تور ئامۆژگاری هاورنی برای کرد و پێی فەرمو: جێگە داری من بە لە ناو خزماندا، کاروباریان ڕێك خەو ئاگات لەخۆتبێ نەکەویتە دوای گێڕە شێونیئەوان و، ئەوانەی تۆویی خراپە ئەچێنن، موسا ئەوکاتە ڕۆیشت بۆ پاڕانەوە لە کێوی (طور) فەرمووی (٣٠) ڕۆژم پێ ئەچێ کە خوا فەرمانی پێدا (١٠) دە ڕۆژی تر بمێنێتەوە بۆ ڕۆژوگرتن ووتیان: موسا بەڵێنەکەی ڕاست نەبوو، لەوکاتەدا (موسای سامیری) کینەی بۆگەنی دڵی جولاّ، ئەو ڕوداوەی بەهەل زانی، ئەو زێڕەی ژنانی میسردا بویان بە ژنانی ئیسرائیل و لەگەڵ خۆیان هێناوبۆیان لێی وەرگرتن و توانیەوە لە نێو ئاگرداو گوێرەکەیکی لەو زێڕە بۆ دروست کردن، بە جۆرێکی ئەنداز باری و هونەری ڕەنگی بۆ

ڕێژابو، ئەگەر با بچوایە تە ناویی لەدەمێیەوە دەردە ئەچو، دەنگێکی لێ پەیدا ئەبوو وەکو گا ئەی بۆڕان، سامیری بەگێل و گەوجی ئیسرئیلەکان پشت ئەستوور بوو فەرمانی پێدان ئا ئەمەیە خواکەتان موسا لە بیری چوەتەوە ، ئەوانیش دەستیان کردبە پەرستنیو بت پەرستی ئەو کاتە باو بوو لەناو میسر یەکاندا ئەوانیش پێی داهاتبون بێ ئەرێ و نەرێ کوڕنوشیان بۆ برد لەوکاتەدا هارون زۆر بەتیژی بەرهەڵستی کردنو پێی ووتن: سەرتان لێ شێواوە کاریوا مەکەن.

هەرچی توانای بو خستیەکارەوە لە گوێرەکە پەرستن وەریان گێڕێ سوودی نەبوو، هەر لەسەری بەجیزبوون هەتا موسا هاتەوە موسا ئامۆژگاری کردن و بەجولەکەکانی فەرمو: ستەمتان لە خۆتان کردووە بە پەرستنی گوێرەکە، ئەوانیش پەشیمان بونەوە، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێدان خۆیان بکوژن، ئەوانیش دەستیان دایە خۆ کوشتن خوای گەورە پەشیمان بونەوەکەی لێ وەرگرتن و دڵیان خۆشبو، ئەم باسە چەند جارێ باس ئەکرێ لە قورئانی پیرۆزدا، هەر جارێ بە جۆرێکی تەواو کەر بۆ ئەوەی پێشەوەی خۆی.

ئەم چیرۆکە چەندین سود پەندی تێدا بەدی ئەکرێ:

١- ئەوە ئەگەیەنێ ئۆمەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ چاکترین ئۆمەتە، چونکە جولەکەکان ئەو هەموو بەڵگانەیان بە چاوی خۆیان ئەبینێ کەچی دووای کردەوەی پڕ پوچ ئەکەوتن بە زۆری، بەڵام موسلمانان لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستیان هەبوو بە بەڵگەی بەهێزبۆ ناسینی قورئانی پیرۆز، نرخیان بۆ درۆو دەلەسەی دوژمنان دا نە ئەنا بڕوای بێگومانیان بە قورئانی هەبوو، ئەوەیش ئەوە ئەگەێنێ موسڵمانان ئاقڵترو زیرەکترن.

٢- پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەم چیرۆکەی ئەگێڕایەوە لەگەڵ ئەوەیش نەخوێنەواربوە، ئەوەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بەسروش زانیوێتی.

٣- ئەو چیرۆکە بۆمان دابین ئەکا کوێرانە دووای کەس ئەکەوین بگەڕێین بەدووای بەڵگەی بێگوماندا، ئەك وەك جولەکەکان بەبێ بەڵگەو ووردبوونەوە دووای موسای سامیری کەوتن و دەستیاندایە گوێری کە پەرستنی.

٤- خوای گەورە بەم چیرۆکە دڵخۆشی پێغەمبەر ئەداتەوە ئارام بگرێو خۆ ڕاگرێ بەرانبەر خراپەو نالەباری بت پەرستەکانی عەرەب، هەروەك موسا خۆ ڕاگربو بەرامبەر بە کردەوەی گێلانەی کوڕانی ئیسرائیل.

لێرەدا ئەوەتان بۆ ڕۆن ئەبێتەوە خوای گەورە ئەو پەڕی میهرەبانە بۆ موسڵمانان پەشیمان بونەوەیان بەپاڕانەوەڵێ وەرئەگرێ، بێ ئەوەی فەرمانیان پێ بدا خۆیان بکوژن بە پێچەوانەوە بۆ جولەکەکان کاتێ پەشیمان بونەوە یان لێ وەرگیرا فەرمانیان پێ درا خۆیان بکوژن، هەروەکو ئێمە ئەگەر بە نارەوایی مرۆڤی بکوژین پەشیمان بونەتەوەمان لێ وەرناگیرێ هەتا خۆمان نەدەن بەدەستی خاوەن مافەوە بۆ کوشتنمان.

﴿وإذ قلتم ياموسى لن نؤمن لك حتى نرى الله جهرة﴾ وە بیری ئەوکاتە بکەنەوە ئێوە ووتتان: ئەی موسا بەدەنگی بەرزەوە ئێمە بڕوا بەتۆناکەین کە ئەڵێت پێغەمبەرم هەتا خوا نەبینین بە ئاشکرا بەبێ پەردەو هیچ شتێ نەبێ لەنێوان ئێمەو خوادا، ئاگادارمان بکا کە پێغەمبەرو نێراوی خوای، ئێمە نازانین ئەوکەسانەی گومانیان لەبونی خوادا هەیە لەم چەرخەی ئێمەدا بەبێ بەڵگە، بۆ لاسایی جولەکەکان ئەگەنەوە لەبێ باوەڕی و چەندە بازییان؟ جولەکەکان ئەیان ووت بەموسا: باوەڕ بەتۆ ناکەین هەتا خوا نەبینین، ئەوانەی ئەم سەردەمیش ئەڵێن: ئەوەی هەستی پێ ئەکەین بە چاوایا بەشتیتر نابێ هەبێ، هەروەها ئەو چەنە بازیانە تازەنیەو کۆنە لەگەڵ بوونی مێژوودا پەیدا بووە و ئەبجونەوە چین بەچین هاتووە خۆیان کێف ئەکەنەوە لەناو چوونو هیچ شتێکیان سەوز ئەکردووە.

ئایین و ئایین پەرستان بەکوێرایی چاویانەوە بەردەوامن، زۆرترین لەوانەی دووای فەرموودەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نەکەوتوون بەگوێرەی مەیلی خۆیان ئەدوێن وئەڵێن: خوای

گەورە ئەمڕۆو پاشە ڕۆژیش نابینرێ، بەڵام کۆمەڵی دەستیان گرتووە بەڕەوەشتی پێغەمبەرو موسڵمانە پێشووەکان ئەڵێن: بینیی خوا لـە جیـهاندا دروسـت نیـە، لەپاشـە ڕۆژو بـەبێ گومان ئەبینرێ جۆرەکانی و چۆنێتی ئەو بینینە گرنگ نیە، با ئێمە نەتوانین شی بکەینەوە.

﴿فأخذتكم الصاعقة﴾ دووایی کوتوپڕ ئێوەی گرت و دای بەسـەرتانا لەلایـەن خـوای گەورەو هەروە گرمە و بەڵایێ هەمووتان مردن بەهۆی ئەو ووتە گەورەو بـێ شـەرمیێەوە، ئیتر ئەو بەڵایە بەئاگربێ یا بەدەنگێکی سەخت و بـەرز گرنـگ نیـە، ئـەوەی گونجـاو بـێ هەمویان مردن بەهەرشتێ بێ .

﴿ وأنتم تنظرون ﴾ وەئێوە بەچاوی خۆتان ئەوەی بوبەهۆی مردنتان ئەتانبینی .

﴿ ثم بعثناكم من بعد موتكم ﴾ لە پاشا ئێمە ئێوەمان زیندو کردوە لـەدووای مردنتـان بەو بەڵایە هەتا ئەوەی ماوەتەوە لە ژیانی تەمـەنی دیـاری کـراو بۆتـان کۆتـای پـێ دیـێ، ئەوفەرمودەیە گەورەترین بەڵگەیە بکرێ بەوێنە بۆ زیندو بونەوە لە دووا ڕۆژدا.

ئەوەی جێگەی باوەڕ بێ ئەوکەسانە هەمویان مردن جگە لەموسا. بەڵام موسـا بێهۆشـی بەسەردا هات، ئەوەتە خوا ئەفەرموێ: ﴿فلمّا أفاق﴾ یانێ موسا کاتێ بێدار بویەوە لە خـوا پاڕایەوە خوا هەمویانی زیندوکردەوە.

ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە ئەمەیە: هـەندێ لـە زانایـانی ئـەم چەرخـە کـە مامۆسـتا (موحەمەد عەبدەیە) یەکێکە لەو کەسانە ئەڵێن: خوا نەیگێڕاونەتەوە بە زیندوی بـۆ جیـهان دوهەم جار بەزیندویی، بەڵکو مانـای زیندوبونـەوەیان وا لێ داوەتـەوە نـەوەی زۆریـان لێ ئەکەوێتەوە، یەکێ تریش لە مامۆستایان کەبەزمانی کوردی مانای ئـەم جێگەیـەی کـردوە دووای ئەوان کەوتوە، ئەو مامۆستایە بریتی‌یە لە شێخ موحەمەدی خاڵ، لەگـەڵ ئەوپـەڕی ڕێزم بۆیان بەچ بەڵگەیە لەمانای دەرکەو توی ئاشکرای ئەو ئایەتە لایانداوە، بەڵام زانایانی بڕوا بێ گرازی کۆن وتازە بڕوایان وایە بۆجاری دووهەم زینـدو کراونەتـەوە، وە ئـەویش ڕاست و بێ گومانە، نابێ لـەمانای دەرکـەوتوی قورئـان لابدەیـن بـەبێ بەڵگـە، لەگـەڵ

ئەوەیشدا ئەو کارە بۆ خوا ئاسایی و ئاسانە و گران نیە، وێنە ئەوەیـە: زینـدوا کردنـەوەی عوزەیر پێغەمبەر کە گومانی تێدا نی‌یە وەك خوا ئەفەرموێ: ﴿فأماته الله مئة عام ثـم بعثـه﴾ یانی دووایی خوا مراندی سەد ساڵ لەپاشا خوا زیندوی کردەوە.

﴿لعلكم تشكرون﴾ بۆئەوەی ئێوە سوپاسی خوا بکەن کە لەدووای مردنتـان زینـدوی کردنەوە، بۆ ئەوەیش ئێوە و جگە ئێوە تەمێ خوار بن و پەرستنی خوا بەجێ بهێنن.

ئەوەی شایانی باسێ خوای گەورە بەناوەڕۆکی ئـەم ئایەتـە بـۆ ئەوکەسـانەیە لەسـەردەمی موسادا داوای چاوپێکەوتنی خوایان کرد. کەواتە هـەموو جولەکـەکانی ئـەم سـەردەمە و لەمەودووا ناگرێتەوە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی لـەخنکاندن ڕزگاریـان بـو، ژمـارەی ئـەو کەسانەی بەهۆی کوێرەکە پەرسـتنەوە کـوژران دیـاری نـەکراوە، جێگـەی سەرسـوڕمانە هەندێ لەزانایان بەبێ بەڵگە لە گیرفانی خۆیانەوە باسـی هـەندێ شتیان کـردوە ئـەڵێن: ژمارەی ئەو کەسانە خۆیانیـان کوشـت بـۆ ئـەوەی پەشیمان بونـەوەیان لێ وەربگـیرێ و گوێرەکـەیان پەرسـت (٧٠٠٠٠) حـەفتا هـەزار کـەس بـون ، ژمـارەی ئـەو کەسـانەی ڕزگاریان بو لە خنکان (٦٢٠٠٠٠) شەش سەدو بیست هەزار کەس بون جگە لـە ژن و پیرو منالّ هەروەها ژمارەی لەشـکری فیرعـەون کـە کەوتنـە دوای کوڕانـی ئیسـرائیل و خنکان ئەوانیش بەڵگەی ڕاست بۆ دیاری کردنیـان نیـە. بـەڵام بـۆ دیـاری کردنـی ئـەو کەسانەی داوای چاوپێکەوتنی خوایان کردبو هەیە کە حەفتا کەس بون.

ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە زۆرانە خوا بەخشیبوی بـە جولەکـەکان و ئـەو لێ بـوردن و خۆشبڕنانەی خوا کاری نەکردە سەر سروشتی پیسیان، بڕوایـان بـە هیـچ شـتێ نـەبو بـە جۆرێ هەستی پێ بکرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەم درێژی و چەنەبازی زۆریان ئەکرد، جگـە لە دارو فەلاقە وولامی هیچ شتێ تریان نە ئەدایەوە، ئەو کارانە ئەوە ئەگەێنێ ئەو ماوەیە بـە چەوساوەیی و کۆیلەی لەگەڵ ستەمی فیرعەون بردویانە سەر خوڕەوشتی تێکدابون، ئـەبێ چ شتێ لەوە خراپتر بێ ئەو چەوسانەوە و یاخی بونەی فیرعەون پەیدای کردبـێ لـەواندا؟

ڕێزو ڕەوشتی چاکیانی تەفرو تونا کردبو، ناموسی تێك دابون، بەندایێتی تێدا ڕەواندبون بۆ جگەی خوا، هەرکاتێ دارو لێدانیان لەسەر هەڵگیرایە یاخی ئەبون و لەخۆیان بایی ئەبون، ئینەت ڕەوشتی جولەکەکان ئەبێ هەر وابێ، وەکو بەچاو ئەبینرێ لەوانەی بە فەلەستین و قودسی پیرۆزیان کردوە.

ئەو کردەوە پیسانە نەك بۆ جولەکەکانەو بەس، بەڵکو هەر کۆمەڵێك فێری بچوکی بێگانە بوبێ و سەربەستی بە خۆیەوە نەدیبێ بەزوی لە خۆی ئەگۆڕێ و لەخوا یاخی ئەبێ، دەست ئەکا بەکوشتن و تالآن و داوێن پیسی، پەلاماری ئاینی خوا و ئایین پەروەران ئەدەن، ئەوەی جولەکەکان ئەیکەن ئەوانیش بە زیاترەوە ئەیکەن، ڕەگزپەرستی بەکاردێنن، وەك ئەوەی ڕژێمی عێراق ئەیکا بە کوردەکان (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کوردی زیندە بەچاڵ کرد، (٥٠٠٠) شارو شارۆچکەو گوند و دێهاتی ڕوخاند، بە هەزاران کەسی ئاوارە کرد بەئاگاداری هەمو ڕژێمە بەناو موسڵمانەکانەوە، کیمیا بارانی هەڵەبجە و جێگاکانی تر شایەنی ئەو ڕاستییەن.

کورتەی مانای ئەو دوو ئایەتە: موسا لە کێوی تور گەڕایەوە بۆلای خزمانی، ئەی بینی کە گوێرەکە ئەپەرستن، دوای ئەو گلەیی و بناشتەی لە نێوان موسا و هاروندا پەیدا بو لەبارەی گوێرەکە پەرستنەوە موسا پێغەمبەر، موسا میری بانگ کرد و سەرزەنشتی کرد و دەری کردو گوێرەکەکەی سوتاند و خۆڵەکەی فڕێ دایە ناو دەریاوە، دوای پەشیمان بونەوەی جولەکەکان و داوای لێ بوردن لە خوا بۆ ئەوانەی گوێرەکەیان پەرستبو، موسا لە پیاو چاکانیان (٧٠) حەفتا کەسی لێ هەڵبژاردن، چونە دەرەوە بۆ کێوی تور، داوایان لەموسا کرد گوێیان لە فەرمودەی خوا بێ لەگەڵ موسا ئەیکا، موسا داوای کرد و خوا لێی وەرگرت، کاتێ نزیکی کێوەکە بونەوە هەورێك هەمو کێوەکەی داپۆشی، موسا خۆی و خزمانی چونە ژێرە هەورەکەوە، هەموکاتێك خوای گەورە لەگەڵ موسادا گفتوگۆی بکردایە ڕوناکێکی یەکجار زۆر و بەتین ئەیدا بەنێو ڕومەتی موساداکەس نەی ئەتوانی

تەماشای بکا، گوێیان لەهەمو فەرمودەکانی خوا بو، لەو کاتەدا خزمانی موسا لەخۆیان بایی بون، داوای چاوپێکەوتنی خوایان کرد بەو بۆنەیەوە خوا هەموویانی مراند، موسا گریا و پاڕایەوە و دەستی بەرز کردەوە و، داوای لە خوا کرد زیندویان بکاتەوە. ئەو باسە لەمەو دووا بەدرێژی و شی کراوەیی تر باسی ئەکرێ.

﴿وظلّلنا عليكم الغمام﴾ وە ئێمە هەورێکمان کرد بە سێبەر بەسەرتانەوە لە بیابانی سینادا هەتا بتان پارێزێ لە گەرمایی ئەو دەشتە وشکە و چۆڵەی (تەیهەدا) بۆ هەرلایە بچونایە بەسەرتانەوە بو.

﴿وأنزلنا عليكم المنّ والسلوى﴾ وە ئێمە ناردومانە خوارەوە بەسەرتانا لەو چۆڵەوانیەی سینادا و لەو بێ ئاویەدا گەزۆ و شۆ کە بەسەر درەختەکاندا، ڕەنگەکەی وەك بەفر و تامەکەی وەك هەنگوین هەرلە ڕۆژ بونەدا هەتا کەوتنی هەتاوی خۆر و نارومانە خوارەوە بەسەرتانا شێلاقە، باڵندەیە لە ئاسمانەوە ئەهاتە خوارەوە، بە گوێرەی پێویستی خۆتان کۆتان ئەکردەوە وە سەرتان ئەبڕین.

﴿كلوا من طيبات مارزقناكم﴾ ئێمە بە ئێوەمان ووت: ئێوە بخۆن ئەو خواردەمەنیە پاك و خۆشانەی شتی ئێمە بەخشیومانە بە ئێوە لەو گەزۆو شێلاقە یەڕژاند ومان بەسەرتانا بەبێ ماندوبون، هەڵیان مەگرن و مەیان شارنەوە، وابزانن کۆتایی پێ دێت، پشت بە خوا ببەستن، چاو چنۆك و بێ بڕوا مەبن بەخوا و بزانن نامێنێ.

﴿وما ظلمونا﴾ وە ئەو کەسانە ستەم و زیان لە ئێمە نادەن کە بێ فەرمانی ئێمە ئەکەن و پشتتیان بە ئێمە نەبەستوە.

﴿ولكن كانوا أنفسهم يظلمون﴾ وە بەڵام ئەو کەسانە بەو بێ فەرمانیەی ئێمە ستەم لە خۆیان ئەکەن، خۆیان توشی نەگبەتی ئەکەن بەوەی ئێمە لەوانمان گرتەوە ئەو ڕۆزیە کە بەبێ ماندو بون بەسەرمانا ئەڕێژان.

کورتەی ئەو ڕوداوە: ئەو کاتەی کوڕانی ئیسرائیل بە فەرمانی خوا لەمیسر چونە دەرێ بێ فەرمانی خوایان کرد لە دەشتی (تەیهدا) و سەریان لێ شێوا، ڕێگەیان بــۆ هیــچ لایــێ دەرنە ئەکرد، پەنایان بۆ موسا برد و ووتیان، لــە گــەرمانا برژایــن و برسیمانە و تینومانــە خوای گەورە هەوری بۆ کردن بە سێبەر ، گەزۆ و شێلاقەی بەسەردا ڕێژان لە گەرمایی و برسێتی و تینوێتی ڕزگاریــان بــو، دەســتیان کــرد بــە خواردنــی گــەزۆ و شــێلاقە لەگــەڵ خواردەمەنی تردا.

وَإِذْ قُلْنَا ٱدْخُلُوا۟ هَـٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ فَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَـٰيَـٰكُمْ ۚ وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٥٩﴾

ئەو ئایەتانە درێژە پێدانی ئایەتــەکانی پێشــوە، هاتونەتــە خــوارەوە بــۆ هــەڵبژاردنی ئــەو چاکانە خوا دابونی بە جولەکەکان، کەچی ئەوان پێی لێ نــانێن، لــەو کاتــەدا ســەریان لێ تێك چوبو لەدەشتی سینادا، وە ئەفەرموێ.

﴿وإذ قلنا ادخلوا هذة القرية﴾ وە ئێوەی بەنی ئیسرائیل بیری ئەو کاتــە بکەنــەوە ئێمــە وتمان بە باوباپیرتان لەسەر زمانی موسا: ئێوە بچنە نێــو ئــەو دێــە، کاتــێ پێــم ووتــن ئێــوە ڕێگەتان لێ ونبوبو لە چۆڵەوانی سینادا، کە ئەهاتن و ئەڕیشتن، نەتان ئــەزانی ســەر بۆچــی لایەکی دەرکەن: ئەو دێیە بریتی‌یە لە (بیت المقدس) یان بریتی‌یە لە (ئەریحا) لە نزیك (بیت

المقدس)ەوە، هەرکامیان بێ مەبەستەکە نــاگورێ. خــوا فــەرمانی پــێ دان بــڕۆن و خۆیــان ڕزگار بکەن لە چۆڵ و دەشتی سینا، پاش ماوەی (عاد) کەلــەوێ مــابون دەریــان کــەن و خۆتان لە جێگەیان دانیشن کوڕانی ئیســرائیل زۆر لــەو تاقمــە ئەترسـان بەلایانـەوە وابـو پاڵەوان و ئازان ئەمان پێیان ناوێرن بۆیە نەڕۆیشتن و پشتیان کردە فەرمانی خوا.

﴿فكلوا منها حيث شئتم رغداً﴾ دوایی ئێوە بخۆن لە بەرهەم و میوەی ئەو دێیە لە هــەر شتێ ئێوە ئارەزۆی ئەکەن و هەرجێگەیە خۆتان ئەتانەوێ بەخۆشی نۆشی گیانتان بێ ، ئــەم فەرمانە دوای ئەوەبوە کە گەزۆ و شێلاقەتان لێ بڕا، لەو دێیەدا کەس بەرهەڵستیتان ناکـاو تەنگ و چەڵەتان نامێنێ و پرسیارتان لێ ناکرێ.

﴿وادخلوا الباب سجّدا﴾ وە ئێوە بچنە نێو ئەو دێیە و لەنێوەرگایەکـەوە موسـا بۆتـانی دیاری ئەکات بە کوڕنوش و سوجدە بردنەوە بۆ خوا، بۆیە ئێــوە بەفـەرمانی موسـا بکـەن چونکە ئێوە نابەڵەندن و نەچونەتە نێو ئەو دێیە..

﴿وقولوا حطّــة﴾ ئێــوە بڵێــن: خوایــێ داواکــاری و فرمـانی ئێمـە ئەوەیـە گوناهمـان هەڵوەرێنی و لێمان ببوری، ئەو دێیە بکەیتە جێگەتان.

﴿نغفر لكم خطاياكم﴾ ئێمە خۆش نەبین لە گوناهەکانتان دوای ئەوەی سوژدەتان بــرد و دوای لێ بوردن بکەن بەکزۆڵێیەوە بەرانبەر بەئێمە.

﴿وسنزيد المحسنين﴾ وە ئێمە زۆرتــر ئەکــەین پاداشــتی ئــەو کەســانەی چاکــە کــەرن ئەوانەتان گوێرەکەتان نەپەرستبو، گەزۆ و شێلاقەتان هەڵنەگرتبو و پشت بەستبون بە خوا، ئەو کەسانەی ترتان گوێرەکەتان پەرستبو گەزۆ و شێلاقەتان هەڵگرتوە پەشــیمان ببنـەوە و داوای لێ بوردن بکەن لێتان خۆش ئەبم.

﴿فبدل الذين ظلموا قولاً غير الذي قيلَ لهم﴾ دوایی گۆڕییان کەسانێکی ئەوتۆ ستەمیان لە خۆیان کردبو فەرمودەیە بەوان بێژا بەجگەی شتێکی ئەوتۆ بێژرابو بــەوان، یانــێ ئــەوان فەرمانیان پێدابو بچنە نێو شاری قودسەوە کەچی نــەچون. لــە خــوا بپاڕێنــەوە و کــارێکی

وابکەن خوا لەوان خۆشبێ نەیان کرد، ئەو ستەمەی ببێتە هۆی سزا دانیان و تۆڵەیان لێی بکرێتەوە کردیان، لەباتی گوێی ڕایەڵی پشتیان کردە فەرمانی خوا، ئەوەی بیفەرموایێ نەیان ئەووت. لاقرتیان پێ ئەکرد و یاخی و سەرکێشی ئەبون و گوناهیان ئەکرد.

﴿فأنزلنا على الّذين ظلموا رجزاً من السماء﴾ دوای ئەو کردەوە خراپانە ئەوان کردنیان ئێمە ناردمانە خوارەوە بەسەر کەسانێکی ئەوتۆ ستەمیان کردبو لە خۆیان سزایێکی گران و دیاری کراو بۆیان لە ئاسمانەوە.

﴿بما كانوا يفسقون﴾ بە هۆشێکەوە لە سنور ی‌لایان دابو، لە فەرمانی خوا دەرچوبون، خوای گەورە ئەو سزایەی دیاری نەکردوە، ئیتر چاوە قولە بێ یا بەفری زۆر هەروەها ژمارەی لەناو چوەکانی بەو سزایە دیاری نەکردوە زۆر بوبن یا کەم، ماوەی کات ژمێری یا ڕۆژی گرنگ نیە، ئەوەی شایەنی باس بێ ئەو بەڵایە توشیان بوە زۆریشی لەناودان.

وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ۖ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ۖ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٦٠﴾

هەروەك ئەوەی خوای گەورە ئاسانی کرد بۆ کورانی ئیسرائیل خواردەمەنی لە دەشتی سینادا، بەو هەورە سێبەری بۆ کردن، تێر ئاویشیان ئەکا بەهۆی پاڕانەوەی موساوە وەك ئەفەرموێ:

﴿وإذ استسقى موسى لقومه﴾ وە بیری ئەو کاتە بکەنەوە موسا داوای ئـاوی کـرد لـە خوا بۆ تاقمەکەی خۆی لەوکاتە تینویان بو ئاویـان دەسـت نـە ئەکـەوت، دەسـتیان کـرد بەچەنەبازی و گلەیی و بناشت لەگەڵ موسادا، تۆ ئێمەت لـە میسـر دەرکـرد و دەسـتت برین، ئێمە لەچیمان کەم بو لەوێدا. چ شتێکمان پێ ئەکەی لەم بـێ ئاویـەدا؟ بـۆ ئـەوەی جولەکەکان بۆڵە بۆڵ نەکەن خوا بە موسای فەرمو:

﴿فقلنا اضرب بعصاك الحجر﴾ دوایی ئێمە بە موسامان ووت، تۆ بـدە داردەسـتەکەت لەو بەردە موساش بەداردەستەکەی کێشا بەو بەردەدا.

﴿فانفجرت منه إثنتا عشرة عينـا﴾ هـەڵقوڵا لـەو بـەردە (١٢) دوازدە کانیـاو ئـاوی شیرین، بە ئەندازەی ژمارەی نەوەی (١٢) دووازدە کوڕانی یەعقوب پێغەمبەر . وەك خـوا ئەفەرموێ.

﴿قد علم كلّ أناس مشربهم﴾ بەڕاستی هەمو کەسـێکتان لـەو (١٢) دووازدە بـەرەیێ ئەیانزانی بە جێگەی خواردنەوەی ئاوی کانیاوی خۆیان، هیچ لایـەکیان دەسـت درێژیـان بۆسەر کانیاوی ئەوی تریان نە ئەکرد، ئەو زانینەیشیان پێویست بو بۆ ئەوان، چونکە هەمو بەرەکان ڕەگەزپەرست بون خۆیان هەڵ ئەکیشا بە ڕیـز داری تـری بـەرەی خۆیـان. هیـچ بەرەێکیان ژنیان لەوی تریان نە ئەخواست خۆیان بەگەورەتر دائەنا، هەریەکـەیان بەتـەنگ زۆرکردنی خۆیانەوە بون، با بەلەناوچونی بەرەکەی تریان بێ، بۆیـە خـوای گـەورە (١٢) دووازدە کانیاوی بۆ دروست کردن هەروەك (١٢) ڕێگـەی لـەدەریای سـوور بـۆ دابـین کردن ، خوا فەرموی :

﴿ كلوا واشربوا من رزق الله ﴾ ئێوە بخۆن و بخۆنـەوە لـەو خواردەمەنیـەی خـودا بـۆ ئێوەی دروست کردووە لەگەزۆ و شیلاقە و ئاوی هەڵقوڵاو لەو بەردە .

﴿ولاتعثوا في الأرض مفسدين﴾ وە ئێوە خراپە بلاو مەکەنەوە لەزەویدا بەخراپە کـردن و گێرە شێوێنی خۆتان، دەست درێژی بۆ سەرپاکژ و پاوەنی مەڕو ماڵاتی یەکتری مەکـەن.

با ئێوە نەبن پەچاوڵی کراوی خراپ بۆ کەسانی تر، ئـەو دوازدە کانیـاوە ئەگـەر لـە ڕۆژ ئاوای سویسەوە بێ دورنیە، چونکە ئەو جێگەیە ئێستا پێی ئەوترێ کانیەکانی موسا، کـەمێ ئاویان هەیە، هەندێ دارخورمای تێدا ڕواوە.

ئەو داردەی موسا لە هەر درەختێ بێ، لـە چ لایێکـەوە دەسـتی کـەوتبێ، چ کەسـێك دابێتی بەو، ئەو بەردە ئاوی لێ هەڵقوڵاوە بەردی سینا بێ، یا لـەجێگەیێ تـرەوە هێنابێتیـان، بەردەکە چوار گۆشەبێ یا لاکێشبێ، خڕبێ یا پان، گرنگ نیە. هەڵقوڵانی ئاو لـــە بـەردی ڕەق بە لێدانی دار دەستی موسا لـە توانای مرۆڤدا نیە. جگە لـە خوا ، کاری نا ئاسایی بەو جۆرە لـە توانایی کەسی تردا نیە.

بەڵام بۆ خوا هەمو شتێ ئاسانە بە فەرمودەی خۆی: ﴿کن فیکون﴾ واتە تۆ ببە کوتو پڕ ئەبێ. هەروەك پچڕانی دەریا و وەستانی ئاو بە وێنەی کێوەکان، هاتنە خوارەوەی گـەزۆ و شێلاقە لە ئاسمان ، گێڕانی ئاگر بە ساردی. لە دایکبونی عیسا بێ ئەوەی مێردی هەبێ بـە پاکی و بێ داوێن پیسـی. زیندوکردنـەوەی مـردوان. دروسـت کردنـی بـاڵدە لـە قـوڕ. دروست کردنی بونەوەران لە نەبونەوە یەکەم جار. کەواتە هەرکەسێ باوەڕی بەخوا و بـە توانای خوا هەبێ ئەو بەڵگانەی بەسە، هەرکەسێ بـاوەڕی بـەخوا نـەبێ باوەڕیشـی بەوانـە نابێ. ئێمەی باوەڕدار بڕوای بێگومانمان بەو کارانە هەیە.

وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ۖ قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ ۚ ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ ۗ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّۦنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٦١﴾

کوڕانی ئیسرائیل لە نێو بیابانی (سینا)دا بەو وشێکەو بەردەلانیە و هەیبو، لە ژێر ئەو ئاسمانە گەرمەدا، خوای گەورە لەو بەردە ڕەقە ئاوی بۆ هەڵقولاندن، لە ئاسمانەوە گەزۆو شێلاقەی بەسەر درەختا بۆ ڕێژان، بەڵام تینەت و خوێکی پارچە پارچە کراوی پەست و ڕزاوکاری کردە سەر ڕەوشتیان نەی هێشت بەو ئاواتە بگەن لە میسر بۆی دەرکرابون، هەر لەبەر ئەو مەبەستە بەرزە لەو بیابانەدا مابونەوە. خوای گەورە بە پێشەوایی موسا لە گاڵتە پێ کراوی و ژێردەستەیی ڕزگاریان بکا. بەڵام ئەو مەبەستە گەورەیە و ئەو سەربەستی‌یە بەبێ نرخ دەست ناکەوێ، ئەو فەرمانە خراوەتە ئەستۆیان پێویستە خۆیانی بۆ بەخت بکەن. بەڵام ئەوان نەیان ئەویست ئەو نرخەی بۆ بدەن، ئەو شتەی داوا کراوە لێیان بەجێ‌ی بهێنن و خۆیانی بۆ بەخت بکەن، بگرە ئەو ژیانە نزمەی دەقیان پێوە گرتبو

نەیان ئەدا بەژیانێکی تازە و خۆش و بەرز، هەتا بەرەو ئاواتی گـەورە و سەربەسـتی و رێـز بکەونە رێگە، جولەکەکان ئەو میوە ڕەنگاو ڕەنگەی لە میسردا دەقیان پێوە گرتبـو ئـەیان ویست، لە نیسك و سیر و پیاز و خەیار جابۆ ئەوانەی ڕابوردن خوا ئەفەرموێ:

﴿وإذ قلتم ياموسى﴾ وە ئێوە بیری ئەو کاتە بکەنەوە ئەتان ووت: ئەی موسـا: لـێرەدا خوای گەورە بیریان ئەخاتەوە کردەوەیە تری خراپی باوباپیریـان و سـوپاس نـەکردنیان بـۆ خوا بەرامبەر بە چاکەی خوا، جولەکەکان ئەیان ووت بـە موسـا لـە چۆڵـەوانی سینادا: خواردەنی گەزۆ و شێلاقە لەبەرچاومان کەوتوە، بیری خواردەمەنی جۆربەجۆری میسـریان ئەکردەوە بۆیە بۆڵەیان ئەکرد و ئەیان ووت:

﴿لن نصبر على طعام واحد﴾ ئێمە ئارام ناگرین لەسەر خواردەمەنی تەنها بە بەردەوامی مەبەستیان لەو خواردەمەنی‌یە گەزۆ و شێلاقە بو کە بەبێ ماندو بـون دەسـتیان ئەکـەوت، بۆیە بە موسایان ووت:

﴿فادع لنا ربك يخرج لنا مما تنبت الأرض ﴾ کە واتە تـۆ داوا بکـە لـە پـەروەردگاری خۆت: دەربهێنێ بۆ ئێمە و بۆمانی پەیدا بکـا هـەندێ لـەو شـتەی زەویـی ئـەی ڕۆینـێ و سەوزی ئەکا.

﴿من بقلها﴾ لە سەوزە پاکەکانی زەویی وەك کەوەر و کەرەوز و پنگە و سەوزەی‌تر.

﴿وقثائها وفومها وعدسها وبصلـها﴾ ولـە تـرۆزی و سـیر و نیسـك و پـیازی زویـی. ووشەی (فوم) بەمانا گەنم و نۆك هاتوە. ئەگەر داوای گەنم و نۆکیشـیان کردبـێ دور نیـە کەواتە ووشەی (فوم) گەنم و نۆك و سیریش ئەگرێتـەوە، موسـا زۆر سـەری سـوڕما لـەو داوایەی ئەوان. بە توڕەییەوە فەرموی:

﴿قال أتستبدلون الذي هو أدنى بالّذي هـو خـير﴾ موسـا ووتـی ئایـا ئێـوە ئەگۆڕنـەوە شتێکی ئەوتۆ پەست و بێ ڕەواجە کە ئەو شتەیە ئێوە داوای ئەکەن بەوەی ئەوتۆ ئـەو شـتە چاکترە بۆ ئێوە کە گەزۆ و شێلاقەیە. زێڕ چۆن ئەگۆڕێتەوە بە مس. واتە گـەزۆ و شـێلاقە

نزیکە لێتانەوە و نرخی گران ترە، چۆن ئەی گۆڕنەوە بەو شتانەی ئێوە داوای ئەکەن و دورە لێتانەوە و نرخیشی کەمترە. ئەگەر ئێوە وازنایەرن و بەچیزن لەسەر داواکاری خۆتان.

﴿إهبطوا مصراً﴾ ئێوە دابەزن و بڕۆن بۆ نێو شارێ لەشارەکان بەتایبەت شاری قودس. لەم چۆڵەوانیەی تەیهەدا لاچن و بەرەو شارێ بکەونە ڕێ، ئیتر پاڕانەوەی پێویست نیە، ئەوەی بتانەوێ لەو شارەدا دەستتان ئەکەوێ.

بەجۆرێ تر مانای ئەم ڕستەیە کراوە: بڕۆنەوە بۆ میسر کەلێی دەرچوون، بڕۆنەوە بۆلای ئەو ژیانە پەستە و سەرشۆڕییەی دەقتان پێوە گرتوە، لەوێ نیسك و پیاز و ترۆزی و شتی ترتان دەست ئەکەوێ. واز لەم فەرمانە بەنرخە بێنن لێتان داواکراوە، شایستە ئێوە نیە، ئەو گفتوگۆی موسایە بۆ سەرزەنشتی جولەکەکانە و ئەیش فەرموێ:

﴿فإنّ لکم ماسألتم﴾ دوایی بەڕاستی بۆ ئێوە ئەبێ ئەو شتەی داواتان کردوە، واتە ئەوەی ئێوە داواتان کردوە لە نێو شاراندا دەست ئەکەوێ، نەك لە تەیها، لەوێ هەمو کەسێ ئەو شتانەی دەست ئەکەوێ و زۆریشن، بەلاّم بڕوا ناکەم ئێوە ئەوەندە ئازابن بڕۆن بۆ شارێ داگیری بکەن و بەخۆشی بژین لەو شارەدا.

﴿وضربت علیهم الذّلة والمسکنة﴾ وە دراوە بەسەریانا کزۆڵی و هەژاری، نەك هەژاری دارایی، بەڵکو هەژاری دڵ و دەرون، جولەکە هەر چەندە ساماندار بێ لەدڵا هەر هەژارە و تێر ناخوا، واتە جولەکەکان و سەربەرز و سەربەخۆ بون و خواردەمەنی و هۆی گوزەرانیان بە فراوانی و ئاسانی بە سەریانا ئەڕژا لەدەشتی سینادا، ئەو گوزەرانە چاکە و بەرزەیان نەویست ئەیان ویست بازرگانی و پیشەسازی و کشت و کاڵ بکەن، نەیان ئەزانی ئەوانە ئەبنە هۆی دووبەرەکی و جەنگ و ئاژاوە و کێشمە کێش و کوشتن و بێ فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکانیان، بێگومان ئەوانەیش ئەبنە هۆی پەرتەوازەی خۆیان و ژێردەستەیی دوژمنانیان.

﴿وباءوا بغضب من الله﴾ وە ئەو جولەكانە گەڕاون بەوەی شایستەی خەشمێكی گەورەبن لە لایەن خواوە، ئەو خەشمە لەوان جوێ نابێتەوە.

﴿ذلك بأنهم كانوا يكفرون بآيات الله﴾ ئەوكزۆڵی و هەژاری و خەشمەی خوا بەسەریانەوە بەو هۆییە بو بڕوایان بە ئایەتەكانی خوا نیە، باوەڕیان بە قورئان و ئینجیل و موحەمەد و عیسا نیە، وە ناونیشانی پێغەمبەریان لە تەوراتا گۆڕیوە و كوژانویانەتەوە، سوپاسی ئەو ئیشانە گەورانە ناكەن خوا پێیانی بەخشیوە، وەكو بچڕانی ئاوی دەریا بۆیان، ڕاگرتنی هەور بەسەریانەوە، ڕژاندنی گەزۆ و شێلاقە بەسەر درەختەكاندا بۆیان، هەڵقو"ڵاندنی ئاو بۆیان لە بەردی ڕەق.

﴿ويقتلون النّبيّين بغير الحق﴾ و پێغەمبەرەكانیان كوشت بە جگەی ڕاستی و بە نارەوایی و بێ دادێ، وەكو كوشتنی شەعیا و زەكەریا و یەحیا و چەندین پێغەمبەری تر و هەوڵدانیان بۆ كوشتنی پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾.

﴿ذلك بما عصوا وكانوا يعتدون﴾ ئەوبێ باوەڕی و كوشتنی پێغەمبەرانە بەهۆی گوناه كردنی زۆریان و ئەوان لایاندا بو لە فەرمانەكانی خوا كە بونە هۆی دەست درێژیان بۆسەر پێغەمبەران و دڵ ڕەقیان و چەندین كاری تری خراپ.

جولەكەكان لەگەڵ ئەو هەموە كردە و خراپەیان پڕوپاگەندەی زۆری سەرسوڕینەریان بڵاو ئەكردەوە، وەلایان وابو كە هەر خۆیان ڕانوومایی كراون، هەر ئەوان بەتەنها گەلی هەڵبژاردەن بۆ خوا، هەرئەوان پاداشتی چاكەی خوا وەرئەگرن، ڕێزگرتنی خوا هەرتەنها بۆ ئەوانە، لێرەدا قورئانی پیرۆز بەدرۆیان ئەخاتەوە، هیچ گەلێ بەخۆیەوە نەدیوە ئەوەی جولەكەكان بە خۆیانەوە دیویانە لە دڵ ڕەقی و بێ باوەڕی و دەست درێژی و چاو چنۆكی و وەرنەگرتنی ڕانومایی ، كوشتن و سەربڕینی پێغەمەران و داهێنانیان بەمشار ، چ شتێ بێ لەوانە خراپتر ؟ لێرەدا باسی : هەڵسەنگاندنی لە نێوان سۆشیالیست و سەرمایەدارەكان ئەكەین بەڕاستی خوا بەخشیبوی بە بەنو ئیسرائیلی سێبەر و خواردەمەنی

و ئاوی شیرین بەبێ ماندو بون لـە دەشتی (سینا) دا بەیەکسانی، نە هەژاریان بونە ساماندار. نە یەکێکیان برسی و ئەوی تریان تێر. نە یەکێکیان چەوساوە و ئـەوی تریـان سـتەم کـار. نەیەکێکیان خاوەن بەرهەم و ئەوی تریان ئارەق ڕێـژ، نەسـتەم کـردن لـە دابـەش کردنـی سامان و بەرهەمیانا و هۆی ژیانیانا هەبو، هەمویان وەك یەك ئەژیان، هیـچ شـتێ لـەوانـەیان نەبو لـەهەمو لاێکەوە، ژن و پیاو منالّ و گەورەیان بە یەکسانی ئەژیان، ئەو جولـەکانە یەکـەم گەل بون بەهاوبەشی بژین بەبێ جیاوازی نێوانیـان، ئەگـەر ئـابوری و نەتـەوایەتی و ڕەگـەز پەرستی نێوان خۆیان نەبوایە، ببێ بەهۆی جەنگ و گێرە شێوێنی و یـەك کوشـتن و داوێـن پیسی، ئەو جولـەکانە بۆچـی یـاخی ئـەبون و لـەفـەرمان و ئامۆژگـاری کـەرێکی ئاسـایش خوازی وەك موسا، ئەو کەسانە بۆ ئەبێ گوزەرانی یەکسانیان پێ ناخۆشبێ؟ لە چ شتێکیان کەم بو، بۆ ئەیان ووت: ئارام ناگرین لەم ژیانەی سینا بەبەردەوامی. بەرانبـەر بـەو هـەموە چاکانە خوا لـەگەڵی کردبون کەچی ئەوان هەر خەریکی بێ باوەڕی و گوناە کردن بون..

سۆشیالستەکان ئەڵێن هەمویان یا زۆربەیان: سەرمایە داری دایك و باوکی هەمو پەستی و ناخۆشێکە. بەڵام سوشیالیستی سەرچاوەی هەمو ڕێز و خۆشی و بەختیاریە، ئەگەر ئـەوە ڕاستە (مۆسکۆ و پەکین) هەردوولایان سۆشیالست بون، لەیەك بچڕان و یەکتری تاوانبـار ئەکەن؟ بگرە لەیەکیشیان کوشـت و پڕوپاگـەندە بـۆ یـەکتری ئەکـەن، ئاواتیـان نـەمانی یەکتریە، بەر لـەوانیش ستالینەکان و نیتوبەکان لـەیەك بچران، ڕۆمانیش دژی هەمویانە..

سەرمایە دارەکانیش لـەنێو خۆیان پڕوپاگەندەی گلاّو بۆیەکتری ئەکـەن، هـەمو ڕژێمـێ لـەوان دژی یەکتری ئەدوێن، ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکار ئەهێنن بۆ یەك کـەوتنی خۆیـان هەتا ئێستاو، لـە ناوەڕۆکدا دژی یەکترین. هەرچەندە بەڕوالـەت یـەکن بـۆ چەوسـانەوەی گەلانی هەژارو، بۆ دزینی سامانی گـەلان، وەك بـەچاوی خۆمـان ئـەی بینـین، بگـرە زۆر جاران جگە کەشماکەشیش پەلاماری یەکتری ئەدەن بەئاگر و چـەکی ڕۆخێنـەر، پـەلاماری بەریتانیا بۆسـەر ئەرجـەنتین و ئێرلـەندە چاکـترین بەڵگـەن.. هیتلـەر ئـەی ووت: جگـە

لەڕەگەزی ئاری کەسێ تر شایانی مانەوە نیە. بەڵام زۆرترین دوژمنـانی وەك خـۆی ئـاری بون، لەدوایدا ئەو بیروباوەڕە گلاوەی سەری کێشا بـۆ لـەناو چونـی خـۆی و سەرشـۆڕ کردنی گەلانی ئەڵمان، بەمەلاین گەلانی تر لەناو چون، شارو پایتەختەکانیان کـاول بـون. دام و دەزگای شارستانیەت بەرەو پاش گەڕانەوە، بوبە بەوهۆی چاندنی دوبـەرەکی لـەنێو ئادەمیزادا. بەڕاستی هێزێکی ئاوارە و نهێنی هەن لە نێو ئادەمیزادا کە نایەنە ژمارە بۆ گێرە شێوێنی و کاری نارەوا، لەدەرەوەیشیەوە چەندین گیرو گرفتی زۆر و فراوان پاڵیـان پێـوە ئەنێ بۆچەوسانەوەی یەکتری، ئەو کەسەی بیەوێ بیان ژمێرێ کـارێکی نـەگونجا و ئـەکا، ئادەمیزاد لەگەڵ ئەوانەدا لە هەڵس و کەوتایە بـۆ دژی یـەکتری. پەنجـە درێـژ کـردن بـۆ ئابووری و هێزی ئاین و ڕەگەز پەرستی و بڕوا نەبون بەئاین بۆ پەیداکردنی ئاژاوەی نێـوان ئادەمیزاد بەکۆمەڵ یا بەتەنها کە هەریەکەیان هۆیەکی تایبەتین بـۆ ئەوانـە باسـکران ڕاسـتە بەڵام هەژاری هۆیەکی بە هێزە بۆ کردنی کاری خراپ و گوناه کردن، زۆر جـارانیش بـە چاو ئەبینرێ بە هێزترین هۆیە بۆ ناکۆکی، بێزراوە هەژاری لە بێ باوەڕیەوە نزیکـە. بـەڵام هەر تەنها هەژاری نیە و بەس .. پێویستە لە بیرمان نەچێ و بزانین هەمو هـۆی ژیـان پـەیدا کرابێ بۆ ئادەمیزاد ئاسـایش و ئـارامی بـۆ سـاز نابـێ هـەتا بڕوایـەکی بـەتین و تـەواوی بەمرۆڤایەتی نەبێ، بڕوایەکی وابێ ڕێك بکەوێ لەگەڵ خوڕەوشتی بەرزدا و پاڵی پێوە بنـێ بۆ بڕوا بون بەئاین، هێزێکی وا پەیدا بکا لە مێشکا پاسە وان بێ بۆ گەڕانەوەی لـە کـاری پەست بۆ خۆی و بۆ مرۆڤایەتی، سود و زیانی هەموان بەهی خۆی بزانێ، ئەوەی بۆ خـۆی بیەوێ بۆ خەڵکیشی بەڕەوا دانێ، هەمو ئادەمیزاد لە ستەمی دڵنیا بن، ئـەو هـێزە بکـا بـە سەرباز و پۆلیس و پاسەوان بۆ خۆی، لە ترسی ئەو هێزە نـەتوانێ ستەم و ئـاژاوە بـەکار بهێنێ، هەموکەسێ لەلایەن خۆیەوە وابێ هەمو ئـادەمیزاد بـە ئاسـودەیی و برایەتـی ئـەژین، ئەوەش بەوە ساز ئەبێ جگە لەم ژیانە بڕوای بێ گومانی وابێ ژیانێکی تری نـەبڕاوە هەیـە، بڕوای وابێ لە دوا ڕۆژدا پاداشت و تۆڵە وەرئەگرێ، بێگومان ئـەوەش بـەبێ ئـاین پێـك

نایە، ئەو ئاینەش دارای ئەو یاساو پرۆگرامە بێ هەر ئاینی ئیسلامە، ئەو بڕوایەش بە شەو بەرۆژ ناخەوێ ، باوەکو پۆلیس و سەرباز و پاسەوان و هەمو کاربەدەستان بخەون.

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾

﴿إن الذين آمنوا﴾ بەڕاستی کەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان هێناوە بە زمان و بە دڵیان و بەکردەوەیان، باوەڕمان هێناوە ئەوانە وەك باوەڕدارەکان بە پێغەمبەر (ﷺ).

﴿والذين هادوا﴾ وە کەسانێکی ئەو تۆ بون بە یەهود و جولەکە لە کوڕە گەورەی یەعقوبن کە یەهوزایە.

﴿والنصارى﴾ وە ئەوکەسانەی بون بەگاور یاریدەی عیسایان داوە..

﴿والصّابئين﴾ وە کەسانێکی ئەو تۆ لایان داوە لە ئاینی بەناو بەنانگ بۆلای جگەی ئەو ئاینە و ئەوکەسانە لایان داوە لە ئاینی یەهودی و ئاینی نەسرانی، و فریشتەکانیان پەرستوە، وە بێژراوەی زەبور ئەخوێنن.

﴿ من آمن بالله واليوم الآخر﴾ کەسانێکن باوەڕیان هێنابێ بە خوا و بەرۆژی دووایی بە باوەڕێکی بێگومان و بڕوایێکی خاوێن.

﴿وعمل صالحاً فلهم أجرهم عند ربهم﴾ وە کردەوەی چاکی کردوە، دووایی ئەو کەسانە بۆیان هەیە پاداشتی خۆیان لە لای پەروەردگاری خۆیانەوە لە پاشە ڕۆژدا.

﴿ولاخوف عليهم ولاهم يحزنون﴾ وە ترسیان لەسەر نیەو ئەوان خەفەتبار نابن لە دوا ڕۆژدا.

بۆ ئاگاداری: لەمانا کردنی ئەو ئایەتەدا چەندین بیر و بۆچون هەیە لە هەمویان رونتر ئەو مانایەی پێشوە، زانایان لەمانا کردنی ئەو ئایەتە بە (٨) جۆر مانایان کردوە، لەهەمویان راستر ئەو مانایەی پێشوە، بە سێ جۆری تری راست مانا کراوە:

١- بەراستی مەبەست لەو ئایەتە ئەمەیە: کە رونی ئەکاتەوە کە بەراستی گرنگی بە ناو نادا هەرگیز یەکسانە ئەو ناوانە لە جۆری موسڵمانبێ. یا باوەردا یا یەهودی، یا سابیئی، یا نەسرانی، چونکە ناو خۆی لە خۆیا نەزیان ئەگەیەنێ و نەسود ئەبەخشێ و بەناو دابەزین و بەرز بونەوە نابێ بەراستی ئەوەی گرنگ بێ لای خوا بڕوای راستەقینەیە بەو کردەوە چاکە. بێگومان ئەو مانایە راستە لە خۆیا، بەلاّم رستەکانی ئایەتەکە بەزەقی ئەو مانایە نابەخشن.

٢- بەراستی ئەو کەسانەی باوەریان هێناوە و کەسانێکی ئەو تۆ بوون بە جولەکە و بەگاور و بەلادەرانی ئەو دو ئاینەی موسا و عیسا بۆ ئاینێ تر، کەسێکن باوەریان هێناوە بە خوا و بە رۆژی دوایی و کردەوەی چاکی کردوە و بێ فەرمانی خوای نەکردوە بەوەی باوەری بە پێغەمبەری ئیسلام نەهێنابێ، دووایی بۆ ئەوکەسانە هەیە پاداشتی خۆیان لە خزمەت پەروەردەکەری خۆیان و ترسیان لەسەر نیە لەوکاتەدا بێ باوەران ئەترسن و ئەوان ناترسن لە بێ پاداشتی ، خەفەت ناخۆن لەوکاتەدا بێ باوەران خەفەت ئەخۆن بۆ ئەوەی کرداری چاکیان کردوە.

٣- بەراستی چەند کەسێك کە بەخزمەت پێغەمبەر نەگەیشتون، لەگەلّ ئەوەیشدا بەدلّی پاکی خۆیان رانومویان وەرگرتبو بۆلای باوەربەخوا و وازیان لە قەدەغەکراوەکان هێنابو وەك درۆکردن و خواردنەوەی ئارەق و داوێن پیسی، لەو کەسانەن: قەیسی کوری ساعیدە، زەیدی کورعەمر، وەرەقەی کوری نەوفەل، جگەی ئەوانیش کەناویان ئەبرێ بە حەنیفیەکان کە خراپەیان لەسەر نیە. هەروەها ئەو جولەکەو سابیئی گاورانەی ئەوتۆ بەخزمەت پێغەمبەر نەگەیشتوون هەتا بەشی کراوەیی ئایینی لێوە وەرگرن. ئەو کەسانە

هەمویان ترسیان لەسەر نیە، بەمەرجی بەردەوام بونیان لەسەر باوەڕ بەخوا و بەڕۆژی دووایی کردەوەی چاکیان کردبێ .

بۆزانین: هەندێ لە کەسانی بێ باوەڕ دووڕوویی ئەکەن بۆلای ئاینەکانی ترە بەڵگە بەوئایەتە ئەهێنێتەوە کە جیاوازی لە نێوان موسڵمان و جگەی موسڵماندا نیە لای خوا، بەبێ گومان ئەزانێ ئەوکەسانە باوەڕیان بە پێغەمبەر نیە دژی ئەوەستن، بگرە بوختان و درۆی وای ئەدەنە پاڵ بەشتێ عەرش ئەلەرزێنێ.

ئەو مانایانە هەمویان ڕاستن و ناوەڕۆکەکانیان یەکن، ئەوەیش ئەوەیە: پوختەی باوەڕهینان بە خوا و بە ڕۆژی دووایی و ئاینی ئیسلام، بۆ وەرگرتنی پاداشت و نەترسان و خەفەت نەخواردن لە ڕۆژی دووایی‌دا. وە ناوشۆرەت بایەخی پێ نادرێ و گرنگ نیە، ئیتر بە هەر ناوێ ببرێ، موسڵمان یان باوەڕدار. جولەکە بوبێ یاگاور و سابیئی بە مەرجێ باوەڕیان هێنابێ بە ئاینی ئیسلام. ناونیشان کەس بەرز ناکاتەوە و نزمی ناکا، زیان و سودیش ناگەیەنن ئەوەی گرنگبێ و بایەخی پێ بدرێ بیروباوەڕی ڕاست و کردەوەی چاك و باوەڕهێنانە بە خوا و بە ڕۆژی دووایی و بە ئاینی بەرزی ئیسلام.

بۆ ئاگاداری: لەو ئایەتەدا باسی جولەکەکان و گاورەکان و سابیئیەکان کران، بەچاکی ئەزانین باسی هەندێ لە تاقمەکانیان بکەین یەکە یەکە.

جولەکەکان تاقمیان زۆر ئەگەنە (٧١) حەفتا و یەك تاقم، هەمو تاقمێ خۆیان بەچاك ئەزانن، وایان داناوە هەرخۆیان دەستیان بە ڕاستیەوە گرتوە بە ئاینی جولەکەوە، بەناو بانگ ترین ئەو تاقمانە (٤) چوارن.

١- (الفريسين) یانێ ئەو کەسانەیان گۆشە گیرن و بەجوێ ئەژین لەنێو گەلی جولەکەدا ئەو کەسانە بڕوایان بە زیندو بونەوە و پرسیار و ڕۆژی دووایی هەیە. زۆربەیان ژن ناهێنن، کوڕی جگەی خۆیان ئەکەن بە کوڕ بۆخۆیان، هەتا بەهۆی ئەو کوڕەوە ناویان کوێر نەبێتەوە. ئەو جۆرە کارە پێی ئەوترێ: (التبنّي) بڕوایان وایە تەنها تەورات ڕێزدار

نیە. بەڵکو شان بەشانی تەورات چەندین ووتەی گێڕاوەی وا هەیە لەم دەمەوە بۆ ئەو دەم ئەوانیش پیرۆزن، کۆمەڵێ تری یاسا و ئامۆژگاری و ڕون کردنەوەی مانای هەندێ شت هەن، ئەوانەیش بە تەورات دائەنرێن لە پیرۆزیدا و کردنیان بە یاساکە مالومەکان یەك بەیەك بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، ئەو گێڕاوە دەمیانە کە کۆکراونەتەوە ناویان (تلمود)ە وە ئەو تاقمە بەلایانەوە وایە مالومەکان (حاخامات) دەسەڵاتێکی بەرزیان هەیە و بێ گوناهن، هەرشتێ بڵێن وەك فەرمودەی خوایە، ترسان لەوان ترسانە لەخوا، ئەو تاقمە لە ناوەڕۆکدا یەکسان نین. بەڵکو زۆربەیان بە نهێنی ئامۆژگاری تەلمودیان گۆڕیوە، بۆیە تەلمود ئەڵێ (فریسین) حەوت بەشن، شەشیان ڕاست نین، بەشێکیان ڕاستە، بە گوێرەی خواستی خۆیان پێویستە ئەوەی ئەوان ئارەزۆی ئەکەن ئەبێ خوا بۆیانی بکا.

٢- (الصدوقیین) بە ناوی ڕابەرەکەیانەوە (صدوق الکاهن) نێونراون، ئەوانە لە خولەی (٣) سێەمی زاینیدا ژیاون، ئەو تاقمە بڕوایان بە زیندو بونەوە و پرسیاری ڕۆژی دووایی نیە و بەهەشت و دۆزەخ نیە، ئەڵێن: پاداشت لە جیهاندا تەوا و ئەبێ، بڕوایان بە بونی تەلمود نیە. بەڵکو وایش ئەزانن تەورات لە هەمو ڕویێکەوە پیرۆز نیە، مرۆڤ بۆی هەیە ئەو شتەی خۆی بەڕەوای دائەنێ بیخاتە نێو تەورات، زۆربەی ئەو تاقمە خاوەنی سامان و پارەن سەرۆکەکانیانن ، ئەوانە لە پارتێکی سیاسیەوە نزویکترن لەوەی تاقمێکی ئاینی بن.

٣- (القرّاؤن) ئەو تاقمە لە یەکەم جاری پەیدا بونیان نوێنەری جولەکەکان بون، بەرە بەرە فراوان بون و لایەن گریان زۆر بوە ، دووای کەمیونی فەریسیەکان بون بە جێگەی بڕوا، ئەو کەسانە بڕوایان بە تەورات هەیە نەك بە ئامۆژگاری مالومەکان، ئەڵێن ئەوەی مالومەکان بیڵێن جێگەی ڕەخنەیە لەوانەیە چەوتبن و ڕاستیش بن، ووتەی مالومەکان شایانی دەست کاری کردنن و جێگەی پیرۆزی نین وەکو تەورات، ئەو تاقمە لە خولی (٨) هەشتەمی زاینیدا پێك هاتوە بە سەرۆکایەتی (داودعەنان) یەکێ لە جولەکە زاناکانی بەغداد بوە.

٤- (الكتبة) کارو ئیشی ئەو تاقمە نوسینی یاسابوە، هەرکەسێ داوایان بکردایە بۆ هەرشتێ ئەوان بۆیان ئەنوسیوە، بە بۆنەی کارەکەیانەوە وایان لێ هات ژمارەیێکیان پیشەی ئامۆژگاری و وانە وتنەوە بۆ خۆیان وەربگرن، بە درێژی ڕۆژگار پلەی بەرزیان دەست کەوت، بە یاریدەی کاربەدەستانبۆ گەیشتن بە ئاواتیان ، وایان لێ هات چاودێری خوێندن گاکان و پەرستگاکان بکەن.

گاورەکان تاقمیان زۆرە ئەگەنە (٧٢) حەفتاو دوو تاقم، ئەو تاقمانە خاوەنی نامەن، بڕوایان بە هەندێ پێغەمبەران هەیە، زۆربەیان باوەڕیان بەتەنهایی خوا نیە، بەڵکو ئەڵێن: (٣) سێ خوا هەن و هەربویشن، لێرە باسی هەندێ تاقم ئەکەین لەسەر ئاموژگاری ئینجیل ڕۆیشتوون، ئەوەی خوا ناردویەتی بۆ عیسا، مەگەر کەم جار نەبێ لە ئامۆژگاری عیسا لایاندابێ، ئەوانەیش دوو تاقمن:

١- تاقمی (أريوس) ناوە بۆ قەشەی ئەسکەندەریە، ئەڵێ: خوایەکە. عیسا بەندەی دروست کراوی خوایە، ئەو ڕستەیە زەوی و ئاسمانەکانی پێ دروست کردوە عیسای پێ دروستبوە (كن فيكون) واتە خوا بیەوێ شتێ دروست بکات ئەفەرموێ ببە، دووایی کتوپڕ ئەو شتە ئەبێ.

٢- تاقمی (بولس) بەترێکێ بوە لە ئەفتاکیە ئەڵێ: خوایەکە لەهەموو ڕۆێکەوە. عیسا بەندە و فروستادەی خوابێ، وەك پێغەمبەرانی تر خوا دروستی کردوە لەمناڵدانی مەریەمەدا بەبێ مێرد، مرۆڤە و خوایێتی تێدا نیە و ئەڵێ: من نازانم ووشە چ شتێکە و (روح القدس) چ شتێکە؟ یانی (كلمه وروح القدس).

وە هەر لەم تاقمەدا ئەنرێ تاقمی (مقدونيوس) بترێکێ بوە لە قوستەنتین، ئەوانە ئەڵێن: عیسا دروست کراوی خوایە، مرۆڤ و فروستادەی خوایە وەکو پێغەمبەرانی تر بەلام عیسا (ووشەی خوایە و ڕوحولقودسیشە)، ئەو دوو تاقمە ناویان نەماوە و بێ ناوەڕۆك و بێ پەیڕەون. تاقمێ تریان هەیە بەناوی (البربرانبه) ئەو تاقمە ئەڵێن: عیسا و دایکی خوان

جگە لە خوای گەورە یانێ ئەڵێن: سێ خوا هەن ئەو تاقمەش بەوناوە ئیستا نەماون و لەناوچون.

وە لەمەودوا باسی (٣) سێ تاقمی تر ئەکەین لە گاورەکان، لەم سەردەمەدا هەن و بەناوبانگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- (الملكائية) پەیڕەو پرۆگرامی ئەو تاقمە پەیڕەوی هەمو پاشا و هەمو گاورەکانە جگە لە پاشای (حەبەشە و نەوبە) پەیڕەویشە بۆ هەمو گاورەکانی (ئەفریقا و سەقلیە و ئەندەلوس و زۆربەی شام) ئەو تاقمە ئەڵێن خوا (٣) سێ شتە: باوك و کوڕ و روحولقودس، ئەوانە هەربوون، وە ڕوحولقودس بە جوبریل ئەوترێ، ئەو تاقمە ئەیشڵێن: هەمو لەشی عیسا خوای تەواوە و مرۆڤێکی تەواوە لەیەك جوێ نین، بەشە مرۆڤەکەی کوژراوە و هەڵواسراوە، بەشە خواکە توشی ئەو شتانە نەبوە، مریەم ئەو خوایە و ئەو مرۆڤەی لێ پەیدا بوە، خوا لەوەۆو هاتوەتە خوارەوە. خوا و مرۆڤ یەکن بەلای ئەو کۆمەڵەوە.

٢- (النّسطورية) ئەو تاقمەیش بەبێ جیاوازی کەم زۆر وەکو مەلکانیەکان وان لە بیر و باوەڕدا. بەڵام ئەڵێن، مەریەم خوای لێ نەبوە بەو جۆرەی کوڕی بێ، بەڵکو مرۆڤێکی لێ بوە و خوای لێ پەیدا نەبوە بە جۆری کوڕی بێ، بەڵکو خوای لێی بوە، لەو تاقمن زوربەی گاورەکانی موسڵ و عێراق و فارس و خۆراسان. ئەو تاقمە سەر بە نەستوری بتریکی قوستەنتینن.

٣- (اليعقوبية) ئەو تاقمە سەر بە یەعقوبی بەرزەنێن ڕاهیبی قوستەنتینن، ئەو تاقمە ئەڵێن: مەسیح هەر خوایەو مردوە و هەڵواسراوە و کوژراوە، هەمو بونەوەران (٣) سێ ڕۆژ بێ خوا مانەوە، لە دوایدا هەڵساوەتەوە وەکو جاران، وە خوا سەر لەنوێ دروست بویەوە بە جۆرێ هەر بوبێ و لەناو نەچوبێ، خوا لە منالدانی مەریەمدا بووە و هەڵگیراوە،

سەر بەبیروباوەڕی ئەو تاقمەن زۆربەی گـاورانی دانیشـتوانی میسـر و هـەمو دانیشـتوانی حەبەشە و پاشاکانی ئەو دوجێگەیە لەو سەردەمەدا.

ئەی خوێنەواران: ئەگەر خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو تاقمانەی نەکردبایە بڕوا نەئەکرا کە لە نێو ئادەمیزادا پەیدا بوبێ هەڵگری ئەو جۆرە شێتیە، ئەوەندە نەفام بن.

بۆ ڕون کردنەوەی بیروباوەڕیان خوا ئەفـەرموێ لـەزمانی گاورەکانـەوە: ﴿إن الله هـو المسیح ابن مریم﴾ بەڕاستی خوا هـەر مەسـیحی کـوڕی مەریەمـە. ﴿إن الله ثـالث ثلاثـة﴾ بەڕاستی خوا سێیەمی سێیانە. خوا ئەپرسێ لە عیسا و ئەەفـەرموێ: ﴿أأنـت قلـت للنـاس اتخذونی وأمّي إلهین من دون الله﴾ ئایا تۆ ووتوتە بە ئادەمیزاد: ئێوە دابنێن من دایکم بە دوو خوای خۆتان جگە لە خوا. ئێمە ئەگەر بمانەوێ باسی هەمو پەیڕەوی گاورەکان بکـەین بـە ئاسانی بۆمان ناکرێ، و زۆر کاتی ئەوێ.

لەمەو پاش باسی (الصّابئین) ئەکەین ئەو کەسانە بەوانـە ئـەڵێن: لـە ئاینـە گـەورەکانی موسا و عیسا لایانداوە بۆلای ئاینی تر، ئەوانـە فریشـتە پەرسـت و ئەسـتێرە پەرسـتن، لـە ڕۆژێکا (٥) نوێژ ئەکەن ڕو بەخۆر. بڕوایان بە خـوا و بـەزیندو بونـەوە و بـە هـەندێ لـە پێغەمبەران هەیە. بەڵام بڕوایشیان وایە هەندێ لــە ئەسـتێرەکان دەسـتیان هەیـە لـە پـەیدا کردنی چاکە و خراپە و نەخۆشـی و سـاغی و هـەندێ شـتی تـر، ئـەو تاقمـە هـەندێکیان دانیشتوی عێراقن. ژن و ژن خـوازی و کوشـتاری ئاژەڵیـان بـۆ ئێمـە ڕەوا نیـە، چونکـە خاوەنی نامەی ئاسمانی نین.

سابیەکان تاقمیان زۆرە بەناوبانگ تریان (٤) چوار تاقمن:

١- (أصحاب الهیاکل) ئەو کەسانە ئەڵێن: پەیکـەری ئەسـتێرەکان هەڵسـوڕێنەری ئـەم بونەوەرەن.

٢- (أصحاب الرّوحانیات) ئەو تاقمەن لایـان وایـە ئەسـتێرەکان پەیکـەرێکن خـاوەنی گیانن، وەمرۆڤ بەخواوە ئەبەستن بۆ پەرستن.

٣- (أصحاب الأشخاص) ئەو کەسانە ئەڵێن: ئێمە پێویستمان بە نوێنەرێکی بینراو هەیە لە نێوان ئێمە و خوادا، ئەستێرەکان هەرچەندە ئەبینرێن وا ئەبێ جار بەجارێ وون ئەبن. کەواتە ئێمە پێویستمان بەپەیدا کردنی چەند بینراوێ هەیە لە پێش چاومانابن، هەتابیان کەین بە نوێنەر بۆ خۆمان لە نێوان ئێمە و ئەو پەیکەرە گیاندارانەدا، وە ئەستێرەکانیش نوێنەری ئێمە بن لە نێوان ئێمە و خوادا. کەواتە ئێمە دروست ئەکەین بۆ ئەستێرەکان وێنەیە شیاوبێ بۆ هەریەکە لەو (٧) حەوت ئەستێرە گەڕۆکە خاوەن گیانانە.

٤- (الحلولیة) ئەوانەن ئەڵێن: خوایەك خوایە ئاسمان و زەویی و ئەستێرەکان ئەو دروستی کردوون بەڵام ئەستێرەکانی کردووە بەهەڵسوڕێنەری خوارەوە لە زەوی و ئادەمیزاد و هەموو بوونەوەرانی سەرزەویی: خوا لە نێو ئەو ئەستێرانەدا دائەنیشێ و خۆی نیشان ئەدا لە وێنەی ئەو ئەستێرانەدا بەڵام خوا هەریەکە و زۆر نابێ.

ئەو زانایانە مانای قورئانیان کردوە بە حەوت جۆرە باسی سابیئین ئەکەن:

(١) ئەڵێن: سابیئەکان تاقمێکن لە ئاگر پەرستەکان.

(٢) ئەو تاقمەن فریشتەکان ئەپەرستن.

(٣) ئەو کەسانەن ئەستێرەکان ئەپەرستن.

(٤) ئەو کەسانەن ڕۆژ پەرستن و لەڕۆژێکا پێنج نوێژ ئەکەن ڕوو بەخۆر ئەوەستن.

(٥) تاقمێکن لە نێوان ئاینی جولەکە و ئاگر پەرستان بڕوایان بە خوا و بە زیندو بونەوە هەیە، فریشتەکان ئەپەرستن و لە نوێژا ڕوو ئەکەنە کەعبە، لە هەموو ئاینە پێشووەکان شتێکیان وەرگرتوە بۆ خۆیان.

(٦) ئەو کەسانەن بنچینەی ئاینەکەیان ئاینی نوحە.

(٧) ئەو کەسانە بێ ئاینن بڕوایان بە هیچ ئاینێ نیە. وە زۆر نزیکە لە سابیئیەکاندا ئەو حەوت تاقمانە هەمویان بێن.

بەڵام باسکردنی سابیئیەکان لەم سورەتەدا و لە سورەتی مائیدەدا لەگەڵ جولەکەکان و گاورەکاندا، ناوبردنیان لەگەڵ ئاگر پەرستەکان و بت پەرستەکاندا لە سورەتی حەجدا ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنن بڕوایان بە تەنهایی خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە بە هەرجۆرێ بێ ئەوەی نوسیان کورتەیە بو لەباسی جولەکەکان و گاورەکان وسابیئیەکان و تاقمەکانیان. ئومێدم وایە برایانی خوێنەوار جێگەی متمانە و وەرگرتنیان بێ. لەگەڵ پاڕانەوەمدا لە خزمەت خوادا.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَـٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَـٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۖ فَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَـٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ فَجَعَلْنَـٰهَا نَكَـٰلًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٦٦﴾

﴿وإذ أخذنا ميثاقكم﴾ وە ئێوە بیری ئەو کاتە بکەنەوە ئێمە پەیمانمان لە پێشوەکانی ئێوە وەرگرت کە هەموکارێکتان بە ناوەڕۆکی تەورات بێ و پەیڕەوی موسا بکەن، هیچ کەسێ

نەپەرستن لە جگەی خوا، چاکە لەگەڵ دایك و باوك و خزمانتسان و هەتیوان و هەژاران بکەن، چاکەیش بەدانیشتوان فێربکەن، خوا بەتاك و بەتەنها بزانن و دادپەروەر بن.

﴿ورفعنا فوقکم الطّور﴾ وەئێمە بەرزمان کردەوە بەسەرتانا کێوی تور.. ئەو ڕوداوە لەو کاتەدا بو موسا بەبێ وچان چاکەی لەگەڵ بەنی ئیسرائیل ئەکرد. بەلاّم ئەی بینی ئەوان بەرەنگاریان ئەکرد بە توندی، لەو کاتەدا هەڕەشەیان لێکرا بە بنەبڕکردنیان بە بەرز کردنەوەی کێوی تور بەسەریانەوە، ئەوانیش ترسان و گومانیان وابو ئەو کێوە ئەکەوێ بەسەریانا، بۆیە کوڕوزانەوە لە خزمەت خوادا، لەوکاتەدا فەرمانی پێدان هەر فەرمانێ بەوانی فەرموو بەگشت دڵیانەوە وەری گرن بەبێ ئەوەی پێیان ناخۆش بێ، هەر شتێ لە تەوراتایە ئەوان بەدانیشتوانی تری بڵێن. بەو بۆنەوە ئەبن بە خۆ پاریز لە خوا.

﴿خذوا ماآتیناکم بقوة﴾ وە ئێمە پێمان ووتن: ئێوە بگرن ئەو شتە ئێمە بەخشیومانە پێتان لە تەوراتا بەهەمو هێز و تواناتانەوە، وەلێی لامەدەن، ئەگەر ئێوە سەرپێچی بکەن ئەو کێوە ئەخەم بە سەرتانا، ئەوانیش بڕوایان هێنا و پەشیمان بونەوە، خوا کێوەکەی لە جێگەی خۆیا وەستان و لەرزە لەرزی نەما.

﴿واذکروا مافیه لعلکم تتقون﴾ وە ئێوە بیری شتێ بکەنەوە لە تەوراتایە، بیپارێزن و کاری پێ بکەن، بە خەڵکی فێرکەن ناوەڕۆکەکەی تەورات و لەبیری خۆتانی مەبەنەوە، بیری ئەوە بکەنەوە توشی سزای گەورە ئەبن ئەگەر واز لە یاسای تەورات بێنن، ئەگەر ئەو شتانەتان بەجێ هێنا خۆتان ئەپارێزن لە گوناهو ئەترسن لە سزای خوا، ڕزگارتان ئەبێ لە لەناوچوون، ئەگەر نەیان کەن بەو کێوە سەرتان ئەپژێنم ، ئەوەی باسکران کارو پیشەی جولەکەکانی سەردەمی موسا بێ کە بەچاوی خۆیان ئەو کارە بەکەس نەکراوەیان ئەبینی کە بۆیان ئەکرا، جێگەی سەر سوڕمان نیە کە ئەمانەی ئەم سەردەمە باوەڕ بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نەهێنن، ئەو پەیمانە مۆرکراوەی نێوانیان لە مەدینە بە ستبویان تێکی بدەن.

﴿ثم تولیتم من بعد ذلك﴾ لە پاشانا ئێوە پشتان کردە ئەو پەیمانە و وازتـان لـە کارپـێ کردنی هێنا، لە دووای وەرگرتنی ناوەڕۆکی تەورات و ئـەو پەیمانـەی دابوتـان بـە هـەمو هێزتانەوە، ئەو بەڵێنەتان شکاند.

﴿ فلولا فضل الله علیکم ورحمته﴾ دووایی ئەگەر گـەورەیی خـوا نەبوایـە بەسـەرتانەوە میهرەبانی وبەزەیی خوا نەبوایە و سزاکەی دوانەخستایە، ئێوە پەشیمان نەبونایەتەوە وەخـوا لێی وەرنەگرتنایە ، کێوەکەی لەسەرتان لا نەبردایە ، دوای شکاندنی ئەو بەڵێنـە دابوتـان بەئێمە لەکاتی بەرز کردنەوەی کێوەکەدا بۆ ئەوەی فەرمانەکانی خوا بەجێ بهێنن .

﴿ لکنتم من الخاسرین ﴾ بەڕاستی ئێوە ئەبون لـە زیـانۆ مـەندان لەجیـهاندا ، گومـڕا ئەبون لەگوناە نەئەگەڕانەوە و لەناو ئەچون ، لەپاشەڕۆژدا سـزا ئـەدران ، بـەڵام ئـەوەبوو ڕێزی دا بەسەرتانا بەگەورەیی خۆی ، بەمیهرەبانی خۆی کێوەکەی لەسەرتان لابرد .

کەچی دوای ئـەوەی خـوا سـزای کەوتنـە خـوارەوەی کێوەکـەی لەسـەر هـەلگرتن تەوراتیان گۆڕی بەئاشکرایی دەستیان دا بەگوناە کـردن ،بـێ فـەرمانی موسـایان کـردوو ئازاری زۆری چێشت بە دەستیانەوە ، خوای گەورە سـزای دان لەجیـهاندا ، هـەندێکیان بەرۆچونیان بەنێو زەوی داو

هەندێکیان بەسوتانی ئاگر ، هەندێ تریان بەتاعون مـردن ئەوانـە هـەموویان لەتـەوراتی خۆیان نوسراون . پاشماوەکانیان ئەوشتانە پێشووەکانیان کردیان ئەمانیش بەپێرەوە ئـەوانیان کرد باوەڕیان بەعیسا نەهێنا ، وویستیان بیکوژن ، ئیتر جێگەی سەرسـوڕمان نییـە بـاوەڕ بەپێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نەبەرن .

﴿ولقد علمتـم الّذینَ اعتـَدوا فیکـم فـی السّبتِ ﴾ وەبەڕاسـتی ئێـوەی جولەکـەی دانیشتوی مەدینە ئەزانن بەکەسانێکی ئەوتۆ دەست درێژیان کرد لەڕۆژی شـەممەدا بۆسـەر ماسییەکان کەلەوڕۆژەدا فەرمانیان پێ درابوو جگە لەخوا پەرستی شتێ تر نەکەن کـەچی

دەستیان دابووە ڕاوە ماسی کردن . ئەو ڕوداوە لەسەردەمی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ باسی کراوە ، ڕوداوێکە لەجولەکەکانەوە پەیدا بووە و بەم جۆرە بووە :

خوا فەرمانی دابوو بەجولەکەکان لەڕۆژی شەممەدا جگە لەخوا پەرستی کاریٚ تر نەکەن ، لەورۆژەدا ڕاوە ماسی قەدەغە کرابوو لەوان ، بۆیە ماسی‌یەکان لەورۆژەدا بەبێ ترس خۆیانیان دەرئەخست و کۆئەبوونەوە بەلاٚم هەندیٚ لە جولەکەکان دەستیان دایە فێلٚ و تەلٚەکە ، بەو جۆرەی لەو ڕۆژەدا ڕاوەی ماسیەکانیان ئەداو ئەیان کردنە جێگەیە نەتوانن لیٚی دەرچن ، لەڕۆژی شەممەدا نەیان ئەگرتن ، ئەیان ووت : ئێمە لەڕۆژی شەممەدا کۆیان ئەکەینەوە و نایان گرین ، کۆکردنەوەو گرتنیان زۆر جیاوازن ، لەڕۆژانی دوای شەممە ئەیان گرتن ، لێرەداو لەسەر ڕۆشنایی ئەو فەرموودەی خوایە بیر لەدووڕوویی‌و فێلٚی هەندیٚ لەدەست بڕەکان ئەکەمەوە کەهەندیٚ لەوکەسانە بەدووڕوبی ئاین پەرست و نیشتمان پەروەرن ، دووڕوی و چاوچنۆکیان کردووە بەپیشەی خۆیان . گاڵتە بەمەبەستی ووشەکان ئەکەن و ڕاستی‌تێك ئەدەن بۆ ئەوە هەندیٚ ئادەمیزادی سادە بخەڵە تێنن ، وێنە و نەخشەی ڕازاوە ئەکێشن بەسەر کردارە نارەواکانی خۆیانا بۆ خەڵەتانی ئەو نەزان و ساویلکانە و بیان خەنە نێو داوی ژەهراوی خۆیان لەهەموان سەیر تر هەندیٚ بەناو زانا و دۆستی خواو پیاوانی ئاینی چەندین نامیلکەیان داناوە هەندیٚ فێلٚ و فڕو دەست بڕینیان تێدا نوسیوە و ڕستە ڕەواو ڕاستی یەکانیان گۆڕیوە بۆ لای مەبەستی خۆیان و وانیشان ئەدەن بەدانیشتوانی سادە ئەوشتانەی ئەوان یاسای ڕاستەقینین .

هەندێکیان بەوناوەوە کەئێمە دۆستی خواین و لەپاشەڕۆژدا ئەگەینە فریاتان ، هەندێکیان بۆ نەکەوتنی تەلاٚق ، هەندیٚ تریان نەهێشتنی زەکات یانیٚ دارای دانیشتوان زێڕوزیو نیە . ئەو کەسە دەست بڕانە وا ئەزانن خوا مناڵەو بەو پڕو پاگەندە پوچانە نازانیٚ ، ڕاست وویٚژو درۆ درۆزن جۆیٚ ناکاتەوە ، ئەو کەسانە ئەگەر خوا لەم ڕۆژەدا نەیانکا بەمەیموون وەك جولەکەکان گومانی تێدا نی‌یە لەپاشەڕۆژدا ئەیانکا بەسەگ و بەرازو

مەیمون ، ئەو کەسە هەرچەندە بەڕواڵەت نەگۆڕابن بۆلای لەشی مەیمون لەناوەڕۆکدا سروشتیان گۆڕاوە بۆ لای سروشتی مەیمون .

﴿ فقُلنا لَهم كُونُوا قِردة خاسئِين ﴾ بۆ یە دوایی ئێمە پێمان وتن بەو کەسانەی درێژیان کرد لەڕۆژی شەممەدا وڕاوە ماسیان کرد : ببن بەمەیمون بێ نرخەکان ، دور خراوە لە میهرەبانی و بەزەیی خوا ، ئەوانیش بوون بە مەیمون ، لەپاشا هەمویان مردن .

ئەو زانایانە مانای قورئانی پیرۆزیان کردووە بۆ چونیان وەك یەك نین ، لەبارەی گۆڕانی ئەو کەسانە بەمەیمون : ئایا بوون بەمەیمونی ڕاستە قینە ، بەجۆرێ لەشو شێوازیان وەك مەیمونی لێهات ، یاسروشت و خویان گۆڕا نەك بەلەش و بەقەوارە ، مەبەست و ناوەڕۆکی ئەم فەرموودەی خوایە دابین کرا بەسەریانا : ﴿ ختم الله علی قلوبهم ﴾ خوا مۆری دا بەسەر دڵیانا و چاکەی تێ ناچێ و لەهیچ شتێ ناگەن .

زۆرترین لەزانایان ئەڵێن : ئەو گۆڕانە ڕاستەقینە بووە ، هەر بەڕاستی بوون بەمەیمون بەگوێرەی مانای دەرکەوتوی ئایەتەکە ، پێویستمان بەلادان لەمانای دەرکەوتوی ئەوئایەتە نیە ، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی لەشتێ بۆ لای لەشتێ ترو ڕەنگی ترو لەجۆرێکەوە بۆ جۆرێ تر بەگوێرەی ئەقڵ دروستە ، کەواتە ئایەتێ بێ بەڵگە یە لەسەر ئەو گۆڕانە وەك خۆی ئەمێنێتەوە و نای گۆڕین و بۆلاێ تر پەلامار نادەین بەبێ بەڵگە.

خوای گەورە توانای بەسەر هەموو شتێکا هەیە .بەلام کەمێ لەزانایانی پێشوو وەك موجاهید ، لەزانا تازەکانی ئەمڕۆوەك ئیبن و عەبدەو مەراغیو ڕەشید ڕەزاو عەبدول وەهاب نەجار ، خوایان لێ ڕازی بێت ئەڵێن :ئەو گۆڕانە بەخورەوشت بووە ، نەك بەلەش و بەڕەنگ ، بەڵگەیان ئەوەیە نەبینراوە خوا هیچ گوناه بارێ بگۆڕێ بە جانەوەرێ ترو مرۆڤایەتی بشۆرێتەوە ، لەدام و دەزگای دروست کردندا شتی وا نابێ ، ڕێگەی خوا هەر یەکە ، ئەگینا ئەبوایە گوناهبارانی ئەمڕۆش وەك جولەکەکانی لەگەڵدا بکردنایە و بیکردنایە بەجانەوەرێ تر.

ئێمە لەگەڵ زوربەی زانایانا ئەڕۆین و ئەو گۆڕانە هەربەڕاستی بووە نەك بەخوو بەڕەوشت ، فەرمودەی گەورەمان موجاهید و مامۆستای ڕۆشن بیر ئیبنو عەبدە ، هەرچەندە وەك بیرو باوەڕێکی گشتی و دەرکەوتوو لەبینراوەکاندا بنچینەیەکی تەواو ڕاستە .بەلام بۆ لادان لەو بنچینەیە کارێکی نائاسایی وا هەیە کەویستی خوا بیەوێ ئەبێ ، وەك کارە پەك خراوەکانی پێغەمبەران وڕێزگرتنی دۆستانی خوا ، کاری خوا لەگەڵ کوڕانی ئیسرائیل لەو سەر دەمەدا لەو جۆرە کارانەیە و نائاساییانەیە بۆ هەموو کەس نەکراوە وەناژمێرێن .

ئەو کەسەی وورد بێتەوە بەقوڵی وبۆی ڕاچێ لەوئایەتانە هاتونەتە خوارەوە دەربارەی کوڕانی ئیسرائیل بەتایبەتی و ئەوشتانەی لەسەردەمی موسادا پەیدا بوون بەتایبەتی تر بۆمان ڕون دەبێتەوە ، وەکو خۆر لەنیوەڕۆدا ، خوای گەورە بەجۆرێ لەگەڵیان جولاوەتەوە ، وێنەی ئەو شتانەی لەگەڵ هیچ گەلێ نەکراوەو نابێ ، وەئەو کردەوانە وێنەی هیچ کردەوەیەکی تری ناسراوو نائاسایی بێت بەدوریشی مەزانە فەرمودەی خوا ﴿ وانِی فضّلتُکم عَلی العالَمِین ﴾ یانی بەڕاستی من ڕێزی ئێوەم داوە بەسەر هەموو بونەوەرانی سەردەمی خۆتان بەڵگەبێ بۆ ئەو کارانەی خوا لەگەڵی کردوون . کەبەتایبەتی هەر لەگەڵ ئەوانی کردووە ، بەڕاستی ڕزگار کردنیان لەستەمی فیرعەون و یاخی بونەکەی . پچڕانی دەریای سور بۆیان و پەیدابونی دوازدە ڕێگە هەریەکەیان بۆ بەرەیێکیان ، بەبێ کۆشش گەزۆ و شێلاقەی بۆ کردن بەخواردەمەنی بەبێ ماندوو بون . ئاو دەرهێنان بۆیان لەبەردی ڕەق بێ ئارەق ڕژان ، هەوری بۆ کردن بەسێبەر ، کێوی توری لەسەر بەرز کردنەوە تاخوا بپەرستن ، کوژراوی بۆ زیندوو کردنەوە هەتا بکوژەکەیان بۆ ڕوون ببێتەوە هەتادێ ، ئەوانە هەموویان بەکەس ناکرێن لەجگە خوا ، بۆ کەسێ تر نەکراون جگە لەکوڕانی ئیسرائیل ، ئەو شتانە هەمووی بەڵگەی ڕون و ئاشکران بۆ نەهێشتنی گیرو گرفتی نێوانیان لەو سەردەمەداو هەموویان کاری نائاساین . تەنانەت هەرگیز بیریان لە نەهێشتنی گیرو

گرفتی خۆیان نەئەکردەوە هەرکاتێ ڕوداوێکی نالەباری دڵ تەزێن بڕژایە بەسەریانا ئەچونە لای موسا ئەیان ووت : ئەی موسا بپاڕێرەوە لەخوای خۆت ئەو کارەمان لەسەر لابا و فلاّن شتمان بۆ بکات ، موساش بۆیان ئەپاڕایەوە خوای گەورە لێی وەرئەگرت ، بەوانەی باس کران بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەرانبەری کردنی گەلانی تر بەبەنو ئیسرائیلی ئەو سەردەمە لەجێگەی خۆیانی‌یە ، کەواتە فەرموودەی مامۆستا ئیبنو عەبدە کەئەڵێ : خوا ئەوەی ئەیکا لەگەڵ ئادەمیزادی ئەم سەردەمە هەرئەوەشی کردووە لەگەلانی ڕابردوو . ئەوە ڕاستە لەهەموویانا جگە لەکوڕانی ئیسرائیل .

هەروەها ئەمەیشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە : خوای گەورە بەبەرزکردنەوەی کێوی تور بەسەریانا ئەیویست بەتەوەزمی ئەو یاسایانە لەتەوراتان بەسەریانا بسەپێنێ ،ئەوەش جیاوازی‌یەکی ترە لەگەڵ گەلانی تردا بۆ بەنی ئیسرائیل . کەواتە فەرمودەی مامۆستا ﴿ تەبا تەبائی ﴾ لەتەفسیری ﴿ میزاندا ﴾

کەئەڵێ : بەرز کردنەوەی کێوی تور وا ئەگەیەنێ کەخوا بەزۆر ڕامیان بکا بۆ ئاین ، کەچی زۆریش لەئایندا نی‌یەو ئەوەتا خوا دەفەرموێ ﴿ لا اکراه فی الدین ﴾ زۆر لەئایندا نی‌یە ، ئەو فەرمودەیە دوورە لەڕاستی‌یەوە دەربارەی ئەو تاقمانەی موسا کەخوا کاری وای بۆ ساز ئەکردن دورترە لەوەی ئێمە بیزانین ، ئەو بەرز کردنەوەی کێوی تورە یەکێکە لەوانەی کەبۆ کەسی تر نەکراوە .

ئێمە هیچ شتێکمان بەدە ستەوە نی‌یە پشتی پێ ببەستین وبیکەینە بەڵگە بۆچی خوا ئەوکارانەی بۆ جولەکەکان کردووە جگەی کەسانی تر ؟

ئەو شتەی ئێمە بتوانین بیکەین بەبەڵگەوە بۆ ئەو مەبەستە ئەمەیە خوای گەورە ئەیویست ئەو جولەکانە بکا بەچاو لێ کراوی هەموو ئادەمیزاد کە گوزەرانێ دڵ پێی خۆش بێ ئەوەیە کەخۆی بۆ ماندوو بکرێ ، دژی ڕوداوی ناهەموار ڕابوەستێ ، بەدەستی خۆی گیرو گرفت نەیەڵێ ، کەوابێ مرۆڤ بەوانە نرخی مرۆڤایەتی خۆی ئەزانێ و پلەی

شارستانیەت ئەبڕێ . مرۆڤ بیەوێ بژی و بەتەمای جگـەی خـۆی بـێ و لـەسـەر خوانـی جگەی خۆی بلەوەڕێ و بۆی ساز بکرێ لەکەڵ دابەستەی ئاژەڵ چ جیاوازی‌یەکیان هەیە؟ ئیتر پێویست بەئەقڵ وزانینی نامێنێ ، پشت بەستن بەخوانی خەڵکی مـردن و تەمـەڵی یـە ، کۆشش و هەوڵدان هوشـیاری و زیندویەتی‌یـە . بـەبێ کـەم و پـتر مێـژوی جولەکـەکان بەگشتی پەیوەندی توندی بەمێژوی ئەو جولەکانەوە هەیە لەسەر دەمـی موسـادا ژیـاون ، جولەکەکان بنچینەی ڕاستەو خۆی نەوەکانی دوای خزیـانن لەهـەموو ڕویەکـەوە لەسـەر سامانی ئادەمیزاد ئەژین و ئەلەوەڕێن ،بەو بۆنەوە لەمەو پێش باسی جولەکـەکانمان کـرد ، باپەنجە ڕاکێشین بۆ کۆمەڵێ لەزایۆنی دانیشتوانی ئەمەریکا ، لەدێی ﴿ برۆکلین﴾ سەر بە ﴿ نیۆیۆرك ﴾ ناوی ئەو کۆمەڵە ﴿ جماعه شهود یـهو ﴾ ئـاواتی سـەرەکی و کۆتـایی یـان بڵاوکردنەوەی بێ نرخی و بێ ڕەوشتی و داوێن پیسی و پەیداکردنی بەڵاو گومانە بۆ ئـاین و تێکدانی نێوان هـەموو ئـادەمیزادی سـەر زەوی بەگشـتی ، بەتایبـەتی ئـاینی ئیسـلام و موسڵمانان . ئەو کۆمەڵە ئەڵێن : بەم زوانە جیهان کاول ئەبێ ، مەبەستیان بڵاو کردنـەوەو سستی و تەمبەڵی یە بۆ جگەی خۆیان هەتا واز بێرن لەسامان و چەك ، بەڕوتی و نەخۆشی و نەزانی بژین و واز لەهۆی بەرگری بهێنن ، هەتا خۆیان سواریان بن و سامانیان بخۆن .

ئەو ڕوداوەی ئەم کۆمەڵە ئەمەم بیر ئەخاتەوە لـەسـەردەمی سـاڵانی (١٩٣٥) ی زاینـی نوسراوێ بڵاو کرایەوە ، بەبیری من بەکرێ گیراوانی دوژمنانی ئیسلام و سەر بەو کۆمەڵە ئەو نوسراوەیان بڵاو کردۆتـەوە ،. ئـەمیش دەقەکەیـەتی (پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ چووەخـەوی زێوانی باخچەی پـاکی پێغەمبـەر ﴿ ﷺ﴾ فەرمویـەتی بـەو زێوانـە : بەخـەڵکی ڕابگەیەنـە لەساڵی (١٩٥٠) ی زاینی بەرانبەر بەساڵی (١٣٧٠)ی کۆچـی جیـهان کـاول ئـەبێ و ڕۆژی دوایی پەیدا ئەبێ) ئەوەیش بۆ ئەوەی لەو کاتە دیاری کراوەدا کار بەپێچەوانەوە بێ ، دوژمنانی ئاین و سـەر بـەزایۆنی بیکـەن بـەتیری ژەهـراوی خۆیـان بـۆ هەڵخەڵـەتاندنی

ساویلکەکان بلێن : ئاینی ئیسلام ئاوایە ، ئەی کوێرن ونازانن هەزار درۆی بەو جۆرە کار ناکاتە سەر ئاینی پۆلای ئیسلام .

لەدوای ئەو سالەیش ئەو پرۆپاگەندەی خەوە سال لەدوای سال سەری هەلئەدایەوە و بلاو یان ئەکردەوە لەهەموان سەیر تر ئەوەبوو پێویستیان ئەکرد ئەوەی ئەو نووسراوە بخوێنێتەوە ئەبێ چەند جارێ ئەویش بینوسێتەوە و وەبلاوی بکاتەوە ، هەروەها هەموو کەسێ بۆ ئەوەی بەزۆری بلاو ببێتەوە . ئەوکەسانە – قوڕیان بەسەر – ئەو کەسەی بە چاکی لە ئاینی ئیسلام تێ گەیشتبێ ئەو جۆرە پرۆپاگەندە فڕێ ی ئەدەنە نێو زبلەوە . هەر ئەو کۆمەلە یشبوون چەند ژمارەیەکی زۆر نامیلکەیان بە هەموو زمانێ بلاو ئەکردەوە بە بەرگی رەنگاو رەنگەوە ، زوربەیان بۆ نێو هەرێمی موسلمانان هەروەها گۆڤارێکیان دەرکردبوو بەناوی (برج المراقبە)ەوە چەند نامیلکەی تریان بلاوکردەوە وە تانەو تەشەریان ئەدایە پال پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و ئەدایەپال قورئانی پیرۆز ئەمەیش ناوی هەندیکە لە ونامیلکانە :

١- ﴿هل خَدَمَ الدین الانسانیةَّ﴾ ئایا ئاین خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە ؟ ٢-﴿ لِیَکن اللە صادِقاً﴾ باخوا ڕاست گۆ بێ ٣- ﴿ نِظام الدّهُور الالهـی ، والحق یحرّرکـم والمصالحَة وملاین منَ الذّینَ هم احیاءٌ لَن یموتوا ابداً ﴾ پەیڕەوو کاتی خولی خوایی و ، ڕاستی ئێوە سەربەست ئەکا ئاشنەوایی و مەلایین لەکەسانێکی ئەوتۆ ئەوان زیندوونو هەرگیز نامرن .

ئەو نامیلکەی دوایی‌یە لەبەیروت چاپ کراوە .. کار بەدەستانی میسر هەنێ لەئەندامانی ئەو کۆمەلەیەیان دەرخست لەکۆبونەوەی نهێنی دا گرتنیان و دانیان بە دادگا لەسالی (١٩٦٧) ی زاینی .

قورئانی پیرۆزو ئینجیل ئەو جولەکانەی بەدوژمنی مرۆڤایەتی داناوە ،مێژوویان باشترین بەلگەیە بۆ ئەو مەبەستە ، هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو جولەکانە بلاوی ئەکەنەوە و ئەلێن : جیاوازی لەنێوان گەلان و ئاینەکاندا نیە بۆ پێك هێنانی بەرژەوەندی و مەبەستی گلاوی خۆیان ، چەندین نامیلکەیان بۆ ئەو مەبەستە داناوە .

ژمارەی زۆر لەپەیمانگاوقوتابخانەیان بۆ ئەو مەبەستە ساز کردووە بۆ خوێندنی ، بۆ بـلاو کردنەوەی مەبەستی خۆیان ، کۆمەڵیان دروست کردووە بۆ هەمان مەبەست لەوکۆمەلانە: (الماسونيَة العالَمِية) .

لەئامۆژگاری کۆمەڵی (جماعه شهود يهو) یە ، ئەو بیرو بۆ چونە پوچەیە کەنەفامـەکان ئەیلێن (خواو شەیتان ئاژاوەو ناکۆکی لەنێوانیانا پەیدا بوو ، بـۆ مـاوەی (٦٠) شەست خولەك لەئەنجامدا خوا کۆڵی داو گۆشەگیر بوو ، فەرمانو هەڵسوڕانی گەلانی دایە دەست شەیتان چ شتێکی ئەویَ بیکا خوا بەتەنیایی مایـە وەو کەسـی لەگـەڵ نـەما جگەلەنـەوەی ئیسرائیل ، بۆیە خوا بەشەیتانی ووت : هەموو ئادەمیزاد بۆ تۆ واز لەو نەتەوەیە بێنە بۆ مـن ، لەسەر ئەوە پێك هاتن بەلاّم کار بەپێچەوانەوە هەڵئەسوڕێ لەئەنجامدا نەتەوەی ئیســرائیل لەنیلەوە هەتا فرات داگیر ئەکەن ، هەموو پێغەمبەرەکان لـەگۆڕەکانیان دێنـە دەرێ ئەبنـە کاربەدەستی پایە بەرزی ئەو ڕژێمـە ، لـەدوایی دا هـەموو ئـادەمیزاد ئەبنـە ژێـر دەسـتەو خزمەت گوزاری ئەو ڕژێمە ، شەیتان سەر شۆڕ ئەبێ و ڕەحمان سەرئەکەوێ ، ئەو کۆمەڵـە لایەنگروو بەکرێ گیراوی زۆریان هەیە لەبەیروت و عەممان و بەغدا و دیمشق و قاهـیرە و مەغریب و سعودیە لەمەو بەر بەئاشـکرا ...مەبەسـتمان لـەباس کردنـی ئەوانـەی ڕابـورد ئەمەیە : پەنجە ڕاکێشان بۆ سەری مارەکە چۆن ئەوکارانەیان بـۆ دابـین ئـەکرا ؟ زۆر ڕون ئەبێ دەستێ بوبێ بۆ ئەو مەبەستە یاریدەی دابن ، ئەو دەستانە لەژێرەوە هـەندێ نامەردانـە ڕۆژنامەو گۆڤار نووس ئەخەنە کار بۆ ئەو مەبەستە بۆگەنە ، نەخشەیان بۆ ئەکێشن بۆ بـلاو کردنەوەیان بـەگورجی ئەگەنـە جێگـەی مەبەسـتیان ، بـۆ سەرلێشـێوانی هاونیشـتمانان ، دروست کردنی ڕەگەز پەرستی وناکۆکی ئـاین لـەنێوان برایـانی موسـوڵمان بەتایبـەتی و ئاینەکانی تر.

﴿ فجَعَلناها نَكالاً لِما بَينَ يَدَيها وَ ماخَلفَـها ﴾ دوایـی ئێمـە گێڕامـان ئـەو گۆڕانـەیان بەمەیمون بەترساندن بۆ کەسێ لەسەردەمی ئەو گۆڕانەیاندایە بەمەیمون ، بۆ ئەو کەسانەیش

لەپاش ئەوانەوە وێن لەگەلانی تر هەتا ڕۆژلای دوایی ، هەتا بەنوسینەوەی ئەو ڕوداوە تەمێ خوار بن ، گوناهباران فێڵ وفڕ بەکار نەبەرن بۆ نەکردنی فەرمانەکانی خوا .

﴿ وَ مَوعِظَةً لِلمتَقِين ﴾ وەگێڕامان بە ئامۆژگاری کردن بۆ کەسانێ لەخوا ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن لەگوناه ، بۆ ئەو کەسانەیش تەمێ خوار بن بەهۆی گۆڕانیان بەمەیمون وەبیری لێ بکەنەوە هەتا باشتر لەخوا بترسن ، ئەو باسە جارێ تر لەمەو پاش لەقورئانی پیرۆز باسی ئەکرێ .

بۆ زانین : مرۆڤێکی بەساڵا چوو هەستی بەنزیك بونەوەی مردنی خۆی کرد ، بەندەیەکی چاکی خوا پەرست بووپرپوچی ڕازاوەی ژیانی جیهانی لای نەدابوو لەخوا پەرستی ، ئومێدی بەخوا بوو ، سامان و کوڕی زۆریشی نەبوو لەخوا پەرستی لای بدەن ، خاوەنی هیچ شتێ نەبوو جگە لەمانگایێ کەبردی‌یە نێو چیمەن و دارستانێ لەخوا پاڕایەوە بەدڵێکی پاك و لەشێکی دامەزراو ، ئەی ووت : ئەی خوایە ئەومانگایەم دایە دەستی یۆ هەتا ئەم کوڕەم گەورە ئەبێ ، هەروەها ئەو هیوایە هاتو چۆی ئەکرد لەدڵیا ، ئاواتیشی بەخوا بەهێز بوو هەتا مرد ، مانگاکەشی مایەوە بۆ تەنها کوڕە هەتیوەکەی ، ئەوەیش ڕواڵەتێکی نەماوەیەناگاتە فریای ئەو کوڕە ئەگەر خوای لەگەڵ نەبێ بەلام میهرەبانی خوای بۆ ماوەتەوە و گەورەتر لەهەموان ، هەتیوەکەش پەیتا پەیتا مانگاکەی بەخێو ئەکرد بەو هیوایەی باوکی بوکە بەمیرات بۆی بەجێ هێشتبوو ، بڕوای وابوو ئەو مانگایە دوارۆژێکی سودی بۆ خۆی ئەبێ ، بەهۆی پاڕانەوەی باوکی .

دوایی واڕێکەوت، کەسێ لەگەورەپیاوانی ئیسرائیلی کە زۆر ساماندار بوو لەهەموو ڕووەیەکەوە ، خوا تەنها کوڕێکی پێ بەخشیبوو ، هەموو سامانەکەی بۆ ئەو کوڕە ئەگەڕایەوە دوای مردنی .

بەلام هەندێ لەئامۆزاکانی ئەو تاقە کوڕەیشیان کوشت :بۆ ئەوەی دوای مردنی باوکی سامانی ئەو پیاوە بۆ ئەو ئامۆزایەی بگەڕێتەوە ، کەچی کوشتنی ئەو کوڕەیان دایە پاڵ

هەندێ تر لە کوڕانی ئیسـرائیل گێچەڵۆکـەی نەگبـەتی بـۆی هـەڵکردن ، وەخـت بـوو جەنگێکی وێڵ لەناو کوڕانی ئیسرائیل پەیدا ببێ ، بەبێ تاوان چەند کەسێ لـەناو بچـن ، بۆیـە دیسـانەوە بەلاسـاری خۆیانـەوە پـەلاماری موسـایان دایـەوە ،داوای کارەساتی کوژراوەکەیان لێ کرد ، ئەویش بۆ ئەو مەبەستە لەخوا پاڕایەوە ، خوا پەیامی بـۆ موسا نارد مانگایە سەر بڕ ن هەندێ لەئەندامی ئەو مانگایە بکێشن بەکوژراوەکە و زیندوو ئەبێتەوە ، هەواڵی بکوژەکەی خۆیان ئـەداتێ پـاش بگـرەو بەردەیـەکی زۆر چەنـە دانیـان لەگەڵ موسادا ووتیان : ئەی موسا ئایا گاڵتەمان پێ ئەکەی یا بەڕاستیتە ، موسا فەرمووی: من پەنا ئەگرم بەخوا ئەوەی من ئەیزانم چۆن گاڵتـە ئەکـەم ، دوایـی پرسـیاریان لـەڕەنگ وشێوازی ئەو مانگایە دوو جارو سێ جـار مانگاکـەیان سـەربڕی و کوژراوەکـە زینـدوو بۆیەوە ، هەواڵی بکوژی خۆیانی دانێ ، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو ڕوداوە خوادەفەرموێ:

وَإِذْ قَالَ
مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةًۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا
هُزُوًاۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا۟
ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ
وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَۖ فَٱفْعَلُوا۟ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾
قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ

إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾
قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ
تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ۚ قَالُوا۟
ٱلْـَٰٔنَ جِئْتَ بِٱلْحَقِّ ۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ وَإِذْ
قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَٱدَّٰرَْٔتُمْ فِيهَا ۖ وَٱللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٧٢﴾
فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ كَذَٰلِكَ يُحْىِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ وَيُرِيكُمْ
ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٧٣﴾

﴿واذ قالَ موسى لِقَومِهِ اِنَّ اللهَ يامُرُكم ان تَذبَحُوا بَقَرَة ﴾ وەبیری ئەو کاتە بکەنەوە پیاوێکتان کوشت ، بەو بۆنەوە بوو بەئاژاوەتان ، هەندێکتان ئەوانی ترتان تاوان بارئەکرد ، بۆیە ئێمە پەیامان نارد بۆلای موسا بۆ نەهێشتنی ئاژاوەی نێوانیان ، لەو کاتەدا موسا فەرموی ، بەتاقمەکەی خۆی خوا فەرمانی بەئێوە داوە کە مانگایە سەرببڕن ، وەلەوکاتەدا موسا ئەو فەرمانەی پێ ڕاگەیاندن هەر مانگایەکیان سەر ببڕیایە مەبەستەکەیان پێك ئەهات . بەلام درێژەیان دا بەلاساریەکەی خۆیان وە چەنەبازیەکەیان ، بۆ

مەبەستەکەیان و هەروەك خوای گەورە کارەکەشی لەسەر گران کردن : ناونیشانی مانگاکەی لێ پەنهان دان هەتا تەمێ خوار بن ئەوەندە دەم درێژی نەکەن لەگەڵ موسا ، سەرگەردان بون بۆ دۆزینەوەی ئەو مانگایە ، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێدان مانگایە سەربڕن نەك زیندەوەرێ تر چونکە مانگا لەوێنەی ئەو گوێرەکەیەبوو پەرستیان هەتا بزانن بێ نرخ و لاوازە ، چۆن ئەوان ڕێزیان ئەگرت و ئەیان پەرست ؟

﴿ قالُوا اتتَخِذُنا هُزُواً ﴾ بەموسایان ووت ، ئایاتۆ گاڵتەمان پێ ئەکەی ؟ئێمە پرسیاری ئەو کوژراوەت لێ ئەکەین ، کەچی تۆ فەرمانمان پێ ئەدەی مانگایە سەر بڕین ، ئەو لاقرتێ پێ کردنەی تۆ ڕاست نی‌یە لای ئێمە .

﴿ قالَ اعوذ باللّه ان اکونَ مِنَ الجاهِلِین ﴾ موسا فەرمووی من پەنائەگرم بەخوا کەمن لەکەسانی نەزان ونادان بم وگاڵتەچی بم ، من گاڵتەو لاقرتێ بەهیچ جۆرێ ناکەم ، چۆن لەگەیاندنی فەرمانی خوادا گاڵتەو لاقرتێ ئەکەم ؟

﴿ قالوا اُدعُ لَنا رَبَكَ یُبَیِّن لَنا ما هيَ ﴾ ووتیان بەموسا تۆ داوابکە لە پەروەردگاری خۆت بۆ ئێمە بۆمان ڕون بکاتەوە و پێمان بناسێنێ چۆنە ڕەنگ و شێوازی ئەو مانگایە . پرسیاری جولەکەکان بەوجۆرە دارڕژاندنە ئەوە ئەگەیەنێ کەئەوان زۆر بێ شەرمن لە خزمەتی خوادا و پێغەمبەراندا ، ئەڵێن : پەروەردەکەری تۆ یانێ هی موسایە بەتەنها نەك هی ئەوان ، وەدووبارە پرسیارەکەیان وائەگەیەنێ ئەو ڕوداوە پەیوەندی بەوانەوە نیە بەڵکو پەیوەندی دارە بەخواو بەموساوە ، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر بەمیهرەبانی‌یەوە وەڵامی ئەدانەوە لەسەر زمانی موسا

﴿ قالَ انه یقولُ انها بَقَرَةٌ لا فارضٌ ولابِکرٌ عَوانٌ بَینَ ذلكَ ﴾ موسا فەرموی : بەڕاستی خوا ئەفەرموێ ئەو مانگایە فەرمانتان پێ دراوە سەری ببڕن ئەوەندە پیر نی‌یە نەزێت ، ئەوەندە کەم تەمەن نی‌یە ئاوس نەبێ ، مام ناوەندی‌یە لەو بەینەدایە ،واز لەلاساری وپرسیار

بێن ئەو ڕستەیە گێل و گاواری جولەكەكانمان بۆ دەرئەخات ، یەكسەر خوا نافەرموێ : لەو نێوەدایە چونكە تێ ناگەن .

﴿ فَافعَلوُا ماتؤمَرُون ﴾ دوای بەگورجی ئێوە بكەن ئەوشتەی فەرمانتان پێ ئەدرێ سستی مەكەن لەسەر بڕینی ئەو مانگایە وجێبەجێی بكەن ئەو فەرمانەی پێتان دراوە .

﴿ قالوا ادعُ لَنا ربَّك يُبين لناَ ما لَونها ﴾ ووتیان بەموسا : زانیمان تەمەنی ئەو ماگایە چەندە بەڵام تەمەنداری وازۆرن ، داوابكە لەپەروەردگارەكەی خۆت ڕونی بكاتەوە بۆ ئێمە ڕەنگی ئەو مانگایە چۆنە ؟ فەرمانی دراوە سەری ببڕین .

﴿ قَالَ انه يقولُ انها بَقَرَةٌ صفراء فاقعٌ لونها ﴾ موسا فەرمووی : بەڕاستی پەروەردگاری من ئەفەرموێ ، بەڕاستی ئەومانگایە ڕەنگەكەی زەردێكی تۆخی یەكجار زەردە .

﴿ تَسرُ الناظرين ﴾ خۆش نود دەكا ڕەنگەكەی تەماشاكەرانی ، ئەوەندە جوان و ڕێك و پێكە لەش و تەنی ، تەماشاكەران وائەزانن تیشكی خۆرە لەپێستەكەی دێتە دەرێ جولەكەكان گێل و گەوجی خۆیانیان دەست پێكردەوە بۆ جاری سێیەم :

﴿ قالوا ادع لَنا ربَّك يُبيّن لنا ماهي انَّ البقَرَ تَشابه عَلَينا﴾ ووتیان بەموسا تۆ داوابكە لەبو ئێمە ڕونی بكاتەوە بۆ ئێمە ئەومانگایە چۆنە ؟ بەڵێ زانیمان تەمەن و ڕەنگی چۆنە ؟ مانگای بەوجۆرە زۆرن . بەڕاستی ئەو مانگایە فەرمانی پێدراوە ئێمە سەری ببڕین كە لەتەمەندا مام ناوە ندی‌یە و ڕەنگی زەردی تۆخی‌وا زۆرن ، چۆنیەتی ئەو مانگایە لەسەرمان كەوتووە و لێمان تێك چووە ، ووشەی ﴿ البَقَر﴾ بۆ نێرو بۆمێ بەكار ئەهێنرێ ، وەك ووشەی ﴿ قَوم﴾كەواتە جێگەی پرسیار نی‌یە بۆچی جارێ پیتی ﴿ تاء ﴾ ی پێوەیەو جارێ پێوەی نی‌یە .

﴿ وانا اِن شاءَ الله لمهتَدون ﴾ وەبەڕاستی ئێمە خوا ئارەزوی هەبێ ڕێگە نومایی وەرئەگرین ئەو فەرمانەی پێمان دراوە جێبەجێی ئەكەین .

﴿ قالَ انه یقول انها بَقَـرةٌ لاذَلـولٌ تُثیرٌ الارضَ ولاتسـقی الحـرثَ ﴾ موسـا فـەرموی بەڕاستی پەروەردگاری من ئەفەرموێ : بەڕاستی ئەو مانگایە مانگایەکە بـەرەڵا کـراوە بـۆ لەوەڕاندن ، نەرام کراوە بۆ کار کردن لەزەوی و زەوی بکێڵـێ نـەبۆ ئـەویش ڕووەك و شینایی و شێن چێنراوی پیٰ ئاو بدریٰ .

﴿ مُسَلّمة لا شیةَ فِیها ﴾ دورە لەشورەیی و نەنگی ، نیشانەی خراپی پێوەنیـە ، جگـە زەردی پەڵـەی تـری پێـوە نیـە بـەهۆی کارکردنـەوە بریـن دار نـەبووە بـەرەڵا بـووە نەبەستراوەتەوە خراپەو ناحەزی تێدانی یەو نابینریٰ .

﴿ قالوا الآنَ جِئتَ بِالحَق ﴾ ووتیـان ئائێسـتا ئـەی موسـا تـۆ هێناوتـە ڕاستی‌یەکەی و بۆمانت ڕون کردەوە ئەزانین چ مانگایەکە . لەو ووتنەی ئەوان وادەرئەکەویٰ لـەوەو بـەر موسا ڕاستی نەهێناوە بابڕوایان بەڕاستی ئەوانەی پێشو نەبووە هەتائێستا ، بەهـەرچۆنیٰ بـیٰ گێل و گەوجی خۆیان دەرئەخەن .

﴿ فَذبحوها وما کادوا یَفعَلون ﴾دوایی چون و گەڕان بەشوێن ئەو مانگایەدا و دەسـتیان کەوت لای کوڕی ئەو پیـاو چاکـەی باسـی کـرا ئـەو کـوڕە دوای مردنـی بـاوکی زۆر گوێڕایەڵی دایکی بوو بەتایبەتی لەفرۆشتنی ئەو مانگایـەدا ، جولەکـەکان ئـەو مانگایـەیان کڕی بەنرخێکی زۆرو سەریان بڕی . نزیك بوو ئەو کارە نەکەن وە ئـەو فەرمانـەی پێیـان درابوو لەسەر بڕینی ئەو مانگایـە جـیٰ بـەجیٰی نەکـەن ، بـەهۆی پرسـیاری زۆریـان و دوودڵیانەوە دوای فەرماندان بەسەربڕینی ئەو مانگایە و داواکردنی جولەکـەکان لەموسـا بۆ دۆزینەوەی ئـەو مانگایـە کـە سـەری بـبڕن ، خـوای گـەورە ڕوو ئەکاتـەوە مەبەسـت لەفەرمان دانە بەجولەکەکان هۆکەی چ شتیٰ بوو خوا فەرموی :

﴿ وَاذقَتَلتم نَفساًفادّارءتم فیها ﴾ وە ئێوە بیری ئەوکاتە بکەنەوە ئەی بـەنو ئیسـرائیلی ، ئێوە مرۆڤێکتان کوشت ، دوایی ئێوە ناکۆکی و ئاژاوەتان لەنێودا پەیدا بوو بۆ دۆزینەوەی بکوژی ئەو مرۆڤە ، هەریەکەتان ئەو تاوانەتان لەخۆتان دور ئەخستەوە ، ئەتان دایـە پـاڵی

ئەوی ترتان ، هەر یەکەتان ئەتان ووت : ئێمە نین و ئێوەن ، وەهیچ کەستان بەووتەی خۆتان ئاگاداری کوشتنی ئەو مرۆڤە نین بەلای خۆتانەوە .

بەوڕسته خوای گەورە کوشتنی ئەو مرۆڤە ئەخاتە ئەستۆی هەمویان ، هەرچەندە هەر یەك نەفەر ئەو پیاوەی کوشتوە هەتا ئەوە بگەیەنێ هەر گەلێ بەتوندی خۆیانیان بەیەکەوە بەست وەك یەك کەسیان لێ دائەنرێ . کەواتە کارێ یەکێ کیان وەك هەمویان کردبێت وایە ، چونکە هەمویان پێی ڕازین هەروەها لەگەلْ ئەو جولەکانەیەتی لەسەردەمی پێغەمبەردان ، لەبەر ئەوەی ئەوان پاشماوەی ئەو کەسانەی سەردەمی موسان ، بەکردەوەکانیان قیناتن .

﴿واللهُ مُخرجٌ ما کنتم تَکتمون ﴾ وەخوا دەری خست و ڕونی کردەوە شتێ ئێوە دای ئەپۆشن لە باسی ئەو مرۆڤە کوژراوە دا کەکوشتبویان ، دەستتان دابویە ناکۆکی نێوان خۆتان بەهۆی بکوژەکەوە ، هەتا بکوژی ڕاستەقینە دەرکەوێ ، هیچ کەسێ بەناڕەوایی ستەمی لێ ناکرێ . کەوا بوو شاردنەوەکەی بێ سوودە ، خوا هەموو شتێ ئەزانێ وەدەریشی ئەخا ، هەموو خراپی و لاساری ئێوە ئەزانێ .

﴿ فَقُلنا اضرِبُوه بِبَعضِها ﴾ دوایی ئێمە بەئێوەمان ووت ئێوە بدەن لەلەشی ئەو کوژراوە بەهەندێ لەئەندامی ئەو مانگا سەر بڕاوە ، ئیتر ئەو ئەندامە زمانی ئەو مانگایە بێ یاڕانی یا جێگەیە تر بێ گرنگ نییە ، ئەوەی شایانی باس بێ ئەو لێدانە بەلگەیە لەسەر توانای خوا وەئاسانی کارو باری کوڕانی ئیسرائیل خوای گەورە ئەو کارەی لەگەلْ کردن بەتایبەتی ، هەرچەندە ئەو کوژراوە یەکەم کەس نەبووە نارەوا خوێنی برژێ بەلام لەبەرێز داری موساو لەکیس نەچونی ئەو خوێنە ، ئەگەر وانەبوایە گومانیان پتر ئەبوو بێ باوەڕتر ئەبون ، بڕوایان بەموسا کەمتر ئەبویەوە .

﴿ کَذلِكَ یُحیِ اللهُ الَموتی ﴾ هەربەوجۆرەی بەلێدانی ئەندامێکی ئەو مانگایە ئەو مرۆڤە کوژراوە زیندوو بۆیەوە هەروەها خوا زیندوو ئەکاتەوە هەمو مردووەکان لەڕۆژی دواییدا

بەئاسانی تر بۆ وەرگرتنی پاداش و تۆڵە ، ئەو کەسەی بتوانیٚ تاکە کەسیٚ زیندوو بکاتەوە ئەتوانیٚ هەموو بونەوەران زیندوو بکاتەوە ، ئایا لەپاش ئەو بەڵگە بینراوە گومانتان هەرئەبیٚ و گوناه ئەکەن ؟

﴿ وَيُرِيكُم اياتِه لَعَلَكُم تعقِلون ﴾ وەهەر بەو جۆرە خوا نیشان ئەدا بەئێوە و پێتان ئەبینیٚ چەندین بەڵگەو نیشانەی ئاشکرا لەسەر توانای خۆی بۆ ئەوەی ئێوە ئەقڵ بەکار بهێنن ئەو کەسەی ژیری خۆی نەخاتە کار وەك ئەقڵی نەبیٚ وایە ،

بۆ ئاگاداری : ئەو زانایانەی مانای قورئانی پیرۆزیان کردووە هەر لەزانایانی ئەم سەردەمەوە هەتا ئەگاتە ئیبنو عەبباس و بەویشەوە خوا لیٚیان ڕازی بێت باسی سەربڕینی ئەو مانگایە و کوشتنی ئەو مرۆڤە و ڕون کردنەوەی بکوژەکە بەو جۆرە مانایان کردووە ئێمە باسمان کرد . یانی دارژاندنی باسەکە بەم جۆرەیە : ئێوە بیری ئەو کاتە بکەنەوە مرۆڤێکتان کوشت و کەوتنە دوبەرەکی کردنی یەکتری ، خوا فەرمووی : مانگایە سەربڕن و هەندیٚ لەبەدەنی بدەن لەو کوژراوە و زیندوو ئەبێتەوە ، ناوی بکوژەکەتان پیٚ ئەڵیٚ ، ئەوانیش کردیان و ناوی بکوژەکەیان بۆ دەرکەوت .

کەواتە ئەو چیرۆکە یەك چیرۆکە لەناوەرۆك و لەمەبەستاو یەك جار بەستراون بەیەکەوە ، زۆر پەیوەندارن بەیەکەوە چونکە مەبەستەکە یەکە کەبریتیيە لەڕون کردنەوەی بکوژەکە بەڵام بەڕواڵەت بەدوو چیرۆك ئەبینریٚ ، لەبەر ئەوەی جولەکەکان تاوانیان زۆرن بەدوو تاوانی تر لەو چیرۆکەدا ئەیان ترسێنیٚ : یەکەم بەتاوانی گاڵتە کردنیان بەفەرمودەی موسا و کتو پڕ نەچونیان بەدەم فەرمانی موساوە ، دووەم بەتاوانی کوشتنی ئەو پیاوە بەناڕەوا بۆیەش خوای گەورە فەرماندان بەسەربڕینی مانگاکەی پێشخستووە لەو چیرۆکەدا بەڕواڵەت وبەناوەرۆك ،لەسەر باسی کوژراوەکە هەتا ئەو تاوانە بگرێتەوە ، بەپێچەوانەوە باس بکرایە : یانیٚ کوشتنی مرۆڤە پێش خرایە بەیەك چیرۆك دانەنرا بەڕواڵەت و بەناوەرۆك ، ئەو دوو مەبەستەمان لەکیس ئەچوو.

لەپێشەوە باسکراوە خوای گەورە ئەوکارە بە کەس نەکراوانەی کردوویەتی بۆ کوڕانی ئیسرائیل بۆ کەسی تری نەکردووە ،بەرامبەر بەهیچ کەسی ترناکرێن ئەوەش لەبەر ڕێزداری مووسایە لەلایەکەوە ، لەبەر لاساری و گەوجی جوولەکەکانە لە لایەکی ترەوە کەواتە ڕێگە لەم پرسیارانە ئەبەسترێت و پێویستە نەکرێن :بۆچی خوای گەورە یەکەم جار کوژراوەکەی زیندوو نەکردەوە بێ ئەوەی مانگاکە سەربڕن بەو هەمووتوانایەوە خوا هەیەتی بۆچی ئەو مرۆڤە زیندوو بوویەوە بە لێدانی پارچەیەك لەو مانگایە بۆ ئەبێ مانگایەکی تایبەت بێت نەك هەموو مانگایەك یاشتێ تر ؟سوودی لێدانی ئەو کوژراوە بەپارچەیە لەو مانگایە چ شتێ بێ و بۆ ئەبێ وابێ؟ هەموو ئەو پرسیارانە ئاڕاستە ناکرێ دوای ئەوەی زانیمان کوڕانی ئیسرائیل وەکو کەسی تریان لەگەڵ نەکراوە ئەو وەڵامانە یەکێك لەو کارانە بووە تە هۆی ڕێزیان بەسەر هەموو ئادەمیزانی سەردەمی خۆیان هەتا ئێرە مانای بڕوا پێکراوی چیرۆکی مانگای سەربڕاوە.

بەڵام هەندێ لەزانایان لەم سەردەمەدا وەك مامۆستای بەڕێز ئیبن و عەبدە لەماناکردنی چیرۆکی: {بیری ئەو کاتە بکەنەوە موسا فەرمووی : خوا فەرمانی پێداون مانگایەك سەربڕن}هەتا کۆتای چیرۆکەکەو مامۆستا عبدول وەهاب نەجاڕیش لە {قصص الانبیاء} ی خۆیا ئەفەرموێ: چیرۆکی { وەبیری ئەو کاتە بکەنەوە مرۆڤێکتان کووشت هەتا کۆتایی چیرۆکەکە .ئەو دوو مامۆستایە ئەڵێن هەریەکە لەو دووچیرۆکانە چیرۆکی تایبەتین و پەیوەنیان بەیەکترەوە نیە نەجار ئەفەرموێ ئەگەر تەماشای ئەو چیرۆکانە بکەین خوای گەورە لەم چیرۆکەدا ئەیان گێڕێتەوە لەبارەی کوڕانی ئیسرائیل ئەوەمان بۆ پێك دێت هەریەکەیان چیرۆکی تایبەتین و پەیوەندیان بەیەکترەوە نیە ،وەك ئەفەرموێ بیری ئەو کاتە بکەنەوە کەڕزگارم کردن لە پیاوەکانی فیرعەون } بیری ئەو کاتە بکەنەوە کەدەریاکەم بۆ پارچە پارچە کردن ، بیری ئەو کاتە بکەنەوە بەخشیم بەموسا نامەیە ، بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە موسا فەرمووی بەتاقمەکانی : ستەمتان لەخۆتان کردووە بەپەرستنی

گوێرەکەکە ، بیری ئەو کاتە بکەنەوە بەموساتان ووت بڕواتان پێنایەرین هەتا خوا بـە چـاو نەبینن بەئاشکرا . بیری ئەو کاتە بکەنەوە ووتمان بچنە نێو ئەو دێیە کەقودسە . بـیری ئـەو کاتە بکەنەوە کەموسا داوای ئاوی کرد بۆ خزمەکانی . بیری ئەوکاتە بکەنەوە بەمووساتان ووت :ئێمە ئارام ناگرین لە سەر یەك خواردەمەنی . وە بـیری ئـەو کاتـە بکەنـەوە کێـوی طورم بەرزکردەوە بەسەرتانا.بیری ئـەو کاتـە بکەنـەوە کەمووسـا فـەرمووی بەتاقمـەکانی مانگایەك سەربڕن . بیری ئەو کاتـە بکەنـەوە مرۆڤێکتـان کووشـت نـاکۆکی لـەنێوانتاندا پەیدابوو..فەرموودەی ئەو دووماموستا بەرێزانە کۆتایی هات .

ڕوونکردنەوەی بیرو بۆچوونـی ئـەو دووماموسـتا بـەگوێرەی دارژاندنـی چیرۆکـەکان وادەگەیەنێ چیرۆکی کوشتنی ئەو مرۆڤە سەربەخۆیەو پەیوەندی بەچیرۆکی مانگاکەوە نیـە هەریەکەیان باسێکی تایبەتین .کەواتە مانای چیرۆکی یەکەم بەم جۆرەیە :(کوڕانی ئیسرائیل پیاوێکیان لەخۆیان کووشت و دۆزرایەوە لەنێو بێستانێکدا ،ئەو بێستانەش لـەنێوان چـەند شارێکدا بوو نەیان ئەزانی چ کەسێ کووشتویەتی سەرگەردان بوون ڕووداوەکـەیان بـردە لای مووسا ئەویش فەرمووی مانگایەك سەربڕن ،ئـەوانیش وەك باسـکرا لاساری وچەنـە بـازی)زۆریـان کـرد لـە ئـەنجامدا سـەریان بـڕی موسـاش ئەوپیاوانـەی نزیکـی جێگـەی کوژراوەکە بوون کۆی کردنەوە هەموویای سوێندا ، مانگا سـەربڕاوەکە لەبـەر دەمیـان بوو وتیان :ئێمە ئەو کوژراوەمان نەکوشتوە ناشزانین چ کەسێ کووشـتویەتی ئـەو سـوێند دانە لـە دەستووری ئاینی ئەواندا وەك سوێند خواردنـی ئێمەیـە ئەگـەر مرۆڤێکـی کـوژراو لەناوچەیەکدا جێگەی ناوچەی خۆی و خزمانی بـوو یـا لـەنزیك گەڕەکێکـەوە بـوو ئـەو کوژراوە ، نە ئەزانرا چ کەسێ کوشتویەتی بەڵگە بۆ ڕاستی داواکـاری خوێنەکـە لـەوێدا ئەسەلمێنرا کە لە جێگەیـە بـێ ، خـاوەن خوێنەکـە ، (٥٠) پـەنجا سـوێن ئـەخوا خوێنەکـە لەخزمانی خاوەنی ئەو جێگەیە دەسەنرێ لای پێشەوا شـافیعی ، بـەلام لای حەنەفیـەکان ئەڵێن : لەڕوداوێکی وادا کار بەدەستانی ئەوجێگەیە (٥٠) پەنجا پیـاو لـەپیا چاکـانی ئـەو

جێگەیە هەڵئەبژێرن و سوێنیان ئەدەن و ئەڵێن : ئێمە نەمان کوشتوە ونازانین چ کەسێ کوشتویەتی لەئەنجامدا خوێنەکە لەدا نیشتوانی ئەو جێگەیە ئەسێن ، ئەوە باسکرا مانای چیرۆکی یەکەمە :

مانای چیرۆکی دووەم لای ئەو دوو مامۆستایە بەم جۆرەیە :

مرۆڤێ کوژرا لە ماڵێکا لەگەڕەکێکدا لەجەنگی کۆمەڵێکا ، هەموو کەس کوشتنی ئەو مرۆڤەی لەخۆی دور ئەخستەوە بکوژ نەئەزانرا ، گومانی کوشتنی ئەو مرۆڤە ئەبرایە سەر کۆمەڵێکی دیاری و ژمێردراو ،بکوژیش لەنێو ئەواندا بوو ، خوای گەورە بکوژەکەیانی بۆ دەرخستن بەم جۆرە تاوان باریان هێنا پارچەیە لەو کوژراوەیان لێ دا بەمەرجێ بەخۆیەوەبێ ،ئیتر دەستی بێ یا پێی ئەیان کێشا بەگومان لێکراوەکەدا ، ئەگەر پاك بوایە هیچ شتێکی لێوە نەئەبینرا ، ئەگەر بکوژ بوایە ئەکەوتە لەرزین و ڕەنگ تێك چون و کاری نائاسایی لێوە نەئەبینرا بەو بۆنەوە بکوژیان بۆ دەرئەکەوت . کەسیان بەناڕەوا نەکوژرا عەبدول وەهاب لەسەر ئەو باسە ئەڕواو چەندین نمونەی تری بۆ ئەهێنێتەوە ، لەئەنجامدا ئەڵێ : هەمویان خۆماندو کردن و هەوڵدان و لەوانەیە ڕاست نەبن و پشتیان پێ نەبەسترێ . ئەوپەڕی ڕێزم بۆ ئەو دوو مامۆستایە بەندە پێم وایە ئەو پیرۆکەی سەر برینی مانگاو چیرۆکی کوشتنی مرۆڤەکە یەك چیرۆکن ، وەپێش و پاشە بۆ ئەوەی ئەو دوو تاوانەی کوڕانی ئیسرائیلمان لەکیس نەچێ ، وەك باسکرا ، لەفەرمودەی خوادا پاش و پێش نی‌یە و فەرمودەی خوا لەیەك کاتدا هەموو کارێکی پێ ئەنجام ئەدرێ .

پاش ڕوداوی سەربرینی مانگاکە و دۆزینەوەی بکوژ ، قورئانی پیرۆز ڕونی ئەکاتەوە ئەو هەموو کارە بەکەس نەکراوە نەکە هەستو دڵی هەموو کەسێکی دا ئەخوڕیان و ئەیان ڕواند لەمێشکا باوەڕ بەخوا ، ئەوەتا هەمویان کاریان نەکردە سەر دڵی ڕەقی کوڕانی ئیسرائیل ، لەدوای چاو پێکەتنی ئەوانە هەموو کردەوەی نالەبارو ناڕەوای وایان لێ پەیدا

بوو هەموو شتێکی چاکی لەدڵیانا شۆردەوە ، وەهەمو پەندو تەمێ کردن لەمێشکیانا پەرتەوازەکرد ، وەك خوا ئەفەرموێ .

ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِىَ كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٧٤﴾

﴿ ثُمَ قَسَت قُلُوبكم مِن بَعدِ ذلكَ ﴾ لەپاشا ئێوە دڵتان نەرمی تێدا نەما و ڕەق هەڵگەڕا لەپاش ئەو شتە بەکەس نەکراوا نەتان چاو پێکەوت لەتوانای ئادەمیزاددا نەبون و مـن پێم نیشان دان ، لەزیندوو بونەوەی کوژراو ئەو شتانەی ئەبونە هـۆی نـەرمی دڵان وەبـەرەو ڕاستی ڕاتان ئەکێشێ. کەچی ئەو دڵانەی ئێوە لەسەر ڕەقی و ووشکی مانەوە :

﴿ فَهيَ كَالحِجارة ﴾ دوای ئەو دڵە ئێوە وەك بەرد وایە لەڕەقیدا هەرگیز نـەرم نـابێ ، ئەو ئایەتە ڕو ئەکاتە ئەو کەسانەی سەردەمی پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ ، چونکـە بـەکردەوەی بـاو باپیرانی پێشویان قنیاتن ، وەك ئەمان کردبێتیـان وایـە یالـەگـەڵ ئـەو کەسـانەی سـەردەمی موسادا بوون ، هەرکامیان بێ جێگەی خۆیەتی .

﴿ او اشَدُ قَسوَة ﴾ وە یائەو دڵەی ئێوە لەبەردیش ڕەق ترە لـە ئاسـن ، بـەئاگر نـەرم ئەبێ واش ئەبێ ئەتوێتەوە ، بەرد هەرگیز نەرم نابێ بۆیە خوا ئەفەرموێ .

﴿وانَّ مِنَ الحِجارَةِ لَما يَتَفَجَّرُ مِنهُ الأنهار﴾ وەبەڕاستی لەناو بەردا بەردی واهەیە چەندین کونی زۆرو قلیشی وای تێدایە چەندین ڕوباری لێ هەڵئەقوڵێ .

﴿ وَاِنَّ مِنها لَما يَشَّقَّق فَيَخرُجُ مِنه الماءُ ﴾ وەبەڕاستی هەندێ بەرد هەن درزی تێدا ئەبێ دوایی لەو بەردە ئاو دیچتە دەرێ ، لەو ڕستانەدا ئاو کراوە بەدوو بەشەوە ئاوی زۆرو ئاوی کەم ، ئاوی زۆر بەڕوبار ناو ئەبرێ هەڵقوڵاویش بۆ ئاوی زۆر بەکار ئەهێنرێ ، بۆیە خوا ئەفەرموێ چەندین ڕوباری لێ هەڵ ئەقوڵێ ؛ بەلآم ئاوی کەم بەکانیاو یابەبیر ناو ئەبرێ و دێتە دەرێ وایش ئەبێ برۆن بەسەر زەوی‌دا ، هاتنە دەرەوە بۆ ئاوی کەم بەکار ئەهێنرێ بۆ یە خوا ئەفەرموێ ئاوی لێ دێتە دەرێ .

﴿ وَاِنَّ مِنها لَما يَهبِطُ مِن خَشيَةِ الله ﴾ وەبەڕاستی هەیە لەبەردا بەردێ نری وا لەسەر لوتکەی کێو بێ یالەژورەوە ئەکەوێتە خوارەوە لەترسی خوا ؛ بێگومان ترسی خوا کار ئەکاتە سەر بەرد ؛ ئەوەتا خوا ئەفەرموێ ﴿ وَاِن مِن شَيءٍ الاّ يُسَبِّحُ بِحَمدِهِ ﴾ وەنیە هیچ شتێ ئەگەر ببێ پاکی خوا دەرئەبڕێ بەسوپاس کردنی خوا ، بەلآم ئێوەی بەنو ئیسرائیل ئامۆژگاری کار ناکاتە سەرتان ،

بۆ چاکە مل کەچ نین ؛ ئەو فەرمانەی پێتان بدرێ بەجێی نایەرن ؛ لەگەڵ ئەو هەمو تۆڵەو پاداشت و بەڵگانە وە بەدوای بەکادێن بەچاوی خۆتان دیتان ؛

﴿ وَمااللهُ بِغافِلٍ عَمّا تَعمَلون ﴾ وەخوا بێ ئاگانی یە لەوشتەی ئێوە ئەیکەن ئەورستەیە هەڕەشەیە لەوان بەتوندی و سامناکی ، خوا پرسیاریان لێ ئەکا لەپاشەڕۆژدا و مافی خۆیان وەرئەگرن سزایان ئەدا لەتۆڵەی سوپاس نەکردنیان بۆ چاکەو بێ فەرمانی کردنیان ؛ لەوەوە بۆمان دەرئەکەوێ دڵی جولەکەکان جیاوازن ، هەندێکیان وەك بەرد وان لەبەرد ڕەقترە . خوای گەورە بەو (١٠) دە چیرۆکانەی ڕابوردن بیری کوڕانی ئیسرائیل ئەخاتەوە ئەوپەڕی چاکەیان لەگەڵ کراوە لەگەڵ ئەوەشدا تەمێ خوار نەبون بۆیە بەورستە ڕابوردووە هەڕەشەیان لێ ئەکا .

ئەو پەندوو ئامۆژگارییانەی لەباسی ئەو (١٠) دە چیرۆکانەوە وەرئەگیرێن بـۆ ئەوەیـە ئێمەی موسوڵمان وەك جولەکەکان نەبین چاکترین کۆمەڵ بین بۆ ئادەمیزادکەهاتبنــە سـەر زەوی وەخۆمان لەوکارە نارەوایانەی جولەکەکان دوور خەینەوە کەئەمانەی خوارەوەن :

١- ئەو چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر ئەو دینەی جولەکەکان لەسەری بون ، لەدڵ پیسیو دڵ رەقی و لاساریو گەوجیان لەگەڵ رابەری خۆیـان ، پرسـیاری زۆریـان بـەبێ هـودە ، گـوێ نـەدانیان بەفـەرمودەی پێغەمبـەرەکانیان ، سسـتی کردنیـان لەبـەجێ هێنـانی ئـەو فەرمانانەی پێیان ئەدرا رێگەی خوارو خێچ گرتنیان .

٢-ئەو چیرۆکانە بە ڵگەن لەسەر راستی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بۆ ئەو یاسایانەی لای خـــواوە ئەی گەیاندن بەئادەمیزاد بەبێ ئەوەی ئەو رِوداوانەی دیبێ نمونەیەکن بۆ راستی پێغەمبـەروو بۆ راستی موسا .

٣- ئەو چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کۆڵ بدرێ لەپرسـیاری زۆرکردنـی یاسـای ئایین ، یانێ بیبژرێ بۆ ئەبێ ئەم یاسایانە بەم جۆرە بـن ، چونکـە سەرئەکێشـێ بـۆ ئـەوەی فەرمانەکانی خوا قورستر بکرێ لەسەریان ، ئەگەر کورانی ئیسـرائیل دەسـت بـەجێ هـەر مانگایەکیان سەر ببڕایە بەسیان بوو، بەلاّم پرسیاری زۆریان ئاوای بەسەر هێنان و رابورد .

٤- دروست نی‌یە فەرمانێ لای خواوە هات بیبێــژرێ بۆچـی ؟ پێویسـتە یەکسـەر مـل کەچی فەرمانەکەی بین ، ئەبوایە نەیان ووتایە بەموسا : تــۆ گاڵتـەمان پـێ ئەکـەی ، ئێمـە ئەڵێین پیاوی کوژراو تۆ ئەڵێیت : مانگایە سەر ببڕن ، هەتا وای لێ هـات تووشـی ئـازاری زۆر بوون .

٥- ئەو چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەموو پێغەمبـەران لەسـەر یـەك شـت پێـك هاتووە لەئادەمەوە هەتا پێغەمەری ئیســلام ، لـەزیندوو بوونـەوەی هـەموو بوونـەوەران و هەڵسانیان لەگۆرِەکانیان ، بەبێ جیاوازی وەك زیندوو بوونەوە کوژراوی نێــوان کورِانـی ئیسرائیل .

٦- ئەو چیرۆکانە ئەوەمان پیشان ئەدا خوای گەورە نیشانە و بەڵگەی زۆر دێنێتەوە بۆ بەندەکانی خۆی لەچەندین لاوە ، هەتا بەباشی ڕانومایی وەرگـرن ، گومڕایـانیش بیانویـان نەمێنێ .

٧- ئەو چیرۆکانە بۆمانی ئەگێڕێتەوە ئەو گەلەی جولەکە لە دڵ ڕەقـی و دڵ پیسـیدا وێنەیان نیە باوەڕ بەخوا جێگیر نابێ لەدڵیانا بەچاکی .

٨-ئەو چیرۆکانە ئەوەمان پیشان ئەدەن ئەو جولەکانە (٢) دووجار گـیرۆدەی دەسـتی مانگابوون ، جارێ بەپەرستنی گوێرەکە جارێ تر بەسەربڕینی مانگایە ، ئەو گیان لەبەریش گێل ترینی جانەوەرانە ، جگە بۆ سەربڕین و جوت پێکردن وئاودان و شیردان و شـتێ تـر نەبێ بەکاری هیچ شتێ نایەن نایشتوانن ئـەو شـتانە لـەخۆی دوور خەنـەوە ئیـتر چۆنیـان ئەپەرست ؟

٩-ئەو چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ستەمکارو یاخی بوون لەخوا پێویسە بـەرگری لێ بکرێن و لەدژیان هەڵسین ، وەك ئەو ستەمەی فیرعەون کردی ، ئەو سـتەمەی بکـوژی ئەو مرۆڤە کردی ، ئەیویست میراتەکەی بخوا خوای گەورە کردی بەپەند و ڕیسوای کرد و میراتەکەشی بۆ نەبوو .

١٠-ئەو چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر توانای خوای گەورە کەبتوانێ بەپارچەیـە لەلەشـی مانگایە مرۆڤێ زیندوو بکاتەوە ، ئەتوانێ هەموو بونەوەران زیندوو بکاتەوە وە ك مراندنی .

١١- ئەو چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو گەلەی بەچەوساندنەوە ڕامبوو ، سـتەم و ڕوتانەوەیان بۆ بەکار هێنرابێ لەلایەن فەرمان ڕەوایانەوە و ئەوانەی بـەدرێژی لەگـەڵیان کرا ئەو شتانە ئەبنە میراتی گلاویان و بەشێ لەسروشتیان ،وەك جولەکـەکان کـە دەقیـان گرتبوو بە ستەم و چەوساوەی فیرعەون ، بێ نرخ و ترسنۆك و چاو چنۆك بوبون هەتاموسا داوای لێکردن بچن بۆ قودس کەچی ئەوان ئەو هەمووە ئازارەی موسایان ئـەدا ، لـێرە دا واچاکە چاوێ فڕە بدەین بۆ سەر کۆمەڵگای ئەمڕۆماندا بەچ جۆرێ داوێـن پیسـی و بـێ

ڕەوشتی کاری کردۆتە سەریان ، گرنگترین کاری کوشندە بۆ پەیداکردنی هەموو ڕەوشتێکی بێز لێ کراوە توشی ئەم گەلەی ئێستامان بو ، وەك فلیمی سینەماو فیدیۆ و پرۆگرامی تەلەفزیۆنی و لادانی پەردەی شانۆ گەری و ڕۆژنامەو گۆڤار ئایا ڕەواو ڕاستە ئەوانە بخرێنە پشت گوێ و وازیان لێ بهێنین ، هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەوانە سامانی زۆریان دەست کەوێ لەسەر ژمارەی تێکدانی ڕەوشت وبێ ئابڕوویی ئێمە ، پارەو پولیشیان بدەینێ ..ئەی کۆمەڵی برایان و خوشکانی بەڕێز: چۆن ئەبێ ئەوانە ڕەوابن لای ئێوە ؟ ئایا ڕاستە چاو لەفلیمی بێگانە داو ێن پیسەکان بکەین کەهەمویان دوژمنی ئیسلام ونیشتمانن بەهۆی جولەکەکان وەبەکرێ گیراوەکانیانەوە ئەبرێن بەڕێوە ئێمەیش پەیڕەویان بکەین ئەو فلیمانە بکەین بەبت و خواردەمەنی خۆمان و خێزانمان کەهاندەرو پەیداکەری هەموو کارێکی ناڕەوان .

بۆ نەبێ کاربەدەستانی ئیسلام چاودێری و پشکنینی زۆرو چاك نەخەنە سەر ئەو فلیمانە لەدەرەوە ئەهێنرێن یالەناو خۆ دروست ئەکرێن و بڵاو ئەکرێنەوە بۆ ئەوەی دوور بین لەڕوتی ژنان و بەرەلایی پیاوان نە ببنە هۆی ئەوشتانەی ناوبران شەرمە باس بکرێن و پەیدابن لەنێو نەوەی تازەماندا ؟

ئەی بۆ کاربەدەستانی ئیسلام دانەخەن دەرگای ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی شورەیی و بەد ناوی ئادەمیزاد بلاو ئەکەنەوە ئابڕویان ئەبەن ، وەکو وێنەی ڕووت و قوتی ژنان لەیەکەم لاپەڕەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا دایان ئەنێن تەنها بۆ جولانی ئارەزوی خوێنەران و بینەرانی ، ئەوان بەتەمای بازرگانیەکی بێ نرخ ، یان هیچ نەبێ یارمەتی یان نەدرێ ؟

ئەی بۆ کاربەدەستانی ئیسلام بەرگری ناکەن لەسورڕدانی ڕوژ ئاوایی و بێگانەکان کەئەو پەڕی جولێنەری ئارەزواتی گلاوی ئاژەڵێن بەتایبەتی لاوانمان ئەوانە شێر پەنجەی کۆمەلانن گەورەترین زیان بەخشن هەتا دەوری ئاین پەرستی و نیشتمان پەروەری ببڕن ئەی بۆ فلیمی پۆلیسی دانەخرێن کەئەبنە هۆی فێرکردنی کوشتن و بڕین و دزی و داوێن

پیسی : کەنەوەو منداڵەکانمان ئەبنە دڕوندەو توشی هیستریای تاڵان و تاوانیان ئەکەن ؟ئەی بۆ کاربەدەستانی ئیسلام پردێکی پۆلایی نە بن لەبەردەم بەرگ و مۆدیلی هێنراو یادەست کردی ناو خۆمان ، کەجێگە شورەیی‌و خراپەکانی ئەو شوێنانەی ژنان ئەبنە هۆی گڕ سەندنی ئارەزوو هەستی لاوانمان کەهیچ یاسایەکی ئاینو مرۆڤایەتی ئەو شتانە بەڕەوا دانانێ، بیر لەکاری سود بەخش بۆ خۆیان و گەلیان نەکەنەوە ، ڕۆژ باش و هەلاویان ووشەی ناڕەوا بێ کەشەرمە ووتنیان ئایا ئەوانە شارستانی و پێشکەوتنە ؟ ئەوانە نەخۆشین ئەوانە شێر پەنجەی کۆمەلایەتین ئەوانە ڕوخێنەری پێشکەوتن و شارستانی و مافی ڕەوان کۆمەڵگاکەمان بەرەو نەمان ئەبەن ؟

دوا ڕۆژی بێباوەڕی بەخوا و بەئاین و ستەم کردن لەبونەوەران ئەبێ چۆنبێ ؟

پاشەڕۆژیان ئەبێ چۆن بێ ؟ مرۆڤ لەوانەیە پرسیار بکا لەوکارەساتەی توشی دانیشتوانی سەر زەوی ئەبێ ، بومەلەرزەی وا کەتەڕو ووشك لەناو ئەبا لافاوی واکە سامانی دانیشتوان ئەباو خۆشیان پەرت و بلاو ئەکا ، هەلکردنی باو گێژەلوکەی کوێری وا ئەوەی مرۆڤ لەماوەی تەمەنیا دروستی کردووە ئەی ڕوخێنێ لەماوەی کات ژمێرێکدا، جنگ و ئاژاوەی واکاربەدەستانی ستەم کار و چاوچنۆك و ترسنۆك هەڵی ئەگیرسێنن ئەبێتە هۆی نەمانی مرۆڤ و سامانیان بەزۆری ، بەدەیان وسەدان ، بگرە بەملیۆنان هەتیو بێوەژن و شەل وکوێرو کەڕو کۆیلەو هەژار پەیدا ئەکا .جەنگی یەکەم و دووەم و جەنگی عێراق و ئێران و هەرێمەکانی تر تەقینەوەی سەدان کارخانەی کیمیاوی ، گازی ژەهراوی بەهەزاران کوژراوی پەیدا کرد . بەتایبەتی تەقینەوەی کارخانەی گازی شاری ﴿ پوپاڵ ﴾ لەهیندوستان کەبووە هۆی کوشتنی پتر لە (٢٥٠٠) دوو هەزارو پێنج سەد کەس و نەخۆشی پتر لەپەنجا هەزار کەس جگە لەئاژاڵ لەبەرواری : ١٩٨٤/١٢/٤

ئەگەر پرسیار بکرێ هۆی توش بوونی ئادەمیزاد بەو کارەساتانە ئەبێ چ شتێ بێ ؟

قورئانی پیرۆز لەچەندین ئایەتدا وەلامی داوەتەوە بەتایبەتی لەچیرۆکەکانی موسادا ڕونی کردۆتەوە کەهۆکانیان بێ باوەڕی وستەم و گوناه کردنە . ستەم و بێ باوەڕی بەوجۆرەی خوا ئەیفەرموێ بڕوانە بوون بەخواو هاوکاری کردن بۆ دانانی بێ باوەڕی ڕوو وەرگێڕان لەیا سای خوایی ، دەست درێژی بۆسەر فەرمانەکانی خوای گەورە هاتووە لەقورئانی پیرۆزدا ﴿ فَاَما الّذینَ كَفَروا فاُعَذّبهم عَذاباً شَديداً فى الدنيا وَ الاخِرةِ ﴾ دوایی ئەوکەسانەی ئەوتۆ بڕوایان نەهێناوە دوایی من سزایان ئەدەم بەسزایەکی سەخت لەجیهانداو لەڕۆژی دواییدا ، بڕوا بەخوا بەدەم نابێ بەڵکو بەڕاستی و بەناوەڕۆکە. ﴿وَتِلكَ القُرى اهلَكناهم لَمّا ظَلَموا وَ جعَلنا لِمَهلِكهم مَوعدا ﴾ ئێمە ئەو دێیەمان لەناو بردن کاتێ ستەمیان کرد ئێمە دیاریمان کرد بۆ لەناوبردنیان ماوەیەکی دیاری کراو .. ﴿فكُلاً اخَذنا بِذَنبِة فَمنهم مَن ارسَلنا عَلَيهم حاصباً وَمنهم مَن أخَذَتـه الصَّيحَةُ وَمِنهم مَن خَسَفنا بِهِمُ الارضَ وَ مِنهم مَن اغرَقنا ﴾ دوایی هەمویانمان گرت و سزاماندان بەهۆی گوناهی خۆیانەوە ، دووایی هەندێ لەو کەسانە کەسێ ئێمە ڕەوانەمان کرد بۆ سەریان بایەکی زۆر سەختی وا بەردی هەڵئەگرت ئەیدا لەوان ، هەندێ لەوان کەسێ هەورە گرمەو دەنگێکی گران گرتی هەندێکیان کەسێ ئێمە بردومانە خوارەوە بەوانەوە زەوی ، هەندێکیان کەسێ ئێمە خنکاندمان ، لەناو چون فیرعەون و ستەم کارانی تر بەهۆی ستەمەوە ، زۆر جاران لەقورئاندا باسیان کراوە ، پاشەڕۆژی هەمو ستەم کارێ بەوێنەی ئەوکەسانە ئەبێ ، دێر بێ یازوو . لەنێو ڕۆشنایی مانای ﴿ ثُمّ قَسَت قُلُبُكم الى آخره ﴾ چەند پرسیارێ ئاراستە ئەکرێ لەگەڵ وەلامەکانیان :

یەکەم پرسیار : ئایا لەمرۆڤدا هێزێ هەیە مرۆڤ بخاتە کارەوە و دەست بخاتە ئیشی و فەرمانیەوە ، یا ئەو هێزە هەرتەنها ڕوداوەکانی دەرەوەیە ، یالەناویشەوە پاڵ پێوەنەرێکی تر هەیە ؟ بەڕاستی ڕوداوی دەرەوە پاڵ پێوەنەرو سەرچاوەی ناوەیشە کەواتە هێزی ناوەی

مرۆڤ بێ توانایە ، هەر ڕوداوی دەرەوەیە بنچینەی ڕاستەقینە ، یاهەریەکەیان سەربەخۆن ، جارێك ئەمیان مرۆڤ ئەخاتە گەڕ جارێ تر ئەویان ، جارێ تر هەردوانیان ؟

وەلآمی ئەو پرسیارانە : بەڕاستی مرۆڤ کەبوو بەو مرۆڤە خاوەنی هێزی وگیانێکە ئەگەر ئەوانەی لێ دارنێ وەیاڕوداوی دەرەوەی لێ بشارێتەوە جگە لەشتێکی ڕووت و تەق بەهیچ شتێ تر نازمێرێ ، یا پەڕێك نەبێ بائەیبا بەئاسماندا . کەواتە هێزی ناوەوەی مرۆڤ لەگەڵ ڕوداوەکانی دەرەوەدا ئەکەونە ئیش کردن هەریەکەیان بەوی تریانەوە پاڵ ئەنێ ، بەلآم کارکردنیان بەجوتە شتێکە ، سەر بەخۆیشیان بۆ ئەو کارەیش شتێکی ترە کەواتە وویست و ئاوات لەگەڵ مرۆڤادروست کراوە بۆیە منالی بێ‌هۆش و بێ گۆش ڕوداوی دەرەوە نازانێ و داوای زۆر شت ئەکا ، کەواتە ئەو ئاواتەی دەرەوە ووردە ووردە پێ ئەگەن پەرەیان پێ ئەدرێ بەهۆی ڕوداوی دەرەوە بەباش دەرکەوتنیانە ، بەپەیدابونی ئاواتی مرۆڤ ، مرۆڤ ئەتوانێ کار بکاتە سەر ڕوداوی دەرەوە و یەرەو پێشیان ببا بەگوێرەی پێویستی وئارەزوی خۆی با ئەوە بزانین ئارەزوەکانی مرۆڤ سەربە خۆن لەبونیان دا جم وجۆلی مرۆڤیش لەناوەو لەدەرەوەیش هەلئەقولێ ، یانێ لەهەردوو لاوە پەیدا ئەبێ ، ئەو کارە گلآوانە مرۆڤ ئەیکات بۆیە پێویستە لەڕوداوی گلآوی دەرەوە مرۆڤ خۆی بپارێزێ ، بەهۆی هێزی ناوەوە .

پرسیاری دووەم : کەبڕیارماندا لەنێو مرۆڤدا هێزێ هەیە ئەی خاتە جم وجۆل بەسەر بەخۆی ، ئایا هەموو مرۆڤ بەشدارن لەو هێزە گیانیەدا بەبێ جیاوازی لەنێوانیاندا .

باهەریەکەیان ئاواتێکی تایبەتی و هێزێکی بێ هاوبەشیان هەیە ؟

وەلآمی ئەو پرسیارە : مرۆڤ لەهەندێ شتا هاوبەشن ، وەك وویژدان و هۆشی ڕاست و چەوت ، ناشرینی و جوانی لەیەك جوێ ئەکەنەوە .

ئەگەر ئەو کارە هاوبەشەیان نەبن نرخ وبێ نرخ بۆ هیچ شتێ دانانرێ ناتوانین لۆمەی هیچ کەسێ بکەین لەسەر کردنی هیچ کارێ ، ناتوانین چاك و خراپ بەهیچ کەسێ

یسەلمێنین هەروەك باوك و كوڕ لەمیهرەبانیدا بۆ یەكتری هاوبەشن ، باهەندێ باوك و كوڕ لەهەندێ تریان زۆرتر میهرەبان بن ، بەلاّم مرۆڤ لەهەندێ شتی تردا لەیەك جیاوازن وەك ئازایی و ترسنۆكی سەخاوەت و ڕژدی دڵ نەرمیو دڵ ڕەقی وپستی بەهێز و بێ هێز ، ئاوڕدانەوە بۆلای چاكەو خراپە ئادەمیزاد لەوانە وەك یەك نین یانی مرۆڤ یان ئازایە یان ترسنۆك یاسەخی یە یارژد، چاكە خوایە یان ستەم كار .

پرسیاری سێهەم : ئەو شتانەی پێشو كەباسیان كرا دژی ڕواڵەتی دەركەوتووە ئەبینرێ مرۆڤێ كاری چاك وكاری خراپ ئەكا تۆ بۆئەبێ هەر بەجیز بی لەسەر یەكێكیان وەچاوی خۆت لەئاستی ئەوی تریان ئەنوقێنی ؟

وەلاّمی ئەم پرسیارە بەم جۆرەیە : ئەو چاكەیە لەستەم كارێ ئەبینرێ بەرێكەوتە لەپێشەوە بیری بۆ نەكردوەتەوە یابیریشی بۆ كردبێتەو؟ بۆ ئاواتی گلاّوی خۆیەتی بۆ هەڵخەڵەتاندنی دانیشتوانە ، پڕوپاگەندەیە لەناوەرۆكدا .

لێرەدا باسێكی ترمان هەیە ، بۆ ئەو باسە كەسمان لەگەڵ نی‌یە مەگەر كەسانێ وەك ئێمە بڕوایان بەخوا هەبێ و چاوی لەدوارۆژ بێ ، ئەوباسە ئاینی ئیسلام پێی ئەڵێ (توفیق) یانی ڕەخساندنی هەموو هۆیەك بۆ كردنی چاكە ئەو تەوفیقە نەبەهێزی ناوخۆی مرۆڤە نەبە ڕوداوی دەرەوە نازەخسێ بەڵكو بەهێزێكی نهێنی وتوانایەكی چاكەی خوایی بێ پایانی نهێنی‌یە ، ئەو هێزە بۆ هەندێ كەس ڕێگەی چاكەیان بۆ سازو پاك ئەكات و ڕویان وەرئەگێڕێ بۆلای ئەو كارانە خوا پێی خۆش بێ بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بكەن .كۆتایی بەو پرسیار و وەلاّمانە هات.

هەموو خاوەن نامەو پرۆگرامێ ئەوپەڕی خەباتی خۆیان ئەخەنە كار بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بڕوایان پێ بكەن بۆیە بانگەواز ئەكەن و بیرو باوەڕەكەیان بەناویانا بلاّو ئەكەنەوە هەتاوەكو دواكوتوو یاریدەدەرو لایەن گریان زۆربێ ، هەموو سزاو ناخۆشی بۆ ئەو مەبەستە ئەچێژن یەكێ لەوكەسانە بەو كارە هەڵسابێ بەبلاّوكردنەوەی ڕاسترین یاسا بۆ هەڵسوڕانی كارو

باری مرۆڤایەتی فروستادەی خوای مەزن وهاوەڵەبەرێزەکانی بووە ، بەبلاو کردنەوەی یاساو دەستوری ئیسلام و جارِ دان بۆیان لەوکات و جێگەیەدا یاریدەرانی پێغەمبەروو جولەکەکان پەیوەندی دار بوون بەیەکەوە لەدراوسێیەتیو هاوشێرەیی و بازرگانی وشتی تردا ، بۆیە جولەکەکانیان بانگ کرد بۆلای ئاینی ئیسلام بەفەرمانی پێغەمبەری مەزن ﴿ﷺ﴾ یاریدەران لەگەڵ جولەکەکاندا بەبەڵگەی ڕون و واتەی سەلمێنراو بەتەمای ئەوە بوون ئەو جولەکانە پیاوەتیان بجولێ بەتایەبتی ئەوانەیان خوێنەوارەوو ڕۆشن بیروو خاوەن نامەن بەتایبەتی ، باسو شێوازی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لەتەوراتیلانا هەبوو ، لەوەلامدانەوەی بانگەوازی ئیسلام لەسەر بێ باوەڕی خۆیان بەجیز بوون و ڕاستییان نەسەلماند ، بۆیە خوای گەورە ڕوو ئەکاتە پێغەمبەر و هاوەلانی ئەفەرموێ :

أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾

﴿ افَتَطمَعُون ان يؤمنوا لَكم ﴾ ئایا دوایی ئێوە بەتەمای ئەوەن کەجولەکەکان باوەڕ بهێنن لەبر ئێوە وەلامتان بدەنەوە ، ئەو جولەکانە کەمێکیان نەبێ بێ نرخن وتەمێ خوار نابن و مل بۆ ڕاستی دانانەوێنن ، تەماو هیوا بۆ باوەڕ هێنانیان نیە ، باوەڕ هێنان هەرچەندە بۆ خوابێ ، بەلام بۆ ئەوەی بزانرێ بەبەڵگەوە موسوڵمانان جولەکەکانیان بانگ کرد بۆ باوەڕ هێنان ...ئەو ڕوکردنەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەر بێ بەتەنها یابۆ پێغەمبەروو هاوەڵەکانی بێ ، داوا لێ کراوان جولەکەکانی سەردەمی پیچغەمبەر بن ، یامالومەکان ، یان ئەوانەی سەردەمی موسابن هیچ شتێ لەبانگەوازو مەبەستەکە ناگۆڕێ . فەرماندان

بەپێغەمبەروو هەموو موسوڵمانان داوالێکراوانیش ، جولەکەی هەر سەردەمێ بن نەوەکانیان پاشماوەی پێشووەکانیانن لەگۆڕینی تەوراتدا .

﴿ وَقَد كانَ فَريقٌ مِنهم يَسمَعونَ كَلامَ اللهِ ﴾ وەبەڕاستی تاقمێ لەپێشەواکانی جولەکەکانی سەردەمی موسا ، یاسەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمودەی خوایان بیست و خوێندنیانەوە وەك تەورات بێ بەئەوپەڕی بەڵگەو کاری بەکەس نەکراو جگە لەوانیش .

﴿ ثُمَّ يُحَرِفُونَهُ مِن بَعدِ ما عَقلُوه ﴾ لەپاشا فەرمودەکەی خوایان گۆڕی لەدوای ئەوەی تێگەیشتن وفێر بوون گۆڕیان بەجۆرێ خۆیان بیان وویستایە وەك باسی پیچغەمبەریان گۆڕی .

﴿ وَهم يَعلَمون ﴾ ئەوان ئەیان زانی بەو گۆڕانە سزا و گوناهیان توش ئەبێ درۆو بوختان ئەکەن کەواتە لەجێگەیە ئەوانەی سەردەمی موسا فەرمودەی خوا یان گۆڕی بێ ئەمانەی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ چۆنی ناکۆڕن .

ئەو ئایەتە هەرچەندە دەربارەی هەرەشەی گۆڕینی فەرمودەی خوایە لەلایەن جولەکەکانەوە هاتۆتە خوارەوە بەلام هەموو کەسێ ئەگرێتەوە لەهەموو کات و جێگەیە ، ئەوانیش ئەگرێتەوە بەگۆڕینی یاسای ئیسلام لەوە لامدانەوەی پرسیاری ئاینی دا ، ئەوانەی ببنە هوی بلاو بونەوەی گومرایی ، خراپەکەی هەر بۆ خویان نابێ بەڵکو سەر ئەکێشێ بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژمان ئەبنە هۆی هەڵگری گوناهی ئەو کەسانەی دوا ڕۆژ ، نەوە لەدوای نەوە .

وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا
وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ قَالُوٓا۟ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ
ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ عِندَ رَبِّكُمْ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٧٦﴾
أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٧﴾

هەندێ لەجولەکەکان دوروپی و درۆیان ئەکرد لەگەڵ موسوڵمانان بۆیە خوا ئەفەرموێ ﴿ وَاذا لَقُوا الّذينَ امَنوا ﴾ وەهەر کاتیچ جولەکەکان بگەینایە بە و کەسانەی بڕوایان بەخوا و بەپێغەمبەر هێناوبو ، ئەو ئایەتە هاتۆتە خوارەوە دەربارەی ئەو جولەکانە دوڕوی‌و درۆیان ئەکرد بۆ ڕون کردنەوەی دوو ڕویی و درۆکانیان .

﴿قالو آمنا﴾ ئەیان ووت ئێمە بڕوامان بەو شتانە هێناوە ئێوە باوەڕتان پێهێناون،وە شایەتی ئەدەین موحەمەد ڕاست دەکات لە فەرموودەکانیا ئێمە شێوازو ڕەنگی ئەومان دیوە لە تەوراتدا کەئەو کەسەیە موژدەی پێدراوە ، ئێوەیش هەمووتان ڕاست ئەکەن .

﴿وإذا خَلا بَعضُهُم إلى بَعْضٍ﴾ وە هەرکاتێ بەنهێنی هەندێ لەو جوولەکە دووڕوانە بڕۆشتنایەوە بۆلای هەندێ تریان جگە لە خۆیان کەسی تریان لانەبوایە جولەکەکان ئەکەوتنە گفتوگۆ کردن لەگەڵ موسوڵماناندا ، هەندێکیان بێدەنگ ئەبوون هەندێکی تریان ئەیان ووت ئێمە وەك ئێوە باوەڕمان هێناوە دوای ئەو دوو کۆمەڵەی جوولەکەکان ئەکەوتنە گلەیی‌و بناشت لەنێو یەکتریدا بەم جۆرەیان ئەوت :

﴿قالوا أتُحَدِثونَهُم بما فتح الله عليكم﴾ ئەوانەی بێدەنگ بوون ئەیانووت بەوکەسانەی تریان بەسەر زەنشتەوە ئایا بۆ ئێوە گفتو گۆ ئەکەن لەگەڵ مووسوڵماناندا و بۆیان

ئەگێڕنەوە شتێ خوا بۆئێوەی ڕوون کردۆتەوە و فەرمانی پێدراوە بەسەرتانا لە تەوراتدا لە ڕەنگ و شێوازو ناوی موحەمەد ،جارێ تر کاری بەو جۆرە مەکەن ، بۆیان ئەگێڕنەوە ئەوسزادانەی خوا دای بەسەرتانا کەخوا ئێوەی کردوە بە مەیمون و بەبەراز ،هەتا مووسولمانان بلێن :ئێمە لە ئێوە بەرێزترین وە ئەو سزایانە بکەن بەبەلگە لەسەرمان .

﴿لیحاجوکم به عند ربکم﴾ هەتا موسولمانان بیکەن بەبەلگە بۆ خۆیان و بۆرتان بدەن بەو شتەی ئێوە پێتان ووتون لەخزمەت پەروەردەکەری خۆتان ،ئێوەی پێ بکەن بە پەندو نەتوانن وەلامیان بدەنەوە ،دوژمنایەتیان بکەن بەو شتانە ئێوە دەیلێن لەلای خواو لە پاشە ڕۆژدا پێتان بلێن (باوەڕتان نەئەهێنا وە کەچی ئەتانزانی ئاینی ئیسلام راستە .

﴿ أفلا تعقلون ﴾ ئایا ئێوە دوای بۆ ورد نەبوونەوە لەو هەلەیەی کردتان و سەرئەکێشێ بۆ بلاوبوونەوەی نهێنیەکان ،ئەبێ بەبەلگە بەسەرتانەوە چونکە گالتەتان بەئاینی ئیسلام و پەیرەویتان نەئەکرد .

﴿ أولا یَعلَمُونَ أنّ اللهَ یَعْلَمُ مایُسِرُّونَ وما یُعْلِنُونَ﴾ ئایا ئەو جولەکانە نازانن بەڕاستی خوا ئەزانێ بەشتێ ئەوان بیشارنەوە بەشتێ ئەوان ئاشکرای بکەن لە کردارو گوفتار و گومڕاییان ،ئەزانێ بەوەی مالومەکان فێرتان ئەکەن خوای گەورە هیچ شتێکی لێ ون نابێت فێلێ و فڕەکانیان بەهەرجۆرێ بشارنەوە خوای گەورە پێغەمبەری خۆی ئاگادار ئەکات فێلی ئەوانیش ئەبێت بەتۆزو با ئەبیات جوولەکەکان دوو تاقم بوون تاقمێکیان نەخوێنەوارو نەزان هیچ شتێکیان لەو نامەیە بۆیان هاتبوو نەیان ئەزانی ،جگە لەهیواو ئاواتی پروپووچ ئاگاداری هیچ نەبوون وایان بیستبوو لەمالوومەکانیانەوە جولەکە نەبێ کەسی تر ناچێتە بەهەشت،گەلی هەلبژاردەی خوان چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت ناچنە دۆزەخ،هەرگوناهێك بکەن خوا لێیان خۆش ئەبێ.

تاقمێ تریان زۆرزان و خۆپەرست و دەست بڕبوون ،نەخوێنەواری و نەزانی ئەوتاقمەی یەکەمیان بەهەل ئەزانی ،درۆیان بەناوی تەوراتەوە بۆ ئەکردن ،دەست نووسی خۆیانیان

بەناوی تەوراتەوە بلاّو ئەکردەوە ،فەرموودەی خوایان ئەگۆری ئەوەی بیان ویستایە ئـەیان کرد ، ئەوەی نەیان ویستایە پەنهانیان ئەدا، ئەو شـتانەیان ئـەکرد هـەموویان بـۆ سـوودی خۆیان ،وەك خوا ئەفەرموێ :

وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَٰبَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ﴿٧٩﴾

﴿ ومنـهم امیـون لا یعلمـون الكتـاب ﴾ وە هـەندێك هـەبوون لـــە جوولەكــەكان نەخوێندەواربوون و تەوراتیان نەئەزانی و نەیان خوێندبوەوە ،هەتا پێغەمبـەر (ﷺ) بناسـن و باوەڕی پێ بهێنن،ئەوشتەی نەیان بیستایە لەمالومەكانەوە نەیان ئەزانی .

﴿إلا أماني ﴾ مەگەر ئەوەی ئەوان ئەیانزانی ئەودرۆیانە بو بەبێ بەڵگەوە وەریان گرتبـو لە مالومە فێلّ بازەكانیانەوە كەتەوراتیان گۆڕیبوو ئەو درۆیانە وەك ئەمانە : بڕوایان وابــوو هەر جوولەكە ئەچێتە بەهەشت ،چەند ڕۆژێكی كەم نەبێ ناچنە نێـو ئـاگری دۆزەخ ،هـەر گوناهێك بكـەن خـوا سـزایان نـادات ،بـاوك و باپـیرە پێغەمبـەراكانیان لای خـوا بۆیـان ئەپارێنەوە جگە لەتەورات نابێ بڕوایان بە هیچ نامەیە تر هەبێ ،ڕانومایی لــە پـەیڕەوكردنی ئەواندایەو بەس ،ئـەوان كـوڕی خـوان و خۆشەویسـتی خـوان ، عوزەیـر كـوڕی خوایـە

،هەرشتێ بکەن بەهەرکەسێ جگە لە جوولەکە ڕەوایەو درووستە لایان ،چەندین شتی تری ناڕوا.

﴿وإن هم إلاّ يظنون﴾ وە بۆ ئەو جوولەکانە لە درۆو دەلەسەیاندا بۆیان نییە مەگەر گوومان ئەبەن بەو پڕو پوچانە بەبێ بەڵگە ،کۆمەڵێکن ئەوپەری کۆششیان گومان و چاولێکردنی مالومەکانیانە ،بەبێ ئەوەی هیچ شتێ تر بزانن و لە هیچ شتێ بگەن .

﴿فويل للذين يكتبون الكتاب بأيديهم ﴾ دووایی ڕیسوای و خەفەت بۆ کەسانێکی ئەوتۆیە نامە ئەنووسن بەدەستی خۆیان وئەڵێن :ئەوە تەوراتە بۆ ئەوەی بەرتیل وەرگرن.

﴿ ثمّ يقولون هذا من عند اللهّ﴾ لەپاشان ئەڵێن ئەوەی ئێمە نوسیومانە لەلایەن خواوە بۆمان هاتووە بۆ ئەوەی جولەکە نەزانەکانی پێڕاکێشن .ئەگێڕنەوە کاتێك پێغەمبەر ﴿ ﷺ﴾ هاتە مەدینە مالومەکان و سەرۆکەکانی جولەکە لەپلە و کاری خۆیان ئەترسان ،دەستیان دایە ڕەخساندی فێڵ بۆ بەرگری کردن لە جوولەکە ژێر دەستەکانیان ، هەتا بڕوا بە پێغەمبەر نەهێنن بۆیە ڕەنگ و شێوازی پێغەمبەریان کەلە تەورات دا نوسرابوو گۆڕیان ،لەجیاتی ئەوە بڵێن : محمد ﴿ﷺ﴾ جوان و دەم وچاو جوان و چاو ڕەش و میانە بالآیە ،نوسیان بالآدرێژو چاوشین و مو ڕاکشاوە .

﴿ ليشتروا به ثمناً قليلاً﴾ بۆ ئەوەی وەربگرن بەو گۆڕینەی تەورات نرخێکی کەم لەنەخوێنەوارو ژێردەستەکانیان ،وەك پێکهێنانی سامان و بەردەوامی دەستەڵاتیان بەسەر جوولەکەکان دا، بەرتیل وەرگرتنی سەرۆك و مالومەکانیان بەهۆی ئەوشتەی بەدەستی خۆیان نووسیان و تەوراتیان پێ گۆڕی ئەو بەرتیلانە با بەرچاوی زۆربن بەلام قەدەغەو بێ پیتن ،تۆڵەو سزایان زۆرترە .

﴿ فويلّ لهم مما كتبت أيديهم ﴾ دوایی ڕیسوای و خەفەت بۆ ئەو مالومانەیە لەبەر شتێ نوسیویانەتەوە بەدەستی خۆیان و تەوراتیان پێ گۆڕی .

﴿وویلٌ لهم مما یکسبون﴾ وە ریسوای و خەفەت لە پاشەڕۆژو ئێستادا بۆ ئەو مالومانەیەچونکە سامانی زۆر بەفڕو فێلّ و بەرتیل پەیدا ئەکەن و کۆ ئەکەنەوە بەگوناە کردنیان و کرێ وەرگرتنیان لەسەر فێرکردنیان بیروباوەڕی پوچ بەجوولەکەکان .

خوای گەورە (٣)جار ووشەی (ویل)ی دووپات کردوەتەوە بۆڕوون کردنەوەی (٣)سێ تاوانیان :

یەکەم:–گۆڕینی شێوازو باسی پێغەمبەران (ص).دووەم:–بوختان و درۆ بەناوی فەرموودەی خواوە .سێهەم:–بەرتیل وەرگرتنیان بۆ گۆڕینی تەورات هەتا بزانرێ بوختان بەناوی خواو تەوراتەوە گەورەترین گوناهە ،سەختترین سزایان بۆ دانراوە .

ئەمەیشمان لەبیر بێت ئەوئایەتە هەرچەندە دەربارەی جوولەکەکان هاتۆتە خوارەوە بەلاّم ئەو هەڕەشانە هەموو زانایە دەگرێتەوە وەکە بە ڕوالّەت بەرگی زانایان دەپۆشن ،بۆ ئەوەی بۆی بلوێت دانیشتوانی بێ بڕوتێنێتەوە بەناوی ئاینەوە فڕیشی بە ئاینەوە نیە و بگرە ئەبێ بەکۆسپ لەڕێگەی ئایندا .گرنگترین شتێ پێویست بێ بزانین ئەمەیە ئەو کەسەی مانای قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ بکات نابێ پشت ببەستێ بەگۆترەکاری بۆ ماناکردنیان لەخۆیەوە بەلّکو پێوسیتە لەسەری بەگوێرەی توانا بەر لە هەموو شتێ بزانێ بنچینەو دەستوری ماناکان لەسەر چ شتێ دانراوە وە چاو دێری ئەو دەستورە بکات لە ڕوونکردنەوەی ویستی خواو پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ بۆ خۆ پەرستن لەدرۆو دەلەسە نەوەك توشی خەشمیان بێ بەبێ هۆی پێویست .کەواتە ئەوکەسەی بیەوێت مانای قورئان بکات پێویستە خوێنەوارو نووسەر بێت ،مانای یەکە یەکەی ووشەکانی قورئان بزانێت زانستی هەبێت بە سەرف و نەحو مەعان و بەیان و فیقە و بنچینەکانیان ،بەپێی پێویست زانستی ژمێرەو گەردوون ناسی و ڕووەك و پزیشکی بزانێت ، هۆی هاتنە خوارەوەی هەموو ئایەتێ بزانێ.

بەوبۆنەوە ئەمەیش بزانین :مرۆڤ پلـەی زانیاریەکـەی هەرچـەندە بـەرز بێـت پێویسـتە لەسەری یەك سەر مانای ئایەتێکی کرد نەڵێ ئەوە ویستی خوایــە و لــە (لـوح المحفـوظ)دا نوسراوە .کەواتە هەرفتوایەکی دەرکرد بەڕەوا بێت یان بــە قەدەغـەبێت بـۆ هەرشـتێ یـان فەرمانێکی لەدادگادا دەرکرد لەسەر داوایەك .یان مانای ئایەتێکی کــرد پێویسـتە وادانــێ ئەوانە هەموویان کۆشش و بیرکردنەوەیەکی ڕوتن شایانی ڕاسق و چـەوتین ،بەپێچەوانـەوە ئەگەر بەلایەوە وابێت ئەوی وتویەتی فــەرموودەی خـواو پێغەمبـەرن ،بەڵگـەی بێگومـانی بەدەستەوە نەبێ وێنەی ئەوەیش بەوێنەی ئەوەیە بوختان و درۆی داوەتە پاڵ خـوای گـەورە ،ئیتر بازانا ترین کەسبێت لەو سەر دەمەدا ، یانێ زانا ئەبێت بەڵگەی ڕاســت و بێگومـانی هەبێ لەکاتی فتواو فەرمان دەرکردنیا ،ئەوکاتــە ئـەتوانێ بلـێ :لەوانەیــە راسـتبن ،ئـەگینا بەکۆشش و بەرهەمی خۆی دانێ هەمووشتێ هەواڵەی زانیـاری خـوای بکـات، جگـە لــە پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ هەموو کەس جێگەی هەڵەیە.

وَقَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً ۚ قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ ۖ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٠﴾ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨٢﴾

﴿ قالوا لن تمسنا النار الا ایاماً معدودة﴾ وە جولەکەکان ئەیان ووت : ئیمە هەست بە ئاگرناکەین توشی ئیمە نابیٚ مەگەر چەند رۆژێکی هەڵبژێراو د یاری کراو. جولەکەکان گومانیان وایە کوڕی خوان : هەڵبژێرادەو پوختەی ئادەمیزادین لای خوا ،هەموو ئادەمیزاد بێجگە لەخۆیان کوڕی شەیتانن گەلی وازلیٚ هێنراوی خوان،هەتاهەتایە لەنێو ئاگردان خوا بەرِەقی لەگەڵ جولەکەدا کارناکاو ناجولێتەوە .بەڵکو سزایەکی کەمیان دەدات بۆماوەیەکی کەم و کورت ،لەدوایدا لێیان ئەبوریٚ واتە خوا وەك باوك ئەیان لاوێنێتەوە ،خوای گەورە ژمارەی ڕۆژەکانی ڕوون نەکردۆتەوە ئێمەش پێویستە بێدەنگ بین .بەڵام کاتیٚ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ چوتە مەدینە موسوڵمانان ئەوەیان لەجولەکەکانەوە دەبیست ،ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە بۆ ئابڕوبردنیان ،بەهۆی ئەو بوختانەوە ئەیکەن بەناوی خواوە ، جوولەکەکان بەدرۆی خۆیان ئەڵێن تەمەنی جیهان ئەبیٚ حەوت هەزار ساڵ بێت حەوت ڕۆژ ئێمە ئەخرێینە ئاگر هەزار ساڵ بەرۆژێ ، یان چل ڕۆژ بەئەندازەی ڕۆژانی پەرستنی گوێرەکەکە ، ئەوانە هەموویان جێگەی باوەڕنین بەلای مرۆڤی ژیرەوە ، چوونکە تەمەنی جیعان زۆر زۆر ترە لەو ماوەیە .

﴿ قل أتخذتم عند الله عهداً﴾ محمد تۆ بڵیٚ بەو جوولەکانەبۆ ئەوەی سەر شۆڕیان بکەی و هەڕەشەیان لیٚ بکەیئایا ئێوە پەیمانێی تەواوتان وەرگرتووە لەخزمەت خواو بەپەیمانی ڕاست کەئێوە ناچنە نێو ئاگرمەگەر چەند ڕۆژێکی کەم نەبیٚ.

﴿فلن يخلف الله عَهْدهُ ﴾دوای خوا ناگۆڕیٚ پەیمانی خۆی بەڕاستی ئەو گومانەتان ئەوپەڕی بێشەرمیە لەچ لایەکەوە ئەو پەیمان و بەڵێنەتان وەرگرتووە.

﴿أم تقولون علی الله مالا تعلمون ﴾ یا ئێوە دەیڵێن ئەو شتەی ئێوە نایزانن،کەئێوە دەڵێن چەند ڕۆژێکی کەم نەبیٚ ناچینە نێو ئاگری دۆزەخ ،ئەوانە گومان و گۆترە بازین ،ئەوە وائەگەیەنێت ئێوە گاڵتە بکەن بەگوناە کردن و لاتان سووك بیٚ ، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەفەرمویٚ بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار گوناهی خۆی وا ئەبینیٚ بەردێکەو ئەترسیٚ بکەویٚ

بەسەریا بەڕاستی بیّ باوەڕان گونـاهی خۆیـان وا ئـەبینن مێشـێکەو ئـەڕوا بەسـەر لوتیانـا فەرموودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ یەکسەر ئەو جولەکانەیش ئەگرێتەوە وە ئەڵێن کـوڕی خوایـن ئەوکەسەی بڕوای بـەخۆی ببـیّ و هەسـت بەگوناهـەکانی خـۆی نـەکات ئامۆژگـاری وەرنەگرێت چاوەڕوانی ڕانوومایی نەبێت هەستی چاکەی لیّ ناکرێت مرۆڤی ژێـر تەماشـای خۆی ناکات بەلەخۆ بای بوون بەگومانی پڕوپووچ بەڵکو هـەموو کـاتیّ بـیر لـەگوناهو خراپەیّ خۆی دەکاتەوە سەرزەنشتی خۆی ئەکا بیر لـەوە ئەکاتـەوە ئەوخراپانـەی لەسـەر پەتی چۆن ڕزگاری ببێت لەدەستیان ،بۆیە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەڵیّ ئەو کەسەی بزانیّ خراپەی کردووە وەك چاکەی کردبیّوایە .

﴿بلی من کسب سیئته﴾ بەڵیّ ئەوەی ئێوە ئەیلێن چەند ڕۆژ لە نێو ئاگردا ئەبین ڕاست نیە،هەرکەسیّ خراپەی کردبیّ ،بـەبوختان دانـان و هاوبـەش دانـان بـۆ خـوا و پەشـیمان نەبێتەوە کردەوەی وەك کردەوەی ئێوەبێت.

﴿وأحـاطت بـه خطیئتـه﴾ وەدەوری داوە لەهـەر چـوار لاوە تـاوان و گوناهەکـەی ،بەجۆریّ ڕێگەی ڕزگار بوونی لیّ گیرابێت بە گوناه کردن ، هەروەها گونـاه کۆبکاتـەوە لەسەر خۆی ،دڵی هەموو کاتیّ بەرەو گوناه ڕای ئەکێشیّ،هـەر بـەگوناه دڵ خـۆش بێـت باوەڕ بەئاینی ئیسلام نەهێنیّ .

﴿ فأولئك أصحاب النار هم فیها خالدُون﴾ئەو کەسە خراپە کەرانـە پەشـیمان نەبنـەوە ،دانیشتووی ئاگری دۆزەخن و هاو ڕێگەی ئاگرن ،ئەو کەسانە لەنێو ئاگردا بەردەوامن و دەرچونیان بۆنیە ،ئەبیّ جوولەکەکان لـەچ لایەکـەوە بۆیـان هـاتووە چـەند ڕۆژیّ لـەنێو ئاگری دۆزەخدان ، ئەو ئایەتە هەرچەندە دەربارەی جوولەکەکان هاتۆتـە خـوارەوە بـەلام هەموو کەسیّ ئەگرێتەوە کەوێنەی ئەوان بێت ،بەئاواتی پڕوپـوچ ڕۆژ بباتـە سـەر بڕوایـان بەخواو بەپێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾و بەناوەرۆکی هەمووقورئان نـەبیّ و بلێـن :ئێمـە نـەوەی پێغەمبەرین یان پیاو چاکین .بەلام ئەوکەسـانە گونـاهی زۆر گـەورەیان کردبـیّ و بمـرن و

پەشیمان نەبنەوە بەلای هەندێ لەزانایانەوە هەتاهەتایەلەدۆزەخدان . وەئـەو بیرەی ئـەوان لای ئێمە جێگەی باوەڕمان نی‌یە .

ئەوەی جێگەی باوەڕی زۆرترین لەهاوڕێکانی پێغەمبـەر و دواکـەوتوی پـاش ئـەوان و سـەرجەمی سـوێنەکان و دوازە ئیمامیـەکان خـاوەنی گونـاهی گــەورەو زۆر بەمــەرجێ بەباوەڕەوە مردبێ لەدۆزەخدا بەبەردەوامی نامێنێتەوە جێگـەی بـەزەیی ومیـهرەبانی خوایـە ئارەزۆ بفەرموێ لێی ئەبورێ ئارەزوی هەبێ ئەیخاتە نێو ئاگر سزای خۆی وەرئەگرێ ئـەی هێنێتە دەرەوە لەدۆزەخ و ئەیـخاتە بەهەشت ، ئێمە ناتوانین ئەو کەسەی خوا لێی ئـەبورێ و ئەو کەسەی سزای ئەدا ماوەی سزاکەی بۆ دیاری بکەین ، هەواڵەی زانیاری خوایە .

﴿ وَالذینَ آمَنوا ﴾ وەکەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان هێناوە بەخواو بەپێغەمبەر و بـەقورئانی پیرۆز بەهەموو دڵیانەوە بەنیازی پاکەوە بەزمان شایەتمانیان هێنابێ وەباوەڕیان هێنـابێ بـەو شتانە ئێوەی جولەکە بڕواتان پێ ی نەهێناوە وەك موسوڵمانان .

﴿ وَعَمِلوا الصالِحات ﴾ وەکردەوە چاکەکانیان کردبـێ وەك نوێـژو ڕۆژو زەکـات و حەج وەکۆشش بۆڕێگەی ئاین وازیان لەهـەموو گونـاهێ هێنـابێ وەك کوشـتنی نـاڕەواو دزی و ئارەق خواردن و سوو وەرگرتن و بوختان و داوێن پیسی ، هەتا دێ .

﴿ اولئك اَصحابُ الجَنَة هُم فیها خالِدون﴾ ئەو کەسانە دانیشتوی بەهەشتن وەدەرنـاچن لەناو بەهەشت و نامرن ، ئەو گومانەی جولەکەکان ئەی‌بەن کەجولەکەکان کوڕی خوان و گەلی هەڵبژێر دراوی خوان ، لەو سەرچاوەیەوە هەڵئەقوڵێ ئـاین و ڕەوشـت بەلایانـەوە کارێکی بازرگانی و جیهانی و سودی تایبەتی یە ، جگە لەوانە بەلایانەوە قوریات و تـۆزی بابردون ئەوەیش وەنەبێ هەر جولەکەکان وابـن بەتەنـها بـەڵکو زوربـەی ئـادەمیزاد وەك ئەوان وان بەلاّم جولەکەکان پتر لەهەموو کەسێ کینەو ڕقی تایبەتیان بـۆ ئـادەمیزاد هەیـە بەمەرجێ لەخۆیان نەبن ئاواتی هەرە گرنگیان ئەوەیە هەموو دانیشتوانی زەوی لـەناو ببـەن جگە لەخۆیان .

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾

دەست پێکردنە لەژمارەی هەندێ تر لەکارە نالەبارەکانی جولەکە پێشووەکان ، هەتا بزانین نەوەکانیشیان هەروەك ئەوان وان ، بگرە خراپ ترن بێ‌گومان مار هەرماری لێ ئەبێ لەمەو بەر باسی ئەو پەیمانە کرا لەئایەتی (٦٣) شەست و سێدا .

﴿ وَإِذ اَخَذنا میثاقَ بَنيِ اِسرائیلَ ﴾ موحەممەدو باوەڕ داران بیری ئەوکاتە بکەنـەوە ئێمـە وەرمان گرت پەیمانی کوڕانی ئیسرائیل ، هەندێ لەزانایان ئەڵێن خوای گەورە بـەو ئایەتـە ڕو ئەکاتە جولەکەکانی کاتی پێغەمبەر و ئەفەرموێ . ئێوە بیری ئەو پەیمانــە بکەنـەوە ئێمـە وەرمان گرت لە باوك وباپیرەکانتان لەژێر کێوی توردا بەسەر تانـەوە ڕامـان وەستانبوو ، هەرچۆنێ بێ مەبەستە ناگۆڕێ ،

﴿ لاتَعبُدُونَ الاّ الله ﴾ ئیچوە مەپەرستن هیچ شتێ مەگەر خوا ، پەرستن هـەر بـۆ خـوا بکەن بەتەنها هەر خوایە شایانی پەرستن بێ .

﴿وَبالوالدَینِ احساناً ﴾ وەچاکە لەگەڵ باوك و دایکتان بکەن لەهەڵسـان و دانیشـتن و ژیان بردنە سەر لەگەڵیاندا ، وەڕێزیان لێ بگرن و ملیـان بـۆ کـەچ بکـەن خراپـە کـردن لەگەڵیانا لەگوناهە گەورەکانە .

﴿ وَذی القُربی ﴾ وەچاکە بکەن لەگەڵ خزمانی نزیك تان ئامۆشۆیان بکەن ، بەچاکی ڕەفتار بکەن لەگەڵیانا .

﴿ وَالیَتامی﴾ وەچاکە لەگەڵ هەتیوانی بێ دایك وباوك بکەن نزیکی خۆیان و دارایی‌یان مەکەون بەچاکە نەبێ ئیتر ئەو هەتیوانە نێر بن یامێ ، میهرەبان و خۆش کردەوەو خۆش وویژ بن لەگەڵیانا ، ئەوپەڕی چاکەیان لەگەڵ بکەن .

﴿ وَالمَساکِینِ ﴾ وەچاکە لەگەڵ هەژاران بکەن یانێ ئەو کەسانەی بێ نەواو پەك کەوتەن ، مافی ڕەوای خۆیانیان بدەنێ وەدەست گیرۆیی یان بکەن ، پلەی هەژاران دوای پلەی هەتیوانە لەدەست گرتنیان ، هەژار لەوانە یە جوجۆڵێ بۆخۆی بکا ، بەلام هەتیو هیچ شتێکی بۆ ناکرێ .

﴿ وَقُلُوا لِلناسِ حُسنا ﴾ وەئێوە گفتو گۆ بکەن و بلێن بە ئادەمیزاد چاکە کردن و گفتو گۆی شیرین و نەرم ، بەفیز و ڕق وڕوی گرژەوە وەمەدوێن لەگەڵ هەموو کەسێ ، ئەو ڕستە بەرزە ئەوەمان ڕا غوبی ئەکا هەرکاتێ لەهەر مرۆڤێکەوە کارێ یاگوفتارێ لەوانەوە ڕوی دا ، پێویستە لەسەرمان گومانی خراپەیان بۆ نەبەین ، بەپاکیان دانێین بۆ وێنە پیاوێکمان لەگەڵ ژنێ چاو پێکەوت نەمان زانی ژنێتی یان بێگانەیە یاگوێمان لەگوفتاری مرۆڤێ بوو نەمان زانی چاکە ئەڵێ یان خراپە ئێمە ئەبێ وادانێین ئەوانە لەخراپەوە دورن ... ناوەڕۆکی ئەو ڕستەیە بەسەرچاوەیەکی مرۆڤایەتی ڕۆون دائەنرێ کەڕێزی مرۆڤی تێدا بپارێزرێ کەو اتە ئاینی ئیسلام تەنها پەرستن باوەڕی ڕووت نی‌یە بەڵکو ئەوپەڕی گرنگی ئەدا بەسەرچاوەی مرۆڤایەتی نەخشەیەکی بەرهەمدارمان بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەکێشێ ... بەداخەوە ئەو کەسانەی ئاینیان بە شەیتان فرۆشتوە ئەو بیرو باوەڕە ئەکەن بەدەست کەلای دەستیان و لەو مەبەستە خاوێنە لا ئەدەن بەزۆرترین ناوی دەست کردوو تەڵەکەو فڕو فێڵ لەخەڵکی ئەکەن هەر یەکەیان بەناوێکەوە پولو پارەی پێ وەرئەگرن ، کۆشك و تەلاری

پێ دروست ئەکەن وەك پاپاکان بەهەشتیان پێ ئەفرۆشن چاکەکردن لەگەڵ ئادەمیزاد لەکوێ ؟

فێڵ وتاڵان و دزی ودەست برین بەشێوازو بەرگی ئاینەوە قومارو سودو قازانجی زۆری نارەوا ، ترساندنی هاونیشتمانانو ئازار دانی دراوسێو واز هێنان لەخزم داوێن پیسی وئاژاوە رەخسان و لا قرتی کردن بەمافی مرۆڤایەتی ، لە خۆبایی بوون وفیزی ووشك و دڵی رەق و مشت نوقان لەئاستی هەژاران لەکوێ ؟ ئەو رستە پیرۆزە ئەوکەسانە بەدرۆ ئەخاتەوە داوای مافی مرۆڤ ئەکەن .

﴿ وَاَقِیمُوا الصّلاة ﴾ وەئێوە راوەستێنن نوێژەکانتان بەو جۆرەی یاسا دیاری کردووە موسا فەرمانی پێدابون بەکورنوشی تەواوەوە بەترس و لەرزەو بەدڵی هوشیارەوە نوێژ بۆ خوا بکەن .

﴿ وَاتوا الزّکاة ﴾ وەئێوە زەکات بدەن بەهەژاران بەو جۆرەی لەتەوراتدا فەرمان تان پێ دراوە ، زانایان ئەڵێن : داراییەکانیان دا ئەنا ئەگەر ئاگر بهاتایەو بیدایە بەسەریانا مانای وابوو ئەو زەکاتە خوا وەری گرتووە ئەگەر نەهاتایە مانای خواوەری نەگرتن بو بەپێچەوانەی دەستوری ئیسلام مانای وەرگرتنی زەکات مانای وایە بدرێ بەهەژاران .

﴿ ثُمَّ تَوَلَّیتم الاّ قَلیلاً مِنکُم﴾ لەدوایدا ئێوە پشتان کردە ئەو پەیمانە بەو جۆرەی فەرمانتان پێ درابوو نەتان کرد ، وازتان لێ هێنا مەگەر کەمێکتان نەبێ لەپێشەوەکانی کاتی موساو کەمێ ترتان لەسەردەمی پێغەمبەردا وەك عەبدوڵای کوری سەلام کەبەو پەیمانە هەڵسان .

﴿ وَانتم مُعرضُون ﴾ وئێوە تاقمێکن واز ئەهێنن لەهەموو پەیمانێ ، نەخواتان پەرستووە نەچاکەتان کرد لەگەڵ باوك ودایك و خزمان و هەتیوان هەژاران و نوێژ تان نەکردوو زەکاتەکانتان نەدا بەهەژاران ، لەجێگەی ئەو کەسانەی سەردەمی موسادا وابن ئەمانەی ئێستا نەوەی ئەوان چاوەرێی چاکەیان لێ ناکرێ باوەر ناهێنن و بیر لەپەیمان ناکەنەوە .

باسی جولەکەکان و گیرو گرفتیان کۆتایی نەهاتووە ئەوەی لەمەو دوا باسی لێوە ئەکرێ لەقورئانی پیرۆزدا زۆرترە لەوەی لەمەوبەر باسی کراوە ، ئەوەی بەکورتی وبەپوختەیی لەئایەتە بەرزەکانی قورئانەوە بۆمان دەرکەوێ چوستی خۆیان دوپات ئەکردەوە بۆ بلاو کردنەوەی ئاشوب و گێرە شێوێنی ، هەرکاتێ داوایان لێ بکرایە بۆ ڕانوومایی بون و ڕێك و پێکی ، ئەوان پتر درێژەیان ئەدا بە یاخی بوون و خراپە کردن ، وەکو سروشتیان دروست کرابێ لەگوناە ، تەورات فەرمانی پێ ئەدان بە خوا پەرستن ئەوان گوێرەکەیان ئەپەرست ، موسا ئەیفەرموو ئەو تەوراتە لای خواوە هاتووە ئەوان ئەیان ووت خوامان پیشان دە ، موسا ئەیفەرموو بیر لەچاکەکانی خوا بکەنەوە و داوای لێ بوردنی لێ بکەن ئەوان گالتەو لاقرتیان پێ ئەکرد .

ئەو شتانە کردەوە یانبێ لەگەڵ موسای پێغەمبەریان ، کوڕانی ئیسرائیل ئەبێ لەگەڵ جگەی موسا چۆن بن ؟

فیرعەون وبەختەنەسر و ڕۆمانیەکان زۆریان لێ کوشاتن ، پاشا (ئەدوارد) ی ئینگلیزی دەری کردن لەبەریتانیا ، هیتلەر زۆری لێ کوشتن بەر لەوانیش قەیسەری ڕوسیا نزیکەی (١٠) دە هەزار کە سی کوشتن ، لەجیاتی ئەوەی ئەوانەیان لەبیر نەچێ و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە بەیاریدەی ئەو دوژمنانەی خۆیان پەلاماری مسوڵمانانی فەلەستینیان دا بەبێ تاوان ، بە(١٠) یان قەسابخانەیان بۆ دانان .

لەجێگەی خۆیانیان دەرکردن تەفرو تونایان کردن بۆ دەرەوەی نیشتمانیان وەك ئەو موسوڵمانانە بەختەنەسر بن تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە یاهیتلەرو ئەدواردین بەوەیشەوەنەوەستاون دووبارە پەلاماری لوبنایان دایەوە قەسابخانەی تریان لە (لەسەبرەو لەشەتیلەدانایەوە بۆ دەرکراوەکانی فەلەستین بەهەزاران بێ تاوانیان کوشت).

بەهەرچۆنێ ئەو پەیمانە خوا لێ یەوەرگرتن پێویستە یەکتری نەکوژن و خۆیان لەهەرێمی خۆیان دەرنەکەن هەموو پەیمانەکان لەتەوراتدا نوسراون بۆیە ناتوانن بلێن :

وانـی یە کـەچی جولەکـەکان بەپێچەوانـەی فـەرمانی تـەورات دەستیان دایـە کوشـتن وەدەرکردنی یەکتری ، خوا ئەفەرموێ :

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ
أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾
ثُمَّ أَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا
مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمْ تَظَٰهَرُونَ عَلَيْهِم بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ
وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ
إِخْرَاجُهُمْ ۚ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ
بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْيٌ
فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ
وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟
ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ ۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ
يُنصَرُونَ ﴿٨٦﴾

﴿ وَإِذ اخَذنا مِثاقَكُم لاتَسفِكونَ دِمائكم ﴾ وەئێوە بیری ئەو کاتە بکەنەوە ئێمە وەرمان گرت پەیمانی ئێوە خوێنی خۆتان ئەی ڕێژن و خۆتان نەکوژن ، خـوای گـەورە بـەو ئایەتـە لـەگەڵ جولەمکەکانی سەردەمی موسایەتی کەباوك باپیری ئەمانەی سـەردەمی پێغەمبـەرن ، بەکردەوەی پێشوەکانیان قنیاتن ، یان لـەگـەڵ ئەوانـەی سـەردەمی پێغەمبـەرێتی بەفـەرمانی تەورات هەڵنەساون واتە خزمی خۆتان مەکوژن کوشتنی خزمەکانتان وەك ئەوە وایە خۆتان کوشتبیٚ بێگانە هان مەدەن و پشتیوانیان مەکەن بۆ کوشتنی یەکتری .

﴿ وَلاتُخرِجونَ انفُسَكم مِن دیاركم ﴾ وە ئێوە خۆتان دەرمەکەن لـەنیشـتمانی خۆتـان بەوزۆرو بەناڕەوا یابەتوانج وجنێودان بەیەکتری ناچاریان بکەن جێگەی خۆیان بەجیٚ بهێنن ئێوە لـەیەك نەتەوەن وەیەك ئاینتان هەیە هەرکەسیٚ دەربکەن وەك خۆتـان دەرکردبـیٚ وایـە خۆتان ئەبنە هۆی دەرکردنتان لـەجێگەی هەتاهەتایتان کە بەهەشتە لەپاشەڕۆژدا .

﴿ ثُمَّ اقرَرتُم ﴾ لـەپاشان ئێـوە بڕیـاری ئـەوەتان دابـوو ئـەو پەیمانـەتان لیٚ وەرگـیراوە بەزمانی خۆتان کەیەك نەکوژن نەوە لەدوای نەوەتان .

﴿ وَانتُم تَشهَدُون ﴾ وە ئێوە شایەتی ئەدەن لـەسەر خۆتان کەئەو پەیمانە لەپێشوە کانتان وەرگیراوە پێوەش نـەوەی ئـەوانن وەك ئـەوە وایـە ئێـوە ئاگـاداری ئـەو خوێـن ڕشـتن و دەرکردنـەبن ، کەواتـە هەرچـەندە لـەگـەڵ پێشـووەکانیەتی بـەلاَم ئەوانـــەی ســـەردەمی پێغەمبەریش ئەگرێتەوە .

﴿ ثُمَّ انتُم هؤلاءِ ﴾ لـەپاشا ئێوە ئەو کەسانەن ئەو پەیمانەتان لیٚ وەرگیرا وەبەڵێنتان دابوە وە ئاگاداریش بوون کەچی زۆر دارەکانتان لاوازەکانتان ئەکوژن وە دەریـان ئەکـەن وەك ئێوە ئەوانە بن ئەو پەیمانەتان دابیٚ ، وەك خوا ئەفەرمویٚ :

﴿ تَقتُلُونَ انفُسَكم ﴾ ئێوە خۆتان ئەکوژن یانیٚ هـەندێکتان ئەوانـەی ترتـان ئـەکوژن ، وەك ئەوە وایە خۆتان بکوژن چونکە ئێوە یەك ڕەگەزنو یەك ئاینتان هەیە .

﴿وتخرجون فريقاً منكم من ديارهم﴾ وە ئێوە دەر ئەکەن کۆمەڵێك لە خۆتان لەنیشتمانی خۆیان بەناڕەوا.

﴿ تظاهرون عليهم بالاثم والعدوان﴾ ئێوە یارمەتی بێگانەکان ئەدەن لەسەر زیان گەیاندن بەو تاقمەو لەسەر دەرکردنیان بەگوناه و بەدەست درێژی کردنە سەریان ،لەکوشتن و دەرکردنیان لەئارامگای خۆیان ،ئەو ئایەتە پیرۆزە بۆمانی ڕوون دەکاتەوە پارچە پارچەن و دوژمنی یەکترن هەریەکەیان لەدژی ئەوی تریان پاڵیان داوە بەهۆزێك لەعەرەبەکانەوە .

پوختەی ئەم ڕووداوە بەم جۆرەیە:لەمەدینەدا دووهۆزی عەرەب هەبوون {ئەوس و خەزرەج}هەردوولایان لەبنچینەدا کوڕی یەك باوك بوون واتە ئەوس و خەزرەج برابوون ،ئەو دوو هۆزە پێش ئیسلام دوژمنایەتی کەوتبووە نێوانیان ئەو دوهۆزە بت پەرست بوون بڕوایان بەپاشەڕۆژ و پرسیار و دۆزەخ نەبوو.

لەهەمان کاتا جوولەکەکانیش سێ هۆز بوون :بەنی قورەیزە و بەنی نضیر و بەنی قەینا ع ئەو سێ هۆزانەش دوژمنی یەکتری بوون لەبنچینەدا کوڕی یەك باوك و خاوەنی یەك ئاین بوون ئەو سێ هۆزەی جولەکەکان وهۆزەکانی ئەوس و خەزرەجی عەرەب دانیشتووی مەدینە بوون هۆزی بەنی قەینا ع هاوسوێندی ئەوسی عەرەب بوون .پشتیان ئەگرتن لەدژی هۆزی بەنی قورەیزەو بەنی نظیر ،هەروەك بەنی قورەیزەو بەنی نظیر پشتی هۆزی خەزرەجیان ئەگرت لەدژی بەنی قەینا ع و هۆزی ئەوس .کەواتە هەرهۆزێ لەجولەکەکان یاریدەدەرو پشتیوان و هاوسوێنی یەکێ لەهۆزەکانی عەرەب بوون لەدژی هۆزێکی تری خۆیان .هەرکاتێ جەنگ هەڵگیرسایە جولەکە برای جوولەکەی خۆی ئەکوشت و لەجێگەی خۆی دەری ئەکرد کەچی ئەوەندە گەوج بوون ئەگەر هۆزێکی عەرەب جوولەکەکانیان بەدیل بگرتایە بە پارە لەهۆزە هاوسوێنەکەی خۆیان ئەکڕیەوە بەرەلاّیان ئەکردن کەچی ئەو کەسانە هەر ئەوانە بوون کەلەگەڵ عەرەبەکان ئەیان

کووشتن؟ ئەی بۆ بەرەڵایان ئەکردن ؟ئەو دووکردەوانە دژی یەکترین کوشتن و دەرکردنیان ڕەوایە بەڵام بەدیل گرتنیان قەدەغەیە،ئەیان ووت :تەورات فەرمانی پێداوین هەرکاتێ جوولەکە بەدیل کران بەرەڵایان بکەین ،بۆیە خوای گەورە بەدرۆیان ئەخاتەوە و ئەفەرموێ:تەورات فەرمانی پێداون یەك نەکوژن و یەکتری دەرنەکەن.

بەوانەی ڕابردوون مانای فەرموودەی خوامان بۆڕوون ئەبێتەوە کەئەفەرموێ:

﴿وإن یاتوکم أساری تفادوهم﴾ وەئەگەر ئەو جوولەکەی برایانەتان بهاتنایە بۆلای ئێوە بەدیل کراوی ئێوە ئەوانتان بەرەڵا ئەکرد بەپارەو پول .ئەتان ووت تەورات فەرمانی پێداوین لەدیلی ڕزگاریان بکەین .

﴿وهو محرم علیکم اخراجهم﴾ وەکارو ئیش ئەوەیە قەدەغەیە لەسەر ئێوە دەرکردنی جولەکەی برای خۆتان ،بۆ ئەبێ بەدیل گرتنیان بەتەنها قەدەغەبێ لای ئێوە ؟کوشتنو دەرکردنیان ڕەوا بێت لای ئێوە بێگومان لای خوا هەموویان قەدەغەن .

﴿ أفتؤمنون ببعض الکتاب ﴾ ئایا دوای بۆ ئێوە باوەڕ ئەهێنن بەهەندێ لەناوەرۆکی تەورات وەك ڕزگارکردنی دیلەکان بەکڕینیان لەهۆزە عەرەبە هاوسوێنتان.

﴿ وتکفرون ببعض﴾ وەئێوە باوەڕ نایەنن بەهەندێ لەیاسای تەورات ،وەك قەدەغە نەکردنی کوشتن و یاریدەدانی بێگانە و باوەڕنەهێنان بە محمد ئەوانە هەمویان قەدەغەن وەهەروەها بەدیل گرتنیان و دەرکردنیشیان قەدەغەن ئەوکارانەی ئێوە گاڵتە کردنە بەئایین.

﴿ فما جزاء من یفعل ذلك منکم ﴾ دوای سزای کەسێ ئەوشتە بکات لەئێوەچ شتێکە کەباوەڕی بەهەندێ لەتەورات هەبێو و باوەڕی بەهەندێ تر نەبێ لەتەورات .

﴿إلا خزيٌ في الحیاة الدُّنیا﴾ مەگەر سەرشۆڕی و ڕسوای لەژیانی جیهاندا بەهۆی کوشتنی بەنی قورەیزەو دەرکردنی بەنی نەزیر بۆ (ئەزروعات و ئەریحا) لەشام کەبرای هاو پشتی خۆتانن.

﴿ويوم القيامة يردّون الى أشد العذاب﴾ وەلە ڕۆژی هەڵسان لەگۆڕەکان بۆپاداشت و تۆڵە ئەوکەسانە دەگێڕنەوە بۆلای سەخترین عەزاب لە دۆزەخدا بەهۆی ئەو کارانەیانەوە .

﴿وماالله بغافلٍ عما تعملون﴾ وەخوا بێ ئاگا نیە لەشتێ ئێوە ئەی کەن وەك ئەوەی بڕواتان بەهەندێ یاسای تەورات هەیە لەڕزگارکردنی دیلەکان و بەرڵاکردنیان بەپارە بڕواتان بەهەندێکی نیە لەکوشتن و دەرکردنی خزمەکانتان .

﴿ أولئك الذين اشتروا الحياة الدنيا بالاخرة ﴾ ئەوکەسانە ئەو کارە نارەوایانە ئەکەن کەسانێکی ئەوتۆن کڕیویانە ژیان و گوزەرانی دنیا بەخۆشی پاشە ڕۆژهەربۆ ئەوە هاوسوێنەکانیان خۆشنود بکەن .

﴿ فلا يخفف عنهم العذاب ﴾ دوای سوك ناکرێ لەوانو کەم ناکرێتەوە سزای دۆزەخ سزای ئەمرۆ پاشەڕۆژ هەتا هەتایە نەك بەگوێرەی گومانی ئەوان چەند ڕۆژێك نەبێت لەدۆزەخ دا نامێننەوە .

﴿ ولا هم ينصرون﴾ وەئەوان یاریدەیان نادرێ وەکەس نیە سزایان لەسەر هەڵگرێ و یان بۆیان بپارێتەوە لەدژی ئەوەی ئەیان ووت :باوك و باپیرە پێغەمبەرەکانمان بۆمان ئەپارێنەوە لای خوای پەروەردگار .

بەکورتی هەربیر و باوەڕێك سەرچاوەکەی لەقورئانی پیرۆزەوە هەڵنەقوڵێ کەفەرمانی داوە هەموو ئادەمیزاد یارمەتی یەکتری بدەن بۆ بەختیاری هەموویان پێویستە باوەڕی پێ بهێنرێت .بەلام بیرو باوەڕی داگیرکەرانو ئیمپریالیزم و سەهیۆنی دەڵێن ئێمە ئەمانەوێ هەرخۆمان بژین ئیتر بالەناوچوونی ئادەمیزادی تر بێت .بەیارمەتی خوای گەرەی دادپەروەری خاوەنی زەوی و ئاسمان بەهەڵمەتەوە پەلاماریان دەدات سزاو تۆڵەو نەگبەتی ئەڕژێنێ بەسەریانا بەهۆی بلاو بوونەوەی یاسای پیرۆزی ئیسلام .

لەو ئایەتە بەرزو بەنرخانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەجوولەکەکان لەسەردەمی پێغەمبەر و لەکاتی موساوە وەئێستاو لەمەو دوایش لەسەر دووپەت یاری دەکەن ،

خۆیانیان کردووە بەدووبەشەوە هەربەشێکیان پاڵیان داوە بەلایەکی بێگانەوە بۆ ئەوەی کڵپەی ئاگری جەنگ بەرز بێتەوە هەر بۆئەوەی سوودی خۆیان بپارێزن و مسۆگەرتری بکەن ئەو پاڵ پشتەیان لەنێوان دوو دوژمنی بێانەدا بەمیرات لەباوك و باپیریانەوە وەریان گرتووە بەچاوی خۆمان دیمان و بەگوێ بیستمان لەمەو بەر پروپاگەندەیان بۆ شیوعیەکان ئەکرد و پشتیوانیان بوون بۆڕوخاندنی دام ودەزگای قەیسەری ڕووسیای سەرمایەدار ،هەرئەوانیش بوون لەدژی شیوعیەکان و ڕوسیا خۆیانیان فڕێداوەتە لای سەرمایەدارانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا .کەواتە هەموو ئاوات و ئامانجیان ئەوەیە دانیشتوانی سەرزەوی بکەن بەدووپارچەوە و هانیان بدەن لەدژی یەکتری ،بۆ هەڵگیرساندنی جەنگو ئاژاوەو دووبەرەکی ،هەتا بتوانن ڕامیاریە دۆزەخیەکەی خۆیان بسەپێنن بەسەریانا بۆ سەرکەوتنی خۆیان و مژینی خوێنی گەلانی بێ تاوان ،هەرلایەکیان سەرکەوت ئەوان لەگەڵیدان ،هەتا خراپەکەیان ئەزانرێ دووایی ڕوو وەرئەگێرن بۆ ئەولاکەی تریان لەدژی دۆستە پێشوەکیان .ئەوجۆرە نەخشانە بۆمان ساز ئەکات جولەکەکان بڕوایان بەخواو بەمرۆڤایەتی جگە لەخۆیان نیە ،هیچ پەیمانێکی مرۆڤایەتی نابەستن ،کوشتن و تالانکردن و ڕەگەز پەرستی ودووڕووی و ئاژاوە نانەوە لەنێو گەلاندا و ڕووخاندنی مزگەوت و دروست کردنی ئارەق خانە و جێگەی قومارکردن و بەرەلایی ژنان و داوێن پیسی و فێرکردنی سوڕدان و نەهێشتنی شەرم و بێ میهرەبانی منالان بۆ مرۆڤایەتی و سووتانی قورئان ئەوانەو شتی تری زۆر خراپ پیشەی جولەکەکان و شاگردەکانیانن و هەرگیز ناسرەون لە خراپەکردندا .

جولەکەکان ئەیانووت :بۆیە ئێمە واز لەئاینی ئیسلام دێنین و ناچینە ناوی ،ئێمە بەشی تەواوی خۆمانمان هەیە لەئامۆژگاری پێغەمبەکانمان بیکەین بەدەستوورو یاسا ئیتر پێویستمان بەیاسای تر نیە قورئانی پیرۆز ئابروویان ئەبا هەڵوێستیان لەگەڵ پێغەمبەرانی خۆیاندا و ئامۆژگاریەکانیان ڕون ئەکاتەوە پێیان ئەسەلمێنێ کە هەر کاتێ توشی ڕاستی و کاری ڕەوا

ببو نایە ڕویان وەرنەگێڕا و دووای ئارەزواتی گلاوی خۆیان ئەکەوتن یەك لە دووای یەك پێغەمبەرانیان بۆ ئەهات بڕوایان پێ نەئەکردن وە ئازارو بێ شەرمیان لە گەلدا دەکردن ، ئەوەتە خوای گەورە هەندێ تر لە تاوانەکانیان ڕون ئەکاتەوە و ئەفەرموێ:

وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ ۖ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ ۗ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ ۚ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾

﴿ولقد آتینا الموسی الکتاب﴾ وەبەڕاستی ئێمە بەخشیومانە بەموسا ئەونامەیە کەتەوراتە هەمووی بەیەك جار هاتووە بۆلای موسا ،بەپێچەوانەی قورئان کەلەماوەی بیست و سێ ساڵدا هاتۆتە خوارەوە بەگوێرەی ڕوداوی پێویستی ڕۆژانە بەهۆی مانای ئەو ئایەتە پیرۆزەوە چاوێك فرێ ئەدەین بۆلای موسوڵمانانی ئەمڕۆ چۆن ئاواتی پڕو پووچ و بۆگەن سواریان بووەو شێتی کردوون و ئەقڵی تێکداون .لەدەمی دوژمنانەوەو لەدەمی پیرەژنەوە هەندێ شت ئەگێڕنەوەو بڕوایان پێ ئەکەن ،ئەڵێن مرۆڤ بڕوای بەخوا هەبێ هەمووشتی بۆ ئەکا جیهان ئەوەندەی تێدا بەسە نیە ،خوا لەم ڕۆژەداو لەپاشەڕۆژدا هەموو شتێك بۆ مووسوڵمانان دەکات پیرە ئاینیەکانمان و زاناکانمان بۆمان ئەپاڕێنەوە لای خوا ،هەروەك جوولەکەکان ئەیان ووت باوك و باپیر و پێغەمبەرەکانمان بۆمان ئەپاڕێنەوە ،موسوڵمانانی ئەمڕۆش خۆیانیان لەبیر چۆتەوە کەپێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و پێشوەکانمان بەچ جۆرێ نەئەوەستان

بۆ بەدەستهێنانی بەختیاری ئەمڕۆ و پاشە ڕۆژ ،قورئان ئەخوێنن لەناوەرۆکەکەی ناگەن ، مێژو تەماشا ئەکەن پێی تەمێ نابن ،جگە لەتوێکلێ زانیاری و زانستی فێری مەبەستەکەی نەبوون ،وازیان لەدۆزینەوەی پیت و فەڕی ئاسمان هێناوە ، هەرئەلێن خوامان بەسە ئەو وتە نابێت مووسڵمانانی ڕاست بیلێن .خوای گەورە پێی ناخۆشە بۆیە پێمان ئەفەرموێ لەقورئانی پیرۆزدا :ئەی پێغەمبەر(ﷺ) توبلێ بەئادەمیزاد :ئێوە کاربکەن و پاداشتی کارەکانتان وەرئەگرن و ئەیبینن (سورەتی تەوبە)ئایەتی (١٠٥).بەو جۆرە نین خوا فەرمویەتی بۆیە دوژمنانی ئیسلام پێشمان کەوتون لەفێربوونی زانین و زانیاری ،ئەوکەسانەی ئێمەیان داگیر کردو سامانیان بردین .ئێمەش ئاینمان لەدەست دەرچوو .بەکورتی ئێمەی مووسوڵمان پێویستە لەخەوهەڵسین ،یاسای پیرۆزی ئاین بگێڕینەوە بۆلای دۆخی جارانی ،ماف و ئایینی زەوت کراومان وەرگرینەوە ئەلێن پاش باران کەپەنەك .خوا ئەفەرموێ :بۆ مرۆڤ نیە جگە لەوەی خۆی بگەڕێ بەشوێنی و بیکات لەخۆیەوە هیچ شتێکیان بۆ نایە .سورەتی نجم ئایەتی (٣٩).

﴿وقفینا من بعده بالرسل﴾ وەئێمە هێنامان بەدوای موسادا چەندین نێراوی تر یەك لەدوای یەك بێژراوە هیچ کاتێك نەبروە لەنێوان موساو عیسی دا پێغەمبەرێکی خاوەن نامە یان پێغەمبەرێکی تر نەبووبێ مەگەر نێرراوە بۆلای کوڕانی ئیسرائیل کە ئەوپێغەمبەرانە فەرمانیان پێداون بەچاکە کردنو بەنەکردنی خراپە ، وەئەو پێغەمبەرانە بریتی بوون لە :یوشەع ،ئەشمەویل ،داود ،سولەیمان، شەعباء ،ئەرمیاء ،عوزەیر ،حەزقیل ،ئەلیەسع،یونس ،زەکەریا،یەحیاء ،چەندین پێغەمبەرانی تر ئەو پێغەمبەرانە هەتا ڕەوانە کردنی عیسی هەموویان یەك دەستوریان هەبووە ،خوای گەورە ڕەوانەی ئەکردن بۆ تازەکردنەوەی یاساو دەستووری تەورات و بۆ زیندو کردنەوەی هەندێ لەودەستورانە لەبیریان نەمابوو لەدەستوری پێشوودا هەروەك زانایانی ئیسلام هاتوون و چوون و دێن و ئەڕۆن بۆ تازەکردنەوەی یاسای قورئان ، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت :زانایانی ئوومەتی من وەك

پێغەمبەرانی بەنو ئیسرائیلی وان ..بەڵام دوای ئەو پێغەمبەرانەی بەنو ئیسرائیلی خوای گەورە عیسای بەدەستورێکی تازەوە ڕەوانە کرد بۆسەر کوڕانی ئیسرائیل .خوا ئەفەرموێ:

﴿واتینا عیسی ابن مریم البینات ﴾ وەئێمە بەخشیمان بەعیسی ی کوڕی مەریەم چەندین نیشانەی ڕوون و ئاشکراو کاری بەکەس نەکراو لەسەر ڕاستی عیسا و پێغەمبەرایەتیەکەی ،وەك زیندووکردنەوەی مردووان ،چاککردنەوەی کوێرو بەڵەکاوی،گێڕانەوەی ڕووداوی لەبەر چاو نەبو ،عیسا بەزمانی سورەیانی یەشوع .یانی (پیرۆز و موفەڕەك .وە مەریەم یانی خزمتگوزار).

﴿وأیدناه بروح القدس ﴾ وە ئێمە عیسامان بەهێز کرد بەهۆی گیانێکی پاکەوە کەفریشتەی پەیام هێنەرەو ناوی جیبریلە ئەو یارمەتی و بەهێز کردنە تەنها بۆعیسا ناو براوە هەرچەندە فریشتەی پەیام بۆلای هەموو پێغەمبەران چووە ،لەبەر ئەوەی جیبریل موژدەی بە مەریەم دا بەبوونی عیسا ،بەفوی ئەوخوا دروستی کردووە جبریل بو عیسای بەخێو کردو لەگەڵی بو لەمناڵیەوە هەتا لەگەڵی چوو بۆ ئاسمان هەندێ لەزانیان دەڵێن :کەبەڵگەیەکی دیاری کراو نەبێت لەسەر مەبەست لە(روح القدس) ئەڵێن :ئەتوانین بڵێین ئێمە عیسامان بەهێز کرد بەهۆی ئەوگیانە پاکەوە کرابوو بەبەریا ، خوا گیانێکی بەهێز و پوختەی وای پێ بەخشی شایستەی فروستادەی خوابێ و بتوانێ سکاڵای بەندەکانی خوا بگەیەنێ بەخواو ڕایان کێشێ بۆلای ڕێگەی ڕاست و ڕانموبی .هەرچەندە ئەومانایە دەچێتە مێشکەوە بەڵام هەرخوایە هەمووشتێك بزانێت ، جولەکەکان ئەوەندە لاساربوون بڕوایان بەو پێغەمبەرانە ئەکردو ئازاریاندان هەریەکەیان بەجۆرێ وەك خوای گەورە دەفەرموێ :

﴿ أفکلما جاءکم رسول بما لاتهوی أنفسکم استکبرتم﴾ ئایا دووای هەمووکاتێ هاتووە بۆلای ئێوە نێرراوێ بەشتێکەوە ئارەزووی لەو شتە نەبووبێ دڵی ئێوە ،ئێوە لەخۆتان بایی ئەبوون و فیزتان زل ئەبو،وەڵامتان نەئەدایەوە و گاڵتەتان پێ ئەکردن خوای گەورە بەو ڕستانە ڕوونی ئەکاتەوە :هەمووجوولەکەیە بەبێ جیاوازی یەك نەتەوەن و یەك ئاینیشیان

هەیە ،،هەرکەسێکیان ستەمی لەیەکێکیان کرد ئەوانی تریان بەوستەمە ڕازی بن هاوبەشن هەموویان لەوستەمەدا .

﴿ ففریقاً کذبتم ﴾ دووای ئێوە تاقمیّ لەو فرۆستادانەتان بەدرۆ ئەخستەوە ،وەك عیسا و محمد (ﷺ) کەنەتان توانی بیان کوژن ،هەرچەندە هەوڵی زۆرتان دا بۆکوشتنیان و بۆتان نەکرا ،بەتایبەتی جادووتان کرد لەمحمد و گۆشتی ژەهراویتان بەکارهێنا بۆ لەناوبردنی هەر بۆئەوەی سەرۆکایەتیەکەتان بپارێزن بەسەر زۆربەی ڕەشو ڕووتی نەتەوەکەتان ،سامانیان بەناڕەوا بخۆن ،بیان خەڵەتێنن بەوەی ئێوە ڕاستن و پێغەمبەرەکان درۆزنن ،بەهۆی گۆڕینی تەوراتە دەستکردە کەتان .

﴿وفریقاً تقتلون﴾ وتاقمیّ ترتان لەو فروساتادانەی خواتان کوشت ،وەك زەکەریاو یەحیاو هەندیّ تریان ،خوای گەورە دەنگ وباسی کوڕانی ئیسرائیلی مان بۆ ئەگێڕێتەوەو ئەمان ترسێنیّ نەوەك ئێمەتووشی ئەو کردەوە گلاوانەی ئەوان ببین ،جێگەداریەکەی سەرزەویمان لیّ بسێنێتەوە هەرکاتیّ ئێمەی موسوڵمان وەك ئەوانمان لێهات تووشی ئەوکارانە بووین وەك ئەوانمان لیّ هات ، پەیڕەو و پرۆگرامی خۆمان فڕیّ دا ، هەواو هەوەسی خۆمانمان کرد بە فەرمان ڕەوای خۆمان ،هەندیّ لەڕانومایی کەرانی خۆمانمان کوشت و هەندیّ ترمان بەدرۆخستەوە ،گوێڕایەڵی زانایانمان نەبووین و توانج و قسەی ناڕەوامان ئاڕاستە کردن .خوای گەورە ڕسوامان دەکات بەوشتانەی ئابڕووی کوڕانی ئیسرائیلی پێبرد،پارچە پارچەو بیّ هێز ئەبین ،کلۆڵ و لاواز ئەبین ،هەر بەوجۆرە ئەبین هەتا وەڵامی خواو پێغەمبەری خواو زانایانمان دەدەینەوە بەختیاری ئاینمان بۆ ناگەڕێتەوە هەتا دەستی ڕانومایی کەرانمان نەگرین بەرێزەوە ،ئەگەر بەو جۆرە بکەین بەرەو پێش ئەڕۆین و جێگەی خۆمان ئەگرینەوە دەستورەکەی قورئان باڵی دادگەری خۆی بەسەر ئادەمیزاد دا ئەکێشیّ ،ئەگەر وانەبین تووشی نەمانی ئەمڕۆو تۆڵەی دوارۆژ ئەبین .بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ وائەبینریّ لەنەوەی موسوڵمانانەوە چاکیان هەڵکردووە بەخوێنی خۆیان کەبەرزی

یاسای ئیسلام بگێڕنەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی ،بەفێربوونی زانین و زانیاریو ڕێزی زانایان و ڕانومایی کەرانیان و پێشەوا ئاینیە کانیانەوە ، جوولەکەکان بڕوایان بەڕانوومای کەرانیان نەبوو ئەیان ووت :

﴿وقالوا قلوبنا غلف﴾ وە جولەکەکان ئەیان ووت بە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾دڵی ئێمە چەندین پەردەی بەسەرەوەیە .ئەوانەی تۆ بەئێمەی ئەڵێیت نایزانین ،هەڕەشەو ترساندی تۆ بۆئێمە سوودی نیە هەندێ لەزانایان مانای ئەوڕستەیان بەم جۆرە کردووە :دڵانی ئێمە کیسەی زانیاریە پێویستمان بە هەڕەشەو گوڕەشەی تۆنیە ،ئێمەی زانایان بمانزانیایە ئەوەی تۆ ئەیلێیت سوود بەخشە وەرمان ئەگرت .قورئانی پیرۆز دەم کوتیان ئەکاو ئەفەرموێ :

﴿بل لعنهم الله بکفرهم﴾ بەڵکو خوا دووری خستەوە تەوە لەمیهرەبانی خۆی ،هەرگیز لێان نابوڕێ بەو بۆنەیەوە بڕوایان بەخواو پێغەمبەر نەئەهێنا ،درۆ ئەکەن و دڵیان نەپەردەی بەسەرەوەیە ،نەکیسەی زانیاریە ،هەرخۆیان لاسارو نەزانن.

﴿فقلیلامایؤمنون﴾ دوایی کەمێ لەوجوولەکانە بڕوا ئەهێنن بەمحمد پێغەمبەر﴿ﷺ﴾وەك عبدالله کوڕی سلام و هاوڕێکانی بەدووجۆری تر مانای ئەو ڕستەیە کراوە یەکەم:ئەوجولەکانە بڕوا بەکەمێ لەفەرمانەکانی خوائەهێنن بڕوا بەخوا دێنن ،بڕوا بە پێغەمبەر نایەنن.دووەم:کەمێکیان باوەڕناهێنن یانی نەزۆریان بڕوا ئەهێنن نەکەمێکیان .

ئەو دوو ئایەتە وەك هەڕەشە وایە بۆ ئەوکەسانەی باوەڕیان بەپێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نەهێناوە و گوێ لەڕاستی ناگرن .هەرەشەیشە بۆ هەموو کەسێ بەئاسانی بجولێتەوە لەگەڵ ستەم کاران لەڕویاندا نەوەستێ بەئامۆژگاری‌کردنیان و گەڕانەوەیان بۆلای دادپەروەری ، بۆ ئەوەی پلەی بەرز بۆ خۆیان دابین کەن وسامانی دانیشتوان بخۆن یارمەتی ستەمکاران ئەدەن ، پێشەوای ڕاست و ئاین پەروەر جگە لەچاکە بۆ دانیشتوان هیچ شتێ تری ناوێ بەگوێرەی یاسای ئیسلام لەکوشتن و بڕین و ستەم ئەیان پارێزێ لەبەر فەرموودەی خوا لەکەس ناترسێ و کەسیش ناترسێنێ ،هەموکەسێ لەقازانج و زیاندا وەك خۆی تەماشا

دەکات ،هەموو ئاواتی ڕەزامەندی خوایە بۆ خوا خۆی ئەکات بە قوربانی ،ئەڕێژێ بەسەر دانیشتواندا دادپەروەری وجگە لەڕاستی و خزمەتی گەل و نیشتیمان مەبەستی تری نیە .بەلام مرۆڤی پروپوچ ئەیەوێت دانیشتوانی لیّ ڕازی بن ،گوێی لەخواو گەل و خزم نیە ،بازاڕی خۆی و قازانجی لەکاردا بێت بەسە بۆ ئەو ، جولەکەکان لەمەدینەدا بەر لەهاتنی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەپارانەوە لەخوا سەریان بخات بەسەر ئەوس و خەزرەج دا بەهۆی هاتنی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وەئەیان ووت ڕۆژێ دێت ئەوپێغەمبەرەی لەتەورات دا ڕەنگ و شێوازی نوسراوە دێتو سەر ئەکەوێ بەسەر عەرەب دا بت پەرستان لەناو ئەبا ، کاتێ ئەو پێغەمبەرە هات جوولەکەکان بینیان کە عەرەبە و جولەکەنیە پشتیان تێکرد ،ڕەگەز پەرستی و دەمارگرتنی ، خۆیانیان بەدرۆ خستەوە .

بۆیە هەندێ لەهۆزەکانی ئەوس و خەزرەج ووتیان :ئەی کۆمەلی جوولەکە ئێوە ئێمەتان ئەترسان بەمحمد ﴿ﷺ﴾ ئەتان ووت ئێوە بت پەرستن ،ڕەنگ و شێوازی ئەوتان بۆ ئێمە ئەگێڕایەوە ،ئێستا ئێمە باوەڕمان پێهێنا ،جوولەکەکان وەلامیان نەدانەوە ئەو پیاوە شتێکی وەهای نەهێناوە ئێمە نەیزانین .ئەو کەسەنیە ئێمە ئەمان ووت :خوای گەورە بەم ئایەتانە نەفرەتیان لیّ ئەکات و ئەفەرموێ:

وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟ كَفَرُوا۟ بِهِۦ ۚ فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾

بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ

فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٩٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩١﴾

﴿ولما جائهم كتاب من عند الله﴾ وەکاتیّ هات بۆلایان ئەو نامەیە کەقورئانـــە لـەلایـەن خواوە بڕوایان پێنەهێنا ،ئەویش لاساری و خراپەیەکی تری جوولەکەکانە.

﴿مصّدق لِما معهم﴾ بەڕاستی گێڕا شتیّ لـەگەڵ ئەواندا بوو ،لـەتەوراتدا باســی کرابـوو فەرمانیان پێدرابوو باوەڕ بە محمد ﴿ﷺ﴾ بێنن ،بەڕاســتی دابنێـن ئەوشـتەی بۆیـان هـاتووە لـەگەڵ قورئاندا یەکن و سەرچاوەیان یەکە .

﴿وكانو من قبـل يستفتحون علـى الذيـن كفـروا﴾ وە جوولـەکـەکان لـەپێش هـاتنی پێغەمبەرەوە داوای سەرکەوتنیان ئـەکرد لـەخوا بەسـەر ئەوانـەدا بڕوایـان بەخوانیـە ،وەك هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج .کاتیّ بکەوتنایەتە جەنگەوە لـەگەڵ ئەوانەدا ئەپاڕانەوە لـــەخوا ،ئەی خوایە تۆ سەرمان خەی بەسەریان لـەبەر خاتری ئەو پێغەمبەرەی لـەمەو پـاش ئـەینێری ،ئەیان ووت نزیکە هاتنی ئەو پێغەمبەرە ،هەتا بسەلمێنریّ ئەوڕاستیانە ئێمە ئەیلێین ، ئەو کاتە ئێمەئێوە لـەناو ئەبەین وەك هۆزەکانی عاد و سەمود کەوەك ئێوە بت پەرست بوون .

﴿فلّما جاءهم ماعرفوا کفروا بە﴾ دوایی کاتێ هات بۆلای جوولەکەکان شتێ زانیبویان لەتەورات و زانیان بەهۆی قورئانەوە لەناسینی پێغەمبەر ،ئەوان باوەڕیان بەو شتە نەئەهێنا ئەبوایە باوەڕیان پێ بهێنایە ،چونکە ئەیان ووت و خۆیانیان پێوە هەڵ ئەکێشا بەبت پەرستان ئێمە ئێوە ئەکوژین لەکاتی هاتنی ئەو پێغەمبەرەدا ،کەچی ئەو پێغەمبەرە هات و ناسیان و باوەڕیان پێنەهێنا ،بەپێچەوانەی ئەوانەوە بت پەرستەکان ناسیان و باوەڕیان پێهێنا و یاریدەیان دا ،جوولەکەکان لەناو چوون بەهۆی بت پەرستە پێشوەکان بەپێشەوایەتی محمد دروودی خوای لێبێت ئەوشتەی ئەوان ئەیان ویست بیکەن بەرامبەر ئەوس و خەزرەج ئەمان کردیان بەرامبەر بەوان لەکوشتن و دەرکردنیان.

ئەو جوولەکانە باوەڕیان بەپێغەمبەر نەئەهێنا لەبەر هیچ بیانویەك نەبوو ،جگە لەرەگەز پەرستی لەکۆتایدا تووشیان بوو بەو شتانەوە تووشیان بوو بەلەناوچوون و دەرکران ،کەواتە هەموو کەسێ بڕوای بەراستی نەبێت لەبەر ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری پڕ بەپێستی خۆی هەروەك جوولەکەکان وایە وتووشی ئەوان دێت ئەوەی تووشی جوولەکەکان هات.

﴿ فلعنة الله علی الکافرین﴾ دوایی خەشم و بێ میهرەبانی خوا لەسەر بێ باوەڕان بێت کەپێغەمبەریان بەڕاستی ناسیبوو باوەڕیان پێنەکرد ،ئەوکەسانە وێنەی چوار پێن پتر لەوەی ئادەمیزاد بن ،یاخوا ڕسوابن چۆن پەشیمان بوونەوە لەوەی ووتیان لەناسینی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾.

﴿بئسما اشتروا بە أنفسهم أن یکفروا بما أنزل الله﴾ خراپ شتێ بۆ خۆیان پێ فرۆشت کەباوەڕ نایەرن بە شتێ خوا ناردوێتیە خوارەوە کە قورئان و ئاینی ئیسلامە ،نەوەك سەرۆکایەتیان لەناو بچێت ، یانێ ئەو جوولەکانە خۆیانیان فرۆشت بەشەیتان خۆیانیان لەناو برد بە پەسترین نرخ ئەو شتەی لەناوی بردن هەر ڕەگەز پەرستی بوو بۆیە خوای گەورە ئەفەرموێ:

﴿ بغياً أن ينزل الله من فضله على من يشاءُ من عباده﴾ هەر لەبەر پــێ ناخۆشـبونیان و لادانیان لەیاسا کەخوا بنێرێتە خوارەوە بەگەورەیی و ڕێزی خۆی قورئان بـۆ سـەر کەسـێ ئـارەزووی هـەبێت لـە بـەندەکانی خـۆی ، ئـەو جوولەکانــە باوەڕیــان نــەهێنا بــە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾،چونکە ئاواتیان وابوو پەیام و ڕێزی پێغەمبەرایەتی هەربۆخۆیان بێت بەتەنـها ،هیچ شتێکیان نەلەخواوە وەنەلە کەســی تـرەوە وەرنەئـەگرت ،ڕێـك نەکەوتایـە لـەگـەڵ هەوەس و سوودی تایبەتی ئەوان .

﴿فباءوا بغضب على غضب﴾ دوایی ئەو جوولەکانە گەڕانەوە بەخەشم لەســەر خەشـم بۆلای پەروەردگاری خۆیان،وە شایەنی ئەو دووتۆڵەیەن :یەکێکیان لەسەر بــێ باوەڕیـان ، یەکێ تریان لەسەر ڕەگەز پەرستی ، خەشمێ لەســەر پەرستنی گوێرەکـە کـە،ئـەوی تریـان لەسەر باوەڕنەهێنان بەپێغەمبەر ،تۆڵەیــە لەســەر باوەڕنـەهێنانیان بـەئینجیل ،ئـەوەی تریـان لەسەر باوەڕنەهێنانیان بەقورئان ،خەشمێ لەسەر باوەڕنــەکردنیان بەعیسـاو ،ئـەوەی تریـان لەسەر بێ باوەڕیان بەمحمد.

﴿وللكافرين عذاب مهين﴾ وەبۆ بێ باوەڕان هەیە سزایەکی ڕسواکەریان و ئابڕوبــەریان بەبەردەوامی لەناو دۆزەخدا ئەمێننەوە، لەبەر ئـەوەی بڕوایـان بـە قورئـان نـەهێنا و پێیـان ناخۆشبوو ،بەتەمای ئەوەبوون پـەیامی خـوا بـۆلای ئـەوان بێتـە خـوارەوە ،وایـان ئـەزانی هەرئەوان بەڕێزترن لەهەموو کەسێ ،گاڵتەیان بەقورئان ئەکرد ،خۆیانیان بەگــەورە ئـەزانی بەلام ئەو سزایە ڕیسوایان ئەکات ، خوا ئەفەرموێ:

﴿وإذا قيل لهم آمنوا بما أنزل الله﴾ وەکاتــێ ببێژرایـە بەجوولەکـەکان ئێـوە بـاوەڕ بێنــن بەشتێ خواناردوویەتیە خواەوە لەقورئان و ئەو نامانە هاتووە بۆ پێغەمبەرانی تر ،واتــە ئێـوە باوەڕبهێنن بەپەیامی خوا بەو بۆنەیەوە پەیامی خوایە ،تەماشا مەکەن چ کەســێ هێناویـەتی و لەچ گەلێکە ،فروستادەیە هەر فروستادەیە ، بۆ گەیاندنی فەرمانی خوا بەبێ جیاوازی .بــەلام ئەو مەرجەی ئێوە داتان ناوە کەباوەڕتان بەو پەیامە هەیە بۆ گەلی ئیسرایل هاتبێ و بەس ،بۆ

کەسێ تر هاتبێ بڕوای پێ ناکەن ،ئەو مەرجەتان ئەوەئەگەیەنێ لە بنچینەدا باوەڕتان بەهیچ پەیامێ نەبووەو نابێ، ئەتانەوێ بێ فەرمانی خۆتان بسەپێنن بەسەر خوادا و دووای ویستی ئێوە بکەوێ ، مانای وایە خوا کزۆڵە لەئاستی ئێوەدا ،بەڵام ئێوە هەرگیز ملی بۆ دانانەوێنن.

﴿قالوا نؤمن بما أنزل علینا﴾ جولەکەکان ئەیان ووت : ئێمە باوەڕ ئەهێنین بەشتێ هاتۆتە خوارەوە بۆسەر ئێمە ، ئێمە بەردەوامین لەسەر بڕوا بەتەورات ، ئەوە ئەمە ئەگەیەنێ بەڕونی و ئاشکرای نەئێستاو نەلەمەو دوایش بڕوا بەجگەی ئەو پەیامەی بۆ خۆیان نەهاتبێ ناهێنن ، وەك ئینجیل و قورئان ئیتر بابەهەزاران بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە .

﴿ وَیَکفُرونَ بِما وَراءَ ه ﴾ وەباوەڕ ناهێنن بەجگەی شتێ هاتبێتە خوارەوە بۆ سەریان وەك ئینجیل و قورئان ، بۆیە خوای گەورە ئەفەرموێ و ئاگاداریان ئەکا بەو شتەی خۆیان ئەیزانن لەتەوراتا هاتۆتە خوارەوە بۆسەریان وە ئەفەرموێ :

﴿ وَهوَ الحَقُّ مُصَدِقاً لِما مَعَهُم ﴾ وەقورئان ڕاستە ، بەڕاست گێرە بە شتێ لەگەڵ ئەواندایە کەبەڵگەی پێویستە لەسەر ئەوەی باوەڕ بەپێغەمبەر بهێنن .

﴿ قُل فَلِمَ تَقتُلُونَ انبیاءَ اللهِ مِن قَبلُ ﴾ موحەممەد تۆ بڵێ بەوان لەبەر چ شتێ پێغەمبەرەکانی خوا ئەکوژن ، کەواتە ئێوە درۆ ئەکەن لەو گومانو داواکارییەی خۆتانا کەبڕواتان بەو پەیامە هەیە بێتە خوارەوە بۆسەر گەلی ئیسرا ئیل ، بەڵکو ئێوە بڕواتان بەهیچ پەیامێ نییە بگرە بەوەیش بۆ خۆتان هاتوە بەڵگەیش ئەو هەموو پێغەمبەرانەیە لەخۆتانن ، بۆ خۆتان نێرراون پێویست بوو بڕوایان پێ بکەن کەچی هەندێکیانتان کوشت ، وەك زەکەریاو یەحیا وە هەندێکیانتان بەدرۆ خستەوە ، وەك عیسا ، ئەوانە هەمویان بەڵگەن لەسەر درۆزنیان ، گفتو گۆ و کردارتان دژی یەکترن و خۆتان بەدرۆ ئەخەنەوە ، ئەو ئایەتانە هەرچەندە لەگەڵ ئەوانەی پێشوانیانە ، بەڵام ئەمانەی سەردەمی پێغەمبەریش

ئەگرێتەوە ، لەبەر ئەوەی بەکردەوەی پێشووەکانیان ڕازین کەواتە وەك ئەمان کردبێتیان وایە.

﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕواتان هەیە هاتووە بۆسەر خۆتان وەك تەورات فەرمانتان پێ ئەدا پێغەمبەرەکانتان مەکوژن بۆچی ئەتان کوشتن هەندێ لەزانایان ئەڵێن : ووشەی (ان) بۆ نەفیە یانی ئێوە بڕوادار نەبوون ، خوا هەموو شتێ ئەزانێ .

ئەو کردەوە پیسانەی جولەکەکان کەپێتان خۆشە هەر خۆیان کاری خۆیان هەڵسوڕێنن بالەسەر خراپەیش بن لەگەڵ فەرمانی خوایشا ڕێك ئەکەوێ هەر ئەوان بەوجۆرە نین بەڵکو زۆر کەس و زۆر ڕەگەز هەن ، کە ئەمەیان پێ چاکترە لەسەر ڕەوشتی خراپ و ڕژێمی ناڕەواو یاسا دەست کردوو ستەم کاری و داوێن پیسی و گێرە شێوێن و گومرایی بڕۆن هەتا بتوانن بەرگری ئەوکەسە بکەن کەبەهۆی کەسێکەوە یاهۆزێکەوە ئەیەوێ ئەوان و هەزاران کەسی تری وەك ئەوان ڕانومایی وەرگرن بۆلای ڕێگەی ڕاست و ڕەواو ئاین پەروەری‌و بەختیاری .

وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ
ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾
وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟
مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُوا۟ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا
وَأُشْرِبُوا۟ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ قُلْ

بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَـٰنُكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩٣﴾
قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن
دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٩٤﴾
وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّـٰلِمِينَ
﴿٩٥﴾ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ
أَشْرَكُوا۟ ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ
مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾

﴿ وَلَقَد جاءَ كم مُوسى بِالبَيِّناتِ ﴾ وەبەڕاستی هات بۆلای ئێوەی بەنی ئیسرائیل موسا بەچەندین کاری بەکەس نەکراو ئاشکرا کە بەڵگەبوون لەسەر ڕاستی موسا وەك دار دەستەکەی کەئەبوو بەمارێك ، ئەوەی جادوو کە ران کەبەکاریان ئەهێنا هەمویانی هەڵئەلوشی ، وەك دەستە سپی‌یە تیشك دەرەکەی بەبێ نەخۆشی لەباخەڵی ئەی هێنایە دەرێ و ڕوناکی بلاو ئەکردەوە ، پچڕانی دەریا کاتێ فیرعون کەوتبووە دواتان ، هاتنە دەروەی ئاو لەبەردی ڕەق و ووشك ، هاتنی لافاوو کوللەو گرانی و ئەسپێ و بۆق و خوێن ، ئەوانە هەموو بۆ ئازاردانتان و تەمێ کردنتان ، ئا مۆژگاری کارتان تێ ناکاو تەمێ ناخۆن .

﴿ ثُمَّ اتَّخَذتُمُ العِجلَ من بَعدِهِ ﴾ لەپاش ئەو هەموو بەڵگە ڕونانە ئێوە وەرتان گرت گوێرەکەیە بۆ پەرستراوی خۆتان لەدوای چونی موسا بۆ کێوی تور ، وازتان لەپەرستنی خوا هێنا .

﴿ وَانتُم ظالِمُون﴾ وەئێوە ستەمتان لەخۆتان کرد و بێ باوەڕ بوون گوێرەکەتان پەرست واتان ئەزانی کەسێ توانای بەسەر ئەو کارە بەکەس نەکراوانەدا نی‌یە جگە لەو خوایە توانای لەزۆری هەموو توانایەکەوەیە .

﴿ واذ اخَذنا مِثاقَکم ﴾ وەبیری ئەوکاتە بکەنەوە ئێمە وەرمان گرت پەیمانی ئێوە مانای ئەو ئایەتەو ئایەتی پێشو لەباسی مانا کردنی ئایەتی (٥١) پەنجا ویەك و ئایەتی (٦٣) شەست و سێ‌ی دا باسی کراوە بەڵام لێرەدا دوپات کراوەتەوە هەتا بەچاکتر دابین بکرێ لەسەریان و تەمێ خوار بن و بیانو یان نەمێنێ .

﴿ وَرَفَعنا فَوقَکم الطُّورَ ﴾ وەئێمە بەرزمان کردبۆوە بەژورتانەوە کێوی تور هەڕەشەمان لێ کردن ئەگەر ئێوە باوەڕ بەتەورات نەکەن ئەو کێوە ئەخەین بەسەرتانا ، پێمان وتن : ﴿خُذوا ماآتَیناکم بِقُوة واسمَعوا﴾ ئێوە وەربگرن شتێ ئێمە بەئێوە مان بەخشیوە کەناوەرۆکی تەوراتە بەهەموو هێزتانەوە و ببیستن و کاری پێ بکەنو وەڵامی‌خوا بدەنەوە .

﴿ قالوا سَمِعنا وَعَصَینا ﴾ جولەکەکان وتیان : گفتو گۆیەکمان بیست و ئێمە بێ فەرمانی تۆ ئەکەین وەبەجێ‌ی نایەرین بەناچاری بەزمان ئەیلێن : بیستمان هەتا ئەو کێوە نەکەوێ بە سەرمانا ، بەڵام لەدڵمانەوە وەری ناگرین .

﴿ وَاُشرِبوا فی قُلُوبِهم العِجلَ بِکُفرِهم ﴾ وەدەرخوارردیان درابوو خۆشەویستی گوێرەکەکە لەنێو دڵیانا و پەرستنی دابین بو لەنێودڵیانا بەهۆی بێ باوەڕی‌یانە خوای گەورە خۆشەویستی گوێرەکەکەی بەخواردنەوە داناوە نەك بەخواردن چونکە ئاو بەهەموو ڕەگ و مێشکدا و بەناوەوەو بەدەرەوەی لەشی مرۆڤ دا ئەڕوا ، بەڵام خواردن جگە لەشوێنی تایبەتی‌دا نەبێ ناڕوا .

﴿ قُل بِئسَما يَامرِكم به إمانُكُم ﴾ موحەممەد تۆ بلێ بەوان خراپ شتێکە بـاوەڕ هێنـانی ئێوە فەرمانتان ئەدا بەوشتە کەئەیلێن : ئێمە ئەی بیستین و بێ فەرمانیت ئەکەین ، بەووتـەی خۆتان و هەڵوێستان تەورات فەرمانی داوە باوەڕ بەتـەورات بکـەن ئایـا لەتـەوراتدا هەیـە پەرستنی گوێرەکە و کوشتنی پێغەمبەران و بەدرۆ خستنەوەیان ؟ چۆن فەرمانتان پێ ئەدا ؟

﴿ اِن كُنتُم مؤمِنين ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەتەورات هەیە چۆن تـەورات فـەرمان ئـەدا ئەو هەموو کارە خراپانە بکەن ، ئێوە هەر باوەڕدار نەبون بەتەورات .

خوای گەورە بەهەڕەشەوە ئەو ئایەتانە دوپاد ئەکاتەوە بۆ ڕانومـایی کردنـی موسـوڵمان کەهەربەهۆش و گۆشی خۆیان بیر بکەنەوە و وورد بینەوە بەچاوی دوژمن تەماشـای هیـچ شتێ نەکە ن وەك جولەکەکان نەبن کەبەهۆش و گۆشی میسری یەکان لەگوێرەکـە وورد ئەبونەوە کەئەیان ووت : پێویستە گوێرەکـە ڕێـزی بگـیرێ هـەتا جوتمـان بۆبکـاو کشـتو کاڵمان بۆ بڕەخسێنێ ، جولەکەکان گوێرەکەیان پەرست و چاویان لەمیسری یەکان کـرد و گومڕابوون .

ئێمەی موسوڵمان ئەگەر پشت بـەخوا نەبەسـتین و قورئـان نەکـەین بەیاسـاو پێغەمبـەر نەکەین بە پێشەوای خۆمـان گومـڕاو لاواز ئـەبین ، بـێ بـرخ وبـێ هـێز ئـەبین ئەوکاتـە چاوەڕوانی دوژمنانی خۆمان ئەبین چەك و ئاگرمان بدەنێ و خۆین و ناموسمان لێ وەربگرن کردەوەی خرا پ ترو زۆرتـر لەگوێرەکـە پەرسـتن ئەکـەین . جولەکـەکان گوێرەکـەیان ئەپەرست بەس نەبوو جوتیان پێ ئەکرد ئێمە دوژمنـانی خۆمـان ئەپەرسـتین و جوتمـان پـێ ئەکەن وەردویشـمان پـێ دووگاسـنە ئەکەنـەوە بەچـەکو ئاگرەکـەیان بـرای موسـوڵمانو هاونیشتمانی خۆمانمان پێ ئەکوژن ، ئە لێن : ماڵتـان ئـاوابێ وسوپاسـتان ئەکـەین ، ئێـوە دۆستی ئێمەن . جولەکەکان ئەڵێن : ئێمە کوڕی خواو خۆشەویستی خواین چەند ڕۆژێکی کەم نەبێ ئاگر نامان سوتێنێ بەماوەی چـل ڕۆژ گوێرەکـە پەرسـتنیان ، ئـەڵێن : هەرئێمـە دۆستی خوایـن هـەر جولەکـە ئەچنـە بەهەشـت بڕوایـان وابـوو بـاوك و باپیرەکانیـان و

پێغەمبەرەکانیان لەسزای خوا ڕزگاریان ئەکا خوای گەورە وویستی ڕیسوایان بکا و خراپەیان دەربخات بۆیە فەرمانیدا بەپێغەمبەر بڵێ :

﴿ قُل اِن كانت لَكُم الدّارَ الاخِرَةَ عندَاللهِ خالِصَةً مِن دونِ النّاس ﴾ موحەممەد تۆ بڵێ : ئەگەر ئەو جیهانەی دوایی وبەهەشت هەر بۆ ئێوەیە بەتایبەتی و بەپوختە کراوی لەجگە ئادەمیزادی تر ، گەیشتن بەو بەهەشتە سوك و ئاسان نییە کەواتە هەردولامان لەخوا بپاڕێینەوە ئەو لایانەمان درۆزنین لەناومان ببا ، ژیانو ڕابواردنی ئەم جیهانە کەمەو بێ نرخە وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿ فَتَمَنّوا المَوتَ ان كنتُم صادِقِن ﴾ دوایی ئێوە ئاوات بخوازن بمرن ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن ئێوە کوڕو خۆشەویستی خوان ، ئێوە بەهەشتین و کەمێ ئاگر ئەتان سوتێنێ و سزاتان ئەدرێ ئەو کەسەی بڕوای وابێ بەهەشتی یە مردن لای خۆشەویست ترە لەژیانی جیهانی پڕ لە گیرو گرفت و ناخۆشی و دەردو خەفەت ، ئەو کەسەی بڕوای وابێ کەبەمردن ڕزگاری ئەبێ لەوانە ئەچێتە بەهەشتی پایە دارو داوای مردن ئەکا .

﴿ وَلَن يَتَمَنّوه اَبَداً بما قَدَّمَت ايديهم ﴾ وەئەو کەسانە ئاواتی مردن ناخوازن هەرگیز ئەترسن و ئەلەرزن لەمردن بەهۆی شتێ پێشیان خستووە بەتوانای خۆیان لەکردەوەی خراپ و پێغەمبەرەکانی خۆیانیان بەدرۆ خستۆتەوە ستەمکاریان کردووەو تەوراتیان گۆڕی ، وە ئەوڕستەیە پێمان ئەگەیەنێ داوای مردن ناکەن و نەیشیان کرد ئەو ڕوداوە بەو ڕاستی‌یە کەس ناتوانێ بیلێ جگەی قورئان .

﴿ وَاللهُ عَلِمٌ بِالظالِمين ﴾ وەخوا ئەزانێ بەکردەوەی ستەم کاران و درۆزنان ئەو شتانەی کردویانە و لەمەودوایش ئەیکەن ئەیزانی . بە کورتی نەیان توانی داوای مردن بکەن .خۆیان ئەیان زانی درۆزنن و ئەترسان داواکەیان گیرا ببێ‌و بمرن ، بێ بەشی هەردوو جیهان بن وسزای پاشەڕۆژیش سەخت ترە .

ئەو ئایەتانە لەگەڵ جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەرێتی کە چەنەبازی و دەمە دەمەیان لەگەڵیا ئەکرد ، بڕوایان پێ نەئەکرد ، کەواتە زمانی ئەو کەسانە ئەبڕێ ئەڵێن : جولەکەی ئێستا داوای مردن ئەکەن و لەناویش ناچن هەتا بەو گفتو گۆ پڕو پوچانە گومان لەدڵی باوەڕدارانداا پەیدا ببێ .

﴿ وَ لَتَجِدَنَّهم اَحرَصَ النّاسِ عَلی حَیاة ﴾ سوێندم بەخوا موحەممەد تۆ بەڕاستی جولەکانت دەست ئەکەوێ بەدرێژایی ساڵ تەما کارترینی ئادەمیزادن لەسەر ژیانی جیهان و ڕابوردوانی جیهان .

هەرگیز داوای مردن ناکەن و کوژراوی دەستی سامان و سود وەرگرتن و ژیانی جیهانین .

﴿ وَمِنَ الَّذینَ اَشرَکوا ﴾ وەتۆ دەستت ئەکەوێ ئارەزویان پتر ترە لەسەر ژیانی جیهان لەکەسانێکی ئەوتۆ هاوبەش بۆ خودا دائەنێن لەبت پەرستان کەجگە لەزیندەگانی ئەمڕۆ بڕوایان بەدوا ڕۆژ نی‌یە ئەو ڕستەیە بت پەرستانی عەرەب و ئاگر پەرستەکانو ئەوانیش ئەگرێتەوە ئەڵێن ، عیسا کوڕی خوایە عوزەیر کوڕی خوایە ئەو کەسانە هەمویان هەرچەندە ووشەی (النّاس) لەڕستەی پێشەودا ئەیان گرێتەوە بەڵام بۆ جاری تربەتایبە تی خوا باسیان ئەفەرموێ هەتا بۆمان ڕوون ببێتەوە هەرچەندە بت پەرستان لەهەموو بێ باوەڕان خراپ ترن چونکە هاوبەشی بۆ خوا دائەنێن ، جولەکەکان لەوانیش خراپترن وەئارەزویان بۆ ژیانی جیهان پتر ترە .

﴿ یود أحدهم لویعمر ألف سنة﴾ ئاوات دەخوازن هەریەکە لەجوولەکەکان و لە هاوبەش دەرە بت پەرستەکان تەمەنیان پێ ببەخشرێت هەزار ساڵ ،ئەو وێنە لێدانە لەوەوە هاتوە ئاگر پەرستەکان و هاوبەشدانەران لەعەرەبەکان بچونایە بۆلای پاشاکانیان یا بەیەکتری بگەشتنایە ئەیان ووت :تەمەنتان هەزار ساڵ بێ و لەهەزار جەژنا بن ،بەو ووشانە

ڕۆژباشیان لەیەکتری ئەکرد .بەو بۆنەوە واچاکە ئێمەی موسوڵمان لەهیچ جەژن و لـەهیچ ڕووداوێکدا ئەورستانە بەکار نەیەنین لەگەڵ یەکتری دا .

﴿وما هو بمزحزحه من العذاب أن يعمر﴾ وە ئەو تەمەنە درێژە هەزار ساڵیە دوور ناخاتـەوە و ڕزگاری ناکات لە سزای ئاگری دۆزەخ کە ئـەو تەمەنـەی پـیٚ ببەخشـرێت ،بێگومـان پاشەڕۆژی ئەوکەسە هەر مردنە ،بەڵام بـا ئاگـاداری ئەمـەیش بـین ئـەو کەسـانەی تەمـەن درێژیان پێخۆشە هەتا چاکە بکەن لەگـەڵ ئـادەمیزادا ئـەو کەسـانە بـەختیارن و ئاواتیـان پەسەندە ،بۆیە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەفـەرموێت خۆشـی بـۆ ئەوکەسـەیە کـە تەمـەنیان درێـژ و کردەوەیان چاك بێت .ئەو کەسانەی هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ،وەبەتەمای زیندوو بوونـەوە نین و بەتەمای پاداشتی پاشەڕۆژ نین ،بۆیە تەمەن درێژیان لاگرنگە جولەکەکان بیانزانیایە چ دەردی سەری و سزایان تووش دەبێت لەدوارۆژ دا زانیـاری خۆیانیـان بـەفیڕۆ نەئـەدا وە ئەیانزانی بڕوا بەپاشە ڕۆژ بەهرەی بەنرخەو ئەڕژیٚ بەسەر دڵیانا هێمنی و ئارامی ، ئەیانزانی بڕوا بەپاشەڕۆژ چرکەی دڵ و نەخۆشی مێشك پەرتەوازە دەکات .

﴿والله بصيرٌ بما يعملون﴾ وە خوا ئاگادارە بەشتیٚ ئەو کەسانە ئەیکەن و ئەیان بینیٚ ، وەهیچ شتێکی لێون نابێت ،پاداشـت و تۆڵـەی هـەموو کردەوەکانیـان ئەداتـەوە لەپاشـە ڕۆژدا ئەتوانین بلێین :ڕستەی ﴿ومن الذين أشركوا﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکـە پـەیوەندی بەپێشـەوە نیەو سەربەخۆیە ،یانی وەتاقمیٚ لەکەسانێکی ئەو تۆ هەن هاوبەشیان بۆ خـوا دانـاوە بـاوەڕ بەتۆ ناکەن لەبەر لەخۆبایی بونیان و فیز لێیان ،ئەیشزانن لەدوارۆژدا تووشی سـزای هـەتا هەتایی ئەبن بڕواشیان بەڕاستی تۆ هەیە، ئەوتاقمانە زۆریان پیٚ خۆشە تەمـەنیان درێـژ بێـت هەتا ئەگاتە هەزار ساڵ ،ئەو کەسانە سامانی جیهانیشیان بازۆریش بێت دووریـان ناخاتـەوە لە مردن و سزای پاشە ڕۆژ ، بێگومان دەبێت هەر بمرن و بەسزای خۆیان بگەن .

وەك لەمەو بەر بەکورتی باسمان کرد خوای گـەورە فـەرمانی داوە بەپێغەمبـەری خـۆی بەشیرین ترین گفتو گۆ لەگەڵ دوژمنانی خۆی بدویٚ ،بـەجۆری کاربکاتـە سـەر عـەقڵ و

بیریان ، ئەمەش بزانین هەموو گفتوگۆی قورئان لەو بابەتەیە ،بێ باوەڕان بانگ ئەکات و ئەفەرموێ :بیر لە خۆتان و زەوی و ئاسمان بکەنەوە چۆن درووست کراون،بەو کەسانە ئەفەرموێ کە ئەڵێن عیسا کوڕی خوایە چۆن خۆی و دایکی خواردەمەنی ئەخۆن ؟ڕوو ئەکاتە جوولەکەکان و ئەفەرموێ بیری ئەوە بکەنەوە کە تەوراتم بۆ ناردن ڕانومایی و ڕووناکی بۆ ئێوە تێدایە ،چۆنم ڕزگار کردن لە چەوسانەوەی فیرعەون ؟هەتا دێ ، هەڕەشەیان لێدەکات بۆ گوێرە کەکەتان پەرست ؟ کێوی تورم بەسەرتانەوە ڕاوەستان تا بڕوا بەتەورات بکەن ،ئێوە چۆن ئەبێ کوڕی خواو خۆشەویستی خوابن چۆن ئەبێ بەهەشت بەتایبەت هەر بۆ ئێوە بێت .فەرمانی پێ ئەدان و ئەی فەرموو ئەگەر ڕاست ئەکەن لەگفتو گۆی خۆتانا داوای مردن بکەن ئەو کەسەی بڕوای وابێ بەهەشت هەر بۆئەوە داوای مردن دەکات لەخوا،هەتا لەدەست جیهانی پڕ ئاشوب ڕزگار ببێت و بچێتە بەهەشت ،ئەگەر لەو فەموودانەی خوای گەورە ورد بینەوە دەبینین خوای گەورە ئەوپەڕی میهربانی بەکار هێناوە لەگەڵ بەندەکانی خۆی جارێ بەنەرمی ئامۆژگاریان ئەکات و جارێ تر بەتووندی ئێمە ، بێگوومانین کەجوولەکەکان باوەڕیان بەپێغەمبەر نەهێنا بەڕواڵەت ، ئەیان ووت ئێمە بڕوا بەپەیامێ نابەین بۆ ئێمەنەهاتبێ ، بەتەنها لەبەر ڕەگەز پەرستیان نەبوو بەڵکو لەناوەڕۆکدا لەبەر سوودی تایبەتی و مانەوەی سەرۆکایەتیان بوو ،چونکە ئەوان لەسەر دەست بڕین و سود خواردن و بەرەڵایی ئەژیان .پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ ، ئەوانەی غەدەغەکردبوون ئیتر چۆن ئەبێت باوەڕی پێ بهێنن ،بەڵگەش لەسەر ئەوانە ئەومەیە: پێغەمبەرەکانی خۆیانیان ئەکووشت هەرلەبەر سوودی تایبەتی خۆیان ،هەرکەسێ بەوجۆرە بێت گفتوگۆی شیرین کاری تێ ناکا ،بائەوەشمان لەبیر بێت هەربەتەنها ئەوان وانین،بەڵکو هەرکەسێ ئاواتی وابێ سوودی تایبەتی خۆی بپارێزێ بالەناوچوونی دانیشتوانی تر بێ ، وێنەیان وەك جولەکەکان وایە لەهەموو کات و جێگەیەکدا.

قُلْ
مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ
مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ
﴿٩٧﴾ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ
وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٩٨﴾ وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ
إِلَيْكَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۖ وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٩٩﴾
أَوَكُلَّمَا عَٰهَدُوا۟ عَهْدًا نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ
لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٠﴾

هەموو زانایان کەمانای قورئانی پیرۆزیان کردووە فەرموویانە :هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئەو ئایەتانە ئەمەیە : جوولـەکـەکان بەسـەرۆکایەتی عبـدالله کـوری سـوریا کەیەکێکـە لـە مالومە گەورەکانیان پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەو فریشتەیە پەیامت بـۆ دێنێـت چ کەسێکە؟ وەبیستبویان پەیام هاوەر جبرەئیلـە بـەلام بـۆ چەنـە بـازی ئـەوەیان بـەرپا کـرد پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی ئەو فریشتەیە جبرەئیلە ووتیان: دوژمنی ئێمەیە چونکە بـەگرانی و بەجەنگەوە دێتە خوارێ میکائیل بەئاشتی یەوە دێتە خوار ئەگەر میکائیل پەیامی بهێنایە بۆتۆ بڕوامان پێ دەهێنای ئەوان خۆیانیان گێل و شێت کـردووە کینـەو ڕقـی گلاویـان ڕایـانی

ئەکێشا بۆلای ئەو شێتیە ئەگینا بۆ ئەبێت جبریل دوژمنیان بێ ئەو فریشتەیە ،خۆ ئـادەمیزاد نیە هەتا دوژمنیان بێت ،هیچ شتێ بەدەست جیبرەئیل نیەو بەندەی خوایە بێ فـەرمانی خـوا ناکات هەرشتێ خوا بیفەرموێ ئەوشتە بەجێ دێنێ ،بۆیە خوای گەورە بەفورستادەی خـۆی ڕاگەیاند بەجوولەکەکان بلێ ئەو کەسەی دوژمنـی جیبرەئیلـە بـا بمـرێ بـەچاوی گێـل و کینەی خۆیەوە جبرەئیل قورئان ئەخاتە دڵی تۆ لەبەری ئەکەیت و لێی تێ ئەگەی فـەرمانی خوا بۆتۆ ئاسان ئەکات ئەو قورانە بەڕاست ئەگێڕێ ئەو پەیامانـە هاتوونەتـە خـوارەوە بـۆ پێغەمبەرە پێشووەکان ڕانومای کەرە بۆ گوومڕایان و مـوژدە دەرە بـە بەهەشـت لـەڕۆژی دوایدا بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ قل من كان عدواً لجبريل ﴾ محمد تۆ بلێ ئەوکەسەی دوژمنی جبریلە بالـەڕقا بمـرێ هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە ئەو کەسە دوژمنی ئەوبێ بێ باوەڕە .

﴿فإنه نزله على قلبك﴾ دوای بەڕاستی جبرەئیل قورئانی بەسرووشت هێنـاوە بـۆ سـەر دڵی تۆ پارستوویەتی بۆتۆ ، دڵی تۆی والێ کردووە قورئان ببێ بەڕەوشتی تۆ هەتا لەبـەری بکەی وە هۆگری بیت.

﴿ باذن الله ﴾ بەهۆی دەستور و فـەرمانی خـواو ئاسـان کردنـی ، بـەو ڕسـتەیە خـوا هەڕەشە لە جوولەکەکان دەکات لەسەر دوژمنایەتیان بۆ جـبرەئیبل ، ئـەیکات بـە بەڵگـە بەسەریانەوە هەتا بەڵگەیان نەمێنێت چوونکە جبرەئیل بەفەرمانی خوا قورئـانی هێنـاوە نـەك لەلایەن خۆیەوە .

﴿ مصدقاً لِما بين يديه﴾ ئەو قورئان ڕاسـت گـێڕە بـۆ شـتێ لـەپێش خۆیـەوە هاتۆتـە خوارەوە ڕێك و پێکە لەگەڵ ئەونامانە هاتوونەتە خوارەوە بـۆ پێغەمبـەرانی تـر یـەکێ لـەو نامانە تەوراتە.

﴿وهدى وبشرى للمؤمنين﴾ وە ڕانومای کەرە جبرەئیل بۆلای ئاینی ڕاست مـوژدە دەە بۆ باوەڕداران وەڕایان ئەکێشێ بۆلای ڕێگەی ڕاست و سەرکەوتن مرۆڤی ژیر چـۆن واز

لەوانە دێنێ ، فریشتەیە بەو جۆرە بێت دوژمنایەتی ناکرێ بەڵکو ئەبێ خۆشتان بوێ و سوپاسی کردەوەی بکەن بۆ هاوردنە خوارەوەی ئەو قورئانە کەسوودی هەردوو جیهانی تێدایە .

جوولەکەکان لەمەو بەر بەرواڵەت ئاژاوەیان ئەنایەوە ، ڕوویان پێئەکرد بۆلای پێغەمبەر بەتەنها ئەیان ووت پەیام پێویستە بۆ یەکێ لەجوولەکەکان بێت نەك بۆ گەلی عەرەب کاتێ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی دەم کوتیان کردن بەبەڵگەی بێ وەلام ، هیچ یان بۆ نەمایەوەو ، ڕووی ئاژاوەکەیان وەرچەرخان بۆلای جبرەئیل نەك پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بەلام لەناوەرۆکدا وەك باسمان کرد ئاژاوەکەیان نە لەبەر پێغەمبەرو نەلەبەر جبرەئیل ، نەلەبەر عەرەبایەتی و نەلەبەر جوولەکایەتی بوو بەڵکو هەر لەبەر سوودی تایبەتی خۆیان بوو ،چوونکە کار وباریان بلاوکردنەوەی داوێن پیسی و ئارەق فرۆشتن و سود خواردن و شاردنەوەی خواردەمەنی پێویست بۆ دانیشتوان ئەوانەیش قەدەغە کرابوون بۆیە دەستیان کرد بەدرو ڕووی درۆو دەلەسەی پرو پوچ ، خۆیانیان ئەشاردەوە بەو فرو فێلانە.

﴿من کان عدواً لله ﴾ هەرکەسێ دوژمنی خوابێ فەرمانەکانی بەجێ نایەنێ بەو جۆرەی خوا فەرموویەتی گوێڕایەڵی قەدەغە کراوەکان نەبێت و لەپەرستنی خوا دەرچێت .

﴿وملائکته﴾ وەدوژمنی فریشتەکانی خوایش بێ وەبەدرۆ یان بخاتەوە بەو جۆرەی خوا فەرموویەتی کەبێ فەرمانی خوا ناکەن و گوناهیان نەکردووەو نایشی کەن .

﴿ورسله﴾ وە دوژمنی نێردراوەکانی خوا بێت بەدرۆیان بخاتەوە بەدەستی ئەنقەست وەئازاریان بدات .

﴿ وجبریل ومیکال ﴾وە دوژمنی جبرەئیل و میکائیل بن ، جوولەکەکان بەگوێرەی سروشتی خۆیان هەروەك جیاوازیان دروست ئەکرد لەنێو پێغەمبەراندا جیاوازیشیان لەنێو فریشتەکان دروست ئەکرد ئەیان ووت ئێمە دۆستی میکائیل ین بەلام دوژمنی جبرەئیلین .
خوای گەورە بۆیە باسی جبرئیل و میکائیلی بەجیاوازی باس کردووە هەرچەندە

فریشتەکان ئەمانیشی ئەگرتەوە هەتا بۆمانی ڕوون بکاتەوە دوژمنایەتی هەرکامیان بکرێت دوژمنایەتی ئەوی تریشیانە بەبێ جیاوازی دوژمنایەتی جبرەئیل دوژمنایەتی خواو فریشتەکان و فروستادەکان و میکائیلە.

﴿ فإن الله عدوّ للكافِرين﴾ دووایی بەڕاستی خوا دوژمنی بێ باوەڕانەو سزایان ئەدا ئەو کەسانەی دوژمنی جبرەئیل بن یەکێکە لەبێ باوەڕان.

کاتێ عبدالله ی کوڕی سوریا بەپێغەمبەر(ﷺ) ی ووت :ئەی محمد تۆ شتێکی وەهات نەهێناوە ئێمە بیزانین ،ئایەتێکی ڕونت بۆ نەهاتووە هەتا ئێمە دوات بکەوین ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە،فەرمووی :

﴿ ولقد أنزلنا إليك آياتٍ بيِّناتٍ﴾ وە بەڕاستی ئێمە ناردومانەتە خوارەوە بۆلای تۆ چەندین ئایات و بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو بێگومان ، مانای دەرکەوتویان هەیە ،یاساو دەستوری ئیسلامیان تێدایە ،بەدرێژی لەهەموو ڕویەکەوە بۆ هەموو کات و جێگەیەك کاری ڕەواو نارەوای پێ ئەزانرێ .

﴿وما يكفر بها الا الفاسقون ﴾ وە بێ باوەڕنابێ بەو ئایەتانە مەگە کەسانێ لەسنوور لایان دابێ ،ئەوی تۆ هێناوتە گومان وەرناگرێ ، لەڕووی ئەو هەموو بەڵگە ڕوونانە جولەکەکان لەباوەڕ دەرچوون بە باوەڕنەهێنانیان بەپێغەمبەر(ﷺ) جێگەی سەر سوڕمانە ئەو جولەکانە لەڕووی هیچ شتێکا دانامێنن و شەرم لەهیچ شتێ ناکەن ،گوێیان لەهیچ پەیمانێ نیە ،ئەو پەیمانە ئەمڕۆ بیدەن بەتۆ بەیانی تێکی ئەدەن وەك خوا فەرمویەتی :

﴿أو كلما عاهدوا عهدا﴾ ئایا ئێوە بێباوەڕ نەبوون بەو بەڵگە ڕوونانە ، هەمووکاتێ ئەوان بەستبێتیان پەیمانێ کەیارمەتی دوژمنانی ئاین نەدەن پەشیمان ئەبوونەوە وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ نبذهُ فريقٌ منهم ﴾ تێکیان دا بوو تاقمێ لەوان ئەو پەیمانە ، پەیمانەکان بریتی بوون لەیارمەتی نەدانی بت پەرستان باوەڕ بە پێغەمبەر هێنان ﴿ﷺ﴾ پێغەمبەرەکانی خۆیان

نەکوژن . باوەڕیان پێیـهێنن . لـەخوا بترسن ، دوایـی یـاریدەی بـت پەرستانیان ئـەدا ، پێغەمبەریان بەدرۆ دەخستەوە ،پێغەمبـەرەکانی خۆیانیـان کووشـت و بـەدرۆیان خستەوە ،ویستیان عیساو پێغەمبەر بکوژن ، گوێرەکەیان پەرست .

﴿ بل أکثرهم لایؤمنون﴾ بەڵکو زۆربەیان باوەڕناهێنن بەتەورات ،هیچ ئاینێکیان نـەبوو ، تێکدانی پەیمانیان بەگوناە نەئەزانی ، بڕوایان بەخوا نـەهێناو گوێرەکـەیان پەرست ،ئـەو کارانـەی ئـەوان جێگـەی سەرسوڕمان نیـە ،چونکـە خوڕەوشتیانە لەهـەموو کـات و جێگەیە،شەرمیش ناکەن و تەمێ خوار نابن .

بەکورتی تاوانبار ئەتوانێ بەگوێرەی گلاوی خۆی بلێ :من لەسـەر ڕەوام ، خراپـەکار ئەتوانێ داوای چاکە بکات بۆخۆی ،بڕو بیانوو بۆ خراپـەو تاوانـەکانیان بسـازێنن ،بـەپڕو پاگەندە بەرگی ڕەوایان بکەنە بەریان ، بەڵام زۆری پێناچـێ ڕسـوا ئـەبن ،بەڵگـەی ڕوون مێشکی خراپیان ئەپژێنێ ،جێگەی هەڵهاتنیان بۆنامێنێ ،هەروەك جوولەکەکان خوا ئابڕوی بردن بەهۆی درۆی خۆیان و داواکاری پروپوچیـان ،بـەهۆی ناردنـە خـوارەوەی پـەیام و دوژمنایەتی جبرئیل ، لـەم سـەردەمەی ئێمـەدا ئـەبینین کاربەدەستانی ڕووی زەوی داوای ژیانێکی ئاشتی خوازانە ئەکەن ،بژین بەیەکەوە بەبێ جەنگ و ئاژاوە ،ئەیانەوێ گیرو گرفتی نێوان خۆیان و دوژمنەکانیان بەکۆبوونەوەو گرتنی کۆڕو گفتوگۆ کردن .بەڵام لەئـەنجامی تاقی کردنەوەیان لەلایەن مرۆڤانی ژیرەوە فێریان کردووین ووت وویژی جـوان و شـیرین سوودی نیە لەگەڵ ئەو کەسانەدا سوودی تایبەتی خۆیان بوێ و جیاوازیـان لەگـەڵ جگـە لەخۆیان مەبەست بێ بڕواناکرێ سوود پەرستان لەسوودی خۆیان دابـەزن بـەبێ تـرس و بەبێ زۆر.

ژیانی ئاشتی خوازانە پێویستی بەعەقڵی کراوە هەیەو بە ڕەوشتی بەرز هەیە ، ئەوانـە لای مـادە پەرسـتان و خوێـن مـژان و داگـیر کـەران دەسـت ناکـەوێ ،چ بەڵگەیـەك هەیـە چاوچنۆکان و زۆر خۆران قنیات بکات ؟ئەبێژرێ هەردوو لایەنی ڕۆژ ئـاواو ڕۆژ هـەڵات

داوای ژیانێکی هێمن و ئاشتیانە ئەکەن بۆخۆیان و لەناو خۆیاندا .کەچی لەهەمان کاتدا خۆیان پڕچەك ئەکەن بەهەموو جۆرە چەکێ ،لەترسی یەکتری خۆیان بەهێز ئەکەن ، بەلای دانیشتوانەوە کەمترین ژیانی ئاشتیانە ئەمەیە پێك بێن بەکردەوە نەك باواتە وتیە ،هەریەکەیان بەبەلگەی ڕاستەوە بەرەو ئەوی تریان بڕۆن پێیان وابێ هەموو گەلێ خاوەنی مافی خۆیەتی خۆی بۆخۆی کاری خۆی هەلسوڕێنێ ،هیچ گەلێ دەست درێژی بۆگەلێ تر نەکات و مافی زەوت نەکات ،ئەبێ چ کەسێ بێ بەو کارانە هەلسێ ؟بەڕاستی ووتووێژی ئاشتی پەروەری و سەلماندنی مافی یەکتری پێك نایە بەتەواوی بگرە بەکەمو کوڕیش ، هەتا هەموو لایە بڕوا بەماف و ڕاستی نەهێنن ،جێگەی بڕوا نیە ڕانومای بۆلای چاکەو بەهیوای چاکە بی لەکەسێکەوە بڕوای بەجگە لەمافی خۆی نەبێ ،گرنگ نەبێ لای جگە لە سوودی خۆی ،کەواتە ئەبێ بزانرێ بێجگە لەباوەڕو ترسی خوا و بڕوا بەپاشە ڕۆژ و هەست کردن بەسزا و پاداشتی چاکەو خراپە شتێ تر ناتوانێ ببێتە هۆی ژیانێکی ئاشتی خوازانە لەسەر ڕووی ئەم زەویە ،بەبێ لایەن گری بۆ هیچ لایە ئەگەر کەمێ وورد بینەوە بەئاسانی بۆمان ڕوون ئەبێتەوە جگە بەیاسای قورئان ئەو مەبەستانە نایەتە دی.

وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ
مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾

﴿ولما جائهم رسول من عندالله﴾وەکاتێ هات بۆلای جوولەکەکان نێرراوێ لەلایەن خواوە کە محمد ﴿ﷺ﴾ بۆ هەمووئادەمیزاد و جوولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ .

﴿مصدِّقٌ لما معهم﴾ فروستادەیە بەڕاست گێڕ بوبێ بـۆ شـتێ کەلەگـەڵ ئـەوان دابـوو کەتەوراتە لەهـەمـوو ڕوویەکـەوە لـەوەی خوایـە کـەموژدەدەرە بـەهاتنی پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾ بەهەموو شێوازیەوە .

﴿ نبـذ فریـق مـن الذیـن أتـوا الکتـاب کتـاب الله وراءَ ظـهورهم﴾ فڕەیـان دا تاقمـێ لـەکەسانێکی ئەوتۆ درابوو بەوان نامەیە کەتەوراتە ، نامەی خوا کەقورئانە خبرەیان ئەدا بـە ئەودیوی پشتیانەوە و کاریان پێ نەئەکرد .

﴿ کأنهم لایعلمون﴾ وەك ئەوەی ئەوان بەڕاستی ئەونامەیە بەنامـەی خـودای نـەزانن و خۆیانیان گێل ئەکرد. کەچی زۆر بەباشی ئەیانزانی لەلایەن خواوە هاتووە وە محمد نێرراوی خوایـە ، ئـەو باسـانەی پێشـوو ڕابـوورن وەنـەبێ هـەر جوولەکـەکان وابـــن ، بـەڵکو گاورەکانیش هەروەکو ئەوان وان،هەردوولایان نامەکانی خوایــان گـۆڕی ، ئـەو شـتانەی پەیوەندیان بەهاتنی موژدەدانی هاتنی پێغەمبەرەوە بووبێ گۆڕاوە بگرە هــەرمێژدر بەسـەرێ فەرموودەی خوا بگۆڕێ بۆ مەبەستی نارەوای خۆیان ،ئێز رامیاری بێــت یـان ئـابووری و بـەرگری و ڕۆشـنبیری هـەروەك جوولەکـــەکان و گاورەکــان وایــە ؛ لەپاشــە ڕۆژدا بەرپرسیارن، بەسزاو تۆڵەی خۆیان ئەگەن .

وَٱتَّبَعُوا۟ مَا تَتْلُوا۟ ٱلشَّيَـٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَـٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ
سُلَيْمَـٰنُ وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُوا۟ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ
ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَـٰرُوتَ وَمَـٰرُوتَ ۚ
وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ
فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ
وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ
مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ
مَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا۟ بِهِۦٓ
أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾

زۆر بەی زانایان لەگەڵ ڕێزم بۆیاندا ئەو ئایەتەیان بەجۆرێ مانا کردووە ناچێتە مێشکەوە بەگوێرەی دەستوری ئیسلام ، هەندێ لەوزانایانە ناوەڕۆکی مانای ئەو ئایاتەیان بەستووە بەوەوە کە خەو پێدا کەوتنێکی میغناتیسی و کاری کردۆتە سەر مێشك و هەندێ شت ئەگێڕێتەوە بۆ دانیشتوان .هەندێ تریان لەماناکردنی ئەو ئایەتە دوا گفتو گۆی جوولەکەکان کەوتوون .ئەوانە هەموویان تینویەتی دڵی مرۆڤ ناشکێنن ،بەڵکو لەڕیزی

فریشتەکان کەم ئەکاتەوە لەو پڕو پوچانەوە وەرگیراوە پێی ئەوتریٚ ئیسرائیلیات جولەکەکان دروستیان کردوون و ڕازاندویانەتەوە و بلاّویان کردۆتەوە ،گوایە ئەلێن فریشتەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە وتوویژ و باسی ئادەمیزادیان ئەکرد و ئەیان ووت :بۆچی ئادەمیزاد خواپەرستی زۆر ناکەن و گوناهی زۆرئەکەن ؟خوای گەورە ئەفەرمویٚ ئەو سروشتەی ئادەمیزادی لێدروست کراوە ئەگەر لەئێوەیشدا بێت ئەوشتانەی ئەوان ئەیکەن ئێوەش ئەیکەن .فریشتەکان وتیان :ئێمە هەرگیز بیٚ فەرمانی تۆ ناکەین ،خوای گەورە فەرموی کەواتە دوو فریشتە لەنێو خۆتانا هەڵبژێرن ئەیان نێرمە خوارەوە بۆسەر زەوی ،فریشتەکان لەنێو چاکانی خۆیاندا دوو فریشتەیان هەڵبژارد کەناویان (هاروت و ماروت) بون خواناردنی بۆسەر زەوی لەبابل کەشارێکە لەعێراق دا نیشتەجێی کردن بەکورتی دەستیان دایە داوێن پیسی و عارەق خواردنەوە کوشتنی ناڕەوا بەو بۆنەوە خوای گەورە خەشمی لێگرتن ئەوانیش داوای لێبووردنیان لەخوا کرد لەنێو بیرێکدا سەربەرەو خوار هەڵی واسیون هەتا ڕۆژی دوای ئەوفریشتانە پێیان سپێردراوە جادوو بەئادەمیزاد فێربکەن هەرکەسیٚ بچوبایە بۆلایان بۆفێربونی جادوو پێیان ئەوت هەتا بیٚ باوەڕنەبی بەخوا جادووت پیٚ فێرناکەین هەرکەسیٚ بیٚباوەڕی دەربڕیایە جادوویان فێر ئەکرد ئەیان ووت ئێمە بەلاّی خواین ئێوەمان پیٚ تاقی دەکاتەوە جادوو فێرمەبن و کاری پیٚ مەکەن و بیٚباوەڕ مەبن هەتا وەك ئێمەتان لێنەیەت ئەو چیرۆکە ڕاست نیە هەرچەندە زووربەی زانیان باسیان کردووە چونکە فریشتەکان بەوجۆرەی خوا ڕوونی کردۆتەوە بۆمان بیٚ فەرمانی خوا ناکەن ئیتر خوای گەورە بەو هەموو میهرەبانیەوە چۆن فریشتە ئەنێریٚ ئادەمیزاد فێری جادوو بکەن و لەخوا پەرستی لایان بدەن .

جوولەکەکان دژی پێغەمبەر(ﷺ) هەڵسان و تەوراتیان کرد بەبەڵگەی ڕاستی خۆیان کاتیٚ دەرکەوت قورئان و تەورات وەك یەك وان لەزۆرترین فرمانیاندا یەك سەرچاوەیان

هەیە هیچ شتێکیان بۆ نەمایەوە بۆیە ئاژاوەیە تریان سازکرد هەڵیان بەست ڕووی ئاژاوەکەیان ئەم جارە وەرگێڕا بۆلای سولەیمان پێغەمبەر .

زانایان بەسێ جۆر مانای ئەو ئایەتەیان کردووە :

١-﴿واتبعوا ماتتلوا الشياطين على ملك سليمان ﴾جوولەکەکان فڕێیان دایە دوای پشتیان ئەونامەیە دوای شتێکیش کەوتبوون شەیتانەکانی ئادەمیزاد و جنۆکە ئەیان خوێند بەسەر دانیشتوانا بۆ بێ باوەڕ کردنیان لەکاتی پاشایەتی سولەیماندا هەرلەبەر ئەوە بەدرۆ بخەنەوە پێغەمبەر کەئەیفەرموو سولەیمان یەکێکە لەفروستادەکانی خوا بۆیە هەندێ لە مالومەکان ئەیانووت زۆر سەیرە محمد گومانی وایە سولەیمان پێغەمبەرە کەچی پێغەمبەر نەبوە بەڵکو جادوگەر بووە بەوبۆنەوە باڵندەو باو جنۆکەو جڕوجانەوەر هۆگری بووبوون زمانی ئەوانی ئەزانی ئەی خستنە کار بەهۆی جادوەوە کەزۆر بەباشی ئەیزانی جادوویش بێباوەڕییە بەخوا کەواتە جادو گەری بێباوەڕییەسولەیمان یەکێکە لەو بێ باوەڕانە خوای گەورە بەدرۆی خستنەوە و فەرمووی :

﴿ وما كفر سليمان ﴾ وەبێ باوەڕنەبووە بەخوا سولەیمان بەهۆی جادوگەریەوە ،پێغەمبەرە پاك و خاوێنە لەجادوگەری دورە کەواتە ئێوە درۆزنن و بوختان دەکەن .

﴿ولكن الشياطين كفروا ﴾ وەبەڵام شەیتانەکان بێباوەڕبوون کەجولەکەکان لەوانن بەهۆی فێربوونی جادوو فێرکردنی بەدانیشتوان ، هەندێکیان وازیان لەتەورات هێنا دەستیان دایە فێربوونی جادوو نوسینەوەیی و ڕێکخستنی و فێرکردنی بەدانیشتوان .

﴿يعلّمون الناس السحر﴾ وەفێری ئەکەن بەئادەمیزاد جادوو هەروەك خۆیان فێری بوبون وەئەیان ویست گومڕایان بکەن

﴿وما أنزل على الملكين ببابل هاروت وماروت ﴾ وە نەنێراوەتە خوارەوە بۆسەر ئەو دوو فریشتانە جادوو لەبابل دا کەناویان هارووت و مارووتە بەهیچ جۆرە جادوێ .

﴿وما يعلمان من أحد﴾ ئەو فریشتانە فێریش ناکەن بەهیچ کەسێ چونکە جادوویان بۆنەهاتووە بێ فەرمانی خوایش ناکەن هەتا ئادەمیزاد فێری جادوو بکەن و ئامۆژگاریان بکەن وجادوویان لێ قەدەغە بکەن .

﴿ حتى يقولا إنما نحن فتنةٌ فلا تكفر ﴾ هەتا بڵێن بەو کەسە ئێمە تاقی کردنەوەی خواین بۆ ئادەمیزاد و بەڵاین بۆیان کەواتە ئامۆژگاریتان ئەکین فێری جادوو مەبن دوایی تۆبێ باوەڕبێ بەخوا .

﴿ فيتعلمون منهما مايفرقون به بين المرء وزوجه﴾ دواتریش ئادەمیزاد فێربن لەو دوو فریشتانەو شتێ ئەوان جوێ بکەنەوە و بەو شتە نێوان مێرد و ژنەکەی ،وەك هەندێ لە درۆزن و بێباوەران نوشتەی خۆشەویستی ئەنوسن کەژنی مێردار جگە لەمێردەکەی خۆشبوێ بەکوردی پێی ئەڵێن چەورو شیرینی وەئەوانە نەنێراوەتە خوارەوە بۆ ئەو فریشتانە.

﴿وماهم بضارين به من أحد الاّ بإذن الله﴾ وەئەو ئادەمیزادانە زیان لەهیچ کەسێ نادەن بەهۆی جادووەوە مەگەر بەدەستور و فەرمانی خوا .

﴿ويتعلمون مايضرهم ولاينفعهم﴾ وەئادەمیزاد فێرئەبن شتێ زیان لەوان نادات وەسودیان پێناگەیەنێ فێربوونی ئەوشتە ئەمڕۆ و دوارۆژیش .

ئەو چیرۆکە جولەکەکان دروستیان کردووەو لەئەفسانەی خۆیانە ،بەبێ ئەوەی ماف و بنچینەی هەبێ ،بۆیە خوای گەورە بەخەشمەوە بەدرۆیان ئەخاتەوە و ئەفەرموێ :نەهاتۆتە خوارەوە بۆسەر ئەو دوفریشتەیە هیچ شتێك کەواتە ئەو چیرۆکە هەمووی درۆیە دەست هەڵبەستی جولەکەکانە جگە لەپرو پوچ شتی تر نیە وەك إمام فخری رازی ئاماژەی بۆ فەرمووە بەبیرو بۆچونی بەندە ماناکردنی ئەو ئایەتە بەوجۆرەی باسکرا لەڕاستی یەوە نزیکە خواش هەموو شتێ ئەزانێ .

زانای بەناوبانگ ئیبن و عەباس و ڕەبیعەو فەزلی کوڕی حەسەن و محمد ی کوڕی جەریری طبري و عبد الله ی کوڕی محمد ی نەسەفی و ئیسماعیلی کوڕی کەسیرو طنطاوی بەوجۆرە مانای ئەو ئایەتانەیان کردووە لەتەفسیرەکانی خۆیاندا خوایان لیٰ ڕازی بێت .

٢-بەم جۆرەی خوارەوە هەندێ لەزانایانی تر مانای ئەو ئایەتەیان کردووە وەلایان وایە فریشتەکان جادویان بەئادەمیزاد فێر کردووە ئەمەش دەقی ماناکردنەکەیانە {وە جولەکەکان دوای شتێ کوتون کەشەیتانەکان لەکاتی پاشایەتی سولەیمان دا کاریان پێ ئەکرد ئەیان ووت سولەیمان بێ باوەڕ بووە کاری خۆی بەهۆی جادووەوە بەڕێوە بردوە} خوای گەورە فەرمووی (وە سولەیمان بێباوەڕنەبوە و بەلآم شەیتانەکان بێباوەربوون و ئادەمیزادیان فێری جادوو ئەکردو فێری شتێکیان کردبوون هاتۆتە خوارەوەبۆ سەر ئەو دوو فریشتانەی بابل بوون ناویان هاروت و ماروت بون ئەوفریشتانە جادوویان فێری هیچ کەسێ نەئەکرد هەتا نەیان ووتایە ئێمەتاقی کردنەوەی ئادەمیزادین دوای تۆ بێ باوەڕ مەبە بەخوا بەفێربوونی جادوو دوای ئێوە فێری شتێ بن بەهۆی ئەوشتە جیابکەنەوە نێوان مێردو ژنەکەی و ئەو جادوگەرانە زیان لەکەس نادەن مەگەر بەدەستوری خوا فێری شتێ ئەبن زیان بەوان ئەگەیەنێت سوودیان پێناگەیەنێ).

﴿ولقد علموا لمن اشتراه ﴾ وەسوێندم بەخوا بەڕاستی جولەکەکان ئەیانزانی ئەوکەسەی جادوو بۆخۆی هەڵبژێرێ و نامەی خوا بگۆڕێتەوە بەجادووی شەیتانەکان کە قەدەغە کراوە لای خوا .

﴿ماله في الاخرة من خلاق﴾ بۆ ئەو کەسەنیە لەپاشەرۆژدا هیچ بەشێ لەچاکە و ناچێتە بەهەشتەوە چونکە ئەوکاتەی جادووی بۆخۆی هەڵبژارد نرخی بۆخۆی نەهێشت .

بۆئاگاداری :وەنەبێ هەرجوولەکەکان بێ بەش بن لەبەهەشت بەتەنها بەڵکو ئەوکەسانەش دوای پروپوچی وێنەی نوسراوەکانی ﴿ شمس المعارف الكبرى ﴾بکەون و فاڵ

بگرنەوە و دەست بخوێننەوە وەك جوولەکەکان وان بێبەش ئـەبن لەچاکـەی دوارِۆژ ئـەو دەست برە درۆزنانە ئەگەر برِوایان بەخۆیان هەیە بۆ فالێ یان نووشتەیە یاجادویە بۆخۆیـان ناکەن گەرماو تۆزی هاوین و سەرماو سۆڵەی زستان هـەڵیان نـەقرچێنێ پـارەو پـوول لـە دانیشتوان وەرنەگرن و نەیان خەڵێنن بائەمەیشمان لەبیر بێت ئەوکەسـانەی برِوایـان بـەو شتانە هەیە زۆر بەیان نەخوێندەوارو منالّ و ژنو ساویلکەو بێباوەرِەکانن .

﴿ولبئس ماشروا به أنفسهم لو كانوا يعلمون ﴾ وە خراپ شتێکە ئەو کەسانە خۆیانیـان فرۆشتووە بەو شتە .

ئەگەر ئەوان بزانن بەخراپی ئەوشتە و ئەو کارانەکردویانە،وەك پشتیان کردۆتە تەورات و ، فێربوونی کردنی جادوو هەر مرۆڤێ بەزانینی خۆی کار نـەکا وەك ئـەوان وایـە بگـرە ئەوان لەچاویانا نەزان ترن . ئەگەر بمانەوێت لەســەر مانـای ئـەو ئایەتـە برِۆیـن و باسـی ئەفسانەو ئەو پرو پوچانە بکەین جولەکەکان دروستیان کردوون، کات ومـاوەی زۆرمـان پێویستە .بەلاّم بەکورتی جگە لەوماناۑانە ئێمەنوسیومانە دەستکردن و جێگەی باوەرِنین .

٣-چاکترین ماناو لێکۆڵینەوە بۆئەو ئایەتە کرابێت ،و بچێتـە مێشـکەوە رِێـك و پێـك بێت لەگەڵ مانای ئیسلام دا ،زمانی دوژمنانی ئاینی پی ببرِێ ،جێگەی واتـەو ویتـە نـەبێت بەپێی بیرو بۆچونی بەندە ئەم مانایە مامۆستا {جواد مغنیە لەتەفسیرەکەیدا لەنامـەی (النـواة فی الحیاة) دانراوی مامۆستای بەرز (العبیدی) مفتی موسلّ ئەفەرموێت (هەرچەندە لـەمانای ئەوئایەتە وورد ئەبوومەوە ماناکـەیم نەئـەزانی ،مانـاکردنی هیـچ زانایـەك تینویـەتی دلّـمی نەئەشکاند ،بەو جۆرە مانایانە هەریەکەیان دژی ئەوی تریان بوو ،بەجۆرێ مانایان کردبـوو ئەفسانەو پرِو پوچـی جولەکـەکانیان تێکـەلاّو یاسـای بـەرزو پـیرۆزی ئیسـلام کردبـوو، مەبەستی ئایەتەکەم نەئـەزانی بۆیـە وام بینـی خزمـەتی قورئـانی خـوا گرنگـترین پێویسـتی سەرشانم بێت . کەواتە مەبەستی ئایەتکە بـەم مانایـە ی خـوارەوە رِوون ئەکەمـەوە :کاتـێ دەستەلاّتی سولـەیمان پێغەمبەرو پاشایی سولەیمان پەرەیسەند پاشـای، بـابل چـاوی برِیبـووە

سوریاو فلسطین کەداگیریان بکات کەچی لەجیاتی داگیرکردنیان ترسی زۆری لەسولەیمان پەیدا کرد چاری نەما دوو پیاوی زۆر زاناو بلیمەتی بۆ (بیت المقدس) نارد هەتا بەو زانیاریەی خۆیان ئاژاوەو درۆو دەلەسە بلاو، بکەنەوە بەجۆرێکی ژیرانە هەتا ناکۆکی بلاو بکەنەوە لەنێو جوولەکەکاندا پاشایەتی سولەیمان لەق و لۆق بکەن و لەنرخی سولەیمان کەم بکەنەوە ئەو دوو زانایە چوون بۆ قودس بوون بەجولەکە بەڕواڵەت بەفێڵ و فڕ دەستیان دایە پەرستنی خوا وازیان لەڕابواردنی جیهان هێنا بەناوی ئاینەوە خەڵکێکی زۆر لێیان کۆبوونەوە لەنەزان و نەخوێندەواران و نابەڵەدان لە یاسای ئاین کەبەساویلکەیی دوایان کەوتن ئەوانیش ئاواتیان هاتە دی دەستیان کرد بەبلاو کردنەوەی بیرو باوەڕی خراپ ، خستیانە دڵی دانیشتوان ئاژاوە نانەوە بۆسولەیمان ئەیان ووت سوولەیمان باوەڕی بەخوانیەو جادوگەرە ئەودوو زانایە بەڕواڵەت وەك فریشتە وابوون بەلام لەناوەڕۆك دا وەك شەیتان بوون ئەو شتانەی ئەوان ئەیان کرد وەك جادوو وابوو بۆ خەڵتاندنی ئادەمیزاد زۆر جاران بیستومانە بەمرۆڤی چاك ئەبێژرێ فریشتەیە بەمرۆڤی خراپ ئەڵێن شەیتانە }.

هەروەها مامۆستای پایە بەرزو بەرێز العبیدی لەسەر فەرموودەکەی ئەڕوات هەتا ئەفەرموێ:مێژوو بۆمانی گێڕاوەتەوە(بخت النصر) ی پادشای بابل پاش سولەیمان فەلەستینی داگیر کرد (بیت المقدس) ی ڕووخان چوونی ئەو دووپیاوە زانایە کارێکی زۆر گەورەو گرنگی ڕەخساندبوو بۆ ئەوداگیرکردنە ڕێگەو شوێنی بۆساز کردبوو ، کەواتە ڕاناوی ﴿واتبعوا﴾ ئەگەڕێتەوە بۆلای جولەکەکانی مەدینە ،کەلە پێش ئەو ئایەتەوە (٦٢) ئایەت یەك لەدوای یەك لەسەر جولەکەکانی مەدینە هاتۆتە خوارەوە لەدوایش دا ئەگەر لە مانای ئەو ئایەتە وورد بینەوە کە پەیوەندی بەسوولەیمانەوە هەیە زۆر بەووردی لەسەر مانای

﴿ علی ملك ﴾ ڕاوەستین و بۆی داچین بەو هەموو ماناو بەڵگانەوە چوار دەوریان داوە ئەوت بۆئەزانرێ جولەکەکانی مەدینە دەستیان دابوە گێرەشێوێنی و درۆو دەلەسە بۆ پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ پروپاگەندەی تریان بلاو ئەکردەوە لەدژی پێغەمبەر﴿ ﷺ ﴾ هەروەك

جولەکەکانی پێشوو یاریدەی ئەو دووزانا نێراوەی بابل یان دا بۆڕوخاندن و نەهێشتنی دەستەڵاتی سولەیمان لەمەو پاش مانای ئەو ئایەتە ئەکەین بەو جۆرەی مامۆستای پایە بەرز العبیدی موفتی موسڵ کردویێتی ئەفەرموێ :

﴿واتبعوا ماتتلوا الشیاطین ﴾ وە جوەکانی سەردەمی پێغەمبەر دوای شتێ کەوتبون شەیتانەکان ئەیان خوێند ، هەندێ لەو شەیتانانە بوون ئەو دوو مرۆڤە زانایانەی بابل کە خۆیان دەرئەخست بە دەرخستنی پیرۆز، ئەوان لە ناوەرۆکا شەیتان بوون و بێ باوەڕ و دژی توانا و پاشایەتی سولەیمان بوون لە سەردەمی پاشایەتی ئەوا، وەك خودا دەفەرموێت:

﴿ علیملك سلیمان ﴾ یانێ بەڕاستی جولەکەکانی مەدینە فێڵ و درۆیان بەکار دەهێنا لە دژی پێغەمبەر ﴿ ﷺ﴾ هەروەك پێشووکانیان لە جولەکە بەکاریان ئەهێنا لە دژی سولەیمان لە کاتی پاشایەتی سولەیماندا، ئەیان ووت سولەیمان بێ باوەڕە بە خودا و جادووگەرە.

﴿ و ماکفر سلیمان و لکن الشیاطین کفروا﴾ وە سولەیمان بێ باوەڕ نەبوەبەڵکو شەیتانەکان بێ باوەڕ بوون، ئەو شتانەی لە دژی سولەیمان دروستیان کرد بۆ، ئەیاندایە پاڵی سولەیمان، هەموویان درۆ بوون، دەستکردی درۆینەی خۆیان بوو.

﴿ یعلمون الناس السحرَ و ما أنزل علی الملکین ببابل هروتَ وَمَروتَ ﴾ ئادەمیزادیان فێری جادوو شتی پوچ و درۆینەیان ئەکردن و، نەنێراوەتە خوارەوە بۆ سەر ئەو دوو پیاوە زانایانە لە بابلدا کە بە ڕواڵەت خۆیانیان دەرئەخست بە وێنەی فریشتە لە پیرۆزی و پاکیداهیچ شتی فێریان کرابێ لەلایەن خواوە . هاتنە خوارەوە لێرەدابە مانا سروش نییە لەلایەن خوداوە بەڵکو بە مانا فرێدانی شتێکە بخرێتە نێو دڵەوە.

﴿و ما یعلمان من احد حتی یقولا إنّما نَحنُ فِتنة فلا تکفر ﴾ ئەو دوو پیاوە بە ناو فریشتانە ئەیان ووت. بە درۆ و بە دووڕوویی، فێری هیچ کەسێ ناکەین جادوو هەتا نەیان ووتایە: بەڕاستی ئێمە تاقیکردنەوەی خواین، دووایی تۆ بێ باوەڕ بە بە فێربوونی جادو،

هەروەك درۆزنانی دەست بڕی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەست دەکەن بە نوسینی نووشتەی خۆشەویستی و لێ بێزان بڕوایان وایە راستە و کاری خۆی دەکا و ئەڵێن بەو کەسە فێری دەست بڕینیان ئەکەن: تۆ خۆت بپارێزە لەوە کە نوشتە بنوسی بۆ جیا بوونەوەی مێرد و ژنی راستی، یا بۆ خۆشەویستی ژنێ بۆ جگەی مێردی خۆی ، بۆ ئەوە ئادەمیزاد بخەنە گومانەوە کە بەڕاستی زانیاری ئەوان خواییە، پیشەکەیان گیانیە ئەوان نیاز پاکن، هەر وەك هەموو دەست بڕ و مفتە خۆرەکان و نوشتە نوسە درۆزنەکان و فاڵچییەکانی ئەم سەردەمە، خۆیان بە خواپەرست نیشان ئەدەن بە ساویلکەکان.

وە دەستیان ئەبڕن و نامەیان بۆ ئەگرنەوە، نوشتەی دڵداریان وئالۆزیان بۆ ئەنوسن برایارانی موسڵمان: دەستم داوێنتان خۆتانیان لێی بپارێزن و سامانی خۆتانیان مەدەنێ.

﴿ فیتعلمون منهما ما یفرقون به بین المرء و زوجه ﴾ دووایی ئادەمیزاد فێر ئەبوون لەو دوو زانایانە کە خۆیانیان وەك فریشتە دەرئەخست شتێ ئەوان جیا بونەوەی مێرد و ژن لەیەك جوێ بکەنەوە بە هۆی ئەو شتەی، وایان ئەژمارد ئەو جیابوونەوە ئەبێ ، پڕ بەپێستی خۆی وەك ئادەمیزادی درۆزن دەست ئەکەن بە نووسینی نامەی خۆشەویستی و ، ئالۆزی بە گوێرەی گومانی خۆ کاریگەرە.

بە کورتی ئەو ئایەتە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکا کە بەڕاستی بەڵگەنیە لەسەر دابین کردنی کاریگەری جادو یا ناکاریگەری; چونکە ڕستەی پێشوی فەرمودەی خوا فەرماندانێکی بێگومان نییە بۆ دابین بوونی جیابوونەوەی نێوان مێردو ژن لە هەموو ڕوێکەوە، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە فێری شتێ ئەبن دانراوە لەبەر جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتری، ئەوە ناگەیەنێ جیابوونەوەکە ئەبێ.

﴿ و ماهم بضارین به من أحد إلاّ باذن الله ﴾ وە ئەو کەسانە توانای ئەوەیان نییە زیان بدەن لە هیچ کەسێ مەگەر بە دەستور و فەرمانی خوا ، نوشتە و فاڵ و خوێندنەوەی

دەست درۆ یە زیان گەیاندن و سود بەخشی پـەیدا ناکـەن، ئەگـەر توشـی زیـان بـبن بـە ڕێکەوتە و هۆی دەرەوەی بۆ ڕخساوە.

﴿ و یتعلمون ما یضرهم و لا ینفعهم ﴾ وە فیری شتێ ئەبن زیان بە خۆیـان ئەگەیـەنێ و سودیان پێ نابەخشێ کوتومت درۆیە.

﴿ و لقد علموا لمن اشتراه ماله في الآخرة من خلاق ﴾ وە بە ڕراسـتی ئـەوان ئـەزانن کەسێ جادوو درۆ بۆ خۆی هـەڵبژێری لـە ڕۆژی دواییـدا لای خـوا هیـچ بەشـێکی لـە چاکەدانییە.

﴿ و لبئس ما شروا به انفسهم ﴾ وە خراپ شتێکە خۆیانیان بەو شتە فرۆشتووە، شـتی خراپ و پەستیان هەڵبژاردووە بۆ خۆیان (لو کانو یعلمون) ئەگەر بە خراپی خۆیان بزانن.

فەرمودە زانانی پایە بەرز مامۆست (العبیدی) کۆتایی پێ هات، هەموو شتێ هـەر خـوا ئەزانێ، خوا لـە ئێمە و لـە مامۆستا (العبیدی) و هەموو زانایانی موسڵمان خۆشبێ.

بۆ زانین: (الـسحر) یانێ جادوو، مانای چ شتێکە؟ جـادوو شـتێکی ناسـك و نهێنییـە ئادەمیزاد بەکاری ئەهێنێ لەسەر پەت و گوریـس و دار بـۆ دەرخسـتنی کـاری نـاڕەوا و پڕوپوچ و بۆش لـە شـێوەی ڕاسـتیدا، قورئـانی پـرۆز لـە زۆر جێگـەدا باسـی جـادووی کردووە، بە تایبەتی لە باسی موسـا و فیرعـەوندا، جـادوو لـە بـیرو بـاوەڕ و کەلـەپوری ناڕەوای گەلانە لە کۆنەوە.

هەموو کاتێ جێگە بۆ گیانی نادیـاری مـرۆڤ فـراوان کرابـێ، لـە کاروبـاری نـهێنی کۆڵابنەوە، بە بێ فروستادەکانی خودا، دەرگای فراوانیش بۆ جاددوو قڕوفێل کراوەتەوە ، زانایانی ئایینی ئیسلام لەســەر جـادوو نووسـیویانە، وەك ئیبنـو خـەلدوون لـە پێشـەکی مێژوەکەیدا، وە ئیبنو نەدیم لە فیهروستا، فەرموویانە: جــادوو وا ئـەبێ خـاوەنی سـودە و وایش ئەبێ خاوەنی زیانە ئادەمیزاد سودی لێ وەردەگرن، هەروەك توشی زیان ئـەبن پێـی،

بەڵام یاسانووسەکانی ئیسلام و دەستوور دانەرەکانیان لە ڕوی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە بە گشتی فەرمانیانداوە بە قەدەەکردنی جادوو.

بە جۆرێکی کورت ئەکرێ بەم بەشانە خوارەوە، هەرچەندە بەشەکانیان زۆرە:

١-جادوو ماری ئەژدیها و دووپشك گرەکان و دەستەڵاتیان بەسەریانا و ڕام کردنیان، ئەو جادووە بەکار هێنراوە لە ڕۆژهەلاتا بە درێژایی ساڵ هەر لە کۆنەوە، ئێستایش رۆژئاواییەکان بەکاری ئەهێنن بۆ ڕابواردن و کات کوشتن، یا بۆ دوورخستنەوەی جرِوجانەوەری خشۆك لە ئادەمیزاد و ئاژەڵ، مارگرەکانی هیندوستان توانیویانە زاڵ بن بەسەر (کۆبرا)دا کە خراپترین ماری ژەهراویە، ڕامی دەکەن بە هۆی لێدانی زوڕنایەکی تایبەتی، هەروەها توانراوە هەموو مارێکی ژەهراوی بگیرێ بە هۆی جۆرە هاتوچۆی تایبەتی بە شتێکی ڕوناکی دەر لە ڕوی مارەکەدا، هەتا ڕامی دەکەن، هەندێ جار مارەکان دگانیان دەرئەهێنن، هەتا پێیانەوە نەدا، ئەو جۆرە جادووە لە پێشوەکانەوە بۆ ئەمانەی ئێستا ماوەتەوە، هەندێ جاریش مار بەیاری کردن لە گەڵیا ڕام ئەبێ هەتا ماوەیە.

٢- جادوی مرۆڤە بەهێزەکان و پروپاگندە چییەکان بە هۆی چاویانەوە تەماشای ئادەمیزادیان بکردایە توشی زیانیان ئەکردن، وایان دانابوو بیرکردنەوە مرۆڤ لە هەندێ ڕوداودا بە خۆشی و یا بە ناخۆشی کار ئەکاتە سەر مرۆڤ، وەك بیرکدنەوە لە خەفەت و خۆشی و ئارام و ترس و دڵداری کار ئەکاتە سەر مرۆڤ بۆ توشبوونی خەفەت و خۆشی و ئارامی و ترس و پەرستشی دڵدارەکەی. کەواتە دروستە گیانێکی بەهێز و نهێنی لە کەسێکەوە کە وازی لە کاری ئاسایی و ئارەزوی جیهانی هێنابێ بە جۆرێکی ژیرانەی فڕ و فێلبازی کار بکاتە سەر جگەی خۆی و هەڵیان سوڕێنێ بە گوێرەی ویستی خۆی، ئەو جۆرە کارانە لە کەسانێ ئەوەشێنەوە جادووگەرن و مێشکی ئادەمیزاد تێك ئەدەن، هەندێ جاریش ئەڵێن: ئێمە مرۆڤی خواین و بە ناوی گەورەی خواڤ جنۆکە ڕام ئەکەین و مل کەچمان ئەبن، مرۆڤی ساویلکە ترسیان لێی پەیدا ئەبێ و بڕوایان پێ ئەکەن کاری

نارِەوایان پیٚ ئەکەن و دەستیان ئەبرِن، پـارە و پولیـان لیـی ئەکیٚشـیٚتەوە، خۆیانیـان لیـی ئەگۆرِن بە هۆی جۆرە بەرگیٚکەوە، ریشی تایبەتی و میکیـاج و دیکـۆری شـیاو ئارایشـتی دەست کرد بۆ خەلّەتاندنی مرۆڤی ساویلکە ئـەو کەسـانە ئەبنـە جیٚگـەی خـەشمی خـوای گەورە.

٣-جادوی کلدانییەکان لە کۆنەوە، کە ئەوانە ئەستیٚرە پەرست بوون، گومانیان وابـو ئەسـتیٚرە سـەرچاوی نەگبـەتی و بـەختیارین، لـە جادووەکانیانـا بخـور دەیـان ئەسـوتان و دووکەلّیان ئەکرد، جۆرە پۆشاکیٚکیان ئەپۆشا بە گومانی خۆیان شیاوبووایە لەگەلّ رِەنگـی ئەستیٚرەکان، بەو بۆنەوە کاری نائاساییان ئەکرد.

تیٚبینی: جادووگەر ئەو شتەی نیشانی ئەدا بە رِوالّەتە و بە فـیٚربوونی هـەندیٚ کـارە بـە هۆی پەلەکردنی دەستی، لـە نـاوەرِۆکدا درۆیـە و ئـەو شـتە وانییـە، بـەلاّم موعجـیزەی پیٚغەمبەران و کەراماتی دۆستانی خوا ئەوەی بە رِووالّەت نیشان ئەدریٚ لــە ناوەرِۆکیشـدا ئەو شتەیە.

٤- جادوی ئەو کەسانەی داوای یارمەتی ئەکەن لە گیان لەبـەری سـەر زەوی، وەك جنۆکە ئەو جۆرە جادووە بەهیٚزترین جۆری جادووە، بۆ پرِوپاگـەندە چییـەکان و بـۆش و پوچ پەرستان لەم سەردەمەی ئیٚمەدا باوی هەر ماوە.

٥- جادووی ئـەو کەسـانە، چـەندین کەرەسـەی هـاتوچۆ پیٚکـراو لەیـەك ئـەدەن بـە شیٚوەیەکی ئەندازیارانە و هونەری سەرسورِیٚنەر لە زانستی کیمیادا، وەك ئاگری فسفۆر لە نیٚو ئاودا نیشان بە ئادەمیزاد ئەدەن، وایان پیشان ئـەدەن ئـاگر لـە ئـاودا بـەکار ئـەهیٚنن و ناکوژیٚتەوە، ئەوریشمی بەردی چلّکن لەسەر ئاگر دائەنیٚن و ناسوتیٚ و خاویٚنیش ئەبیٚتەوە، بەو بۆنەوە ساویلکەکان ئەخەلّەتیٚنن، ئەو شتاە بە هۆیهیٚزیٚکی نـهیٚنی هـەر بـۆ ئـەوان رِام دەبن.

٦- جادووی هاتووچۆکەرانی دڵ یس لە نێو ئادەمیزادا، بە هەڵبەستنی کاری ناڕەوا و دەستکرد بۆ تێکدانی نێوانیان بە جۆرێکی نهێنی و زۆڵانە، هەتا ئاژاوە دروست ئەبێ لە نێوانیانا وە دەست ئەکەن بە کوشتن و لێدانی یەکتری، بە بێ هۆی زانراو، بە خۆیان نازانن وا ئەزانن هەریەکەیان خۆیان لەسەر ڕەوان، لە ئەنجامدا بە دەیان کوژراو و سەرشکاویان لێ پەیدا ئەبێ، بە هەزاران دۆست ئەبن بە دوژمنی یەکتری.

جادوو جۆری زۆرە ناتوانین هەموویان باس بکەین ، مرۆڤی ژیر و ئایین پەروەر و ئاگادار لە یاسای قورئان و فورمودەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بە ئاسانی ئەتوانن خۆیانیان لێی بپاریزن، هەندێ تر لە جادوگەر هەن ئەوانە زیانیان لە هەمووان زۆرترە، کەسانێ هەن نوشتە ئەنووسن و هەندێ لە قورئانی پیرۆز بە خوێن ئەنوسنەوە لە خوێنی گیانداری کە لە کەسانی ساوپلکە داوای ئەکەن و سەری ئەبڕن، بە گومانی خۆیان لە ڕێگەی خوادا بەکاری ئەهێنن و بخۆریش ئەسوتێنن، زۆر سەیرە زۆربەی ئەو کەسانە نوێژ و ڕۆژ و فەرمانی خوا بەجێ نایەرن، بە گومانی پیسی خۆیان بەو نوشتەیەوە بە یاریدانی جنۆکەکان دەردەداران و فێداریان چاك ئەکەنەوە، زۆربەی ئەو کەسانە ئەچنە لای ئەو دەست ڕانە بریتین لە ژن و نەخوێنەوار و بێ باوەڕان بە ئایین، ئەو کەسانە هەموویان بە جادووگەران و نوشتە بۆ نووسراوان بێ باوەڕانەوە ئیسلام لەوانەوە دوورە .

بۆ زانین: فەرمانی ئایینی ئیسلام بە بێ جیاوازی لە هەموو کۆمەڵ و خاوەن بیریان بە گوێرەی دەرهێنانی بیرەکەیان لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەم جۆرەی خوارەوەیە: بە لای پێشەوا ئەبی حەنیفەو پێشەوایان مالیك و ئەحمەد جادوو بێ باوەڕیەو جادووگەرە بە موسڵمان دانانرێ، هەندێ لە زانایانی سەر بە ئەبوحەنیفە ئەڵێن: ئەگەر فێری جادوو بێ بۆ ئەوە خۆی بپارێزی لە جادووگەران و ئەنجامی جادووەکەیان و خۆیانی لێی دورخاتەوە بە فێربوونی بێ باوەڕ نابێ، بەلای هەموویانەوە کەسێ بڕوای وابێ جادوو لە خۆ یا دروستە یا سود بەخشە بە بێ باوەڕ دائەنرێ.

پێشەوا شافعی ئەفەرموێ: ئەگەر کەسێ فێری جادوو بو داوای لێ ئەکرێ : ئەو جادووەی خۆیمان بۆ ڕوون بکەرەوە، ئەگەر بێباوەڕی تێدا بوو، وەك ئەوەی ئەستێرەکان ئەتوانن هەموو شتێ بکەن، یا کاری ناڕەوا بەڕەوا دابنێت، ئەگەر ئاوا بوو ئەو کەسە بە بێ باوەڕ دائەنرێ، ئەگەر وانەبوو بەبێ باوەڕ دانانرێ، مەگەر بڵێ: فێربوونی جادوو دروستە، جادووگەر بە جادووەکەی مرۆڤی کوشت ئەکوژرێتەوە، ئەوەی جێگەی باوەڕ بێ جادووگەر پەشیمان بوونەووەی لێ وەرئەگیرێ.

نوشتە ئەگەر ئەخوێنرایەوە و ماناەی ئەزانرا و، بۆ کارێکی ڕەوا نوسرابوو دروستە، هەرچەندە واچاکە نوشتە نەنوسرێ، چەنکە نە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾، وە نەهاوڕێکانی نەیان نوسیوە و، فەرمانیان نەداوە، بەڵام بە دڵ پاڕانەوە بۆ دەردەداران و داواکەران دروستە، و لەو جۆرەیە کە ئەگێڕرێتەوە لە هەندێ هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کە چەندین سەر مەڕیان لە مرۆڤێ وەرگرت کە دووپشك پێوەدا بوو بۆ ڕزگاربوونی لە ئازار و نەخۆشی ڕوداوەکەیان بردە خزمەت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرموی: دروستە، ئەویش بە پاڕانەوە بو نەك بە نووسین، ئەگەر مانای نوشتەکە نەئەزانرا، یا نەئەخوێنرایەوە، یا بۆ کارێکی ناڕەوا نوسرابوو، وەك چەورو شیرینی بۆ جوتبوونی دوو کەسی لەیەك قەدەغەکراو، ئەوەیان دروست نیەە، بڕواپێ بوونی بێباوەڕییە، پەشیمان بوونەوەی لێی وەرئەگیرێ وەك جادووگەر.

بەستنی ژن و پیاو لە یەکتری، فوکردن بە گرێدا بۆ ئەو مەبەستە، یا بۆ هەر مەبەستێ بێ، بنچینەی ڕاستی نییە بەڕاست دانانرێ، هەروەك گومان بردن بۆ جوت کردنی دوو کەسی لە یەك قەدەغە، وە یا پچڕانی مێرد و ژن، ڕاکێشانی فریشتە و جنۆکە بۆ کاری نهێنی و چاککردنەوەی فێدار، ئەوانە هەموویان قەدەغەن، بە دروست زانینیان بێ باوەڕییە.

بەڵام پاڕانەوە لە خوا بۆ ڕزگار کردنی نەخۆشان و دەردەداران، بۆ ئەو کەسانەی توشی کاری نالەبار بوون، ئەوانە هەموویان ڕاستن و خاوەن بەڵگەن، بە تایبەتی پاڕانەوەی

مرۆڤ بۆ خۆی لە خوای گەورە، بۆ کاری ڕەوا و نەهێشتنی هەموو ڕوداوێ هەلگرتنی گرانیێ، بۆ ئاسانکردنی کاروباری، ئەوانە هەموویان ڕاستن، وەك خوا ئەفەرموێ: (فاني قريب اجيب دعوة الداعي اذا دعان) بە ڕاستی من نزیکم لێتانەوە، من وەڵامی داواکاریی داواکەران ئەدەمەوە، هەر وەك خوێندنی قورئان و فوکردن بە دەستا لە کاتی خوێندنی هەندێ ئایەتا دروستە و خاوەنی بەڵگەیە.

پاش ئەوەی خوای گەورە خراپەی جولەکەکانی ژمارد و بە درۆ و دەلەسەیان لە دژی پێغەمبەر ڕون کردەوە فەرمووی: بێباوەڕی و لاساری ناگاتە فریاتان، ئەفەرموێ:

وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟
وَٱتَّقَوْا۟ لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌ ۖ لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ
﴿١٠٣﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقُولُوا۟ رَٰعِنَا وَقُولُوا۟
ٱنظُرْنَا وَٱسْمَعُوا۟ ۗ وَلِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾
مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ
أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ
بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٠٥﴾

﴿ و لو انهم امنوا ﴾ وە بەڕاستی ئەگەر جولەکەکان باوەڕیان بهێنایە بە قورئان و پێغەمبەر، بەو جۆرەی تەورات فەرمانی پێدابون لە خۆشیدا ئەبون و بە خۆشی ئەژیان و ئەحەسانەوە.

﴿ واتقوا ﴾ وە خۆیانیان لە جادووگەری بپارێزایە، وازیان لە تەورات نەهێنایە، دوای جادووگەران نەکەوتنایە و بێ باوەڕ نەبوایە بە جادوکردنیان بۆ تێکدانی نێوان ژن و مێرد.

﴿ لمثوبة من عند الله خير﴾ بە ڕاستی پاداشتێ لە لایەنی خوا چاکترە لە هەموو شتێ، چونکە بەردەوامە پاداشتی خودا.

﴿ لو کانوا یعلمون ﴾ ئەگەر ئەوان بیزانن و باوەڕیان بەو پاداشتە ببوایە، بەلام نەیانزانی و بڕوایان پێ نەکرد ، یانێ ئەگەر بڕوایان بهێنایەو ، خۆیانیان بپاریزایە پاداشتیان ئەدرایەوە لە لای خوا کەچاکتر بو لەوەی خۆیانیان پێ فرشت، بە پایە و پلەی بەرز ئەگەیشتن، ئەو ئایەتە ئەو کەسانە ئەگرێتەوە فێری جادوو ئەبوون لەو فریشتانە بە ڕوالەت فریشتە بوون. ئەوانەیش ئەگرێتە دووای ئەو پڕو پوچانە کەوتبوون کە شەیتانەکان ئەیان گێرایەوە لە کاتی پاشایەتی سولەیمان، وازیان لە تەورات هێنابوو، دووای فڕو فێلی ئەوان کەوتبوون.

کاتێ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ موسلمانانی فێری یاساو فەرمانی خوا ئەکرد، ئەیان ووت بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ (راعنا) یانێ چاوەڕووانی ئێمە بکە و لەسەر خۆبە لەگەڵمان لە کاتی فێرکردنمان هەتا لێی تێبگەین جولەکەکان کە ئەوەیان بیست، بە هەلیان زانی ئەو ووشەیە بەکار بێنن بۆ گالتە پێ کردن بە پێغەمبەر وە پێ بکەن، زۆر جاران ڕویان ئەکردە پیغەمبەر و ئەیان ووت: (راعینا) ئەو ووشەیە بە زمانی عیبری یانی نەفام، مەبەستیان ئەوە بو نەفامی بدەنە پاڵ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ سەعدی کوڕی عوبادە ئەو وشەیە بە زۆری لە جولەکەکانەوە ئەبیست، لە مەبەستەکەیان تێگەیشت، بە جولەکەکانی ووت: ئەی هووژمنانی خوا : یاخوا نەعلەتی خواتان لێ بێ، سوێند بەو کەسەی منی بە دەستە لە هەر

کەسێکتان ئەو ڕستەیە ببیسم و بڵێن: بە پێغەمبەر ئەدەم لە گەردنتان، جولەکەکان ووتیان: ئەی بۆ ئێوە خۆتان ئەیڵێن: بۆیــە خــوای گــەورە وتنــی ئــەو ڕستەیەی قەدەغــە کــرد لــە موسڵمانان فەرموی: لە جیاتی (راعنا) بڵێن: (أنظرنا) هەتا ئەو تاوانجە دوور بخرێتەوە، بۆیە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە. فەرمووی:

﴿ یا ایها الذین امنوا﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە بە پێغەمبەر و بە قورئان.

﴿ لا تقولوا راعنا﴾ ئێوە مەڵێن لە کــاتی کفوگــۆ کردنتــان لەگــەڵ پێغەمبــەر ﴿ﷺ﴾ (راعنا) واتە چاودێریمان بکە، نەك بەو ڕستەیەی ڕێگە بۆ تاوانجی جولەکەکان بکرێتەوە.

﴿ و قولوا انظرنا﴾ وە ئێوە بڵێن: تۆ تەماشای ئێمە بکە و لەســەر خــۆ بــە لەگــەڵمان، هەتا ڕزگارتان بێ لە تاوانجی جولەکەکان، ڕستەی (راعنا) وە (انظرنا) لە زمانی عــەرەبیدا مانایان یەکە، بەڵام بە ڕستەی (انظرنا) جولەکەکان دەم کوت ئەبن و بۆیان جوت نابێ ئەو هەڵوێستە نارەوایە بەکاربهێنن.

﴿ واسمعوا ﴾ وە ئێوە گوێ بگرن و فەرمودەی خوا بە باشی وەربگرن و بە جێــی بێنــن و مەڵێن : (راعنا) هەتا سەر نەکێشێ بۆ لای جنێودان بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕێــزی پێغەمبــەر بگرن و شیرینترین ووشەی بۆ بەکار بهێنن، چاکترین مانای بۆ هەڵبژێرن.

﴿ و للکافرین عذاب الیم ﴾ وە بۆ بێباوەڕان هەیە سزای ئازاردەر لــە پاشاڕۆژدا. بە تایبەتی بۆ ئەو جولەکانە لاقریتان بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەکرد.

بۆ ئاگاداری: یەکەمین بانگکردن لەم ســورەتەدا بــۆ هــەموو ئــادەمیزاد بــۆ لای ئــاینی ئیسلام و پەرستنی خوا، فەرموی: (یاایها الناس اعبدوا ربکم الذي خلقکم) ئەی ئــادەمیزاد ئێوە بپەرستن پەروەردەکەری ئەو تۆی خۆتان ئێوەی دروست کردووە.

دوو هەمین بانگ بۆ کوڕانــی ئیســرائیل بــو کــە گــەورەترین هۆزبــون، گاورەکــانیش لەوانبوون، فەرمووی بەوان بیریانی خســتەوە لــە چەوســانەوە ڕزگــاری کــردن، چاکــەی

زۆری لەگەڵ کردن، فەرموی: (یـا بـني اسـرائیل اذکـروا نعمـتي علیکـم) ئـەی کوڕانـی ئیسرائیل بیری من بکەنەوە بە بەخشینم بە ئێوە و ڕازاندم بەسەرتانا چاکەی خۆم.

سێهەمین بانگ بۆ ئۆمەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کە لەم ئایەتەدا بانگیان و ئەفەرموێ: (یاأیها الذین امنوا لا تقولـوا راعنـا) بـەو ئایەتـە بانگیـان ئـەکا و موسـڵمانان فـێری دەسـتوری ئیسلامیان ئەکا، فێری چۆنیەتی موسڵمان بونیان و باوەڕ هێنانیان ئەکا.

ئەو سێ بانگ کردنە بەو جۆرە شتێکی سروشتی و ئاساییە ، ڕێـك و پێکـە بـۆ بـانگ کردنیئادەمیزاد ، ئەبێ هەروایشبێ ، یەکەمین جـار بـۆ ئـادەمیزاد دووهـەم جـار بـۆ ئـەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە بەزیندووبونەوە بانگ بکرێن و بیریان بخاتەوە ئەو چاکەو ڕێـزەی خوا لـەگەڵیانی کردووە ، سێهەم جار بانگی ئەوانە بکرێدوایی باوەڕیان هێناوە دەسـتوری خوایان پێ فێربکرێ ، ئەوانەیش کەبە و جۆرە دارژاون لەخۆش خوانیەکانی قورئانی پیرۆز کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەست پێ بکرێ .

لەو ئایەتەوە (٢) دوو فەرمانی گەورەمان بۆ دەرئەهێنرێ ، پێویستە بەجێیان بهێنین :

١- خۆمان بپارێزین لەتاوانج گرتنە ئادەمیزاد بەئاشکرا و بەنهێنی و بەهەر شێوەیە بێ ، مەگەر سودێکی پێویستی ئایینی پاڵمان پێوە بنێ بۆ ئــەو توانجـە ، بۆیـە پێغەمـەر ﴿ ﷺ ﴾ فەرموی : موسوڵمان ئەوەیە موسوڵمانان لەدەسـت و لـەزمانی ڕزگـار و حەسـاوە بـن و لەزیانیان نەترسن وتاوانجی قەدەغەیان نەگرنە خۆیان و ناموسیان .

٢- پێویستە هەموو ڕێگەیە ببەستین لەواتەووتەی نارەوای وا مەترسی لێ بکـرێ ، بـەو هۆیەوە تووشی شتێکی قەدەغە لێکـراو بـین ، بۆیـە خـوای گـەورە ئەفـەرموێ لەئایـەتی (١٠٨) سەدوهەشت لەسـورەتی ئەلئـەنعامدا ﴿ وَلا تَسـبوا الذیـن یَدْعـونَ مِنْ دُونِ اللهِ فَیَسبوا اللهَ عدواً بِغَیرِ عِلمٍ ﴾ ئێوە جنێو مەدەن بەو کەسانەی ئەوتۆ جگەی خوا ئەپەرستن ، توانج بگرنە خوداکانیان ، دوایی ئەوان جنێو بدەن بەخوا بەستەم و دوژمنانە بەبێ زانـین و دانش ، هەموو ڕێگەیە بگیرێ لەوانە لەلای گـۆڕی پێغەمـەران و پیـاو چاکانیـاندا نوێـژو

خواپەرستی ئەکەن . نـەوەك ڕۆژێ لـەڕۆژان سـەر بکێشـێ بـۆلای پەرسـتنیان و گـەڕان بەدەوریانا ، دارو بەردەکەی ماچی بکەن ، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئەفـەرموێ : { إشـتد غضـب الله علی قومٍ اتخذوا قبور أنبیائهم وصالحهم مساجد } توند و سەختە خـەشمی خـوا لەسـەر کۆمەڵێ گۆڕی پێغەمـەرەکانیان و پیـاو چاکـەکانیان بکـەن بەمزگەوتـەکان بـۆ پەرسـتنی لەناویانا . پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێ { اللهم لا تجعل قـبري وثنـا یعبـد }ئـەی خوایـە تـۆ گۆڕی من مەکە بە بت بپەرسترێ .

هەندێ لەجولەکەکان دۆستایەتی و خۆشەویستی خۆیانیان دەرئەبڕی بـۆ موسـوڵمانان ئەوانیش بڕوایان پێ ئەکردن ، وایان ئەزانی ڕاست ئەکەن و چاکە ئەمانیان ئەوێ ، خـوای گەورە نهێنی پیسی دڵیانی دەربڕی ، درۆکانیانی دەرخست کە خۆیانیان پێوە ئـەنوان کـە ڕق و کینە تێکەڵاوی دڵیان بووە ئەفەرموێ :

﴿ مایَوَدُّ الَّذینَ کفروا مِنْ اَهلِ الکِتابِ وَلا المشـرکین ﴾ پێیـان خـۆش نیـە کەسـانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە لەخاوەن نامـەکان لەجولەکـە وگـاوور ، پێیـان خـۆش نیـە ئـەو کەسانەی هاوبەشی بۆ خودا ئەنێن .

﴿ أنْ یَنزل عِلَیکُم من خیر من ربکم ﴾ کـە بنێردرێتـە خـوارەوە بەسـەر ئێـوەدا هیـچ چاکەیە لەلایەن پەروەردەکەری خۆتانەوە ، ئەیانـەوێ ئێـوە تووشـی چاکـە نـەبن ، پێیـان ناخۆشە پەیامی خوا بۆ ئێوە بێتە خوارەوە ، ئەو ئایەتە بەڵگەی ڕونە لەسەر ئـەوەی خـوای گەورە قەدەغەی کردوە کە موسوڵمانان بڕوا بەدوژمنی خۆیان بکەن ، گوێیان لێ نەگرن ، ئامۆژگاریان لێ وەرنەگرن ، هەر شـتێ ئـەوان بیلێـن فڕوفێڵـە شـتێکی سەرسـوڕێنەر نیـە جووولەکە و گاور و بت پەرست دووڕوەکان و دوژمنانی ئاینمان لایان ناخۆشبێ قورئـان بێتە خوارەوە بۆ پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ ، بەتایبەتی لەلایەن خوای گەورەوە ڕێـزی لێ بگـیرێ و ڕێزبدا بەموسوڵمانان و ڕانمویان بکا . هەروەك خوێن مژان و و داگیرکەرانی ئەم سەردەمە

پێیان ناخۆشە گەلانی ژێردەستەیان بەرەو پێش کەوتن بڕۆن و ڕزگاریان ببێ و فێری زانین و زانست وپیشەسازی بن .

﴿والله يختص برحمته من يشاء﴾ وە خوا جوێ ئەکاتەوە بۆ پێغەمەرایێتی خۆی هەرکەسێ ئارەزۆی هەبێ، هەڵی ئەبژێرێ و ئەیکا بە پێغەمەر و قورئانی بۆ ئەنێرێ، ئەو کەسەیش موحەممەدە. جگەی خوا مافی ئەوەی‌نیە سروەش بەنێرێ بۆ کەسێ خۆی ئارەزۆی هەبێ.

﴿والله ذو الفضل العظيم﴾ وە خوا خاوەنی گەورەیی و ڕێز و چاکە کردنە، هەرکەسێ خۆی هەڵی بژێرێ و ئەیکابە پێغەمەر، هەرکەسێ نەکا بە پێغەمەر لەبەر ئەوە نی‌یە بێ دەسەڵاتە بەڵکو ئەوەی خوا ئەیزانێ کەسی تر نایزانێ.

جولەکەکان گومانیان وابو پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمان ئەدا بەهاوەڵەکانی بەفەرمانێ کەچی لە دووایدا قەدەغەی ئەکا و فەرمانیان پێ ئەدا بەدژی فەرمانی پێشو، ئەمرۆ شتێ ئەڵێ وە بەیانی لێ‌ی پەشیمان ئەبێتەوە. کەواتە قورئان خۆی دروستی ئەکا، بۆیە هەندێکی بە پێچەوانەی هەندێ تریەتی، خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە، فەرموی:

مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ أَوْ مِثْلِهَآ ۗ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٠٧﴾

﴿مانـنسخ من آيةٍ ﴾ ئەگەر ئێمە بگۆڕین فەرمان و مەبەستی ئایەتێ لە ئایەتەکانی قورئان لەبەر بەرژەوەندی و سودی موسڵمانان.

﴿أو ننسها﴾ یـان مانـاو مەبەسـتی ئایـەتێ لـەبیری مومسـڵمانان ببینـەوە و واز لــە ناوەڕۆکەکەی بهێن، یا واز لە ناردنە خوارەوەی ئایەتێ بهێنین بۆلای کاتێکی تر.

﴿نأت بخير منها﴾ ئێمە ئەهێنین ئایەتێ تر چاکتر بێ لەوەی پێشـو، ئاسـانتر بـێ لەسـەر ئێوە، سود و پاداشتی زۆرتـرە بـۆ ئێـوە، واتـە هـەمویان چـاکن. بـەڵام سـود و پاداشـتی یەکێکیان چاکترە.

﴿أو مثلها﴾ یا ئەهێنین وێنەی ئەو ئایەتە لە سود و پاداشتا، بەڵام پێغەمەر و موسـڵمانان وایـان پـێ چاکـە بگـۆڕرێ وەك گۆڕینـی ڕووانگـەی نوێـژ لـەکاتی کردنـی نوێـژ لــە بەیتولموقەدەسەوە بۆلای بەیتولحەرام لەمەکە. یانێ خوای گەورە فەرمانێ ئەکا بەدەستور بـۆ موسڵمانان بۆ ماوەیەکە زۆر پێویستیان بەو فەرمانە هەیە، لەدواییدا موسڵمانان پێویسـتیان بەو فەرمانانە نامێنێ خوای گەورە ئەی گـۆڕێ بۆیـان بـۆ کـارێ تـر لەبـەر بـەرژەوەندی موسڵمانان ، هەروەك پزیشکێ وای بەچاك ئەزانێ کە نەخۆشی بۆ ماوەیە گۆشت نــەخوا، وایشی بەچاك ئەزانێ بیروبۆچونی خـۆی بـەو نەخۆشـە نـەڵێ و مـاوەی قەدەغـە کردنـی خواردنی بۆ دیاری ئەکا، پاش ڕۆیشـتنی حەفتەیـە قەدەغەکردنەکـەی لەسـەر هەڵئـەگرێ هەردوو لایان لەبەرژەوەندی نەخۆشەکەیە، ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن بـۆ گۆڕینـی فەرمانی ئایەتێ بۆلای فەرمانێ ئایەتێ تر لە بەرژەوەندی ئاتدەمیزاد:

١-خوا پێویستی کرد بۆ شەو نوێژ لەسـەر بـاوەڕداران مەگـەر کـەمێ لەشـەو نـەبێ، خوای گەورە ئەو فەرمانەی گۆڕی بۆلای سونەت بۆ ئاسان کردنی سەرشانیان و لابردنــی قورسایی لەسەریان، بەبێ دیاری کردنی ماوە بۆیان، وە شەو نوێژ بکەن بە گوێرەی توانای خۆیان.

٢- پێویست کردنی (٣) سێ ڕۆژ ڕۆژو گرتن لە هەمو مانگیا خوای گورە گۆڕی بـە ڕۆژو گرتنی مانگی ڕەمەزان سەرانسەر لەبەر زۆری پاداشتی ڕۆژوی ڕەمەزان، هەرچـەندە گرانترە. گۆڕینی فەرمانی خوا بۆ فەرمانێ تر وەنەبێ هــەر بـۆ ئۆمـەتی پێغەمـەری ئیسـلام

بوبێ. بەڵکو لە ئاینی پێغەمەرە پێشوەکانیشا هەبوە، وەك دروستبونی مارەکردنی خوشك بۆ برا لەسەردەمی یاسای ئادەمدا، قەدەغەکردنی لەیاسای پێغەمبەرەکانی تردا. هەروەها فەرماندانی موسا بە کوشتنی گوێرەکە پەرستان، لەدوایدا ئەو فەرمانە گوڕرا بە نەکوشتنیان. فەرماندانی بە ئیبراهیم بە سەربڕینی کوڕەکەی، دووایی قەدەغەکرا.

بائەمەیشمان لەبیربێ (النخ) یانێ گۆڕینی پەرستنێ بۆ جۆرەپەرستنێ تر، گۆڕینی فەرمانێ بۆ فەرمانێ تر لەبەر بەرژەوەندی و سودی ئادەمیزادە، بەگوێرەی کات و پێویست میهرەبانی خوایە بۆ بەندەکانی... بە پێچەوانەی (البداء) یانێ خوا بڕیاری کردنی شتێ ئەداو کەچی واز لەکردنی ئەهێنێ، ئەو جۆرە کارە ناڕەوایە پێویستە نەدرێتە پاڵ خوای گەورە، جگە لە سەر شۆڕی و ڕوو ڕەشی هیچ شتێ تر بۆ جولەکەکان و شاگردەکانیان نامێنێتەوە.

گۆڕینی فەرمانی خوا لای زۆربەی موسڵمانان دروستە بە گوێرەی ئەقڵ، لەقورئاندا بیستراوە، نمونەی هەیە، بە پێچەوانەی جولەکەکان ئەڵێن: بە هیچ جۆرێ دروست نیە، بەلای ئەبو موسلیمی ئەسفەهانیەوە گۆڕین لە قورئاندا نیە، هەرچەندە دروستە.

بۆ ئاگاداری: مامۆستا موستەفا مەراغی لە تەفسیرەکەی خۆیا لە مامۆستاکەیەوە ئیبن و عەبدە ئەگێڕێتەوە، ووشەی (آیة) لەو ئایەتەدا موعجزەی پێغەمبەرانە، وەمانای ئەم ئایەتە بەم جۆرە ئەکا: (خوای گەورە موعجزەیە ئەبەخشێبە پێغەمبەرێ لە پێغەمەران، لە پاشا ئەو موعجیزەیە لەو پێغەمەرە ئەسەنێتەوە و ئەیدا بە پێغەمەرێ تر) ئەو مانا هەرچەندە لە ناوەڕۆکا ڕاستە. بەڵام داڕژاندنی ئایەتە کە پاڵی پێوە ئەنێ و بەڕاستی ناژمێرێ، ئەوەی جێگەی باوەڕبێ لە فەرمودەی هەمو هاوڕێکانی پێغەمەرەوە زۆربەی زانایانی تر، بەتایبەت ئیبنو عەباس و ئیبنو مەسعود فەەرمویانە (النسخ) یانێ گۆڕینی فەرمانی ئایەتێ بۆ ئایەتێ تر هەیە، مامۆستا جەساس لە (أحکام القرآن)دا ئەفەرموێ: ئەو کەسانەی ئەڵێن: گۆڕین لە دەستوری پێغەمبەردا نیە، دورن لە ڕێنمویانی وەرگرتن، بەر لەوان کەسی تر نەی ووتوە،

بەڵکو پێشوەکانمان لە زانایانی ئاینی دەست بەدەست لە یەکترەوە وەریان گرتوە، هەتا گەیاندویانە بە ئێمە، هەمویان فەرمویانە: گۆڕین هەیە. وە ئەو کەسانەی ئەڵێن: گۆڕین لە دەستوری قورئاندا نیە، هەرچەندە گومان لە ئاین پەروەری هەندێکیان نیە و خاوەنی زانیارین لە زانستی (بەلاغە و زماندا) بەڵام خاوەنی زانیاری نین لە فیقە و بنچینەی ئوسولی فیقەدا.

خوای گەورە لەو ئایەتەدا ئەفەرموێ: ئێمە ئایەتێ ئەگۆڕین، نافەرموێ: ئێمە هەمو قورئان ئەگۆڕین، چونکە دوای قورئان شتێ تر نیە جێگەی قورئان بگرێتەوە، بە قورئان فەرمانی ئایەتێ ئەگۆڕێ و هەندێ لە یاسای نامەکانی پێشویش ئەگۆڕێ... مەبەست لە گۆڕینی ئایەتێکی قورئان مانەوەی ووشەکانی و مانەوەی خوێندنەوەی، لەگەڵ وازهێنان لەفەرمانەکەی، کاری پێ کراوە کاتێ لە کاتەکان.

گۆڕین لە قورئاندا لەوانەیە بەش بکرێ بۆلای (٣) سێ بەش:

١- ئەوەیە کە خوێندنەوەکەی و فەرماندانەکەی بگۆڕێ بەجۆرێ ووشەکانی و فەرماندانەکەی بشۆڕێتەوە.

٢- ئەوەیە خوێندنەوەکەی بگۆڕێ بەڵام فەرمان پێدانەکەی بمێنێتەوە، یانێ ووشەکانی لابرێن، فەرماندانەکەی بەردەوامبێ.

٣- ئەوەیە فەرمان پێدانەکەی بگۆڕێ نەك خوێندنەوەکەی، یانێ هەر لە قورئاندا ئەخوێنرێتەوە، دووای ئەوە هەندێ یجار کاری پێ کراوە فەرماندانەکەی.

بەشی یەکەم و دووهەم نەبوون..بەشی سێهەمیان دروستە و هەیشە ، بەبیر و بۆچونی زۆرتر لە موسڵمان و زۆربەی زانایان کەمانای قورئانیان کردوە. ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەیش ئاماژەی بۆ ئەکا.. گومان لەمەدا نیە دروستە گۆڕانی فەرمانی ئایەتێکی قورئان بە ئایەتی تر، فەرمودەی پێغەمەر بەفەرمانی قورئان ئەگۆڕێ، وەك پێویست بونی ڕۆژی (١٠) دەهەمی مانگی موحەرەم بە ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان. زانایان لە گۆڕینی فەرماندانی قورئان

بەفەرمودەی پێغەمبەر بیریان جیاوازە، ئیبنو عەتیبە زانای بلیمەتی سەردەمی خۆی و شافیعی ئەڵێن: دروست نیە، هەندێ لە زانایان ئەڵێن: فەرماندانی قورئـان بـە سـونەتی موتەواتـەر ئەگۆڕێ، ڕێزم بۆیان ئەو فەرمودەیە ناچێتە دڵەوە. گۆڕان کـاری زۆر لـە نێوان زانایـاندا ئاڵوگۆڕکراوە لە بارەی ئەو گۆڕان کاریە لە زانیاری ئوسولی فیقەدا.

﴿ ألم تعلم أنّ الله على كل شيء قديـر﴾ ئایا تـۆ نـازانی خـوا بەسـەر هـەموو شـتێکا توایەنای زۆری هەیە. خوای گەورە بەو ئایەتـە بـە گوێـرەی ڕوواڵـەت ڕوی پـێ کـردوە بـۆلای پێغەمـەر، مەبەستیشـی ئـەو موسـڵمانانەیە کەتەنگـەتاو کرابـون بـە هـۆی تـاوانی جولـەکەکان و هەندێ لەچەنەبازان، ئەیان ووت: گۆڕانی فەرمانی قورئان درۆیـەو ڕاسـت نیە. خوای گەورە بە پێغەمەری فەرمو: گۆڕان دروستە و خوا دەسەڵاتی بەسەر هەمو شتێکا هەیە و هەمو شتێ ئەکا، فەرمانی ئایەتێ بە ئایەتێ تر ئەگۆڕێ لەبەر بەرژەوەندی و سـودی بەندەکانی خۆی بەگوێرە کات و پێویستیان.

﴿ألم تعلم أن الله له ملك السّماوات والأرض﴾ ئایا تۆ نـازانی بەڕاسـتی بـۆ خـوا هەیـە خاوەنێتی و پاشایەتی ئاسمانەکان و زەوی و هەڵیان ئەسـوڕێنێ بـەگوێرەی ویسـتی خـۆی، هەمو فەرماندانێکی بەدەستە، بەگوێرەی ویستی خۆی فەرمانێ بۆلای فەرمانێ تر ئـەگۆڕێ، یاوەك خۆی ئەی هێڵێتەوە بەبێ گۆڕان. ئەو ئایەتە لـەگەڵ پێغەمەریەتی و مەبەسـتیش هـەمو موسڵمانانە، جۆرە هەڕەشەیە دەر ئەکەوێ بە ووشەی (ألم تعلم).

﴿ومالكم من دون الله من وّلىّ ولا نصير﴾ وە بۆ ئێوە نیە لە جگەی خوا هیچ دۆست و هیچ یاریدەرێ. کەواتە ئەی باوەڕداران: گوێتان لە تاوانجی هیچ کەس نەبێ کـە باوەڕیـان بەگۆڕانی فەرمودەکانی خوا نیە بەفەرمانێ تری، خوا توانای بەسـەر هـەموتانا هەیـە. هیـچ بونەوەرێ ناتوانێ زیانتان لێ بدا، هەتا خوا پشتیوان و یارمەتی دەرتان بێ.

بەکورتی گۆڕانکاری لە فەرمانەکانی خوادا هەیە کە مەبەستی ئایەتێکی قورئان بە ئایەتی تر بگۆڕن بەبێ گومان. هیچ شتێ نیە ڕێگەی پێ بگرێ، بە گوێرەی ئەقڵ و دەستور ئـایین

ڕاست ڕەوایە، مەگەر لای ئەو بێ باوەڕانە پـلار و تـاوانج فـرێ ئـەدەن بـۆ موسـڵمانان، وەخوای گەورە هەمو شتێ ئەزانێ.

هەندێ لە موسڵمانان پرسیاریان لە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کە باسی هـەندێ شـتیان بـۆ بکـا، بەتایبەتی دریژەدان بەباسی گۆڕانی فەرمانەکانی قورئان کە سودی ئەوان لـەو پرسیارانەدا نەبو. خوای گەورە ئەو پرسیارانەی لێ قەدەغە کردن، فەرموی: ئەو جۆرە پرسیارانە واز لێ بهێنن، هەتا نەبنە هۆی گرانبونی فەرمانی خوا لەسەرتان، هەرپرسیار کردن بو، بو بـەهۆی گرانکردنی فەرمانی خوا بەسەر جولەکەکانەوە. کەواتە هەر فەرمان و کـارێ لای خـواوە هات بەجێی بهێنن جابۆیە خوا پێیانی فەرموو:

أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْـَٔلُوا۟ رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ۗ وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَـٰنِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٠٨﴾ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَـٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾

﴿أم تریدون أن تسألوا رسولکم ﴾ ئایا ئێوەی موسڵمان چ شتێکتان ئەوێ کە ئێوە پرسیار بکەن لە نێراوی خۆتان، بەو پلەو پایە بەرزەوە هەیەتی، ئەوەی خۆتان ئەتانەوێ داوای ئەکەن، بڕواتان بەو فەرمانە نیە ئێوە لەسەری ئەڕۆن، پاش ئەوەی خوا بە ئێوەی فەرمو: گوێ لە پروپاگەندەی ئەو کەسانە مەگرن باوەڕیان بە فەرمانەکانی خوا نیە کەلەو فەرمانانەیە گۆڕینی فەرمانی قورئان، وەپێشیانی فەرموو: چ شتێکتان ئەوێ لە پێغەمەر بەو هەموە بەڵگە بێگومانانەوە هێناویێتی، ئێوە پرسیاری وا ئەکەن زۆر ناقۆڵایە و دروست نیە، مرۆڤ وائەبێ گومان پەیدا ئەکا لە کارێکا.. پرسیاری بۆ ئەکا، کە بەڵگەی بەدەست کەوێ ئەو گومانەی نەمێنێ، ئەگەر بەرێك و پێکی پرسیار بکا جێگەی خۆیەتی. بەڵام ئەگەر بڵێ: ئەو کێوەم بۆ بکەیە زێڕ. یا ئەو بیابانەم بۆ بکەنە باخ چیمەن و گوڵ بەبێ ئاو، ئەو پرسیارە بیانوگرتنە و لەخۆ بایی بونە، نارەوایە و چاکەی لێ ی ناوەشێتەوە، کەوابو ئەی باوەڕداران ئێوەیش بێ گوێ مەبن و پرسیاری ڕەوا و سود بەخش بکەن خوا لە هەمو کارێکا چاکەی ئێوە و جگەی ئێوە هەڵئەبژێری و ئەتانداتێ.

﴿کما سئل موسی من قبل﴾ هەروەك پرسیار ئەکرا لە موسا لەلایەن تاقمەکانیەوە لە پێش پێغەمەرەوە، پرسیاری وایان ئەکرد لە موسا لە ئەقڵەوە دوربو ئەیان ووت: خوایێکمان بۆ دروست بکە، خوامان پیشاندە بە چاوی خۆمان تەماشای بکەین. چەندین پرسیاری تر، بەو بۆنەوە وایان لێهات بێ باوەڕبون، ئێوەی موسڵمان شایستەی ئەو جۆرە پرسیارانەتان نیە.

﴿ومن یتبدل الکفر بالأیمان﴾ وە هەرکەسێك باوەڕهێنان بگۆڕێتەوە بە بێ باوەڕی، بێ باوەڕی بۆ خۆی هەڵبژێرێ و واز لە باوەڕهێنان بهێنێ و واز لەو ئایەتانە بهێنێ کە بەگوێرەی پێویست هاتونەتە خوارە و لەگۆڕینی فەرمانی ئایەتێ بەفەرمانێ تر، پرسیاری بێ سودی زۆر بکا.

﴿فقد ضلّ سواء السّبیل﴾ دووای بەڕاستی ئەو کەسە وونی کردووە ناوەڕاستی ڕێگەکە بەرەو بەختیاری ئەی برد ، ئەو کەسەی لە ئاستی ڕاستی و باوەڕدا ڕاوەستێ و بیەدێ بەچاکی تێ بگا و پرسیاری بۆ بکا بەجۆرێکی شیاو ئەو کەسە باوەڕداری ڕاستە، ئەو کەسە بەفیز و بەبیانو گرتن و بەلوتەلاو بۆ لاقرتێ پرسیار بکا و شتی واداوا بکا لە ئەقڵەوە دوربێ، بێ باوەڕ و توشی تۆڵە ئەبێ لە هەردوو جیهاندا.

جولەکەکان بە هاوڕێکانی پێغەمەریان ووت لە پاش جەنگی ئوحود: ئەگەر لەسەر ڕاستی بونایە لەو جەنگەدا نە ئەشکان و نە ئەکوژران، کەواتە ئێوە بگەڕێنەوە بۆلای ئاینی ئێمە، ئێمە ڕانمویتان ئەکەین، خوای گەورە پیسایی دڵی ڕەشیانی ڕون کردەوە، بە موسڵمانانی فەرمو:

﴿ ودَّ کثیر مِن أهلِ الکتاب ﴾ وە پێیان خۆشە زۆر کەس لەتاقمی خاوەن نامەکان وەك فەنحاسی کوڕی عازورا ، زیدی کوڕی قەیس هەندێ تریان ئاواتیان ئەمەیە :

﴿لو یرودونکم من بعد إمانکم کفاراً﴾ کە ئەوان ئێوە بگێڕنەوە لە دووای باوەڕ هێنانتان بەخوا و بەپێغەمەر و بەئاینی ئیسلام بەبێ باوەڕان بە ئاینی ئیسلام. هەمو ئادەمیزادێ وای پێ خۆشە هەمو کەسێ لەسەر بیروباوەڕی ئەو بێ، بۆیە یەکێ لە فەیلەسوفەکان ئەڵێ: بەختیارترین ڕۆژ لای من ئەوەیە بینیم یەکێ لەگەڵ بیروباوەڕمایە، بۆیە جولەکەکانیش هەمو کۆششی خۆیان ئەخستە کارەوە بۆ سەر لێ شێواندنی موسڵمانان و گەڕانەوەیان بۆلای ئاینە پێشوە خراپەکانیان، لەبەر هیچ شتێ نەبو جگە لە حەسودی و یاخی بونیان، ئەیان توانی باوەڕبهێنن، ئەیانزانی ئاینی ئیسلام ڕاستە. بەڵام ترسیان لە نەمانی بازاڕ و قازانجیانبو، بۆ فرۆشتنی ئارەق و قومارکردن، سازدانی جێگەی کاری خراپ و دانانی ژنانی داوێن پیس لە ناویانا بۆ بڵاو کردنەوەی بەرەڵایی.

جولەکەکان تێشکاندنی موسڵمانەکانیان بەهەل زانی لە ڕۆژی ئوحودا، بەکاریان هێنا بۆ پلارگرتنە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لاوە موسڵمانەکانیان ئەبردە ماڵی خۆیانەوە، ئارەقیان

دەرخوارد ئەدان لەو کاتەدا ئارەق قەدەغە نەکرابو، کچە جوانەکانی خۆیانیان نیشان ئەدان. هەروەك ئەم سەردەمە ئەوان و خزمەتکارەکانیان ئەبینرێ خاوەنی ئەوکردەوە پیسەن، نەوەستان گومان بەموسڵمانان پەیدا ئەکەن لەبارەی قورئان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام و پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەستی بەو فروفێڵە گلاوەیان کرد، لەموسڵمانانی قەدەغە کرد چونەماڵیان بۆ ڕابواردن، هەڕەشەی زۆری خوای دەربڕی بۆ ئەو کەسانە ئارەق بخۆنەوە و قومار بکەن و گۆشتی بەراز بخۆن، پاش ئەوەی موسڵمانان هامەشۆی ماڵە جولەکەکانیان واز لێ هێنا، وەوازیان لە باڕ و گازینۆ و خراپەکانیان هێنا. هەروەها ئەمڕۆش شاگردەکانیان بەو جۆرە کارە نارەوایانە هەڵئەسن و وەجاخیان کوێرنەکردوەتەوە. پاش هەڕەشەی پێغەمەر و وازهێنانی موسڵمانان لە هامەشۆیان، دڵی پیسیان هاتە کوڵ لە حەسودیا.

﴿حسداً من عند أنفسهم﴾ لەبەر ئەو دڵ پیسیە لەلایەن دەرونی خۆیانەوە، لەبەر ئەو پلەو پایە بەرزە درابو بە پێغەمەر و بەموسڵمانان، ئەیانزانی قازانج و سود خواردنیان لەکیس چوە.

﴿من بعد ماتبين لهم الحق﴾ لەدووای ڕون بونەوە بۆیان ڕاستی ئاینی ئیسلام، موحەمەد ئاین و گفت وگۆکانی ڕاستە بەهۆی بەڵگەی ئاشکراوە، ڕەنگ وشێوەی لەتەوراتا نوسراوە. بەکورتی جولەکەکان هەوڵی زۆریاندا بۆ گەڕانەوەی موسڵمانان بۆلای بێ باوەڕی و گومڕایی، ئەیشیان زانی ئاینی ئیسلام ڕاستە، هاوبەش دانان بۆ خوا و باوەڕنەکردن بە پێغەمەر بۆش و پوچە.

بۆ ئاگاداری: لەو کردەوە خراپانەدا هەر جولەکەکان وانین. بەڵکو زۆربەی ئادەمیزاد بڕوای بە ڕاستی نیە و بەرەنگکاری ئەکرێ لەبەر ئەوەی دژی بەرژەوەندی ئەوان و داگیرکەران و خوێن مژان و ستەم کارانە.. بابزانرێ حەسودی دوو جۆرە: یەکەمیان ئەمەیە ئاواتە خواز بێ ئەو چاکەیە خوادا یوێتی بە کەسێ تر بەمیهرەبانی خۆی لە ناوبچێ،

ئەم بەشەیان قەدەغەیە لای خوای گەورە، خوا و پێغەمەر بە خراپـی باسـیان کـردوە، وەك لەو ئایەتەدا و ئایەتی تردا باسی کراوە، بـە خراپـترین کـردەوە ناسـراوە، پێغەمـەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێ: حەسودی هەمو چاکەیە ئەخوا وەك ئاگر درەخت ئەخوا، حەسودی گەورەترین هۆیە بۆ پەیدا بونی ئاژاوە و ناکۆکی و کوشتن و برین و تالان و چەوساوەی گەلان..

دووهەمیان ئەمەیە: خوا چاکەی بەخشیوە بەکەسـێ بـە میـهرەبانی خـۆی، ئـەو کەسـە ڕەوشتی لەگەڵ قورئاندایە، لە خوا پەرستی و فێربونی زانیـاری ناوەسـتێ، وەیـا سـامانی زۆری هەیە، بەم دەدست و بەو دەست لەبەر خۆشنودی خوا ئەیبەخشـێ، تۆیـش ئـاوات ئەخوازێ وەك ئەو کەسە وابێ و سامانی وات هەبێ، نەك بۆ ئەوە سامانی ئەو نەمێنێ، ئـەو بەشەیان زۆر پەسەندە و پـێی ئـەوترێ (غبتـە) پێغەمـەر ئەفـەرموێ: حەسـودی هەرلـەو شتانەدا ڕەوایە.

﴿فاعفوا واصفحوا﴾ دووایی ئێوە ئێستا وازیان لێ بێنن و بەرەنگاریان مەکەن و سزایان مەدەن و لە نەزانینیان ببورن، هەمو کارێ بەستراوە بە کاتی خۆیەوە.

﴿حتی یأتي الله بأمره﴾ هەتا خوا فەرمانی خۆی ئەهێنێ و سزایان ئەدا و تەمێیان ئـەکا و ئێوە سەرئەخا بەسەریانا. موسڵمانان وازیان لێ هێنان هەتا خوا فەرمانی پێدان بـێ بـاوەڕان پاك بکەنەوە. فەرموی: ﴿قاتلوا الّذین لایؤمنون بالله والیوم الآخر﴾ ئێوە بـاوەڕدار جـەنگ بکەن لەگەڵ کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕ بەخوا ناهێنن و بـاوەڕ بـە ڕۆژی دوایـی نـاهێنن بـێ باوەڕی و بێ ئاینی، داوێن پیسی و بێ شێل کردنی کاری ڕەوا و پەسەند، گێرە شـێوێنی و ستەم کردن لە هەژاران ئەوانە هەمویان ئەبینرێن لە ژیـاندا، هـەمویان یـەك هۆیـان هەیـە: ئەویش بریتیە لە سەرپێچی کردن لە ڕاستی و خواناسی. ئادەمیزاد ئەگەر دادپەروەر بونایـە بە بەختیاری ئەژیان و ئەحەسانەوە. بەڕاستی فەرمودەی خوا کـە ئەفـەرموێ: ﴿فمـاذا بعـد الحقّ إلاّ الضّلال﴾ نیە لە دووای ڕاستی جگەی گومڕایی، بەڵگەی ڕاستە بۆ ئەو مەبەستەی ئێمە. بێگومان مافی ڕەوا بەبێ پشتیوان و یارمەتی پەیدا نابێ، ئەگـەر بیشـبن زۆر کـەمن،

ئەگەر مافی ڕەوا و ڕاستی و دادپەروەری زۆریان ببوایە بە وێنەی کاری بۆش و پوچ ئادەمیزاد بە خۆشی و برایەتی ئەژیان لە نێو ئاسایش و بێ ئازاریدا، بگرە بێ گومان ئەگەر هەمو کەسێ مافی خۆی وەرگرتایە و چاوی نەبڕیایەتە مافی یەکێ تر ستەم و نارەوایمان بە چاوی خۆمان نەئەدی، هەمو کەس بە پێویستی سەر شانی خۆی هەڵئەسا. خوای گەورە بەڵگەو دەستوری بۆ مافی ڕەوا و دادپەروەری و ستەم نەنکردن داناوە ڕانموی بۆ لای کراوە، ئەویش بریتیە لە فەرمانەکانی قورئان و دەستوری پێغەمەر و هەڵسان بە دەستوری ئیسلام، ئەگەر بە دڵێکی پاکەوە سەیر بکرێ، فیز و لە خۆ بایی بون و گێلی لە خۆمان دوور خەینەوە، وە بەبێ لایەنە لە قورئان ووردبینەوە، ئەزانرێ ئەو کەسەی پشت بکاتە ئەو بەڵگە ڕاستیانە کە ئەیشزانێ ڕاسن و ڕەوان جگە لەوەی بەبێ باوەڕ دابنرێ بە شێت و نەفام و کەڕ و کوێر و لاڵ دائەنرێ، بە ئەقڵ و زانست کار ناکا، بەگوێ بێ لایەنی و بەچاوی چاکە کارناکا جگە لە لاڵی هیچ وەدەست نایەنێ، وەك جولەکەکان و بت پەرستان هەمان خوڕەوشتیان هەبو.

لەوانەیە پرسیار بکرێ: موسڵمانان بەم ژمارە کەمەوە چۆن زاڵ ئەبن بەسەر بێ باوەڕان بەو زۆریە، ئەتوانن سزایان بدەن و تەمێیان دادەن؟ خوا ئەفەرموێ:

﴿إن الله على كلّ شيءٍ قدير﴾ بە ڕاستی خوا بەسەر هەمو شتێمکا توانای هەیە، سزاو تۆڵە بەبێ باوەڕان ئەگەیەنێ، هێز ئەدا بەو موسڵمانان و پەرەیان پێ ئەدا کە تەمێی بێ باوەڕان دابدەن دووژمنانی ئاین و پێغەمەر و باوەڕداران پەرتەوازە بکەن، دەریان بکەن لە مەکە و لە مەدینە.

وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٠﴾

موسڵماناتن کە خوا فەورمانی پێ دان واز لە بێ باوەڕان بهێنێ، ئەیزانی گرانە وازلێ هێنانیان لەگەڵ ئەوەی ئەوپەڕی دوژمنایەتی باوەڕدارانیان ئەکرد، خوا دڵخۆشیان ئەداتەوە. ئەفەرموێ:

﴿وأقيوا الصّلاة﴾ وە ئێوەی باوەڕدار نوێژەکانتان بەرپا بکەن و بەجێی بهێنن، داوای کۆمەك لە خوا بکەن بەهۆی کردنی نوێژەکانتانەوە هەتا سەرکەون بەسەر بێ باوەڕاندا.

﴿وآتوا الزّكاة﴾ وە ئێوە زەکاتی سامان و دارایی خۆتان ببەخشن بە هەژاران، داوای یارمەتی لە خوا بکەن بەهۆی بەخشینی زەکاتەکانتانەوە.

﴿وما تقدموا لأنفسكم من خيرٍ﴾ وە هەر شتێ ئێوە پێشی خەن بۆ سودی خۆتان لە هەر چاکەیە.

﴿تجدوه عند الله﴾ ئێوە ئەو شتەتان دەست ئەکەوێ لەخزمەت خوادا لە هەردوو جیهاندا.

﴿والله بما تعملون بصير﴾ وەخوا بەشتێ ئێوە بیکەن ئەی بینێ و ئاگادارە، لەناو ناچێ زۆر بێ یاکەم. ئەو ئایەتە (٣) سێ شتی زۆر گرنگی بۆ موسڵمانان ڕون کردوەتەوە: (١) فورمانی داوە بە موسڵمانان نوێژەکانیان بەجێ بهێنن.

(٢) فەرمانی پێ داوە زەکاتی سامان و دارایی خۆیان بدەن بە هەژاران.

(٣) سێ هانی داون بۆ کردنی هەمو چاکەیە. ئەو ئایەتە یەکەم جار بەتایبەتی فەرمانی داوە بە کردنی نوێژ و بەخشیشی زەکات. دووهەم جار فەرمانی داوە بەکردنی هەمو چاکەیە کە نوێژ و زەکاتیش ئەگرێتەوە، کەواتە دوو جار فەرمانی داوە بەکردنی هەمو چاکەیە کە نوێژ و زەکاتیش ئەگرێتەوە، کەواتە دوو جار فەرمانی داوە بەکردنی نوێژو دانیزەکات لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە کردنیان، ئەو جۆرە دارژاندنە بێ وێنە هەر لە قورئانی پیرۆز ئەوەشێتەوە.

بەڕاستی زۆربەی لاوانی ئەمڕۆمان گاڵتە و لاقرتێ بە ئایین پەروەران ئەکەن، هەندێکیان بەبێ پێ چوپە ناڕوبەڕو ئەڵێن: جگە لە سروشت شتی ترنیە، بڕوایان بەبونی خوا نیە، هەندێکی تریان ئەڵێن: جگە لەسروشت بەڕێوە بەرێکی وا هەیە هەمو بونەوەرێکی لەجێگەی شیاوی خۆیا داناوە. بەلاّم نە ڕۆژو هەیە و نە نوێژ، ئەوانە هەردوولایان بێ باوەڕن لای خوا، چونکە ئەو کەسەی نوێژ نەکا کوت ومت وەك بڕوا بەخوا نەبێ وایە..

ئێمە زانایانی ئاینی پێویستە شین بۆ خۆمان بکەین لە سەرکردەوەی لاوانیئەمڕۆمان، ناخۆشی خۆمان دەربڕین لەسەر بێ باوەڕیان و گاڵتە کردنیان بە ئاینپەرستان، ئێمە فەرمانمان داوە بەسەر ئەو لاوانەدا کە لایان داوە لە ڕاستی و ، ئاشکرایە بێ باوەڕن. بەلاّم چ شتێکمان بۆ ئەو مەبەستە کردوە: بێگومان بە هیچ کارێ هەڵنەساوین، شێوازێکی بسەلمێنمان پێش کەش نەکردوون، ئیشێکی هەرەوەزیمان بۆ ساز نەکردون، بە کۆبونەوە و بەستنی کۆڕ بۆیان، گفتو گۆمان لەگەڵ نەکردون کە پێیان بخوێنین، بە پێك هێنانی قوتابخانە و زانکۆ بۆ فێرکردنی قورئان و فەرمودەی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ و فەلسەفەی باوەڕی ئیسلامەتی، فێرکردنی مێژوی ئیسلام و زانستی دەرونی و ڕاهێنانیان لەسەر ئامۆژگاری و بانگ کردنیان بۆلای ئیسلام بە شێوەیەکی جوان و ڕێگەیەکی تازە.

بێگومان هەندێکمان هەڵساوین بە کۆششێکی سوپاس بۆ کراو لەو بارەیەوە. بەلاّم پێویستمان بە یەکێتی کۆشش هەیە، بە ویستێکی خاوێن و خۆ بەقوربانی کردنێکی گشتی.

بەڵام بەداخەوە یەکێتی چۆن پەیدا ئەبێ لە نێو ئەو کەسانەدا کە بەزۆری هەن و خۆیان بەسەر ئاینەوە ئەژێنن کۆشك و سامانی زۆر پەیدا ئەکەن، ئەو شتەی گرنگبێ بۆیان لە ئایندا ئەوەیە پلەی بەرزو سامانی زۆریان بۆ بڕەخسێنێ. کەواتە ئێمەی زانایانی ئاین پرسیار لێ کراوین لەلایەن خوا و زۆر بەسەختی دەربارەی لاوەکانمان، هەروەك ئەوانیش پرسیار لێ کراون بەەتوندی تر کە گاڵتەو گەپ بە ئاین ئەکەن و ڕێگە بە ناسینی ڕاستی ئەگرن و ، بە فەرمانی ئاین هەڵناسن. ئا ئەمەیشمان لە بیر بێ پرسیار لێ کراو بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ کاربەدەستانن، چەك و سامان و دارایی و بەرگری و ئابوری و ڕامیاری و ڕاگەیاندن و پەروەردە کردن و ڕۆشنبیری و هەست و نەستی گەلیان گرتوەتە دەست لەو ئایەتەدا کە خوا فەرمانی داوە بە موسڵمانان بۆ کردنی نوێژ و بەخشینی زەکات پێویستە بزانین نوێژ چۆن ئەکرێ، وەزەکات چۆن ئەدرێ بە گوێرەی یاسای ئاین، بەو جۆرەی خوالێمان وەربگرێ بە پێچەوانەوە بکرێ لێمان وەرناگرێ، بۆ ئەو مەبەستە باسی سودەکانی نوێژ و زەکات و چۆنیەتیان ئەکەین، هەریەکەیان بە جیاوازی.

سودەکانی نوێژ: ئادەمیزاد پێویستێکی بەتینیان هەیە بۆ بەهێز کردنی خۆیەتی خۆیان بەبێ وچان بۆ بەدەست هێنانی ڕێزی خۆیان، لەترسی ئەوەی نەوەك پەیوەندی نێوانیان بریتی بێ هەر لە خواردن و خواردنە و سامان پەیدا کردن و سودی تایبەتیو، سەربکێشێ بۆ گێرە شێوێنی لە زەویدا. کەواتە پێویستمان بە پاڵپیوەنەرێ هەیە هەتا توشی گێرە شێوێنی نەبین، هەر تەنها نوێژە ئادەمیزاد ڕابکێشێ بۆ پەرە پێدانی گیانی پێویست بۆ چاك کردنی ئەو کۆمەڵایەتیە. ئادەمیزاد ئەگەر پەیوەندی گیانی بەردەوام و تەواویان بە دروست کەری خۆیانەوە نەبێ، ڕوواڵەتی دوڕوندەیی و پەژارەیی و بێ باوەڕ بە خۆیانەوە ئەبینن، وائەزانن ئەوا نەبۆیان پەیدا ئەبێ لەگاڵتەو گەپ و ڕابواردن وەریان. گرتوە، بۆیە خۆیان فرێ ئەدەنە باوەشی ئەو کردەوە بێ سەرەدانەوە و ڕایان ئەکێشێ بۆلای ئارەق خواردن و قومار کردن و سوڕدان و گۆرانی و پڵ تەقاندن و چەقەنە لێدان، هەمو ژیانی خۆیان لەو

پرو‌پوچانەدا دائەنێن، لەهەمویان سەیرتر ئەوەیە بیرێ لە خۆیان ناکەنەوە، هەڵپەی زۆر ئەکەن بۆ پەیدا کردنی سامان بە کۆششێکی زۆرەوە بێ ئەوەی بە ئاواتی خۆیان بگەن و هەڵپەکەیان بەبێ ئەنجام ئەڕوا، جگە لەوەی وەك ئاژەڵ ژیاون و بخۆن و بخۆنەوە هیچ شتێ تریان بەدەست نەهێناوە، لەوان کردەوە و لە ڕەشەبا بردن هەموکاتێ خەفەتبار و سەرگەردان و خەوالو، بەڵام نوێژ بۆ مرۆڤ ساز ئەکات بۆی هەموکاتێ لە خوا بپارێتەوە، ئەوەی بیانەوێ ئەیانداتێ، هەناسەیەکی خۆش هەڵئەکێشن، نوێژ دروست ئەکا بۆ ئادەمیزاد بیرو باوەڕی پەرستنی خوا و بەجێ هێنانی فەرمانەکانی خوا، گەڕانەوەیان لەکار و باری نەگونجا و لەگەڵ سروشتیانا، خەفەت و بڕوا نەبون بە خۆێتی پرژ و بڵاو ئەکا، پاڵیان پێوە ئەنێ بۆ دەست گرتن بەهێز لەلای خوا و بۆیان دێت. کەواتە پشت ئەبەستن بە خوا و هەست بەسەر گەردانی ناکەن لە دڵیانا. ئەبن بەخاوەنی هێزێ لەخۆیانا پاڵ بنێ بەگەورە ترین گیرو گرفتی سام ناکەوە، بۆیان ڕون ئەبێتەوە پەیوەندی گیانی ئادەمیزاد بەدروست کەری خۆیانەوە، بابۆ ماوەیەکی کەمێ لە ڕۆژێکا، سودی نوێژ زۆرن و ماوەمان کەمە.

لە پێویستە هەرە بەنرخەکانی ئادەمیزادە نوێژ کردن، بۆیە خوای گەورە نوێژی کردوە بە دەستور لەئیسلامدا. خوای گەورە لە قورئاندا نزیکەی (٩٩) جار فەرمانی داوە بەکردنی نوێژ ، یا بەهەڕەشەکردن لەو کەسانەی نەیکەن ، نوێژە فەرزەکان (٥) نوێژن : نوێژی نیوەڕۆ (٤) چوار ڕکاتە کاتی بەجێ هێنانی دەست پێ ئەکا لە لادانی خۆر لە ڕاستی ئاسمان، هەتا سێبەری هەمو شتێ بە ئەندازە خۆ پتر ئەبێ، لە جیاتی نوێژی نیوەڕۆ دورکات نوێژی هەینی دەکرێ، بەو مەرجانەی بۆی دیاری کراوە، خوا یارمەتی دەرمان بێ لە جێگەی خۆیا باسی ئەکەین بە درێژی (٢) دووهەم نوێژی عەسر چوار ڕکاتە، کاتی دەست پێ کردنی پتر بونی سێبەری هەمو شتێ لە ئەندازەی خۆی جگە لە سێبەری لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان، هەتا ئاوابونی خۆر لە بەرزترین کێوی بینراو.

(٣) سێهەم: نوێژی مەنغریب سێ ڕکاتە کاتی کردنی دەست پێ ئەکا لە ئاوابونی خۆر لە بەرز ترین کێوی بینراو، هەتا نەمانی سورابی خۆر لە کەناری ئاسمان و شین هەڵگەڕاندنی. (٤) چوارەم نوێژی عیشا چوار ڕکاتە بەجێ هێنانی دەست پێ ئەکا بەشین بونی کەناری ئاسمان هەتا دەرکەوتنی سپیایی خۆر لە کەناری ئاسماندا. (٥) پێنج هەم نوێژی بەیانی دوو ڕکاتە بەجێ ئەهێنرێ لە کاتی سپیایی کەناری ئاسمان نەوە هەتا هەڵهاتنی خۆر بەسەر بەرزترین کێوێ بینراو کەواتە نوێژە فەرزەکان. (١٧) حەڤدە ڕکاتن مەرجەکانی پێویست کردنی نوێژ لەسەر ئادەمیزاد (٣) سێ شتن (١) موسڵمانەتی، بێ باوەڕان نوێژیان لەسەر نیە، یانێ کاتێ موسڵمان بون سزایان نادرێ لەسەر نەکردنی نوێژ لەکاتی بێ باوەڕیدا (٢) دووەهەم باڵغ بون بۆ پیاوان بە پەیدا بونی شاوات ، یاتەمەنی بوبێ بە (١٥) پازدە ساڵی تەواو، بۆ ژنان پەیدابونی حەیز، یاتەمەنی بوبێ بە (١٥) پازدە ساڵی تەواویی، مناڵان نوێژیان لەسەر پێویست نیە، (٣) سێهەم ئەقڵ، یانێ شێتەکان نونێژیان لەسەر پێویست نەکراوە.

مەرجەکانی نوێژ بەر لەدەست پێ کردنی نوێژ، کە بەشێ نین لە نوێژدا (٥) پێنج شتن. (١) پاکی هەمو ئەندامەکانی لە بێ دەست نوێژی و لەش پیسی، پاکی ئەندامەکانی و بەرگ و پۆشاکیان لە پیسی (٢) داپۆشینیپیاوان نێوان ناوك و ئەژنۆیان لە کاتی نوێژ کردندا، داپۆشینی ژنان هەمو لەشی جگە لە دەست و دەم و چاوی. (٣) ڕاوەستان بە پێوە بۆ نوێژ لە جێگەی پاکدا. (٤) بڕوابون بە هاتنی نوێژ. (٥) ڕوکردنە لای کەعبە بەڕاستی و بێ گومان.

ڕوکنەکانی نوێژ ئەوشتانەی بەشێکن لە نوێژ، نوێژ بێ ئەوان پێك نایە (١٤) شتن:

(١) نییەت: یانی لە دڵا بێژرێ چوار ڕکات نوێژی نیوەڕۆ ئەکەم بۆ خوا، هەروەها نوێژە کانی تر.

(٢) وەستان بە پێوە ئەگەر توانا هەبو بۆ خوێندنی فاتیحە.

(٣) ووتنی ووشەی (الله أکبر) بەر لە خوێندنی فاتیحە.

(٤) خوێندنی سورەتی فاتیحە لە (بسم الله الرحمن الرحیم) هەتا (ولا الضالّین).

(٥) ڕکوع بردن وەستان بۆی هەتا لەشی نوێژ کەر لەجوڵە ئەکەوێ (الطمأنینە).

(٦) هەڵسان لە ڕکوع و ڕاوەستانی تەوا و هەتا ئەندامەکانی لە جوڵە ئەکەون (الأعتدال).

(٧) سوژدە بردنی یەکەم هەتا ئەندامەکانی لە جوڵە ئەنیشنەوە.

(٨) دانیشتن لە نێوان هەر دوو سوژدەکان، هەتا لەشی لە جوڵە ئەکەوێ.

(٩) سوژدە بردنی دووهەم.

(١٠) دانیشتن بۆ تەحیاتی دووهەم.

(١١) خوێندنی تەحیاتی دووهەم لە (ألتحیات لله) هەتا (اللهم صلّ علی محمدٍ).

(١٢) سەلام دانەوەی یەکەم بە ووشەی (ألسّلام علیکم).

(١٣) نییەتی دەرچون لە نوێژ لەکاتی ووتنی (السّلام علیکم).

(١٤) بەجێ هێنانی بەو جۆرەی باسکران بەبێ پاش و پێش.

ئەو شتانەی نوێژ پوچ ئەکەنەوە (١٠) شتن:

(١) گفتو گۆ کردن بە دەسیان قس.

(٢) کار کردن و هاتو چۆی زۆر لە نوێژا.

(٣) خواردن و خواردنەوە لە نوێژا.

(٤) پەیدابونی بێ دەست نوێژی و لەش پیسی.

(٥) پەیدا بونی پیسی بۆسەر بەرگ و لەشی نوێژ کەر لەەنوێژا.

(٦) دەرکەوتنی ئەندامی نوێژ کەر بۆ پیاوان ناوك و نێوان ئەژنۆ، بۆ ژنان دەرکەوتنی جگەی دەست و دەم و چاوی.

(٧) گۆڕینی نییەتی نوێژ لە کردنی نوێژەوە بۆلای نەکردنی.

(٨) ڕو وەرچەرخانی نوێژ لەقیبلە.

(٩) پێکەنینی قاقا.

(١٠) وەرگەڕانی نوێژ کەر لە ئاینی ئیسلام بۆلای جگەی ئیسلام.

باس کردنی دەست نوێژ و لەش پیسی، حەیزی ژنان، تەیەموم، نوێژی هەینی، کورت کردنەوەی نوێژ و کۆکردنەوەی دوو نوێژ بەیەکەوە، نوێژی ترس، نوێژە سونەتەکان. هەمویان بەیەکەوە لە جێگەی خۆیان باسیان ئەکەین. هەروەها باسی نوێژی مردو ئەکەین باسی زەکات و چۆنێتی پەیداکردنی و بەش کردنی بەر لە ئیسلام:

گەلانی پێش ئایینی ئیسلام کاربەدەستەکانیان باجیان لەسەر سامانی هەژارانی ژێردەستەی خۆیان دانابو، پاشاکان و کاربەدەستان و پیاوانی ئایینی ئەو باجەیان (چربە الدخل) ئەخوارد، زۆر بەخۆشی ڕایان ئەبوارد، چینە هەژارەکانیش بەئەوپەڕی ناخۆشی ئەژیان، بگرە بە بەندەی خۆیانیان دائەنان: بۆیە لەو کاتەدا هەژارەکان کاربەدەستەکانیان بەنوێنەری خۆیان دانەئەنا، بەپێچەوانەوە بەدوژمنی هەرەگەورەی خۆیانیان ئەزانی، هەمو ئاواتی کاربەدەستانیان خواردنی سامان و مژینی خوێنی هەژاران بو، بێ ئەوەی سودێکی بینراویان لێوە دەردەکەوێ بۆ چینە خوارەوەکانیان، بۆیە هەژاران ئەو باجەیان بە بارێکی قورسی سەر شانی خۆیان دائەنا، بەهەرچۆنێ ببوایە بەشوێنی ڕێگەی ڕاستیدا ئەگەڕان.

گەلانی پێشو ئاگایان لەدارایی ناوخۆی نیشتمانیان نەبو، نەیان ئەزانی چۆن پەیدا ئەکرێ، بۆچ جێگەیە ئەڕوا، خۆیانیان بەبێ بەش دائەنا، خۆیانیان بە خۆراکی تایبەتی پاشاکان و دار و دەستەی ئەوانیان لە شالیار و فەرمان بەران دائەنا.. میری کۆن هەمو کاریان نارەوا بو، وەك ئەمیری ئەمڕۆ نەبون بەهەرچۆنێ بێ بەشێکی زۆری سامانی میری بلاو ئەکەنەوە لە ڕێگەی بەرژەوەندی و بوژانەوەی دانیشتوان و پێك هێنانی دادپەروەری هەرچەندە تەواویش نیە، خۆیان زۆرتری ئەبەن، ئەی خەنە بانگەکانی بێگانەوە. بەلام ئەگەر

یاسای قورئان بچەسپێ لە هەمو ڕوێکەوە، دادپەروەری باڵی پیرۆزی ڕونـی خـۆی بەسـەر هەمو ئادەمیزادا ڕائەکێشی.

کاروباری میری هەروەها بەبێ دادپەروەری ئەڕۆیشت هـەتا ئیسـلام سـەری هـەڵدا و ڕوی ڕوناکی خۆی بەسەر زەویدا دەرخست. دژی ئەو ڕژێمە کۆنە پەرسـتانە بـۆ سـودی هەژاران بەشێکی دیاری کراوی شیاو بۆ هەمو کەسێ لـە سـامانی سـەرمایەداران و هـەمو خاوەن دارایی دیاری کرد بۆیان.

بەگوێرە سامانیان بدرێ بە هەژاران و ناویان نا زەکات، بە جۆرێکی داد پەروەرانە بەش بکرێ بەسەریانا کە بێ وێنە بێ و لە هیچ یاسـایەکا شـتی وا چـاك نـەبینرابێ لـە کـۆن و لەتازەدا. بەسە بۆ سودی زەکات ئادەمیزاد ڕزگار ئەکا لە ڕژدی و بێ نرخی و دڵ ڕەقـی و خۆێتی و چاو چنۆکی و سامانی یەکتری خواردن بـەبێ مـاندو بـون و ئـارەق ڕژانـدن، پاکیان ئەکااتەوە لە کاری ناڕەوای ناو کۆمەڵ کەئەبنە هۆی دەست درێژی و دوژمنایـەتی و جەنگ و ئاژاوە.

بۆمان سەلمێنرا هەژاری بۆ چینی خوارەوەی کۆمەڵ لە کۆمەڵگەی ئادەمیزادا خراپـترین دەردی بێ دەرمانن ئەگەرە چارەیە بۆنەمانی هەژاریان نەکرێ. هەژاری پـاڵ بەهەژارانـەوە ئەنێ کە خراپترین کاری ناڕەوای زۆر بکەن هەتا پارەو نانێ پەیدا بکەن و پێـی بژیـن، لـە برسێتی ڕزگاریان بێ، وەلە برسێتی هەمو کارێکی خراپ ئەکەن، ئیتر ئـەو کـارە ڕەوابـێ یان ناڕەوا، بە مان گرتن و خـۆ پیشـاندان هـەزاران کـوژراو برینداریـان لێ پـەیدا ئـەبێ، بەدەیان خانووبەرە و کەرەسە ئاگری تێ بەرئەدەن، ئەو گەلە توشی کاری دڕوندا نەئەبن و بەڕەوای دائەنێن، هەر بۆ نەبەستی خۆیان، ئەو گەلانەی هەژاربن بەدەیان تاقم و کۆمـەڵ و پارتیان تێدا پەیدا ئەبێ، هەریەکەیان دژی ئەوی تریانن.

بەڕاستی ئەتوانین بڵێـن: ئەگـەر کاربەدەسـتانی ئیسـلام کاریـان بەدەسـتوری ئیسـلام بکردایە، بە ملیار پارەیان پەیدا ئەکرد، پێویستی هەژارانیان پێ ئەبەست، جێگەی زۆرتریـن

باجی نارەوایان بێ پڕ ئەکردەوە. کەواتە بۆمان ڕون بویەوە زەکات پەیڕەوە کۆمەڵایەتیەکـە یەکێتی نێوان هەمو چینـەکانی ئـادەمیزاد ئەکێشـێ بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە. ئیسـلام یەکەمین یاسایە پێش هەمو ئادەمیزاد کەوتبێ بۆ دانانی زەکـات، جگـەی ئیسـلام چاویـان لەوان کردوە، کە هەریەکەیان بەجۆرێ باجیان خستوتە سەر دانیشتوانیان.

بۆ زانین: پیت و دەسکەوتی دەرهێنراو لە نێوزەوی پێویستە کتوپڕ چل یەکی بدرێ بـە هەژاران، بۆیە دانانی دەستوری زەکات هـەمو بەشـەکانی سـامان ئـادەمیزاد ئەگرێتـەوە و بەشی هەمویانیشی دیاری کردوە بە جۆرێکی ڕێك و پێکـی دادپەروەرانـە. کەواتـە چـارە نامێنێ ئەبێ بسەلمێنرێ کە پێغەمەرێ ﴿ ﷺ ﴾ لە نێو دورگەی عەرەب بێ گەیشـتبێ، بـەو نەخوێنەواریەناتوانێ یاسای وادابنێ لەخۆیەوە، ئەوەیش بەڵگەیەکی بڕندە و بێ گومانە کـە یاسای ئیسلام هەموی لەلایەن خواوە هاتوە و ڕێك خراوە. زەکات جێگەی بـەرزی هەیـە لە ئیسلامدا، بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا (٢٣) جار باسی کـردوە بـە فـەرمان دان بەدانی، هەڕەشە کردن لەسەر نەدانی... زەکات لە (٥) پێنج شتا پێویست کراوە:

یەکەم: چوار پێ کە لەباسی زەکاتا بریتین لە هوشتر و ڕەشە وڵاخ و گامێش و بـزن و مەڕ مەرجی پێویست بونی زەکات لەوانەدا (٦) شەش شتن:

(١) پێویستە زەکات دەر موسڵمان بێ، بێ باوەڕ زەکاتی لەسەر پێویست نیە.

(٢) ئەبێ ئەو کەسە زەکاتی لەسەرەسەر بەستبێ، بەندە زەکاتی لەسەر پێویست نیە.

(٣) خـاوەنێتی تـەواوی بـۆ ئـەو شـتانە هـەبێ زەکـاتی لێ ئـەدا، بـۆ وێنـەکڕاو بـەر لەوەرگرتنی کڕاوەکە زەکاتی لەسەر پێویست نیە.

(٤) ئەندازەی دیاری کرا بۆ زەکات دان لەو شتانەدا زەکات دەر ئەکرێ هەبێ ، بـۆ نمونە پێنج هوشتری هەبێ، ڕەشە وڵاخ (٣٠) سەر بزن و مەڕ (٤٠) سەری هەبێ، هەروەها.

(٥) تێپەڕ بونی یەك ساڵ بەسەریانا (الحول) لە ساڵێ کەمتر بێ زەکات پێویست نابێ.

(٦) ئەبێ بەهۆی خۆیانەوە خواردن بخۆن. دابەستەو ئەوانەی ئالفیان بۆ بکڕێ زەکاتیان پێویست نەکراوە.

هوشتر هەتا ئەگەنە (٥) پێنج سەر زەکات پێویست نابێ، بەجۆرەی خوارەوە زەکاتیان ئەدرێ:

لەپێنج سەر هوشتر هەتا نۆ سەر یەك سەر کاوڕی یەك ساڵە، یا بزنێکی دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکات. (١٠) دەسەر هوشتر هەتا (١٤) چواردە سەر (٢) دوو سەر مەڕی یەك ساڵە، یادوو سەر بزنی تەمەن دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکاتیانا. (١٥) پازدە سەر هەتا (١٩) نۆزدە سەر سێ مەڕی یەك ساڵە یا سێ سەر بزنی دوو ساڵە ئەدرێ لەزەکاتیانا. (٢٠) بیست سەر هەتا (٢٤) بیست و چوار (٤) چوار مەڕی یەك ساڵە، یا چوار بزنی دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکاتیانا. (٢٥) سەر هەتا (٣٥) سەر بێچوە هوشترێکی یەك ساڵانەیان بۆ ئەدرێ لە زەکاتا. (٣٦) سەر هوشتر هەتا (٤٥) سەر بێچوە هوشترێکی دوو ساڵەیان بۆ ئەدرێ لە زەکاتا. (٤٦) سەر هوشتر هەتا (٦٠) شەست سەر هوشترێکی سێ ساڵەیان بۆ ئەدرێ لەزەکاتا. (٦١) سەر هوشتر هەتا (٧٤) حەفتاو چوار سەر هوشترێکی چوار ساڵەیان بۆ ئەدرێ لە زەکاتا. (٧٥) سەر هوشتر هەتا (٩٠) سەر (٢) بێچوە هوشتری دووساڵەیان بۆ ئەدرێ لە زەکاتا. (٩١) سەر هوشتر هەتا (١٢٠) دوو بێچوە هوشتری سێ ساڵەیان بۆ ئەدرێ لە زەکاتا. (١٢١) سەر هوشتر یهەتا (١٣٠) سەسێ هوشتری دوو ساڵیان بۆ ئەدرێ لە زەکاتیانا. ئیتر هەتا ئەگاتە (١٣٩) سەر زەکاتەکەیان ناگۆڕێ. بەڵام کە بون بە (١٤٠) سەد و چل سەر لە هەموو چل سەرێ دوو ساڵەیکی هوشتر ئەدرێ لە زەکاتیانا، وە لە هەمو پەنجا سەرێ سێ ساڵێکی هوشتر ئەدرێ لە زەکاتا. یانێ لە (١٤٠) سەر هوشتر دووساڵ و سێ ساڵەیە هوشترێ ئەدرێ لە زەکاتیانا.

تێبینی: ئەوەی ئەدرێ لە زەکاتا پێویستە مێینە بێ، مەگەر هەمویان نێربن.. وەك یەك ساڵەی مەڕ و دوو ساڵەی بزن هاوتای یەکتر بن بۆ زەکات دان.

ڕەشە ولاخ و گامێش هەتا نەگەنە (٣٠) سی سەر زەکاتیان پێویست نەکراوە، بەم جۆرەی خوارەوە زەکاتیان ئەکرێ:

(٣٠) سەر ڕەشە ولاخ هەتا (٣٩) سەر گوێرەکەیەکی یەك ساڵە مێینە ئەدرێ لە زەکاتیانا.

(٤٠) چل سەر ، کوێرەکەیێکی دوو ساڵەی مێینە ئەدرێ لە زەکاتیانا، ئیتر پێویستە ناگۆڕی هەتا (٥٠) پەنجا سەر کە لە (٥٠) سەر زۆرتربون لە هەمو پەنججا سەرێ دوو ساڵەیەکو لە هەمو چل سەرێ یەك ساڵیە ئەدرێ لە زەکاتا. یانێ لە (٩٠) سەر یەك ساڵەیەکو دوو ساڵەیە ئەدرێ لە زەکاتیانا.

مەڕ و بزن هەتا نەگەنە (٤٠) سەر زەکاتیان لەسەر نیە کەبون بە چل سەر بەم جۆرەی خوارەوە زەکاتیان لێ دەر ئەکرێ:

لە (٤٠) سەر هەتا (١٢٠) سەر مەڕێکی یەك ساڵە یا بزنێکی دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکاتیانا.

وە (١٢١) هەتا (٢٠٠) سەر دوو مەڕی یەك ساڵە یا دوو بزنی دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکاتیانا.

وە (٢٠١) سەر هەتا (٣٩٩) سەر سێ مەڕی یەك ساڵە یا سێ بزنی دوو ساڵ ئەدرێ لە زەکاتا.

(٤٠٠) سەر مەڕ یا بزن (٤) سەر مەڕی یەك ساڵ یا چوار بزنی دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکاتا. یانێ دووایی لە هەمو (١٠٠) سەرێ یەك مەڕی یەك ساڵە یا یەك بزنی دوو ساڵە ئەدرێ لە زەکاتا.

مەرجە بۆ پێویستبونی زەکات لە زێڕ و زەیو (٥) پێنج شت:

(١) ئیسلامەتی، بێ باوەڕ زەکاتی لەسەر پێویست نیە.

(٢) سەربەستی، بەندە زەکاتی لەسەر پێویست نیە.

(٣) ئەندازەی دیاری کراو بۆ زێڕ بگاتە (٢٠) بیست مسقاڵ. بۆ زیـو بگاتـە (٢٠٠) دوو سەد درهەم. ئەوکاتە زەکاتیان لێ ئەدرێ.

(٤) خاوەنێتی تەوا و بۆ زەکات دەر، لـە کڕین و فرۆشتنا هەتا وەریان نەگرێ زەکاتیان پێویست نیە.

(٥) تێپەڕ بونی یەك ساڵ بەسەریانا، کەمتر لـە ساڵی زەکات پێویست نیە لـەواندا زێڕ و زیو ئەندازەکەیان گەیشتە(٢٠) مسقاڵ بۆ زێڕ، (٢٠٠) درهەم بۆ زیو، لـە هـەردوو لایانـا بە چل یەك زەکاتیان لێ دەر ئەکرێ.

تێبینی: شخڵی ژنان زەکاتی لێ ناکەوێ، مەگەر ئەندازەکەی زۆر بێ بەگوێرەی دام و دەزگای ئەو شوێنە. بەڵام ئەو زێڕ زیوانە بەکارهێنانیان قەدەغەیـە وەك قـاپ و کەرەسـەی ناو ماڵ، ئەو شخڵانەی پیاوان بەکاری بهێنن زەکاتیان لێ ئەدرێ.

مەرجە بۆ پێویستبونی زەکات لـەگشـت کـاڵاو دانەوێڵـە و مێـوژ و خورمـا (٢) دوو شت:

(١) چێنراوی ئادەمیزادبێ، ئەوانەی خۆیان سەوز ئەبن و ئەڕوێنرێن لـە زەویدا زەکاتیان تێدا نیە، بۆ ژیانی ئادەمیزادیش شیاو بێ هەڵگرتنی.

(٢) دوو بگاتە ئەندازەی دیاری کراو بۆیان، ئەندازەی دیاری کراویـش بۆیـان ئەگـەر بەبێ توێکڵ هەڵگیرێن بریتیە لـە (٥) ویسق کە ئەکاتە (٦٣١) شـەش سـەد و سـیو یـەك کیلۆ گرام. ئەگەر بە توێکڵەوە هەڵگیرێن وەك چـەڵتوك ئـەبێ بگاتـە (١٢٦٢) هـەزار و دووسەد و شەست و دوو کیلۆ گرام، کە گەیشتە ئـەو ئەندازەیـە لـەهـەر (١٠) دەکیلـۆ بەیەك کیلۆ ئەدرێ لە زەکاتا دانە وێڵەو کشت و کاڵ ئەگـەر بـە دۆڵـچـە یـا ئاویـان بـۆ ئەگەڕرا یا بە وڵاخ ئاویان ئەدرا پێویستەکەیان ئەبێتە بیست یەك. ئەو دانەوێڵـەو کشـت و کاڵانە زەکاتیان لێ ئەدرێ، وەك گەنم، جۆ، نۆك، نیسك، ماش، برنج، گەنمە شامی.

مەرجە بۆ پێویست بونی زەکات لـەمیوەدا وەك مێوژ و خورما (٤) چوار شت:

(١) ئیسلامەتی، بێ باوەڕ زەکاتی لەسەر پێویست نیە.

(٢) سەربەستی، بەندە زەکاتی لە سەر پێویست نیە.

(٣) ئەندازەی دیاری کراو بۆیان کە بریتیە لە (٦٣١) کیلۆ گرام هەر وەك دانەوێڵـە، وەگەیشتنە ئەو ئەندازەیە لە هەمو (١٠) وەکیلۆیەك کیلۆدەرئەکرێن. مەرجە بۆ پێویستبونی زەکات لەکەرەسەو پارچەی بازرگانی (٥) پێنج شت:

(١) ئیسلامەتی. (٢) سربەستی. (٣) ئەندازەو دیاری کراو کە نرخەکەیان گەیشتە بیست مسقاڵ زێڕ، یا دووسەد درهەم زیو، لەو کاتەدا لە هەر چل مسقاڵێ لە نرخەکەیان زێڕبێ یەك مسقاڵ. زیوبێ (٥) درهەم ئەدرێ لە زەکاتا.. ئەگەر زێڕ و زیو لە کاتەکانیانا هێنرانە دەرەوە و گەیشتنە بیست مسقاڵ زێڕ یا دووسەد درەم کوتوپڕ چل یەك زەکاتیان لێ دەرئەکرێ.

ئەو زێڕ و زیوەی لە زەویدا شاردرابێتەوە بەر لەهاتنی ئیسلام و دۆزرانەوە و دەرهێنران پێویستە دووای گەیشتنیان بە بیست مسقاڵ زێڕ یا دوو سەد درەم زیو پێویستە کوتو پڕ زەکاتی لێ دەربکرێ.

سەرفیترە پێویستە لەسەر هەمو کەسێ بەسێ مەرج:

(١) ئیسلامەتی، بێ باوەڕ سەرفیترەی لەسەر پێویست نیە.

(٢) بە ئاوابونی خۆر لە کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا.

(٣) لە گوزەرانی خۆیی و ئەو کەسانەی پێویستبێ بەخێو کردنیان پێربێ. کە ئەومەرجانە هاتنەدی. پێویستە هەمو کەسێ لە خۆیی و لەو کەسانەی پێویستە بەخێویان بکا بۆ هەریەکەیان (٢,١٠٠) دوو هەزار و سەد گرام لە دانەوێڵەدا لە خواردەمەنی ئەو جێگەیە بە هەژاران بدرێ.

بۆ ئاگاداری: سەرفیترە لای شافیعیەکان یەك ساعە، ساعێ بریتیە لە چوار مود، چوار مودیش بریتیە لە (٢,١٠٠) دوو هەزار و سێو یەك کیلۆ گرام. دروستە نرخی ئەو

دانەوێڵەیە بدرێ لە سەرفیترەدا بە هەژاران.. ئەو ئەندازەیەی سەرەوە گۆترە کاری نیە خۆم مودی پێغەمەرم ﴿ﷺ﴾ کێشاوە بەم جۆرەیە: بە نۆك (٥٥٠) گرام. بە برنج (٥٧٥) گرام. وە بەگەنم (٥٢٥) گرام.

پێویستە زەکات بەش بکرێ بەسەر ئەم کەسانەی خوارەوەدا کە (٨) هەشت تاقمن:

١- (الفقراء) بەو کەسانە ئەڵێن: هەژارن بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی (١٠) دە دیناری پێویست بێ لە ڕۆژێکا، بەڵام ئەو کەسە لە نیوەی ئەو ئەندازەیە کەمتر هەبێ، وەیا هیچ شتێکی تری نەبێ.

٢- (المساکین) بەو کەسانە ئەڵێن: لە نیوەی پێویستی ژیانی زۆرتری هەبێ. بەڵام نەگاتە ئەندازەی تەواوی پێویستی بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیی و خێزانی.

٣- (العاملین علیها) بەو کەسانە ئەڵێن: کاربەستان دایان ئەنێن کاربکەن و زەکات کۆ بکەنەوە، لە نوسەر و بەش کەرانی زەکات بەسەر هەژاراندا.

٤- (المؤلّفه القلوب) بەو کەسانە ئەڵێن: دڵ نەوایان بکرێ لە تازە موسڵمان بووان و لە ڕێز گیراوانی ناو هۆز و خزمەکانیان، چاوە ڕووان بکرێ لەبەر ئەوە خزمەکانی موسڵمان بن، بەو کەسانەیش ئەڵێن: بە تەواوی باوەڕ نە چەسپیوە لە دڵیانا و تازە موسڵمانن، بۆ چەسپانی باوەڕ لە دڵیانا زەکاتیان ئەدرێتێ، یا بۆ ئەوەی بینە کۆسپ لە ڕێگەی بێ باوەڕاندا هەتا نەتوانن دەست درێژی بکەنە سەر موسڵمانان.

٥- (الرقاب) بەو کەسانە ئەڵێن: بەندەن و لەگەڵ گەورەکانیانا پێك هاتون لە چەند مانگێکا ئەندازەیێکی دیاری کراوی نێوانیان پارە بدەن بە گەورەکانیان، ئەو کەسانە زەکاتیان ئەدرێتێ هەتا بتوانن خۆیان لە بەندەی ڕزگار بکەن.

٦- (الغارمین) بەو کەسانە ئەڵێن: قەرزار بون و بەهۆی ژیانی خۆیان و خێزانیان و ئیتر با دارایی خۆی دانابێ و قەرزار بێ لە گوناە کردندا، بەڵام گەڕابێتەوە و پەشیمان بوبێتەوە

لە گوناهەکانی، یا قەرزار بوبێ بەهۆی ئاشت کردنەوەی دوو تەیافەی دوژمن بە یەکتری بە هۆی کوژاوێی لە نێوانیانا.

وەیا قەرزار بوبێ بە بۆنەی کەفالەت کردنی کەسێکەوە، نەخۆی و نە ئەو کەسە نەیان بێ قەرزەکە بژیرن، یا خۆی بەتەنها نەبێ. بەلاّم بە بێ دەستوری کەفالەت بۆ کراوە کە بوبێ بەکەفیل.

٧- (فی سبیل الله) بەو کەسانە ئەڵێن: خۆیانیان تەرخان کردوە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕان ئەو کەسانە زەکاتیان ئەدرێتێ با هەژاریش نەبن، بۆ یارمەتی دانیان لەسەر ئەو مەبەستە پیرۆزە.

٨- (ابن السّبیل) بەو کەسانە ئەڵێن: لە ماڵی خۆیان دور کەوتونەتەوە، بۆ گوناه نەڕۆیشتبن، ئەو کەسانە زەکاتیان ئەدرێتێ بە گوێرەی پێویستی خۆیان هەتا ئەگەنەوە ماڵی خۆیان.

تێبینی: ١- بەش کردنی زەکات پێویستە ئەو هەشت تاقمانە بگرێتەوە، بەگوێرەی توانا، وە هەمویان پێویستە لە (٣) سێ کەس کەمتر نەبن، جگە لە عامیل ئەو با یەکەسیش بێ دروستە.

٢- ئەو کەسانەی زەکاتیان پێ ئەدرێ پێویستە سامانی وای نەبێ بەشی تەمەنی غالبی بکا، لە نەوەی هاشم و موتەلیب نەبن، بێ باوەڕ نەبن، لەو کەسانە نەبن بەخێو کەریان هەبێ.

٣- ئەو کەسانەی زەکاتیان پێ ئەدرێ، بە هەر بۆنەیەکەوە بوبێ توشی هەژاری بوون، چونکە لە جیهاندا پەرستن بۆ خوا ئەکەن و کارناکەن بۆ گوزەرانی خۆیان، قەدەغەیە زەکات وەربگرن بەلاّم ئەو کەسانەی توشی هەژاری ئەبن لەبەر خوێندنی دەستوری پێویستی ئیسلام زەکاتیان ئەدرێتێ، وە بگرە پێویستە لەسەر موسڵمانان بە خێویان بکەن.

خوای گەورە هەندێ تر لە پڕوپاگەندەی خاوەن نامەکانمان بـۆ ئەگێڕێتـەوە کـە ئـەیان ووت: هەر ئێمە ڕانومایمان وەرگرتوە، بەهەشت هەر بۆ ئێمەیە، کەچی هەریەکەیان ئـەوی تریانان بەدرۆ ئەخستەوە. ئەگێڕنـەوە نوێنـەری گاورەکـانی (نـەجران) هـاتن بـۆ مەدینـە، مالومەکانی جولەکە هاتن بۆلایان، لە خزمەت پێغەمبـەردا دەسـتیان کـرد بـە ووتووێـژ و جنێودان بە یەکتری، هەریەکەیان ئایینی خۆیانیان بەڕاست ئەزانی، هەردولا نامـەی‌خۆیانیان ئەخوێندەوە جولەکەکان بڕوایان بە عیسا و ئینجیل نەبو، وە گاورەکان باوەڕیان بە موسا و بە تەورات نەبو، هەروەك بت پەرستان بڕوایان بە هیچ ئاینـێ نـەبو، خـوای گـەورە ڕونـی ئەکاتەوە ئەفەرموێ:

وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ
تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ
صَـٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ
فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١١٢﴾
وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ
لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ كَذَٰلِكَ قَالَ
ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ
فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١١٣﴾

﴿وقالوا لن یدخل الجنّة إلاّ من کان هوداً أو نصاری﴾ وە جولەکەکان و گاورەکان ئەیان ووت: ناچێتە بەهەشت مەگەر کەسێ جولەکە بێ یا گاور بێ. یانێ جولەکەکان ئەیان ووت: هەر جولەکە ئەچێتە بەهەشت، گاورەکانەیان ووت: هەر گاور ئەچێتە بەهەشت.

﴿تلك أمانیّهم﴾ ئەو بیرو بۆچونەی جولەکەکان و گاورەکان کە هەرخۆیان ئەچنە بەهەشت چەندجین ئاواتی ئەوانە، ئاواتیان زۆرە: هەندێکیان ئەمەیە کە موسڵمانان وەرئەگەڕێنەوە بۆ لای بێ باوەڕی، سزای دوژمنانی جولەکەو گاورەکان ئەدرێ، بەهەشت هەر تەنها بۆ ئەوانە.

﴿قل هاتوا برهانکم﴾ موحەمەد تۆ بڵێ: ئێوە بەڵگەی خۆتان بهێنن لەسەر ئەوەی کە هەر ئێوە بە تەنها ئەچنە بەهەشت، کەسی تر جگەی ئێوە ناچێتە بەهەشت.

﴿إن کنتم صادقین﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن لە داوای خۆتانا، هەمو داوایە پێویستە کە بەڵگەیێکی سەولمێنراوی هەبێ، پێویستە ئێوەش بەڵگە بهێننەوە، هەتا لە کۆتایدا وای لێ بێ هەمو زانایان و ژیرەکانیان گومانیان نەمێنێ، وەك ئەوەی لێبێ ئاگر گەرمە و ژمارە (١٠) لە (٥) زۆرترە کە پێویستیان بە بەڵگە نیە، ڕونە ئێوە بەڵگەی واتان دەست ناکەوێ. کەواتە داواکەتان بێ بەڵگەیە.

تەفسیری (ئەلەنار) مانای ئەو ئایەتە بەم جۆرە ئەکا و ئەلێ: موسڵمانانی پێشو بەو جۆرە کاریان ئەکرد هیچ شتێکیان بەبێ بەڵگە نە ئەکرد و نەیان ئەوت، هەرکەسێ هەرشتێکی بووتایە ئەیان ووت: بەڵگەت چ شتێکە؟ لە پڕ خۆیانیان نە ئەکرد بە بچوك و گوێڕایەڵیان، بە گوێرەی زانیاری خۆیان ئاینیان ئەبرد بە ڕێوە، بەلاسایی کردنەوەی کەس کاریان نە ئەکرد. بەڵام پیاوە خراپەکانی دوایی بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەوە کاریان کرد، ئەیان ووت: هەر شتێ زانا پێشچوەکان ووتویانە بڕوامان پێیان هەیە و کاریان پێ ئەکەین، قەدەغەیە بڵێن: بۆچی ئەبێ وابێ؟ وایان بە دانیشتوان کرد بە

فەرمودەی خوا و پێغەمەر هەڵنەسن، بە واتاو بە گفتو گۆی ئەم زانا و ئەو زانا کاربکەین، بە مەرجێ بیرو بۆچونی ئەو زانایانە دوربێ لە فەرمودەی خوای مەزن ئەو پەڕی ڕێزم بۆ خاوەنی تەفسیری (ئەلمەنار) ئەو زانا و پێشەوا پێشوانە ئەو شتەی فەرمویانە بێ بەڵگە نیە، هەر فەرموودەیەکیان ووتبێ، پێیان بێژراوە بۆچی؟ ئەوانیش فەرمویانە: بەڵگەمان قورئانە یان فەرمودەی پێغەمەر یا ئیجماع یاقیاسە. کەواتە لە ناوەڕۆکا ئێمە بەگفتو گۆی ئەوان هەڵنەسین، بەڵگەمان ئەوەیە ئەوان بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە لەو سەرچاوە بێگومانا ئەوە بگرە ئەگەر ئەو پێشەوایانە نەبوایە ئەو میرات و کەلەپورە بەنرخەیان بەجێ نەهێشتایە ئەو، مامۆستا دووایی‌ەی ئەوان نەیان ئەتوانی نەباسی قورئان بکەن و نەباسی فەرمودەکانی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ ئەگەر ئەوان نەبونایە چ کەسێ تر ئەو سەرچاوە پیرۆزانەیان بۆ ئێمە ئەگێڕایەوە، خاوەنی تەفسیری ئەلمەنار بە دەستە وەسان دا ئەنیشت و سەرچاوە نە ئەبو باسی یاسای ئیسلام بکا.

لەو ئایەتە پیرۆزەوە دەر ئەکەوێ گاور و جولەکەکان هەر لە کۆنەوە هەمو شتێکی چاکیان هەر بۆ خۆیان ویستوە، خۆشی هەردوو جیهانیان بۆ خۆیان داناوە، وەك بۆمان ڕون بویەوە بەهەشتیان بەتاپۆی ئایینی خۆیان داناوە، بۆیە کلیسایەکان چەکی لێ خۆش بونیان بەگوناه باران ئەفرۆشت بە پارەو پول بە نەزان و نەفامەکانی خۆیان، بەو کارە نارەوایە سامانی زۆریان بەدەست ئەهێنا بۆ پیاوە ئاینیەکانیان، ڕێگەی داوێن پیسی و گوناهیان بۆ تاوانباران ئەکردەوە، هانیان ئەدان هەرشتێ ئەکەن بیکەن، دەقی ئەو چەکەی لێ خۆشبونە بەم جۆرە ئەنوسی: (پێوە دراوە لە تۆ ئەی گوناهبار: ئەودەرگایە تاوانباران پێیا ئەڕۆن بۆلای سزاو تۆڵە، ئەو دەرگایەت بۆ کراوەتەوە تۆ تێپەڕ ئەکەی بەوا بۆلای بەهەشت، با بەدرێژی ساڵ لە گوناها بیت ئەو چاکەیەت بۆ ئەمێنێتەوە و ناگۆڕێ هەتا ڕۆژی دووایی، بەناوی باوك و کوڕو گیانی پیرۆزەوە)

﴿بلى من أسلم وجهه لله﴾ ئەوەی ئێوەی خاوەن نامە ئەی لێن وانیە: هەرکەسێ خۆی تەرخان کرد بێ بۆ خواپەرستی بە نیازی پاکەوە لەکردارەکانیا، بۆنی هاوبەشدانان و دوورویی تێدا نەبو، ئەو کەسە لە ریز گیراوەکانی لای خوایە.

﴿وهو محسنٌ﴾ وە ئەو کەسە چاکە کەربێ لە هەمو کارو کردەوەیدا، وابزانێ نزیک بونەوە لە خوا هەر بەکردەوە چاکەکانە، نەك بە کردەوەی خراپ و زیان بەخش.

﴿فله أجره عند ربّهِ﴾ دووایی بۆ ئەو کەسە هەیە پاداشتی کردەوەکانی لەخزمەت پەروەردگارەکەی خۆیا لە بەهەشتا بەبێ کەم و کورِی.

﴿ولا خوفٌ عليهم ولا هم يحزنون﴾ وە ئەو کەسانە ترسیان لەسەر نیە و ئەوان خەفەت بار نین لە رۆژی دوایدا کاتێ ئەچنە بەهەشت، لەو رۆژەدا هەمو ئادەمیزاد لە ترس و لە خەفەتایە باوەڕداران ئەترسن نەوەك خوا پەرستی و چاکەیان وەرنەگیرابێ لە خزمەت خوادا. بێ باوەڕان لە سزای خوادان، سامان و گێرە شێوێنی جیهانیان بو بەهۆی مانەوەیان لە دۆزەخدا.

خوای گەورە بەو ئایەتە خاوەن نامەکان بەدرۆ ئەخاتەوە کە بەهەشت هەر بۆ ئەوانە. فەرموی: ئەو کەسە خۆی تەرخان کردبێ بۆ خوا و چاکە کەربێ هەر ئەوان پاتداشتیان بۆ هەیە ناترسن و خەفەتبار نین.

﴿وقالت اليهودُ ليست النصارى على شيءٍ﴾ وە جولەکەکان ئەیان ووت: گاورەکان لەسەر هیچ ئایینێ نین، هەرشتێ ئەوان ئەیلێن ڕاست نیە.

﴿وقالت النّصارى ليست اليهود على شيءٍ﴾ وە گاوەڕکان ئەیان ووت: جولەکەکان لەسەر هیچ ئایینێ نین، هەر شتێ ئەوان ئەیلێن ڕاست نیە.

﴿وهم يتلون الكتاب﴾ وەخاوەن نامەکان ئەخوێننەوە نامەکانی خوا لە تەورات و لە ئینجیل، وە خۆیان بە خوێنەوار و بە زانا ئەزانن، ئەوان ئەگەر نامەیە لە نامەکانی خۆیان بخوێندایە وە بەڕاستی باوەڕیان ئەهێنا بە نامەکانی یەکترِی، چونکە هەمو نامەکان یەکتری

بەڕاست دائەنێن، لە تەوراتا مژدە بە هاتنی عیسا دراوە، لە ئینجیلا موژدە بە هاتنی موحەمەد دڕراوە.. دووایی چۆن موسڵمان بێ باوەڕی ئەدەن بەسەر یەکتریدا، قورئان ئەخوێنینەوە، کەواتە با لەخوا بترسن و زمان لانەدەن لە ناوەڕۆکی قورئان، دڵیان لە مەبەستی کوێر نەبێ.

﴿کذلك قال الّذین لایَعْلَمونَ مثل قولهم ﴾ هەر بەو جۆرە خاوەن نامەکان ئەیان ووت: کەسانێکی ئەو تۆ هیچ شتێ نازانن لە بت پەرستان ئەیان ووت وێنەی گفتو گۆی خاوەن نامەکان کەئەوان نەبێ کەسی تر ناچێتە بەهەشت .

﴿ فالله یحکم بینهم یوم القیامه ﴾ دوایی خودا فەرمان ئەدا لەنێوانیانا لە ڕۆژی دواییدا

﴿ فیما کانوا فیه یختلفون ﴾ لە شتێکا ئەوان لەو شتەدا ئاژاوەیانە و لە دوو بەرەکیدان کە ئەو سێ تاقمە ئەڵێن لە جولەکەکان و گاورەکان و بت پەرستان. ئەڵێن : هەر ئێمە ئەچینە بەهەشت.

بۆ زانین: لەم سەردەمەدا بە چاوی خۆمان بینیمان، بە گوێی خۆمان بیستمان کە گاور و جولەکەکان پرۆژەیەکی تایبەتیان دارشت لە نێوان خۆیانا لە دژی موسڵمان و داگیرکردنی نیشتمانی موسڵمانان.. ئەوە زانراوە و ناسراوە بۆ هەمو کەسێ کە ئاینی گاورەکان لە کۆنەوە بڕیاریان داوە جولەکەکان عیسای خوای ئەوانیان کوشتوە و هەڵیان واسیوە، بە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام کە ئەفەرموێ: نە عیسایان کوشتوە و نە هەڵیان واسیوە کەچی (پاپا ڕۆما) ئەو پەڕی هەوڵی خۆی خستە کار بۆ بەدرۆ خستنەوەی خۆیان.

لەساڵی (١٩٦٥) بۆ لابردنی ئەو تاوانەی کوشتنی عیسا لەسەر جولەکان و نەوەکانیان، بۆ ئەو مەبەستە چوار کۆبونەوەی پێك هێنا، (٢٠) بیست ملیۆن دۆلاری تێچو، ئەو تاوانەی لەسەر لابردن. کەواتە هەر لە کۆنەوە پاپاکان لەلایەن خۆیانەوە ئاینیان دروست کردوە، بە گوێرەی مەبەستی خۆیان ئەی گۆڕن، لەسەر لابردنی ئەو

تاوانە لەگەڵ کلێسای ڕۆژ هەڵاتی بوبە ئاژاوە و ناکۆکیان، ڕون بویەوە هەمو کردەوەی پاپاکان ڕامیاریە نەك ئایینی، ئەمەیشمان فێر ئەکەن ئایین لەلای ئەوان بریتیە لە پارەو پول پەیدا کردن و داگیر کردنی نیشتمانی موسڵمانان جەنگی خاچ پەرستی تازە ئەکەنەوە، سەر شۆڕی خۆیان و ڕاو نانیان لە فەلەستین بە بەسەرۆکایەتی پاڵەوانی کورد (سەلاحەدین) ئەسڕنەوە ، ئارەقی شەرمەزاری باو باپیریان وشك ئەکەنەوە.. زۆر جێگەی سەر سوڕمانە کە گاور و جولەکە لایەنی یەکتری بگرن. هەریەکەیان نامەیەکی تایبەتی و ئاینێکی تایبەتیان هەیە کەچی موسڵمانان پشتی یەکتر ناگرن . لە ڕاستیدا یەك کۆمەڵن و یەك خوا و یەك نامە و یەك پێغەمبەریان هەیە و بۆ ئەبێ موسڵمان لە نێو خۆیانا یەك نەبن، بۆ ئەبێ هەرلایێ ئەو لایەنەی تر بەبێ باوەڕ دانێ؟ بۆ ئەو هەموە بیروباوەڕە جیاوازە پەیدابێ لەنێوانیانا؟ بۆ ئەبێ بکەونە جەنگ و ئاژاوە لەگەڵ یەکتریدا؟ بۆ ئەبێ ڕەگەز پەرستی بخەینە کارەوە لە دژی یەکتری؟ ئەی بۆ سودی یەکتریان مەبەست نەبێ لە دژی داگیر کەرانمان؟ ئەگەر لەمانای ئەو ئایەتە وردبینەوە جولەکە و گاورەکان یەکتری بەبێ باوەڕ دائەنێن، بەراوەردیان بکەین لەگەڵ خۆماندا، ئێمە بە هەزاران لەوان خوا بترین، ئەوان دوو پێغەمەر دوو ئایینی جیاوازیان هەیە، کەچی لە دژی ئێمەی موسڵمان بوون بەیەك، ئێمە یەك پێغەمەر و یەك ئایینمان هەیە کەچی یەك ناگرین، بە پێچەوانەوە بووین بە دوژمنی یەکتری. بەداخەوە قورئان ئەخوێنینەوە، بائەوانە بەدەم قورئان ئەخوێنن و بەدڵ کوێرن لە خوا بترسن، بەکورتی خوای گەورە وەڵامی جولەکە و گاورەکان ئەداتەوە بەم شتانەی خوارەوە:

١- ڕاستی پەیوەندی بەوە نیە کە ئەبێ بۆ چەندین کەسێ بێ، یا بۆ کەسانی ناودار و خاوەن ناوبن، چونی بەهەشت پەیوەستە بە باوەڕ و کردەوەی چاکەوە نەك بەئاواتەوە.

٢- بەڕاسی خوای گەورە چاکە کاران و خراپە کاران ئەناسێ پاداشت و تۆڵەی هەردوولایان ئەداتەوە. هەمو ئایین پەرستان و کۆمەڵ و پارت و تاقمێ بەلایانەوە وایە

خۆیان ڕاستن و جگەی خۆیان درۆن بەزەقی لاسایی گاور و جولەکە بت پەرستەکان ئەکەنەوە کە هەریەکەیان خۆیانیان بەڕاست ئەزانن. کەواتە ئێمە چۆنمان بۆ ڕوون ببێتەوە چ کەسێ ڕاست گۆیە و ڕاست ئەکا لە داواکاری خۆیا، بەر لەوەی ئێمە وڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستمان بەم پێشەکیەی خوارەوە هەیە، ئەو کەسەی داوای ڕاستی ئەکا و ئەڵێ: من ڕاستم، داواکاریەکەی لەم دووانە بەدەر نیە:

١- یا کەسێکە بڕوای بە بیروباوەڕی خۆی هەیە و هۆگری بوە، بە جۆرێ لای وایە هەر ئەو بیرو باوەڕەی ئەو ڕاستە و شایستەی خراپەی لێ ناکرێ، گوێ لە هیچ بەڵگەیە ناگرێ کە پێچەوانەی بیروباوەڕەکەی ئەو بێ بەهەر شێوەیە بێ.

٢- یا ئەو کەسەی داوای ڕاستی ئەکا، ئەیەوێ بگەڕێ بەشوێن ڕاستیدا، کۆششی خۆی بۆ ئەخاتە کارەوە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، بە وردی بۆیدا ئەچێ هەتا بە بڕوای خۆی ڕاستی ئەدۆزێتەوە بە بەڵگەو نیشانە.

ئەو کەسە بڕوا بەڕاستی ئەهێنێ با لەلای یەکێ ترەوە بۆ ڕوون ببێتەوە، کاتێ بیروباوەڕی ئەو کەسەی لا چاکبێ واز لەوەی خۆی ئەهێنێ، چونکە ئەو ڕاستی ئەوێ بالای کەسێ ترەوە بێ دووایی پێویستە درێژەی ئەو بیرو باوەڕانە بەکورتی باس بکەین. دەربارەی یەکەمیان ڕێگەی بۆ نادۆزرێتەوە کە پێی بسەلمێنرێ. نە بەئەقڵ و نە بەبەڵگە، چونکە بۆ یەکەم جار ڕێگەی ئەو شتانەی لە خۆ گرتوە، بگرە ئەوەی ئەیلێ دەردی بێ دەرمانە، پێویستە وازی لێ بهێنین.. دووهەمیان گفتو گۆ لە گەڵیا ئاسانە، چونکە دووایی بەڵگەو پرسیار کەوتوە لە هەرلایەکەوە ڕاستی بۆ هات باوەشی بۆ ئەگرێتەوە، هەمو دانیشتوان ئەزانن هەندێ شت هەن خۆی لە خۆیا ڕونە و کەس گومانی لەوەدا نیە، وەك هەرزانی، خۆشی. بەختیاری هەژاری. شوم و نەگبەتی. دۆستایەتی چاکترە لە دوژمنایەتی. یارمەتی چاکترە لە ئاژاوەنانەوە. ئاشتی چاکترە لە جەنگ. زانین و زانیاری ڕوناکیە. نە

خۆشی و نە خوێنەواری تاریکیە داد پەروەریێ ڕاستیە. ستەم و پرو پـوچ ناڕەوایـە. ئەوانـە پێویستیان بە بەڵگە نیە.

کاتێ ئەو پێشەکیەمان زانی، ئەگەر کەسێ داوایـەکی کـرد و ووتـی: مـن ڕاسـتم لـە داواکاری خۆما، جگە لەمن کەسی تر ڕاست ناکا، ئێمـە بـەراوردی ئـەو داوایـە ئەکـەین لەگەڵ ئەو دوو شتانەی پێشودا، ئەگەر لەگەڵیانا گونجـا و سـەری بـۆ ڕاسـتی دانـەواند، ئێمەیش باوەڕی پێ ئەکەین، ئەگەر دژی ئەو ڕاستیانە بو ئێمە بە پروچی دائـەنێن. ئەیخەینـە ئەو لاوە، چونکە ئەگەر بە ووتنی ئەو بێ و گوێمان لـــە بەڵگـە نـەبێ، پێویسـتە دەرگـای قوتابخانە و زانکۆ و مزگەوتەکان داخەین، نرخ نـــە بـۆ ئـەقڵ، نـە بـۆ یاسـا و ڕەوشـت و دادگاکان دانەنێن، سەرگەردانی و نەزانین بلاّو ببێتەوە، هەمو کەسێ بەرەو شوێنی بـڕوا و بلێن و نەیکەن.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ اللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ ۚ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الْأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١٤﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە ئەمەیە: (تەیتوسی) ڕۆمی پاشای گاورەکان لـــە سـاڵی (٧٠) حەفتای زاینیـدا خـۆی و سـوپاکەی پـەلاماری جولەکـەکانی دا، جـەنگاوەرەکانی جولەکەکانی کوشت ژن و منالەکانیانی بەدیل گرتن، بەیتولموقەدەسی ڕوخاند، مردارۆ بـو و پیسی تری فڕێدایە ناویەوە، تەوراتیان سوتاند، بەرازیان لە نێو بەیتولموقەدەسدا سەر بڕی. هەروەها بەیتولموقەدەس بە کاولی مایەوە هەتا کاتێ عومەری کوڕی خەتاب ڕزگاری کردلە

دەستی ڕۆمەکان بەو سامانەی لە ئاگر پەرستەکان گیرابو، بەیتولموقەدەسی پێ چاك کردەوە بۆ جاری دووهەم خاچ پەرستەکان داگیریان کردەوە و قەسابخانەیان بۆ موسڵمانەکان دانا، ماوەی پتر لە سەد ساڵ بەدەستیانەوە بـو، هـەتا سـوڵتان سـەلاحەدین بـە خـۆی و سـوپا کوردەکان و هەندێ لە نەتەوەکانی تریش لەساڵی (٥٨٥) پێنج سەد و هەشـتا و پێنـج دا کۆچی‌دا زۆر بە سەربەرزی‌موسڵمانان و دادپەروەری لەگەڵ خاچ پەرستان لە بیروباوەڕی ڕەگەز پەرستانەی ئەوانی ڕزگار کرد. خاچ پەرستان بە سەر شۆڕی ڕاونران لە سەرداوای خۆیان چونەوە بۆ ئەوزوپا. بۆ جاری سێهەم لە ساڵی (١٩٤٨) جولەکەکان و زاوێنیەکان بەیارمەتی ڕژێمەکانی ڕۆژ ئاوایەکان بە تایبەتی بەریتانیا قاچی خۆیانیان فڕێدایە بۆ نێو خاکی فەلەستینەوە.

ووردەیە بەیارمەتی ئیمپریالزمی ئەمریکا بەیتولموقەدەسیان داگیر کرد.

هۆی تر بۆ هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە ئەمەیە: پێغەمـەر ﴿ﷺ﴾ لـە سـاڵی (٦) شەشـی کۆچی‌دا خۆشی کەوتە دڵی خۆی و هاوڕێکانی بۆ سەردانی لە کەعبەی پـیرۆز، فـەرمانی دا بە هاوڕێکانی خۆیان گورج بکەنەوە لە مانگی زیلقەعیدەدا بۆ بەجێ هێنانی حەج، ئـەو هەواڵە گەیشت بە قورەیشیەکان، دڵیان پڕبو لە ترس، دەستیان کرد بەگفتوگۆ کردن لـە خزمەت پێغەمەردا ﴿ﷺ﴾ کۆتایی پێ هات بـە بەسـتنی ئاشـتی حودەیبیـەی بـەناو بـانگ، بەمەرجێ پێغەمەر خۆی و هاوڕێکانی لە ساڵی دووایدا بێنـەوە بـۆ حـەج و (٣) سـێ ڕۆژ بمێننەوە.

﴿ومن أظلم ممّن منع مساجد الله﴾ وە چ کەسێکە ستەم کار تـر لـە کەسـێ قەدەغـەی مزگەوتەکانی خوا بکا، ئیتر هەر مزگەوتێ بێ.

﴿أن یذکر فیها اسمه﴾ کە باس بکرێ لەو مزگەوتانەدا نـاوی خـوا و پەرسـتنی خـوای تێدا بکرێ دروشمی تێدا جێ بەجێ بکرێ.

﴿وسعى في خرابها﴾ وە ستەمکارتر بێ لە کەسێ کۆششی کردبێ لە ڕوخاندن و کاول کردنیی مزگەوتەکان لە هەر جێگەیەبێ.

﴿أولئك ماكان لهم أن يدخلوها إلاّ خائفين﴾ شایستە نەبو بۆ ئـەو کەسـانەی قەدەغـەی مزگەوتەکانیان ئەکرد کە ناوی خوای تیا باسکرایە کە بچنــە ناویانـەوە مەگـەر بـەترس و لەرزەو لە، چونکە بەیتولموقەدەس جێگەی حەجی گاورەکانە، کەواتە ئەبوایە ئەو کارەیـان نەکردایە لەگەڵ خۆیان ، گاور بوون بەیتولموقەدەسیان ڕوخان . هەروەك موسڵمانان نەیان ئەتوانی بچنە ناو کەعبە مەگەر بەترسەوە ، بەر لەگرتنی مەکە .

﴿لهم في الدّنيا خزيٌ﴾ بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە ڕسوایی لە جیهاندا بـە کوشـتن ودەر کردنیان، بـێ بـەش بـون لــە خۆشـی هـەتا ئەگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا و ڕێـز گرتـن لــە مزگەوتەکان.

﴿ولهم في الآخرة عذابٌ عظيم﴾ وە بۆ ئەو کەسانە هەیە لە ڕۆژی دوایدا سزایەکی زۆر زۆر گەورە. بەڵێنی خوا بێگومان بەڕاست گەڕا، موسڵمانان سەرکەوتن بـە سـەریانا. ئـەو ئایەتە لەو ئایەتانەیە مانای زۆری لێ دراوەتەوە، هەر زانایێ بەجۆرێ، بەڵام ئەوەی بـۆ ئێمـە ڕوون بێ بۆ هەڕشە کردنە لەو کەسانە ڕێزی مزگەوت ناگرن، نایــەڵن چاکیـان بکەنـەوە دووایی ڕوخان و نایەڵن پەرسـتنی تێـدا بکـرێ، هـەوڵ بـۆ ڕوخـانی ئـەدەن، وە نـاهێڵن دانیشتوان هاموشۆی بکەن و دروشمی ئایینی تێـدا بـەرپابکرێ. بەڕاسـتی فـەرمانی خـوا و دەستوری مـرۆڤ پێویسـتی کـردوە لەسـەر ئـادەمیزاد ڕێـزی مزگـەوت بگـرێ لەگـەڵ پەرستگاکانی تردا. بڕۆنە ناویان بە مل کەچی و گەردن کـەچی و کزۆڵیـەوە، لـە سزای خوا بترسن و بەتەمای پاداشت بن، گاڵتە بە مزگەوتــەکان نەکـەن، چونکـە بـۆ پەرسـتنی خوای گەورە دانــراون، بۆیـە خـوای گـەورە ئـەو ئایەتـە بۆمـانی ڕوون کردوەتـەوە ئـەو کەسانەی گاڵتە بەمزگەوتەکان بکا ڕیسواو کزۆڵ و سەر شۆڕی هەردوو جیهانە و سـزای گەورە ئەدرێ لە پاشە ڕۆژدا. بە کورتی ئەو ئایەت بۆمانی ئاشکرا کرد ئەو کەسـەی ئـەو

کردەوە خراپانە بکا دەربارەی مزگـەوت، خـوا ئـەوەی فـەرموێتی ئـەیکا لـە ڕیسـوای و سزادان کەواتە ئەو ئایەتە بۆ ڕوداوێکی تایبەتی نەهاتوەتە خوارە ئیتر ڕوداوەکە لەوە و بـەر پەیدا بوبێ یا لەکاتی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە پەیدا بوبێ، یا لەمەو پاش پەیدا ببێ.

بەڵام هەندێ لە زانایان ئەڵێن: ئەو ڕوداوە بەر لە هاتنی پێغەمەر بوە، بریتیـە لـە کـاول کردنی بەیتولموقەدەس بەدەستی ڕۆمانیەکان. هەندێ تریان ئەڵێن: بریتیە لە قەدەغە کردنـی بت پەرستان و ڕێگە گرتنیان لە پێغەمەر و هاوڕێکانی لە چونیان بۆ کەعبە. هەندێ تریـان ئەڵێن: ئەو ڕوداوەی قەدەغەکردنـەی مزگەوتـەکان دووایـی هـاتنی پێغەمـەر پـەیدا ئـەبێ لەوانەیە بریتی بێ لە قەدەغەکردنی خـاچ پەرسـتان کـە چـون بـۆلای بەیتولموقـەدەس، یـا قەدەغەکردنی ئێستای جولەکەکان بێ ، فەرمودەی ئـەو زانایانـە ئـاو بـە گـەرمایی دڵـی ئێمەدا ناکا چونکە بەڵگەی ڕاستیان نە ئەقڵەن ، کەواتە ئێمە وەك وتمان دەست بـە مانـای دەرکـەوتوی ئایەتـە ئـەگرین کـە پێویسـتە ڕێـزی مزگەوتـەکان و پەرستگاکان بگریـن، قەدەغەکردنیان جێگەی ڕسوایی ئەمڕۆ و سزای پاشە ڕۆژە.

بۆ ئاگاداری: دروست کردنی مزگەوت ئەو پەڕی ڕەواجی بۆ دانراوە لە لایەن خـوای گەورەوە بۆ پەرستن، پێویستە بە خاوێنی ڕابگیرێن، قەدەغەیە لـەش پیـس و ژنـی حـەیزدار دانیشن لە ناویدا، ئەو پـەڕی ڕێـز پێویسـتە بۆیـان لـە هـەمو ڕوێکـەوە.. بـەلای پێشـەوا مالیکەوە قەدەغەیە چۆنی بێ باوەڕان بۆ ناو هەمو مزگەوتێ. حەنەفیەکان ئەفەرمون: چـون بۆ ناو هەمو مزگەوتێ دروستە بۆ بێ باوەڕان. شـافیعی ئەفـەرموێ: تەنـها بـۆ مەسـجید و لحەرام قەدەغەیە چوون بۆ نێوی.

وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُۚ
فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾
وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًاۗ سُبْحَٰنَهُۥۖ بَل لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿١١٦﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ
وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿١١٧﴾

جولەکەکان تانەیان ئەدا لە پێغەمەر و موسڵمانان کاتێ خوا قیبلەی گۆڕی لە بەیتولموقەدەسەوە بۆلای کەعبە، ئەیان ووت: موحەممەد ئەمڕۆ فەرمان ئەدا بە هاوڕێکانی بە فەرمانێ بەیانی بەجۆرێ تر فەرمانیان پێ ئەدا، هەتا دوێنێ بو ڕوی پێ ئەکردن بۆلای بەیتولموقەدەس، ئەمڕۆ ڕویان پێ ئەکا بۆلای کەعبە. چۆن ئەبێ بەسەر ئولاخەوە بڕۆی و نوێژ بکەی و ڕوت بۆ هەر جێگەیە بێ.. ئەیان ووت: لە مزگەوتا نەبێ پەرستن قەدەغەیە، چۆن ئەبێ لە هەر جێگەیە بێ نوێژ و پەرستن بکرێ. خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە.

﴿ولِلّٰهِ المشرق والمغرب ﴾ وە بۆ خوا یە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، یانی زەوی هەمو گۆشەو کەناری و هەمو شتێ لەسەر زەویە بۆ خوایە و بەبێ جیاوازی. خوای گەورە لەو ئایەتەدا ناوی خۆر هەڵات و خۆر ئاوای بەتایبەتی بردوە چونکە ئەو دوانە هەمو جێگەی زەوی ئەگرنەوە، هەر جێگەیێ تۆ بیگری مانگ و خۆری بەسەردا هەڵدێ و بەسەریانا

ئاوادەبێ، بە پێچەوانەی باشور و باکور، هەر بۆیەش زەوی دابەش کراوە بە خۆرهەڵات و خۆرئاوا. نەك بە باشور و باکور.

﴿فأينما تولّوا فثم وجه الله﴾ دووایی بۆ هەر جێگەیە ڕووەرگێڕن بۆلای ڕوانگە لەو جێگەیە زاتی خوا هەیە کە بتانەوێ خوا پەرستی بکەن و نوێژ بکەن بەو جۆرەی خوا فەرمانیان پێ ئەدا یانێ ئەگەر ئێوە نەتان توانی نوێژ لە کەعبە یا لەبەیتولموقەدەس بکەن و ڕێگەیان پێ گرتن خوا هەموو زەوی کردووە بە مزگەوت بۆ ئێوە، دووایی نوێژی خۆتان بکەن لە هەرجێگەیە ئارەزۆتان هەیە لەو جێگەیە ڕووەرگێڕن بۆلای قیبلەو بۆتان دابین ئەبێ و گران نیە.

﴿إن الله واسع عليم﴾ بەڕاستی خوا پێوەیستی بەکەس نیە و میهرەبانی خوا فراوانە و ئەیەوێ ئاسانی برێژی بەسەر بەندەکانی خۆیا، ئەزانێ بەکردەوە و نیازەکانی ئێوە، لەهەر جێگەیە ئێوە نوێژ بکەن خوا ئاگادارە.

پ/ لەو ئایەتەوە وادەرئەکەوێ موسڵمانان ئەتوانن لە نوێژا ڕوبکەن بۆ هەرشوێنێ بیانەوێ نەك بەتایبەتی بۆلای کەعبە؟ کەچی پێغەمەر و موسڵمانان جگە لەکەعبە ڕویان بۆلایەنە کردوە.

و/ بەڵێ نوێژی سونەت دروستە بەسواری و بە پیادە ڕو بۆ هەر جێگەیە بکرێ، هەروەها کەسێ سەرگەردان بێ ولای کەعبەی بۆ نەدۆزرێتەوە ئەتوانێ دوای کۆشش خۆی لایە دیاری بکا و نوێژی فەرزیش بکا. بەڵام لەکاتی ئاسایش و زانینی کەعبە لەنوێژی فەرزا پێویستە هەر بۆلای کەعبە ڕوبکا، بەڵگەیشمان ئایەتی (١٤٩) ئەم سورەتەیە خوا ئەفەرموێ ﴿فولّ وجهك شطر المسجد الحرام﴾ تۆ ڕو وەرگێڕە بۆلای مەسجیدولحەرام لەنوێژا.

﴿وقالوا اتخذ الله ولداً﴾ وە جولەکە و گاور و بت پەرستانی عەرەب ئەیان ووت: خوا دایناوە بۆ خۆی مناڵ، بەوێنەی ئەوە لە ئایەتی (١١٣) باسکرا کە ئەیان ووت: هەر ئێمە

ڕاستین، جگە لە ئێمە ڕاست ویژ نین و لەسەر هیچ ئاینێ نین، ئەوەی ئەوان ئەیلێن هەموی بوختان و پڕوپوچن، بۆیە خوای گەورە لــە قورئانـا بۆمـانی ڕون ئەکاتــەوە و ئەفـەرموێ: جولەکەکان ئەڵێن: عوزەیر کوڕی خوایە کە پێغەمبەرێ بو هەمو تەوراتی لەبەر بو، دووای بەختەنەسر خۆی و سوپاکەی دایان بەسەر جولەکەکاندا و بەیتولموقەدەسیان ڕوخان بەر لە هاتنی عیسا و لە دایك بونی بــە (٧٨٠) سـاڵ، جولەکـەکان بـەدیل گـیران و کەەسـیان نەمایەوە هەمو تەوراتی لەبەر بــێ کــە عوزەیـر هـات و لەبـەر تـەوراتی بـۆ جولەکـەکان خوێندەوە ووتیان: ببێ و نەبێ ئەمە کوڕی خوایە، گاورەکانیش ئەیان ووت: عیسا کـوڕی خوایە، وە بت پەرستان ئەیان ووت: فریشتەکان کچی خوان

﴿سبحانهُ﴾ پاك و خاوێنی بۆ خوایە، تەنها و تاکە منالّی نەبوە.. ئەگەر خوا منالّی هەبێ ئەم کارە نارەوایانەی خوارەوە ڕوئەدا:

١- ئەو کەسە منالّی لێ پەیدا بێ، پێویسـتە ئـەو منالّـە ڕەگـەزی بـاوکی بێـت، هـەتا بتوانرێ ببێژرێ ئەو منالّە لەو باوکەیە، خوای گەورە بێ ڕەگەز و بێ وێنەیە.

٢- ئەگەر منالّی ببێ ئەبێ خوا پێویستی بە منالێ هەبێ لە خۆیەوە نزیك بـێ، لـەش و پەیکەری لەو بچێ، خوای گەورە نە لەشی هەیە و نە پەیکەر و وێنەی هەیە.

٣- کەسێ منالّی ببێ پێویستە ئەو کەسە بەبێ منالّ کاری نەڕوا، خوا پێویستی بە هیـچ بونەوەرێ نیە، نەك منالّ و هاوکار.

٤- ئەو کەسەی منالّی هەبێ، ئەبێ خۆشی منالّی کەسێ تربێ و خوالەکەس نەبوە.

٥- هەمو شتێ لە ئاسمانەکان و لــەزەوی دروســت کـراوی خــوان و بـەندەی ئـەون، دروستکەر بە باوکی دروست کراوی خۆی. فەرمودەی خوایە:

﴿بلّ له مافي السّماوات والأرض﴾ بەڵکو بۆ خوایە شتێ لە ئاسمانـەکان و لــە زەویـدا، دروست کراوی خوان، منالّی خوایان تێدا نیە و هەمویان بەندەی خوان.

﴿كلّ له قانتون﴾ هەموویان فەرمان بەرداری خوان و پەرستن بۆ ئەو ئەکەن، ناتوانن بێ فەرمانی ئەو بکەن، گیاندار و بێ گیانی بونەوەران مل کەچی خوان.

﴿بديع السّماوات والأرض﴾ خوای دروستکەرە و هێنانەدەری ئاسمانەکان و زەویە لە نە بونەوە بۆ بون، ئەوانەی لە ئاسمان و زەویدان دروست کراوی خوان، چۆن ئەبن بە منالّی خوا.

﴿وإذا قضى أمراً يقول له كن فيكون﴾ هەرکاتێ خوا فەرمانی دابێ بەشتێك و بەکارێ بۆ پەیدابونی، دووایی خوا ئەفەرموێ تۆ ببە، دووایی کتوپڕ ئەو شتە ئەبێ بەو جۆرەی خوا بیەوێ.

بۆزانین: جیاوازی نێوان (القضاء والقدر) { قەزا } لای زانا ئەشعەیەکان بریتیە لە خواستی ئەزەلی خودا کەپەیوەندە بەشتەکانەوە بەو حالّ و جۆرەی لەپاشە ڕۆژدا و لە { مالایزال } دا لەسەری دەبن ، { قدر } یش بریتیە لە دروستکردنی خودا بۆ ئەو شتانەی هەریەك لە کات و وادەی خۆیا و لەسەر ئەو ئەندازەیە کەبڕیاری داوە لە سەر ئەو حالّ و سیفەتانەی کە خواستی خۆی دیاری کردون . ئەم جێگەیە زەریای بێ بنە . ئەو بونە بەو جۆرەی خوا ئەیفەرموێ: ببە، ئەو شتەیش پەیدا ئەبێ بەبێ وەستان، ئێمە ناتوانین نەخشەی بۆ بکێشین و بزانین چۆنە. کەواتە با ئێمە خۆمانی بۆ ماندونەکەین و توانای خۆمان بە فیڕۆ نەدەین، خۆمان بخەینە نێو زەریای بێ‌بن و دەشتی بێ پایان و بەرین، ئەو کارە گرنگە کاری خوایە، هەرگیز ئێمە بۆمان دیاری ناکرێ وێنەی ئەو دروست کردنە.

وَقَالَ ٱلَّذِينَ
لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ كَذَٰلِكَ
قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ
قَدْ بَيَّنَّا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿١١٨﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ
بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَا تُسْـَٔلُ عَنْ أَصْحَٰبِ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٩﴾
وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ
هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ
مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾

﴿وقال الذین لایعلمون لولا یکلمنا الله﴾ وە کەسانێکی ئەوتۆ بەڕاستی پێغەمبەر نازانن لە بت پەرستان ئەیان ووت: بۆچی خوا گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە ناکا ڕوبەڕو بڵێ: موحەمەد فوروستادەی منە. کەواتە بۆیە ئێمە باوەڕت پێ نایەرین.

﴿أوتأتینا آیة﴾ یابێت بۆلای ئێمە بەڵگەیە لەسەر ڕاستی تۆ، ئەو بەڵگانە ئەوان داوایان ئەکردن زۆرن، وەك ئەمانە: بۆمان هەڵقوڵێنە لەزویی و وشکدا کانیاوێ. بێستانێکت هەبێ لە ترێ و لە خورما. ئاسمان بکەوێتە خوارەوە بەسەر ئێمەدا. فریشتەکان بێن شایەتی

بدەن لە سەر ڕاستی تۆ. کۆشێکت هەبێ لەزێڕ. بەرزببیتە بۆ ئاسمان. ئەو کاتە ئێمە بڕوات پێ ئەکەین بۆ باسکردنی ئەو داوایانەی ئەوان تەماشای ئایەتی (٩٠) لە سورەتی ئیسرادا بکە.

﴿کذلك قال الّذین من قبلهم﴾ هەر بەو جۆرەی ئەوان و داواکەیان ، ئەیان ووت کەسانێکی ئەو تۆی نەزان لەپێش ئەوان، هەر تۆ بەتەنها ئەو داوایەت لێ نەکراوە. ئەیان ووت:

﴿مثل قولهم﴾ وێنەی گفتو گۆی ئەوان، ئەوە بو تاقمەکانی موسا بەموسایان ئەوت: باوەڕت پێ ناهێنین هەتا خوامان پیشان نەدەی بە ئاشکرا، گاورەکان بە عیسایان ئەووت: ئایا خوای تۆ ئەتوانێ لە ئاسمانەوە خوانێکمان بۆ بهێنێ پڕبێ لە خواردەمەنی.

﴿تشابهت قلوبهم﴾ دڵی ئەوانەی ئێستا و ئەوانەی پێشو لەیەك ئەچن لە ڕەقیدا، بیرو بۆچونی هەموویان وەك یەکوان.

﴿قد بیّنا الآیات لقومٍ یوقنون﴾ بەڕاستی ئێمە ڕونمان کردوەتەوە چەندین بەڵگە بۆ کۆمەڵێ باوەڕی بێ گومانیان هەبێ بەو بەڵگانە، بەڵگەی چڕو پڕمان هێناوەتەوە لەسەر ڕاستی موحەمەد، داوای زۆرتر بۆ بەڵگە لەخۆبایی بونە و داواکاری بەو جۆرە وازی لێ نەهێنرێ و سودی نیە بۆ نەزان و بێ باوەڕان، باوەڕ ناهێنن بەڵگەی زۆرتریشیان بۆ بهێنرێ.

بۆ ئاگاداری: ئەو شتەی بچێتە مێشکەوە، پێویستی بە وولام هەبێ کە بۆی داوا بکرێ: ئەمەیە خوا یارمەتی فروستادەی خۆی ئەدا بە نیشانە و بەڵگەیەکی وا جێگەی گومان نەهێڵێتەوە لە دڵا، بۆ کەسێ بەڵگە سودی هیە خۆی تەرخان کردبێ بۆ ڕێگای ڕەوا و بەس، خوای گەورە ئەو کارەی لەگەڵ موسڵمانان کردوە، بەڵگەی تەواوی بۆ ڕون کردونەتەوە، وە ئەو کەسانەی بڕوایان پێ کردوە زۆر تر لەو بەڵگانە کات بەفیڕۆدانە. بەڵام ئەو کەسانەی بێ نرخن و گوێ بۆ هیچ شتێ ناگرن شایانی ئەوە نین وولامیان

بدرێتەوە، چاکتر وایە وازیان لێ بهێنرێ. ئەو کەسانە بەبێ بەڵگە لە خۆیانەوە بڵێن: باوەڕ بەو بەڵگانە نایەرن، چۆنیان پێ ئەسەلمێنرێ؟ ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە باشی تێبگەین و بزانین ئەو توێژوە و برینەی کەوتوەتە سەر لەشێ لە لەشەکانی مرۆڤ چ نەخۆشیەکە؟ پێویستە بە تاقی کردنەوەی پزیشکی تایبەتی پشت ببەستین ئەگەر بمانەوێ بسەلمێنین هەڵسوڕێنەرێکی هەمو کارێ لە جێگە شیاوی خۆدانەر هەیە، پێویستە پشتە سوری ئەقڵ و ژیری بین، ئەگەر بمانەوێ فەرمانێ لە فەرمانەکانی یاسای ئیسلام بناسین ئەبێ تەماشای قورئان بکەین لەگەڵ ڕەوشتی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ ئەگەر بمانەوێ فێری زمانی نەتەوەیە ببین پێویستە تەماشای نەریت و ڕەوشتی ئەوان بکەین ئەگەر بمانەوێ یاسایە لە یاساکان بزانین ئەبێ تەماشای نامەی یاسا بکەین. ئەگەر بمانەوێ فێری مێژوو ببین ئەبێ پشت بە مێژوو ناسان ببەستین. کەواتە ئەو کەسەی خۆی بۆ خۆی سەربەخۆ لە خۆیەوە بەبێ پرس و ڕاوێژ و تاقی کردنەوەی کەسێ تر هەر لەخۆیەوە بەڵگە و نیشانە بۆ خۆی دروست بکا هەرئەبێ سەر گەردان و گێل و گەوجبێ بە وێنە جولەکەکان و گاور و بت پەرستان.

کاتێ پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ بەرەنگاری دوو ڕووان و بێ باوەڕانی بە قورئان کرد و گفتوگۆی ئەوانی پوچ کردەوە، توانایان نەما و سەریان شۆڕ کرد، ئەگەر دووایی باوەڕ نەیەرن بە نەزان و تێ نەگەیشتو دائەنرێن و دەرگایان لە خۆیان داخستوە، خۆیانیان کەڕ کردوە لە کاتی بیستنی گفتوگۆی ڕەوادا، خۆماندوکردن لەگەڵیانا بێ سودە.. شاگردەکانی ئەو نەزانانە لەم کاتەدا وێنەیان بەردەوامە، لە هەمو لایەکەوە کای کۆن بەبا ئەکەن.

خوای گەورە پیشەی پێغەمەری ڕون و دیاری کردوە کە مامۆستای ئادەمیزادە و هەموکاری ڕەوای ڕون کردوەتەوە، کەس پاڵی پێوە نانێ و زۆری لێ ناکا، خوا دڵخۆشی ئەداتەوە کە دڵ تەنگ نەبێ کەبێ باوەڕان باوەڕ ناهێنن و ئەفەرموێ:

﴿إنّا أرسلناك بالحقّ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆمان ڕەوانە کردوە بە قورئانێکی ڕاست و ئاینێکی زۆر پاکەوە، جگە لەو ئایینە ئایینێ تر وەرناگرێ لە هیچ کەسێکەوە، زۆر لە هیچ کەسێ مەکە باوەڕ بهێنێ.

﴿بشیراً ونذیراً﴾ تۆ موژدەری بەو کەسانە باوەڕ ئەهێنن بە بەهەشت، ڕانومایی کەریانی ترسێنەری بەو کەسانە باوەڕ ناهێنن بە ئاگری دۆزەخ، ئەوانەیە پیشەی تۆ، پاش ئەوەی داواکاریەکەت ڕون کراوەتەوە بەئاشکرای خۆت دڵ تەنگ مەکە، تۆ زۆر لەکەس مەکە بۆ وەرگرتنی داواکاریت، تۆ توشی خراپە نابیت و ئەوان توشی سزائەبن.

﴿ولا تسأل عن أصحاب الجحیم﴾ وە تۆ پرسیارت لێ ناکرێ لە دانیشتوانی دۆزەخ کە باوەڕیان نەهێناوە بەوانی ڕابگەیەنە ، ئیتر گوێت لێ ئەگرن یان گوێ ناگرن لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە، ئایا دایك و باوکی پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ بەهەشتین یانە؟

لە وەڵامدا زانایان فەرمویانە مەبەست لەو دۆزەخیانە لەو ئایەتەدا بریتین لە جولەکە و گاور و بت پەرستان، پەیوەندی بە دایك و باوکی پێغەمبەرەوە نیە. هەروەها زانایان فەرمویانە: واپێویستە لەو بارەیەوە ئێمە گفتو گۆ نەکەین، چونکە بەڵگەیەکی بێ گومان بەدەستەوە نیە. بەڵام ئەوەی بەشایانی باسێ دای بنێن باوك و دایکی پێغەمبەر بڕوایان بە یەکێتی خوا بوە، بەو بیروباوەڕەوە مردوون، زانینی هەموو شتێ لای خوایە.

خوای گەورە دڵخۆشی پێغەمەری دایەوە بەو ئایەتەی پێشو، بە پێغەمەری فەرمو: تۆ لەلایەن خۆتەوە هەمو شتێکت بە تەواوی ڕون کردۆتەوە، بێ باوەڕانیش بێ بەڵگەن لەوەی باوەڕ بەتۆ ناهێنن، ئەو پەڕیان گرتووە لە بێ باوەڕیدا، ئەیانەوێ تۆ پەیڕەوی ئەوان بکەی و بڕۆیتە سەر ئایینی ئەوان. ئەوەەیش بۆ تۆ ناگونجێ، ناتوانی و ناچێتە مێشکەوە لەیەك کاتا پەیڕەوی ئاینی هەردوو لایان بکەوی، هەرلایەکیان بگری ئەوی تریان لێت ڕازی نابێ. کەواتە ئایینی ڕاست هەر ئاینی ئیسلامە، تۆ هەر پەیڕەوی ئەو بکە و بەس.

خوای گەورە ئەو مەبەستەی خاوەن نامەکان باس ئەکا، ئەفەرموێ:

﴿ولن ترضی عنك الیهود و الا النصاری﴾ وە ڕازی نابن لە تۆ جولەکەکان و گاورەکان. لێرەدا بەتایبەتی ناوی جولەکەکان و گاورەکان براوە، هەرچەندە هەمو بێ باوەڕان وەك ئەوان وان، چونکە ڕوداوەکە لەوانەوە پەیدا بوە، بۆ ئەوەیش پێغەمبەر لەمەو پاش بەتەمای ئەوان نەبێ، ئەوان بەجێگەی بڕوادا نەنێ.

﴿حتی تتبع ملتهم﴾ هەتا تۆ دووای ئاین و دەستوری ئەوان نەکەوی، ئەیان ووت: ئێمە لەتۆ ڕازی نابین با ئەو پەڕی هەوڵ بدەی بۆ ڕازی کردنمان، هەتا دووای ئایینی ئێمە نەوکەوی بەو ڕستەیە خوا پێغەمبەری هۆشیار کردەوە هەرگیز چاوەڕوانی باوەڕ هێنانی ئەوان نەکا.

﴿قل إنّ هدی الله هو الهدی﴾ تۆ بڵێ: بەڕاستی ئەو ئاینەی ئیسلام کەبەسروش بۆ تۆ هاتوە لەلایەن خواوە. ڕاغوکەری خوایێ بۆ ئادەمیزاد هەر ئەو ئایینە ڕانومایی کەرە، خوا هەر لەو ئاینە ڕازیە، ڕانومایی کەرێ تر نیە جارێ بۆ بدرێ.

﴿ولئن اتّبعت أهواءهم﴾ وە ئەگەر تۆ دووای ئارەزوی بۆشی ئەوان بکەوی، بڕوا بەدەستوری ئەوان بکەی، لە نوێژا ڕووبکەی بۆلای ڕووانگەی ئەوان. بێگومان ئەوە لە تۆدورە.

﴿بعد الّذی جاءك من العلم﴾ دووای ئەوەی ئەوتۆ هاتوە بۆلای تۆ لەو سرووش و ئاینەکە ڕاستیەکەی زانراوە و ناسراوە.

﴿مالك من الله من وليّ ولا نصيرٍ﴾ نابێ بۆ تۆ لەلایەن خواوە هیچ دۆستێك و هیچ یاریدەرێ کە ڕێگە بگرن تۆڵەت لێ بکرێتەوە ئەگەر دوای ئەوان بکەوی .

بەکورتی جولەکەکان داوایان لە پێغەمبەر کردنەرم و لەسەر خۆبێ لەگەڵیانا هەتا پەیڕەوی بکەن و باوەڕی پێ بهێنن. خوای گەورە دەرگای بە تەمابونی پێغەمبەر بۆ گفتوگۆی ئەوان داخست بەو ئایەتە، ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە هەرگیز نابێ پێغەمبەر دڵی جولەکە و گاورەکان ڕازی بکا، چونکە ڕازی کردنی ئەوان بەستراوە بەوەوە

پێغەمەر واز لە ئایینی ئیسلام بهێنی و ببێ بەجولەکەیا بەگاور، ئەوەیش هەرگیز ناگونجێ. کەواتە موحەممەد تۆ بەوان بڵێ: ئەو شتەی من لە سەریمی ڕاستە، ئەوەی ئێوە لەسەرینی گومڕایی بۆشە، چۆن من واز لە کاری ڕەوا ئەهێنم، دووای گومڕای ئەکەوم؟

ئەو شتەی گومانی تێدانەبێ هەرجولەکە و گاورەکان خاوەنی ئەو بیر و باوەڕەنین، هەمو ئایین پەرستان و تاقم و پارتێ ئەو بیرباوەڕەیان هەیە ئەیانەوێ هەموکەس پەیڕەویان بکەن، بگرە زۆریشیان هەتا ئەبێ بەبەندەیان لێت ڕازی نابن. بەڵام ئایینی ئیسلام ئەوبیروباوەڕە خراپەی زۆر لاناخۆشە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەمیشە داوای بەیەکەوە ژیان ئەکا بەجۆرێکی ئاشتی خوازانە لە هەمو خاوەن بیروباوەڕێ. بەبێ دەست درێژی لە یەکتری بەدڵی پاکەوە بەیەکەوە بژین. بۆ نمونە ئیسلام ڕێز لە هەموو فروستادە و پێغەمەران ئەگرێ و ناویان بە چاکە ئەبا، داوا لە هەمو موسڵمانان ئەکا باوەڕ بەهەمو پێغەمەران بهێنن، ئەویش گەورەترین بەڵگەیە ئیسلام ئەیەوێ هەمو نەتەوە و خاوەن بیروباوەڕێ بژین بە یەکەوە بە خۆشی.

لە وانەیە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە ئەمەی دووایی بێ: کە بەدڵی پێغەمەردا ﴿ﷺ﴾ هاتبێ، بەلای کەمەوە نزیك ببێتەوە لە جولەکەکان. بەڵکو ڕانومایی وەربگرن، یاریدەی بدەن لەسەر ئەو کارە ڕەوایەی ئەیەوێ، گێرە شێوێنەکەیان کەم بکەنەوە، واز لە خراپە کردن بهێنن، خوای گەورە ڕوونی کردەوە کە دوژمنایەتی ئایین و بیروباوەڕی تۆ لە تۆ ڕازی نابن هەتا تۆ واز لەو بیروباوەڕە نەیەریت لە سەریتی، دووای گومڕای ئەوان بکەوی، بۆیە لەدوایدا خوا قەدەغەی کرد لە پێغەمەر لەوان نزیك نەبێتەوە، چونکە ئەو نزیك بونەوە یاریدەی ئەوان ئەداو بەهێزیان ئەکا باپێغەمەر پێی نەزانێ. بێگومان ئەوانەیش قەدەغەن لەسەر تۆو هەمو موسڵمانان بەگشتی، هەروەك قەدەغەیە دووای ئایینی ئەوان بکەون.

بائەمەیشمان لە بیربێ جولەکە خراپ کاری و گێرە شێوێنی ڕەوشتی ئەوانە، دژی چاکە و خاوەن چاکەن. ئەوان پێویستە لەسەریان ئەو کەسانەی چاکەیان لەگەڵ بکەن ئەوان خراپەی لەگەڵ بکەن، هەوڵدان لەگەڵیان بۆ ئاشتی خراپە نەکردن و بێ سوودە.. ئەو قدەغەکردنە و ترساندنی پێغەمەر لەلایەن خواوە گەورەترین هەڕەشەیە لە موسڵمانان کە دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی ئایین و بیروباوەڕ و نیشتمانا نەکەن، بەبیری خۆیان بیانەوێ بەکاریان بهێنن بۆ سودی موسڵمانان. بەڵام پێچەوانەکەی زۆر ڕاستەت، چونکە ئەوان بەدەم دۆستایەتی لەگەڵ ئێوە ئەکەن هەتا لەژێرە وەبازرگانی و مامەڵەی خۆیان مسۆگەر ئەکەن.

قازانجی خۆیانیان ئەوێ هەموو کاتێ ، تاکە دروشمیان ئەمەیە: وەرگرن و هیچ شتێ بەکەس نەدەن، ئەگەر چارەیان نەما کەمێ ئەدەن بە موسڵمانان و زۆریان لێ وەرئەگرن، خوای گەورە ئەو بازرگانیەی ئەوانی زۆر بەباشی ڕون کردوەتەوە بەم ئایەتە کە ئەفەرموێ: ﴿ولتجدنهم أحرص النّاس على حياةٍ﴾ وە تۆ بەڕاستی جولەکەکانت دەست ئەکەوێ بەچاو چنۆك ترین ئادەمیزاد لەسەر گوزەران و ژیانی جیهان.

هەموو دوژمنانی ئیسلام بەبێ جیاوازی لەکۆن و لەتازەوە لە دژی ئیسلام نەوەستان و نایشوەستن: لەمەو بەر بەناوی ئاینەوە ئەجەنگان لە دژی موسڵمانان. بەڵام ئێستا بە ناوی پاراستنی سودی خۆیانەوە بۆ داگیر کردنی زەوی و نەوت، بۆ هاتو چۆی نێو ئەم زەریا و ئەو زەەریا ئەجەنگێن لەدژی موسڵمانان، دوکەڵی نەوت و گڕی گاز و ئاوی گەرم ئەبینن چاویان کوێر ئەبێ، ناوەستێن بۆ داگیر کردنی ئەوانە و هەمو سامانی تری موسڵمانان و کردنیان بە ژێر دەستەی خۆیان، جەنگی ئابووری و بەرگری و دارایی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شتی تریان لەگەڵ ئەکەن، موسڵمانیان خەڵەتاندوە و بێ هۆشیان کردون بەخواردنەوەی ئارەق و قومارکردن و داوێن پیسی بەهۆی فلیمی بەرەڵایی و سینەما و تەلەفیزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە و سەتەلایتەوە، ئەبوایە هەندی

لەوانەیان بۆ کاری چاك بەکار بهێنایە، بەو بۆنـەوە دەسـتیان داوەتـە کوشـتنی یـەکتری و تالآن و دزی و دەست برین. لـە هەموان سەیرتر خۆیان بەپێش کـەوتو ئـەزانن، وەلاسـایی پیاوانی ئایین ئەکەنەوە لـەسەر شانۆ، جبە و سەرپۆش ئەپۆشن و ئەیانەوێ ڕەوەشتی بـەرزی پێشویان بریندار بکەن، بە دوژمنانی باو باپیری خۆیان بسەلێنن کە باو باپیرمان نەفام و گێل بوون. ئەی ئێوە تاقمی لاسایی کەران چ شتێکتان کردوە بۆ هاونیشتمانتان جگـە لـەوەی دەری بخەن دوژمنانتان کە باو باپیرمان نەزان و گێج بوون.

برایانی موسڵمان: لـەخەو بێدار ببنـەوە و ڕاپـەرن و خۆتـان چـەك داربکـەن بەچـەکی قورئان، کۆشك و تەلاری زاوێنی و خاچ پەرسـتان بروخێنـن، خۆتـان ڕزگـار بکـەن لـە نینۆکی دڕوندانەی بێ ئاینیان و داوین پیسان و داگیرکەران و گۆرستان پەرستان و نوشـتە نوسان و جادوگەران، ڕاویان نێن لـە نشتیمانی خۆتانا ببنە خـاوەنی ئـابوری و ڕامیـاری و زەوی و ئاو زەریا و ناموس و ئایین و بەرگری خۆتان، بائەم جارە ئەوان چاوەڕووانی ئێـوە بن. ئەو گەلـەی بەزانست و زانیاری و پیشەو ڕەوشتی بەرز خۆی بەهێز ئەکا زۆر بێ نـرخ و لاوازە باوەکو ژمارەیان زۆربێ، بە پێچەوانەوە سەربەرزن بازمارەی نفوسیان کەمبێ.

دووای ئەوەی خوا ڕونی کردەوە بۆ پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ کە گاورو جولەکـەکان بـڕوات پێ ناکەن، بگرە لێت ڕازی نابن هەتا دووای دەستورەکانیان نەکەوی، ئەفـەرموێ: ئـەوان وەنەبێ هەمویان بەو جۆرە بن. بـەڵکو هـەندێکیان بـەویژدان و دادپـەروەریان هەیـە، بـەو جۆرەی پێویستە تەمشای نامەکانی خۆیانیان کردوە، ئەوانەیان موسڵمان ئـەبن و باوەڕیـان پێ ئەکەن.

ئەوانەیش (٤٠) چل کەس بون (٣٢) سی و دوو کەسیان دانیشتوی حەبەشەبون، (٨) هەشتیان زانایانی شام بون، هاتنە خزمـەت پێغەمـەر ﴿ ﷺ ﴾ موسـڵمان بـون، وەك خـوا ئەفەرموێ:

ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ
ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ
فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ (١٢١) يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ
أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٢٢) وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا
لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا تَنفَعُهَا
شَفَٰعَةٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ (١٢٣)

﴿ألّذين آتيناهم الكتاب﴾ کە سانێکی ئەوتۆ ئێمە بەوانمان بەخشـیوە نامەیـە، ئیـتر ئـەو نامەیە قورئانێ یا تەوەرات و ئینجیل لە موسڵمانان و جولـەکە و گاورەکان.

﴿یتلونـهُ حـقّ تلاوتـه﴾ ئـەو نامەیـە ئەخوێننـەوە بـەو جـۆرە ڕاسـتبێ و شـایانبێ و خوەێندنەوەی ئەو نامەیە، مافی خـۆی ئـەدەنێ، بەفەرمانـەکانی کارئەکـەن، واز لـەقەدەغـە کراوەکان ئەهێنن. دەستکاری ئەو نامەیە ناکەن و نای گۆڕن، بەهەمو دڵیانـەوەی وەریـان گرتوە.

﴿أولئك یؤمنون به﴾ ئەو کەسانە بڕوا بەو نامەیە ئـەهێنن کـە نـەگۆڕاوە و دەسـتکاری نەکراوە، واز لـە گۆڕراوەکە ئەهێنن.

﴿ومن يكفر به فأولئك هم الخاسرون﴾ وە هەر کەسێ باوەڕ بەو نامەیە نەهێنێ، دووایی ئەو کەسە هەر ئەوانەن زەرەرۆمەندن، بەرەو نێو ئاگر ئەڕۆن کـە بۆیـان دانـراوە، چونکـە گومڕاییان بەکاری ڕەواو ڕاست کرپوە، ئیتر ئەو نامەیە بڕوای پـێ نایـەرن قورئـان بـێ یـا تەورات و ئینجل، چ زیانێ لە زیانی دووا ڕۆژ گەورەتربێ؟

لێرەدا پێویستە ئەمەیش بزانین بڕواکردن بە قورئان و نامەکانی ترپێك نایە بـە گوێـرەی زانستی تەجوید قورئان بخوێنرێ و بەس، ووشەکانیان ڕێك خرێ و پیتەکانیان لـە جێگـەی شیاوی خۆیانا دابنرێ، ئەوانە سوودیان پێ وەرناگیرێ ئەگـەر لەماناکـەیان وردنەبیتـەوە و پێی تەمێ خوارد نەبین ، بۆیە پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ ئەفەرموێ: ((ماآمن بـالقرآن مـن استحلّ محارمه)) باوەڕی بەقورئان نەهێناوە ئەو کەسەی بەڕەوای دانێ قەدەغە کراوەکانی قورئان.

زۆرم لا گرنگە مامۆستای بەڕێز (موحەمەد عەبدە) ئەفەرمێ: ئەو کەسەی قورئان هەربۆ خوێندنەوە بخوێنێ و بەس، وێنەی گوێ درێـژێ وایـە هـەڵگری چـەند کتێـبێ بـێ بەشـی لەباوەڕ بەونامانە نەبێ ،چونکە لەناوەرۆکەکەیان ناگات ڕێنومای خوای لەوانەدا بەدی‌ناکا کەواتە خوێندنەوەیە بەو جۆرەبێ سودی بۆ ڕانومای وەرگرتن نابێ ،باوەکو بزانێ مانەکەی چۆنە ،ئەوجۆرە زانینە دێت وئەڕواو لەدڵدا جێگر نابێ ،زانیی ڕاستی وبـاوەڕی بێگومـان بیر کردنەوەیە کە ڕێنومای وشارەزایی لێوەربگرێ وەوابزانـێ ئەوئایەتانـە داوای ڕێنومـای لێێ ئەکەن و ئەڵێ شارەزای مانەکەی بـە، کۆتـایی بـە فـەرمودەی موحەمـەد عـەبدەهات پوختەی‌مانای ئەوئایەتە ئەمەیە :تەورات وئینجیل موژدەیان بە فروستادەی پێغەمبەر داوە ،وە قورئانیش بەڵگەیە بۆ ڕاستیەکەی ،بۆیەئەو کەسانەی لـەمانای نامـەکان وردبنـەوە بـاوەڕ بەپێغەمبەرو بە ئاینی ئیسلام ئەهێنن . خۆیانی بۆتەرخان ئەکەن بـەو جۆرەی‌پێویسـتبی،ئیـتر جولەکەبن یان گاورو بت پەرستەکان.بێ‌باوەڕانی ئـەم سـەردەمەیش بـەوجۆرەی شـایانی قورئان بێ لەمانەکەی وردنابنەوە ، خۆیان گێل وکوێر ئەکەن و باوەڕی پێ ناکـەن خـوای گەورە لەئایەتی (٤٠) چلەوە هەتا ئایەتی (١٢٣) سەدوبیست وسێ باسـی جولـەکـەکانی

کرد بەو ئایاتانە ڕوی فەرماندانیخۆی تێ کـردن ،بـەدوردرێژی باسـی مێـژوی رابـردوی ئەوانی لـەگەڵ خـواو پێغەمبـەرەکانی خۆیـانی بۆکـردن ، سـەرنجی ڕاکێشـان بـەڕوکردنی فەرماندانەکەی بۆ پێغەمبەرو موسڵمانان ، بـەوان ڕائەگەیـەنێ بەوئایەتانـە .کۆتـایی بـانگ کردنیانە بۆ باوەڕهێنان کەچی ئەو جولەکانـەی ئێسـتا هـەروەك کۆنـەکانیان وان لـە بـێ باوەڕی داو لـە لاساریدان بۆیە خوای گەورە لـەدوای بـاس کردنـی ئـەو هـەموو نیشـانە گەورانە باسی چاکەو بەخشندەی خۆی بۆیان دووپات ئەکاتەوە بە ئایەتی (١٢٢) سـەدوو بیست ودوو گوێچکەیان ئەلەرزێنیو ئەیان ترسێنێ بە ئایەتی (١٢٣) سەدوبیست وسـێ ، ئەفەرموێ:

﴿ یابني إسرائیل اذکروا نعمتی التي أنعمت علیکم ﴾ ئەی کوڕانی ئیسڕائیل: ئێوە بیری ئەو چاکە و بەخششانە بکەنەوە من بە چاکە ڕژاندم بەسەر ئێوەدا.

﴿وأني فضّلتکم علی العـالمین﴾ وە بەڕاسـتی مـن ڕێـزی ئێـوەم داوە بـە سـەر هـەمو ئادەمیزادی ئەو سەردەمەی خۆتان کە پێغەمەری زۆرتانم پێ بەخشیون و کاری بـۆ کەسـی تر نەکراوم پێ داون.

﴿واتقوا یوماً لاتجزی نفس عن نفسٍ شیئاً﴾ وە ئێوە بترسـن لـە سـزای ڕۆژی دووایـی سود نابەخشێ هیچ کەسێ بە هیچ کەسێ تر هیچ شتێ، هـەمو کەسـێ چاکـە و خراپـەی کردەوەی خۆی وەرئەگرێ.

﴿ولا یقبل منها عدل ولا تنفعها شفاعة﴾ وە وەرناگیرێ لـە هیچ کەس بریتـی و بـەرتیل بەهەمو سامانی جیهان و سود ناگەیەنێ بەهیچ کەسێ پارانەوە بۆ کەسێ تر.

﴿ولا هم ینصرون﴾ وە ئەوان یارمەتیان نادرێ لە هیچ کەسێکەوە. مانـای ئـەو ئایەتـە بەدرێژی لە کاتی ماناکردنی ئایـەتی (٤٨) چـل و هەشـتا باسـی کـراوە لـەم سـورەتەدا. پوختەی باسی ئەوەیش کراوە ئایا (شفاعة) واتە پاڕانەوەی پیاوچاکان لە خزمەت خوادا لـە ڕۆژی دووایدا بۆ کەسێ لە ئادەمیزاد وەر ئەگرێ یا نە؟

دووای ئەوەی خوای گەورە باسی چاکەکانی خۆی کرد لەگەڵ کوڕانی ئیسرائیل و بت پەرستان و باسی لاساری و گومڕایی ئەوانیشی کرد. لەمەو پاش باسی چیرۆکی ئیبراهیم ئەکا کە هەمویان لە ڕێزداری ئیبراهیم ئاگادارن، ئەوانیش لەنەوەی ئەون، دانیشتوی شارە ڕێز گیراوەکەی خوان، خزمەت کاری خانوە پیرۆزەکەی خوان، هەروەها لەو بەسەر هاتەی ئیبراهیم دا چەند کارەساتێکی وا هەن پێویستی ئەکا لەسەر یان بڕوا بەئاینی پێغەمەر بکەن ، وە مل کەچ بن بو دەستوری ئەو پێغەمەرە. ئەو کارە ساتانەیش ئەمانەن:

١- ئیبراهیم فەرمانی پێ درا کە هەندێ فەرمانی زۆرگران جێبەجێ بکا، ئەویش جێبەجێ کردن بۆیە پیشەی پێغەمەرایەتی و پێشەوایەتی پێ درا. کەواتە هەمو چاکەیە بۆ هیچ کەس پەیدا نابێ هەتا واز یاخێتی نەهێنێ، فەرمانەکانی خوا بەجێ نەهێنێ.

٢- ئیبراهیم داوای کرد لەخوا ئەو پێشەواییە کە خوا داویتییە بەخۆی ببەخشێ بە نەوەکانیشی، خوا داواکەی لێ وەرگرت. بەڵام ئەو پیشە گەورەیە نادا بە ستەم کارانی نەورەکانی. کەواتا زانرا ئەو کەسەی بیەوێ مافی ڕەوای دەست بکەوێ پێویستە واز لە ڕەگەز پەرستی و دووڕوویی و بێ نرخ کردنی مرۆڤە بەرزەکانی لای خوا بهێنێ، هەتا سەرۆکایەتی ئەمرۆ و پاشە ڕۆژی دەست بکەوێ.

٣- کاتێ ڕوانگە بۆلای کەعبە گۆڕا جولەکەکان زۆریان لا گران بو، خوا ویستی لەوان کەرق و کینەکەیان لابەن، بەوەی کەعبە دروست کراوی ئیبراهیمە کە خۆیان بەگەورەی ئەزانن و بە باپیرە گەورەی هەمو پێغەمەمەرانی خۆیانی دائەنێن و ئەڵێن: ئێمە دووایی ئەو کەوتوین.

٤- ئیبراهیم پاڕایەوە لەخوا کە لەنەوەی خۆی پێغەمبەرێ بنێرێ، موحەمەدی نارد کە لەنەوەی ئەوە، ئەو کەسەی باوەڕی بە ئیبراهیم بێ پێویستە باوەڕیش بەوبکا. بۆیە خوا ئەفەرموێ.

وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِۦمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَـٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾

﴿وإذ ابتلى إبراهيم ربّه بكلمات﴾ وە موحەممەد تۆ بیری ئەو کاتە بکەرەوە ئیبراهیمی تاقی کردەوە پەروەردگاری خۆی بە چەندین فەرمانێ و بەچەندین شتێ قەدەغەکرابون کە ئەو شتانە زۆر گرانبون و کردنیان، هەتا ئیبراهیم هۆگری خۆگرتن و هێمنی بێ لەسەر هەلگرتنی باری گرانی فەرمانەکانیخوا، وەك ئەوەی فڕێی دایە نێو ئاگرەوە، دانانی ژن و کوڕەکەی لەو جێگە چۆڵە و شیوە قوڵەی بێ ئاو و خواردەمەنیە لە مەکەدا، بەسەر بڕینی کوڕەکەی.

﴿فأتمهن﴾ دووایی ئیبراهیم ئەو فەرمانانەی بەتەوای بەجێ هێنا، بەو جۆرەی شایانبێ بۆیان بەبێ کەم و کوڕی.

﴿قال إني جاعلك للناس إماماً﴾ خوا فەرموی بەئیبراهیم: بەڕاستی من تۆم کرد بە پێشەوای ئادەمیزاد و چاولێ کراو بۆیان بۆ ئەوەی پەیڕەویت بکەن.

﴿قال ومن ذرّيتي﴾ ئبراهیم پاڕایەوە لەخوا ووتی: ئەو پێشەوایيە ببەخشە بەهەندێ لەخێزانەکان و نەوەکانم، هەتا ئەوانیش ببنە پێشەوای ئادەمیزاد.

﴿قال لاينال عهدی الظّالمين﴾ خوا فەرموی: توشی ئەو پەیمان و پێشەوایيە نابن کەسانێ ستەم کاربن لە ئادەمیزاد، پێشەوایی بۆ ستەم کاران دەست نادا، بەڵکو بەشی چاکە کارانە چونکە ئەوان شایانی چاو لێ کراوین نەك ئەو ستەم کارانەی باوەڕیان بەخوا نیە.

لێرەدا ئەمانەی خوارەوە جێگەی باسن:

١- کۆمەڵێ زانایان ئەڵێن: پێشەوای موسڵمانان و کـار بەدەسـتەکانیان پێویسـتە داد پەروەر و چاکەکاربن لەگەڵ موسڵمانان، توانای بەڕێوە بردنی کار و بـاری دانیشـتوانیان هەبێ بەو جۆرە پێویست بێ، بۆیە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێ: ((ان لاينازعوا أمره)) ئـاژاوە مەگێڕن لەگەڵ ئەو کەسانەدا شایانی پێشەوایی بن، بـەڵام ئەگـەر گوناهبـار و زۆرداربـون وستەم کاربون، شایستە نین بۆ ئەو کارە، خوا ئەفەرموێ: ﴿لاينال عهدى الظالمون﴾

٢- زۆرترین لە زانایان ئەڵێن: ئارام گرتن لەسەر ستەمی فەرمان ڕەوایـی سـتەم کـارو پێشەوایان چاکترە لە ئاژاوە نانەوە، نەوەك خوێن ڕێژی و کوشتن و تاڵان و سوتان و دزی پەیدابێ. دەستی خراپە کاران بەرەڵا ببێ و گێرە شێونی پەرەبسێنی.

٣-موچەوەرگرتن لەکا ربەدەستانی ستە مکاربە سێ جۆرە:

یەکەم: ئەگەر ئەو سامانە لەلای ئەو کاربەدەستە یە بـە گوێـرەی دەسـتوری ئیسـلام وەرگیرابێ موچەوەرگرتن لەوان دروستە.

دووهەم: ئەگەر ئەو سامانە لە ڕەواو ناڕەوا پێك هاتبو چاك وایە ئـەو کەسـانەی بەشـی خۆیان داراییان هەیە موچەیان لێ وەرنەگرن. بەڵام هەژاران بۆیان هەیە بەگوێرەی پێویسـت بۆ خۆیان موچەوەربگرن.

سێهەم: ئەگەر بەڕونی ئەزانرا ئەو سامانە بەگشـتی لەقەدەغـە کراوەکـان پێـك هـاتوە، پێویستە موچەیان لێ وەرنەگرن.

ئەو ئایەتانە بۆمان ڕون ئەکاتەوە خزمایەتی و دۆسـتایەتی و ڕەگـەز پەرسـتی لـە ئـایینی ئیسلامدا باوی پێ نادرێ، کەواتە ئادەمیزادی بێ باوەڕ لەگەڵ باوەڕدار پەیوەندیان پچڕاوە لەگەڵ یەکتریدا بێ گانەن، باوك و کوڕ و خێزان ژن و مێرد پەیوەندیان بـە یەکـەوە نیـە، بەمەرجێ یەکێکیان بێ باوەڕبێ، عەرەب و کورد و هەمو گەلانی تـر بـرای یـەکن ئەگـەر خاوەن باوەڕبن ﴿إنّمـا المؤمنـون إخـوة﴾ بەڕاسـتی بـاوەڕداران بـرای یـەکترن عـەرەب و

عەرەب کورد و کورد، باوك و کوڕ، براو خزم، پەیوەندیان بەیەکەوە نیە ئەگەر یەکێکیان بێ باوەڕبێ کەواتە بنە ماڵە بۆ موسڵمانان بە باوك و کوڕ و نەوە پێك نایە بەڵکو بە بیرو باوەڕ و خوا پەرستی پێك دێت، ئیسلام بە کۆمەڵی ڕەگەز پەرستان دروست نابێ، بە بیروباوەڕ دروست ئەبێ، ئەو کۆمەڵەی ئیسلام پێکی دێنێ بەبیروباوەڕە ، ئیتر بارەگەز و نشتیمان و ڕەنگیان جیاواز بێ، ئەو ئاینەی خوا داوای ئەکا پێویستە بەو جۆرە بێ کە خوای گەورە لەو ئایەتەدا باسی ئیبراهیمی کردوە. کەواتە بابزانین ئیبراهیم چ کەسێکە؟ ئیبراهیم باوکی هەمو پێغەمەرانی پاش خۆیەت پێغەمەرێکی بەڕێزە لای موسڵمانان و جولەکەو گاور و بت پەرستەکانی دانیشتوانی مەکە خۆیان بەنەوەی ئەو دا ئەنێن لە ئیسماعیل ئەبن بەکوڕی ئیبراهیم.

ئیبراهیم کوڕی (تارح) واتە (ئازەر) کوڕی (ناحور) کوڕی (سروح) کوڕی (ڕوعو) کوڕی (فالح) کوڕی (عابر) کوڕی (شالح) کوڕی (أرفکشان) کوڕی (سام) کوڕی (نوح).

ئیبراهیم لە شاری (فرام ئارام) کە دێیەکە پێی ئەوترا (کوثـا) هاتۆتە جیهانەوە، ئەو شوێنە ئەکەوێتە نێوان هەردو ڕوباری دیجلەو فورات سەر بە هەرێمی بابل، کەئێستا بەشێکن لە عێراقی ئەم سەردەمە لەو کاتەدا فەرمان ڕەوای ئەو جێگایە (نەمرود) ی ستەم کاری کوڕی (کنعان) کوڕی (کوش) بوە. داوای خوایەتی کردوە ژێردەستەکانی ئەیان پەرست لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بتیان بەدەستی خۆیان ئەیان تاشین و ئەیان پەرستن بۆیە ئیبراهیم پێغەمەر بەباشی زانی بانگیان بکا بۆلای پەرستنی خوای تاك و تەنها.

ئازەری باوکی بت پەرست و بت تاش بو نزیك ترین کەس بو لە ئیبراهیمە بۆیە بەچاکی زانی پێش هەموان لە باوکیەوە دەست بکا بەبلاو کردنەوەی بیروباوەڕی خوا ناسی، زۆر بەڕێزەوە و نەرمی پێی ووت: ئەی باوکی خۆم چ شتێك تۆی وا لێ کردوە کڕنوش بۆ ئەو بتانە ببەیت کە تاشراوی دەستی خۆتن و هیچ شتێکیان لە توانادا نیە؟ کوێر

و کەڕ و هیچ نەزان ، ووتیشی من لەلای خوای گەورەوە بەشێکی گەورەم پێ بەخشراوە پێت ناخۆش ئەبێ گوێم لێ بگرە باوەڕ بەخوای تاك و تەنها بهێنە کە دروست کەرمانە، ئازەر وەڵامی ئیبراهیمی زۆر بە توندی دایەوە و لێی تورە بو ڕووی لێ گرژ کرد، ئیبراهیم بە دڵێکی فراوانەوە وەڵامی دایەوە و ووتی سڵاوی خوات لەسەربێ و داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

هەروەها ئیبراهیم لەسەر ئامۆژگاری خۆی ڕۆیشت گەلەکەی باشتر لەسەر بێ باوەڕی بەهێزبون، پەرەی بەکارەکەی خۆی دا هتا ڕۆژی جەژنی بێ باوەڕان هات بەپێی دەستوری خۆیان، بێ باوەڕان بەهۆی جەژنەوە چون بۆ دەرەوەی شار ئیبراهیم بەتەنها لە بت خانە مایەوە و هەلی بۆ ڕەخسا و هەمو بتەکانی شکاند و ووردو خاشی کردن، بتە گەورەکەی هێشتەوە تەورەکەی لا دانا، دانیشتوانی شار لە سەیران و جەژن هاتنەوە و بەرەو بت خانە ڕۆیشتن تەماشایان کرد ماڵ وێران و سەرگەردان و خوا نەماو هەمو بتەکانیان شکاون و پارچ پارچە کراون سەرسام و سەرگەردان ئەبێ چ کەسێك ئەو کارەی کردبێ؟ کەسێ لەو ناوەدا هات ووتی: لاوێك هەیە پێی ئەڵێن ئیبراهیم، ناوی بتە کانمانی بە خراپە ئەبرد بێ و نەبێ ئەو کارە ئەو کردویەتی بت پەرستان لێی کۆبونەوە ئەیان ویست داخی دڵی خۆیانی پێ بڕێژن و بیکوژن، ووتیان: ئەی ئیبراهیم: تۆ ئەو کارەت کردوە بەخواکانمان؟ ئەویش زۆر لەسەر خۆ بەبێ پەشۆکان فەرموی بتە گەورەکەیان وای لە بتە بچکۆلەکان کردوە لێی بپرسن ئەگەر گفتو گۆ ئەکا، ئەوانیش هەتا ماوەیەك کڕو مات سەریان دانەواند لەدوایدا بەناچاری ووتیان: ئەی تۆ نازانی ئەوانە نادوێن، ئیبراهیم فەرموی: ئەی ئێوە چۆنیان ئەپەرستن ، ئەوان هیچیان بۆ نەمایەوە، چاڵێکی زۆر گەورەیان هەڵکەند و درەخت و پوشی زۆریان تێ کرد و ئاگریان تێ بەردا و لەدورەوە بە مەنجەنیق ئیبراهیمیان فڕێ دایە ناو ئاگرەکەوە بۆئەوەی بسوتێ. بەڵام خوای گورە ڕزگاری کرد دوای کوژانەوەی ئاگرەکە چون بزان چ شتێك بەسەر ئیبراهیمدا

هاتوە. تەماشایان کرد بەساغی وەك خۆی زیندو ماوەتەوە و گەشەی سەر کولمـی دێت، بەهۆی ئەو کارە بەکەس نەکراوە زۆربەی دانیشتوان باوەڕیان هێنا بۆیە نەمرودی ستەم کار لەو ڕوناکیە ترسا و ئیبراهیمی بانگ کرد و دەستی کـرد بـە ووتـو وووێـژ لەگـەڵی ئیبراهیم زاڵ بو بەسەریا ئەویش سەر شۆڕ بو بەناچاری فـەرمانی دەرکردبـۆ سـیخوڕەکانی کە ئیبراهیم و ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە بیان خەنە ژێر چاودێری تەنگیان پێ هـەڵچنن ئیبراهیم وای بەچاك زانی لە نیشتمانی خـۆی دەرچـێ بـەرەو شام کەوتـە ڕێگـا خـۆی‌و ئازەری باوکی و خاتو سارای ژنی و لوتی برازای و چونە دێی حـەڕان، دووای دوو سـاڵ ئازەری باوکی لەوێ مرد، پاش ماوەیەك گرانیەکی زۆر سەخت لەشـامدا پـەیدا بـو بۆیـە ئیبراهیم و خێزانەکەی بەرەومیسر ڕۆیشتن وسێ مـانگ لـەوێ مانـەوە،فیرعـەونی میسـر هاجـەرەی کارەکـەری‌خۆی بەخشـی بەسـارا خـاتونی ژنـی ئیـبراهیم ،خـاتون سـارا وای‌بەباشـزانی ببیەخشـێ بـەئیبراهیم ،ئـەویش مارەی‌کردلـەخۆی،هاتنەوەبۆشام،لەشـام لەهاجـەرەکوڕێکی‌بوو،ناوی‌نائیسـماعیل،بەفـەرمانی‌خوا ئیـبراهیم ئیسـماعیل ودایکـی بردنەحیجاز لەوجێگەیە کەشاری مەککەو کەعبەی لێ دروسـت کـراوە داینـان وبـەجێ‌ی هێشتن،هەموو کـاتێ ناوبـەناو ئیـبراهیم سـەری لێ‌ئـەدان،ماوەیەلای‌هاجـەرە وکورەکـەی لـەحیجاز ئەمایـەوە،ماوەیـەکیش لەشـام لـەلای‌خاتوو سـارا ئەمایـەوە،لەدوای١٤سـاڵ چواردەسـاڵ ئیـبراهیم لـە سـاراخاتون کوڕێکی‌بووناوی‌نـا ئیسـحاق.جـارێ لەوجارانـە کەئیبراهیم سەری‌ئەدا لەئیسماعیل خوافەرمانی پێ‌دا خـۆی‌و کورەکـەی خانویـە دروسـت بکەن بۆپەرستنی خوابەتەنها.جێگەی خانوەکەیان لەلایەن خواوەبـۆ دیـاری‌کرا،ئیسـماعیل بەردی ئەهێناو ئیبراهیم دای‌ئـەنا لـەدیواری خانوەکـەدا خانوەکـەیان تـەواوکرد،ئیـبراهیم لەخوا پارایـەوە،فـەرمووی: ئەی‌خوایـە ئـەم جێگایـە چـۆڵ و بـێ ئـاو و بـێ کشـتوکاڵە نەتەوەیەکیان بۆ بنێرە ئاوەدانی بکەنـەوە ، داواکـارم ڕۆزی و خواردەمـەنی بـۆ نـەوەکانم ساختەبهێنێ بۆیانێ لەم جێگەیەدا، خوای گەرە نزاکەی وەرگرت وتایفـەی جورهومـی بـۆ

ناردن و لەوێدا نیشتە جێ بون، ئیسماعیل ژنی لێ خواستن ، بەرە بەرە منالی زۆر بو، وای لێ هات جگە لەوان کەسی تر لەمکەکە نەمانەوە، بەر لەوان خوا بیری زەمزەمی پڕ لەئاوی شیرینی بۆ هەلقولاندبون، پێغەمبەری ئیسلام ﴿ﷺ﴾ لەهۆزی قورەیشی نەوەی ئیسماعیلە، ئەو خانوە کرا بەروانگە و جێگەی پەرستنی خوای گەورە ئەفەرموێ:

وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ
وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ
وَإِسْمَـٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَـٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ
ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ
أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ
فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٢٦﴾

﴿وإذا جعلنا البيت مثابة للناس﴾ موحەمەد تۆ بیری ئەو کاتە بکەرەوە ئێمە ئەو خانوەمان کرد بە جێگەی گەڕانەوەی ئاواتی ئادەمیزاد کە بچن بۆلای بە کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ بەجێ هێنانی حەج و عەمرە و پەرستنەکانی تری خوا و بگەڕێنەوە بۆلای ئەو خانوە ساڵ لەدوای ساڵ هەتا ڕۆژی دوایی و بگەڕێن بەهەر چوار لایدا و بیارێنەوە بۆ گەل و نیشتمان و خۆیان.

﴿وأمنا﴾ کردمان بە جێگەی ئاسایش و نەترسان، یانی ئادەمیزاد چونە ئەو جێگەیە و فەرمانەکانی خوایان بەجێ هێناو پەشیمان بونەوە و گەڕانەوە بۆ لای خوا بە نیازی پاکەوە

ترسیان لە سزای دووا ڕۆژ نامێنێ، هەروەها جێگەی نەترسانی ئـەو کەسـانەیە دانیشـتوی لای ئەو خانوەن خوا پێویستی کردوە هیچ کەسێ پەلاماری نەدرێ لەو جێگەیە، بـەجۆرێ ڕێزی لێ ئەگیرێ باوك کوژرا و باوك کوژی خۆی ئەبینی پشـتی لێ هەڵئـەکا وەك هیـچ نەقۆمابێ لە نێوانیانا.

ئەو کارە ڕەوایە بەردەوامە لە سەردەمی ئیسماعیلەوە هەتا ئـەمڕۆی ئێمـە. ئـەو ئایەتـە وامان پێ فەرمان ئەدا ئەو خانوە ڕێزی پێ دراوە پێویستە دانیشـتوانی ئـەو شـوێنە دەسـت درێژیان نەکرێتە سەر، تالآن و کوشتن و گاڵتە کـردن دەربارەیـان نـەکرێ. مانـای وانیـە کوشتن و تالآن و پێ شێل کردنی مافی دانیشتوان نەبینراوە، بیستومانە زۆرجاران جەنگ و ئاژاوە و کوشتن و تالآن بە نارەوایی لەو جێگەدا پەیدابوە هەرچەندە قەدەغەیە لای خوا.

با ئەویش بزانین ئەگەر تاوانبارێ چوە نێو ئەو خانوە و شایانی کوشـتن بـوو تۆڵـەی لێ بسەنرێ پێویستە تەنگی پێ هەڵبچنرێ و نان و ئاوی نەدرێتێ هەتا خۆی ئەدا بەدەستەوە یا ئەمرێ وەنابێ یەکەم جار پەلاماری بدرێت لەبەر ڕێزی ئەو خانوە پیرۆزە.

﴿واتخذوا من مقام ابراهیم مصلی﴾ وە ئێمـە پێمـان ووتـن: ئێـوە جێگـەی ڕاوەستانی ئیبراهیم بکەن بە جێگەی نوێژ کردن بۆ خۆتان. زانایان بـۆ دیـاری کردنـی ئـەو جێگایـە هەریەکەیان بیروباوەڕێکیان هەیە هەمویان شایانی ئەوەن کە کاریان پێ بکـرێ. هـەندێکیان ئەڵێن: بەو هەمو جێگایانە ئەڵێن کارو باری حەج و عەمرەیان تێـدا بـەجێ ئـەهێنرێ، وەك جێگەی تەواف ناوی مزگەوتی ڕێز گیراو جێگای هاتوچۆی ڕاکردنی نێوان سەفا و مـەروا و عەرەفات و موزدەلیفە. هەندێ تریان ئەڵێن بریتی‌یە لە دەوروپشتی کەعبە کە مزگـەوتی ڕێز گیراوی لێ پێك دێت، بۆ ئـەوەی نوێژکـەران زۆربـەی کـاتی خۆیـان لـەوێ بـن یـا ئیعتکافی تێدا بکەن هەندێ تر سێهەمیان دەڵێن بەو جێگا دیاری کراوە ئەوترێ چـەترێکی دیاری کراوی بۆ کراوە و پێی دەوترێ مقام إبراهیم واتە جێگەی ڕاوەستانی ئیبراهیم بـۆ نوێژ کردن کەوا چاکە دو ڕکات نوێژی دوای تەوافی تێدا بکرێ.

﴿وعهدنا الى إبراهيم وإسماعيل أن طهرا بيتي﴾ وە ئێمە ئامۆژگاری ئیبراهیم و ئیسماعیلمان کرد کە پاك بکەنەوە ئەو خانوەی من لە هەمو شتێ شایستەی ئەو نەبێ، لە بتەکان و پیسای و چڵك و چەپەڵی و گفتو گۆی بێ سود، لە داوێن پیسی و لادان لە سنوری خوا و چەنەبازی، ڕێز لەو خانوە بگرن وە فەرمان بدەن بە ئادەمیزاد بۆ کردنی ئەوانەی باسکران.

﴿للطائفين والعاكفين والركع السجود﴾ پاکی بکەنەوە بۆ ئەو کەسانە ئەگەڕێن بەدەری کەعبەدا بۆ بەجێ هێنانی حەج وعەمرە لە هەمو کاتێکاکە بۆپەرستن ئەیانەوێ بگەڕێن بەدەوری کەعبەدا، پاکی بکەنەوە بۆ ئەو کەسانە لە مزگەوتی ڕێزداردا دائەنیشن و خەریکی خواپەرستی و نوێژ کردن و خوێندنی قورئانن، بۆ ئەو کەسانە نیشتە جێی ئەوێن و پاکی بکەنەوە بۆ ئەو کەسانەی ئەچن بەڕکوعدا و سوژدە ئەبەن بۆ نوێژ کردن، یا بۆ ئەوکەسانەی لە هەرێمەکانی ترە دێن بۆ حەج و عەرەفە و نوێژ کردن و پەرستن، لە دووایدا ئەچنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.

﴿وإذ قال إبراهيم ربّ اجعل هذا بلداً آمناً﴾ وە بیری ئەو کاتە بکەرەوە ئیبراهیم پاڕایەوە، ووتی: ئەی پەروەردەکەری من تۆ ئەم جێگە چۆڵەی بێ کشت و کاڵە بکە بەشارێکی هێمن و بێ ترس بۆ دانیشتوانەکانی و دووربێ لەخوێن ڕێژی و ستەم لەیەکتری کردن.

بیپارێزە لە بومەلەرزە و گێچەڵوکە. ئەبێ بزانین ئەگەر کەسێ ستەمی تێدا کردبێ خاوەنەکەی زۆر نەژیاوە و لەناوچوە بەسەر شۆڕی.

﴿وارزق أهله من الثمرات من آمن منهم بالله واليوم الآخر﴾ وە تۆ ئەی خوایە ڕۆزی و خواردەمەنی ببەخشە بە دانیشتوانی ئەو شارە لە هەمو میوە و دانەوێڵەیە، ئەو کەسانەیان باوەڕیان هێناوە لەوان بە خوا و بەڕۆژی دووایی.

کاتێ ئیبراهیم کەعبەی دروست کرد لەو جێگەیە کە خوا بۆی دیاری کردبو لەخوا بپارێتەوە ئاسایش و بێوەیی بلاّو بکاتەوە لەنێو ئەو جێگەدا بۆ سودی دانیشتوان و خواردەمەنیان بۆ بنێرێ لە هەمولایەکەوە، خوای گەورە نزاکەی لێ وەرگرت، رێز گرتنی ئەو جێگەیەی پێویست کردلەسەر ئادەمیزاد، هەمو جۆرە خواردەمەنی بۆ ناردن. خوا فەرموێ:

﴿ قال ومن كفر فأمتعه قليلاً﴾ وەمن خواردەمەنی ئەدەم بەکەسێ باوەڕی نەهێنابێ، دوایی من سود ئەبەخشم بەو کەسە ماوەیەکی کەم لە جیهاندا. بەراوردی پێشەوایی ئایینی لەگەڵ کاروباری جیهاندا ناکرێ، چونکە پێشەوایی ئاینی دەسەلاّتێکی ئایینی و کاتیە، ئەوەیش پێویستی بە باوەڕ بەخودا و دادپەروەری هەیە. بەلاّم رۆزی پێدان بۆ چاك و خراپە بەوێنەی ئاوو هەوا یە، گوناهو خراپە کاریگەر نیە لە تەمەنی مرۆڤدا و لە رۆزی پێدانی ئەم ژیانەی جیهان.

﴿ ثمّ أضطرّه إلى عذاب النار وبئس المصير﴾ لەپاشامن ئەو کەسە ناچار ئەکەم بۆ لای سزای ئاگری دۆزەخ، و خراپ جێگە یەئاگری دۆزەخ بۆ گەڕانەوەی ئەوان، وەکەس رزگاری ناکا.

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ
مِنَّآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٢٧﴾ رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ
لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ ۖ
إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾ رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا
مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ
وَيُزَكِّيهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٢٩﴾

﴿وإذ يرفع إبراهيم القواعد من البيت وإسماعيل﴾ وە تۆ بیری ئەو کاتە بکەرەوە ئیبراهیم و ئیسماعیل بنچینەی ئەو خانوەیان بەرز کردەوە وە بەهۆی یاریدەی خوای مەزنەوە، کردیان بەو خانوە کەبکرێ بەڕووگەی نوێژ کردن.

ئەو زانایانە مانای قورئانیان کردوە، مێژو نوسان هەریەکەیان بەجۆرێ باسی کەعبەیان کردوە: ئایا ئەو خانەی خوایە پێش ئیبراهیم دروست کرابێ و ڕوخابێ و ئیبراهیم دروستی کردبێتەوە، وەك زۆرتر لەو زانایانە و مێژو ناسانی ئیسلام ووتویانە؟ یامێژووی دروست کردنی لە ئیبراهیمەوە دەستی پێ کردبێ مەبەستەکە ناگۆڕێ.

هەندێك لە زانایان لە باسی مێژوی کەعبەدا وەستاون بێ دەنگ هیچ بڕیارێکیان نەداوە، فەرمویانە خوا ئەیزانێ، دەربارەی ئەم باسانە ئایەتێکی قورئان و فەرمودەی بێگومانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ نەبەڵگەیەکی ئەقڵی و نیشانەی کۆن و بیروبۆچونی زانایانی زەوی هەڵکەن بەدەستەوە نەهاتوە. کەواتەی ئێمەی موسڵمان پرسیارمان لێ ناکرێ لەلایەن

خوای گەورەوە، داوامان لیٚ ناکریٚ لەلایەن خوای گەورەوە، داوامـان لیٚ ناکـات میٚـژوی دروستکردنی کەعبە بناسین.

ئیتر ئایا کەعبە پارچەیەبیٚ لە بەهەشت، یا بەشیٚ بیٚ لەزەوی؟ ئادەم و پیٚغەمـەرانی دوای ئەوان چوون بۆ حەج لەو خانوەدا یانە؟ لەکاتی لافاوەکەی نوحدا برابیٚ بـۆ ئاسمـان و لـە پاشان هیٚنرابیٚتەوە بۆ جیٚگەی ئەو سایی و ئیٚستای خۆی؟ بەردەڕەشەکە جبریل لەبەهەشتەوە هیٚنای یانە؟ یا ئادەم لەبەهەشتەوە لەگەڵ خۆی هیٚنابیٚتی؟ یالەکیٚوی ئەبو قوبەیسەوە هاتوەتە دەرەوە؟ چەندین شتی تر: ئەوانە هەموی بەڵگەی بیٚ گومـان لەسـەریان نیـە، جگـە لـەو هەوالانەی یەك کەس لەپیٚغەومەرەوە گیٚڕاویٚتیەوە، کەواتە ئیٚمە باخۆمانی بۆ ماندو نەکـەین، ئەو شتەی داوامان لیٚ بکریٚ دەربارەی کەعبە ئەمەیـە: ئەگـەر ئیٚمـەی موسـڵمان توانامـان هەبو پیٚویستە بچین بۆلای، ڕێزی لیٚ بگرین و بە پیرۆزی دابنیٚین، بیپـاریٚزین بـە گیـان و بەسامان، چاو لەپیٚغەمەر بکەین لەو بارەیەوە، هەروەك ئەو جۆرەی موسڵمانان کردویانـەو پاراستویانە، بزانین خوا کردویەتی بە ڕووانگە بۆمـان لـەکاتی نویٚـژدا ڕووی تـیٚ بکـەین، بەجیٚگەی ئاواتی خۆمانی دابنیٚین و دڵی خۆمانی پیٚـوە ببەسـتین، وەك بـاڵندە بـۆ هیٚلانـەی خۆی.

﴿ربّنا تقبل منا﴾ ووتیان: ئەی پەروەردەکەری ئیٚمە ئەو کارە و نزایەمان لیٚ وەربگـرە و پاداشتمان بدەرەوە، بەبیٚ گومان خوا نزاکەی وەرگرتن و پاداشتیان ئەداتەوە، خـوا خـۆی دەرگای پاڕانەوەی وازکردوەتەوە، لەبەندەکانی خۆی داناخا. بەتایبەتی بۆ ئـەو کەسـانەی خۆیان ئەپاریٚزن لەهەموکارە قەدەغەکراوەکان.

﴿إنك أنت السميع العليم﴾ بەڕاستی تۆ هەموشتیٚ ئەبیسی لەگـەڵ پاڕانـەوەی ئیٚمـەدا. هەرتۆی هەمو شتیٚ بزانی و ئاگاداری و پاڕانەوەکانی ئیٚمەیشی.

﴿ربّنا واجعلنا مسلمين لك﴾ ووتیان: ئەی پـەروەردگاری ئێمـە: وەتـۆ ئێمـە بکەبـەو کەسانەی مل کەچی تۆبین و بەفەرمان بەرداری خۆت کە هەموشتێ لەتۆو بناسین و بۆتۆی بکەین بۆکەسی ترنەکەین، بەنهێنی و بەئاشکراواز لەپەرستنی تۆ نەیەرین.

﴿ومن ذرّيتنا أمّة مسلمةً لك﴾ وەتۆ دابنێ لە منالـکـانی ئێمـە کۆمـەڵێ نیازپـاك و مـل کەچ و تۆپەرستین، فەرمان بەرداری تۆبن. بەڕاستی پاڕانەوەکەیانوەرگیرا، ئـەوەتا بـەملیار خوا پەرست و باوەڕداریان لێ پەیدابوە.

﴿وأرِنا مناسكنا﴾ وە تۆ نیشانی ئێمەی بدە و پێمان فێربکـە دەستوری ئاینەکـەمان و جێگەی بەجێ هێنانی حەج و عەمرە و چۆنیەتی کردنیان و چۆنیـەتی پەرستنەکانی تریـش خوای گەورە داواکەی وەرگرتن و فـێری چۆنێتـی پەرستنەکانی تریـش کـردن ، خـوای گەورە داواکەی وەرگرتن و فێری چۆنیەتی خوا پەرستی کردن.

﴿وتب علينا﴾ وە تۆ پەشیمان بونەوە بڕێژە بەسەر ئێمەدا، لە هەڵەکانمان ببـورە ئەگـەر ناتەواویمان هەبو خۆمان و منالەکانمان کە باوەڕیان بەتۆ هێنا.

بائەوەیش بزانین داوای لێ خۆشبون ئەوە ناگەیەنێ، ئەو کەسە گوناهباربـێ، بـە تایبـەتی ئەگەر ئەو داوایە لە پێغەمەرانەوە بێ، ئەوان هەر پلەیەکیان هـەبێ خۆیـان بەکـەم تەرخـەم دائەنێن لەئاستی پەرستنی خوادا، وای دائەنێن پەرسـتن بابگاتـە ئەوپـەڕی هێشـتا بەکـەمی دائەنێن بۆ ئەو پەرستنەی شایانی خوابێ.

﴿إنك أنت التواب الرّحيم﴾ بەڕاستی تو پەشیمان بونەوە وەرئـەگرێ لەبـەندەکانت و لە هەڵەکانیان ئەبوورێ میهرەبانیتان زۆرە بۆیان.

﴿ربّنا وابعث فيهم رسولاً منهم﴾ ئەی پەروەردەکەری ئێمە: تۆڕەوانەبکە لـە نێـو ئـەو کۆمەڵە نیاز پاك و مل کەچ کەرە بۆ تۆ نێرراوی لـە خۆیـان، خـوای گەورەپاڕانەوەکـەی وەرگرت، لەنەوەی ئەوان پێغەمـەری ئیسـلامی بـۆ نـاردن، بۆیـە پێغەمـەر فـەرموی: مـن داواکراوی باپیرم ئیبراهیم و موژدە پێ دراوی عیسا و لەخەودا بینراوی دایکمم.

﴿يتلوا عليهم آياتك﴾ بخوێنێ بەسەریانا ئەو ئایەتانەی تۆ بەسروش ئەی نێری بۆلای کەبریتیە لە قورئان کە بەلگەن لەسەر یەکێتی خوا.

﴿ويعلمهم الكتاب والحكمة﴾ وەبەوانی فێربکا ئەو نامەی خوایە، بەوانی فێربکا ناسینی ئاین و زانینی مانای قورئان و ئەو شتانەی دلی مرۆڤیان پێ تەواو ئەبێ لەو هەمو زانیاری و ئەو فەرمانانەی پێویستن بۆ ژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزاد.

﴿ويزكيهم﴾ وەپاکیان بکاتەوە لە چلک و چەپەلی هاوبەشدانان بۆ خوا و، لە بەشەکانی تری گوناه بەهۆی ئەو هێزە بەرزەی خوا پێی بەخشیوین.

﴿إنك أنت العزيز الحكيم﴾ بەڕاستی تۆ زۆر بەتوانای، هەمو شتێ لەجێگەی شیاوی خۆیانا دائەنێ، هیچ کەسێ توانای بەسەر تۆدا نیە، هەرشتێ تۆ بیکەی بۆ مەبەستێکی شایستەیە.. لەنەوەی ئیبراهیم و ئیسماعیل جگە لە موحەمەد کەسی تری بەفروستادەیی نەنێرراوە، پێغەمەرەکانی تر هەمویان لەنەوەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمن.

ئەگێڕنەوە عەبدولای کوڕی سەلام داوای لە برازاکانی خۆی سەلەمەو موهاجر کرد و پێی ووتن: خۆ ئێوە ئەزانن خوا لەتەوراتا فەرمویەتی: من لەنەوەی ئیسماعیل پێغەمەرێ ئەنێرم ناوی موحەمەدە، ئەو کەسەی باوەڕی پێ ئەکات ڕانومایی کراوە، ئەو کەسەی باوەڕی پێ نەکا لە میهرەبانی خوا دورئەخرێتەوە، سەلەمەی برازای باوەڕی هێنا. بەلام موهاجیر بەبێ باوەڕی مایەوە.. هەروەها جولەکەکان خۆیان هەلئەکێشا و ئەیان ووت: ئێمە نەوەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمین، گاورەکان ئەیان ووت: ئێمە پێغەمبەرەکەمان عیسای کوڕی مەریەمەی کچی عیمرانە و لەنەوەی ئیبراهیمە. بت پەرستان ئەیان ووت: ئێمە لەنەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمین، هەمویان خۆیان بە ئیبراهیمەوە هەلئەکێشا، ئەیانزانی پێغەمەر لەنەوەی ئیسماعیلە. بێ گومان ئەو کەسانەی باوەڕبە موحەمەد نەکەن، باوەڕیشیان بە ئیبراهیم نەکردوە، بۆیە خوا بەهەڕەشەوە بەوان ئەلێ:

وَمَن يَرۡغَبُ عَن
مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ
وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾ إِذۡ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسۡلِمۡۖ
قَالَ أَسۡلَمۡتُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ
وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا
وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ
ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِي قَالُواْ نَعۡبُدُ
إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهٗا
وَٰحِدٗا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿١٣٣﴾ تِلۡكَ أُمَّةٞ قَدۡ خَلَتۡۖ لَهَا
مَا كَسَبَتۡ وَلَكُم مَّا كَسَبۡتُمۡۖ وَلَا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٣٤﴾

﴿ومن يرغب عن ملة إبراهيم﴾ وەئایا چ کەسێ بێ واز لەئاین و ڕێگەی ڕاستی ئیبراهیم بێنێ بەو ئایەتە ڕاستەوە هەیەتی، بێگومان هیچ کەسێ وازی لێ ناهێنێ.

﴿إلاّ من سفه نفسه﴾ مەگەر کەسێ خۆی بێ نـرخ و ڕیسـوا کردبـێ و نـەزانبێ وورد نەبێتەوە.

﴿ولقد اصطفیناه في الدنیا﴾ وەبەڕاسـتی ئێمـە ئیبراهیممـان هـەڵبژاردەوە بـە پـاکی و پاکیزەیی بۆ پێغەمەرایەتی ئێمە هەمو شتێ لەجێگەی شایستە خۆیـا دائـەنێن، کردومانـە بـە پێغەمەر لـە جیهاندا.

﴿وإنّه في الآخرة لمن الصّالحین﴾ وەبەڕاستی ئیبراهیم لـە ڕۆژی دوایدا لە پیاو چاکەکانـە چونکە لـە جیهاندا لەپیاو چاکان بوە، ئاینی ئیسـلام ڕۆژی دوایـی بـەکردەوەی جیهانـەوە ئەبەستێ، ئەو کەسەی لەجیهاندا پێشەوای چاکان بوبێ لـە ڕۆژی دووایشدا هەر پێشەوایە.

﴿إذ قال له ربّه أسلم﴾ کاتێ فەرموی بە ئیـبراهیم پـەروەردگاری خـۆی: تـۆ فـەرمان بەردار و مل کەچی فەرمانەکانی من بە، بیخەرە دڵی خۆت بەڵگەیـە پـاڵت پێـوە بنـێ بـۆ ناسینی ئێمە.

﴿قال أسلمت لربّ العـالمین﴾ ئیـبراهیم ووتـی: مـن فرمـان بـەردار و مـل کـەچم بـۆ پەروەردەکەری هەمو بونـەوەران. کەواتـە ئیـبراهیم هـەڵبژاردەی خوایـە، وەڵامـی هـەمو فەرمانەکانی خوای داوەتەوە، بەتەواوی بە کارە گرانەکانی پێغەمەرایەتی هەڵساوە.

بەو ئایەتە خوای گەورە پاکی و بێ گەردی و پەرسـتن و فـەرمان بـەرداری ئیـبراهیمی ڕون کردوەتـەوە، هـەروەها سـەری جولەکـەکان و گـاور و بـت پەرستەکانیشـــی پـێ ئەکوتێتەوە کە خۆیانیان بە ئیبراهیمەوە هەڵئەکێشـا، کـەچی لـە دووایـیدا دەسـتیان کـرد بەگوناە کردن و یاخی بـون لـەو کەسـەی ڕێگـەو ڕێبـازی ئیـبراهیمی زیندوکردوەتـەوە، ڕەوشت و بیروباوەڕی ئیبراهیم بڵاو ئەکاتەوە کە پێغەمەری ئیسلامە ﴿ﷺ﴾.

﴿ووصّی بها ابراهیم بنیه﴾ وە ئیبراهیم ڕای سپارد و ئامۆژگاری کوڕەکانی کرد بۆلای ڕێگەی ڕاست. یا ئامۆژگاری کردنی بەپوختەی مانا و ناوەڕۆکی ووشەی (أسلمت) واتـە ئیـبراهیم هـەر بـەخۆی وازی نـەهێنا کـە ڕێگـەی ڕاسـت بگـرێ. بـەڵکو ئامۆژگـــاری

کوڕەکانیشی کرد کە ئەوانیش مل کەچ و فەرمان بەرداری خوابن هەروەك خۆی. ئەو کوڕانەی ئیبراهیم ئەوەی ڕاستی بێ هەشت کوڕن:

١- ئیسماعیل دایکی ناوی خاتون هاجەرە لەنەوە قیبتیەکانی میسرە، کوڕی گەورەیی ئیبراهیمە بە شیرەخۆرەی لە مەکە نیشتەجێی کردوە لەگەڵ دایکیا، ئەو کوڕەیە خوا فەرمانی کرد کە ئیبراهیم سەری ببڕێ لەتەمەنی (١٣٧)دا کۆچی دوایی کردوە.

٢- ئیسحاق دایکی ناوی خاتون سارای ئامۆزای ئیبراهیمە، لە پاش ئیسماعیل بە (١٤) ساڵ لەدایك بوە. ڕۆم، یۆنان، ئەرمەن، جولەکەکان لەنەوەی ئیسحاقن، لەتەمەنی (١٨٠) سەد و هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە، لای ئیبراهیمی باوکی لە خاکی پیرۆزدا نێژراوە.

٣- ئیبراهیم لە پاش مردنی خاتون سارا قەنتورای کچی یەقنون لەنەوە کەنعان هێناوە، شەش کوڕی لەو ژنەیانی بوە: ناویان: مەدیەن. مەداین، نەهشتان، زەمران، نەشین، شیوخ، ئیبراهیم بە (٢٦٠٠) دوو هەزار و شەش سەد ساڵ بەر لەدایکبونی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کۆچی دوایی کردووە.

﴿ویعقوب یابنيّ﴾ وە یەعقوب ئامۆژگاری کوڕەکانی خۆی کرد. یانی ئیبراهیم و یەعقوب هەردوولایان ئامۆژگاری کوڕەکانی خۆیانیان کرد، ووتیان ئەی کوڕانی خۆمان:

﴿إن الله اصطفى لكم الدّين﴾ بەڕاستی خوا هەڵبژاردوە بۆ ئێوە ئایینی بێ خەوشی ئیسلام کە پوختەی هەمو ئایینەکانە، لەپاش ئەو ئایینێ ترنایە، بۆ هەمو کاتێ دەست ئەدا.

﴿فلا تموتنّ إلاّ وأنتم مسلمون﴾ دووای ئێوە نەمرن مەگەر ئێوە موسڵمانبن، خوا پەرست و چاکە کەربن، مل کەچی فەرمانی خوا بن، پشت بە میهرەبانی خوا ببەستن، ڕاوەستن و بەردەوامبن لەسەر ئایینی ئیسلام، پشتی تێ نەکەن هەتا ئێوە ئەمرن، بۆئەوەی لەدووا ڕۆژدا لەسەری زیندو بکرێنەوە بەو ئایینە خاوێنەوە.

یەعقوب (١٢) دوازدە کوڕی بوە، ناویان: ڕۆبین ، شەمعون، لاویی، یەهوزا، یەش سوخود، زەبولون. زەوانا، نەفتونا، کوزا، ئوشیر، بنیامین، یوسف.

خوای گەورە بەو ئایەتە پیرۆزە ئاگادارمان ئەفەرموێ:

هەمو باوکێ لێپرسراوی منالەکانی خۆیانن، بەخێویان بکەنو پەروەردەیان بکەن، فێرکاری چاکیان بکەن، ڕانمویان بکەن بۆلای ئایینی پاك و ڕەوا، بەگوێرەی توانا کەمتەرخەمییان لەگەڵ نەکەن، لەخوا بپاڕێنەوە بۆیان و یاریدەیان بدەن، پاشە ڕۆژیان بدەنە دەستی خوای بە میهرەبان.

ئەوەی ڕابردو لەمانای ئەو ئایەتانەوە ئامۆژگاری ئیبراهیم و یەعقوب بون بۆ کوڕەکانی، بەجۆرێ ئیبراهیم و یەعقوب لەسەرەمەرگا ئەو ئامۆژگاریانەی لەبیر نەچوبو دووپاتیان ئەکردەوە وە بۆ کوڕەکانیان، هەتا وەکو هەمو کوڕانی ئیسرائیل پاش بیستنی لەبیریان ئەچێتەوە، هەروەها جولەکەکان ئەیان ووت: بەیەعقوب لەکاتی مردنیا ئامۆژگاری کوڕەکانی ئەکرد کە بەجولەکەیی بمرن. بۆ بەدرۆ خستنەوەیان خوا فەرموی:

﴿أم کنتم شهداء إذ حضر یعقوب الموت﴾ ئایا ئێوەی جولەکە ئامادەبون کاتێ کەیەعقوب لەسەرەمەرگی مردندا لەلای بون. بێ گومان ئێوە لەلای ئەو نەبون.

﴿إذ قال لبنیه ماتعبدون من بعدی﴾ ئەو کاتە یەعقوب فەرموی بەکوڕەکانی: چ شتێ ئەپەرستن ئێوە لەپاش مردنی من. کەواتە ئێوە لە چ لایەکەوە ئەو داوایەتان هێناوە بفەرموێ دوای من ئێوە جولەکەبن.

﴿قالو نعبد إلهك وإله آبائك إبراهیم وإسماعیل و إسحاق﴾ کوڕەکانی لە وولامیا ووتیان: ئێمە ئەپەرستین خوای تۆ و خوای باوکانی تۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق یانێ ئەو کەسە ئەپەرستین ئێوە و هەمو کەسانی تر ئەی پەرستن و شایانی پەرستنبێ. لەو ڕستەیەدا ئیسماعیل لە ڕیزی باوکی یەعقوبا دانرا کەچی مام یەتی و باوکی نیە، بۆئەوەی

بزانرێ مامیش بە وێنەی باوك پێویستە ڕێزی بگیرێ، بۆیە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرموی بە عەباس: ئەمە پاشماوەی باوکەکانی منە.

﴿إلهاً واحداً﴾ پەرستراوێکی تاك و تەنهایە، جگە لەو کەسی تر شایانی پەرستنی نیە. ئاشکرایە ئامۆژگاری ئیبراهیم بۆ کوڕانی خۆی و ئامۆژگاری یەعقوبیش بۆ کوڕانی خۆی جێگەی خۆیانیان گرت، بەچاکی چاودێری ئامۆژگاری ئەوانیان کرد.

﴿ونحن له مسلمون﴾ وە ئێمە بۆ ئەو خوا تەنهایە مل کەچ و فەرمان بەردارین، هەرئەو ئەپەرستین. کەواتە ئەی جولەکەکان: ئێوە ئەگەر لەکاتی مردنی یەعقوبا لەلای بون و فەرمودەی ئەوتان ببیستایە ئەتان زانی خۆتان درۆئەکەن لەداواکاریەکەتانا کە یەعقوب ووتویێتی بە کوڕەکانی: ئێوە هەر بە جولەکەیی بمرن، پروپاکندەی درۆینە مەکەن بۆ پێغەمەرانی خوا، پێویستە ئێوەی جولەکە ئایینی ئیسلام بپەرستن ئێوە و ئەوان زۆر دووردن لە یەکتری، بۆیە خوا فەرموی:

﴿تلك أمةٌ قد خلت لها ماكسبتْ﴾ ئەوانە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقە کۆمەڵێ بون ڕابوردوون بەڕێگەی خۆیانەوە ڕۆیشتن و مردن، بۆ ئەوان هەیە ئەو شتەی کردویانە لە کردەوەی چاك، چاکەیان هەر بۆ خۆیانە، لایان نەداوە بۆ لایەتر، جگەی لە پەرستنی خوا و چاکە کردن.

﴿ولكم ماكسبتم﴾ وە بۆ ئێوەیش هەیە شتی کردوتانە، لەلای خوا جگەی کردەوەی خۆتان هیچ شتێ ناگاتە فریاتان.

﴿ولا تسألون عمّا كانوا يعملون﴾ وە ئێوە پرسیارتان لێ ناکرێ لەشتێ ئەوان کردویانە ئێوە واز لەوان بێنن، ئێوە بەرپرسیارن لەکردەوەی خۆتان، پاداشتی چاکەی کەس بۆ ئێوە نابێ، بە خراپەی کەسیش ئێوە گیرۆدە نابن.

خوای گەورە بەو ئایەتە هەڕەشە لەو کوڕانە ئەکا کردەوەیان وەك کردەوەی باوك و باپیریان چاك نەبێ، باوك و باپیریان ناگاتە فریایان، ئیتر نابێ بە چەنەبازی و ئاواتی خراپیان

خوا بەدرۆبخەنەوە، بۆ نازانن هەمو ئادەمیزادی سەرزەوی هەمویان لــە بنچینــەدا لەنــەوەی پێغەمبەرێکن؟ زۆربەیان بێ باوەڕو دۆزەخین، بۆیە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرموی: ((ئەی سەفیەی پوری موحەمەد، ئەی فاتیمــەی کچــی موحەمــەد، بێــن بــۆلای مــن لــە ڕۆژی دوایــدا بــە کردەوەکانتانەوە. نەك بە نەسەب و باوك و باپیرتانــەوە، ئــەو کەســەی کــردەوەی دووای خستبێ نەسەبی نایخاتــە پێشــەوە.. ئــەو فــەرمودەی پێغەمــەرە لــەژێر ڕونــاکی ئــەو ئایەتــە ڕابوردووانەوە هاتوە. مانای ئایەتی ﴿فــلا أنســاب بینــهم یومئــذٍ ولا یتســاءلون﴾ دووایــی نەسەبەکان لەو ڕۆژەدا لە نێوان ئەواندا نیە، لە یەکتری پرسیار ناکەن.

جولەکەکان ئەیان ووت: ئێوە ببن بە جولەکە، چونکە موسای پێغەمەری ئێمــە گــەورە ترینی پێغەمەرانە، تەورات گەورەترین نامەیە، ئایینی ئێمە گــەورەترین ئایینــە، باوەڕیــان بــە عیسا و ئینجیل و موحەمەد و قورئان نــەبو. گاورەکــان ئــەیان ووت: ئێــوە بــبن بــەگاور، پێغەمەری ئێمــە عیســایە و نامەکــەمان ئینجیلــە، ئــایین و نامــەی پێغەمــەر و نامــەی ئێمــە گەورەترن لەهەمو ئایین و پێغەمەر و نامەکانی تر، باوەڕیان بە موحەمەد و قورئان نەبو.

خوای گەورە بۆ بەدرۆ خستنەوەیان لەو داوایانەیان، ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوە:

وَقَالُوا۟ كُونُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ تَهْتَدُوا۟ ۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ
حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾ قُولُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِىَ ٱلنَّبِيُّونَ

مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٦﴾
فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا
هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣٧﴾ صِبْغَةَ ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً ۖ وَنَحْنُ لَهُۥ
عَـٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾

﴿وقالوا كونوا هوداً أو نصارى﴾ وە جولەکەو گاورەکان ئەیان ووت بە موسـڵمانان: ئێوە بن بە جولـەکە یا بەگاور. واتە جولـەکەکان ئەیان ووت: ئێوە بن بەجولـەکە، چونکـە بەگومانی خۆیان ڕانموی وەرئەگرن، ڕانموی هەر لای ئەوانە. گاورەکان ئەیان ووت: ئێـوە بن بەگاور، ڕانومایی هەر لای ئێمەیە و بەس، جولـەکە و گاورەکان خۆیـان لـەنێو خۆیانـا هەریەکەیان ئەوی تریان بەهیچ شتێ دانانێن، یەکتری بە درۆزن ئەژمێرن.

﴿تهتدوا﴾ ئەگەر ئێوە بن بەگاور یابەجولـەکە ئێوە ڕانومایی وەرئـەگرن، ئـەو گفتوگـۆ نارەوایە وێنەی ئەوەیە ئـەیان ووت: جولـەکـە و گاورنـەبێ کەسـی تـر ناچێتـە بەهەشـت، لـەکاتی ماناکردنی ئایەتی (١١١) سەد و یازدەی ئەم سورەتە وڵامیان درایەوە خوا فەرمانی دا بەپێغەمەر لێرەیشدا بەم ئایەتە وڵامیان بداتەوە فەرموی:

﴿قل بل ملّة إبراهيم حنيفـاً﴾ موحەمـەد تـۆ بڵـێ بـەوان: بـەڵکو ئێمـە دووای ئـایینی ئیبراهیم ئەکەوین وازی لـەهەمو ئاینێ هێناوە، ڕوی کردوەتــە ئـاینی پـاك و خـاوێن، ئێـوە ڕێگەی خوار و خێچتان گرتوە.

﴿وماكان من المشركين﴾ وە ئیبراهیم لەو کەسانە بوە هاوبەشیان بۆ خوا دانەناوە، وەك ئێوە نەبوە هاوبەشی بۆ خوا دانابێ: جولەکەکان گومانیان وایە عوزەیر کوڕی خوایە. گاورەکان ئەڵێن: عیسا کوڕی خوایە. ئێوە بەو سەرلێ شێوایەوە بەکەڵکی ئەوەنایەن کەس لەگەڵتانبێ. خوا فەرمانی دا بەموسڵمان و فەرموی:

﴿قولوا آمنا بالله﴾ ئێوەی موسڵمان بڵێن: ئێمە بڕوامان بەخوا هەیە کەبێ هاوبەشە و تاك و تەنیایە. بێ وێنەیە و کەسی لێ نەبوە.

﴿وما أنزل إلينا﴾ وە بڕوامان بەو شتە هەیە نێردراوە بۆلای ئێمە کە قورئانە، بەلامانەوە وایە گەورەترین نامەیە کە هاتوەتە خوارەوە بۆ سەر ئادەمیزاد.

﴿وما أنزل الى إبراهيم﴾ وە بڕوامان بەو شتە هەیە نێردراوەتە خوارەوە بۆ سەر ابراهیم کە پێی ئەوترێ (صحف) واتە پەڕاوەکان کە (١٠) پەڕەن.

﴿وإسماعيل وإسحاق ويعقوب والأسباط﴾ وە بڕوامان بەو شتە هەیە هاتۆتە خوار بۆسەر ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب ئەسبات، ئەوانە هەر چەندە نامە و پەڕاویان بۆنەهاتوە. بەڵام چونکە کاروباریان بەنامەی ئیبراهیم بوە، وەك بۆ ئەوان نێرابێ وایە.

کەواتە جێگەی خۆیەتی بێژێری بۆ ئەوان هاتوەتە خوارەوە.

ئیسماعیل و ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمن، یەعقوب کوڕی ئیسحاقە، ئەسبات بریتین لەنەوەی (١٢) دووازدە کوڕی یەعقوب کەدوازدە هۆزی جولەکەی لێ پێك هاتوە، هەتا هاتنە خوارەوەی تەورات بۆسەر موسا پێویست بوە لەسەریان دەستور و یاسایان نامەی ئیبراهیم بێ.

﴿وما أوتي موسى وعيسى﴾ وە بڕوامان هەیە بەشتێ بەخشراوە بە موسا و بەعیسا وەك تەورات و ئینجیل ئەو کاربەکەس نەکراونە کەدراوە بەوان.

﴿وما أوتي النّبيون من رّبهم﴾ وە بڕوامان هەیە بەشتێ بەخشراوە بە پێغەمبەرەکان لەلایەن پەروەردەکەری خۆیانەوە لەگەڵ ئەو هەموکارە بەکەس نەکراوانەدا.

﴿ لا نفرق بين أحدٍ منهم ﴾ ئێمەی موسوڵمان جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ یەکێ لــەو پێغەمەرانە ، بڕوامان بەهەموویان هەیە ئیتر نامەیان بۆ هاتبێ یان نە .

﴿و نحن له مسلمون ﴾ وە ئێمە مل کەچ و فەرمان بەرداریین بۆ خوا، بڕوامــان بەهــەمو پێغەمەران و نامەکان هەیە، خوا بەتاك و تەنها ئەزانین بۆ پەرستنن.

﴿فأن آمنوا بمثل ماآمنتم به﴾ دووایی ئەگەر خاوەن نامەکان و بــت پەرستــان باوەڕیــان هێنا بو بە وێنەی شتێ ئێوە باوەڕتان بەو شتە هێناوە، بە بڕوایێکی پاك و خاوێن کە بڕوایە بە خوای تاك و تەنها و بڕوا بەهەمو پێغەمەران و هەمو نامەکان.

﴿فقد اهتدوا﴾ دووایی بەڕاستی ئەوان ڕێنموییان وەرگرتوە، وە ڕێگە ڕاستیان گرتوە.

﴿وإن تولّوا﴾ وە ئەگەر پشت بکەنە ڕاستی، بڕوا بەهەمو پێغەمــەران و هــەمو نامــەکان ئەیەرن، جیاوازی بەکار بهێنن.

﴿فانما هم في شقاق﴾ دووایی بەڕاســتی ئــەوان لــە نێوئــاژاوە و دووبــەرەکیدان، هــەر یەکەیان لایێکیان گرتوە، بەتەنها دژی تۆ نین، دژایەتی یەکتریش ئەکــەن، لــەتێکدانی نێــوان ئادەمیزاد ناوەستن و دوژمنی هەموویانن.

﴿فسيكفيكهم الله﴾ دووایی خوا لە مەوپاش تۆ ئەپارێزێ لە گێرەشێوێنی ئــەوان، خــوا بەسە بۆ تۆ و پاراستنی تۆ لــەفێڵی ئــەوان، فێڵەکــەیان بۆخۆیــان ئەگەڕێتــەوە و جگــەری خۆیان ئەبڕێ، بەڕاستی ئەو بەڵێنە بەرزەی خوا هاتەدی موسڵمانان ســـەرکەوتن، بــەچاوی خۆیان بینیان بەنی قورەیزەکان دیل کران و کوژران، بەنی نەزیر دەربەدەربون.

﴿وهو السميع العليم﴾ وە هەر خوایە هەمو شتێ ئەبینێ، پاڕانەوەی تۆ ئەبیســتێ، هــەمو شتێ ئەزانێ.

﴿صبغة الله﴾ ئێمەی موسڵمان ڕەنگ کراوین بە ڕەنگی خوا کە ئاینێکی ئەو تۆیە دڵــی ئادەمیزاد و ئەقڵی ئادەمیزاد پاك ئەکاتەوە لە چڵك و چەپەڵی، ئێمە بەو ئاینە پاکە ڕەنــگ کراوین و پشتی تێ ناکەین، نەك وەك ڕەنگی گاورەکان کە لەدووای حەوت ڕۆژ لەدایك

بونی منالەکانیان ئەبەن لە ئاوێکی زەرد هەڵیان ئەکێشن و ئەڵێن: بەناوی باوك و کوڕ و جوبرەئیلەوە ناوی ئەبەن بە (العمودیە) یانێ تەڕکراو بە گومانی خۆیان بەو کارە پاك ئەکەرێنەوە، ئەوەی ڕاستی بێ هەر تەنها گاورەکان وانین. بەڵکو هەمو خاوەن بیرو باوەڕێ بەو بیروباوەڕە ڕەنگ کراون، پەیڕەو نەخشە و ڕەوشتی پێشەواکانیان ئەکەون. بەڵام پێویستە موسڵمانان پەیڕەوی ڕەنگ و ئاینی خوا بکەون، ڕەنگی تر بەچاك نەزانن وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ومن أحسن من الله صبغةً﴾ وە چ کەسێك شیرین و چاکتر بێ لە خوا لەلایەن ڕەنگ کردنەووە و لەلایەن ئاینەوە؟ بێگومان هیچ کەسێ لەخوا چاکتر نیە لەو لایەنەوە.

﴿ونحن له عابدون﴾ وە ئێمە خوا پەرستی ئەکەین، بەتەنهای ئەزانین بۆ پەرستن، باوەڕمان بەخوا و هەمو پێغەمەران و هەمو نامەکان هەیە.

جولەکەکان ئاژاوەیان ئەنایەوە بۆ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەر لەبەر ئەوەی ئەترسان کە سودی تایبەتی خۆیان لەکیسیان بچێ، وەك فرۆشتنی ناموسی خۆیان و فرۆشتنی ئارەق و قومار کردن و سود خواردن. بەبێ شەرمانە ئەیان ووت: تۆ پێغەمەرنیت ، پێویستە خوا هەر لەجولەکە پێغەمەر بنێرێ، خوا هەر خوای ئێمەیە، ئادەمیزاد بۆ ئێمە دروست کراوە. گاورەکانیش لە پروپاگەندەی نارەوا و بەڵگەی پڕوپوچ هەروەك جولەکەکان نەئەوەستان ئەیان ووت: ئەگەر خوا پێغەمەر بنێرێ ئەبێ خاوەنی سامانبێ، لە مرۆڤە ماقولەکانی ئێمە بێ، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە، فەرمانی بەپێغەمەر دا بەوان بڵێ: ئەو کەسە باوەڕی بەو کەسانە نەبێ خوا چاکەیان لەگەڵ ئەکاو ئەیانکا بە پێغەمەر تۆڵەی خواوە و ئەگرێ، ئەفەرموێ:

قُلْ أَتُحَاجُّونَنَا فِي ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ ﴿١٣٩﴾ أَمْ

تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ۗ
وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ
بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ
وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ ۖ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾

﴿قل أتحاجوننا في الله﴾ موحەمەد تۆ بڵێ بەگاورو جولەکەکان: ئایا ئێوە دوژمنایەتی ئێمە ئەکەن لە بارەی ئایینی خواوە و هەڵبژاردنی پێغەمەر لە عەرەب. بەگومانی خۆتان ئاینی ئێوە ڕاستە و ڕانومایی‌و چونی بەهەشت بەستراوە بەئایینی ئێوە، پێتان وایە بەهەشت هەرئێوە تێ ئەچن، بەموسڵمانان ئەڵێن: ئێوە بن بە گاور و جولەکە.

﴿وهو ربّنا وربّكم﴾ وەخوا پەروەردەکەری ئێمە و پەروەردەکەری ئێوەیشە، کارو فەرمانی هەمومان بەدەستی خوایە، ئیتر ئێوە دوژمنایەتی ئێمە بۆ ئەکەن، خوا بۆ هەمومان یەکسانە.

﴿ولنا أعمالنا﴾ وە بۆ ئێمەیە کردەوە و پاداشتی کردەوەکانمان، ڕێك و پێکە لەگەڵ فەرمانی خوادا، کردەوەی ئەمڕۆ بنچینەیە بۆ پاداشتی پاشە ڕۆژ.

﴿ولكم أعمالكم﴾ وە بۆ ئێوەیە کردەوەکانی خۆتان، پاداشتی ئەوانە وەرئەگرن، کردەوەی خراپ و نارێك ناگونجێ لەگەڵ فەرمانی خوادا، چۆن داوای دۆستایەتی خوا ئەکەن؟ دوژمنایەتی ئێوە لەگەڵ مندا کە خوا منی هەڵبژاردوە بۆ پێغەمبەرایەتی زیان بە خۆتان ئەبەخشێ.

﴿ونحن له مخلصون﴾ وە ئێمە بۆ خوا نیاز پـاکین، پـاکی خۆمـان تـەرخان ئەکـەین بـۆ بەندەیی خوا فەرمان بەرداری خواین، هەمو کارێکمان هەواڵەی لای خوا ئەکەین بەوێنـەی ئێوە نین کە ئەڵێن: ئێمە داووای هەرشتێ لەخوا ئەکەین پێویستە بمان داتێ. بە گومان و بێ شەرمی خۆتان خوا فەرمان بەرداری ئێوەیە.

﴿أم تقولون إنّ إبراهيم و أسماعيلَ وإسحاق ويعقوب والأسباط كانوا هوداً أو نصارى﴾ ئێوە دوژمنایەتی ئێمە ئەکەن ئایا ئێوە ئەڵێن: بەڕاستی ئیـبراهیم و ئیسـماعیل و ئیسـحاق و یەعقوب و ئەسبات جولەکـە یـا گـاوربون، بۆیـە ئێمـە پـەیڕەوویان ئەکـەین. چـۆن ئێـوە دوژمنایەتی خوا ئەکەن؟ ئاواتی ئێوە چ شتێکە؟ ئێوە دوو شت ئەڵێن: یەکەمیان ئەوەیە خوا پێغەمەر لە عەرەب نانێرێ، ئەو کارە بەدەستی کەس نیە لە جگەی خوا، خوا خۆی ئـەزانێ چ کەسێك ئەکا بە پێغەمەر و چ کەسێ شایسـتەیە؟ دووهـەمیان ئەوەیـە بـە گومـانی ئێـوە پێویستە ئاین هەر ئاینی ئێـبراهیم و نـەوەکانی بـێ، چونکـە ئـەوان جولـەکـە بـوون، ئـەو گومانەتان پوچ و بێ بەڵگەیە ئیبراهیم نە جولەکەبوە، وە نە گاوربوە. بەڵکو ئیبراهیم پاك و خاوێن بوە، هاوبەشی بۆ خوا دانەناوە، گـاور و جولـەکـە پـاش ئیـبراهیم پـەیدا بـوون. کەواتە هەردوو داواکانتان پڕوپوچە.

قورائانی پیرۆز بەو ئایەتە ڕانومایـمان ئەکا بۆ گفتوگۆکردن لـەگـەڵ دوژمنـانی خومـان بەم شێوەیە بـین، هـەمولایێکیان لـێـی ببەسـتین و تـەنگیان پـێ هـەڵ چنـین و سـەریان پـێ شۆڕبکەین، بەجۆرێکی ژیرانە کە بەگوێرەی ئەقڵ هیچیان بۆ نەکرێ یاداواکەمان وەرگرن، وەیا بێدەنگیان بکەین. نەك بەتوڕەیی لەگەڵیان گفتوگۆ بکەین و یەکەم جار دڵیان برینـدار بکەین.

تەماشا بکە ئەگەر کەسێ بە ئێوە بڵێ ڕوبەڕوی خۆتان: مـن لـەئێوە زانـاترم. بێگومـان ئێوە پێتان ناخۆشە، ئەو کەسە بەبێ نرخ و نەزان دائەنێن، یا ئێـوە مرۆڤێکتـان بینـی ووتـی بەکەسێ ئەو ساروخەی دروست کردوە ئەچێتە نێو مریـخ: مـن لــەتۆ زانـاترم کـەچی لـە

ناوەڕۆکانەزانە، بۆتان دەرئەکەوێ لەو کەسە گێل و گوج ترتان دەست ناکەوێ. لە هەموکەسێ بێ نرختر ئەو کەسانەن خۆیانیان بە ئامۆژگاری کەری خوا دائەنێن، ئەڵێن: پێویستە پێغەمەر هەر ئەبێ لە ئێمە بێ، بۆیە خوا فەرمان ئەدا بەپێغەمەر وولامیان بداتەوە و بڵێ: ﴿ قل أأنتم أعلم أم الله ﴾ تۆ بڵێ : ئایا ئێوە زاناترن بە ئاینی ئەو پێغەمەرانە و نەوەکانیان ، یا خوای گەورە زاناترە لەئێوە ، بێگومان خودا زاناترە بەئاینی ئەوان نەك ئێوە.

﴿ و من أظلم ممن كتَمَ شهادة عنده من الله ﴾ و چ کەسێ ستەمکار تربێ لەکەسێ شایەتی دانی خوا بشارێتەوە کە فەرمویەتی ئیبراهیم لەسەر ئاینی پاك بووە ، زۆر بەباشی خاوەن نامەکان ئەزانن کەلەلایەن خواوە بۆیان هاتوە کە ئیبراهیم و کوڕەکانی و نەوەکانی پاکبون و نیازپاك بوون ، خوایش بەو پاکیەی ئەوان ئێوەی ئاگادار کردوە لە نامەکانیانا.

کەچی ئێوە لە ئادەمیزادی ئەشارنەوە، ئەو شتەی دژی زانین و ویستی خوا بێ ئێوە ئەڵێن، ئیتر چ کەسێ لە ئێوە ستەمکارترە؟ وە ئەیشتان زانی خوا پێغەمەرێ ئەنێرێ لە عەرەب و لەنەوەی ئیسماعیل، لەگەڵ ئەوەیشا نەتان ئەوت و ئەتان شاردەوە، بێ شەرمانە نامەی خوا ئەگۆڕن. کەوا بو ئێوە شایستەی سزای سەختن لەلایەن خواوە لەبەزەیی خۆی دورتان ئەخاتەوە.

﴿وما الله بغافل عمّا تعملون﴾ وە خوا بێ ئاگا نی‌یە لەشتێ ئێوە ئەیکەن، ئەو کارە ناڕەوایە ناخرێتە ئەولاوە، بەبێ تۆڵەو سزا دەرناچێ خاوەنەکانیان ، ئەو ڕستەیە هەمو هەڕەشەیەکی تێدا کۆکراوەتەوە بۆ خاوەن نامەکان، هەمو کەسێ وێنەی ئەوان بن لەشاردنەوەی کاری ڕەوادا و هەڵسان بە دژی کاری چاك توشی سزای سەخت ئەبن، شاگردەکانیان ئێستا زۆر بوون و چاوەڕووانی مرۆڤایەتیان لێ ناکرێ.

﴿تلك أمّةٌ قد خلت﴾ ئەوانە کۆمەڵێ بون لە پێغەمەران ڕابوردوون بەپیشە و کردەوەی خۆیانەوە.

﴿لها ماكسبت ولكم ماكسبتم﴾ بۆ ئەو کۆمەڵە پێغەمەرانە هەیە شتێ کردویانە و بۆ ئێوەیش هەیە شتێ ئێوە کردوتانە.

﴿ولا تسألون عمّا كانوا يعملون﴾ وە ئێوە پرسیارتان لێ ناکرێ لە شتێ ئەوان ئەیانکرد هیچ کەسێ لێپرسراوی کردەوەی کەس نیە، هەمو کەسێ بەرپرسیارە لە کردەوەی خۆی.

مانای ئەو ئایەتە بەدرێژی تر لەمانای ئایەتی (١٠٤) سەدو چوار باسکراوە، بەڵام لێرەدا دوپات کراوە ئەوە بۆ سەرزەنشتی جولەکە و گاور و بت پەرستان و هەمو بێ باوەڕانی تر کەخۆیان خەریك نەکەن بەباسی گەلانی خۆیان و ئایینی خۆیان، هەتا بزانن ئەو ئایینانە ڕۆیشتن و باویان نەما و ڕۆناکیان کوژاوەتەوە ئەمڕۆ باس باسی موسڵمان و ئایینی ئیسلامە، کەدەماری خۆی بەنەلەخشاوی داکوتاوە بەبەڵگە و بەڵێنی کاریگەرەوە. ئەوەی ئەبینرێ ئێستا بیروباوەڕی ڕاستی ئیسلامە پێویستە ئێمە پەیڕەوی بکەین، ئەو ئایینانە ڕابوردوون نازانرێن و یاسایان نازانین، بۆیە باویان نەماوە، ئەو کەسانەی دووای ئەوان پرسیاری کردەوە پێشوانیان لێ ناکرێ، ئاینی ئیسلام شیاوی ئادەمیزادە لە هەموکات و لەهەمو جێگەیە پێویستە بیکەین بە ڕوناکی بۆ خۆمان، هەموشتی پی ببینین.

پاك نوسی مانای جزمی یەکەم بەیاریدەی خوا کۆتایی پێ هات
مانگی ڕەبیعی دووهەم ڕۆژی یەك شەممە ١٤١٨/٣/١ کۆچی
ڕێکەوتی ١٩٩٧/٧/٢ زاینی.

بەیارمەتی خوای گەورە
چاوەڕوانی بەشەکانی تری ئەم تەفسیرەبن

تێبینی :

سەرچاوەکان لەدوا بەشی ئەم تەفسیرەدا بڵاو دەکرێتەوە .

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێڕست ﴾

﴿ پێرست ﴾

﴿ پێرست ﴾